**هەرێمی کوردستانی عێراق**
ئەنجوومەنی نیشتمانیی
کوردستانی عێراق

## ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق

# پرۆتۆکۆلەکان

# ١

**١٩٩٢ ـ بەرگی یەکەم**

---

**چاپی یەکەم ١٩٩٧**

لە بڵاوکراوەکانی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق

ناوی کتێب: ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق
پرۆتۆکۆڵەکان - ١٩٩٢/ بەرگی یەکەم

چاپی یەکەم: ١٩٩٧

تیراژ: ١٥٠٠

ژمارەی سپاردنی بە کتێبخانەی نیشتمانیی هەرێمی کوردستان: ٢٠٧

# پێڕست:


وتەیەک ـــــــــــــ ل٥

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی دەسپێک پێنج شەممە ڕێکەوتی ٤/٦/١٩٩٢ ـ هەولێر ـــــــــ ل٧

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١) شەممە ڕێکەوتی ٦/٦/١٩٩٢ ـــــــــ ل١٩

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٢) چوارشەممە ڕێکەوتی ١٠/٦/١٩٩٢ ـــــــــ ل٣١

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٣) دووشەممە ڕێکەوتی ١٥/٦/١٩٩٢ ـــــــــ ل٥٥

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٤) سێ شەممە ڕێکەوتی ١٦/٦/١٩٩٢ ـــــــــ ل١٠٥

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٥) چوارشەممە ڕێکەوتی ١٧/٦/١٩٩٢ ـــــــــ ل١٦١

پێڕەوی ناوخۆی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق ـــــــــ ل١٩٧

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٦) ـــــــــ ل٢١٥

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٧) شەممە ڕێکەوتی ٢٠/٦/١٩٩٢ ـــــــــ ل٢١٧

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٨) پێنج شەممە ڕێکەوتی ٢/٧/١٩٩٢ ـــــــــ ل٢٤١

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٩) شەممە ڕێکەوتی ٤/٧/١٩٩٢ ـــــــــ ل٢٨١

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٠) دووشەممە ڕێکەوتی ٦/٧/١٩٩٢ ـــــــــ ل٢٩٥

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١١) سێ شەممە ڕێکەوتی ٧/٧/١٩٩٢ ـــــــــ ل٣١٧

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٢) چوارشەممە ڕێکەوتی ٨/٧/١٩٩٢ ـــــــــ ل٣٦١


یاسای ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ـــــــــ ل٣٨٥

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٣) دووشەممە ڕێکەوتی ١٣/٧/١٩٩٢ ـــــــــ ل٣٩١

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٤) چوارشەممە ڕێکەوتی ١٥/٧/١٩٩٢ ـــــــــ ل٤٢٩

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٥) یەک شەممە ڕێکەوتی ١٩/٧/١٩٩٢ ـــــــــ ل٤٥٣

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٦) دووشەممە ڕێکەوتی ٢٠/٧/١٩٩٢ ـــــــــ ل٤٩٣



# وتەیەک:

یەکەم ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان لە مێژوودا، لە ١٩٩٢/٥/١٩، لە هەڵبژاردنێکی ئازاد دا، لەلایەن گەلی کوردستانەوە، هەڵبژێردرا.

لەرۆژی ١٩٩٢/٦/٤یشدا، بە ئامادەبوونی زۆر لەسەرکردە سیاسیەکان و ژمارەیەکی زۆر لە کەسایەتییە نیشتمانیی و سیاسی و رۆشنبیرەکانی گەلەکەمان و، میوانێکی زۆری بیانی، ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان لە هەولێری پایتەختی هەرێم و، لەباڵەخانەی پەرلەماندا، دانیشتنی دەسپێکی خۆی بەست.

لەوساوە تا ئێستا، وێڕای کۆسپ و تەگەرەی زۆر و هەمەجۆر و، بارودۆخی سیاسی و ئابووریی و، هێرش و پەلامارو پیلانی دوژمنانی ئەزموونەکەو گەلەکەمان، ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان، لە رێی دەرکردنی دەیان یاساو بڕیارەوە توانی بناغەی یاسایی سیستەمی حوکم لە هەرێم دابڕێژێتەوەو، سێ کابینەی حکومەتی هەرێم پێک بهێنێ و، لەرێی ئەوەوە ئەو دەزگا ئیدارییەش بخاتەوە گەڕ کە بەهۆی خۆ کێشانەوەی ئیدارەکانی حکومەتی ناوەندییەوە لە کوردستاندا هاتە ئاراوە.

ئەمەی کە ئێستاش لەبەر دەستە پوختەی ئەو گفتوگۆ و، راگۆڕینەوەو، رادەبڕینانەیە کە لە دانیشتنەکانی یەکەم ئەنجوومەنی هەڵبژێردراوی کوردستاندا لەسەر هەموو ئەو پرۆژەو کێشانە کراوە کە بۆ یەکلایی کردنەوەو چارەسەر کردن پێویستییان بە بناغەی یاسایی و بڕیاری ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان بووە.

ئێمە لێرەدا رووداوەکانی ئەو دانیشتنانە بۆ مێژوو و، وەک سەرەتایەک بۆ ئەزموونی دیموکراتی و بناغەیەک بۆ داهاتووی ژیانی پەرلەمانیی گەلی کوردستان دەخەینە بەردەستی رۆڵەکانی گەلەکەمان، هیواداربن ئەمەش بۆ خۆی هاوکارییەکی دیکەی سوود بەخش بێت بۆ چەسپاندنی دیموکراسیەت و پەرەپێدانی ژیانی پەرلەمانیی و دەوڵەمەند کردن و، گەیاندنی ئەم ئەزموونە بە ئامانجە پیرۆزەکانی.

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی دەسپێک

پێنج شەممە ڕێکەوتی ٤/٦/١٩٩٢ ـ هەولێر

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی دەسپێک

## پێنج شەممە رێکەوتی ٤/٦/١٩٩٢ـ هەولێر

بۆ جێبەجێ کردنی مادە (٤٦)ی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان، ئەنجومەن بەئامادە بوونی هەر (١٠٥) ئەندامەکەی، کاتژمێر (١٠ر٣٠)ی بەیانی رۆژی شەممە رێکەوتی ٤/٦/١٩٩٢ لە هەولێر کۆبووەوە.

بەرێزان کاک مسعود بارزانی و مام جەلال و سەرکردەی حزبەکانی بەرەی کوردستانی و ژمارەیەکی دیکەی میوان و پەیامنێری خۆیی و بیانیش ئامادەی دانیشتنەکە بوون، کە سەرەتا بەدەقیقەیەک راوەستان بۆ گیانی پاکی شەهیدانی کورد و کوردستان و، بەخوێندنەوەی چەند ئایەتێک لە قورئانی پیرۆز دەستی پێکرد.

پاشانیش بە پێی مادە (٤٧)ی هەمان یاسای سەرەوە، بەتەمەنترین ئەندامی ئەنجومەنەکە، بەرێز حسەن کانەبی خضر بڵباس کرا بەسەرۆکی کاتیی دانیشتنەکە، بەرێزیشیان پاش خوێندنەوەی ناوی ئەندامەکان و دڵنیابوون لەرادەی یاسایی کۆبوونەوەکە، ئەوسا دەقی ئەو سوێندە یاساییەی خوارد کە لەمادە (٤٧) یاساکەدا هاتووەو دەڵێ:

**(بەخوای گەورە سوێند دەخۆم پارێزگاریی لەیەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق و بەرژەوەندییە باڵاکانی بکەم).**

لەدوای ئەویشەوە هەموو ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانیی بەپێی پیتی ئەبجەدی ئەوسوێندەی سەرەوەیان خوارد:

### ناوی سیانیی فراکسیۆنی PDK ـ لیستی زەردی پەرلەمان

١ـ بەرێز ئیبراهیم سەعید محەمەد
٢ـ بەرێز د. ئیدریس هادی سالح
٣ـ بەرێز ئازاد رەشید میران
٤ـ بەرێز ئەحمەد سالار عەبدولواحید ئەحمەد
٥ـ بەرێز ئەحمەد عەلی عومەر
٦ـ بەرێز ئەکبەر حەیدەر موسا
٧ـ بەرێز ئەکرەم عزەت نەجیب
٨ـ بەرێز بارزان خالید عەزیز
٩ـ بەرێز جەعفەر شێخ عەلی عەبدولعەزیز
١٠ـ بەرێز جەمیل عەبدی سندی

١١. بەڕێزجەوهەر ئەحمەد شاواز
١٢. بەڕێز جەوهەر نامق سالم
١٣. بەڕێز د. حەسەن حسێن بەفری
١٤. بەڕێز د.حەمەنەجم حەمە فەرج جاف
١٥. بەڕێزحەمەید سەلیم میران
١٦. بەڕێز خەیری سەعید عەلی بەگ
١٧. بەڕێز سەعید محەمەد سدیق هەروری
١٨. بەڕێز سەفەر محەمەد حەسەن دوسکی
١٩. بەڕێز د. سەلیم عەلی حاجی مەلو
٢٠. بەڕێز شەفیقە فەقێ عەبدوڵلا حەسەن
٢١. بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا حەیدەری
٢٢. بەڕێز مەلا تەڵحە سەعید قەرەنی
٢٣. بەڕێز سەلاحەدین ئیبراهیم قادر
٢٤. بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی
٢٥. بەڕێز عەفان عوسمان نەقشبەندیی
٢٦. بەڕێز فازڵ رەئووف سالح
٢٧. بەڕێز فەرحان عەبدوڵلا ئاغا شەرەفانی
٢٨. بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا
٢٩. بەڕێز فەرەنسۆ تۆما کانون هەریری
٣٠. بەڕێز فەلەکەدین سابیر کاکەیی
٣١. بەڕێز فەوزیە عیزەدین رەشید
٣٢. بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم (د. رزگار)
٣٣. بەڕێز قەیس دێوالی سەعید
٣٤. بەڕێز. د. رۆژ نوری سدیق شاوەیس
٣٥. بەڕێزکانەبی عەزیز ئەحمەد دزەیی
٣٦. بەڕێز مەئموون نور محەمەد بریفکانی
٣٧. بەڕێز موحسن خالید مستەفا
٣٨. بەڕێز محەمەد ئەمین مەولود ئەمین
٣٩. بەڕێز موحسن سالح عەبدولعەزیز
٤٠. بەڕێز محەمەد تاهیر محەمەد زین العابدین
٤١. بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی

٤٢. بەڕێز محەمەد شەریف تاهیر مستەفا
٤٣. بەڕێز محەمەد عەبدولقادر ئەحمەد
٤٤. بەڕێز مەحمود فندی عەبدوڵلادێرەشەوی
٤٥. بەڕێز مەند محەمەد ئەمین بابەکر
٤٦. بەڕێز نهاد نورەدین رەشید
٤٧. بەڕێز مەلا هادی خضر کوێخا
٤٨. بەڕێز وریا ئەحمەد محەمەد ئەمین دزەیی
٤٩. بەڕێز یەحیا محەمەد عەبدولکەریم
٥٠. بەڕێز یونس محەمەد سەلیم رۆژبەیانی

## ناوی سیانیی لیستی کەسکی پەرلەمان

١- بەڕێز د.ئەحمەد ئەبوبەکر حەسەن بامەڕنی
٢- بەڕێز ئەحمەد تاهیر ئەحمەد نەقشبەندیی
٣- بەڕێز ئەرسەلان بایز ئیسماعیل
٤- بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید بەقاڵ
٥- خاتوو پەریخان مەحمود عەبدولقادر
٦- بەڕێز بەکر حاجی سەفەر غلام
٧- بەڕێز جەلال جوهر عەزیز
٨- بەڕێز د.جەلال شەفیق عەلی
٩- بەڕێز حەسەن حمید رەحیم
١٠. بەڕێز حەسەن کانەبی خضر بلباس
١١. بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی
١٢. بەڕێز حەسەن ئەحمەد عەبدوڵلا کوێستانی
١٣. بەڕێز حسێن عارف عەبدولڕەحمان
١٤. بەڕێز خەسرەو گوڵ محەمەد
١٥. بەڕێز سەعدی ئەحمەد محەمەد
١٦. بەڕێز سەعید علی خان سلیڤانی
١٧. بەڕێز سەلام کەریم خان مەحمود خەلیفە
١٨. بەڕێز سیروان محەمەد نەورۆلی
١٩. بەڕێز شەوکەت حاجی موشیر ئەحمەد

٢٠- بەڕێز شێرکۆ فائق عەبدوڵلا بێکەس
٢١- بەڕێز سەلاحەدین عەبدولحەمید عەبدوڵلا
٢٢- بەڕێز د. سەلاحەدین محەمەد حەسەن حەفید
٢٣- بەڕێز تەها محەمەد تەها
٢٤- بەڕێز تارق محەمەد سەعید جامباز
٢٥- بەڕێز عەبدوڵلا رەسول عەلی
٢٦- بەڕێز عەبدوڵلا حاجی ئیبراهیم عەبدوڵلا
٢٧- بەڕێز عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە
٢٨- بەڕێز عەبدولکەریم کاکە حەمە عەبدولکەریم
٢٩- بەڕێز د.عیزەدین مستەفا رەسول
٣٠- بەڕێز عەلی عەبدوڵلا ئەحمەد
٣١- بەڕێز عەلی رەسول رۆستەم
٣٢- بەڕێز عومەر سەید عەلی حسێن
٣٣- بەڕێز عومەر عەبدوڵلا محەمەد
٣٤- بەڕێز قادر عەزیز حەمەئەمین
٣٥- بەڕێز قادر محەمەد بابەکر ئاغا
٣٦- بەڕێز کەمال ئیبراهیم فەرەج شاڵی
٣٧- بەڕێز کەمال جەلال غەریب
٣٨- بەڕێز د.کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد
٣٩- خاتوو گەلاوێژ عەبدولجەبار مەجید جەباری
٤٠- بەڕێز محەمەد ئەمین عەبدولحەکیم محەمەد
٤١- بەڕێز محەمەد تۆفیق رەحیم
٤٢- بەڕێز محەمەد فازڵ محەمەد عەزیز قەفتان
٤٣- بەڕێز د.محەمەد فوئاد مەعسوم خضر
٤٤- بەڕێز مستەفا قادر مستەفا
٤٥- بەڕێز مزهر عەلی مستەفا کاکی هیرانی
٤٦- بەڕێز نەوشیروان فوئاد مەعروف مەستی
٤٧- بەڕێز نەجمەدین عەزیز ئیسماعیل
٤٨- بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا
٤٩- بەڕێز نەهلە محەمەد سەعدوڵلا
٥٠- خاتوو هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد

**ناوی سیانی لیستی مۆری پەرلەمان**

١ـ بەڕێز ئەکـرەم عـاشـور عـەودیش
٢ـ بەڕێز فـرەنسـیس یوسف شـابۆ
٣ـ بەڕێز سـەرکـیس ئاغـا جـان مـامـەندیٔ
٤ـ بەڕێز شـمـائیل ننۆ بنیـامین
٥. بـەڕێـز یـۆنـادم یـوسـف کـنـە

ئەوجا بەڕێز سەرۆکی کاتیی وتەیەکی پێشکەش کرد کە ئەمە دەقەکەیەتی:

***میوانانی بەڕێز.***

بەناوی خەڵکی کوردستان و ئەندامانی یەکەمین ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانەوە، لە یەکەمین کۆبوونەوەی مێژوویی ئەنجوومەنی نیشتمانییدا بەخێرهاتنی گەرمتان لێ دەکەم.

***بەڕێزان، خوشک و برایان***

ئێمە خۆمان زۆر بەبەختیار دەزانین کە نوێنەری خەڵکی کوردستانین و بەشداری یەکەمین کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان دەکەین، ئەوا ئاواتی دێرینەمان هاتە دی، ئەمەش ڕووداوێکی گرنگی مێژووییەو، جێی شانازیشە کە خەڵکی کوردستان ئێمەیان بە نوێنەری خۆیان هەڵبژاردووە بۆ پەرلەمان، ئەو پەرلەمانەی کە دەبێ ببێتە مایەی ئاشتی یەکجارەکی، ئەو پەرلەمانەی کە بەرهەمی قوربانیی لە ڕادەبەدەری گەلەکەمان و خوێنی شەهیدە سەروەرەکانێتی.

***بەڕێزان***

ئەو ئەرکەی کە کەوتۆتە سەرشانمان یەکجار قورس و دژوارە، دەبێ بەوردی سەرنجی بدەین و بەجێی بهێنین، دەبێ وابکەین کە ڕۆژانی ڕەشی کیمیاباران و ئەنفال و گۆڕی بە کۆمەڵ و، کارەساتی شێواندن و سڕینەوەی سیمای نەتەوایەتی گەلەکەمان دووبارە نەبنەوە... دەبێ مافەکانی گەلەکەمان دابین بکەین و، بچینە ڕیزی میللەتانی دیکەی دنیاوەو، ژیانێکی ئارام و سەربەرزانە و دوور لەدەردەسەری بژین و ، ئاشتی و برایەتی و تەبایی و یەکسانی هەموو لایەکی کوردستان بگرنەوەو، ڕوو لە خۆشی و ئاوەدان کردنەوە بکەین.

لەگەڵ بارودۆخی ئەمڕۆی نێودەوڵەتیشدا هەڵسوکەوتی گونجاوو لەبار بکەین و بۆ جیهانی ڕوون بکەینەوە کە کوردیش میللەتێکی ئاشتیخوازەو، دەتوانێ بە شێوەیەکی ئاشتیخوازانەو

دیموکراسیانە کاروباری وڵاتەکەی بەڕێوەبەرێت و، بەخۆشیش لەگەڵ دراوسێکانیدا بژێت.

***بەڕێزان***

دامەزراندنی پەرلەمانی کوردستان لەئەنجامی خەباتێکی دوورو درێژی خەڵکی کوردستانەوەیەو، بۆ ئەوەی خوێنی شەهیدانمان بە فیڕۆ نەڕوات، دەبێ پارێزگاری لەم بارودۆخە بکەین کە بەدەست هاتووە، ئێمە لەئاستی بەئاکام گەیاندنی ئەم ئەرکە پیرۆزەدا بەر پرسیارین.

***بەڕێزان***

ئێوەن ئەمڕۆکە لەگەڵ چارەسەرکردنی هەموو گیروگرفتە سیاسی و ئابووری و، رۆشنبیریی و، کۆمەڵایەتییەکاندا، لەگەڵ ئاوەدان کردنەوەی کوردستاندا روو بەروو دەبنەوە، جا باهەر کەسێک لەئێوەی بەڕێز لەئاستی خۆیەوە شانی بداتە بەرو بەپێی تواناو دەسەڵاتی خۆی چی بەباش دەزانێ بیخاتە بەردەم پەرلەمان.

***بەڕێزان***

ئێوە نوێنەری خەڵکی کوردستانن و، ئێوە دەزانن خەڵکی کوردستان داوای چی دەکەن و لەدژی چی راپەڕین و بۆ چی راپەڕین؟

جگە لەمانەش گەلە قارەمانەکەمان وەک لەمەیدانی خەباتدا خۆڕاگر بووە، ئەوە چەند مانگێکیشە خۆی لەبەر ئابڵوقەی ئابووری دوژمن راگرتووە، کە دوژمن وەک دوا وەرەقە بەکاری هێناو، وای دەزانی کە بەو رێگایە چۆک بەخەڵک دادەدات و ناچاریان دەکات هانای بۆ بەرنەوە، بەڵام وا دەرنەچوو، بۆیە لەکاتێکدا کە سڵاو لەخۆڕاگری خەڵکی کوردستان بەتایبەتیش مامۆستا و فەرمانبەرەکان دەکەین، بەپێویستیشی دزانین کە پەرلەمانی بەڕێزی کوردستان مشوور لەباری ئابووری خەڵک بخوات و، روو لەهەموو دۆستانی میللەتەکەشمان بنێت بۆ ئەوەی چارەسەرێک بۆ ئەم برسییێتی و بێ کاری و گرانییە بدۆزینەوەو، لەلایەکی دیکەشەوە هەوڵ بدەین کاروباری کشتوکاڵی وەگەڕ بخەینەوە بۆ ئەوەی لەکورترین کاتدا بتوانین پشت بەخۆمان ببەستین و ئیتر چاومان لە کۆمەکی دەرەوە نەبێت.

***بەڕێزان***

خەڵکی کوردستان ئەمڕۆکە چاوی ئاواتیان بڕیوەتە ئێوەی بەڕێز و هیوای زۆریان پێتانە... جا خودا و ئێوەو ویژدانی خۆتان بۆ راپەڕاندنی ئەرکە پیرۆزەکانتان.

هەر سەرکەوتووبن بۆ گەل و وڵات.

پاشان بەپێی مادە (٤٨)ی ئەنجوومەن دەرگای بۆ هەڵبژاردنی دەستەی سەرۆکایەتی کردەوە، کە بواری خۆپاڵاوتنیش کرایەوە بەڕێز جوهر نامق سالم خۆی بۆ پایەی سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان پاڵاوت و، بەڕێز محەمەد تۆفیق رەحیم ـ یش خۆی بۆ پایەی جێگرەکەی پاڵاوت. کەکەسی دیکەش نەبوو خۆی بۆ ئەو دوو پایەیە بپاڵێوێ، ئەوجا بەڕێزان ئەیاد حاجی نامق لەدایکبووی ١٩٦٢ و حەسەن حسێن بەفری لەدایکبووی ١٩٦٢ وەک دوو بچوکترین ئەندامی ئەنجوومەن دیاری کران بۆ ئەوەی لەگەڵ بەڕێز سەرۆکی کاتیدا بەشداری پرۆسەی جوداکردنەوەی دەنگەکان بکەن.

دوای دابەش کردنی کارتی دەنگدان و جودا کردنەوەی دەنگەکانیش ئەنجام:

١ـ بەڕێز جوهر نامق سالم بەتێکڕای دەنگ واتا بە (١٠٥) دەنگ بووە یەکەمین سەرۆکی یەکەمین ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان.

٢ـ بەڕێز محەمەد تۆفیق رەحیم بەتێکڕای دەنگ واتا (١٠٥) دەنگ بۆ پایەی جێگرەکەی هەڵبژێردرا.

پاش پیرۆزبایی، داوا لەبەڕێزان سەرۆکی ئەنجوومەن و جێگرەکەی کرا کە شوێنی خۆیان لەسەر سەکۆی سەرۆکایەتی بگرن، ئەوجا بەڕێز جوهر نامق سالم سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان بەم بۆنەیەوە وتەیەکی پێشکەش کرد کە ئەمە دەقەکەیەتی:

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان**

**میوانە بەڕێزەکان**

**ئەندامانی یەکەمین ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان**

**خوشک و برایانی خۆشەویست**

**ئەمڕۆ رۆژێکی پیرۆزە لەمێژووی کورد و کوردستان، رۆژی دامەزراندن و دەست پێکردنی کاروباری یەکەم ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانە.**

**ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان بەرهەمی خەبات و تێکۆشانی گەلی کوردی ستەمەیدەمانە بۆ وەدەست هێنانی مافە رەواکانی، ئەنجوومەنی نیشتمانیی بەرهەمی خوێنی گەش و ئاڵی شەهیدە نەمرەکانی رێگای ئازادی کوردستانە، کەلە سایەی ئەو فیداکاریەوە رێبازی**

کوردایەتییان گەیاندە ئەم قۆناغە، ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان بەرهەمی فیدراکاریی پێشمەرگە قارەمانەکانی کوردستانە، بەرهەمی دڵسۆزی و هەستی لەخۆ بوردنی لایەنە سیاسیەکانی جولانەوەی ئازادیخوازیمانە.

بەڕێزان

هەر وەکو ئاشکرایە بڕیاری سەرکردایەتیی بەرەی کوردستانی بۆ هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان بۆ پڕ کردنەوەی ئەو بۆشاییە قانوونی و ئیدارییە بوو، کە لەپاش کێشانەوەی ئیداراتی ڕژێم لەکوردستاندا هاتە ئاراوە. ئەنجامدانی ئەو بڕیارەی سەرکردایەتیی بەرەی کوردستان لە ڕۆژی ۱۹۹۲/٥/۱۹ شدا وێڕای هەندێ کەموکوڕی بووە مایەی شانازی و سەربەرزی گەلی کوردمان، چونکە لەو ڕۆژەدا کورد ڕوو بەڕووی تاقیکردنەوەیەکی یەکجار گرنگ بووەوەو، زۆر شتی ئایندەی وڵاتەکەشمان لەسەر سەرکەوتنی ئەو هەڵبژاردنە ڕاوەستابوو و، ڕاستی و ڕەوایی کێشەکەمان و ساڵەهای ساڵی خەباتی بێوچانی گەلی کوردستان و، ئەنجامدانی هەڵبژاردنیش، شارستانیەتی کوردی بە شێوەیەکی وەها بە هەموو جیهان سەلماند، کە ئەمڕۆ وەکو نموونەیەکی سەرکەوتوو بەچاوی ڕێزو حورمەتەوە باسی بکەن.

خوشک و برایانی خۆشەویست

ئەندامانی یەکەمین ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان

شەرەفی سەرۆکایەتی کردنی یەکەم ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان بە ئێمە سپێردرا، ئەمەیش شەرەفێک و مەسئولیەتێکی مەزنەو بەپشتیوانیی خواو گەل هەوڵ ئەدەین بەئەمانەتەوە بەجێی بهێنین.

خوشک و برایانی بەڕێز

لەم قۆناغە ناسکەدا، لەم بارودۆخە ئاڵۆزەدا، گەلەکەمان چاوەڕوانی هیمەتتان دەکا بۆ ئەنجامدانی ئەم ئەرکە پیرۆزانە:

۱ـ پڕکردنەوەو داڕشتنەوەی بناغەکانی ژیانی یاسایی کۆمەڵگەی کوردەواری.

۲ـ بوژاندنەوەی باری ئابووری کوردستان و چارەسەر کردنی گیروگرفتەکانی ژیانی خەڵک ودڵنیاکردنیان لەماڵ و موڵک و ئاسایش و ژیان و مافە مرۆییەکانیان، بۆ ئەمەش ئەبێ هەوڵ بدرێ لەڕێی دەزگا نێودەوڵەتییە مرۆڤایەتی و خێر خوازەکانەوە ناوچەکانی

کوردستـان، ئەوانەی کە ناکەونە ژێر دەسەلاتی ڕژێمەوە، لەگەمارۆی ئابووری، لەبڕیارەکانی ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی ئیستیسنا بکرێت.

٣ـ ڕێکخستن و دامەزراندنی ئیدارات و دابین کردنی کەرەستەو پێداویستییەکانی کارکردن وەکو پێویست.

٤ـ دابین کردنی ئەمن و ئاسایش و کۆنترۆڵ کردنی سنوورەکانی کوردستان.

٥ـ پەیداکردن و دابین کردنی کۆمەک و هاوکاری و پشتگیری دەرەوە بۆ گەلەکەمان، ئەویش لەرێگەی ناردنی وەفدی تایبەتیەوە بۆ دەرەوەی وڵات بۆ پەیوەندیی کردن بەخێرخوازان و دۆستانی گەلی کوردەوە.

٦ـ ئاوەدانکردنەوەو گەشەپێدانی کوردستـان لەرێی پەرەپێدانی کشتوکاڵ و بوژاندنەوەی پیشەسازییەوە.

٧ـ دیاری کردنی چارەنووسی گفتوگۆی نێوان بەرەی کوردستانی و ڕژێم و ، دارشتنی چۆنیەتی پێوەندیی نێوان حکوومەتی مەرکەزی و ئەزموونی کوردی لە داهاتوودا.

٨ـ چارەسەر کردنی گیروگرفت و کێشەکانی دیکەی گەلەکەمان.

ئەمانەو زۆر شتی دیکەش ئەرکی سەرەکی ئەنجوومەنە نوێبەرەکەمانە، کە دەبێ لەماوەی ئەم خولەی هەڵبژاردنەدا کار بۆ بەدی هێنانیان بکەین.

خوشک و برایانی بەرێز

گەلی کورد و دۆستانی چاوەڕوانی هیمەتی ئێمەن، دوژمنانیش راناوەستن و هەوڵی تێکدانی ئەم ئەزموونە دەدەن، ئێمەش بە پشتیوانیی خوای گەورەو، هاریکاری گەلی کوردی تێکۆشەرمان و، بەگیانی برایەتی و تەبایی لایەنە سیاسییەکانی کوردستان و بەگیانی لە خۆبوردن و هەست کردن بە مسئولیەتەوە ئەم تەحەددایەمان قبووڵ کردووەو پارێزگاریی لە نیشتمان و گەل و دەسکەوت و مافە رەواکانی دەکەین، دەسا با بەهەمان هەستی کوردایەتییەوە کە هەڵبژاردنمان پێ ئەنجامدا، هەر بەهەمان هەستیشەوە قۆڵی لێ هەڵکەین و، دەست لەناو دەست بەرەو سەرکەوتن هەنگاو بنێین.

ئیتر سوپاس

پاشان بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان وتی:

بەمە کۆتایی بە دانیشتنی ئەمڕۆمان دەهێنین و، کاتی کۆبوونەوەی داهاتوویشمان ڕۆژی شەممەی

ڕێکەوتی ١٩٩٢/٦/٦ دەبێت بۆ ئەوەی لیژنەیەک بۆ داڕشتنی پرۆژەی پێڕەوی ناوخۆی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان پێک بهێنین.

**بەڕێز فـــرەنســـۆ تـۆمـــا هەریری:**

**بەڕێز ســـەرۆکی ئـەنجـــوومـــەن.**

بە پێی مادە (٤٩)ی یاسای ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان، پێویستە لەیەکەم کۆبوونەوەدا ماوەی خولەکانی ئەنجوومەن دیاری بکرێن، سوپاس.

**بەڕێز ســـەرۆکی ئـەنجـــوومـــەن:**

ئەمە دانیشتنی دەسپێکردنە، نەک دانیشتنی یەکەم... بەمەش کۆتایی بەدانیشتنی دەسپێکردن دەهێنین.

**محەمەد تۆفیق ڕەحیم**
**جێگری سەرۆک**

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

## پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١)

شەممە ڕێکەوتی ٦/٦/١٩٩٢

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره (١)

## شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٢/٦/٦

***کاتژمێر (١٠)ی سەرلە بەیانی ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٢/٦/٦ ، ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان بە سەرۆکایەتی بەڕێز جوهر نامق سالم سەرۆکی ئەنجوومەن و ، بەئامادە بوونی جێگرەکەی، بەڕێز محەمەد تۆفیق ڕەحیم یەکەم دانیشتنی یەکەم خولی ئاسایی ، ساڵی یەکەمی خۆی بەست.***

***پاش چەسپاندنی ڕادەی یاسایی دانیشتنەکە لەلایەن بەڕێزان سەرۆکی ئەنجوومەن و جێگرەکەیەوە دەرکەوت کە لەکۆی (١٠٥) ئەندامی ئەنجوومەن:***

***(١٠٤) ئەندام ئامادە بوون.***

***(١) یەک ئەندامیش (بەڕێز سەلام کەریم خان خەلیفە) ئامادە نەبووە.***

***ئەوجا بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان و ، بەناوی گەلی کوردستانەوە دانیشتنەکەی دەستپێکرد.***

***بەرنامەی کار:***

***١ـ هەڵبژاردنی سکرتێری ئەنجوومەن.***

***٢ـ هەڵبژاردنی لیژنەی یاسایی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان.***

***٣ـ ڕاسپاردنی بەڕێز دکتۆر محەمەد فوئاد مەعسوم بۆ پایەی سەرۆکی ئەنجوومەنی بەڕێوەبەرایەتی کوردستان و ، بەڕێز دکتۆر ڕۆژ نووری شاوەیس بۆ پایەی جێگری سەرۆکی بەڕێوەبەرایەتییەکە.***

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

یەکێک لەبڕگەکانی بەرنامەی ئەم دانیشتنەمان هەڵبژاردنی سکرتێری ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانە، دەرگای خۆپاڵاوتنیش بۆ هەمووان کراوەتەوە، سکرتێریش کۆمەڵێک ئیشوکاری ئەنجوومەنی دەکەوێتە سەر، ئەبێ بەدووی ئیشوکارەکانی ئەنجوومەندا بچێت، بۆیە باشتر وایە کە یاساناسان خۆیانی بۆ بپاڵێون.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان.**

ئێمە حەزمان.دەکرد سەرۆکایەتی ئەنجوومەن ڕەنگدانەوەیەک بێت بۆ پێکهاتەکەی، حەزمان دەکرد سکرتێر لە لیستی مۆر بێت، بەڵام ئەوان خۆیان ئەوەیان پەسەند نەکرد... بۆیە ئێمە بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید بۆ پایەی سکرتێری ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان دەپاڵێوین... سوپاس.

**بەڕێز د. ڕۆژ نووری شاوەیس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

سکرتێری ئەنجوومەن بۆ ئەوەی بتوانێ ئەرکەکانی سەرشانی راپەڕێنێ دەبێ یاسا ناس بێ، لەهەموو پەرلەمانەکانیشدا وا باوە کە سکرتێر لە گروپی سەرۆکی پەرلەمان بێت، پاڵێوراوی ئێمەش بۆ ئەم پایەیە بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلایە، سوپاس.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پاڵێوراوانی هەردوو لیست، زەردو کەسک هەر ئەوەن کە پارێزەرن، حەز دەکەم ئەندامانی بەڕێزی ئەنجوومەن ئەو توانایانە بزانن کە لە و دوو پاڵێوراوانەدا هەن ، سوپاس.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من وای بە باش دەزانم کە پاڵێوراوانی هەردوو لیست خۆیان خۆیان پێشکەش بکەن ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

با کاک ئەیاد حاجی نامق خۆی بناسێنێ.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من ناوم ئەیاد حاجی نامق بەقاڵە، دەرچووی کۆلیژی یاسا وسیاسەی زانکۆی بەغام ساڵی ١٩٨٣ـ١٩٨٤، لە ١٩٨٧یشەوە پارێزەرم لە هەولێر، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

زۆر سوپاس بۆ کاک ئەیاد.: با کاک فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا خۆی بناسێنێت.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ناوم فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا یە، ساڵی ١٩٦٨ ـ ١٩٦٩ کۆلیژی مافی بەغام تەواو کردووە، ساڵانی ١٩٧٠ـ١٩٧٤ مودیری ناحیە بووم، ساڵی ١٩٧٥ تا ١٩٨٠ راوێژکاری یاسایی (اموال مجمدە) بووم لە بەسرا، لە ١٩٨٠یشەوە پارێزەرم لەدهۆک... سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس... ئەگەر کەسێکی دیکەش خۆ دەپاڵێوێت بابفەرموێت.

**بەڕێز قادر عەزیز محەممەد ئەمین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێمەش حەزدەکەین ئەوەی کە خۆی بۆ سکرتێریی دەپاڵێوێ یاساناس بێت، بەڵام ڕەنگە ئەمە هەر بۆ ئەوە بێت کە برایانی ئاشووری، یا زەحمەتکێشانی لێ بێبەش بکەن، سوپاس.

**بەڕێز د.عیزەدین مستەفا رەسول:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەک دەزانن چوار حزب لە ناو پەرلەماندا نوێنەریان هەیە، برایانی ئاشووری سەر بەلیستێکن و بۆیان هەیە کۆمەڵێک شت بۆ پەرلەمان بەجێ بهێنن، سوپاس.

**بەڕێز د.کەمال عەبدولکەریم فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەر شتێک پەرلەمان بڕیاری لەسەر بدا ئێمە مل کەچی دەبین ، سوپاس.

**بەڕێز عەبدوڵلا رەسول عەلی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وا بزانم هیچ تێکستێکی یاسایی نییە کە بڵێ سکرتێری ئەنجومەن دەبێ یاساناس بێت، سکرتێری ئەنجومەنیش سکرتێری سەرۆکی ئەنجومەن نییە، بەڵکو لە هەندێ حاڵەتدا دەسەڵاتی لە جێگری سەرۆکیش زیاترە، دیموکراتی تر دەبوو ئەگەر سکرتێر لە لیستی ئاشووری بوایە، چونکە (٣) پایەو (٣) لیستیش لە ئەنجومەندا هەن، هەروەها پشتگیری لەو رایەش ناکەم کە دەڵێ سکرتێر دەبێ لەلیستی سەرۆک بێت، چونکە سەرۆکی پەرلەمان دەتوانێ سکرتێرێکی تایبەتی بۆ خۆی دابنێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکایە ئەگەر برادەرێک بابەتێکی باس کرد با یەکێکی دیکە دووبارەی نەکاتەوە.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

شتێکی شیاوە هەر لایەنێک حەز بکات کە سکرتێر لە گروپەکەی خۆی بێت، بەڵام وابزانم ئەگەر لەسەرەتاوە لەسەر مەسەلەی وا بچووک ناکۆک بین ئەوە بۆ مەسەلەی گەورە، ئەو میللەتە دەبێ چاوەڕوانی هیچمان لێ نەکات، سوپاس.

**بەڕێز قادر عەزیز محەمەد ئەمین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش پێم خراپ نییە سکرتێر یاساناس بێت، بەڵام ئەشێ ئەو مەرجە هەر بۆ ئەوە دانرا بێت کە برادەرانی ئاشووری، یا زەحمەتکێشان و بێلایەنەکانی لێ بێبەش بکرێن... من وای بۆ دەچم ئەگەر سکرتێر لە هەردوو لیستە سەرەکییەکە نەبێ بۆ میسداقیەتی ئەوان قازانجە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر قسەی نوێ لەسەر بابەتەکە نەماوە با کۆتایی پێبێنین.

**بەڕێز مەلا محەممەد عەبدولقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

زۆر لەو قسانەی کە کران زیاد بوون، لەپەرلماندا یاسا و ڕێسای قسەکردن هەیە، یا لە گەڵدای، یا لە دژی... مادامێکیش دەرگای خۆ پالاوتن بۆ هەمووان کراوەتەوە، بۆیە چیتر پێویست بە وتوویژ ناکات و با بابەتەکە بخرێتە دەنگدانەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. محەممەد فوئاد مەعسوم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

هەندێ شت هەیە پێویستی بەوەیە لە دەرەوەی پەرلەمان بیروڕای لەسەر بگۆڕینەوەو وەک سەرەتایەک لەسەری ڕێک بکەوین پاشان بەرچاوی پەرلەمانی بخەین بۆ ئەوەی دەوڵەمەندی بکات وبڕیاری لەسەر بدات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

تائێستا بەڕێز ئەیاد حاجی نامق و، بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا خۆیان بۆ سکرتێری ئەنجوومەن پالاوتووە، ئەگەر کەسی دیکە خۆ ناپالێوێت، ئەوا با دەست بە پرۆسەی دەنگدان بکەین.

پاش دەنگدان و ژماردنی دەنگەکانیش بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا (٥٣) دەنگی وەدەست هێنا و بەڕێز ئەیاد حاجی نامق ـ یش (٥١) دەنگ، بەپێی ئەوەش بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا بووە سکرتێری ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان و، لەلایەن بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان و ئەندامانی ئەنجوومەنەوە پیرۆزبایی لێکراو چووە شوێنی خۆی لەسەر سەکۆی سەرۆکایەتی ئەنجوومەن.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان چۆن خولەکانی ئەنجوومەن دیاری دەکا؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

لەبەر ئەوەی تاوەکو ئێستا پێڕەوی ناوخۆمان نییە، با ئەمڕۆش بەم جۆرە بێ. ئێستاش با برادەران پشوویەک بدەن و سەعات(١٢) بۆ تەواو کردنی دانیشتنەکە بێنەوە هۆڵی دانیشتن.

دوای نیوەڕۆی ئەو ڕۆژەش درێژە بەکۆبوونەوەی یەکەم درا و لەسەرەتادا بەڕێز جێگری سەرۆک چەند برووسکەیەکی پیرۆزبایی و پشتیوانیی خوێندەوە کە بریتی بوون لە: برووسکەی ئەندامێکی کۆنگریسی ئەمەریکی، برووسکەی پەرلەمانی ئەورووپی، برووسکەی لیژنەی هاوپەیمانەتی دیمۆکراتی کوردی لە سوریا، برووسکەی کۆمەڵەی ئورزی کوردی لە لوبنان، برووسکەی یەکێتی جووتیارانی کوردستان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بە ناوی ئێوەوە سوپاسیان دەکەین، ئێستاش درێژە بە کۆبوونەوەی بەیانیمان دەدەین، بڕگەی ئەمجارەشمان هەڵبژاردنی (لیژنەی یاسا)یيە بۆ دانانی پرۆژەی پێڕەوی ناوخۆی ئەنجوومەن و، بۆ دانانی پرۆژەی یاسای ئەنجوومەنی بەڕێوەبەرایەتی کوردستان، لیژنەکەش لە یاساناسان و پسپۆڕانی ئیداری و ئابووری پێک بێت باشترە، وەک سەرەتاش وام پێ باشە ژمارەی ئەندامەکان (٨) کەس بێت.

**بەڕێز د.کەمال عەبدولکەریم فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لیژنەکە (٨)کەس بێ یا (١٠)کەس بێ گیروگرفت نییە، گرنگ ئەوەیە لیژنەکە تاکۆبوونەوەی داهاتوو پرۆژەی پێڕەوی ناوخۆیەکە دابڕێژێ، سوپاس.

**بەڕێز د.عیزەدین مستەفا رەسول:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

وەکو باوەو لەسەری رۆیشتووین ژمارەی ئەندامانی لیژنە دەبێ تاک بێت، واتا (٩) کەس بن... سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەوانەی ناوی خۆیان بۆ ئەندامەتی ئەم لیژنەیە تۆمار کردووە (٩) کەسن، (٤) لەلیستی زەرد:بەڕێزان ١ـ فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا ٢ـ محەمەد ئەمین مەولود ئەمین ٣ـ عەدنان محەمەد حسامەدین نەقشبەندیی ٤ـ ئەکرەم عزەت. (٤) کەسیش لە لیستی کەسک کە ئەم بەڕێزانەن: ١ـ د.محەمەد فازڵ محەمەد عەزیز قەفتان ٢ـ حسێن عارف عەبدولڕەحمان ٣ـ حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی ٤ـ سەعید علی خان سلێڤانی.

لیستی مۆریش بەڕێز شمائیل ننۆبنیامین ـ ی بۆ ئەندامەتی ئەم لیژنەیە پاڵاوتووە. کەسی دیکە هەیە خۆی بپاڵێوێ؟.

ئەوجا بەڕێزان کانەبی ئەحمەد عەزیز دزەیی و ئەیاد حاجی نامق مەجید بەقاڵ خۆیان بۆ ئەندامەتی لیژنەکە پاڵاوت.

**بەڕێز سەعدی ئەحمەد پیرە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

با لیژنەکە (١١) کەس بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە لیژنەکە (١١) کەس بێ بادەست بەرزبکاتەوە..کێ لەدژە؟.. کەواتا بەزۆربەی دەنگ بڕیار لەسەر ئەوە درا کەلیژنەکە لە (١١)کەس و، لەو بەڕێزانە پێک بێت، کە خۆیان پاڵاوت.

ئێستاش دێینە سەر ئەو برگەیەی کە ماوەتەوە قسەی لەسەر بکەین، ئەویش دیاری کردنی سەرۆک و جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی بەڕێوەبەرایەتی کوردستانە، سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان بەڕێز دکتۆر محەمەد فوئاد مەعسوم ـ ی بۆ سەرۆکی ئەنجوومەنی بەڕێوەبەرایەتی کوردستان و، بەڕێز دکتۆر ڕۆژ نووری شاوەیس ـ ی بۆ پایەی جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی بەڕێوەبەرایەتی کوردستان دیار کردووە، ئەگەر کەسێکی دیکە دەیەوێ خۆی بۆ ئەم دوو پایەیە بپالێوێ با بفەرمویت ناوی خۆی بلێ، ئەگەر نا ئەوا با ئەنجوومەنی نیشتمانیی بفەرمویت بریار لەسەر پێشنیارەکە بدات.

کە کەسی دیکە خۆی نەپالاوت ئەوجا ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان رازی بوو لەسەر ئەوەی کە:

١ـ د. محەمەد فوئاد مەعسوم ببێ بە سەرۆکی ئەنجوومەنی بەڕێوەبەرایەتی کوردستان.

٢ـ د. ڕۆژ نووری شاوەیس ببێ بە جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی بەڕێوەبەرایەتی کوردستان.

ئەوجا بەپێی یاسا بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق نامەی راسپاردنی بەڕێزان د. محەمەد فوئاد مەعسوم و، د. ڕۆژ نووری شاوەیس ـ ی خوێندەوە کە یەکەمیان بۆ سەرۆک و دووەمیان بۆ جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی بەڕێوەبەرایەتی کوردستان راسپێردران، ئەمیش دەقی نامەی راسپاردنەکەیە:

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم.**
**بەڕێز د. ڕۆژ نووری شاوەیس.**

سلاوێکی گەرم

لەسەر بریاری کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان لە ڕۆژی ١٩٩٢/٦/٦، لەبارەی دانانی ئێوەوە: بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم بۆ سەرۆکی ئەنجوومەنی بەڕێوەبەرایەتی کوردستان و، دانانی کاک د.ڕۆژ نووری شاوەیس بەجێگری سەرۆکی ئەنجوومەنەکە، داواتان لێ دەکەین کە ئەنجوومەنی بەڕێوەبەرایەتی کوردستان دابمەزرێنن و، بەزووترین کات لەناوی ئەندامەکانی ئاگادارمان بکەنەوە، بۆ ئەوەی ئێمەش بیخەینە بەردەم ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان بۆ ئەوەی ئەویش بروای خۆی پێبدات، لەگەڵ ڕێزماندا.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەو راسپاردەیەی ئێوە بە شەرەفێکی زۆر گەورە دەزانم، کە بتوانم ئەو ئەرکە بەهاوکاریی لەگەڵ برای ئازیز کاک د. ڕۆژ نووری شاوەیس دا و، بە راوێژکردن لەگەڵ ئێوەی بەڕێزدا بەڕێوە ببەم. ئومێدەواریشم کە لەماوەی چەند ڕۆژێکدا بتوانین لەگەڵ ئەو برایانە دانیشین و بە بۆچوونێکی هاوبەشەوە ناوەکان بهێنینە بەردەم ئێوە بۆ ئەوەی دوا بریاری خۆتانی لەسەر بدەن" جارێکی تریش زۆر سوپاسی ئەو بروایەی ئێوە دەکەم و ئومێدەوارم من و کاک د. ڕۆژ نووری شاوەیس و ئەو

برادەرانەی تر لەئاستی ئەو مەسئوولیەتە بین و بتوانین خزمەتێکی بچووک بە گەل و نیشتمانەکەمان بکەین... سوپاس.

**بەڕێز د. ڕۆژ نووری شاوەیس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەڕێزان ئەندامانی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان، زۆر سوپاستان دەکەم بۆ ئەو شەرەفە گەورەیە، بەڵێنتان دەدەمێ کە هەموو توانایەکم بۆ جێبەجێ کردنی ئەرکەکانی سەرشانم تەرخان بکەم، لەگەڵ هەڤاڵی خوشەویستمان بەڕێز د.محەمەد فوئاد مەعسوم دا، حەزیشم دەکرد کە ئەو بەناوی منیشەوە سوپاستانی بکردبایە، بەڵام هەر بەتەنها بەناوی خۆیەوە سوپاستانی کرد... دووبارە سوپاس.

**بەڕێز د.کەمال عەبدولکەریم فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پیرۆزبایی لە برایان کاک د.محەمەد فوئاد مەعسوم وکاک د.ڕۆژ نووری شاوەیس دەکەم، ئێمەش ئامادەین هەموو جۆرە هاوکاریەکیان لەگەڵدا بکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

لەگەڵ لیژنەی دانانی پرۆژەی پێڕەوی ناوخۆی ئەنجوومەنیشدا قسەمان کرد، لەو باوەڕەدام تا ٩ی مانگ پرۆژەکەیان پێ ئامادە بکرێت، بۆیە وای بەباش دەزانم کاتژمێری (١٠)ی سەرلە بەیانی ١٠ی مانگ کۆببینەوە و گفتوگۆی لەسەر بکەین.

**بەڕێز فەلەکەدین سابیر کاکەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ڕۆژی (١١)مانگ جەژن نییە، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێشنیار دەکەم پێش گفتۆگۆ (١٠٥)دانە لە پرۆژەی پێڕەوەکە بەسەر ئەندامەکاندا دابەش بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێشنیار دەکەم پشووی جەژن دوو ڕۆژ بێ و لەڕۆژی سێیەمدا دەس بەکۆبوونەوەکانی خۆمان بکەین، سوپاس.

**بەڕێز عەبدوڵڵا ڕەسوڵ عەلی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێویست ناکات ئەنجوومەن ئەوەندە درێژە بە گفتوگۆی مەوزووعێک بدا، پێویستە وەفدێک بۆ

وەرگرتنی یارمەتی پێک بهێنرێ وبنێردرێتە دەرەوە.هەروەها وەفدێکی دیکەش پێک بهێنرێ بۆ ئەوەی لە ١٦ی ئەم مانگە دا بەشداری ئەو کۆنگرەیە بکا کە ئۆپۆزسیۆنی عێراقی لە (ڤیەنا) دەبەسترێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئێستا کاتی پێشکەش کردنی پێشنیار نییە، بەڵکو کاتی بڕیار دانە، بڕیار لەسەر ئەوە بدەین ڕۆژی ١٠ی مانگ گفتوگۆی پرۆژەی پێڕەوی ناوخۆی ئەنجوومەن بکەین، یا بۆ دوای پشووی جەژنی دوابخەین؟.

**بەڕێز مەلامحەمەد عەبدولقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

کێشەی ئێمە هەر تەنها جەژن نییە، چونکە پیرەژنان لەبەر دەرگەی بارەگاکان بۆ نان دەگەڕێن، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بۆ ناردنە دەرەوەی وەفد، ئێمە لە دەرەوەی پەرلەماندا هاوپەیمانی دیکەمان هەیە دەبێ پرس بەوانیش بکەین، سوپاس.

**بەڕێز د. سەلاحەدین محەمەد حسەن حفید زادە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێشنیار دەکەم بەر لەجەژن مەعاشێک وەک جەژنانە بۆ فەرمانبەرەکان خەرج بکرێ،سوپاس.

**بەڕێز موحسن شێخ خالید مستەفا موفتی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەگەر ئەنجوومەن کارێکی وابکا کە پێش جەژن بەیاننامەیەک دەربکا کەدڵی کۆمەڵی کوردمانی پێ خۆش بکا کەلەئاستی لێپرسراوەتی خۆی دایە، سوپاس.

**بەڕێز د. ئیدریس هادی سالح:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەگەر پرۆژەی پێڕەوی ناوخۆی ئەنجوومەن تا ٩ی مانگ تەواو بوو ودابەش کرا، ئەوا پێویستە ١٠ی مانگ کۆببینەوە، سوپاس.

**بەڕێز محەمەد تاهیر محەمەد زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

جەژن بۆنەیەکی ئایینەیە، بۆیە واباشە کۆبوونەوەی داهاتوو ١٢ی مانگ بێ نەک ١٠و١١کە ڕۆژانی جەژنن، سوپاس.

**بەڕێز حەمەسەید سەلیم میران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

واباشە پرۆژەکە۹ی مانگ بەسەر ئەندامانددا دابەش بکرێ و ۱۰ی مانگ گفتوگۆی لەسەر بکەن، سوپاس.

**بەڕێز محەمەد شەریف تاهیر مستەفا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەرووی ئاینیەوە (عارفە)رۆژێکی پیرۆزە واچاکە دووەم رۆژی جەژن کۆببینەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

واپێ دەچێ زۆربەی پێشنیارەکان لەسەر ئەوەبێ کە ۱۰ی مانگ کۆببینەوە. کێ لەگەڵ ئەو رایە دایە دەست بەرزکاتەوە؟..کەواتا ئەنجوومەن بەگشتی دەنگ بڕیاری لەسەر ئەوە دا کە کاتژمێری (۹)ی بەیانی رۆژی (۱۰)ی مانگ کۆبوونەوەی داهاتووی ئەنجوومەن ببەسترێ.

**بەڕێز عومەر عەبدوڵلا محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیار دەکەم لەکۆبوونەوەی ئایندەدا بەڕێزان د.فوئاد مەعسوم ود.رۆژ نووری شاوەیس ژمارەی بەرێوەبەرایەتیەکەیان بۆ ئەنجوومەن دیاری بکەن، سوپاس.

**بەڕێز د. عیزەدین مستەفا رەسول:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەکو ئاشکرایە رەنگی زەرد رەنگی ئالاکەی سەلاحەدینە، رەنگی سەوزیش رەنگی ئالای شێخ مەحمودی نەمرە، رەنگی ئالای عێراقیش کەس نییە نەزانێ کە لە ئەنجامی یەکێتی سوریاو عێراق و مصر ۱۹٦۳ هاتۆتە کایەوەو رەمزە بۆ (وحدەو حوریەو ئیشتراکیە)، حزبی بەعسیش (الله اکبر)ـەکەی خستە سەر کە نیشانەی داگیرکردنی کوێتە، لەبەر ئەوە وا چاکتر بوو کە بە هێمنی ببرێتە دەرەوە، سوپاس.

**بەڕێز مەحمود فندی دێرشەوی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرۆژەی پێڕەوی ناوخۆی ئەنجوومەن با بەکوردییەکی تێکەڵ بێ، سوپاس.

**بەڕێز نجم الدین عەزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو ئالایە ئالای بەعسەو هیچ تەعبیرێک لە هەستی خەڵکی عێراق و خەڵکی کوردستان ناکا، بۆیە بوونی ئەو ئالایە لەم کاتەدا زیادەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هەر ئەندامێک پێشنیاری هەیە با بەنووسین پێشکەش بە سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی بکات بۆ

ئەوەی لەبەرنامەی کاری ئەنجوومەندا تۆمار بکرێت، ئەوجا گفتوگۆی لەسەر دەکرێت. لێرەشدا ئیتر کۆتایی بە دانیشتنەکە دەهێنین تا کاتژمێری (١٠) سەرلەبەیانی ڕۆژی (١٠)ی مانگ کە جارێکی دیکە کۆ دەبینەوە.

| | | |
|---|---|---|
| **فەرسەت ئەحمەد عەبدوللا**<br>**سکرتێری ئەنجوومەن** | **محەمەد تۆفیق ڕەحیم**<br>**جێگری سەرۆک** | **جوهر نامق سالم**<br>**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق** |

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره (٢)

چوارشه‌مه رێکه‌وتی ١٠/٦/١٩٩٢

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (٢)

## چوارشەممە ڕێكەوتی ١٠/٦/١٩٩٢

***كاتژمێر (١٠)ی سەرلەبەیانی ڕۆژی چوارشەممەی ڕێكەوتی ١٠/٦/١٩٩٢، ئەنجوومەنی نیشتمانیی كوردستان بەسەرۆكایەتی بەڕێز جوهر نامق سالم سەرۆكی ئەنجوومەن و، بەئامادەبوونی جێگری سەرۆك بەڕێز محەمەد تۆفیق ڕەحیم، وسكرتێری ئەنجوومەن بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا، دووەم دانیشتنی یەكەم خولی ئاسایی یەكەم ساڵی خۆی بەست.***
***پاش دڵنیابوون لە ڕادەی یاسایی كۆبوونەوەكە لەلایەن سەرۆكایەتی ئەنجوومەنەوە، ئەوجا بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان و، بەناوی گەلی كوردستانەوە دانیشتنەكەی دەست پێ كرد.***
***بەرنامەی كار:***
***گفتوگۆ لەسەر پرۆژەی پێڕەوی ناوخۆی ئەنجوومەن.***

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن:**
لیژنەی دانانی پرۆژەی پێڕەوی ناوخۆی ئەنجوومەن لەكارەكەیان بوونەتەوە، با(٣)ئەندامی لیژنەكە بفەرموونە سەر سەكۆو دەست بەخوێندنەوەی پرۆژەكە بكەن.
ئەوجا بەڕێزان عەدنان نەقشبندی، وسەید حەسەن بەرزنجی، وحسێن عارف هاتنە سەر سەكۆی وتار خوێندنەوە ودانیشتن.
**بەڕێز حسێن عارف عەبدولڕەحمان:**
**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**
ئەم لیژنەیە ڕۆژی ٦/٦/١٩٩٢ لەسەر بڕیاری ئەنجوومەن پێكهات ولەماوەی ئەم دوو ڕۆژەی رابردوودا توانیمان پرۆژەی پێڕەوی ناوخۆی ئەنجوومەنی نیشتمانیی كوردستان ئامادە بكەین، كە لە (٩) بەش پێكهاتووە:

**بەناوی خودای بەخشندەو میهرەبان**

پێڕەوی ناوخۆی ئەنجوومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢
تاریفەكان (التعاریف)
**مادەی یەكەم:**
مەبەست لەو تاریفانەی لای خوارەوە سەبارەت بەم پێڕەوە، ئەو مانایانەن كە لە تەنیشتیانەوە باس كراون:
- **ئەنجوومەن:** ئەنجوومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق.

ـ **سەرۆک:** سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی.
ـ **ئەندام:** ئەندامی ئەنجوومەنی نیشتمانیی.
ـ **دەستەی سەرۆکایەتی:** دەستەی سەرۆکایەتیی ئەنجوومەنی نیشتمانیی.
ـ **یاسای ئەنجوومەن:** یاسای ئەنجوومەنی نیشتمانیی ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢.
ـ **یاسا:** یاسای دەسەڵاتی جێبەجێ کردن (السلطة التنفيذية) لە کوردستانی عێراق.
ـ **پێڕەو:** پێڕەوی ناوخۆی ئەنجوومەنی نیشتمانیی.
ـ **کوردستان:** کوردستانی عێراق.

**بەڕێز د. رۆژ نوری شاوەیس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەسەر چ بناغەیەک ناوی دەسەڵاتی(جێبەجێ کردن) لەپرۆژەکەدا هاتووە؟! لەکۆبوونەوەی ١٩٩٢/ ٦/٦ ناوی ئەو ئەنجوومەنە بە ئەنجوومەنی بەڕێوەبەرایەتی کوردستان هاتووە، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێمە هیچ ناوێکمان بۆ نەهاتووە تابەکاری بێنین، سوپاس.

**بەڕێز کەمال جەلال غەریب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دەبوایە لەجیاتی (تاریفەکان) وشەی (پێناسەکان) بەکاربرایە، هیوادارم چاو بە وەرگێڕانەکەشیدا بگێردرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز مەلا محەمود فندی دێرشەوی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەمە یەکەمین پرۆژەی پێڕەوی ناوخۆی ئەنجوومەنە، دەبوایە بەناوی خواوە دەس پێبکا، سوپاس.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەمە هێشتا پرۆژەیەو لە ئەنجامی گفتوگۆدا دەوڵەمەندو راست دەکرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. عیزەدین مستەفا رەسول:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

باهەرکەسەو نووسینەکەی لای خۆی دەسکاری بکات وبیگێڕێتەوە تالیژنەکە سوودی لێ وەرگرن. سوپاس

**بەڕێز ئەرسەلان بایز ئیسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بۆ ناولێنانی دەسەڵاتی جێ بەجێ کردن جارێ تا لە گفتوگۆی پێڕەو دەبینەوە ناتوانین هیچ ناوێکی

لێ بنێین، سوپاس.

**بەڕێز یونادم یوسف کنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەتاریفەکاندا دەڵێ: ئەنجوومەن: ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان.

سەرۆک: سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی.

بەڕای من بۆ سەرۆکیش بکرێتە (سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق)و ئەندامیش بکرێتە(ئەندامی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق)، سوپاس.

**بەڕێز فەلەکەدین سابیر کاکەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەوەندە بەسە بووترێ سەرۆکی ئەنجوومەن، یا ئەندامی ئەنجوومەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

با لیژنەکە لەکاتی داڕشتنەوەدا ئەم تێبینییانە رەچاو بکا.

**بەڕێز حسێن عارف عەبدولڕەحمان:**

**مادەی دووەم:**

ئەنجوومەن کۆبوونەوەی لە هەولێردا دەکات، دەشگونجێ لە کاتی پێویستدا لە هەر شوێنێکی تردا کە بەباشی دەزانێ بیکات.

**بەڕێز د. کەمال فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەرووی داڕشتنەوە پێویستە بەسەریدا بچنەوە. سوپاس

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

گوتمان بەگوێرەی تێبینی ئەندامان لیژنەکە دەقەکوردی وعەرەبییەکەی سەرلەنوێ دابڕێژنەوە.

**بەڕێز حسێن عارف عەبدولڕەحمان:**

**مادەی سێیەم:**

ئەنجوومەن کۆبوونەوەی یەکەمی لەسەعات ١٠ی رۆژی ١٠یەمی دوای ئاشکرا کردنی ئەنجامی هەڵبژاردن بەپێی ئەو یاسایانەی لەکاردان، دەکات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

وادیارە کەس تێبینی لەسەر ئەم مادەیە نییە.

**بەڕێز حسێن عارف عەبدولڕەحمان:**

**مادەی چوارەم :**

کۆبوونەوەی ئەنجوومەن بە ئامادە بوونی زۆربەی ئەندامانی نەبێ پێک نایەت، هەروەکو ئەنجوومەن بڕیارەکانی بەوەرگرتنی رای زۆربەی مطلق(١+٥٠ ٪ )ی دەنگی ئامادەبووان

دەداو، ئەگەریش ژمارەی دەنگ وەک یەک بوون ئەوا ئەو لایەنە سەردەکەوێ کەدەنگی سەرۆکی لەگەڵدا بێ جگە لەو حاڵەتانەی کە زۆربەیەکی تایبەتیان پێ دەوێ.

**بەڕێز د. محەممەد فوئاد مەعسوم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەدەقەکەدا دەڵێ: (ئەو لایەنە سەردەکەوێ) واباشترە بوترێ(ئەو رەئیە). سوپاس

**بەڕێز عەبدالخالق زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

وای بەباش دەزانم لەجێی (زۆربەی ئەندامان) بگوترێ(٣/٢ ئەندامان). سوپاس

**بەڕێز عەدنان محەممەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

(زۆربە) واتا لە(٥٠) زیاتر. سوپاس

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێمە گوتومانە زۆربەی موتڵەق واتا(١+٥٠)، ئەنجوومەن بۆی هەیە بیکاتە ٣/٢،یا ٤/٣.سوپاس

**بەڕێز حسێن عارف عەبدولڕەحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لیژنە مەبەستی لەو حاڵەتەیە کە دەنگەکان هاوتا دەبنەوە، ئەوکات سەرۆک دەنگی خۆی خستە کام لاوە، ئەوا ئەو لایەنە دەیباتەوە، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەگەر نەتوانرا لە رۆژی ١٠یەمدا ئەنجوومەن کۆببێتەوە، خۆ دەبێ لە رووی یاسایەوە لە ماددەی سێیەم دا چارەیەکی بۆ بدۆزرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز عەدنان نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پەرلەمان (١٠٥)ئەندامە، کەواتە (٥٣) زۆربە دەگەیەنێ و(٦٠)یش هەر زۆربە دەگەیەنێ، سوپاس.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەممەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێشنیار دەکەم وای لێ بکرێت(کۆبوونەوەی ئەنجوومەن بەئامادە بوونی ٣/٢ی ئەندامان دەبەسترێ، لەباتی (زۆربە)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەیاسای هەڵبژاردنی ژمارە(١)دا لەمادەی(٥٠)دا هاتووە (الا بحضور اغلبية اعضائه وذلك في غير الحالات التي تتطلب اغلبية خاصة)پەیڕەویش لەسەر ئەم یاسایە ڕۆنراوە، بۆیە ئەگەر بمانەوێ مادەکە بگۆڕین دەبێ لەپێشدا یاساکە بگۆڕین.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەیاساکەدا کەدەڵێ (زۆربە) مەبەستی (٣/٢)نییە، بەڵکو لەوێدا (زۆربە) بەشێوەی موتڵەق بەکار هێنراوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادەکە دەڵێ (اغلبيه اعضائه).

**بەڕێز ئەرسەلان بایز ئیسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەبەر ئەم بارودۆخە ناسکەی ئێستای ئێمە، من بەراستی نازانم پەرلەمانێک کۆبێتەوە نزیکەی (٥٠)ئەندامی ئامادە نەبێ، بۆیە بەبڕوای منیش پێویستە ئەو (زۆربە)یە بکرێتە (٣/٢)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

(٥٠+١)لێرەدا ناکاتە نیوەی ئەندامانی ئەنجومەن، چونکە بەلای کەمەوە دەبێ (٥٣) کەس بێ.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەشێ بۆ کۆبوونەوەی سبەینێ (٨١)ئامادە بن، ئەوسا(٤١)دەنگ دەکاتە (٥٠+١)ئەی بۆ ئەوە چۆن دەبێ، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر پێشنیارەکەی د.کەمال فۆئاد بچەسپێت ئەوا ئەقەلیەتی کەم دەبێتە زۆربەو، ئەنجوومەن هەڵدەوەشێتەوە، چونکە لەم حاڵەتەدا ١/٣ی ئەندامان ڕێک دەکەون ونایەنە هۆڵی کۆبوونەوەو کۆبوونەوەکە ساز نادرێ بۆیە من بەباشی نازانم، سوپاس.

**بەڕێز مەلا محەمەد ئەمین عەبدولحەکیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو (زۆربەی تایبەتی)یە چییە ؟ کە لێرەدا هاتووە، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە عەرەبیدا (زۆربە) چەند حاڵەتێکی هەیە لەوانە: الاکثریة البسیطة، الاکثریة المطلقة، الاکثریة الخاصة.سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەبڕوای ئێمە (زۆربە- اغلبیه)لە ٥٠ ٪ بەسەرەوەیە، سوپاس.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەبڕوای ئێمە هەندێ حالات هەیە پێویستی بە دەنگی ٢/٣هەیە، سوپاس.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ڕوونکردنەوەکەی کاک فرەنسۆ لەجێی خۆیدایە. سوپاس

**بەڕێز د. ڕۆژ نووری شاوەیس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

باشتر وایە (زۆربە)دیاری بکرێ، تەنها ئەو حاڵەتانە نەبێ کە٢/٣ی دەوێ،سوپاس.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد/ سکرتێری ئەنجومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەبڕوای من ئەم گفتوگۆیانە کاتێک لەجێ خۆیدا دەبێ ئەگەر پڕۆژەی هەموار کردنەوەی دەقێکی یاساییمان لەبەر دەستدا بێ. پێڕەویش هیچ کاتێک ناتوانێ دەقێک دابنێ کەپێچەوانەی دەقێکی یاسایی بوەستێتەوە، چونکە بنەمایەکی یاسایی هەیە دەڵێ:(لا اجتهاد فی مورد النص) سوپاس.

**بەڕێز د. ڕۆژ نووری شاوەیس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیارەکەی د.کەمال ئەوەیە کەئەم (اغلبیه خاصه)یە بکرێتە٢/٣ی ئەندامان. بەمە ئێمەش ڕازی دەبین، سوپاس.

**بەڕێز عەبدولخاق محەمەد ڕەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەم (اغلبیة خاصة)یە لە یاسادا نییە، بەبڕوای من ئەگەر٢/٣ی ئەندامانی پەرلەمانیش ئامادە نەبن ئەوا کۆبوونەوەکە نابەسترێ، سوپاس.

**بەڕێز حسێن عارف عەبدولڕەحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەناو ئەندامانی پەرلەماندا چەندین یاساناس هەن هەموو واتای وردی ئەم زاراوانە دەزانن وپێویست بەدووبارە کردنەوە ناکات، سوپاس.

**بەڕێز د.عیزەدین مستەفا رەسول:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی کاک فەرسەت گوتی لەگەڵ یاساکەدا ناگونجێ، هەموار کردنەوەی یاساش لەدەسەلاتی ئەنجومەندایە، سوپاس.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

چەند ئەندامێک دەتوانن بۆ هەموار کردنەوەی هەر یاسایەک داوایەک پێشکەش بکەن، ئەگەر پەسەندیش کرا ئەوە پەرلەمان بەپێی داوای ئەو ئەندامانە دەتوانێ هەر یاسایەک کە بەرژەوەندی بیەوێ هەمواری بکاتەوە، سوپاس.

**بەڕێز یونادم یوسف کنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(الحالات التي تتطلب اغلبية خاصة) دیاری بکرێت، چونکە چوار جۆرە (اغلبية) هەیە: (الاغلبية الخاصة، الاغلبية البسيطة، الاغلبية المطلقة، الاغلبية الساحقة) لە هەمووشی باشتر ئەوەیە کە بگوترێ (أي الاغلبية الساحقة). سوپاس

**بەڕێزحەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

اغلبیە موتلەقە واتا ٥٠٪+١، اغلبیە بەسیتە واتا دەنگی زۆرینە ئیتر هەرچەنێک بێت، بەلام اغلبیە ساحیقە واغلبیە خاسە هەمووی هەر دەچنە خانەی اغلبیە خاسەوە، تەنانەت ئەگەر ١٠٪ بووبێ. سوپاس

**بەڕێز مەلامحەمەد عەبدولقادر لاجانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وابزانم بەڕێزد.کەمال تا رادەیەک خۆی لەپێشنیازەکەی کێشایەوە،سوپاس.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

داخوازییەکەی من هەر ئەوەیە کە (زۆربەی تایبەتی) دیاری بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕۆژ نوری شاوەیس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە نالێین پەرلەمان بە ٢/٣ی ئەندامانی کۆبێتەوە، چونکە پەرلەمان بە(اغلبیە مطلقە) کۆبوونەوەی خۆی دەبەستێ، بەڵام(هەندێ) بڕیار هەن ئەوانە پێویستیان بە (الاغلبیە خاصە و/٣ ٢ئەندامان) هەیە .سوپاس.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد/سکرتێری ئەنجومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مەبەستی یاسادانەر لێرەدا ئەوەیە کە ئەم اغلبیە خاسەیە لەمادەکانی پاش خۆیدا روون بکرێتەوە کەئایا (مطلقە)یە یا(ساحقە)یە یا(٢/٣)، سوپاس.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کەمادەکان هاتنە پێشەوە حاڵەتەکان بەدەردەکەون کە کامەیان ٢/٣ی دەوێ وکامەیان (اغلبیە مطلقە)، سوپاس.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

داخوازیەکەی من ئەوەیە لەپێناسەکەدا (زۆربەی تایبەتی) روون بکرێتەوە، ئەگەر ناشکرێ ئەوا با بەجێ بهێڵرێت تالیژنەکە چارەسەری بۆ دەدۆزێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە.

**بەڕێز حسێن عارف عەبدولڕەحمان:**

**مادەی پێنجەم:**

ئەنجوومەن لەساڵێکدا سێ خولی دەبێ. یەکەمیان لەسەرەتای حوزەیرانەوە دەست پێدەکاو لەکۆتایی ئابدا دوایی دێ. دووەمیان لەسەرەتای تشرینی یەکەمەوە دەست پێ دەکاو لەکۆتایی کانوونی یەکەمدا دوایی دێ. سێیەمیان لەسەرەتای شوباتەوە دەست پێ دەکاو لەکۆتایی نیساندا دوایی دێ. خولەکانیش بەئامادەبوونی زۆربەی ئەندامانی ئەنجوومەن پێک دێ.

**بەڕێز حەمید سەلیم میران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەبڕوای من (٣) خول زۆرەو بکرێتە(٢) خول ، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(٣)خولمان داناوە .چونکە کوردستان لەبارودۆخێکی تایبەتیدایەو، بۆ ئەوەی پەرلەمان ناچار نەبێت کۆبوونەوەی (نائاسایی)ببەستێت. سوپاس

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەم ئیستیسنایە بۆیە کراوە، چونکە دوایی لەمادەی (٧)دا هاتووە دەڵێ ٢/٣ ئەندامان بۆیان هەیە بڕیار لەسەر درێژکردنەوەی ماوەی خولەکان بدات،سوپاس.

**بەڕێزحەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەم ٢/٣یەش دیسان (اغلبیە خاصە) دەگرێتەوە.سوپاس.

**بەڕێز د. ئیدریس هادی سالح:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو دانیشتنانەی کەلە ماوەی پشوودا دەبەسترێن ئایا ئاسایی دەبن یا نائاساییی؟ سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەماوەی پشووداندا ئەنجومەن داوای کۆبوونەوەی نائاسایی دەکا، واتا درێژە پێدانی ماوەی پشوودانەکەیە، نەک خولەکە، سوپاس.

**بەڕێز مەلا محەمەد ئەمین عەبدولحەکیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

واباشە بۆ ئەو ماوە کورتەی کەلێرە دەبێ بڕگەیەک بۆ ئەمەش زیاد بکرێ، سوپاس.

**بەڕێزحەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە پشوومان بەپێی ساڵ دانەناوە، بەڵکو بەپێی ئیش دامان ناوە،سوپاس.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بارودۆخی کوردستان تایبەتییەو پەرلەمانی کوردستانیش پەرلەمانێکی تایبەتییە بەڵام ئەمە پێڕەوی ناوخۆیەو هەر بۆ ئەم ساڵ نییە، دەبێ ئێمەش وەکو پەرلەمانەکانی دنیا بکەین، سوپاس.

**بەڕێز مەلا محەمەد قادر لاجانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەم سێ خولە بۆ بارودۆخی ئێمە باشە، سوپاس.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە هەموو دنیادا پەرلەمانەکان دوو خولیان هەیە، با ئێمەش لەو یاسایە دەرنەچین، سوپاس.

**بەڕێز مەلا محەمود دێرشەوی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

میللەت چاوی لە پەرلەمانە، بۆیە پێویستە هەموو کاتێک هەر لەکۆبوونەوەدا بین، سوپاس.

**بەڕێز فەلەکەدین سابیر کاکەیی :**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئیستستنا بۆیە دانراوە کە هەر کاتێ ئەنجومەن بیەوێ دەتوانێ داوای کۆبوونەوە بکات، دەبێ ئێمەش دەوامی پەرلەمانەکەی خۆمان وا لێ بکەین کە لەگەڵ دەوامی پەرلەمانەکانی دیکەی جیهاندا بگونجێ، سوپاس.

**بەڕێز د. حەمە نەجم حەمە فەرەج جاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مرۆڤ پاش دوو، سێ سەعات ئیتر تەرکیزی نامێنێ بۆیە پێویستە دوای هەر سەعات و نیوێک، یا دوو سەعات پشوویەک بدات، سوپاس.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەندامی ئەنجومەن بەپێی یاساو بە پێی پێڕەوی ناوخۆیش لە هەر ئیش و کارێک کە هەیەتی بە (مستقل) دادەنرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

گفتوگۆ لەسەر ئەم مادەیە درێژەی کێشا، تێبینی ئەندامان لەکاتی دارشتنەوەی مادەکەدا رەچاو دەکرێ، ئێستاش تا کاتژمێر(١٢) پشوویەک دەدەین.

**پاش پشوودان ئەندامان گەرانەوە هۆڵی کۆبوونەوەو دانیشتنەکەیان دەسپێکردەوە**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەسەر ئیشوکاری خۆمان بەردەوام دەبین، لەکاتی پشووەکەدا لەگەڵ سەرۆکی هەردوو فراکسیۆنەکەدا قسەمان کردو، گەیشتینە ئەو بروایەی کەئەگەر گفتوگۆ ئاوا بروات ئەوا ناتوانین بەم زووانە بریار لەسەر پێڕەوی ناوخۆ بدەین، بۆیە وامان بەباش زانی کەلەهەر فراکسیۆنێک دووکەس قسە بکەن وسەرۆکی فراکسیۆنەکانیش ئەگەر ویستیان قسەی تێدا بکەن، لەبیرێشتان نەچێت ئەمرۆ(عارفە)یە وسبەینێ جەژنە، هەندێک لە برادەرانیش رێیان دوورە، بۆیە تا کاتژمێری (٢) ی پاش نیوەڕۆ بەردەوام دەبین.

**بەڕێز حسێن عارف عەبدولڕەحمان:**

**مادەی شەشەم:**

١ـ سەرۆکی ئەنجوومەن یا چوار یەکی ئەندامانی بۆیان هەیە داوای کۆبوونەوەیەکی نائاسایی ئەنجوومەن بکەن، بەڵام کۆبوونەوەکە دەبێ تەنیا لەو باسانە بدوێ کەبۆی دەسنیشان کراون.

٢ـ سەرۆکی ئەنجوومەن لەسەر داواکردنی سەرۆکی دەسەڵاتی جێ بەجێ کردن لەکاتی پێویستدا بۆی هەیە داوای کۆبوونەوەیەکی نائاسایی بکا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کەس تێبینی لەسەر ئەم مادەیە هەیە؟ وادیارە کەس تێبینی نییە. کەواتا بەگشتی دەنگ پەسند کراو ئێستاش دەچینە سەر مادەی حەوتەم.

**بەڕێز حسێن عارف عەبدولڕەحمان:**

**مادەی حەوتەم:**

ئەنجوومەن بەزۆربەی ٣/٢ی ئەندامانی بۆی هەیە ماوەی هەر یەکێک لەسێ خولەکەی بۆ ماوەیەک کە لەمانگێک تێ نەپەڕێ درێژ بکاتەوە، بەمەبەستی بەئەنجام گەیاندنی ئەو ئەرکانەی دەبنە هۆی درێژ کردنەوەکە.

**بەڕێز یۆنادم یوسف کنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

مادەی(٦و٧) دەسەڵاتی درێژکردنەوەی کۆبوونەوەکان بەئەنجوومەن دەدات، ڕێگا وبانەکانی کوردستانیش وەک دەزانین خراپ ودژوارن وهاتوچۆ ئاسان نییە، بۆیە بە بڕوای منیش بکرێت بە(٢) خول باشترە. سوپاس

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

مادە(٥) خولەکانی ئەنجوومەنی بە(٣) خول دیاری کردووە، وئەمە هێشتا پرۆژەیە، ئەگەر ڕازین بابکرێ بە(٢) خول.

**بەڕێز محەمەد تۆفیق ڕەحیم/جێگری سەرۆک:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بۆیە (٣)خول دانرا، چونکە ئەندامان هەموو(متفرغ)ن، پەرلەمانیش نابێ (٦) مانگ دەوام بکات وشەشەکەی تر دابنیشێ. سوپاس

**بەڕێزحەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بڕیار وایە کەلە گفتوگۆی هەر مادەیەک بووینەوە ئیتر نەچینەوە سەری. سوپاس

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

راستە، بەڵام ئەو مادەیەی دوایی گفتوگۆی لەسەر نەکرا، من پێشنیاز دەکەم کە کۆبوونەوەکانی پەرلەمان بکەوێتە مانگەکانی(٣و٤و٥و٦) ومانگەکانی (٧و٨)پشوو بن، پاشان مانگەکانی(٩و١٠و١١و١٢)دەست پێبکاتەوە ومانگەکانی(١و٢) یش دیسان پشوو بن، بەم جۆرە پەرلەمان(٨)مانگ لەکاردا دەبێت و(٤)مانگیش لەپشوودا دەبێ ئەگەر ماوەی خولەکان درێژ نەکرێتەوە، لەهەموو پەرلەمانەکانی دنیاش خولی زستانی هەیەو، خولی هاوینەش. سوپاس

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەمە پرۆژەی پێڕەوە هەر کاتێ بڕیاری لەسەر درا ئێمەش لەکاتی داڕشتنەوەدا ڕەچاوی دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێشنیار دەکەم ئەو پێشنیارەی د.کەمال بخرێتە دەنگدانەوە.سوپاس

**بەڕێز حسێن عارف عەبدولڕەحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەبڕوای من باشتر وایە دوو خول بێ، بەڵام ئەم ساڵی لێ ئیستیسنا بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەوەی بە دوو دەورە ڕازیەو ئەم ساڵ ئیستیسنا بکرێ بادەست بەرز بکاتەوە.

دەست بەرز کرایەوەو ئەنجوومەن بەتێکڕای دەنگ ڕەزامەندی لەسەر نیشان دا.

**بەڕێز حسێن عارف عەبدولڕەحمان:**

**مادەی هەشتەم:**

ماوەی ئەنجوومەن سێ ساڵەو لەیەکەم کۆبوونەوەیەوە دەست پێ دەکاو بەکۆتایی هاتنی دوا کۆبوونەوەی لەساڵی سێیەمدا دوایی پێ دێ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کێ تێبینی لەسەر ئەم مادەیە هەیە؟ ..دیارە کەس تێبینی نییە..کەواتە ئەیخەینە دەنگدانەوە.. کێ ڕازیە ئەم مادەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە دەست بەرز کاتەوە..کەواتە بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز حسێن عارف عەبدولڕەحمان:**

**مادەی نۆیەم:**

کۆبوونەوەکانی ئەنجوومەن بەئاشکرا دەکرێن، بەڵام دەگونجێ لەسەر داخوازی سەرۆک یا

ژمارەیەک لە ئەندامانی کە لە چواریەکی کەمتر نەبن وبەبڕیار لەسەر دانی زۆربەی ئامادەبووان نهێنی بێ.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

باسی ئەوە نەکراوە کەپەرلەمان چۆن هەڵدەوەشێنرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە ماوەتەوە سەر پەرلەمان کە شێوەی یاسایی بۆ دابڕێژرێت. سوپاس

**بەڕێزحەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە یەکێکە لە کەموکورتیەکانی یاسای ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانە. سوپاس

**بەڕێز د. ڕۆژ نووری شاوەیس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەبێ چۆنێتی هەڵوەشانەوەی پەرلەمان لەپێڕەوی ناوخۆدا دیاری بکرێ، بەبڕوای من ئەمەش (زۆربەیەکی تایبەتی) دەوێ کە ٣/٢ یە. سوپاس

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەیاسای ڕابەردا دەقێکی واهەیە.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کەموکورتی لەیاساکەدایە، چونکە چۆنێتی هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمانی دەسنیشان نەکردوە، سوپاس.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مادەی(٨) دەبێ کۆمیتە یاساییەکە دەقێکی بۆ بدۆزێتەوە، لەمادە(٩) شدا ڕێژەی ١/٤زۆرەو چاکتر وایە بکرێتە(١٠)ئەندام. سوپاس

**بەڕێز یوزنادم یوسف کەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەم یاسایە لەلایەن سەرکردایەتیی بەرەی کوردستانیەوە ئیمزا کراوە، کە لەوێ باسی دەسکاری کردنی دەکرا، دەگوترا ئەمە کاتیەو کەپەرلەمان دامەزرا لەوێ دەسکاری دەکرێتەوە، ئێستاش کە دەڵێن دەسکاری بکرێ، دەگوترێ ئەمە لەبەرەی کوردستانیدا ئاوای بڕیار لەسەر دراوەو دەبێ لێرەش هەروا بێت، بەبڕوای من پەرلەمان باڵاترین دەسەڵاتەو بۆی هەیە هەموو بڕیارێک بدات.

سوپاس

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەم پێڕەوە پشتی بەیاسای ژمارە(١) یەکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان بەستووە، لیژنەکە دەتوانێ دەسکاری پێڕەو بکات، چونکە هێشتا پرۆژەیە، بەڵام ناتوانێ دەسکاری یاسا بکات، دەسکاری هەر برگەیەک لەیاسا دەبێ ئەنجوومەنی نیشتمانیی بیکات، نەک ئەم لیژنەیە.

**بەڕێز د. ڕۆژ نووری شاوەیس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

منیش لەگەڵ کەم کردنەوەی ڕێژەی ٤/١دام وپێم باشە بکرێ بە(٥)کەس، بەڵام ڕێژەی کۆبوونەوەی نهێنی چەند کەم بکرێتەوە ئەوەندە دیموکراتیانەترە. سوپاس

**بەڕێز ئەحمەد ئەبوبەکر حەسەن بامەڕنی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پەرلەمانی فەرەنسا هەموو ڕۆژانی چوارشەممەو پێنج شەممە کۆدەبێتەوەو تەلەفزیۆنیش لە(أ)تا(ی) بڵاو دەکاتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەعدی ئەحمەد پیرە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

سەبارەت بەدانیشتنی نهێنی بەبڕوای من ئەو دانیشتنانە دەگرێتەوە کە تیایدا باس لەئاسایش و دیفاع وسیاسەتی دەرەوە دەکرێ، سوپاس.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

خۆی لێرەدا دوو خاڵ هەیە: یەکەمیان ئەوەیە کەچەند کەس داوای دانیشتنی نهێنی بکاو، دووەمیان ئەوەیە بۆچی ئەو دانیشتنە بەنهێنی بگێردرێ، سوپاس.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

کێ بڕیار دەدا کە کۆبوونەوە بەنهێنی ببەسترێ. سوپاس

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بائەو ٣/٢یە هەڵگرین وبڕیار لەسەر (زۆربەی موتڵەق) بدەین.سوپاس

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بۆ بڕیار دان لەسەر دانیشتنی نهێنی بائەو ٣/٢یە هەڵگرین وبڕیار لەسەر زۆربەی موتڵەق بدەین، سوپاس.

**بەڕێز سەعدی ئەحمەد پیرە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یەک ئەندامیش بۆی هەیە ئەو پێشنیارە بکات. سوپاس.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێڕەو دەبێ لەگەڵ یاسادا بگونجێ، مادە(٥٢)یش لەیاسا دەڵێ (جلسات المجلس علنية ويجوز ان تكون سرية بناءاً على طلب رئيس المجلس او مالا يقل عن ربع عدد اعضائه وموافقة المجلس باكثرية الحاضرين)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەواتە دەبێ ئەم مادەیە دوابخرێ.

**بەڕێز نەجمەدین عەزیز اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کەوابێ دەبێ جارێکی تریش پێڕەوی ناوخۆ بگۆڕین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێویستە لەسەر یاسا بڕۆین. ئەم مادەیەش دوا دەخرێ، ئێستاش دەچینە سەر مادەیەکی تر.

**بەڕێز حسێن عارف عەبدولڕەحمان:**

**مادەی دەیەم:**

بەتەمن ترین ئەندام لەناو ئامادە بوواندا سەرۆکایەتی ئەو یەکەم کۆبوونەوەیە دەکا کەلەمادەی سێیەمی ئەم پێڕەوەدا باسی لێ کراوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەیە ئەم مادەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە بادەست بەرزبکاتەوە؟..کێ لەدژە؟..کەواتە بەگشتی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز حسێن عارف عەبدولڕەحمان:**

**مادەی یانزەیەم:**

سەرۆکە کاتیەکەو بەدوایدا یەک بەیەک ئەندامان لەبەردەم ئەنجوومەندا ئەم سوێندە دەخۆن:

***( سوێند بەخودای گەورە دەخۆم کە پارێزگاری لەیەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق و بەرژەوەندیە بالاکانی بکەم ).***

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەدایە مادەکە وەکو خۆی بڕیاری لەسەر بدرێ؟..کێ لەدژیەتی؟..کەواتە بەگشتی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز حسێن عارف عبدالرحمان:**

**مادەی دوازدەیەم:**

ئەندامی هەڵبژێردراو لەکاتی ئاشکراکردنی سەرکەوتنیەوە لەهەڵبژاردندا دەبێتە ئەندامی ئەنجوومەن و لەدوایدا خاوەنی گشت مافێکی ئەندامەتی دەبێ و لەدوای سوێند خواردنیەوە دەست بەکار دەبێ.

**بەڕێز مەلا محەمەد قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەمە بۆ حاڵەتی هەڵبژاردنی بازنەیی راستە، بەڵام بۆ حاڵەتی ئێستای پەرلەمانی کوردستان کە هەڵبژاردنی رێژەییە دەبوایە بگوترێ (لەپاش سوێند خواردنەوە) دەبێت بەئەندامی پەرلەمان نەک لە(پاش هەڵبژاردنێوە)، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئاڵۆزەیەکە لەوەدایە کە رستەی سوێند خواردنەکە دوا کەوتووە، ئەگەر پێش بخرێ ئەوا راست دەبێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

دەقە عەرەبییەکەی دەڵێ (يباشر بالعمل بعد اداثة اليمين القانونية) لیژنەکە بالەکاتی دارشتنەوەدا رەچاوی بکات.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

حزبەکان ناوەکانیان ئاشکرا کردوە، سوپاس.

**بەڕێز سەعدی ئەحمەد پیرە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

کەموکورتی تێدایە، چونکە هەموو (پاڵێوراون) هەتا سوێند دەخۆن، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێم وایە لەکاتی راگەیاندنی سەرکەوتنیەوە دروستە، واتە شخصیە، سوپاس.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

قسەکەی کاک ئەیاد راستە، سوپاس.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وابزانم دارشتنەکەی تەواوەو تەنها پاش وپێشی دەوێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بیرورایەکەی بەڕێز د.فوئاد بەجێ یەو لەکاتی دارشتنەوەدا رەچاو دەکرێ. ئێستا کێ لەگەڵ ئەوەدایە با دەست بەرزکاتەوە؟..کێ لەدژیەتی.. کەواتا مادەکە پاش ئەو دەسکاریە بەزۆربەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز حسێن عارف عەبدولڕەحمان:**

**مادە سیازدەیەم:**

أ- دوای سوێندخواردن، سەرۆکی کاتی دەرگای خۆپالاوتن بۆ سەرۆکایەتیی ئەنجومەن وجێگری سەرۆکایەتی وسکرتێری دەکاتەوە.

ب - دوای داخستنی دەرگای خۆ پالاوتن. هەڵبژاردن بەشێوەی دەنگدانی نهێنی دەکرێ و سەرکەوتن بەوەرگرتنی زۆربەی دەنگی ئامادەبووان دەبێ.

**بەڕێز د. رۆژ نووری شاوەیس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو (زۆربە)یە دیاری بکرێ دروست ترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەیاساکەدا (زۆربەی موتڵەق) هاتووە با رەچاو بکرێ وئەگەر تێبینی دیکە نییە، با بیخەینە دەنگدانەوە..کێ لەگەڵ ئەوەدایە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟..کێ لەدژیەتی؟..کەواتە بەگشتی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز حسێن عارف عەبدولڕەحمان:**

**مادەی چواردەیەم:**

أ - هەر ئەندامێکی ئامادەبوو لەکۆبوونەوەکەدا کاغەزێکی مۆرکراوی بەمۆری ئەنجوومەنی دەدرێتێ وناوی ئەو ئەندامانەی لەسەر دەنووسێ کە دەیەوێ بەسەرۆک وجێگری سەرۆک وسکرتێری هەڵبژێرێ.

ب - کاغەزەکەی دەخاتە ناو ئەو سندووقەوە کە بۆ ئەم مەبەستە ئامادەکراوە، نوێنەرایەتی و وەکالەت لە دەنگداندا نابێ وقەدەغەیە، هەر کاغەزێک مۆرنەکرابێ یا ناوی هیچ کام لە پاڵێوراوانی تێدا نەبێ، بەپووچەڵ دەژمێردرێ.

ج - بچوکترین دوو ئەندام لەتەمەندا لەناو ئامادەبوواندا و لەژێر چاودێری سەرۆکی کاتیدا، دەنگەکان جودا دەکەنەوە.

د ـ ئەگەر ژمارەی ئەو دەنگانەی بۆ پاڵێوراوانی هەرکام لەو سێیانە وەک یەک بوو، ئەوا لەکۆبوونەوەیەکی تر دا هەڵبژاردنی بۆ دەکرێتەوە. خۆ ئەگەر ئەو چون یەکییە دووبارە بووەوە، ئەوا ئەمجارە قورعەیان بۆ دەکرێ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر کەس تێبینی نییە دەیخەینە دەنگەوە؟..کێ لەگەڵدایە؟..کێ دژە؟..کەواتە بەگشتی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز حسێن عارف عەبدولڕەحمان:**

**مادەی پازدەیەم:**

سەرۆکی کاتی ئەنجامی هەڵبژاردنەکە ڕادەگەیەنێ وداوا لە سەرۆک وجێگرەکەی وسکرتێری هەڵبژێردراوان دەکا، کەبچن لەشوێنی تایبەتی دەستەی سەرۆکایەتیدا دابنیشن.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەدایە ئەم مادەیە وەکو خۆی بمێنێ؟..کێ لەدژیەتی؟..کەواتە بەگشتی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز حسێن عارف عەبدولڕەحمان:**

**مادەی شازدەیەم:**

أ ـ ئەگەر یەکێک لەئەندامانی دەستەی سەرۆکایەتی داوای وازهێنانی لەوکارەی کرد، لەسەر بڕیاری ئەنجوومەن بەزۆربەی ژمارەی دەنگی ئامادەبووانی لێی قەبوڵ دەکرێ.

ب ـ ئەگەر شوێنی سەرۆکی ئەنجوومەن یا جێگرەکەی یا سکرتێر لەبەر هەرهۆیەک بێ چۆڵ بوو ئەنجوومەن لەیەکەم کۆبوونەوەیدا کەبەدوای چۆڵ بوونەکەدا دەیکا جێگیرەوەیەکی بەهەمان شێوەی هەڵبژاردنەکە لەم پێڕەوەدا دەستنیشان کراوە بۆ هەڵدەبژێردرێ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر سەرنج وتێبینتان نییە ئەوا دەیخەینە دەنگەوە؟..کێ لەگەڵدایە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. کێ لەدژیەتی؟..کەواتە بەگشتی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز حسێن عارف عەبدولڕەحمان:**

## ئەرک و دەسەڵاتەکانی سەرۆک.

**مادەی حەڤدەیەم:**

سەرۆک ئەم ئەرک ودەسەڵاتانەی بەجێ دێنێ:

١ـ چەسپاندنی یاساو پێڕەوی ناوخۆی ئەنجوومەن.

٢ـ کردنەوەی کۆبوونەوکانی ئەنجوومەن وسەرۆکایەتی کردنیان و دواخستنیان و دەسنیشان کردنی کاتەکانیان.

٣ـ هەڵسوڕاندنی گفتوگۆ وپاراستنی ڕێکوپێکیی ئەو هەڵسووڕاندنە.

٤ـ ئەوکاروبارانەی پێویست بە دەنگدان دەکەن، دەیخاتە دەنگدانەوەو ئەنجامیان ڕادەگەیەنێ.
٥ـ لە ئاهەنگ وکۆڕوکۆمەڵە نیشتمانییەکان وهەر بۆنەیەکی تردا نوێنەرایەتیی ئەنجوومەن دەکا بۆیشی هەیە هەر یەکێک لەئەندامانی ئەنجوومەن بۆ ئەو مەبەستە لەباتی خۆی بنێرێ.
٦ـ جێ بەجێ کردنی هەر کردارێکی قانوونی وئیداری ودارایی کە بۆ ئەنجوومەن پێویست بن وبۆیشی هەیە بەهەر یەکێک لەئەندامانی ئەنجوومەنیان بسپێرێ.
٧-بەجێ هێنانی هەر کارێک کەبۆ پاراستنی ئاسایش ورێکوپێکی لەناو ئەنجوومەندا پێویست بێ ودەتوانێ هەر هێزێک بۆ ئەم مەبەستە بەکار بخا کەلەژێر فەرماندەیی خۆیدا دەبێ.
٨ـ ئیمزا کردنی گشت ئەو نامانە ونووسراوانەی لەئەنجوومەنەوە دەردەچن دوای مۆر کردنیان بەمۆری خۆی.
٩ـ سەرپەرشتی کردنی کاروباری لیژنەکانی ئەنجوومەن.
١٠ـ ئیمزا کردنی مەحزەری کۆبوونەوەکان لەگەڵ دوو ئەندامەکەی تری سەرۆکایەتیدا.
١١ـ دڵنیا بوون لە زۆرایەتی ئامادە بووان(النصاب) بە یاریدەی دوو ئەندامەکەی تری سەرۆکایەتی.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئێستاش دەرگای گفتوگۆ دەکەینەوە، فەرموون.

**بەڕێز ئەرسەلان بایز ئیسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەرای من ئەو هێزەی کەلە خاڵی(٧)ەمدا باسکراوە دەبێ نیزامیی بێت و بەهیچ شێوەیەک بەچەکەوە نەیەنە ناو پەرلەمانەوە. سوپاس

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێمەش مەبەستمان لەهێزی نیزامیە، بەپێی دەسەڵاتەکانی سەرۆکیش مادەکە روونە کەهیچ کەسێک مافی ئەوەی نییە بەچەکەوە بێتە ناو (بینایەی) پەرلەمانەوە، ئەو کەسانە نەبێ کە سەرۆک خۆی ڕێیان پێدەدات، بەڵام بۆ ناو (هۆڵی) پەرلەمان ئەوا هیچ کەسێک بۆی نییە وناتوانێ بەچەکەوە بچێتە هۆڵەکەوە. سوپاس

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەپێی خاڵی (٥) ئەگەر سەرۆک بۆی هەبێ نوێنەرایەتی ئەنجوومەن بکات لەبۆنەکاندا و ئەگەر بۆی هەبێ هەر یەکێک لەئەندامەکان لەباتی خۆی بنێرێ، ئەمە بەلای منەوە کەموکورتی تێدایە، چونکە ئەگەر (نوێنەرایەتی دەکا) ئەوا هەقی خۆیشیەتی کە بەناوی ئەنجوومەنەوە قسەکەری رەسمی بێ، یا کەسێکی تر بۆ ئەم مەبەستە لەباتی خۆی تەرخان بکا، سوپاس.

**بەڕێز ئەهلە محەممەد سەعدوڵلا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەخاڵی (٦)مدا کەگوتراوە(هەر کردارێکی قانوونی) کردارە قانوونیەکە دیاری نەکراوە، وەک زانراویشە هەموو یاسایەک لێرە تەصدیق دەکرێ ئەوجا بۆ (جێ بەجێ) کردن ڕەوانەی دەسەڵاتی جێ بەجێ کردن دەکرێ. سوپاس

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەوەی من دەیزانم دەسەڵاتی سەرۆکی ئەنجوومەن وجێگرەکەی وسکرتێر لەسەر ڕەزامەندیی پەرلەمان وەستاوە. بۆ قسەکەی نەهلە خانیش ئەوا دەڵێین دەقەکە لێرەدا پێوەندیی بە ئەنجوومەن وبینایەی ئەنجوومەنەوە هەیە نەک جێگای تر.سوپاس

**بەڕێز عەدنان محەممەد نەقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دەسەڵاتی سەرۆک هەر ئەوە نییە، بەڵکو خەرج کردنی پارە وپاداشتی کارمەندانی پەرلەمان وزیاد کردنیشیان دەگرێتەوە. سوپاس

**بەڕێز سەعدی ئەحمەد پیرە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

سەرۆکی پەرلەمان قسەکەری ڕەسمی نییە بەناوی پەرلەمانەوە، بەڵکو سەرۆکی گروپە پەرلەمانیەکان هەن کەدەتوانن بەناوی گروپەکانیانەوە قسەبکەن. بۆ (کرداری یاسایی)ش ئەوە لەهەموو پەرلەمانێکدا بەڕێوەبەری دیوان هەیە کە دەسەڵاتی یاسایی خۆی هەیە. سوپاس

**بەڕێز عەدنان محەممەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

سەرۆکی پەرلەمان بۆی هەیە بەناوی پەرلەمانەوە قسەبکا بەرانبەر قسەکانی خۆیشی بەرپرسیارە وەک سەرۆکی پەرلەمان، دەبێ ئەوەش بگوترێ کە سەرۆکی دیوان دەسەڵاتی خۆی لە سەرۆکی پەرلەمانەوە وەردەگرێ. سوپاس

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەوەی کاک سەعدی باسی کرد ڕاستە هەقێکی سروشتی خۆیانە سەرۆکی گروپەکان بەناوی گروپەکانیانەوە قسەبکەن، بەڵام هەقی ئەوەیان نییە بەناوی ئەنجوومەنەوە قسەبکەن، سوپاس

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

وەک وتمان ئەو (هێزە) دەبێ (نیزامیی) بێت. سوپاس

**بەڕێز محەمەد تۆفیق رەحیم/جێگری سەرۆک:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەهەندێ وڵاتان پۆلیسی پەرلەمان هەیە، کە بارەگاکەشیان هەر لەپەرلەمانە، ئەگەر ئەم کارە بکەین ئیتر هیچ گیروگرفتێک نامێنێ. سوپاس

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بۆئەوەی لەم گرفتە دەرباز بین وشەی (نیزامیی) دەبێ بخرێتە سەر وشەی (هێز) ەکە وبیبێتە (هێزێکی نیزامی).

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

سەرۆکی پەرلەمان نوێنەری پەرلەمانە وبۆی هەیە قسە بکا، بەڵام (ناطق رەسمی)نییە بەناوی ئەنجوومەنەوە، بۆیشی هەیە بەناوی هەموو پەرلەمانەوە قسەبکا ولەهەموو شوێنێ ئەو نوێنەری پەرلەمانەوە بۆ رۆیشتنە (مراسیم)یش پێش هەمووان دەکەوێ، سوپاس

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کەواتا لێرەدا ئەوەی پەیوەندی بەخودی پەرلەمانەوە هەیە باسەرۆکایەتی ئەنجوومەن قسەی لەسەر بکا، ئەوەشی پەیوەندی بەگروپەکانەوە هەیە ئەوان خۆیان تیایدا ئازاد بن ، گرنگ ئەوەیە ئەرکەکانی ئەنجوومەن دیاری بکرێ.

**بەڕێز د. رۆژ نوری شاوەیس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێشنیازەکەی کاک فەرەنسۆ ئەوەیە، ئایا سەرۆکی ئەنجوومەن( ناطق رسمی)یە بەناوی ئەنجوومەنەوە، یا نا؟

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بائەم پێشنیارەش بۆ کاتێکی دیکە دوابخەین، دەیخەینە دەنگدانەوە.

کەخرایە دەنگدانیشەوە ئەنجوومەن بەتێکڕای لەسەر دواخستنی رازی بوو.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەمەش کۆتایی بەدانیشتنی ئەمرۆ دەهێنین، بەڵام بابەتێک هەیە حەز دەکەین پێش ئەوەی هەستین قسەی لەسەر بکەین.

دوێنێ لەسەرکردایەتیی سیاسی بەرەی کوردستانی باسی گەنم ودانەوێڵە کراوەو ئەم بڕیارانەی لەسەر دراوە:

١- فرۆشتن و گواستنەوەی دانەوێڵە بۆ خوارەوە قەدەغەبکرێ.
٢-هەوڵ بدرێ کڕیار پەیدا بکرێ تا گەنم لەجووتیاران بە نرخێکی باش بکرێ، بۆ ئەم مەبەستەش قسە لەگەڵ (خاچی سوور ویونیسێف) یش کراوە ئەوانیش بەڵێنیان داوە کە بەنرخێکی باش لە جووتیارەکانی بکڕنەوە.
٣-سەرکردایەتیی بەرەی کوردستانی لەرێگای راگەیاندنەکانی خۆی ولایەنەکانەوە هەڵمەتێک بۆ روون کردنەوەی ئەم بڕیارە بەرپا بکا بۆ ئەوەی جووتیارەکان دانەوێڵەی خۆیان بۆ خوارەوە نەنێرن، نەوەک پارەکەیان نەدەنێ، یا بەو پارەیە بیدەنەوە کەلێرە بەزەحمەت، یا بەکەم قیمەت دەڕوا.
دانیشتنی داهاتووشمان رۆژی دووشەممە (١٥)ی مانگ دەبێ...سوپاس.

فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا
سکرتێری ئەنجوومەن

محەمەد تۆفیق رەحیم
جێگری سەرۆک

جوهر نامق سالم
سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق

## پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (٣)

دووشەممە رێكەوتی ١٩٩٢/٦/١٥

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٣)

## دووشەممە ڕێکەوتی ١٩٩٢/٦/١٥

**کات ژمێری (١٠)ی سەر لەبەیانی ڕۆژی دووشەممەی ڕێکەوتی ١٩٩٢/٦/١٥، ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان بەسەرۆکایەتی بەڕێز جوهر نامق سالم سەرۆکی ئەنجوومەن و، بەئامادەبوونی جێگری سەرۆک بەڕێز محەمەد تۆفیق ڕەحیم و، سکرتێری ئەنجوومەن بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا، سێیەمین دانیشتنی، یەکەم خولی ئاسایی، یەکەم ساڵی خۆی بەست.**

**سەرەتا دەستەی سەرۆکایەتی ڕادەی یاسایی دانیشتنەکەیان چەسپاند ودوای خوێندنەوەی ناوەکان دەرکەوت کە:**

**ئامادە بووان: (٩٧) ئەندام.**

**ئامادە نەبووان: (٨) ئەندام، کە ئەمە ناوەکانیانە:**

**١- بەڕێز ئەحمەد ئەبوبەکر ٢- بەڕێز حەسەن حەمید ٣- بەڕێز خەیری سەعید عەلی بەگ ٤- بەڕێز عەبدولکەریم کاکەحمە ٥- بەڕێز سەعدی ئەحمەد محەمەد پیرە ٦- بەڕێز قادر عەزیز محەمەد ٧- بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ٨-بەڕێز هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد.**

**بەرنامەی کار:**

**گفتوگۆ لەسەر مادەکانی پێڕەوی ناوخۆی ئەنجوومەن.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن سەرەتا بەناوی خوای بەخشەندە ومیهرەبان وبەناوی گەلی کوردستانەوە دانیشتنەکەی کردەوەو، ئەوجا پیرۆزبایی جەژنی قوربانی لە ئەندامان وڕۆڵەکانی گەل کرد، دوای ئەوە بەڕێز فەلەکەدین سابیر کاکەیی بەناوی فراکسیۆنی پارتیەوە پرۆژەیەکی لە (١٣) خاڵ پێشکەش دانیشتنەکە کرد، بەڵام لەبە ئەوەی پێشتر لەبەرنامەی کاردا نەبوو، ئەنجوومەن گفتوگۆی لەسەر نەکردو، دەست کرایەوە بەگفتوگۆی پاشماوەی پرۆژەی پێڕەوی ناوخۆ.**

بەڕێز حسێن عارف مادەکانی (١٨، ١٩، ٢٠، ٢١، ٢٢، ٢٣)ی خوێندەوەو ئەنجوومەن بەگشتی دەنگ بڕیاری لەسەردان، ئەوجا مادەی (٢٤)خوێندرایەوەو گفتوگۆ دەستی پێ کرد.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەم مادەیە هەمووی زیادە وتانووت دەبێ لە مەکتەبی سیاسی حزبەکان بدرێ، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

یاسا دەبێ گشتگیر بێ و، تانووتیش، ئەگەر بدرێ، دەبێ لەپەرلەمان بدرێ نەک لەگروپ، سوپاس.

مادەکە پەسەند کراو، بەڕێز حسێن عارف ئەوجا مادە (٢٥)ی خوێندەوە.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەپێی ئەم مادەیە ئەندامان وەکو قوتابی، یا فەرمانبەر دادەنێرن، سوپاس.

**بەڕێز عەبدوڵلا رەسول عەلی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەو مادەیە شایەستەی ئەوە نییە بۆ ئەندامی پەرلەمان دابنرێ، سوپاس.

**بەڕێز د. رۆژ نووری شاوەیس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێمە لاگیری ئەو بیرورایە دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

وای بۆ دەچم کەتەنها ئەرک لەسەر پەرلەمان دانراوە، چونکە بەبڕوای من سکرتێری ئەنجوومەن مەرج نییە پارێزەر بێ ، سوپاس.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەوەی بەڕێز نەژاد ئەحمەد وتی پەیوەندی بە ئامادەبوون و ئامادەنەبوونی ئەندامانەوە هەیەو لەهەموو جیهاندا رەچاو کراوە، سوپاس.

**بەڕێزحەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەم بابەتە لەمادە(٤٣)دا چارەسەر کراوە، سوپاس.

**بەڕێز عەبدوڵلا رەسول عەلی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەگەر ئەندام سێ جار بۆ کۆبوونەوە نەهات پێویستە لەلایەن گروپەکەی خۆیەوە ناوی هەڵبگیرێ پێشم وایە ئەوشتانەی کەباس کراون زیادن، چونکە پەیوەندیان بە ئەنجوومەنی یاسا دانانی کۆنەوە هەیە کەهەموویان وەکو فەرمانبەر دادەمەزران، سوپاس.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەڕێز عەبدوڵلارەسول راست دەکات، جگە لەو سەرچاوانە هیچی ترمان لەبەردەستدا نەبوو، ئەمەش پرۆژەیەو دەتوانین خراپەکەی لابەرین وشتی چاکیان لەشوێن دابنێین، سوپاس.

**بەڕێز فـــــــرەنســـــــۆ تۆمـــــــا هەریری:**

**بەڕێز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

دەمەوێ ئەندامان ئەوە بزانن کەمادەکان هەموویان لەیاسای ئەنجوومەنی یاسادانان و ئەنجوومەنی نیشتمانیی عێراقەوە وەرنەگیروان، بەڵکو سوود لەیاسای فەرەنسی ومسریش وەرگیراوە. پرسیاری دووەمیشم ئەوەیە ئایا ئەو دانیشتنانەی کەلەیەک ڕۆژدا دەکرێن بەچەند دانیشتن دەژمێردرێن؟، سوپاس.

**بەڕێز حـــــەســـــەن عـــــەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

بەپێ پێڕەوی ناوخۆ لەرۆژێکدا چەند جار دابنیشین ئەوەندە جارە دەژمێردرێ، بەڵام بۆ ئامادەبوون ڕۆژی یەک جاری بۆ بژمێردرێ، سوپاس.

**بەڕێز مـــــەلا مـــــەحـــــمـــــود دێرشـــــەوی:**

**بەڕێز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

ئێمە کاتێکی زۆر بەخوێندنەوەی ناوی ئەندامەکانەوە دەکوژین، پێشنیار دەکەم گروپەکان خۆیان ئەو کارە بکەن، سوپاس.

**بەڕێز نەژاد ئـەحـــــمـــــەد عـــــەزیز ئـاغـــــا:**

**بەڕێز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

مەسەلە مەسەلەی مەبدەئە نابێ ئەندامی پەرلەمان وەکو قوتابی وسەرباز تەماشا بکرێ وسزا بدرێ، سوپاس.

**بەڕێز د. ئـیـــــــدریـس هـادی ســـــــالـح:**

**بەڕێز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

ئێمە ئەوە دوو دانیشتنە کۆدەبینەوە، کەچی تا ئێستا نازانین ئەمە دانیشتنی چەندەمە تکایە با دیاری بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

بابزانین بیروڕای لیژنەی یاسا لەو بارەیەوە چییە؟

**بەڕێز حـــــەســـــەن عـــــەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

بەڕای من هەر دانیشتنێک بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان و، بەناوی گەلی کوردستانەوە کرایەوە ئەوە بەدانیشتنێک دەژمێردرێ، سوپاس.

**بەڕێز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

مەسەلەی دیاریکردنی رادەی یاسایی (النصاب القانوني) ئەوە پەیوەندی بەدەستەی سەرۆکایەتیەوە هەیە، پێشنیاریش دەکەم کەکورسیەکان بەژمارە بەسەر هەر سێ گروپەکەدا دابەش بکرێ.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیار دەکەم سەرۆکی گروپەکان ودەستەی سەرۆکایەتی لەکاتی پشوودانا لەسەر ئەم مادانە رێک بکەون و ئەوسا بۆ دارشتنەوەی زمانەوانی و یاسایی بیدەنەوە بەئێمە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بالیژنەی یاسایی دەست بەخوێندنەوەی ماددەکانی پێڕەو بکاتەوە.

بەڕێز حسێن عارف مادە (٢٦)ی خوێندەوە.

**بەڕێز یونادم یوسف کنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەم ماددەیە لەگەڵ ماددەکەی پێش خۆیدا ناگونجێت، سوپاس.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەرۆک قسە لەبارەی کێشە گشتیەکانەوە دەکات، سوپاس.

**بەڕێز د. رۆژ نووری شاوەیس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەرگێڕانە کوردیەکەی ئەم مادەیە لەگەڵ عەرەبیەکەیدا ناگونجێت، سوپاس.

**بەڕێز یونادم یوسف کنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لاگیری ئەم خاڵە دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز حسێن عارف عەبدولڕەحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مەسەلەی قسەکەری رەسمی (ناطق رسمي) دواخرا، سوپاس.

**بەڕێز د. رۆژ نووری شاوەیس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی بەڕێز یونادم باسی دەکا ناکۆکە، چونکە لەدەسەڵاتی سەرۆکدایەو، سەرۆک مافی ئەوەی هەیە کەبەرەسمی بەناوی هەموو پەرلەمانەوە قسەبکا، ئەندامیش بۆی هەیە بەناوی خۆیەوە قسەبکا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەنوسخە عەرەبیەکەدا دەڵێ (أثناء ممارسة العمل في المجلس...) کەواتا لێرەدا ئازادە، ئایا لەدەرەوەشدا ئەو مافەی هەیە؟.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دەقەکە ئاشکرایە، لەدەرەوەدا ناکرێ، تەنها (لەئەنجوومەندا) دیاری کرا سوپاس.

**بەڕێز عەبدوللا رەسوول عەلی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەندامی پەرلەمان مافی ئەوەی هەیە کەلەدەرەوە وناوەوەی پەرلەماندا قسەبکات، با سەرۆکی ئەنجوومەن بەتەنها بەناوی پەرلەمانەوە قسەبکا و، سەرۆکی گروپەکانیش بەناوی گروپەکانیانەوە بدوێن، سوپاس.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

یاسا لەپێڕەو بەهێز ترە، سوپاس.

**بەڕێز مەلا محەمەد ئەمین عەبدولحەکیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

با بۆ ناو پەرلەمان قەید وشەرت نەبێ، بەڵام بۆ دەرەوە ئەو مەرجە خراپ نییە، سوپاس.

**بەڕێز محەمەد تۆفیق رەحیم/ جێگری سەرۆک:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

هەموو ئەندامانی پەرلەمان لەناو پەرلەمان ولەدەرەوەی پەرلەماندا بۆیان هەیە بیروڕا دەربڕن، بەڵام لەناو پەرلەماندا هەر قسەیەک بکا ئەوە لێپرسینەوەی لەسەر نییە، چونکە (حصانە)ی هەیە، بەڵام بۆ دەرەوە دەبێ ئاگای لەقسەکانی خۆی بێ، سوپاس.

**بەڕێزحەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

یاسا دەڵێ (لا يمنع من اداء الاراء)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

وابزانم روونکردنەوەکان جێی خۆیان گرت وبا بیخەینە دەنگەوە.

ئەنجوومەن بەگشتی دەنگ مادەکەی پەسەند کرد.

بەڕێز حسێن عارف مادە (٢٧)یشی خوێندەوە بەگشتی دەنگ پەسەند کرا. ئەوجا مادە (٢٨) ی خوێندەوە بەم شێوەیە گفتوگۆی لەسەر کرا.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بادەستەی سەرۆکایەتی وسەرۆکی گروپەکان دابنیشن وموچەیەکی گونجاو بۆ ئەندامانی پەرلەمان دیاری بکەن وئیتر پێویست ناکا لێرە مشتومڕی لەسەر بکەین، سوپاس.

**بەڕێز تارق محەمەد سەعید جامباز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیار دەکەم مادەی (٢٨) لە پێڕەوی ناوخۆ لابرێ و بکرێتە بڕگەیەکی ژمێریاری، سوپاس.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لاگیری ئەو پێشنیارە دەکەم کە دەڵێ با دەستەی سەرۆکایەتی و سەرۆکی گروپەکان پێکەوە شتێکی گونجاو پێشنیار بکەن، سوپاس.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆ دیاری کردنی مووچەی مانگانە پێشنیار دەکەم هەر سێ گروپ پێکەوە دابنیشن، سوپاس.

**بەڕێزحەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

باری ئابووری خەڵک زۆر گرانە، بۆیە ئێمەش نەمانتوانی ئەو پاداشتە دیاری بکەین، سوپاس.

**بەڕێز کەمال جەلال غەریب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەبێ جیاوازییەک لەنێوان ئەو ئەندامانەدا هەبێ کە لەشاری هەولێر دادەنیشن لەگەڵ ئەوانەدا کە لە گەرمیان و سلێمانی و دهۆکەوە دێن، سوپاس.

**بەڕێز فەلەکەدین سابیر کاکەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

با لیژنەکە دابنێت بە مەرجێک پارەکە نەنووسرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵام ئایا ئەنجامەکەی پێش چاوی ئەنجومەن بخرێ یان نا ؟.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وا بزانم لە رووی یاساییەوە دەبێ بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا کێ لەگەڵ ئەوە دایە با دەست بەرز بکاتەوە؟.. کێ لەدژێتی؟.. کەواتە پێشنیارەکە پەسند کراو دەچینە سەر مادەیەکی تر.

بەڕێز حسێن عارف مادەی (٢٩و ٣٠و ٣١)ی خوێندەوەو بە تێکڕای دەنگ پەسند کران، ئەوجا مادەی(٣٢)یشی خوێندەوەو دەست کرا بە گفتوگۆکردن لەسەری.

**بەڕێز د.ڕۆژ نووری شاوەیس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بۆ ئەوەی ئەندامی ئەنجوومەن وەزیفەکەی لە دەست نەچێت وا چاکە یاساکە هەموار بکرێت و بگوترێ (متفرغ)، سوپاس.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەجێی خۆیدایە، سوپاس.

**بەڕێز مەلا مەحمود دێرشەوی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەندامی ئەنجوومەن بۆی هەیە لە نیقابەی ئەندازیاران و مامۆستایاندا ئەندام بێ؟ سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

مەبەست لە (عدم الجمع) ئەنجوومەنەکانی ترە، وەک ئەنجوومەنی شارەوانی، ئەنجوومەنی پارێزگا، ئەنجوومەنی نیشتمانیی عێراق، نیقابە ئەنجوومەن نییە، سوپاس.

**بەڕێز د. حەمە نەجم فەرەج جاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

مادە (٣٢)دەست لەکار هەڵگرتن ناگەیێنێت، چونکە وەزیفە لەچاو مامۆستایی زانکۆ زۆر جیاوازە، دەبێ ئەم لایەنە رەچاو بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

مەبەست لە وەزیفەی گشتی ئەوەیە کە لە بەیانییەوە تا کات ژمێری (٢و٣) دەوام بکات، دوای ئەوەش دکتۆر وئەندازیار ومامۆستای زانکۆ دەتوانن لەعیادە ونووسینگەی خۆیاندا کار بکەن یا وانە بڵێنەوە، سوپاس.

**بەڕێز حسێن عارف عەبدولڕەحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

مادەیەکی تر هەیە دەڵێ: (جميع الاعضاء متفرغين) ئەمە پارێزەریش ناچاری (تفرغ) دەکا، سوپاس.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/ سکرتێری ئەنجوومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەگەر وا بڕوا دەسەلاتی جێبەجێ کردن دەست بەسەر دەسەلاتی یاسادانانندا دەگرێ، چونکە ئەگەر ئەندامی پەرلەمان لە فەرمانگەیەکدا کاری کرد، ئەوا لە رووی مەعنەوییەوە ناتوانێ

لەسەرۆکەکەی بپێچێتەوە، یاسای میسری مامۆستای زانکۆی لەم حاڵەتە بەدەر کردووە، سوپاس.

**بەڕێز شـــەفـــیـــقـــە فـــەقێ عـــەبدوڵلا:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

فەرمانبەر کە (تفرغ)ی کرد ئیتر پەیوەندیی بەدەوامەوە نامێنێت و ئەو ماوەیەشی کە ئەندامە بە عەلاوەو تەرفیع بۆی دەژمێردرێ، سوپاس.

**بەڕێز عـــەدنان مـــحـــمـــەد نەقـــشـــبـــەندیی:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

دەبێ یاساکە هەموار بکرێتەوە وەزیفەگشتیەکانیش دیاری بکرێن، سوپاس.

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن:**

کەواتا بۆ لیژنە یاساییەکەی بەجێ دەهێڵین. ئەوجا ئەنجوومەن بەگشتی دەنگ لەسەر دواخستنی مادەکە ڕەزامەندیی نیشان دا.

**بەڕێز د. عـــیـــزەدین مـــســـتـــەفـــا رەســـول:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

با هەڵبگیرێ، سوپاس.

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن:**

پاشە با دوا بخرێ.

**بەڕێز عـــەدنان مـــحـــمـــەد نەقـــشـــبـــەندی:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

دواخستنی پێ ناوێ، سوپاس.

**بەڕێز نەهلە مـــحـــمـــەد ســـەعـــدوڵلا:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

لە حاڵەتی (تفرغ)ی ئەندامدا ئەگەر فەرمانبەر بێ، ئەوجا مووچە لە کام لا وەربگرێ، سوپاس.

**بەڕێز ســـیـــروان مـــحـــمـــەد نەوروڵی:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

نەمانزانی یاساکە هەموار دەکرێتەوە یا پێڕەوەکە؟ سوپاس.

**بەڕێز حـــەســـەن عـــەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

یاسا هیچ کەلەبەرێک بەجێ ناهێڵێ بۆ ئەوەی (تعارض) نەمێنێ پێویستە دابنرێ، سوپاس.

**بەڕێز عـــەدنان مـــحـــمـــەد نەقـــشـــبـــەندی:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

حاڵەتەکە بەردەوامەو ئیتر ئەگەر خانەنشین کرا، یا دەرکرا ئەوە یاسای خزمەتی مەدەنی هەیەو

بەسەریا جێبەجێ دەکرێ، سوپاس.

**بەڕێز شەوکەت حاجی موشیر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وابزانم تەمەنی ئەنجومەن ئەوەندە درێژ نییە ئەگەر ئەندام(استقالە) بدا رەنگە دوا رۆژ گیروگرفتی ئیداری بۆ دروست ببێ، سوپاس.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کەموکورتی لە دەقی یاساکەدایە کە ماوەکەی دیاری نەکردووەو، نەیوتووە ئەندام چۆن دوای تەواو بوونی خولی هەڵبژاردن دەچێتەوە سەر وەزیفەی پێشووی خۆی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێڕەو نابێ لەگەڵ یاسادا ناکۆک بێ، بۆیە پێشنیار وایە رابگیرێ، یا دوا بخرێ.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

با لیژنە یاساییەکە پێیاندا بچێت و راستیان بکاتەوە ئیتر با ئەوەندە لەسەر ئەو مەسەلە رۆتینیانە نەڕۆین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مەسەلەکە یاساییەو دەبێ بارودۆخی وەزیفی هەندێ لە ئەندامان ساخ بکرێتەوە کە فەرمانبەرن.

**بەڕێز د.رۆژ نووری شاوەیس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

با ئەو ئەندامانەی کە فەرمانبەرن (استقالە) نەدەن هەتا یاساکە هەموار دەکرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئایا ئەمە لە پێڕەوی ناوخۆدا دابنرێ، یا نا؟ چونکە یاساکە چەسپاوە، سوپاس.

**بەڕێز یونادم یوسف کنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یەکێک لە هۆیە گرنگەکانی پێک هێنانی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان ئەوەیە کە ئەو بۆشاییە ئیداریی و سیاسییە پڕ بکاتەوە کە رژێم بە کێشانەوەی ئیداراتی خۆی لە کوردستاندا خوڵقاندی، بۆیە بەبڕوای من ئەوەی (بەرەی کوردستانی) بۆی پڕ نەکرایەوە ئەوە دەبێ پەرلەمانی کوردستان پڕی بکاتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

مادام (اعتراض) هەیە ئەوە جێبەجێ کردنی یاساکە دوا دەخرێ تا هەموار دەکرێتەوە. ئەگەر رازین دەست بەرز بکەنەوە؟.. دەست بەرز کرایەوەو ئەنجوومەن بەگشتی دەنگ بڕیاری لەسەر دواخستنی مادەکە دا .

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

تا ئێرە بەسە وکات ژمێر (٢)ی پاش نیوەڕۆ درێژە بەکۆبوونەوەکەمان دەدەینەوە.

## پاش نیوەڕۆ

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەرلەوەی بچینەوە سەر گفتوگۆی مادەکانی پێڕەو، پێشنیار دەکەین کە (٣) لیژنە بەم شێوەیە پێک بهێنرێن:

١- لیژنەیەک بۆ وەرگرتنی پێشنیارەکانتان وپوخت کردن وپێشکەش کردنیان بۆ ئەوەی بخرێتە بەرنامەی کاری ئەنجوومەنەوە.

٢- لیژنەیەک بۆ پەیوەندیی کردن بە بەرەی کوردستانیەوە بۆ دابین کردنی یارمەتیەک بۆ مامۆستایان وفەرمانبەران.

٣- لیژنەیەک بۆ چوونە دەرەوەی ولات وپەیوەندیی کردن بەو دۆست ولایەنانەوە کە بڕیارە کۆمەکمان بکەن.

دەبێ فراکسیۆنەکانیش بەزووترین کات نوێنەرانی خۆیان بۆ ئەندامەتی ئەو لیژنانە دیاری بکەن، ئەگەر لەسەر ئەو پێشنیارە رازین.

پێشنیارەکە خرایە دەنگەوە وئەنجوومەن بەگشتی دەنگ رەزامەندی لەسەر دەربڕی.

**بەڕێز هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دەبێ بەپەلە لیژنەیەکیش پێک بهێنرێت بۆ ئەوەی لە بارەی چاپ کردنی کتێبی قوتابخانەکانەوە قسە لەگەڵ یونیسێف ویونسکۆدا بکا، سوپاس.

**بەڕێز فەلەکەدین سابیر کاکەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پشتیوانیی لە قسەکەی خوشکە هێرۆ دەکەم ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەگەر زانیمان کارەکە دوا دەکەوێ ئەوا لیژنەیەکیش بۆ ئەم مەبەستە پێک دێنین، بەلام ئێستا با بێینەوە سەر بەرنامەی کاری خۆمان.

**بەڕێز فەوزیە عیزەدین رەشید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

واچاکە بەر لەوەش لیژنەیەک بۆ بژارە کردنی کتێبەکانی خوێندنی قۆناغە جیاجیاکان پێک بهێنرێت، ئەوجا چاپ بکرێنەوە، چونکە هەندێک بابەت هەن هی ئەوە نین قوتابی لەکوردستاندا بیانخوێنێت و، هەندێکی دیکەش هەن کەتائێستا نەخوێندراون ودەبێ لەکوردستانی ئازاد دا بخوێنرێن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

زۆر سوپاس، ئەگەر بۆمان کرا ئەمڕۆ لیژنەکان هەڵدەبژێرین، وئێستاش با لەسەر گفتوگۆ کردنی ماددەکانی پێڕەو بەردەوام بین.

**بەڕێز حسێن عارف دەستی کرد بە خوێندنەوەی بەشی پێنجەم ومادە (٣٣)ی خوێندەوە.**

**بەڕێز ئەرسەلان بایز ئیسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

باشتر وایە مادەی (٣٤) پێش ئەم مادەیە بکەوێ، سوپاس.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

منیش پشتیوانی لەو بۆچوونەی دەکەم، سوپاس.

**پاش بڕیاری ئەنجوومەن، بڕیار لەسەر جێ گۆڕکێی هەردوو مادەی (٣٣)و(٣٤)ی پڕۆژەکە دراو، بەڕێز حسێن عارف مادە (٣٤)ی خوێندەوە، کەبریتیە لە پێک هێنانی (١٣) لیژنەی هەمیشەیی پەرلەمانی ونەوجا بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن دەرگای گفتوگۆی کردەوە.**

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەو لیژنانە هەموو گرنگن، پێشنیاری پێک هێنانی (لیژنەی کاروباری ڕێکخراوە پیشەیی ونیقابیەکان) و(لیژنەی مافی ئافرەتان) یش دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز مەلامحسن موفتی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێمە وامان پێ باشە کە لە جیاتی (لیژنەی ئەوقاف وکاروباری ئایینی) بگوترێ (لیژنەی ئەوقاف و کاروباری ئیسلامی)، سوپاس.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دوولیژنەی گرنگی دیکەش پێشنیار دەکەم بەم شێوەیە:

١-لیژنەی سکالاو پێشنیارەکان کەپەیوەندیی بە کاروباری ڕۆژانەی هاووڵاتییانەوە هەبێت.

٢- لیژنەی کاروباری خێزانی شەهیدان، سوپاس.

**بەڕێز د. سەلاحەدین محەمەد حەسەن حەفید زادە:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــومـــــەن.**

بە بڕوای من لیژنە ئابووریەکان بەزنجیرە، یەک لەدوای یەک دابندرێن، کەئەڵێین ئابووری وەک شتێکی زانستیی ئەو شتانە دەگرێتەوە کەپەیوەندیان بە دوو شتی گرنگەوە هەیە، یەک دروست کردنی شتومەک، دوو خزمەت گوزاری. بۆ ئەوە پێشنیاری کەم کردنەوەی ژمارەی لیژنەکان دەکەم، واتە لێک بدرێن، لیژنەی نەخشەکێشان وپەرەپێدانی ژیانی ئابووری واتە (لجنة التـــخطیط والتنمیـة الاقتـصادیة) کە ئەم لیژنەیە هەموو لایەنێکی ئابووری دەگرێتەوە، ئەمە لە وڵاتانی ئەوروپای رۆژهەڵاتیش کە نەخشەکێشـان ئیلزامی بووە، هەروەها لەو وڵاتانەشدا کە ئابووریان ئازادە ونەخشەکێشانی تەوجیهی بووە، بەم شێوەیە بوونە، کە دەڵێین (نەخشەکێشانی ئابووری) ئیتر هەمووی دەگرێتەوە، واتە لیژنەی پیشەسازی وکانزاکان و وزە تێکەڵ بەم لیژنەیە دەبن ودەبنە لیژنەی (نەخشەکێشان وپەرەپێدانی ژیانی ئابووری).

سەبارەت بە لیـژنەی دووەمـیش کـە پێی دەڵێـن (لیـژنەی کـاروباری دارایی وئابووری) وشـەی (ئابووری) یەکەی لێ لابدرێت وتەنها تەرخان بکرێت بۆ لیژنەی کاروباری دارایی. چونکە ئەوی تر هەموو لایەنەکانی ئابووری دەگرێتەوە، تەنها لێرەدا هەندێ شتی بۆ زیاد بکرێ ئەویش ئەوەیە لیژنەی ئابووری جگە لەوەی کەوا بە وردی لە بابەتی بودجە دەکۆڵێتەوە، شتێکی زۆر گرنگ هەیە لیـژنەکـە فـەرامـۆشی کـردووە، ئەویش پەیوەندی بە ئیـشـوکـاری داراییـەوە هەیە، ئەم لیـژنـەیە رێکخستنی بانکەکان وچارەسەر کردنی دراو دەگرێتەوە کە لێرەدا باسی لێوە نەهاتووە، واتە: ئەم لیژنەیە ببێتە لیژنەی کاروباری دارایی و (ئابووری)یەکەی لێ لابدرێ. دەربارەی لیژنەی پەروەردە وفێرکردنی باڵاش. بەبڕوای من بکرێتە دوو لیژنە، (لیژنەی پەروەردە) چونکە ئیشەکەی گەلێ زۆر وگرانە، لە باخچەی ساوایان وسەرەتایی وتادوا ناوەندی وئامۆژگاکانیش دەگرێتەوە، ئیشوکاری فێرکردنی باڵاش جیاوازە، لەبەر ئەوە من وای بەباش دەزانم (لیژنەی فێرکردنی باڵا) لیژنەیەکی سەربەخۆ بێت. چونکە پەیمانگەکان وهەروەها لێکۆڵینەوەی زانستیش سەر بەم لیژنەیە دەبێت، سوپاس.

**بەڕێز د. عـــیــــزەدین مــــســـتــــەفـــا رەســـول:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــومـــــەن.**

من پشتگیری لە پێشنیارەکەی د.سەلاحەدین ئەکەم بەوەی کە کاروباری پەروەردە لە فێرکردنی باڵا جـیـابکرێتـەوە. بەڵام رەنگە ئەوە ببـێـتـە هۆی زۆری لیـژنەکـان وئەندام بەشـیـان نەکـات. لە حاڵەتێکیشدا ئەگەر جیا نەکرێتەوە ئەوە دەبێ مادەکە وا دابڕێژرێ کە لە ناو لیژنەکەدا بتوانن لیـژنەی تر پێک بهێنین. سەبارەت بە لیـژنەی رۆشنبـیـری وراگـەیاندن ولاوانیش، بە بڕوای من وشەی (لاوان) زیادە، لابردرێت، سوپاس.

**بەڕێز سیروان محەمەد نەورۆلی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە لیژنەی پێشمەرگە حەز ئەکەین بە زووترین کات بچەسپێ. بۆیە پێشنیار ئەکەم لیژنەیەک ئەمرۆ، یا سبەی پێک بێت بۆ ئەوەی بەپەلە هەوڵی یەکخستنی هێزی پێشمەرگە بدات، ئەمە لەو حاڵەتە گرنگترە کە لە لیژنەدا هەیە، سوپاس.

**بەڕێز ئەرسەلان بایز ئیسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لاگیری لە بیرورایەکەی د.عیزەدین ئەکەم بەوەی وشەی لاوان لە لیژنەکە لاببرێت. چونکە حەق نییە یەکەمین پەرلەمانی کوردستان بۆنی ئەوەی لێ بێت کە فکری داهاتووی لاوان لە قاڵب بدات، بەمە نەک هەر (فتوه وطلائع) بگرە (لاوانی) نازی وئەڵمانی وفاشی ئیتالیشمان دێنەوە بەرچاو، سوپاس.

**بەڕێز یونادم یوسف کنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش لەگەڵ ئەوە دام ژمارەی لیژنەکان کەم بکرێنەوە، سەبارەت بەکاروباری ئەوقاف، با پیاوە ئایینییەکان پسپۆڕایەتی وەرگرن وکاروباری کەنیسە لەم لیژنەیە بەدەربێت، سوپاس.

**بەڕێز کەمال ئیبراهیم فەرەج شالی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کشتوکاڵ وچارەسەر کردنی کشتوکاڵ، لەگەڵ کشتوکاڵ وچاک کردنیدا جیاوازییان هەیە، وشەی (باخەوانیی) کە لێرەدا هاتووە وابزانم بەرامبەر (بەستەنە) دانراوە، ئەم وشەیە تەواو نییە، بەرانبەر (بستنە) (باخات) دەگونجێ، چونکە باخەوانیی (بستانی) دەگرێتەوە. وابزانم ئاڵوگۆڕێک لەم وشەیە بکرێت باشە. هەروەها بۆ وشەی (ئاژەڵ)یش وای بەباش دەزانم کە وشەی (گیانەوەر)ی لەباتی بەکار بێت، تا مانگا ومەڕو پەلەوەریش بگرێتەوە. بەهەر حاڵ لێرەدا سامانی ماسی وکاروباری (بیطره)ش باس نەکراون، سوپاس.

**بەڕێز مەلامحەمود فندی دێرشەوی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

حەز دەکەین لە لیژنەی کاروباری رۆشنبیری وراگەیاندندا، چاودێری لەسەر شانۆگەری وسینەما وفلیمیش دابندرێ، بۆ ئەوەی ئایینی ئیسلامی رەچاو بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز ئەحمەد سالار عبد الواحد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە لیژنەی ئابووری ودارایی، لام وایە لیژنەکە وەک خۆی بمێنێتەوەو پێویست بەوە ناکات

لیژنەیەک بەتەنها بۆ دارایی پێک بهێندرێت، چونکە ئەو لیژنەیە ئیشوکاری بانکەکانیش دەگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز کەمال جەلال غەریب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لاگیری بیروڕای بەڕێزان د.سەلاح ود.عیزەدین دەکەم بەوەی لیژنەی پەروەردەو فێرکردنی باڵا لەیەک جیا بکرێتەوە. هەروەکو بەڕێزان (هێرۆ خان )و (فوزیە خان)یش باسیان کرد مەسەلەی کتێب زۆر گرنگە وپەلە کردنی دەوێ، بۆیە وا بە باش دەزانم هەردوو لیستەکە ناوەکانی خۆیان بۆ ئەندامێتی لیژنەکان دیاری بکەن ودەست بەکاربن. لیستی سەوز ناوەکانی ئامادەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، ئێمەش هیواداریین لیستی زەرد و مۆریش ناوەکان بەزوویی پێشکەش بکەن.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تائێستا لیژنەکان بڕیاریان لەسەر نەدراوە وناش زانرێ چەند لیژنەن، تا ئێمەش بەگوێرەی ئەو لیژنانە ناوتان بدەینێ، سوپاس.

**بەڕێز د. ئیدریس هادی سالح:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیار دەکەم لیژنەی تایبەتی بۆ فێرکردنی باڵا ولێکۆڵینەوەی زانستیی هەبێت. هەروەها پێشنیاری لیژنەیەکیش دەکەم بۆ چاودێری مافی مرۆڤ لەکوردستاندا ، سوپاس.

**بەڕێز پەریخان محمود عبدولقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە لیژنەی تەندروستی وکاروباری کۆمەڵایەتی، بە بڕوای من سەبارەت بە ژنان زۆر ناتەواوە، چونکە بەرزکردنەوەی ئاستی ژنان کارێکی زۆر (جدیەتی) دەوێت، مەبەستیش لە هەموو بوارەکانی ژیانە، ئابووری، رۆشنبیری. کۆمەڵایەتی. گیروگرفت تەنها دایک ومنداڵ نییە، بەڵکو کچان وخوشکانی تریش دەگرێتەوە، بۆیە ئێمە داوا دەکەین کۆمیتەیەکی تایبەتی بەناوی ژنانەوە لەپەرلەماندا هەبێت، سوپاس.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی :**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەبەر ئەوەی بۆچوونەکان جۆراوجۆرن ولیژنەکانیش زۆرن، پێشنیارم وایە هەر گرووپە پێشنیارەکانی خۆی بەسەرۆکی گرووپەکەی خۆی بدات، تا لیژنەکە پێشنیاری هەردوو گروپ وەربگرێت ولە قاڵبێکی یاسایدا دایبڕێژێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز فـــــــرەنســـــــۆ تۆمـــــــا هەریری:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــــومــــــەن.**

من تێبینیم لەسەر دوو خاڵ هەیە: ١- لیژنەی کاروباری پەروەردە وفێرکردنی باڵا، قسەی خۆم دەخەمە سەر قسەی د.صلاح بەوەی کە پێویستە بکرێتە دوو لیژنە، یا لیژنەیەکی فراوان پێک بهێندرێت بۆ ئەوەی بتوانێت ئیشی هەردوو لا بەڕێوە ببات، سەبارەت بە لیژنەی رۆشنبیری وراگـــەیاندن ولاوانیش من نەک تەنهـــا داوای لادانی وشـــەی (لاوان) دەکـــەم ، بەڵکو (راگـەیاندن)یشم پێ زیادە وبەتەنهـا لیـژنەی رۆشنبـیـری بێت ولەوکـاروبارانە بکۆڵێـتـەوە کـەپەیوەندیان بەباری رۆشنبـیـری وئەدەبی وهونەری و کلتـووری و وەرزشی و بلاوکـردنەوەی هۆشـمـەندی نەتەوایەتیـەوە هەیە. بەرای من ئەو زاراوانە بەدوور بخـەینەوە کـە بەعس بەکـاری دەهێنان، واتە (هۆشمەندی نەتەوایەتی) بکرێتە (کوردایەتی)، سوپاس.

**بەڕێز حـــــمـــــیــــد ســــەلیم مـــیــــران:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــــومــــــەن.**

سەبارەت بە لێکدانی دوو لیژنەی وەکو ئاوەدانکردنەوە وپەرەپێدان وپیشەسازی وکانزاکان، لە زۆر لە ولاتاندا بۆ گەشەپێدان و نەخشەکێشان و ئاوەدانکردنەوە و پیشەسازی و کانزاکان و وزەی کـارەبا سێ وەزارەت هەیە، بەلای منەوە ئەو دوولیـژنەیە نابێ لێک بدرێن، بەڵکو دەتوانم بڵـێم بەشیش ناکەن، سوپاس.

**بەڕێز نەجـــمـــەدین عـــەزیز ئیــســـمـــاعـــیل:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــــومــــــەن.**

سەبارەت بە لیـژنەی پێشـمـەرگە، لەو کـاروبارانە دەکۆڵێـتـەوە، کـە پەیوەندیان بە پێـشـمـەرگـە ویەکگرتنی هێزەکانیەوە هەیە، بۆیە پێشنیـار دەکەم ئەم گوزارشـتەی بخرێتە سەر: (بەیـەکگرتنی پێشمەرگە و کردنی بە سوپایەکی رێکوپێک، بکرێتە هێزێکی مۆدێرن و مەشق پێ کراو و، ئەرکی پاراستنی خاکی کوردستان بێت و، حزبایەتی لەناو پێشمەرگە لابردرێت، سوپاس.

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــــومــــــەن:**

واتە بەو شێـوەیە بێت: بۆ لێکۆڵـینەوە لە یەکگرتنی هێزەکانی پێشـمـەرگە و کردنی بەسـوپایەکی رێکوپێک.

**بەڕێز شـــەوکـــەت حـــاجی مـــوشـــیـــر:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــــومــــــەن.**

وەک دەزانن کوردسـتان تابعێکی عەشایری گەورەی تێدایە، پێشنیار دەکەم ئەم بابەتە لەلیژنەی تەندروستی وکاروباری کۆمەڵایەتی جیا بکرێتەوە، بەم شێوەیە بایەخ بە عەشایەرەکانی کوردستان دەدرێت، سوپاس.

**بەڕێز ئەحمەد سالار عبدالواحد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەربارەی بۆچوونەکەی بەڕێز د. عیزەدین سەبارەت بە لاوان وسەبارەت بە بۆچوونەکەی بەڕێز فرەنسۆ هەریری سەبارەت بە (راگەیاندن)، پێشنیار دەکەم لەگەڵ ئەو دەزگایەی کە بە ناوی رۆشنبیری ئەکرێتەوە هونەر و لاوان وراگەیاندنیشی لەگەڵدا بێت، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من وەکو ئەندامێکی لیژنەی دارشتنی پرۆژەی پێڕەوی ناوخۆ، بەنیسبەت لیژنەی سکاڵا و پێشنیارەکان، کە کاک شێروان حەیدەری پێشنیاری پێکهێنانی کرد ئێمە لە لیژنەکەدا ئیشارەتمان بۆ ئەوە کردووە کە ئەم لیژنەیە دانانرێ لە بەر ئەوەی لیژنەی سکاڵا وپێشنیارەکان، کاتێ خۆی واتە لە سەردەمی حزبی بەعسدا بۆ ئەوە دانرا بوو بۆ ئەوەی کە جێبەجێ کردنی دەسەڵات بە چەند کەسانێک بدرێت، بەڵام ئێمە نامانەوێ لە رێگای پەرلەمانەوە نەبێ دەوڵەتی یاسا بچەسپێنین، سکاڵاو پێشنیاریش دەبێ لەرێگای دادگاوە پێشکەش بکرێت وحەقی کەسیش نەخورێت.

پێم وایە هەر هەمان ئەو لیژنەیەشی کە دەرِوات بۆ وەرگرتنی کۆمەک و یارمەتی، هەوڵی ئەوەش بدات کە لە زانکۆکانی ئەوروپا و ئەمەریکادا قوتابی کورد وەربگیرێن، سوپاس.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە لیژنەی تەندروستی وکاروباری کۆمەڵایەتی، پێشنیار دەکەم خێزانە کۆست کەوتووەکانی جەنگی عێراق وئێران وشەرِەی کەنداویش بگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز عومەر سەید عەلی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێزان سەبارەت بە لیژنەی کاروباری پێشمەرگە پێشنیار دەکەم بەم شێوەیە بێت (لیژنەی کاروباری پێشمەرگە لەوە دەکۆڵێتەوە کە چۆن هەموو هێزەکان یەک دەخرێن و، پرۆژەیەک پێشکەش بە ئەنجوومەن دەکات بۆ دروست کردنی سوپایەکی رێکوپێک و لە کێشەی پێشمەرگە، بە تایبەتیش پێشمەرگە کۆنەکان دەکۆڵێتەوە وچارەسەریان بۆ ئەدۆزێتەوە)، سوپاس.

**بەڕێز فەلەکەدین سابیر کاکەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەبازنەیەکی بەتاڵدا دەسورِێینەوە، دەبێ ئەو لیژنە نوێیانەش بخەینە دەنگدانەوە، گرنگ ئەوەیە بریار لەسەر شتەکان بدەین. باشتر وایە هەر ئێستا یەک بەیەک بیرورِا لەسەر پێکهاتنی لیژنەکانی وەربگرین ئەگەر ئالوگۆری بەسەر دا هات و هەموار کرایەوە ئیشارەتی پێ بکەین و بیچەسپێنین، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر ئێمە هەروا بڕۆین واتا ئێمە لە بازنەیەکی بەتاڵدا دەسوڕێینەوە بەبێ ئەوەی ئیشوکارەکەمان تەواو بکەین، سوپاس.

**بەڕێز د. حەمە نەجم حەمە فەرەج جاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لیژنەی تەندروستی و کاروباری کۆمەلایەتی با لە یەک جیابکرێتەوە، لیژنەی تەندروستی با بەتەنها بێت، لیژنەی کاروباری کۆمەلایەتیش لەگەڵ ئافرەتاندا، کە بزربووەکان و شەهیدانیش دەگرێتەوە تێکەڵ بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆ دانانی ئەم لیژنانە زیاتر تەماشای دەسەلاتی جێبەجێ کردن دەکرێت و، بۆ هەر جۆرە پسپۆڕایەتیەک یا ئەوەی کە لێوەی نزیکە لیژنەیەکی پسپۆڕایەتی لە ناو پەرلەمانیشدا پێک دەهێنین، بۆ ئەوەی بتوانێ لە پڕۆژەی ئەو یاسایانە بکۆڵێتەوە کە دادەنرێ و، ڕەوانەی لایەنی پێوەندیداری خۆی بکا، هەروەها کە باسی لیژنە دەکەین دەبێ بزانین ژمارەی ئەندامەکانی هەر لیژنەیەک لە ٥ـ ٩ ئەندامەو، ژمارەی هەموو ئەندامانی پەرلەمانیش (١٠٥) ئەندامە کە (٣)یان لەدەستەی سەرۆکایەتین و (١٠٢) دەمێنێتەوە، ئایا ژمارەی ئەندامەکان بەشی ئەو هەموو لیژنانە دەکەن یا نا؟ ئەگەر وا بڕوا دەبێ ئەندامەکان تەنها لە لیژنەکاندا دەوام بکەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێناسەی لیژنە کە لەپێشەکی پڕۆژەکەدا هاتووە، ڕوون و ئاشکرا ڕێگای بۆ لیژنەکان داناوە، کە وتمان کاروباری کۆمەلایەتی، پەک کەوتووەکان وشەهیدان وشتی تریش دەگرێتەوە. ئەو تێبینیانە زۆر بەکەڵکن ڕەنگە لیژنەکە لەکاتی دوا دارشتندا سوودیان لێ وەربگرێ. ماوەتەوە ئەو لیژنە تازانەی پێشنیاری پێک هێنانیان کراوە، بە بڕوای من زۆر خۆمان بە (تفاصيل) وە خەریک نەکەین، لەپێناسە کردنی لیژنەکانیشدا، ئامانجەکانیان دەردەکەوێت، ئێمە چەندە ئیدارەمان هەبێ بەرانبەر بەوە لیژنەشمان دەبێت، بۆیە ناتوانین ژمارەی لیژنەکان لەوە زیاتر بکەین.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەر ئەندامێک بۆی هەیە لە دوو لیژنەدا بێت، سوپاس.

**بەڕێز قەیس دیوالی سەعید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

باسی گەلێ لیژنە کرا، پێشنیار دەکەم لەگەڵ لیژنەی نەخشەکێشان وگەشەپێداندا لیژنەی

(متابعه)ش دابنرێ. هەروەها پێویستە (شوێنەوار)یش بخرێتە سەر لیژنەی رۆشنبیری و ڕاگەیاندن، سوپاس.

**بەڕێز د. کمال عبدولکەریم محمد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیار دەکەم ناوی کۆمیتەکان بخوێندرێنەوە، یەکەمجار لەسەر بوونی، یا نەبوونی کۆمیتەکە ئەگەر قسە بوو بکرێت. هەروەها ئەگەر ویستمان گۆڕان بەسەر ناوەکەشدا بێت لەهەمان کاتیشدا بپرسن ئەگەر یەکێک پێشنیاری بۆ پێک هێنانی کۆمیتەی تازە هەیە با ناوی کۆمیتەکە بڵێ وزۆر بەکورتی ئەرکەکانی دەستنیشان بکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا لیژنە بە لیژنە دەخوێنرێتەوە، بەبێ ئەوەی گفتوگۆ لەسەر ناوەڕۆک بکرێ، ئەوەی دەمانەوێ ئەوەیە کە تەنها ناوی لیژنەکان بچەسپێنین.

**بەڕێزحسێن عارف عبدولرەحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

١- لیژنەی کاروباری یاسا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو ناوەتان لاپەسندە؟ دەست بەرزکرایەوە، بەزۆربەی دەنگ ناوی لیژنەی کاروباری یاسایان پەسەند کرد.

**بەڕێز حسێن عارف عبدولرەحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

٢- لیژنەی کاروباری دارایی و ئابووری.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوناوەتان لا پەسندە؟ دەست بەرزکرایەوە، بەزۆربەی دەنگ ناوی لیژنەی کاروباری دارایی وئابووری پەسند کرا.

**بەڕێز حسێن عارف عبدولرەحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

٣- لیژنەی کاروباری کشتوکاڵ وئاودێری.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە کاروباری کشتوکاڵ هەمووی ناگرێتەوە؟

**بەڕێز عدنان محمد نەقشبەندیی**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر تەماشای دەقی مادەکە بکەین نووسراوە تەماشای کاروباری کشتوکاڵ وچارەسەر کردنی

کشتوکاڵ و باخات دەکات.

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

هەموو لەسەر ئەوە ڕێک کەوتین کەناوەکە هەمووی دەگرێتەوە.

**بەڕێز خـــــســـــرەو گــــوڵ مـــحـــمـــەد:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

نازانم زیاد کردنی تەندروستی ئاژەڵ و سامان و، ماسی وپەروەردەی پەلەوەر، ئێستا دەکرێ یا دوایی دەخرێتە سەر ناوەڕۆکەکەی، نەک ناوەکەی؟ سوپاس.

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

ئەگەر وا بڕوا دەبێ پەروەردە کردنی کەروێشکیشی بخرێتە سەر، بابزانین زمان زانەکان چ دەڵێن؟!.

**بەڕێز د. عــــیــــزەدین مـــســـتـــەفـــا ڕەســـول:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

وشەی ئاژەڵ هەمووی دەگرێتەوە. هەندێکیش هەن کە وشەی گیانلەبەر بەکار دەهێنن، بە ڕای ئێمە گیانلەبەر ئینسانیش دەگرێتەوە لەبەر ئەوە تەنها ئاژەڵەکە بەکار بهێنرێت باشترە، سوپاس.

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

بەناوەکەی خۆی ڕازین؟ دەست بەرزکرایەوە. ئەندامان بەزۆربەی دەنگ ڕەزامەندیان لەسەر ناوەکە نیشان دا.

**بەڕێز حـــســـێن عـــارف عـــەبدولڕەحـــمـــان:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

٤- لیژنەی کاروباری پەروەردە و فێرکردنی باڵا.

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

بەو ناوە ڕازین؟

**بەڕێز شـــێـــرکـــۆ فـــائەق عـــەبدوڵلا بێ کـــەس:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

باشتر وایە وەرزش لەگەڵ پەروەردەدا بێت، سوپاس.

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

وابزانم وەرزش لەگەڵ لیژنەی کلتوور دایە، ئەگەر بیروڕاتان وایە فێرکردنی باڵا لەم لیژنەیە بکرێتەوە، ئەوەی بەمە ڕازییە بادەستی خۆی بەرزکاتەوە.

دەست بەرز کرایەوەو بەزۆربەی دەنگ پێشنیارەکە پەسند کرا.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
کە وتمان پەروەردە، دەتوانین تەنها (بالا)کەی لێ لابدەین. پەروەردە و فێرکردن،یا پەرەوەردە وزانست، بەلام لەپاشاندا کۆمیتەیەکی تایبەتی پێک بهێنین بۆ خوێندنی بالا، لێرەدا ناکرێ بلێین پەروەردە وپاشان فێرکردنی بالا ئەگەر بکرێتە دوو بەشەوە خراپ نییە، لەگەڵ ئەوەشدا دەبێ هەردووکی تەواو بێت وەک لیژنەی کاروباری فێرکردن پاشان لیژنەی کاروباری خوێندنی بالا، سوپاس.
**بەڕێز حسێن عارف عەبدولڕەحمان:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
ئێمە لای خۆمانەوە کردمان بە دوو لیژنە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
ئایا لەسەر ئەوە رازین ئەو لیژنەیە بکرێتە دوو لیژنە؟ تکایە ئەوەی رازیە با دەست بەرزبکاتەوە.
دەست بەرزکرایەوە.. ئەنجوومەن بەزۆربەی دەنگ رەزامەندی لەسەر ئەوە پێشان دا کەئەو لیژنەیە بکرێتە دوو لیژنە.
**بەڕێز حسێن عارف عەبدولڕەحمان:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
٥- لیژنەی کاروباری تەندروستی وکۆمەلایەتی.
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
کێ لەگەڵ ناوی ئەو لیژنەیەدایە؟
**بەڕێز شەوکەت حاجی موشیر:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
پێشنیار دەکەم وشەی عەشایەری کوردی بخرێتەسەر، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
نازانم پەسندە باسی عەشایەر لەپەرلەماندا بکەین؟! لام وابێ لیژنەی کۆمەلایەتی ئەمەش ئەگرێتەوە.
**بەڕێز شەوکەت حاجی موشیر:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
عەشایەر بەشێکی گرنگی میللەتەکەمانەو حەقیان هەیە بەسەرمانەوە، با ئەوانیش لەگەڵ کاروباری کۆمەلایەتیدا دابنێین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێشنیارێک هەیە بۆ ئەوەی وشەی (عەشایەر)یش بخرێتە سەر ناوی ئەم لیژنەیە، ڕاتان چییە؟.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مەسەلەی عەشایەر ئەگەر پەرلەمان باسی بکات دەبێ لەو ڕوانگەیەوە باسی بکات کە چۆن ژیانی بەرەو پێشەوەی ببات، وەکو کۆچەرو رەوەند بۆ ئەوەی نیشتەجێ بکرێن، بەڵام ڕێکخستن پەیوەندی لەگەڵ ئەو سەرۆک هۆز و ئەم سەرۆک هۆز، ئەوە ئیشی پەرلەمان نییە بگرە هەر ئیشێکی شارستانیەتیش نییە، رەنگە حزبێک بۆ خۆی پەیوەندی لەگەڵ هۆزەکاندا بەهێز بکات، ئەمەیان شتێکی ترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوەی د.فوئاد فەرمووی ڕاستە. ئێستا کێ لەگەڵ ئەو پێشنیارەیە کە وشەی عەشایەر بخرێتە سەر ناوی لیژنەکە؟ .. تەنها خاوەن پێشنیار دەستی بەرزکردوەتەوە. کەواتە ناوی لیژنەکە وەک خۆی دەمێنێتەوە.

**بەڕێز حسێن عارف عەبدولرحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

٦- لیژنەی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن ولاوان.

**بەڕێز یونادم یوسف کنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نازانم باسی (رعاية الامومة والطفولة) لەم لیژنەیەدا دەکرێ، یا لە لایەکی تردا دانراوە؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سەبارەت بەلیژنەی ڕۆشنبیری وراگەیاندن ولاوان دوو بیروڕا هەیە:

تەنها لیژنەی ڕۆشنبیریی بێت، یا (وەرزش)یشی بۆ زیاد بکەین؟.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ڕۆشنبیری بەدانانی کلتوور یاخود کەلچەر بەکاردێت، ئیتر ئەوانی تری پێ ناوێ. من پێشنیار دەکەم ناوی بنرێ لیژنەی کلتوور، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕۆژ نووری شاوەیس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەشەرحەکەدا هەمووی ڕوون کراوەتەوە، بەڵام با لەجیاتی (نشر الوعي القومي)وەک برادەران باسیان کرد بکرێتە (بڵاوکردنەوەی گیانی کوردایەتی)، سوپاس.

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن:**

مەبەست دانانی وشەی (کوردایەتی)یە لەجیاتی (هۆشیاری نەتەوایەتی).

**بەڕێز د. مـــحــمـــد فـــوئـاد مــەعـــسـوم:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

مەسەلەی لاوان لێرە لابدرێت. چونکە زیاتر ئەو وشەیە لە رژێمی فاشستیەوە داکەوت وماوەیەک ولاتانی سۆسیالیستی بەکاریان هێناو لەوێوە گەیشتە لای ئێمە، لاوان زیاتر وەکو جیهازێک لەلایەن ئەو حکوومـەتانەوە بەکـارهێنراوەو بۆ مـەبەسـتی خـۆیان بە کـاریان دەبرد، بەلام لێـرە با خەلک بە ئارەزووی خۆیان رێکخراوی لاوان دروست بکەن. دەمێنێتەوە رۆشنبیری و لاوان ئایا ئێـمـە دەمـانەوێ راگـەیاندن مـەرکـەزی بێت وکـۆمـپـانـیـای ئەهلی تەلەفـزیۆن نەمـێنێ یا رەنگە کـۆمـپـانـیـایەکی تەلەفـزیۆنی ئەهلی بەپێی یاسـا بەرنامـەکـانی خـۆی بلاوبکاتەوە، یا راگـەیاندن هەمـووی لەدەسـتی وەزارەتی تایبـەتیدا دەبێت؟ بەلام رۆشنبـیری وراگـەیاندن واتای ئەوەیە لە ئێسـتـاوە (حصر)ت کرد، ئەمە رەنگە لە هەندێ رووشـەوە ئیـجـابیـاتی خـۆی هەبێت، چونکە راگەیاندن یەک دەگرێت ودەزگای تایبـەتی خـۆی دەبێت و، ئیـتر کـەس لە خۆیەوە ناتوانێ رادیۆ وتەلەفزیۆن دابنێین، بەلام سەلبیاتی خۆیشی هەیە، سوپاس.

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن:**

یەکێک لەئیشوکارەکانی ئەو لیژنەیە ئەگەر رەزامەندی لەسەر پیشان بدەن، هەوڵدانە بۆ یەکگرتنی ئەو دەزگـایانەی راگـەیاندن کـە ئەمـڕۆ لەکـوردسـتـاندا ئیش دەکـەن، چونکە ئێـسـتـا کـۆمـەلێک تەلەفزیۆن و رادیۆمان هەیە، وابزانم هەمـوو ولاتێک دەزگایەکی سەربەخۆی راگەیاندنی هەیە ئەوە ئیـشی لیژنەکـەیە. بەلام ئێسـتـا وەکو ناو، کێ لەگـەڵ ئەوەیە ناوی لیـژنەی رۆشنبـیری یا کلتوور بێت؟

کە دەست بەرز کرایەوە هەموو لەگەڵ ئەوەدا بوون ناوی بنرێت لیژنەی کلتوور.

وابزانم پێشنیارێکیش هەبوو کە لەباتی (هۆشمەندی نەتەوایەتی)، (گیانی کوردایەتی) دابنرێت.

**بەڕێز حـــــسێن عـــارف عـــبدولرەحــمـــان:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

بەلێ، ئەویشمان لای خۆمان تۆمار کردووە.

**بـــەڕێـــز یـــونـــادم یـــوســـف کـــنـــە:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

بەبڕوای من مەسەلە هەر ئەوە نییە راگەیاندن مەرکەزیی بێت، هەندێ شت هەیە دەبێ بەشێوەیەکی مەرکەزیی چاودێری لەسەر بێت، چونکە ئێمە ـ چ وەک موسلمان و چ وەک مەسیحی ـ هێشتا لەکۆمەلگایەکی رۆژهەلاتیداین و دەبێ ئەنجوومەن چاودێری لایەنی راگەیاندنیش بکات. ناشلێین وەکـو دەولەتە سـۆسـیـالسـتـەکـان ئەو چاودێری کـردنە مـەرکـەزیی بێت، بەلام هەر دەبێ جـۆرە

چاودێرییەک لەسەر ڕاگەیاندن هەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لام وابێ ئەوەی تۆ دەیڵێی لەکاتی باس کردنی ناوەڕۆکی ئیشوکاری لیژنەکەدا دەبێ باس بکرێت، ئێستا ئێمە گفتوگۆمان لەسەر چەسپاندنی ناوی لیژنەکەیە.

**بەڕێز مەلا موحسن موفتی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لاگیری ئەو پێشنیارە دەکەم کە دەڵێ (مع مراعاة الخصوصية القومية للاقليات) دەبێ موراعاتی شەریعەتی ئیسلامیشی تێدا بکرێت، چونکە دابەزینی ڕەوشت لەکوردستاندا بووەتە هۆی گەلێ کارەسات کە ئێمە لە ژێریا دەناڵێنین، سوپاس.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی ئەگەر هۆشیاری نەتەوایەتی هەڵبگیرێ وکوردایەتی لەباتی دابنرێ، لام وایە هیچ لەمەسەلەکە ناگۆڕێ، چونکە کە وەریگێڕین بۆ عەرەبی دیسان دەبێتەوە (الوعي القومي)، بەراستیش ئەم گوزارشتانە ئێستا ئەوەندە باویان نەماوە، ئەگەر مەسەلە خۆشەویستی نیشتمانیش بێت لام وایە هەموو کەس نیشتمانی خۆش دەوێت، ئەو گوزارشتانە ئەمە چەند ساڵێکە پەیدا بوون و لە بەکارهێنانیاندا مەبەستی تایبەتی ڕەچاو کراوە، بەرای من ئەو بابەتە لەبنەڕەتدا لاببردرێت، چونکە ئاستی هۆشیاری خەڵکەکە لەوەدا نییە کە بە لیژنەیەکی ئێمە ئەو هۆشیاریە بەرز ببێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز مەلا محەمەد عەبدولقادر لاجانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێناسەی (کوردایەتی) واتە (بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی)، نەک کوردایەتییەکی نەتەوایەتی شۆڤێنی ڕەگەز پەرست، تەنانەت کاتی خۆیشی ئێمە لەناو پارتیدا گەلێ گفتوگۆمان لەسەر ئەمە کرد، بۆیە بەرای من ئەگەر تێدا بێت جیاوازی لەگەڵ بۆچوونەکەی بەڕێز د. فوئاددا هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بۆ یەک لاکردنەوەی ئەم بابەتە باشتر وایە بیخەینە دەنگدانەوە، بەڵام پێش ئەوە دەبێ وشەی وەرزش وگیانی کوردایەتی بەکاربهێنرێ.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لام وابێ کەس ناتوانێ بڵێ من دژی بڵاوکردنەوەی گیانی کوردایەتیم، ئەمەیان نابێ بخرێتە دەنگدانەوە، بەڵام هەروەکو د. فوئاد وتی ئەگەر بۆ زمانێکی تر وەریبگێڕین، دیسان (نەتەوەیی)یەکە دەگرێتەوە. بەڵام ئەگەر کردمان بە لیژنەی کلتوور، ئەوا کاروباری ڕۆشنبیری

وئەدەبی وهونەری هۆشیاری نەتەوەیی، یاخود گۆش کردنی نەتەوەیی، یاخۆشەویستی نیشتمان وشتێکی لەو بابەتە دابنرێ، بۆ ئەوەی لە هۆشمەندی نەتەوەیی دووری بکەوینەوە، خۆ بکرێتە (هۆشیاری نەتەوەیی) ئەوە لەوی تر باشترە، مەبەست ئەوەیە گوزارشتێکی وا دابنێین کە لە وەرگێڕاندا هەمان شت دەرنەچێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

وەکو ناو بۆ لیژنەکە، ئەنجوومەن لەسەر وشەی کلتوور ڕەزامەندی نیشان دا، بەڵام دەبێ هۆشمەندی نەتەوایەتی لابرێت.

**بەڕێز فەلەکەدین سابیر کاکەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەبڕوای من هۆشیاری سیاسی وکۆمەڵایەتی، یاخود نیشتمان پەروەری، هەروەها ئەو خاڵەی کە مامۆستا موحسن دەربارەی ڕەوشتی ئیسلامی وتی، ئەویش باس نەکرا تا بە جارێ لەم لیژنەیە ببینەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەراستی واتا لەو وشە وەردەگیرێ، کە وشە وترا وتت مەبەستەکەم وایە ئەمیان پەسند نییە، چونکە هەندێ شت هەیە نابێتە زاراوە، وابزانم ئەوی تر بەهیچ جۆرێک لە یاسادا نابێت، هەر نەبێ باشترە، بەڵام ئەگەر هەر داشدەنرێ باوەکو کاک فەلەکەدین وتی، شتێک بێت وەک گیانی نیشتمان پەروەری، یا هۆشیاری سیاسی وکۆمەڵایەتی، سوپاس.

**بەڕێز عیزەدین مستەفا رەسول:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

(گیانی نیشتمان پەروەری) دابنرێ، ئەوا ئەوسا (حب الوطن من الایمان)ـەکەی مامۆستاش ئەگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز مەلا محەمود دێرشەوی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

وشەی (کوردایەتی) واتای ئازادیخوازی دەگەیەنێت، سوپاس.

**بەڕێز نەجمەدین عەزیز ئیسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێشنیار دەکەم کە بگوترێ: (بە بڵاوکردنەوەی هۆشمەندی وپتەو کردنی گیانی نیشتمان پەروەری)، سوپاس.

**بەڕێز مەلا محەمەد ئەمین عەبدولحەکیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وشەی (کوردایەتی) بەرانبەر (العروبە) ی عەرەبەکانە، هەر شێوەیەکیش لەو نەتەوە پەرستییە بکەوێتەوە، ئەوە شۆڤێنییەت و خۆپەرستی دەگرێتەوە، حەز دەکەم خۆمان لەو وشانە بە دووربگرین و وشەی (نیشتمان پەروەریی) زۆر بە پەسند تر دەزانم وپر بەپێستی خۆشەویستی نیشتمانە، سوپاس.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من خاوەنی پێشنیاری (کوردایەتی)م، ئێستا دەمەوێ بکرێ بە(رزگاریخوازی ونیشتمان پەروەری)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە با بەو شێوەیە بێت، لەسەر ئەوە رازین؟.

**بەڕێز مەلامحسن موفتی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەگەڵ چاودێری تایبەتمەندێتی نەتەوایەتی و ئایینی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەندامانی لیژنەی یاسایی دەڵێن ئەمە هەیە.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی مامۆستا فەرمووی زۆر پیرۆزە، بەڵام ئێمە لیژنەیەکمان هەیە بەناوی لیژنەی ئەوقاف وکاروباری ئایینی، هەر گوزارشتێک ئایین بگرێتەوە ئێمە بۆ ئەو لیژنەیەی تۆمار دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز مەلامحمود دێرشەوی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رژێمی بەعس مزگەوتی لە شوێنێک دروست دەکرد وهەر لەنزیکەیەوە مەیخانەشی دەکردەوە، ئێمە دەمانەوێ لەپیشاندانی فلیمی سینەمایی و تەلەفزیۆنییدا رەچاوی ئایینی ئیسلام بکەین و بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کە ئەڵێین رەچاو کردن، مەبەست لەکەمایەتییەکانە، ئیتر نەتەوەیی وئایینی دەگرێتەوە، بەڵام ئایینی ئیسلام، ئایینی زۆربەی هەرە زۆری دانیشتوانی کوردستانە، ئەگەر ئەوە بلێین ئەوە رەچاو

بکرێ، وابزانم لەشایەنی ئیسلام کەم دەکرێتەوە، بۆیە پێویست بەباس کردنی ناکات، سوپاس.

**بەڕێز مـــەلا مـــحـــەمـــەد شـــەریف:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

من سەبارەت بەلیژنەی ئەوقافیش بیروڕام وابوو کە ناوی بگۆڕدرێت، مەسەلەی (انحلال الخلقی)و (الفساد الاجتماعی)یش ئەرکی ئەوقاف وزانایانە، دەبێ راگەیاندنیش بە شێوەیەک بێت کە دژی بیروباوەڕی کوردایەتی نەبێت. هەروەها نابێ لە تەلەفزیۆن وسینەماشدا فلیمی رووت پیشان بدرێت، سوپاس.

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن:**

دەتەوێ وەکو پێشنیارێک بنووسرێ (لەگەڵ چاودێری تایبەتمەندێتی نیشتمان پەروەریدا - مع مراعاة الخصوصیة الوطنیة)؟.

**بەڕێز د. مـــحـــمـــەد فـــوئاد مـــەعـــسـوم:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

بەراستی ئێمە خەریکی گفتوگۆ کردنی پێڕەوی ناوخۆی ئەنجوومەنی نیشتمانین، لیژنەکان چ ئیشێک دەکەن وناکەن. ئەوشتانەی تر کە باسایان دەکرێ زۆریان بەر ئەویاسا بنەڕەتیە دەکەون کە پێویستە هەمان بێت، چونکە یاسا وەکو دەڵێین (کل متکامل)ە لێرەدا هەندێ شت نییە، بەڵام لەجێگای تردا هەیە، ئەمە تەنها بۆ ئیشوکارەکانی ناوخۆمانە. بۆ نمونە دەزگای راگەیاندن پەیوەندی بەو یاسایەوە نابێت، سوپاس.

**بەڕێز مـــەلامـــحـــمـــود دێرشـــەوی:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

بەبیروبڕوای ئێمە پێڕەوی ناوخۆ پەیوەندی بە راگەیاندنەوە هەیە، سوپاس.

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن:**

کاتێ کەیاسای راگەیاندن بۆ دانوستاندن پێش چاو ئەنجوومەن خرا ئەوکاتە دەتوانین گفتوگۆ لەسەر ئەم بابەتانە بکەین، بەڵام لێرەدا شتەکە گشتیە، چونکە ئەمە دەستووری وڵات نییە، بەڵکو پێڕەوی ناوخۆی ئیشوکاری خۆمانە.

**بەڕێز مـەلا مـحـمـەد ئەمین عـەبدولـحـەکـیم:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

بکرێ بە (لەگەڵ چاودێری هەستی ئاینیی واتا(مع مراعاة الشعور الدینی)ی بۆ زیاد بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز ئەحـــمـــەد تاهـیـــر نقـــشـــبـــەندی:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

گوزارشتی (لەگەڵ چاودێری داب ونەریتی کۆمەڵایەتی لەکوردستاندا)ی بۆ زیاد بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز یونادم یوسف کنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەم خاڵە پەیوەندی بە ئایینی مەسیحییەوە نییە، هەروەها پێوەندی بەپیشاندانی فلیم وخواردنەوەشەوە نییە، تەنها مەبەست رۆشنبیریی نەتەوایەتیە وەک تورکمان وئاشووری، چونکە تا ئێستا لەلایەن رژێمەوە زوڵممان لێ کراوە. ئەمە تەنها پەیوەندی بەزمان و رۆشنبیرییەوە هەیە، سوپاس.

**بەڕێز د. محەممەد فوئاد مەعسوم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر بیخوێنینەوە( لیژنەی رۆشنبیری وراگەیاندن لەو کاروبارانە دەکۆڵێتەوە کەپەیوەندیان بەباری رۆشنبیری وئەدەبی وهونەریەوە هەیە) چونکە دەڵێ:(لێی دەکۆڵێتەوە) ناڵێ (دایدەنێ) واتا ئیشەکەی ئەوەیە، دوایی رەچاو کردن دێتە گۆڕێ، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزەنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وشەی ئاشووری، یا کلدان، یا مەسیحی دێتە پێشمان زۆر حەز دەکەم یەکسەر بیر لەدیان وئیسلام نەکەینەوە، ئەوانیش وەکو کەمەنەتەوایەتی لەگەڵ ئێمەدا دەژین وئازادی خۆیان هەیەو، پێنج کەسیان لەگەڵ ئێمەدا لەم پەرلەمانەدا ئەندامن، واتا لەخۆشی وناخۆشی کوردستلندا بەشدارن، مەسەلە دین نییەو، بەڵکو پەیوەندی بەکێشەی نەتەوایەتییەوە هەیە وبەس، سوپاس.

**بەڕێز عەدنان محەممەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەم لیژنەیە لەسەر ئەساسی (فصل السلطات) دانراوە ومتابەعەی ئیشوکاری دەسەڵاتی جێبەجێ کردنی دەکات، ئەم لیژنانە هۆشیار کردنەوەی خەڵکان بەرەو ئایینی ئیسلامی وشتی تری لە ئەستۆدا نییە، ئەگەر ئەم لیژنەیە بینی لەتەلەفزیۆندا فلیمی ناشایستە پیشان دەدرێ بۆی هەیە راپۆرت بۆ سەرۆکایەتی ئەنجوومەن بنووسێ تا ئەویش لە رێگای سەرۆکایەتی دەسەڵاتی جێبەجێ کردنەوە لایەنی راگەیاندن لەو مەسەلەیە ئاگادار بکاتەوە، سوپاس.

**بەڕێز فەلەکەدین سابیر کاکەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

با رەچاو کردنەکە بەم شێوەیە بێت، (رەچاو کردنی هەست وداب ونەریتی کۆمەڵگای کوردەواری) رەنگە ئەوە هەموو لایەک بگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەم بابەتە خرایە دەنگدانەوە و براوەتەوە، ئێستا دەچینە سەر لیژنەی حەوتەم.

**بەڕێز حسێن عارف عەبدولڕەحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

٧-لیژنەی ئەوقاف وکاروباری ئایینی.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێشنیاری مامۆستایان ئەوەیە ئەم لیژنەیە بکرێت بە( لیژنەی ئەوقاف وکاروباری ئیسلامی)، واتە وشەی ئیسلامی لەباتی ئایینی دابنرێ. واتە (لجنة الاوقاف والشؤون الاسلامية، النظر في امور الاوقاف والاهتمام بالشريعة الاسلامية والعلوم والمقدسات الاسلامية ومهام الجوامع والمساجد وابراز دورها التاريخي لتربية الشعب الكردي المسلم، للتخلي عن الرذائل والتحلي بالاخلاق الفاضلة كما وتهتم بالشؤون الدينية والكنائس والمعابد) ئەمە ناوەرۆکی پێناسەی مامۆستایانە بۆ ئەم لیژنەیە. ئێستا دێینەوە سەر ناوەکەی، کە پێشنیار کراوە ببێتە (لیژنەی ئەوقاف وکاروباری ئیسلامی).

**بەڕێز د. محەممەد فوئاد مەعسوم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کە لە عێراقدا دەگوترێ (کاروباری ئایینی ) مەسیحیەکانیش دەگرێتەوە، ئایا ئەمەی ئێمەش مەسیحی وکەنیسەکان دەگرێتەوە یان نا؟ چونکە بەراستی پێویستە کەنیسە سەر بەخۆیی خۆی هەبێت وسەربەئەوقاف نەبێت، سوپاس.

**بەڕێز عەدنان محەممەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کە وتمان کاروباری ئایینی واتایەکی گشتیی دەبەخشێ (ئیسلام ودیان) وهی تریش، ئەگەر هەبێ هەموویان دەگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز مەلا محەممەد شەریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەهەموو ولاتە ئیسلامیەکاندا وەزارەتێک هەیە ناوی (وەزارەتی ئەوقاف وکاروباری ئیسلامی)یەوە، لەهەندێ ولات ناو ی(وەزارەتی ئەوقاف وشوێنە پیرۆزەکانی ئیسلامە ـ الاوقاف والمقدسات الاسلامية) تەنیا لە ئیسرائیل نەبێت کەلەوێ ناوی (وەزارەتی ئایینەکانە ـ وزارة الاديان)، لەرژێمی بەعسیشدا ناوی (وەزارەتی کاروباری ئایینی)یە،بەلاّم با ئەوقافی ئیسلامی سەربەخۆ بێت وئەوقافی مەسیحیش سەربەخۆ بێت، سوپاس.

**بەڕێز د.رۆژ نووری شاوەیس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمەش لاگیری ئەم پێشنیارە دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەلای منەوە وەکو پێشنیارێک بکرێتە (لیژنەی ئەوقاف وکاروباری ئایینی وئیسلامی)، چونکە وشەی ئایین هەموو ئایینەکان دەگرێتەوەو، ئیسلامیەکەش تایبەتیە، سوپاس.

**بەڕێز مەلامحسن موفتی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشتر وتمان میللەتی کوردستان ٩٥٪ زیاتر موسڵمانە پێویست ناکات ئیتر لەکوێ باسی کەمایەتی نەتەوایەتی کرا موسڵمانەکان وابزانن ئێمەی تێدانین، ئەم وەزارەتە تایبەتیە بە ئیسلام وکاروباری ئیسلامەوە، بۆیە لەسەر ئەوە سوورین، چونکە بابەتەکە پەیوەندی بەگرنگی پێدانەوە هەیە. لەلایەکی تریشەوە لە بەرنامەی هەردوو گروپ پێش هەڵبژاردنی پەرلەمان دەیان وت (الاهتمام بالشريعة الاسلامية، الاهتمام بالمساجد) مەبەستیش پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن بوو، هەردووگروپ دووپاتی لایەنی ئیسلامیان کردۆتەوە، بۆیە ئێستا دەمانەوێ جێبەجێ بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەمەوێ ئەوە بزانن کەئەمە ئیدارە نییە.

**بەڕێز د. عیزەدین مستەفا رەسول:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مەسەلەی ئەوقاف تەنها لایەنی ئایینی نا گرێتەوە، ئەوقاف موڵکیش دەگرێتەوە، ئەوقاف موڵکێکی زۆری هەیە رژێمەکانی یەک لەدوای یەک بەشێوەیەکی نارەوا بەکاریان بردبوو، پاشان رژێمی فاشستی بەعس ناوی نا (الاوقاف والشؤون الدينية) بۆ ئەوەی مزگەوت وکەنیسە وپەرستگە وئەوانی تر هەر هەموولا لەژێر دەسەڵاتی ئەمن کۆبکاتەوە، کەنیسە کاروباری خۆی هەیە بۆ لەژێر دەسەڵاتی حکومەت دابێت. بۆ ئەم زرووفە پێویستە بۆ ئەوقاف وەزارەتێک هەبێت تا کاروباری خۆی و وەقفەکانی بەڕێوە ببات. بەڵام دەزگای ئەوقاف بەهەمووجۆرێ دەبێ کاروباری مەسیحی ویەزیدی وئەوانی تر ی لێ جودا بکرێتەوە، تا سەربەستی ئایینیان بپارێزرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دیسانەوە دووپاتی دەکەینەوە با شتەکان تێکەڵ بەیەک نەکەین، لیژنەیەکی پەرلەمانیی لەگەڵ ئیداراتدا جیاوازیی هەیە، لیژنەی پەرلەمانیی تەماشای ئەوشتانە دەکات کەپەیوەندی بەو ئیش وکارەوە هەیە کەبۆی دیاری دەکرێت، ئێستا دەمانەوێ بزانین ئایا لیژنەکە وەکوخۆی بمێنێتەوە یا ببێتە دوولیژنە؟

**بەڕێز د. ڕۆژ نووری شاوەیس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێمە لاگیری ئەوە ئەکەین بکرێ بە دوولیژنە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەو دوو لیژنە کامانەن؟.

**بەڕێز د. ڕۆژ نووری شاوەیس:**

١- لیژنەی ئەوقاف وکاروباری ئیسلامی.

٢- لیژنەی کاروباری کەنیسە وئایینەکانی تر.

**بەڕێز د. محەممەد فوئاد مەعسوم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

وابزانم کەنیسە ئەوەی ناوێ لیژنەیەکی لەپەرلەمان بۆ دابنرێت، چونکە ئیدارەیەکی نییە لەدەرەوە تا پەرلەمان موتابەعەی بکا. خۆیان سەرپەرشتی کەنیسەکانی خۆیان دەکەن، سوپاس.

**بەڕێز عومەر سەید عەلی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەگەر وا بڕوا ئەو مەزهەبانەی کە لە کوردستاندا هەن، ئەوانیش داوای لیژنە دەکەن، سوپاس.

**بەڕێز مەلا محەممەد ئەمین عەبدولحەکیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێشنیار دەکەم بکرێتە لیژنەی (ئەوقاف وکاروباری ئیسلامی وئایینە جیاجیاکانی کوردستان) وابزانم لە ژێر ئەو ناوونیشانەدا جێگای هەمووی دەبێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز ئەحمەد تاهیر نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێشنیار دەکەم بکرێتە لیژنەی ئەوقاف وکاروباری ئیسلامی وئایینی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بابزانین برادەران سەبارەت بەوەی بکرێتە لیژنەی ئەوقاف وکاروباری ئیسلامی چی دەڵێن؟.

**بەڕێز یونادم یوسف کەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەنیسبەت کەنیسەوە لیژنەی ناوێت، سەربەخۆ بێت باشترە تەنها لەئیدارەی ئەوقافەوە بەڕێوەبەرایەتیەکی گشتی بەناوی ئەوقافی مەسیحییەکانی کوردستانەوە هەبێت بەسە، سوپاس.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەممەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

وەکو خۆی بمێنێتەوە لە هەمووی باشترە واتە لیژنەی کاروباری ئایینی. بەڵام کە ئەڵێ کاروباری

ئەوقاف لەئایین ومزگەوت وپەرستگاکان دەکۆڵێتەوە کەنیسە لابیرێت وبەس. ئیتر تایبەت دەبێ بەئیسلامییەوە، بەڵام پەرستگاکانی تێدا بمێنێتەوە، بۆ ئەوەی ماوە هەبێت لەدوا رۆژدا ئەگەر هاتوو بابەتێکی وا هاتە پێشەوە ئەمیان شامل ترە، سوپاس.

**بەڕێز مـــەلامـــحـــمـــەد عـــەبدولقـــادر:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

بێگومان مامۆستا ئایینییەکان لە ئێمە فراوانتر بیر لە بابەتەکە دەکەنەوە چونکە وەکو ئاشکرایە لە وڵاتی ئێمە ئایین ومەزهەب زۆرە، جا ئێمە تەسکی بکەینەوە وابزانم بەهیچ جۆرێ خزمەتی ئێمە ناکات، چونکە ئێمەی کورد هەمیشە وەکو نەتەوە ومەزهەب چەوساوە بووینە، ئێمەش بێین خەڵکانی تر بچەوسێنینەوە بێگومان ئەمە شتێکی گەلێ خراپە، بۆیە حەز دەکەین شمولی تر بێت ئەمە ئەوە ناگەیێنێ کەتایبەتمەندێتی ئیسلام لەناو دەبات، چونکە زۆربەی هەرە زۆری خەڵکی کوردستان ئیسلامن، مەسیحی ویەزیدیش وەک ئایین هەن بۆ بایەخ بەمەزهەبی ئەوانیش نەدەین؟!

بە رای من شمولی تر بێت، هەرچەندە د.رۆژ پێشنیاری ئەوەی کرد دوو لیژنە بێت یەکێکی بۆ کەنیسە، بەڵام ئەنجومەن رەزامەندی پیشان نەدا، من لاگیری ئەوە دەکەم گشتی بێت وهەموو ئایینەکانی کوردستان بگرێتەوە. بۆیە پێشنیار دەکەم ببێتە لیژنەی (کاروباری ئیسلامی و ئایینی)، سوپاس.

**بەڕێز مـــەلامـــحـــمـــەد شـــەریف:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

سەبارەت بەقسەکەی د.کەمال کە وتی وشەی کەنیسە لابیرێت، ئێمە دژی کەنیسە نین، ئیسلام دژی (تطرف)ەو، یەکێ لە ئامانجەکانی ئیسلام ئازادی بیروباوەڕ وئایینە. (لااکـراه في الدين) کەس وەکو کورد رێزی لەبرا مەسیحی وئایینەکانی تر نەگرتووە تا ئێستا وەکو برا پێکەوە ژیاوین. مەبەست ئەوەیە کوردستان لە ٩٥٪ی زیاتر ئیسلامە واتە ببێتە ئەمانەتی ئەوقاف وکاروباری ئیسلامی، سوپاس.

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

ئێمە باسی لیژنە ئەکەین نەک ئەمانەت.

**بەڕێز مـــەلا مـــحـــمـــەد شـــەریف:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

وەکو بەڕێزتان فەرمووتان سەبارەت بە لیژنەش ئەگەر ببێتە لیژنەی کاروباری ئایینی، ئەوەیە کە ئەو ئەمانەتە بەناوی ئیسلامیەوە بێت، سوپاس.

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

قسە لەسەر لیژنەیە، نەک ئەمانەت. ئەم لیژنەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە یان نا؟.

**بەڕێز عـەبدولخـالق مـحـەمـەد ڕەشـیـد زەنگەنە:**

**بـەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

بە ڕای من لیژنەکە وەکو خۆی بمێنێتەوە (لیژنەی ئەوقاف وکاروباری ئایینی)، بەڵام لەناوەڕۆکدا بەم شێوەیە بێت (سەیری ئیشوکاری ئەوقاف وکاروباری ئایینی ئیسلام وئایینەکانی ترو مزگەوت وکەنیسە وپەرستگاکان دەکات)، من لەگەڵ ئەوەدا نییم کە کەنیسە جیا بکرێتەوە چونکە ئەویش بەشێکە لەکۆمەڵگاکەی ئێمە ودەبێ بایەخی پێ بدەین، چونکە ڕژێمی صدام درێغی لە روخاندنی دەیەها کەنیسەش نەکرد، سوپاس.

**بـەڕێـز کـــــــەمـــــــال جـــــــەلال غـــــــەریـب:**

**بـەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

قسەکەی من پەیوەندی بە رستەکەوە هەیە کەوا بزانم بەنارێکی هاتووە (للتـخلص عن الرذائل والتحلي بالاخلاق الفاضلة) ئەمە وا دەگەیەنێ کە (رذائل) هەیە، بەڵام باوازی لێ بهێنین، بۆیە پێشنیار دەکەم ئەوە لاببرێ وتەنها (التحلي بالاخلاق الفاضلة) بمێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. مـــحـــەمـــەد فـــوئـاد مـــەعـــســـوم:**

**بـەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

مامۆستایان هەندێ گوزارشتی سۆفیانەیان بەکار هێناوە (التخلي والتحلي) دەبوایە (التجلي)یش تێدا بوایە، چونکە تەسەوف دەگوترێ (التخلي والتحلي ثم التجلي). بەراستی ئەوەی کاک عەبدولخالق وتی بەو شێوەیە دەکرێ باناوی لیژنەکە وەکو خۆی بمێنێتەوە، بەڵام لەشەرحەکەدا ئیسلامی بۆ زیاد بکرێ، سوپاس.

**بـەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

من وابزانم مامۆستایان ئەم لیژنەیەیان لەگەڵ ئیدارەی ئەوقافدا تێکەڵاو کردبوو، چونکە بەبڕوای من ئەو ناوە گشتی ترە.

**بـەڕێـز مـــــەلامـــــوحـــــســـــن مـــــوفـــــتـی:**

**بـەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

ئێمە (٧) مامۆستاین لەهەردوو لیستەکەدا ئەگەر (التخلي عن الرذائل والتحلي بالاخلاق الفاضلة) هەمووشی نەبێت، بەلای ئێمەوە گرنگ نییە، ئەوەندە هەیە دەبێ دارشتنەکەی وەکو خۆی لەسەرەوە تاخوار بمێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز مـەلا مـحـەمـەد ئەمین عـەبدولحـەکـیم:**

**بـەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

ئەو ناونیشانەی کە بەعس دایناوە (بەڕێوەبەرایەتی ئەوقاف وکاروباری ئایینی) هەمووی ئەگرێتەوە تا هەمووی لەبەردەستی خۆیدا کۆبکاتەوە بەبڕوای من بیێتە (لیژنەی ئەوقاف و کاروباری ئیسلامی وئایینەکانی تر) تا هەمووی بگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز فـــــرەنســـــۆ تـۆمـــــا هـەریری:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــەن.**

با موسڵمانەکان رێک بکەون واز لەئێمە بێنن.

**بەڕێز د. کـەمـاڵ عـەبدولکەریم مـحـەمـەد فـوئاد:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــەن.**

وابزانم زۆر لەسەر ئەم بابەتە رۆیشتین، دوو پێشنیار هەیە پێشنیاری ئێمە ئەوەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە. مادام برا مەسیحیەکانیش خۆیان ئەڵێن ئەگەر رازی بن با وشەی (کەنیسەکە)ش لاببرێت، ئەگینا ئەو دەقەی کە نووسراوەو لەبەر دەمماندایە وەکو خۆی بمێنێتەوە، بەبڕوای ئێمە ئەم دوو پێشنیارە بخەینە دەنگدانەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. رۆژ نـووری شـــــــــاوەیـس:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــەن.**

ئێمەش لەگەڵ بیروڕای زانایانی ئایینین، سوپاس.

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــەن:**

ئێستا ئێمە دوو پێشنیارمان لەبەردەستدایە:

١- وەکو خۆی بمێنێتەوە: کێ لەگەڵ ئەوەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ دەست بەرزکرایەوە بۆمانەوەی وەکو خۆی (٣٦)کەس دەستی بەرزکردەوە.

٢- کێ لەگەڵ ئەوەیە کە ئەم لیژنەیە وەکو پێشنیاری زانایانی ئایینی لێ بکرێت؟ دەست بەرزکرایەوە. ژمارەی ئەوانەی کە لەگەڵ پێشنیارەکەی مامۆستایانی ئایینی دابوون (٤٧) کەس بوو. بەمەش پێشنیاری مامۆستایان بۆ ناوی لیژنەی ئەوقاف جێگیرکرا.

**بەڕێز حـــسێن عـــارف عـــەبدولڕەحــــمـان:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــەن.**

دارشتنی لیژنەکە بەم شێوەیی لێهات (لجنة الاوقاف والشؤون الاسلامية) تنظر في امور الاوقاف والاهتمام بإلشريعة الاسلامية والمقدسات الاسلامية ومهام الجوامع والمساجد وابراز دورها التأريخي لتربية الشعب الكردي المسلم كما وتهتم بالشؤون الدينية والكنائس والمعابد..، سوپاس.

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــەن:**

دەنگدان لەسەر ئەو ناوە کراو بڕایەوە.

**بەڕێز یـــونـــادم یـــوســـف کـــنـــە:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــەن.**

وتمان واز لەکەنیسە بهێنین، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕۆژ نووری شاوەیس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەڵێ (تهتم بالکنائس) کەنیسە ئیدارەی خۆیی هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کۆتایی بەم بابەتە هات ئێستا دەچینە سەر لیژنەیەکی تر.

**بەڕێز حسێن عارف عەبدولڕەحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

٨- لیژنەی کاروباری ناوخۆ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەناوی ئەم لیژنەیە ڕازین؟ دەست بەرزکرایەوە وهەمووڕەزامەندیان نیشان دا.

**بەڕێز حسێن عارف عەبدولڕەحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

٩- لیژنەی نەخشەکێشان وپەرەپێدان وئاوەدان کردنەوەی کوردستان.

**بەڕێز د. سەلاحەدین محەمەد حەسەن حەفید زادە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەبارەی زمانەوانیەوەو، لەباری عەمەلیشەوە باشتر وایە ببێتە لیژنەی نەخشەکێشان وپەرەپێدانی ئابووری. دەسەلاتی جێبەجێ کردن کاتێ کە بۆ پەرلەمان دێت نەخشەیەک لەگەڵ خۆیدا دەهێنێ، ئەم نەخشەیە هەموو پرۆژە ئابووریەکان دەگرێتەوە وبەتەنها بەپیشەسازی وکشتوکاڵەوە تایبەت نییە. هەموو پرۆژەکان لەبەردەم پەرلەماندا گفتوگۆیان لەسەر دەکرێت، بۆیە بەڕای من پێویستە لیژنەکە ناوی (لیژنەی نەخشەکێشان وپەرەپێدانی ئابووری بێت) وئەشغال ونیشتەجێ کردن کە بەر ئەرکەکانی دەکەوێت لێی لاببردرێت، سوپاس.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ببوورە ئەم لیژنەیە پەیوەندی بە ئابووریەوە نییە، سوپاس.

**بەڕێز د. سەلاحەدین محەمەد حەسەن حەفید زادە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشنیارم کرد بکرێتە (لیژنەی نەخشەکێشان وپەرەپێدانی ئابووری)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

واتە وشەی ئابووری بۆ زیاد بکرێت.

**بەڕێز د. سەلاحەدین محەمەد حەسەن حەفید زادە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وشەی ئابووری بۆ زیاد بکرێت و، ئەشغال ونیشتەجێ کردنەکەی لێ لاببرێت. چونکە کە سەرۆک وەزیران بۆ پەرلەمان دێت نەخشەکە پێشکەش.دەکات ئەو نەخشەیە هەموو بەشەکان دەگرێتەوە، کشتوکاڵ وپیشەسازی وپەروەردە وئەوانی تریشی تێدایە، سوپاس.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لیژنەیەکی تایبەتیمان بەناوی لیژنەی دارایی وئابوورییەوە هەیە پێشتر گفتوگۆمان لەسەر کرد، سوپاس.

**بەڕێز د. سەلاحەدین محەمەد حەسەن حفید زادە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەویان بودجەی ئاسایی ئەگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نەخێر بەشێوەیەکی گشتی هاتووە خۆ ئەمە وەزارەت نییە، ئەمە لیژنەیەکە موتابەعەی هەمووشتێکی گشتی دەکات (مطلق) هاتووە، (المكلف يجري على إطلاقة) کەئەڵێین دارایی وئابووری هەموو ئەو شتانە دەگرێتەوە کەبەر ئەو دووناوە دەکەون وئەم لیژنەیە باسیان دەکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە ئەم لیژنەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ دەست بەرزکرایەوە ولەلایەن زۆربەی ئەندامانەوە پەسندکرا.

**بەڕێز حسێن عارف عەبدولڕەحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

١٠- لیژنەی کارگوزاریە گشتییەکان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەیە ئەم لیژنەیە وەکوخۆی بمێنێتەوە؟ دەست بەرزکرایەوە لەلایەن زۆربەی ئەندامانەوە ئەم لیژنەیەش پەسند کرا.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد ڕەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە لیژنەی کارگوزارییە گشتییەکان پێشنیار دەکەم برگەیەکی بۆ زیاد بکرێ تا ڕاژەی ئاوو کارەبا وپۆستە وتەلەفۆنیش بگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە لەو بڕگەیە بووینەوە.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر مولاحەزە بکەن لەشەرحەکەیدا هەیە، لیژنەی کارگوزارییە گشتییەکان تەماشای هەموو ئەوشتانە دەکات کە پەیوەندی بەکاروباری شارەوانی وهاوینەهەوارو شوێنەوارو راژەی ئاو وزێرابەکان.. هتد، سوپاس.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کارەبا وپۆستەی تێدا نییە، سوپاس.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لیژنەی پیشەسازی و وزە وکانزاکانمان هەیە ئەگەر پەلە نەکرایە خەریکی گفتوگۆ کردنی ئەو لیژنەیە بووین وئەو لیژنەیە ئەو پێشنیارە دەگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی کارەبا وەکو خەدەمات شتێکە و وەکو وزە شتێکی ترە ولێک جیاوازن، سوپاس.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خەدەمات وشەیەکی عامە وهەمووشتێک دەگرێتەوە، وەکو وزە باسی دەکەین و وەکو خەدەماتیش کە وتمان خەدەمات، تەلەفۆن وکارەبا وزێراب وپاککردنەوەی گەڕەکەکانیش دەگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. رۆژ نووری شاوەیس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەسەر ئەوە رێک کەوتین کە کارەبا وتەلەفۆناتیش خەدەماتە بەس، چونکە ئاماژە بۆ شارەوانی وهاوینەهەوارو شوێنەوارو خەدەماتی ئاوو زێرابەکان کراوە، دەبوایە ناوی کارەبا و تەلەفۆنیشی لەگەڵدا بهاتبایە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەدایە کارەبا وتەلەفۆنیش بخرێتە سەر لیژنەکە؟ دەست بەرزکرایە ئەنجومەن بەزۆربەی دەنگ لەسەر ئەوە رازی بوو کە کارەبا وتەلەفۆنیش لەگەڵ شەرحی لیژنەی کارگوزارییە گشتییەکاندا دابندرێت.

**بەڕێز حسێن عارف عەبدولڕەحمان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

١١- لیژنەی پیشەسازی و وزەو كانزاكان.

**بەڕێز سەلام كەریم خان مەحمود:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەم لیژنەیە دەبوایە باسی پیس بوونی ژینگە (تلوث البیئە) شی بكردایە، چونكە پیشەسازی پەیوەندیەكی ڕاستەوخۆی بە پیس كردنی دەوربەرەوە هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

شتێكی خراپ نییە ئەگەر زیاد بكرێ.

**بەڕێز مەلا هادی خضر:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لیژنەی پیشەسازی وكانزاكان پەیوەندی بە ژینگەوە هەیە پێویستە وشەی ژینگە (بیئە)ی بۆ زیاد بكرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئایا بەناوی ئەو لیژنەیە رازین بەمەرجێ وشەی ژینگەی بۆ زیاد بكرێ؟ دەست بەرزكرایەوە. بەزۆربەی دەنگ ئەنجومەن رەزامەندی لەسەر ناوی ئەو لیژنەیە پیشان دا.

**بەڕێز حسێن عارف عەبدولڕەحمان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

١٢- لیژنەی كاروباری پێشمەرگە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سەبارەت بەم لیژنەیە چەند پێشنیارێك هەبوو.

**بەڕێز حسێن عارف عەبدولڕەحمان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەوەمان زیاد كردووە بووەتە (یەكخستنی هێزی پێشمەرگەوكردنی بەسوپایەكی ڕێكوپێك)، سوپاس.

**بەڕێز د. رۆژ نووری شاوەیس:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پرسیارێكم هەیە، ئایا لێی دەكۆڵێتەوە، یا لیژنەیەكی ئیجرائیە؟ باشتر وایە ئەمە تۆزێك روون بكرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز حسێن عارف عەبدولڕەحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئاشکرایە چی دێتە بەردەمی لێی دەکۆڵێتەوە وگەلاڵەی دەکات و دەیخاتە بەردەم ئەنجوومەن، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لیژنەی پێشمەرگە هەڵدەستێ بەیەکخستنی هێزی پێشمەرگەو کردنی بەسوپایەکی ڕێکوپێک، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بۆ یەکگرتنی سوپا، ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ لایەنی تەنفیزی، بەهەر حاڵ دەیخەینە دەنگەوە، ئایا ڕازین لەسەر ناوی ئەو لیژنەیە؟. دەست بەرزکرایە وئەنجوومەن بە گشتی دەنگ ڕەزامەندیی لەسەر نیشان دا.

**بەڕێز حسێن عارف عەبدولڕەحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

١٣- لیژنەی پەیوەندی.

**بەڕێز د. ڕۆژ نووری شاوەیس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

باشتر وایە ناوی (لیژنەی پەیوەندییەکان) بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

مەبەستت ئەوەیە لەشێوەی کۆدا بەکاربهێنرێت؟

**بەڕێز عیززەدین مستەفا ڕەسوڵ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پەیوەندی خۆی کۆیە (اسم الجمع)ە پەیوەندییەک تاکە، پەیوەندی (عیلاقات) دەگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەمە بۆ داڕشتن بەجێ دەهێڵێین چاکی بکەنەوە، ئایا ئێستا لەسەر ئەوە ڕازین کە ناوی(لیژنەی پەیوەندی) وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ دەست بەرزکرایەوە.. ئەنجوومەن بەزۆربەی دەنگ ڕەزامەندیی لەسەر ناوی ئەم لیژنەیە پیشان دا.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
١- لیژنەی ڕێکخراوەکان.
٢- لیژنەی ئافرەتان.
٣-لیژنەی مافی مرۆڤ.
٤- لیژنەی کاروباری شەهیدان.
پێشنیار کراون، کەگفتوگۆیان لەسەر بکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
ئەم چوار لیژنەیە پێشنیار کراوە، با یەکەم جار گفتوگۆ لەسەر یەکەم لیژنە بکەین کە لیژنەی ڕێکخراوەکانە.
**بەڕێز مەلا محەمەد عەبدولقادر لاجانی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
پێشنیار دەکەم لیژنەی مافی مرۆڤ و ئافرەتان و ڕێکخراوەکان یەک لیژنە بێت، سوپاس.
**بەڕێز د. حەمە نەجم حەمە فەرەج جاف:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
پێشنیار دەکەم کە کۆمەلایەتی لیژنەیەکی تایبەتی هەبێت شەهیدان وئافرەتانیش بگرێتەوە، تەندروستیش بەتەنها لیژنەیەکی هەبێت، سوپاس.
**بەڕێز مەلا محەمود دێرشەوی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
لیژنەی کاروباری شەهیدان بەر لیژنەی کاروباری کۆمەلایەتی دەکەوێت، سوپاس.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
سەبارەت بەکۆمیتەی شەهیدان لام وابێ پێویستە یاسایەک دەربکەین بەوەی کە دەزگایەک بەناوی (دەزگای شەهیدانی کوردستان)ەوە دابنێین و بودجەیەکی تایبەتی بۆ دابندرێ، کە دەزگاکەمان دروست کرد مافی شەهید دەپارێزرێ. ڕێزگرتنی شەهیدیش بەفیعلی لەوەدایە کە ئیش بۆ کەسوکاری بکرێت وناویان زیندوو بمێنێتەوە، کەیاساشی بۆ دانرا ئەو یاسایە خزمەتی خێزانی شەهیدان دەکات، سوپاس.
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
لیژنەی ڕێکخراوەکان، کێ لەگەڵ ئەوەدایە لیژنەی ڕێکخراوە کوردستانیەکان هەبێت؟ دەست

بەرزکرایەوە. ژمارەیەکی کەم ڕەزامەندییان پیشان دا بۆیە ئەم پێشنیارە وەرنەگیرا.
لیژنەی شەهیدان، سەبارەت بە ئەم لیژنەیە بەڕێز د.فوئاد پێشنیاری دامەزراندنی (دەزگای شەهیدانی کوردستانی)کرد بەپێی پێشنیارەکەی د.فوئاد پێویست بەوە ناکات لیژنەیەک بەناوی شەهیدانەوە لەئەنجوومەندا دروست بکرێت بەڵکو وا پێویست دەکات ئێمە لە دەرەوەی ئەنجوومەن وبۆ زیاتر بایەخدان بەکەسوکاری شەهیدان دەزگایەک دروست بکەین. ئەنجوومەن چی دەڵێ؟.

**بەڕێز عەدنان محەممەد نەقشبەندیی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من لاگیری پێشنیارەکەی د.فوئاد دەکەم وبەپیرۆزی دەزانم، بەڵام بەمەرجێ ئەمە تۆزێ دوا بخرێ تا دەتوانین بارودۆخی ئابووری ولاتەکەمان بەرەو باشتر ببەین. دوای ئەوسا ئاوڕ لەشەهیدان وکەسوکاریان بدەینەوە، چونکە ئێمە لەسایەی خۆبەخت کردنی ئەوانەوە لێرە دانیشتووین، سوپاس.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

منیش لاگیری پێشنیارەکەی د.فوئاد دەکەم، چونکە هەقە ئێمە بەکردەوە شت بۆ شەهیدان بکەین نەک بەقسە، لەبەر ئەمە پێویستە ئەنجوومەن دەزگایەک پێک بێنێ تاکو گرنگی بەخێزانی شەهیدان بدات، سوپاس.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەممەد:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

هەمووکورد ئەوەی پێ خۆشە ڕۆژێک لە ڕۆژان پێشمەرگە بەهێز بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

واتە پەیوەندی بە ئیدارات وتەنفیزییەوە هەبێت.

**بەڕێز ئەحمەد تاهیر نەقشبەندیی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەو چوار لیژنەیە کە باسمان کردن زیاتر پەیوەندیان بەدەرەوەی پەرلەمانەوە هەیە، چونکە ڕێکخراوە کوردستانیەکان زیاتر پەیوەندییان بەبەرەی کوردستانییەوە هەیە وفرە حزبیش وای کردووە کە هەر حزبەو کۆمەڵە ڕێکخراوێکی هەبێت. بەنیسبەت شەهیدانیش بەرەی کوردستانی

زیاتر بایەخ وگرنگی پێداوە. سەبارەت بەمافی ئافرەتانیش ئەویش پەیوەندی بە لیژنەی کاروباری کۆمەلاّیەتییەوە هەیە، بەنیسەبەت مافی مرۆڤیش لەدەرەوە لیژنەی بالاّ هەیە ولیژنەی فەرعی هەیە وئەوانە دەتوانن بەو ئیشوکارانە هەلّسن، بە بڕوای من ئەو چوار لیژنەیە بەهیچ جۆرێک پەیوەندییان بەپەرلەمانەوە نییە، سوپاس.

**بەڕێز عومەر سەید عەلی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لاگیری پێشنیارەکەی د.فوئاد دەکەم کە دەزگایەک بۆ شەهیدان دروست بکرێ. من پێشنیاری زیاد کردنی (کەم ئەندام ـ المعوقین)یش دەکەم، ئەوانیش گوزەرانیان باش نییە ژمارەشیان گەلێ زۆرە، جگە لەوەش پێشنیار دەکەم کە لە لیژنەی تەندروستی وکاروباری کۆمەلاّیەتی بەشێکیان بۆ بکرێتەوە، یاخود لە شوێنێکی تردا جێگایان بکرێتەوە، لەپەرلەمانیشدا شتێک هەبێت سەرپەرشتی ئەو دەزگاپە بکات کە دەزگا تەنفیزییەکەیە، واتە لیژنەیەک پێک بهێنرێ سەرپەرشتی کاروباریان بکات، سوپاس.

**بەڕێز یونادم یوسف کنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەبڕوای من ئەم لیژنەی شەهیدانەش بخرێتە سەر لیژنەی کاروباری پێشمەرگەو، سەبارەت بەلیژنەی ئافرەتانیش بە بڕوای من مانەوەی پێویستە، سوپاس.

**بەڕێز د. عیزەدین مستەفا رەسول:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وابزانم لیژنەی ئافرەت زۆر پێویستە لەبەر ئەو هۆیەی کە ئافرەت نیوەی کۆمەلّەو تا ئێستا ئافرەتی کورد رۆلّی زۆر گرنگ وگەورەی هەیە، بەلاّم تا ئێستا لە رووی بەرهەم هێنان وکۆمەلاّیەتی وسیاسییەوە وەکو پێویست لە کاردا نەبووە. لەکوردستانی نوێدا ئەرکی سەرشانمان ئەوەیە ئەو نیوەکەی تری کۆمەلّ لەهەموو روویەکەوە بەکار بخەین، لەبەر ئەمە با لیژنەی یاسا یا کۆمەلاّیەتی هەندێ لایەنی ئافرەت لەئەستۆ بگرن، بەلاّم ئەگەر لیژنەیەکی تایبەتی بۆ ئافرەت هەبێ کارێکی گەورە وپیرۆزە، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بایەخدان بە شەهید خۆ ئەوە نییە بڕۆین گۆڕەکەی رێکوپێک بکەین، بەلّکو پێویستە بایەخ بە منداڵ وکەسوکارەکەی بدەین، ئەویش باسی لە لیژنەی تەندروستی وکاروباری کۆمەلاّیەتیدا هاتووە، وابزانم هەتا دەزگایەکی تایبەت بەشەهیدان دادەمەزرێ ئەوە بەسە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بۆ ئەوەی لەم بابەتە ببینەوە ئەم لیژنەیە ئەخەینە دەنگدانەوە. لیژنەی شەهیدان هەبێت یان نا؟ ژمارەیەکی کەم دەستیان بەرزکردەوە.. ئەنجوومەن رەزامەندی نیشان نەدا لەسەر ئەوەی کە لیژنەیەک بەناوی لیژنەی شەهیدانەوە لە ئەنجوومەنی نیشتمانیدا هەبێت.

ئێستا دێینە سەر لیژنەی دووەم. کێ بەوە رازیە لەئەنجوومەندا لیژنەیەک بەناوی لیژنەی مافی مرۆڤەوە هەبێت؟ ژمارەیەکی کەم دەستیان بەرزکردەوە.. ئەنجوومەن رەزامەندی لەسەر بوونی ئەم لیژنەیەش پیشان نەدا.

**بەڕێز د. ئیدریس هادی سالح:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەبڕوای من لیژنەی مافی مرۆڤ یەکێکە لە لیژنە گرنگەکان کەپێویستە لەئەنجوومەندا هەبێت، چونکە ئەو کەسانەی کەسەر لەکوردستان دەدەن هەمیشە دووپاتی ئەم لایەنە دەکەنەوە، سوپاس.

**بەڕێز محەمەد تۆفیق رەحیم/جێگری سەرۆک:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

راستە مەسەلەی مافی مرۆڤ گرنگە ولەدەرەوەشەوە بایەخی پێ ئەدەن، بەڵام نابێ لیژنەیەکی هەمیشەیی هەبێت و، لەناو پەرلەمانیشدا لقیان هەبێ، با هەموویان لە لیژنەی مافی مرۆڤ لە دەرەوەی پەرلەماندا ئەندام بن، چونکە ئەم لیژنانەی ناو پەرلەمان لە (٥تا٩) ئەندامی تێدا دەبێت بەوەش ژمارەیەک لەئەندامانی پەرلەمان خەریکی ئەم لیژنەیە دەبن کەپێویستە لەدەرەوەی پەرلەماندا پێی هەڵسن ولە هەموو جیهانیشدا هەر وایە، سوپاس.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەهەندێ پەرلەمانەکانی جیهان کۆمیتەی مافی مرۆڤ هەیە، بۆ نموونە لەکۆنگریسی ئەمەریکی کۆمیتەی تایبەتی مافی مرۆڤ هەیە، ئەگەر هەبێ بە جێبەجێ کردنی کاروبارەوە خەریکن وئەوانی تریش یارمەتیان دەدەن، مەرج نییە هەموو ئەندام بن لەوکۆمیتەیەدا بەلای منەوە بۆ قۆناغی ئێستا باکۆمیتەیەک لە (٥-٦)کەس هەبێت، هەرکاتێکیش پێویست بەبوونی نەما بەئاسانی کۆمیتەکە لادەبرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

وەکو گوترا کۆمیتەیەک لەدەرەوەی ئەنجوومەندا بۆ مافی مرۆڤ هەیە وباهەموومان لەو لیژنەیەدا ئەندام بین، راوبۆچوونی ئەوانیش ئەگەر پێویست بوو لەئەنجوومەندا باس بکرێت.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**
بوونی ئەو لیژنەیە بەپێویست دەزانم، چونکە ئەشێ گەلێ بریار لەئەنجوومەنەوە دەربچێ ولەگەڵ یاساکانی مافی مرۆڤدا نەگونجێت. لەبەر ئەوە پێشنیار دەکەم هەر بریارێک دەربچێ لیژنەی یاسایی ولیژنەی مافی مرۆڤ ئاگایان لێی بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**
باشە ئەوەی تۆ دەیڵێی لیژنەی یاسایی پێی ئەنجام نادرێ؟! ئەمە کرۆکی ئیشوکاری لیژنەی یاسایە.

**بەڕێز د. ئیدریس هادی سالح:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**
بەنیسبەت مافی مرۆڤەوە. رێکخراوی حکومی وناحکومی هەیە، ئەو وەفدانەی کە لە پەرلەمانەوە دەردەچێ نوێنەری حکومەتن و بەڕەسمی پێشوازی لێ دەکرێت، سوپاس.
**بەڕێز مەلا محەمەد ئەمین عەبدولحەکیم:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**
بوونی ئەم لیژنەیە زۆر پێویستە، چونکە ئێمە هانا بۆ دنیا دەبەین ودەڵێین: مافمان خوراوە، کەچی ئێمە خۆمان خەریکی پێشێل کردنی ئەو مافەین، هەر لەم ماوەیەدا لە ناو شاری چەمچەماڵ چەندەها خەڵکی بێ تاوان بە منداڵ و ژن و پیرەوە لە ئەنجامی پێکداچوونێکەوە کوژران، بۆیە بەپێویستی دەزانم ئەم لیژنەیە هەبێت،سوپاس.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**
سەبارەت بەوەی لە پەرلەماندا کۆمیتەیەک بەناوی مافی مرۆڤەوە هەبێت، وابزانم ئەوە نییە بڵێین تەنفیزی دەسەڵاتێکەو ،پەرلەمان دژی راوەستاوە، یاخود نەهێڵێ لیژنەیەک پێکبێت بۆ ئەوەی مافی هاووڵاتییان بپارێزێت، پەرلەمانەکەی ئێمە خۆی کۆمیتەی مافی مرۆڤە، با ئێمە لەهەندێ شتدا چاو لە وڵاتان نەکەین، لە ئەمریکا، لە ئینگلتەرا، زیاتر ئەوە وەک حاڵەتێکی سیاسی بەکار دێت بەرامبەر وڵاتانی تر، بۆ نموونە لیژنەی مافی مرۆڤ لەئەمەریکا ئیشوکارەکانی زیاتر ئاراستە کرابوو دژ بەسۆڤیەت وڵاتانی سۆسیالیستی، هەندێ لەو وڵاتانەی کە دیکتاتۆری بوون، ئەوان ئێستا بەرانبەر بە عێراق چالاک بوونە، بەڵام ئێمە ئەو بارودۆخەمان بۆ نەرەخساوە بۆیە هەموو پەرلەمانەکەمان کۆمیتەی مافی مرۆڤە، سوپاس.

**بەڕێز محەمەد عەبدولقادر لاجانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

زۆرجار پارێزگاری لە مافی مرۆڤ دەکەین، کەچی بەدەستی خۆمان ئەو مافە پێشێل دەکەین. مافی مرۆڤ لەکوردستاندا نەپارێزراوە، کە پەرلەمان پارێزگاری لە خەڵک دەکا پێویستە پارێزگاری لە مافی مرۆڤ بکا، لەبەر ئەوە بەبڕوای من ئەم لیژنەیە بۆ ناوەوەی پەرلەمان وبۆ دەرەوەیش زۆر پێویستە هەبێت، نازانم بۆچی ئەنجوومەن بەگشتیی دژی ئەم لیژنەیە راوەستاوە؟ بەرای من دەبێ هەمووومان لاگیری بکەین، سوپاس.

**بەڕێز یونادم یوسف کنا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێشنیاز دەکەم ئەم لیژنەیە لەگەڵ لیژنەی یاساییدا لێک بدرێت و وای لێ بێت (لیژنەی کاروباری یاسایی ومافی مرۆڤ لەکوردستان)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

لیژنەی یاسا دەنگی لەسەر دراو بڕایەوە. ئەمجارەش لیژنەی مافی مرۆڤ دەخەینە دەنگدانەوە، ئایا لیژنەی مافی مرۆڤ لە ئەنجوومەندا هەبێت یان نا؟ دەست بەرز کرایەوە.. ئەنجوومەن بە زۆربەی دەنگ رەزامەندی لەسەر پێک هێنانی لیژنەیەک بە ناوی لیژنەی مافی مرۆڤەوە پیشان دا. کەواتا ئێستاش ماوەتەوە لیژنەی ئافرەتان، کێ تێبینی هەیە بابفەرمووێ؟.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێش هەمووشتێک ناوی (ژنان)ە نەک (ئافرەتان)، چونکە ئافرەت وشەیەکی زۆر ناشیرینە ولە باری زمانەوانیەوە ناپەسندە، مەسەلە مەسەلەی سیاسی نییە، ئەم رێکخراوە ناوی ئافرەتان بێ یاً ژنان، تەنها لە رووی زمانەوانیەوە باسی وشەی ئافرەت دەکەم ئەگەر ئەتانەوێ ئەم وشەیە بەکار نەهێنرێت ئەشێ بکرێ بەهی دایکان ومنداڵان، بەڵام ئەگەر هەر ویستتان لیژنەیەک هەبێ تکام وایە خۆتان لە وشەی ئافرەت بپارێزن، بگوترێ (خانمان)یا (بانوان)، گرنگ ئەوەیە ئەو وشەی(ئافرەت) بەکار نەهێنین، سوپاس.

**بەڕێز محەمەد عەبدولقادر لاجانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

وشەی (ئافرەت) لە (ئەفرۆدیت)ی یۆنانییەوە هاتووە کە خوای جوانییە، ئیتر بۆچی وابیر بکەینەوە کە لە (عەورەت)ەوە هاتبێت؟ تەنانەت گەلێ وشەی یۆنانی لەناو ئایینی ئێمەدا جێی

خۆی کردۆتەوە، چونکە شارستانیەتێکی هاوبەشمان هەبووە، بۆیە دەڵێم ئافرەت لەو وشەیەوە هاتووە نەک وەک بۆچوونەکەی د.کەمال، سوپاس.

**بەڕێز ئەرسەلان بایز ئیسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وشەی (ئافرەت) تازەیە ولە ئەدەبی کۆن وکلاسیکی کوردیدا بەکار نەهاتووە لە بەکارهێنانیشیدا ژنان زیاتر بەکاردێت وەک (کانی ژنان، حەمامی ژنان قسەوقسەلۆکی ژنان) ئەمانە زیاتر بەکاردێن، ڕەنگە وەک مامۆستا وتی لە(ئەفرۆدێت)ی یۆنانیشەوە هاتبێت، بەڵام یەکەم ڕێکخراو کە بۆ ئەم مەبەستە پێک هێنرا بێت لەکوردستانی تورکیا ناوی ڕێکخراوی (تەعالی ژنانی کوردستان) بووە. بۆیە دەڵێم (ئافرەت) وشەیەکی تازەیە و (ژنان) ڕاستە، سوپاس.

**بەڕێز فەوزیە عیزەدین ڕشید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وشەی(ژن)یش لە وشەی (زەن)ی فارسییەوە هاتووە کە بەواتای (لێدان)یش دێت، سوپاس.

**بەڕێز مەلا مەحمود دیرشەوی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەلای منەوە وشەی (ژن )ڕاستترە لە(ئافرەت)، چونکە لە کوردەواریدا دەڵێن (ژن یاژینە یاژانە)، سوپاس.

**بەڕێز د. عیزەدین مستەفا ڕەسول:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە ڕای منیش (ئافرەت) لە(ئەفرۆدێت)ەوە هاتووە هەرچەندە (ئەرقادو ئەروادی) زمانی تورکیش هەیە، هەر (عەورەت) نییە، ئەوەی کە باوە لە ناو ئێمەدا (ژن) بەوکەسە ئەووترێ کە شووی کردبێت لە (زەن)ی فارسیشەوە نەهاتووە وەک فوزیە خان وتی، چونکە (زەنەوی) ڕووسیشمان هەیە کە هیندۆئەوروپییە، بەڵام (ئافرەتەکە) کۆن وبڵاویشە ئەگەر تازەش بەکارهاتبێ، وابزانم ماموستای هەموومان گۆران (ئافرەت) وجوانی بەکارهێناوە، سوپاس.

**بەڕێز عومەر حاجی ئیبراهیم عەبدوڵڵا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕای من ئەگەر لیژنەی تایبەتی بۆ ژنان هەبێت دەبێ لیژنەیەکیش بۆ پارێزگاری لەپیاوان هەبێت، چونکە ئێمە هاوار دەکەین ژن وپیاو یەکسانە لەگەڵ پیاودا بۆیە پێویست بەبوونی ئەو لیژنەیە ناکات. لەگەڵ ئەوەشدا ژنان لێرەن بابۆ خۆیان قسە بکەن، سوپاس.

**بەڕێز فـەلەكـەدین سـابیـر كـاكـەیی:**

**بەڕێـز سـەرۆكی ئـەنجـوومـەن.**

لەزۆربەی لادێیەكانی گەرمیاندا ئافرەت بەكاردێت، وشەی ئافرەت بۆ لە ئەفرۆدێتەوە هاتبێ و بۆچی لە (ئافەریدەن)ی فارسیەوە نەهاتبێ كە (خولقاندن) دەگرێتەوە، (ژن)یش هەر لەژین وژیانەوە هاتووە هەر دووكیشی یەك واتا دەگرنەودو یەك ماناش دەبەخشن. مەبەستم ئەوەیەكە بەكارهێنانی وشەی(ئافرەت) لەزمانی كوردیدا باوە بەتایبەتی لەگەرمیان وزۆربەی ناوچەكانی تری كوردستانی عێراقدا، سوپاس.

**بەڕێز پەریخـان مـحـمـود عـەبدولقـادر:**

**بەڕێـز سـەرۆكی ئـەنجـوومـەن.**

سەبارەت بە قسەكانی بەڕێز عومەر حاجی هەندێ تێبینیم هەیە بەوەی كە دەڵێ بۆچی یەكێتی پیاوان نەبێت. پیاو ئەم قسانە دەكەن. بۆیە حەز دەكەم بەشێوەیەكی زانستی و واقعیانە سەیری مەسەلەی ژنان بكەین، نەك تەنها بەشیعارات، با تەماشای ئاستی هەموو ژنانی كوردستان بكەین، كە لە ئاستێكدایە بەڕاستی گریانتان بۆ دێت، سەیری ئاوارەكان بكەن، سەیری خێزانەكان بكەن، بزانن لەچی ئاستێكدان!، سوپاس.

**بەڕێز ئەرسـەلان بایز ئیـسـمـاعـیل:**

**بەڕێـز سـەرۆكی ئـەنجـوومـەن.**

لەگەڵ ڕێزمدا بۆ د. عیزەدین كە مامۆستام بووە، بەڵام ئەوكانیی ژنانەی كە لە لادێكاندایە تەنها ژنی بۆ دەچێ یا كچانیشی بۆ دەچێ؟ ئەوە لەلایەك لەلایەكی تر من پێم وایە ئافرەت وەرگێڕاوەی (عەورەت)ە عەرەبییەكەیە، بۆیە پێشنیار دەكەم بكرێ بە(لیژنەی ژنان)، سوپاس.

**بەڕێز هێـرۆ ئیـبـراهیم ئەحـمـەد:**

**بەڕێـز سـەرۆكی ئـەنجـوومـەن.**

خۆی وشەكە لەزمانی توركییەوە هاتووەتە ناو زمانی كوردییەوەو، ئەوخەڵكانە هێناویانەتە ناو كوردستانەوە كەكاتی خۆی لەتوركیا بوون، ئەگەر بۆ ڕەگەزەكەشی بگەڕێین ئەوا لەتوركیادا بۆ وشەی عەورەتی عەرەبی دەگەڕێتەوە وهیچ پێوەندیەكی بە (ئەفرۆدێت وئافەریدەن) وئەم شتانەوە نییە، ئەگەر دەشتانەوێ بە زۆر بیسەپێنن كە لە ئەفرۆدێت وئافەریدەنەوە هاتووە ئەوەیان بۆخۆتان دەگەڕێتەوە، ئەوە زوڵمە كە دەكرێ ئەك لیژنە دانان بۆ پاراستنی مافی ژنان . ناوەكە خۆی لە خۆیدا تاوانێكی زۆر ناشیرینە ئێستا لە هۆڵەندادا دوو یەكێتی ژنان هەیە كە لە ژێر دوو ناودا كار دەكەن، ئەو خوشكانەی كە لە كوردستانی توركیان ڕازی نەبوون ناوی یەكێتی ئافرەتانی كوردستانی لێ بنرێت، بۆیە بەشێوەی كرمانجی سەروو دەنووسرێ (یەكێتی ژنانی كوردستان) و بەسۆرانی دەنووسرێ (یەكێتی ئافرەتانی كوردستان). لام وابێ وشەی ئافرەت جوانە وئەدەبیان

حەزیان لەو وشەیەیە ودەیانەوێ بەسەر ژنانیدا بسەپێنن. ئەوە شتێکی دیکەیە وەک دەڵێن دەسەلاتی زۆرداره، سوپاس.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بابێینەوە سەرباسەکەی خۆمان ئایا کۆمیتەیەکی تایبەتیمان هەبێ بۆ ئەم مەبەستە؟ یاجارێ لەسەر ئەوە بڕیار نەدەین و مەسەلەی ناوەکەی بۆ ژنان خۆیان بەجێ بهێڵین، یان بەردو رووی کۆمیتەیەکی بکەینەوە لەزانایانی زمان، چونکە من لێرەدا هەندێ قسە دەبیستمەوە کە بەلامەوە سەیرن خەڵکانێک خۆیان بەزمانزان بزانن وقسەی وابکەن، بادرێژە بەم باسە نەدەین، تەنها بڕیار لەسەر ئەوە بدەین کە ئەم کۆمیتەیە هەبێت یان نا؟.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەلای منەوە مادام لەسەر ناوەکەی رێک ناکەوین باشتر وایە لیژنەکە نەبێت، سوپاس.

**بەڕێز مەلا محەمەد ئەمین عەبدولحەکیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

باشتر وایە ئافرەتان خۆیان ناوەکە هەڵبژێرن، سوپاس.

**بەڕێز فەلەکەدین سابیر کاکەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کە من باسی دوو وشەی ئافرەتم کرد ئەم وت کامیان راستترە ژنان وئافرەتان هەردووکیان بەکارهاتوون، تەنها مەبەستم لایەنی زمانەوانی بوو ئەوە لەلایەک، لەلایەکی تردوە ئێمە زۆربەمان نەلاگیری ئافرەتان دەکەین نەش لاگیری یەکێتی ژنان دەکەین، مەبەستی سەرەکیش ئەوەیە ئایا مافی ئافرەت پارێزراوە؟ لەیەکەم ئاهەنگ پاش یەکەمین دانیشتنی ئەم ئەنجوومەنە بانگ کرام بۆ ئاهەنگێکی یەکێتی ئافرەتان (ناوەکەی وایە)، یەکەم قسە کە کردم وتم بەداخەوە ئەم پەرلەمانەی ئێمە (١٠٥) کەسە کەچی تەنها (٦)یان ئافرەتن، ئەوەش واتای ئەوەیە کەمافی ئافرەت خوراوەو لەرووی سیاسی وکۆمەلایەتیەوە، رێژەی ئافرەت لەم پەرلەمانەدا بەرێژە ورادەی خەباتی ئافرەتانی کوردستان نییەو رۆڵیان لە راپەڕین وخەباتی ئەم چەند ساڵەی دوایدا بەرجەستە ناکا، ئەمە لەلایەک، لەلایەکی تریشەوە بێگومان ئەو لیژنەیە زۆر پێویستە، ناوەکەی گیروگرفت نییە ولەسەری پێک دێین وبەپێویستی دەزانم دایکێتی ومندالانیشی بخرێتە سەرو بکرێتە لیژنەیەکی زۆر گرنگ، چونکە پەیوەندی بەخێزان و کەسوکاری شەهیدانەوە هەیە، سوپاس.

بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن:
بۆکۆتایی هێنان بەم گفتوگۆیە دەڵێین: ئەم لیژنەیە لەئەنجوومەندا هەبێت باشە یا نەبێت؟.. دەست بەرزکرایەوە.. ئەنجوومەن بەزۆربەی دەنگ ڕەزامەندی پێک هێنانی لیژنەیەک بۆ ئافرەتان نیشان دا.
بەمەش کۆتایی بەدانیشتنی ئەمڕۆمان دێنین وکاتی دانیشتنی داهاتوومان سەعات نۆی سەر لەبەیانی سبەینێ یە.

| | | |
|---|---|---|
| فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا | محەمەد تۆفیق ڕەحیم | جوهر نامق سالم |
| سکرتێری ئەنجوومەن | جێگری سەرۆک | سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق |

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٤)

سێ شەممە ڕێکەوتی ١٦/٦/١٩٩٢

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٤)

## سێ شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٢/٦/١٦

***کاتژمێر (٩)ی سەرلەبەیانی ڕۆژی سێشەممەی ڕێکەوتی ١٩٩٢/٦/١٦ ، ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان بەسەرۆکایەتی بەڕێز جوهر نامق سالم سەرۆکی ئەنجوومەن و، بەئامادەبوونی جێگری سەرۆک بەڕێز محەممەد تۆفیق ڕەحیم و، سکرتێری ئەنجوومەن بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا ، چوارەمین دانیشتنی، یەکەم خولی ئاسایی، یەکەم ساڵی خۆی بەست.***

***سەرەتا دەستەی سەرۆکایەتی ڕادەی یاسایی دانیشتنەکەیان چەسپاندو، دەرکەوت کە لەکۆی (١٠٥) ئەندامەکەی پەرلەمان:***

***ئامادەبوون: (١٠١)ئەندام.***

***ئامادە نەبوون: (٤)ئەندام. کەئەم بەڕێزانەن:***

***١- بەڕێز حەسەن حسێن ڕەحیم ٢- بەڕێز سەعدی ئەحمەد ٣- بەڕێز عەبدوڵلا ڕەسول عەلی ٤- بەڕێز قادر عەزیز.***

***ئەوجا بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان و، بەناوی گەلی کوردستانەوە کۆبوونەوەکەی کردەوە.***

***بەرنامەی کار:***

***١- دەست بەکاربوونی لیژنەی پەیوەندیی بە بەرەی کوردستانیەوە بۆ دابین کردنی یارمەتی مامۆستایان و فەرمانبەران.***

***٢- درێژەدان بەگفتوگۆی پێڕەوی ناوخۆی ئەنجوومەن.***

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

لەدانیشتنی ئەمڕۆماندا درێژە بەگفتوگۆی پێڕەوی ناوخۆی ئەنجوومەن دەدەین و، دوای نیوەڕۆش لەمەسەلەی پێکهێنانی ئەو لیژنەیە دەدوێین کە لە دانیشتنی رابردوو بڕیارماندا بۆ پەیوەندی کردن لە گەڵ بەرەی کوردستانیدا پێکی بێنین.

**بەڕێز عەبدولکەریم کاکەحەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بۆ ئەندامەتی ئەو لیژنەیە پێشنیار دەکەم من و کاک فرەنسۆی تێدا بین، چونکە شارەزاییمان لە بارەی (بەرە)وە هەیە، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێشنیار دەکەم کە نەچینە لای بەرەی کوردستانی، چونکە هەموو شتەکان لای گروپی پارتی و

یەکێتییە و دەتوانن هەر لێرە بڕیار لەسەر هەموو شتێک بدەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەم بارەیەوە پەیوەندی پێویستمان بە سەرکردایەتی هەردوو لاوە کردووە.

**بەڕێز عومەر سەید عەلی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

با یارمەتیەکە فەرمانبەرانیش بگرێتەوەو هەر بەتەنها بۆ مامۆستایان نەبێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەکە بۆ ئەم دوو مەبەستە دانراوە، با دەس بەبەرنامەی کاری خۆمان بکەین.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دوێنێ لەسەر ناوی لیژنەی ئافرەتان پێک نەهاتین، باشتر وایە ئەوناوەش بچەسپێنین ئەوجا دەست بە بەرنامەی کار بکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەست بەبەرنامەی کاری خۆمان دەکەین و، با لیژنەی یاسا دەست بەخوێندنەوەی پاشماوەی مادەکانی پرۆژەکە بکات.

**بەڕێز حسێن عارف مادە (٣٥)ی خوێندەوە، ئەوجا بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن دەرگای گفتوگۆی کردەوە.**

**بەڕێز د. سەلاحەدین حەفید زادە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەبڕوای من پێویستە لیژنە هەمیشەییەکانی ناو ئەنجومەنی نیشتمانیی بۆ سوود وەرگرتن پەیوەندی بەشارەزاو پسپۆڕانی دەرەوەش بکات. ئەمەش وەکو خاڵێک لەگەڵ ئەم مادەیەدا تۆمار بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەمە لەمادە(٣٧)دا هاتووە، سوپاس.

**بەڕێز ئەحمەد تاهیر نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بەخاڵی (٥) زۆرایەتی (نصاب) چۆن دیاری دەکرێ ئەگەر هاتو سەرۆک لەکۆبوونەوەکەدا ئامادە نەبوو؟ یا هەموو ئامادەبوون و سەرۆک و جێگری سەرۆک نەهاتبوون؟ سوپاس.

**بەڕێز د. ڕۆژ نووری شاوەیس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تێ نەگەیشتم لە (ئامادەبوونی زۆربەی ئەندام و ئامادەبوونی سەرۆک) کە ئەمە دژایەتی لەگەڵ ئەوەدا دەکات کە دەڵێ:(ئەگەر سەرۆکی لیژنە ئامادە نەبوو جێگرەکەی سەرۆکایەتی دەکات) کەوابێ ئەگەر سەرۆک ئامادە نەبوو واتە (نصاب) تەواو نابێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەعەرەبیەکەیدا دەڵێ (یکمل نصاب اجتماعات اللجان بحضور اكثرية اعضائها وحضور رئيسها وتتخذ قراراتها بالاغلبية، وعند غياب رئيس اللجنة يرأسها نائبه) بەلای منەوە تەواوە.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت (زۆربە) ئەگەر سەرۆک ئامادە نەبوو، بەڵام (٥ ـ ٦) ئەندام ئامادە بوون واتا لەنیوەی زیاترەو نصاب پێک هاتووە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕۆژ نووری شاوەیس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەبڕوای من لە زۆرایەتیدا ئامادەبوونی سەرۆک مەرجە، سوپاس.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نەخێر دەقەکە وا ناڵێ، بەڵکو دەڵێ (ئەگەر سەرۆکی لیژنە ئامادە نەبوو جێگرەکەی سەرۆکایەتی دەکات)، سوپاس.

**بەڕێز د. عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ژمارەکە دانراوە لە (٥) کەمترو لە (٩) زیاتر نەبێت، کێ ئەم ژمارەیە دەستنیشان دکات؟ چونکە ئەشێ ئێمە هەندێ جار ناچاربین ژمارەی لیژنەیەک زیاد بکەین، سوپاس.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەر ئەو لایەنە زیادی دەکات کە لیژنەکەی داناوە، سوپاس.

**بەڕێز د. عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر بنووسرێت باشترە، سوپاس.

**بەڕێز عـــەدنان مـــحـــەمـــەد نەقــشـبـــەندیی:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

ڕوون و ئاشکرایە، نووسینی ناوێ، سوپاس.

**بەڕێز فـــــرەنســــۆ تـۆمـــا هـەریری:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

منیش پێم وایە جۆرە دژایەتیەک لەخاڵی پێجەمدا هەیە، دەبێ زۆربەی ئەندامانی لیژنە ئامادەبێت، ئیتر پێویست بەوە ناکات ناوی سەرۆک بهێنرێ، بەلای منەوە ئەوە زیادە، سوپاس.

**بەڕێز عـــەدنان مـــحـــەمـــەد نەقــشـبـــەندیی:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

لەعەرەبییەکەیدا دەڵێ (يكتمل النصاب في اجتماعات اللجان بحضور اكثرية اعضائها وحضور رئيسـها) واتە ئەگەر سەرۆک ئامادە نەبێت ئەوا جێگرەکەی ئامادەیە، من هیچ جۆرە دژایەتیەک لەمەدا نابینم، سوپاس.

**بەڕێز فـــــرەنســــۆ تـۆمـــا هـەریری:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

یان نابێ بڵێ (ئەگەر سەرۆک ئامادە نەبوو جێگرەکەی جێی دەگرێ، یان نابێ بڵێ سەرۆکیش ئامادەبێ). دەبێ یەکێک لەم دووە لابدرێت، سوپاس.

**بەڕێز ئیـــبـــراهیم ســـەعـــیــد مـــحـــەمـــەد:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

وا دیارە ئەگەر سەرۆک و جێگرەکەی ئامادە نەبوون کۆبوونەوەکە ناکرێ، سوپاس

**بەڕێز مـــەلا تەڵحـــە ســـەعـــیــد قـــەرەنی:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

ئەگەر سەرۆک و جێگر لە کۆبوونەوەیەکدا پێکەوە نەهاتبوون کێ سەرۆکایەتی دەکات وئایا کۆبوونەوەکە دەکرێ یان ناکرێ؟ سوپاس.

**بەڕێز عـــەدنان مـــحـــەمـــەد نەقــشـبـــەندیی:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

بەگوێرەی دەقەکە ئەگەر هەردووک پێکەوە ئامادەنەبوون کۆبوونەوەکە ناکرێ، بەڵام ئەو کاتە ئەندامانی لیژنەکە دەتوانن لەنێوان خۆیاندا یەکێک بەسەرۆک دابنێین و کۆبوونەوەکەش ببەستن، سوپاس.

**بەڕێز حـــەســـەن عـــەبدوڵلا کـــوێســـتـــانی:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

لەو حاڵەتەدا با بەتەمەنترین ئەندام سەرۆکایەتی کۆبوونەوەکە بکات، جگە لەوەش نازانم ئەم

هەموو سەرۆکە لەناو یەک ئەنجوومەندا چی دەگەیەنێ؟ سوپاس.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

وابزانم ئەگەر داڕشتنەکە وای لێ بێت ئیتر هیچ گرفتێک نامێنێ، (زۆرایەتی ـ نصاب لەکۆبوونەوەکانی لیژنەکاندا بەئامادەبوونی زۆربەی ئەندامان و ئامادە بوونی سەرۆک، یا جێگری سەرۆک پێک دێت)، سوپاس.

**بەڕێز مەلا محەمەد ئەمین عەبدولحەکیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەگوێرەی دەقەکە ئەگەر (نصاب) تەواو نەبێت کۆبوونەوەکە ئەنجام نادرێت، بەلای منەوە رادەی (نصاب)ـەکە بکرێ بە (٣/٢)ی ئەندامان، ئەمە لەلایەک لەلایەکی تریشەوە لاگیری بیروڕایەکەی د. فوئاد دەکەم کە دەڵێ: بەئامادە بوونی سەرۆک و جێگرەکەی پێک دێت. ئەوە کۆتایی بەبابەتەکە دێنێ، بەلام سەبارەت بەبڕیارەکە (بڕیارەکانی بەزۆرایەتی دەدات) ئەوەیان راست و تەواوە، سوپاس.

**بەڕێز حسێن عارف عەبدولرەحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەگوێرەی پێشنیارەکەی بەڕێز د.فوئاد دەقەکە وای لێ هات (زۆرایەتی (نصاب) لەکۆبوونەوەکانی لیژنەکاندا بەئامادەبوونی زۆربەی ئەندامان و ئامادەبوونی سەرۆک یا جێگرەکەی پێک دێت، بڕیارەکانیشی بەزۆرایەتی دەنگ دەدات)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کێ بەم داڕشتنە رازییە؟ ... دەست بەرزکرایەوە...... ئەنجوومەن بەگشتی بەم داڕشتنە تازەیەی خاڵی پێنجەم رازی بوو.

**بەڕێز حسێن عارف: مادەی (٣٦)ی خوێندەوە.**

**بەڕێز د. کمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

نازانم بۆچی دەبێ خاوەنی بڕاو نامەی زانکۆ بێت؟ سوپاس.

**بەڕێز عبدالخالق محەمەد رشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

(مقرر) یا (سکرتێر) یەکێکیان بەکار بهێنرێت، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

مقرر، سکرتێر نییە، بەڵکو وەکو فەرمانبەر وایەو، لە دەرەوەی پەرلەمانەوە دێت، مەرجیش نییە

بڕوانامەی زانکۆی هەبێت، سوپاس.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

سکرتێر لە ناو ئەنجوومەنەوە دێت، یا لە دەرەوەی ئەنجوومەن؟ ئەگەر لە دەرەوەیە دەبێ جێگر بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سکرتێر لە دەرەوەی ئەنجوومەن دەبێ، خۆ نابێ ئەندامی ئەنجوومەن سکرتێر بێت، وابزانم ئاشکرایە.

**بەڕێز د. رۆژ نووری شاوەیس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەبڕوای من مادام لە دەرەوەیە باشتر وایە بڕوانامەی زانکۆی لە سکرتاریەت هەبێت، سوپاس.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لاگیری برادەران دەکەم مادام لە دەرەوەی ئەنجوومەنە، پێویستە بڕوانامەیەکی بەرزی زانکۆی هەبێت، سوپاس.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

مادام سکرتێر لەدەرەوەی ئەنجوومەنە ئیتر پێویست بەئامادەبوونی کۆبوونەوەی لیژنەکان ناکات، با مقرڕ بەم کارە هەڵسێت و غەریب لەکۆبوونەوەکەدا نەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

چەند بیروڕایەک لەم بارەیەوە هەیە، مقرڕ بێ یا سکرتێر؟ ئەگەر لەباتی سکرتێر مقرر بێت، ئەوا لەم حاڵەتەدا مقرر ئەندام دەبێت چونکە بەپێی یاسا ئەندامانی ئەنجوومەنی (متفرغ)ن.

**بەڕێز ئەیاد ئامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من وەکو ئەندامێکی لیژنە حەزدەکەم ئەم بابەتە روون بکەمەوە، ئایا ئیشی ئەو سکرتێرە ئیداری تەواوە، ئایا ئەو ئیشانەی کە سکرتێر دەیکا بەمقرر ناکرێت؟، سوپاس.

**بەڕێز ئەحمەد تاهیر نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

وشەی مقرڕ بکرێت بە (دەمڕاست) و (سکرتێر)یش وەکو خۆی بمێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەگەر وشەی مقرر بە(دمراست) وەربگێردرێ، ئەوە بەڕێز د.کەمال ـ یش وشەی (رازیاریز)ی لەجێی (سکرتێر) پێشنیار کردوە.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

راستە ئەندامانی پەرلەمان هەموو (متفرغ)ن، هەروەها ئەندامان ئامادەیی خۆیان پیشاندا کە لەجەژنیشدا دەست بەکار بن، بەڵام خۆتان دەزانن پەرلەمان ماوەی پشووی هەیە، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا خۆ نابێ لیژنەکان لەکار بوەستن، بەتایبەتیش لیژنەکانی یاساو کۆمەڵایەتی و ئابووری کەزۆر گرنگن و رەنگە لەو ماوەیەدا شتیان بۆ بێت، لەبەر ئەوە دەبێ سکرتێرێک هەبێت لەدەرەوەی ئەندامان و پەرلەمانەوە بێت. بەڕای من دەبێ ئەو مادەیە بەم شێوەیە هەمواربکرێتەوەو بگوترێ: (ئەولیژنانەی کە پێویستیان بەوەیە سکرتێریان بۆ دابندرێت)، واتا مەرج نییە سکرتێر بۆ هەموو لیژنەکان دابنرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

وەک دەزانن ئێمە (١٥) لیژنەمان هەیە، بەو حاڵە دەبێ ١٥ سکرتێریان بۆ دابمەزرێنین، لەو بڕوایەشدام کە بارودۆخی ئابووریمان رێی ئەوەمان ناداتێ، بەبڕوای من جارێ با هەر ئەندامێکی ئەنجوومەن مقرر بێت. دوای ئەوە ئەگەر زانیمان پێویستەو بارودۆخمان باشتربووە ئەو کاتە بەئاسانی بەپێی پێڕەوی ناوخۆی ئەنجوومەن دەتوانین بیگۆڕین.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

سەبارەت بە پێشنیارەکەی پێشووم روونکردنەوەم هەیە، سەرەتا من وا تێگەیشتم کە سکرتێر دەبێ ئەندامی ئەنجوومەن بێت لەگەڵ ئەوەشدا مەرج نییە خاوەنی بڕوانامەی زانکۆ بێت. سەبارەت بە وشەی مقرریش وا بزانم (کارگێڕ) یا(دەمراست، یا ریش سپی) بەکار دێت، جگە لەوەش هەندێ لەبرادەران لەباتی (پەرلەمان) ئەڵێن (بەرلەمان) کە ئەمەیان شێوە عەرەبییەکەیە، وەک ئێوەش وتتان (١٥) سکرتێر بەڕاستی زۆرە، باشتر وایە مادەکە لابرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئایا رازین بەوەی سکرتێر لابرێت؟ دەست بەرزکرایەوە... ئەنجوومەن بەگشتی رەزامەندی لەسەر لابردنی دەستەواژەی (سکرتێری لیژنەکان) پیشاندا. سوپاس، ئێستاش با بچینە سەر مادەیەکی تر.

**بەڕێز حسێن عارف: مادە(٣٧)ی خوێندەوە.**

بەڕێز د. ئیدریس هادی سالح:
بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.
لە خاڵی یەکەمدا وتراوە( چەند کارمەندێک یا پسپۆڕێک لیژنە دەتوانێ لەدەرەوە راوێژیان پێ بکا) تکایە ئەمە روون بکەنەوە، سوپاس.
بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:
عەرەبییەکەی دەڵێ( ای خبیر او مختص) واتا هەر کەسێک بەپێویست زانرا.
... خرایە دەنگەوە وبەزۆربەی بڕیاری لەسەر درا.

بەڕێز حسێن عارف: مادە(٣٨)ی خوێندەوە.
بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:
کێ تێبینی لەسەر ئەم مادەیە هەیە؟.
بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:
بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.
وابزانم مەبەست لەدەسەڵاتی جێبەجێ کردن (السلطە التنفیذیە)یە، نازانم ئەو ناوە هەروا دەمێنێتەوە، یالەپاشان بڕیاری لەسەر وەردەگیردرێ و دەگۆڕێ؟ نەک وەکو ئێستا چۆنە هەروا بمێنێتەوە، سوپاس.
بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا:
بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.
ئایا ئەندامانی دەسەڵاتی جێبەجێ کردن بۆیان هەیە هەفتەی جارێ بۆ ئەنجوومەن بێن ئەو کارانە کە ئەنجامیان داوە پێش چاوی ئەنجوومەنی بخەن و ئەندامانی پەرلەمان پرسیاریان لێ بکەن!؟ سوپاس.
بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:
بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.
تائێستا ئێمە ناوێکی تەواومان بۆ ئەو دەسەڵاتە پێ نەگەیشتووە، بۆیە دەسەڵاتی جێبەجێ کردن ناوە مام ناوەندییەکەیەو بەواتای ئەنجوومەنی راپەڕاندنی کۆن و ئەنجوومەنی داهاتووش دێت. بۆ ئەوەشی کە سەرۆکی دەسەڵاتی جێبەجێ کردن مافی ئامادەبوونی هەبێت، دەڵێین خۆی ئەندامی پەرلەمانەو هەر خۆی ئەو مافەی هەیە، بەڵام ئەگەر لەبارەی ئیشوکارەکانی خۆیەوە بێت ئەو کاتە بەشێوەیەکی رەسمی بانگ دەکرێت، سوپاس.
بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:
بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.
تەنها ویستم ئەمە بچەسپێت، سوپاس.

بەڕێز نەژاد عەزیز ئاغا:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.

سەرۆک وەزیران ئەندامی ئەنجوومەنی نیشتمانییە، ئەمە کار لەوە ناکات مادەیەک دابندرێ (١٥) رۆژ جارێک، یا مانگی جارێک لەبەردەمی ئەنجوومەندا ئیشوکارەکانی خۆی پێشکەش بکات و ئەنجوومەنیش گفتوگۆیان لەسەر بکات، ئەوە پەیوەندی بەوەوە نییە کە لەئەنجوومەندا ئەندامە یا نا، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:

مەبەستت ئەوەیە کەپێبەند بکرێ؟

بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.

ئەوەی کاک نەژاد ئەیلێ ئاشکرایە ئەنجومەن وەکو لایەنێکی یاسادانان، مافی چاودێری کردنی دەسەڵاتی جێبەجێ کردنی هەیە، مەبەست لە دەسەڵاتی جێبەجێ کردن بەهاوکاری سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران بێ، یاسەرۆکی ئیداری بێ، بۆی هەیە هەر کاتێک بە پێویست زانرا بۆ پەرلەمان بانگ بکرێ، بۆیە پێویست بەوە ناکات کاتی بانگ کردنەکەی دیاری بکرێت، سوپاس.

بەڕێز کانەبی عەزیز ئەحمەد:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.

دەقەکە روونە، هەر کاتێ ئەندامانی دەسەڵاتی جێبەجێ کردن بانگ کران، ئەو بانگەوازە سەرۆکیش دەگرێتەوە، سوپاس.

بەڕێز ئەحمەد تاهیر نەقشبەندیی:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.

ئەو دووسێ زاراوەیەی کە دەربارەی دەسەڵاتی جێبەجێ کردنە وەک ئەنجوومەنی وەزیران، ئەنجومەنی جێبەجێ کردن و... هتد. حەزدەکەین بچەسپێ بزانین ناوەکەی چییە؟ سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:

ئێمە ئێستا خەریکی ئەوەین.

بەڕێز فەلەکەدین سابیر کاکەیی:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.

ئەو پرسیارە هەمیشە دووبارە دەبێتەوە، بۆیە وەکو روونکردنەوە دەڵێم دەسەڵاتی جێبەجێکردن ناوێکی گشتییەو، بەڵام وەکو ناولێنان ئێمە چ ناوێکی لێ دەنێین؟ ساڵی ١٩٧٤ پاش ئەوەی کە شەڕ لەگەڵ رژێمی فاشیستی دکتاتۆری تاوانباری بەغدا دەستی پێکردەوە، یاساکە هەموار کرایەوەو لەپرۆژەی ئۆتۆنۆمی پارتیدا وشەی وەزیر دانرا، هەرچەندە ئەو پرۆژەیە تا ئێستا راندگەیاندراوە، بەڵام ئەگەر رۆژێ لەرۆژان ئەنجوومەن پێویستی بەدەسەڵاتێکی جێبەجێ کردن

هەبوو، ئەوە رەنگە لیژنەکان کەڵک لەو پرۆژەیە وەربگرن، چونکە بە پلەی وەزیر دانراوە، واتە لە ساڵی ١٩٧٤وە بڕیار لەسەر وشەی وەزیر دراوە. واتە دەتوانین دەسەڵاتی جێبەجێ کردن بە ئەنجومەنی وەزیران ناو ببەین، وەک ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێم، یا حکومەتی مەحەلی، رەنگە وشەی وەزیر رێکوپێک ترو راستتریش بێت، لەباری مەعنەویشەوە ئەوە دەگەیەنێ کە میللەتی کورد حکوومەتێک دادەمەزرێنێ، ئەمەش مافی سروشتی خۆمانە کە حکوومەتی مەحەلی خۆمان هەبێ هەروەکو لە ئەڵمانیا چەند حکوومەتێکی مەحەلی هەیە، بۆیە دەڵێم وشەی وەزیر رێکو پێک تردو، پڕ بەپێستی خۆیەتی و باناوی ئەنجوومەنی وەزیرانی لێ بنێین. بەم ناوەش کورد لەباری دەروونییەوە هەست بە ئاسوودەییەکی زیاتر دەکات، سوپاس.

**بەڕێز عەدنان محەممەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن .**

ئێمە وەکو لیژنەیەکی یاسایی ئەوەمان داناوەو باسی دەکەین، ئێمە ئێستا ئیشمان گفتوگۆ کردنە لەسەر پێڕەوی ناوخۆ، حەز دەکەم کاتەکەمان بۆ بابەتەکەی خۆمان زیاتر تەرخان بکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەمە پرۆژەی پێڕەوی ناوخۆی ئەنجوومەنە، بەپێی ئەمەش هەر وشەیەک هاتە پێشەوە قابیلی گفتوگۆ لە سەر کردن و بیروڕا لە سەر دەربڕینە بەمەرجێ لەگەڵ یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢دا بگونجێ.

**بەڕێز د. محەممەد فوئاد مەعسوم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەراستی ئێستاکە هاتووینەتە سەرهەندێک زاراوە کە زۆر پێویستە هەر لەئێستاوە بیانزانین، بۆیە حەقە باسیان لێوە بکەین. رەنگە یەک دوو رۆژی تر ئەو دەسەڵاتی جێبەجێ کردنە رابگەیەندرێ، ئەو کاتە بە چ ناوێک رای بگەیەنین؟ دیسان لەوێش بڵێین (دەسەڵاتی جێبەجێ کەر)؟ یابڵێین خەڵکینە جارێ ناومان لێی نەناو و لەسەرمان رابوەستن؟ بۆیە پێویستە باسی لێوە بکەین بەتایبەتی وشەی (وەزیر) کە ئێستا ناوی هات، سوپاس.

**بەڕێز شەوکەت حاجی موشیر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

هەر میللەتێک کە پەرلەمانی هەڵبژارد دەتوانێ ناوەکانیش بە ئازادیی دابنێت ، سوپاس.

**بەڕێز عومەر سەید عەلی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەگەر بۆ هەر شتێک بۆ مەکتەبی سیاسی هەردوو پارتە سەرەکییەکەی پەرلەمان و سەرۆکی گروپەکانی ناو پەرلەمان بگەڕێینەوە، ئیتر نازانم ئیشی ئەندامانی ئەنجوومەن چی دەبێ؟ سوپاس.

**بەڕێز د. عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وای بەباش دەزانم ناوی (ئەنجوومەنی وەزیرانی کوردستان )یا (هەرێمی کوردستان) بێت. من دەڵێم لە ئێستاوە بابەدەنگدان ئەم ناوە بچەسپێنین بۆ ئەوەی جارێکی تر نەگەڕێینەوە سەری وتکام وایە تازووە بخرێتە دەنگدانەوە، سوپاس.

**بەڕێز حسێن عارف عەبدولڕەحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

باشتر وایە لێرەدا ببڕێتەوە ولەسەر ناوێک سەقامگیر بین و بۆ لەمەو دوا رزگارمان بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەمە مسوودەی پرۆژەیە، وابزانم ئەمەشی تێدا دەبێت، هەوڵ و کۆششی لیژنەی یاساش جێگای ڕێزو شانازییە.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

منیش لاگیری کاک فەلەکەدین دەکەم،کە نەک هەر تەنها لەساڵی ١٩٧٤دا بڕیاردراوە ناوی وەزیر بەکار بهێنرێ، بەڵکو لەکاتی گفتوگۆ کردن لەگەڵ میریشدا ڕێککەوتن وابوو کە ئەمیندارییە گشتییەکان بەپلەی وەزیر دابنرێن، واتە دەسەڵاتی وەزیریان بدرێتێ، بەڵام بۆ دەسەڵاتی مەحەلی لام وایە کە نابێ وەزارەتی جەنگ و دەرەوەی هەبێ، دەبێ ئاگامان لەم لایەنە بێت، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن کانەبی خضر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

با هەردوو گرووپەکە ڕێک بکەون ناوێک بدۆزنەوە، گرنگیش ئەوەیە کەناوەکە کوردی بێت، سوپاس.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد ڕەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من پێشنار دەکەم کەناوی (ئەنجوومەنی وەزیران) بچەسپێ، سوپاس.

**بەڕێز ئەرسەلان بایز ئیسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

قۆناغی ئێستای میللەتەکەمان و پێداویستیەکانی وادەخوازێ کە ناوی (ئەنجوومەنی وەزیرانی کوردستان )بێت و لام وایە ئەمە ورەی کۆمەڵانی خەڵکیش بەرز دەکاتەوە، سوپاس.

**بەڕێز ئەحمەد تاهیر نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من تەنها ویستم ناوەکە بچەسپێ ئەوجا هەرناوێک بێت، وشەی وەزیر نەک بەعەرەبی، بەڵکو

بەفارسیش بەکار هاتووە، هەروەها لەزۆر ولاتانی تریش بەکار دێت، بەبڕوای من وشەی وەزیر جیهانییەو تایبەت بەعەرەبی نییە، بۆیە نابێ نکوڵی لە وشەی وەزیر بکەین وپێم وایە بە ناوی (ئەنجوومەنی وەزیرانی کوردستان )ەوە دابمەزرێ و بڕیاری لەسەر بدرێ وزۆریش بە پیرۆزی دەزانم، سوپاس.

**بەڕێز مەلا محمود دیرشەوی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

برایانی بەڕێز، دەبێ ئەوە بزانین کە ئێمە هەرشتێک بکەین دەبێ لەچوارچێوەی عێراقدا بێت، چونکە نە لە ناوەوەو نە لەدەرەوە لاگیری بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی میللەتی کورد ناکرێ کە کوردستان لەعێراق جیا ببێتەوە، دەبێ ئەم لایەنە رەچاو بکەین، ئێمە زۆرمان پێ خۆشە ناوی (ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان )بێت، بەلام تەنانەت لەیەکەم کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی نیشتمانیدا ئالای عێراق لەناو هۆڵەکەدا بۆ ئەوەی کەس نەڵێ کورد لەعێراق جودا بووەتەوە، بەلام دوایی نەمان زانی چۆن ئەو ئالایە دەرکرایە دەرەوە؟ پاشان جارێکی تر هێنرایەوە ژوورەوەو دیسانەوەش دەرکرایەوە، بەبێ ئەوەی پەرلەمان ئاگایەکی لەم کەین و بەینە هەبێت، جگە لەوەش ئایەتێکی قورئانی پیرۆز (وشاورهم في الامر...) لەهۆڵەکەدا هەبوو تەماشا ئەکەین ئەویش نەماوە، ئەگەر ئالاکە بەهی بەعس و صدام دادەندرێ و لەهۆڵ دەکرێتە دەرەوە، ئەی ئایەتی قورئان چی مەعنای هەیە دەربکرێ؟! سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

مادام باسی ئالاکرا. ئەو رۆژە بێ رێککەوتن لەنێوان گروپەکانداو بەبێ لێکۆڵینەوەیەکی ورد چەند برادەرێک لەبەرانبەر تەلەفزیۆنەکان باسی ئەو بابەتەیان کرد، کاتێ لەگەڵ هەردوو گروپ و برادەرانی بزووتنەوەی ئاشووری قسەمان کرد، بۆمان دەرکەوت ئاگایان لەبابەتەکە نییە، کە بلاویش بووەوە بەراستی ئەنجامێکی باشی بەدەستەوە نەدا، بۆیە بە شێوەیەکی کاتی و لەبەر ئەوەی کە بەراستی گیروگرفتێکی رۆژانەی سیاسی گەورەیەو تووشی دەبین، ئەوە بوو رۆژی جەژن وەفدێکی بیانی سەردانی پەرلەمانی کرد، ئێمە پێش وەخت لەگەڵ برادەرانی هەرسێ گروپ دانشتین و بەناچاری بڕیارماندا ئالاکە بهێنینەوە ژوورەوە، پاشان کەوەفدەکە هات ئەمەیان زۆر پێ پەسەند بوو، تەنانەت داوایان کرد لەگەڵیاندا وێنەش لە پەنای ئالاکەدا بگرین، ئەمە ئەو ئیزدواجیەتە بوو لەقسەو شعاراتماندا دەرکەوت، بۆیە بەلای ئێمەوە و، بەلای منەوە بەتایبەتی دەبێ ئەو بابەتە یەکالا بکرێتەوەو بڕیارێکی لەسەر بدرێ، ئایا ئالاکە لەناو هۆڵی ئەنجوومەنداو لەو جێگایەی کە پێویستە بمێنێتەوە یان نا؟ چونکە ناکرێ هەروەفدێک بێت و ئێمە بۆ دانان و دانەنانی ئالا پرس بەگروپەکان بکەینەوە، بۆ بابەتی ئایەتەکەش وابزانم قسەی لەسەر کراوەو لەسەر ئەوە رێککەوتوین کە بگۆڕدرێ، روون کردنەوەی ئەم بابەتەش بۆ بەڕێز د.فوئاد بەجێ دەهێڵم.

**بەڕێز د. محـمـەد فـوئاد مـەعـسـوم:**
**بەڕێـز سـەرۆكی ئـەنجـوومـەن.**

بەراستی ئەو ئایەتەی كە لێی نووسرابوو (بسم الله الرحمن الرحيم " وشاورهم في الامر فاذا عزمت فتوكل على الله،" صدق الله العظيم) مامۆستایان دەزانن كە ئە(خطاب)ـە بۆ پێغەمبەر (د.خ) تەنها بۆ راوێژەو هیچی تر، كەچی حاكمە ستەمكارەكان زۆریان هەوڵداوە سوود لەم ئایەتە ببینن، ئەو ئایەتەش جۆرە تایبەتمەندیەكی بۆ پێغەمبەر هەیە، بۆیە وتمان بابیگۆڕین و ئایەتێكی تر هەیە كەزۆر لەگەڵ ژیانی پەرلەمانیشدا دەگونجێت، ئەو دابنێین باشترە، ئەویش ئایەتی (وامـرهم شـوری بینهم) كەواتاكەی ئەوەیە: بڕیار دەبێ بەڕاوێژكردن لەنێوخۆیاندا دەربكەن،. ئەم ئایەتە جیاوازیەكی زۆری لەگەڵ ئەوەی پێشوودا هەیە، كەواتاكەی ئەوەیە دەڵێ (هەر گوێ بەڕاوێژەكەش مەدە.)

لەبەر ئەمە دەڵێین وەكو هەڵگرتن هەڵنەگیراوە، بەڵكو ئایەتێكی گـونجـاوتر لەباتی دادەنێین، سوپاس.

**بەڕێز ئەحـمـەد سـالار عـەبدلواحـیـد:**
**بەڕێـز سـەرۆكی ئـەنجـوومـەن.**

تكایەكم هەیە، ئێمە لێرە كۆبووینەتەوە وابزانم ئەگەر سۆز لەرۆمانێكدا (صداره) وەربگرێ ئەوا لێرەدا دەبێ عەقڵ ئەو (صداره)یەی هەبێت، حەقیقەتێكی زۆر تاڵ لەبەرچاو میللەتە، میللەتی ئێمە برسی و كەنەفتەو چاوەڕێی ئەوەیە خێرخوازان خێری پێ بكەن، ئەگەر هاوپەیمانان هێزی چەكوشی خۆیان بكێشنەوە ئەوا ئەژنۆمان دەشكێ، ئەوان تا ئەو كاتەی كە بەرژەندیان دەخوازێ خێر بەم میللەتە دەكەن و یارمەتی ئەدەن، پرۆژەی خەیاڵیی دوور لەحەقیقەت زكی برسی میللەت تێرناكات، باسوود لەم هەلە مێژووییە وەربگرین و بەهیچ جۆرێ لەكیس خۆمانی نەدەین، سوپاس.

**بەڕێز مـەلا مـوحـسن مـوفـتـی:**
**بەڕێـز سـەرۆكی ئـەنجـوومـەن.**

پێشنیـار دەكەم تا ئایەتە تازەكە دەنووسرێت و ئامادە دەكرێت، ئەوەی پێشـوو لەجێی خۆی دابنرێت، سوپاس.

**بەڕێز د. كـمـال عـەبدولكەریم مـحـمـەد فـوئاد:**
**بەڕێـز سـەرۆكی ئـەنجـوومـەن.**

ئەوەی راستی بێ من بۆیە ئەو پێشنیارەم كرد، چونكە لێرە نووسرابوو (دەسەڵاتی جێبەجێ كردن)، ویستم لەسەر ئەوە رێك بكەوین یا ئێستا ناوە بەرانبەرەكەی دەسەڵاتی جێبەجێ كردن دابنێین و خۆی بسڕینەوە، ئەگەریش نا، دەبا ئەو مافە بەلیژنەی دارشتنی پرۆژەی پێڕەوەكە بدەین كە لەپاشاندا بتوانێ بەو ناوەی بگۆڕێ كە ئێمە لەسەری رێك دەكەوین، بەلای ئێمەوە هەر لەسەرەتاوە ئاشكرابوو كەزۆرمان پێ خۆشە ناوی (ئەنجوومەنی وەزیرانی كوردستان) بێت، وابزانم

لەسەر ئەم بابەتەش بیروڕای جیاواز لەهەردوو گروپەکەدا هەیە، بەهەر حاڵ ئەم بابەتە دەگەڕێتەوە بۆ پەرلەمان، جگە لەوەش نازانم بۆچی ئێمە ئەوەندە لەمافەکانی خۆمان سڵ دەکەینەوە؟! بەراستی گەلی کورد مافی دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی هەبێت، ئەوە مافی ئەوەشی دەبێ کە خۆیشی بڕیاری لەسەر بدات، هەروەها مافێکی زۆر زۆر سادەی خۆشمانە ئەگەر ناوی ئەو ئەنجوومەنە بنێین: ئەنجوومەنی وەزیرانی کوردستان.

لەبارەی ئاڵاکەشەوە قسەکراو لام وابێ پێویست ناکات جارێکی تر بگەڕێینەوە سەری، بەڵام کە هەموو دامودەزگاو نیشانەیەکی ڕژێمی بەغدا لاچوویێت. ئەوە باشتر وایە کە ئیتر ئاڵاکەشی نە هێنینەوە، ئێمە وتمان ئەوە ئاڵای کۆماری عێراق نییە، بەڵکو ئەوە ئاڵای قادسیەی صدام و بەگژداچوونی هەموو دنیایە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

لەمەو دوا ڕێی گفتوگۆ تەنها بەو کەسانە دەدەین کە پێشتر ناوی خۆیان بۆ گفتوگۆ دەنووسن و، ئیتر نابێ برادەران هەر یەکە لەلای خۆیەوە دەست بەرز بکاتەوە.

**بەڕێز محەمەد عەبدولقادر لاجانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دوو بابەت هەن ویستم قسەیان لەسەر بکەین، یەکەمیان: پێشنیارەکەی کاک فەلەکەدین زۆر باشەو لەجێی خۆیەتی، بەبڕوای منیش (ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان) بێ، چونکە وشەی هەرێم (اقلیم) لەحاڵەتی فیدراڵی و کۆنفیدراڵیدا زیاتر بەکاردێت. بۆمەسەلەی ئاڵاکەش دەبێ بەبێ ترس بڕیارێک وەربگرین و ئاڵاکە دەربکەینە دەرەوەو، بەو نەوتەی کە هی خۆمانەو بەحاڵ بۆمان دەنێرن ئاگرێکی تێ بەردەین بیسووتێنین، ئەگەر ئەم بڕیارەمان نەدا تووشی دوو حاڵەت دەبین، یەکەمیان ئەوەیە کە ئاڵاکەی عێراق بەتەنها دابنێین، دەنا با ئاڵایەکیش بۆ کوردستان دروست بکەین و هەردووکیان پێکەوە هەڵبدەین، چونکە لەو وڵاتانەی کە سیستەمی فیدراڵی بەکاردێن دوو ئاڵا هەڵدەدرێ، بەبڕوای من ئەمەیان لەهەموو جوانترو بەجێ ترە، لەلایەک لەعێراق جیا نابینەوە، لەلایەکی تریش ئاڵاکەی خۆمان پیشان ئەدەین، بەڵام تا ئاڵاکەی کوردستان بڕیاری لەسەر دەدرێ و دروست دەکرێ باشتر وایە ئاڵاکەی عێراق دابنرێ، چونکە ئەوە ئاڵای صدام حسێن نییە، ڕاستە ئەو دروستی کردووە، لەهەموو دنیاشدا ئەو دەسەڵاتەی کە لەسەر تەختە ئاڵا دروست ئەکات.

خاڵی سێیەمم، سەبارەت بە ئایەتە قورئانیەکە بوو (وشاورهم في الامر فاذا عزمت فتوكل على اللـــــه)، من بۆ ئەمیان لەگەڵ بەڕێز د. فوئاددا نیم، چونکە لێرەشدا (مشوره) هەرهەمان (مشوره)یەو لەواتادا هیچ جیاوازییەکی نییە، تەنها ڕەنگە لە (مورد) جیاوازی هەبێت، ئایەت هەندێ (موراد)ی تایبەتی و هەندێکیشی گشتییە، مامۆستایان ئەمە باش دەزانن و ڕەنگە (وامرهم شورى) موردەکەی گشتی تر بێت و (وشاورهم في الامر) تایبەتی تر بێت. بەڵام حوکمی

گشتی هەیە. (فاذا عزمت فتوكل علی الله) لێرەدا مەبەست ئەوە نییە دكتاتۆریەت بەكاربهێنرێ، بەڵكو واتە پاش ئەوەی بە (مشورە) هەڵسای ئینجا (فتوكل علی الله)، بەبڕوای من دەركردنی ئایەتەكەش وەكو دەركردنی ئاڵاكەی عێراق كارێكی خراپە، سوپاس.

**بەڕێز ئەرسەلان بایز ئیسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەبڕوای من تایبەتمەندیەكەی كوردستان تارادەیەك سەیرو سەمەرەیە، رژێمێكی داگیركەری فاشی، خۆی ئیدارات و ئاڵاكەی خۆی كێشابێتەوە و ئابڵووقەی ئابووری خستبێتە سەر كوردستان، كەچی ئێمە خۆمان بەزۆری زۆرداری ئاڵاكە بهێنینەوە، ئەمە رێك لەوەدەچێ كە خۆمان جارێكی تر داگیركەر بانگ بكەینەوە. نازانم واقعیەت چییە؟ ئایا واقعیەت ئەوەیە كە ئەو چەقۆیەی كەلەسەرماندا بوو، ملمانی دەبڕیەوە، رۆڵەكانی ئێمەی سەردەبڕی، بچینەوە ژێرئەو چەقۆیە، ئایا ئەوە واقعیەتە؟! یاواقعیەت ئەوەیە ئەو ئازادییە بپارێزین كەلەئەنجامی خوێنی هەزارەها شەهیدەوە بەدی هاتووە، بەبڕوای من ئیتر جارێكی تر ئەو ئاڵایە نەیەتەوە، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

چەند خاڵێكم هەیە ئەمەوێ تێبینی خۆمیان لەسەر دەرببڕم:

١ـ بۆ ناولێنانی ئەنجوومەن بە (ئەنجوومەنی وەزیران) هەموومان لاگیری دەكەین و جیاوازیمان لەسەری نییە.

٢ـ سەبارەت بە ئایەتەكە چ (وشاورهم في الامر)ی بێت یا (وامرهم شوری بینهم) بێت ئەوە گیرو گرفتی خۆتانە.

٣ـ سەبارەت بەئاڵاكە جارێ دەبێ بزانین ئەو وەفدە كێ بوو كە هات و چ دەسەڵاتێكی هەبوو تا ئەو ئاڵایە بێتەوە ناو پەرلەمان؟! لەمەولاش بەبێ ئاگاداری ئێمە ئەگەر ئاڵاكە لەژوورەوە بوو بەهیچ كلۆجێك رازی نابین دەربكرێتە دەرەوە ، بۆ هاتنە ژوورەوەشی هەروەهارازی نابێن بهێنرێتە ژوورەوە، ئەمە زیاتر (ازدواجیەت) دەگەیەنێ و بەهیچ جۆرێ راست نییە، ئەگەر دەزانن لەدەركردنی ئاڵاكە زیانمان پێ دەگات بادەرنەكرێت، ئەگەر هیچ زیانێكیش ناگەیێنێ با هەروەفدێكیش بێت ئاڵاكە نەیەتە ژوورەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من لاگیری قسەكەی كاك فرەنسۆ دەكەم سەبارەت بەهاتنە ژوورەوەو دەركردنە دەرەوەی ئاڵاكە، سوپاس.

**بەڕێز د. جەلال شەفیق عەلی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

سەبارەت بەخاڵی یەکەم، ناولێنانی ئەنجوومەنی جێبەجێ کردن، منیش لاگیری پێشنیارەکەی کاک فەلەکەدین وکاک فرەنسۆ دەکەم و دەڵێم با ناوی (ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان) بێت، لەسەر بەیداخەکەش، کەدەرکرایە دەرەوە ئیتر هاتنە ژوورەوەی راست نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

دوو سێ پێشنیارمان لەبەردەستدایە، یەکێکیان ئەوەیە کە ناوی (ئەنجوومەنی وەزیران) پێشنیارکراوە ، دووەمیان بابەتی ئالاکەی عێراقە و، سێیەمیشیان ئایەتەکەی سەردیوارەکەیە، بەڵام جارێ با لەسەر خوێندنەوەی مادەکانی تر بەردەوام بین دوای پشودان ئەوجا دێینەوە سەر ئەو بابەتانە.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بۆ ئەوەی گیروگرفت دروست نەبێ پێشنیار دەکەم تا ئایەتی دووەم تەواو دەبێت بائایەتەکە خۆی دابنرێتەوە، بەڵام من لەگەڵ ئەو رەئیەدا نیم (شوری) و (شاور) یەک واتا ئەبەخشن ، ئەگەر چی چاوگی(جذر)ی هەردووکیشیان (شوری)یە، بەڵام بە تەصریفی فیعلەکە واتاکەش زۆر دەگۆڕێ، سوپاس.

**بەڕێز یونادم یوسف کنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بۆ ئەوەی ناوی ئەنجوومەنی راپەڕاندن لەگەڵ( ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق)دا بگونجێت. پێشنیار دەکەم کە ناوەکەی بکرێتە (ئەنجوومەنی وەزیرانی کوردستانی عێراق)، ئەمەش لەدوو لاوە گرنگە. یەکەم: ناوەکە دەچەسپێت. دووەم: واش نیشان نادات کەسەرتاسەری کوردستان دەگرێتەوە تادراوسێکمانمان تووڕە بکات، بەمەش دۆست و دوژمن دەم کوت و رازی دەکەین. سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەگەر بیروڕای تر نەبێت ئەم پێشنیارە کە لەخوارەوە نووسراوە دەخەینە دەنگدانەوە (ئەنجوومەنی وەزیرانی کوردستانی عێراق) کێ ئەم ناوەی لاپەسندە؟ تکایە دەست بەرز بکاتەوە... دەست بەرز کرایەوە بەڵام ناوەکە لەلایەن ئەنجوومەنەوە پەسند نەکرا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئێستاش پێشنیاری دووەم دەخەینە دەنگدانەوە ئەویش زیادکردنی وشەی (هەرێم)ـەلەسەر ئەو ناوە پێشنیار کراوەی،کە بەم شێوەیەی خوارەوەی لێ دێت:

(ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانی عێراق)

**بەڕێز د. ڕۆژ نووری شاوەیس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

کەس لەم ئەنجوومەنەدا نییە دژی ئەوەبێت ناوی ئەنجوومەنی وەزیرانی کوردستان بێت، تەنها ئەوەندە هەیە لەبارەی یاساییەوە دەبێ بەشێوەیەکی وا دابڕێژرێت کە بۆ دوا ڕۆژ ناچارمان نەکات هەموو جارێ ئاڵوگۆڕی بەسەردا بهێنین، با ناوێکی وای لێ بنێین کە بەروون و ئاشکرا ئاماژە بۆ ئەوە بکات کە ئەمە وەزارەتێکی هەرێمییە، سوپاس.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

کە وتت ئەنجوومەنی وەزیرانی کوردستانی عێراق یا ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان هەردووکی لەواتا یەکدەگرنەوە، یا داڕشتنەکەی بۆ کۆمیتەی یاسایی بەجێ بهێڵین، سوپاس.

**بەڕێز ئەرسەلان بایز ئیسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەبڕوای من (ئەنجوومەنی وەزیرانی کوردستانی عێراق) بنووسرێ و لەشەرحەکەیدا بووترێ مەبەست لەهەرێمی کوردستانی عێراقە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئێستا وەکو مەبدە، لەسەر ئەوە ڕێک کەوتووین کە ناوی (ئەنجوومەنی وەزیران) بێت.

**بەڕێز فەلەکەدین سابیر کاکەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێمە لەسەر ئەوە ڕازین کە ناو بنرێ (ئەنجوومەنی وەزیران)، بەڵام باشترین ناو ئەوەیەکە بڵێین (ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان)و عێراقەکەی لێ لابدرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئێمە هەموو لەسەر ئەوە ڕێک کەوتووین کەناوی بنێین (ئەنجوومەنی وەزیران)، بەڵام بەشەکەی تری ئەمێنێتەوە کە (کوردستانی عێراقی)و (هەرێمی کوردستانە)، وابزانم گیروگرفتەکەش ئەوەندە گەورە نییە ولەسنووری داڕشتنی یاسایی تێ ناپەڕێت، با برادەرانی لیژنەی یاسا لەماوەی پشوودانەکەدا ئەمەمان بۆ ئامادەبکەن. تا ئێمەش بیخوێنینەوەو بیچەسپێنین ـ لەسەر ئەم پێشنیارە ڕازین؟ دەست بەرزکرایەوە... ئەنجوومەن بەزۆربەی دەنگی ئامادەبووان ڕەزامەندی لەسەر ئەوە پیشان دا کە پاش پشوودان ناوەکە بچەسپێنرێ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەو جا مایەوە بابەتی ئایەتەکە، بێگومان هیچ مەبەستێک لەهێنانە خوارەوەی ئایەتەکە نەبووە جگە لەوەی کە ئایەتێکی لەبار تری لەجێ دابنێین کە تائێستا تەواو نەبووە.

بابەتی سێیەم بابەتی ئاڵاکەیە، کە ئەمە زۆر گرنگە بۆ ئەوی ئەو (ازدواجیەت)ە نەمێنێ و لەسەر

ڕەزامەندی هەردوو گروپ بڕیار لەسەر مان ونەمانی ئالاکە بدرێ لە ناو هۆڵی پەرلەمانداو، نابێ جارێکی تر ئەو ئالایە بەو شێوەیەی جاری پێشوو ببرێتە دەرەوەو بهێنرێتە ژوورەوە، ئەگەر جارێکی تر شتی وا روو بدات من بەش بەحالی خۆم لەم ئەنجوومەنە (استقاله) ئەکەم.
ڕاستە ئێمە ڕێزمان هەیە بۆ هەندێ ڕێککەوتن، بەلام دەبێ شت یەکلا بکرێتەوە ئەو دانیشتنەشی کە چووین لەبەر بەرژەوەندی بوو، کە هەردوو گروپ ئامادەی بوون، من وەکو گروپی پارتی و بەڕێز د. کەمال فوئادیش وەکو گروپی سەوز ئامادەبووین، من ڕەخنەیەکی توندم لەسەر هەر دووگروپەکە هەیە، چونکە حەق وایە پێشتر هەر یەکەو گروپی خۆیان ئاگادار بکەنەوەو، بۆ ئێمە جوان نییە هەر ڕۆژەو بڕیارێک بدەین، ئێمە هەر لەسەرتاوە وتمان ئەمە تاقیمانەیەکی نوێیەو دەبێ هەوڵی فێربوونی زیاتر بدەین، عەیبیش نییە ئەگەر هەڵەیەکمان کرد و پێمان زانی لێی پاشگەزبینەوە. ئێمە لێرەدا ئالای عێراقمان دەرنەکردوەتە دەرەوە، چونکە بەدەستی (صدام) (الله اکبر) ی لێ نووسراوە. نەخێر مەسەلەکە لەوە گەورەترەو، لێپرسراوانی ئەم دوو حزبەی کە پەرلەمانەکەیان پێک هێناوە کە (تەصریحات) دەدەن زۆر بەئاشکرا ئەم خاڵە دووپات دەکەنەوە، بۆیە ئیترحەق نییە نوێنەرانی ئەو حزبانە لێرەدا بیروڕای جیاواز دەربڕن. بۆیە تکام وایە هەردوو گروپ پێش وەخت لەنێوخۆیاندا ڕێک بکەون و هەر گروپەش هەر بۆچونێکی هەیە با ئەندامانی خۆی لێ ئاگادار بکاتەوە، تا لەکاتی قسەکردندا تووشی بەرزی و نزمی نەبن، ئەم مەسەلەی ئالایەش دەبێ ئەمڕۆ یاسبەی ببڕینرێتەوە، چونکە بەڕاستی بابەتێکی حەساسە وەدەبێ بزانین چی ئالایەکتان دەوێ؟ ئەگەر ئالای کوردستانتان دەوێ ئەوا هەموو دەنگی لەسەر بدەن، ئێمەش ئەوکاتە ناچارین بڕیاری دانانی لەهۆڵی پەرلەماندا بدەین، ئێوەش هەرچی بڕیارێک دەدەن ئەوە ئارەزووی خۆتانە، بەلام بۆ ئێمە وەکو دەستەی سەرۆکایەتی پێویستمان بەبڕیارێکی ڕوون و ئاشکرا هەیە، بۆ ئەوەی بزانین چی بکرێ وچی نەکرێ.
نیستاش ئەگەڕێینەوە سەر بابەتەکەی خۆمان و دەست بەخوێندنەوەی مادەکان دەکەینەوە.

**بەڕێز حسێن عارف: مادە(٣٩)ی خوێندەوە.**

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد ڕەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

مادەکە روون نییەو وابزانم زیادە، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لاگیری کاک عبدالخالق دەکەم،سوپاس

**بەڕێز جەلال شەفیق عەلی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەبڕوای من ئەم مادەیە لێرە لاببردرێت و بخرێتە سەر مادده (٣٧)ـەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. حــمــه نەجم حــمــه فــەرەج جــاف:**

**بەڕێـز ســــــەرۆكی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

هیچ دائیـرەیەک یا ڕێکخـراوێـک زانیـاریت پێنادات ئەگـەر فـرمـانێکی ڕەسـمـیت پێ نەبێت. سوپاس.

**بەڕێز د. عـــیــزەدین مـــســـتـــەفـــا ڕەســـول:**

**بەڕێـز ســــــەرۆكی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

ئەم مادەیە دەسەڵاتی بەجێگری سەرۆک ئەنجوومەن داوە بۆنەوەی بتوانێ نووسراو بۆ فرمانگەکان بنێرێ، یاسـەرۆکی لیـژنەکـان خـۆیان ئەو کـارەبکەن؟ لەگـەڵ ئەوەشـدا وابزانم مـادەکـە گـۆڕینی بەسەردابێ و ئەو حەقە بەسەرۆکی لیژنەکە بدرێت باشترە، سوپاس.

**بەڕێز مــحـــمـــەد عـــەبدولقـــادر لاجـــانی:**

**بەڕێـز ســــــەرۆكی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

بەبڕوای من مادە (٣٨)و (٣٩) لێک بدرێن وبکرێن بەیەک مادە، ئەو دابەش کردنەش بەڕای من ڕاست نییە، بەڵکو باشتر وایە بووترێ (دەستـەی سەرۆکـایەتی بۆی هەیە ئەم شتانەی خوارەوە بکات )، سوپاس.

**بەڕێز د. کـمـال عـەبدولکەریم مـحـمـەد فـوئاد:**

**بەڕێـز ســــــەرۆكی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

ڕەنگە وەرگێڕانە کوردییەکەی زۆر روون نەبێت. منیش لەگەڵ ئەو ڕایەدام کە هەردووکی بکرێت بەیەک، یا بە ئاشکراتر بنووسرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز فـــەلەکـــەدین ســـابیـــر کـــاکـــەیی:**

**بەڕێـز ســــــەرۆكی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

لیژنە هەمیشـەییەکان نابێ بە ئارەزووی خۆیان سەرۆک فـەرمانگەو فـەرمانبـەران بانگ بکەن و لێیـان بپرسنەوە، چونکە ئەمە ڕێ لەدەسەڵاتی جێبەجێ کردن دەگرێت و ناهێڵێ کاروباری خۆی هەڵسـوڕێنێ. هەروەها مـەبدەئی (فـصل السلطات)یش هەیەو، دەبێ ئازادییش بەدەسـەڵاتی جێبەجێ کردن بدرێت ، سوپاس.

**بەڕێز حـــســـــەن عـــەبدولکەریم بـەرزنجی:**

**بەڕێـز ســــــەرۆكی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

لێرە مـەبەست لە ئەرک و ئیشـەکـانی جـێگری سـەرۆک نییـە، هەروەها داوای فـەرمـانبـەری فرمانگەکانیش ناکرێ بۆ لێپرسینەوە، بەڵکو داوای زانیارییان لێ دەکرێ، سوپاس.

**بەڕێز نەژاد ئـەحــــمـــــەد عـــــەزیز ئـاغـــــا:**

**بەڕێـز ســــــەرۆكی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

پەرلەمـان ولیـژنەکـان دەسـەڵاتێکی زۆریان هەیە، ئەمـەش ئەوە ناگـەیەنێ کـە دەست خـراوەتە

نیشوکاری دەسەلاتی جێبەجێ کردنەوە، بۆیە نابێ بەچاوێکی سووکەوە تەماشای نرخ وبەهای ئەو لیژنانە بکرێت،سوپاس.

**بەڕێز عـــەدنان مـــحـــمـــەد نەقـــشـــبـــەندیی:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومـــــــەن.**

ئەو کـارە دەبێ لەرێگای جێگری سـەرۆکەوە ئەنجـام بدرێ تا هەر لیـژنەیەک لەخۆیەوە نووسـراو ناراستە نەکات، بۆیە ئەم ئەرکەش بە جێگر سپێردراوە، چونکە لەچاو فەرمانگەکانی تردا پلەو پایەی تایبەتی هەیە، سوپاس.

**بەڕێز د. مـــحـــمـــەد فـــوئـاد مـــەعـــســـوم:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومـــــــەن.**

ئەوەی لەپلەی وەزیردایە، سـەرۆکی ئەنجـوومـەنی نیشـتـمـانیی لەرێگای سـەرۆکی ئەنجـوومـەنی جێبەجێ کردنەوە داوایان دەکات، واتە راستەوخۆ بانگیان ناکات. بەلام فەرمانبەر لەلایەن جێگری سـەرۆک و سکرتێـری ئەنجـوومـەنەوە بانگ دەکـرێن، چونکە ئەگـەر سـەرۆک مـافی ئەوەی هەبێ وەزیرەکان بانگ بکا ئەوا ئەوانیش حەقی ئەوەیان دەبێ فەرمانبەر بانگ بکەن ، سوپاس.

**بەڕێز محەمەد تۆفیق رەحیم/جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومـــــــەن.**

ئەگەر رۆژێک تەرخان کرا بۆ ئەوەی هەموو وەزیرەکان ئامـادەبن و، ئەگەرخۆشیان نەیان توانی بێن ئەوا دەبێ جێگرەکانیان ئامادەبن، ئەوکاتە هەموو پرسیارەکان لەوەزارەتەکە دەکرێ و ئیتر پێویست بەوە ناکات ئەم دەسەلاتانە دیاری بکرێن، بەلای منەوە پێویستە ئەم خالە بچەسپێنین، سوپاس.

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومـــــــەن:**

پێشنیارەکە بەو شێوەیەیە کە رۆژێک بۆ لێپرسینەوەی ئەنجوومەنی وەزیران تەرخان بکەین.

**بەڕێـز نەژاد ئـەحـــمـــەد عـــەزیز ئـاغـــا:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومـــــــەن.**

من لاگیری بۆچوونەکەی کاک محەمەد دەکەم . بالیژنەکان مافی ئەوەیان هەبێ لەکێشەو شتی تر بکۆلنەوە، سوپاس.

**بەڕێـز فـــــــرەنـســـــــۆ تـۆمـــــــا هـەریری:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومـــــــەن.**

(حصر) کردنی شتێکی باش نییە، سوپاس.

**بەڕێـز د. ئـیـــــــدریس هـادی ســـــــالـح:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومـــــــەن.**

بەبڕوای من پەیوەندی کردنی لیژنەکـان بەفـەرمانگەکانەوە دەبێ زنجـیرەی رەسـمی ببـڕی. وابزانم راستـەوخۆ لەفـەرمانگەیەکی بچـووکەوە راست نییـە نووسـراو ئاراستـەی پەرلەمان بکرێت، لەبەر

ئەمە پێویستە لیژنەکەش لەرێگەی ئەو وەزارەتەوە داوای زانیاریی بکات کە پەیوەندی پێوەی هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

وابزانم بیروڕای برادەرانی لیژنەی یاسایاش ئەوەیە کە ئەمە (تحصیل حاصل)ـە، چونکە دەبێ ئەو داوایانە لەرێگای وەزارەتی تایبەتیەوە ئەنجام بدرێت.

کێ لەگەڵ ئەوەدایە مادەکە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ دەست بەرزکرایەوە. زۆربەی ئەندامانی ئەنجومەن لەسەر ئەوە رازی بوون کە مادەکە وەکو خۆی بمێنێتەوە.

ئێستاش دێینەوە سەر بابەتی دیاری کردنی رۆژێک بۆ بانگ کردن و لێپرسینەوەی ئەنجوومەنی وەزیران. کێ لەگەڵ ئەوەدایە رۆژێک بۆ ئەم مەبەستە لەهەر هەفتەیەکدا دیاری بکەین؟ بادەست بەرز بکاتەوە.

**بەڕێز د. رۆژ نووری شاوەیس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

حەز ئەکەم خاڵێک هەیە لەمادە (٣٨)دا، کە ئێستا بووەتە مادە (٣٧) باسی لێوە بکەم، چونکە ئەو مادەیە ئەڵێ:( ئەنجوومەن بۆ هەیە داوایان بکات) بە بیروڕای من ئەویش (تحصیل حاصل)ـەو مادەی (٣٧) وەکو ئەنجومەن بۆ هەیە هەموو دەسەڵاتی جێبەجێ کردن بانگ بکا. ئیتر پێویست بەوە ناکات هەفتەی رۆژێ دیاری بکرێ،با هەرکاتێ پێویست بوو بانگ بکرێن، سوپاس.

**بەڕێز محەمەد تۆفیق رەحیم/جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەوڵاتانی تر وا باوە پاش نیوەڕۆیان بۆ ئەم شتانە تەرخان دەکرێ، کە رۆژەکەش دیاری کرا ئیتر ئەندامان پێش وەختە پرسیارەکانیان بە نووسین بەدەستەی سەرۆکایەتی دەدەن. ئەوکاتە دەستەی سەرۆکایەتیش دەزانێ لەو کۆبوونەوەیەدا ئامادەبوونی کام وەزیر پێویستە. بەڵام ئەو رۆژە دەبێ سەرۆک وەزیران یان جێگرەکەی لە پەرلەماندا ئامادە بن بۆ ئەوەی بەرگری لەسیاسەتی خۆی بکات و وەڵامی پرسیاری ئەندامانیش بداتەوە، سوپاس.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی :**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەپێی مادە (٣٧)ی ئەنجوومەن هەموو کاتێ بۆی هەیە داوای ئەندامانی دەسەڵاتی جێبەجێ کردن بۆ لێپرسینەوە بکات. بەبڕوای من ئیتر پێویست بەوە ناکات رۆژێک بۆ ئامادە بوونی ئەنجومەنی وەزیران تەرخان بکرێت، بەڵکو هەر کاتێ پێویستی کرد ئەنجومەن بۆی هەیە بانگیان بکات، سوپاس.

**بەڕێز نەجمەدین عەزیز ئیسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەگەر پێویستی کرد سەرۆکی ئەنجوومەن یا هەر وەزیرێک کە پرسیار لە سەر وەزارەتەکەی زۆرە، بەتەنها هەر ئەو بەتەنها بانگ بکرێ وئیتر پێویست بەوەناکات هەموو ئەنجوومەنی وەزیران ئامادەبن، سوپاس.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

منیش لاگیری ئەو بۆچوونە دەکەم کە دەڵێ بەتەنها سەرۆک وەزیران و ئەو وەزیرەی کەلێپرسینەوەی لەسەر هەیە ئامادەبن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

واتە دەبێ دەستەی سەرۆکایەتی بەرنامەیەک بۆ ئەو پرسیارانە ڕێک بخات کە ئاراستەی ئەنجوومەنی وەزیران دەکرێن.

**بەڕێز مەلا موحسن موفتی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

با ئەو جۆرە دانیشتنانە لەگەڵ ئەنجوومەنی وەزیراندا مانگی جارێ، یا ١٥ ڕۆژ جارێک کەمتر نەبێ، سوپاس

**بەڕێز ئەحمەد تاهیر نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

زۆر جار یەکێ لەوەزیران بەڕێوەبەری گشتی، یا یەکێ لەفەرمانبەران لەگەڵ خۆیدا دەهێنێ بۆ ئەوەی وەڵامی ئەو پرسیارانە بداتەوە کە پسپۆڕایەتی دەوێ.سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بۆ ئەوەی زیاتر درێژە بەم بابەتە نەدەین وادیارە ئامادە بوونی ئەنجوومەنی وەزیران شتێکی پێویستە ئەگەر رازی بن ئەم بابەتە دەدەینە لیژنەی یاسا تا دارشتنێکمان بۆ ئامادە بکات و ئێمەش پێش چاوی ئەنجوومەنی بخەین، بەمەش کۆتایی بەگفتوگۆی مادە(٣٩)هات.

**بەڕێز حوسێن عارف:مادە(٤٠)ی خوێندەوە.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەدایە مادەکە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ ..با دەست بەرزکاتەوە..دەست بەرزکرایەوە بەگشتی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز حوسێن عارف:مادە(٤١)ی خوێندەوە.**

**بەڕێز د. ئیدریس هادی سالح:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
سەبارەت بەکۆبوونەوەو دانیشتن ، جیاوازیی لەنێوان کۆبوونەوەو دانیشتندا هەیە، بۆ نموونە ئێمە کە دەڵێین (دانیشتنی چوارەم ) رەنگە بە ١٠ کۆبوونەوە تەواو نەبێت، سوپاس.
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
وابزانم برادەرانی لیژنەی یاسا دوێنێ وتیان، هەر دانیشتنێک کە بەناوی خواو گەلەوە دەست پێ بکات، ئەوە بەدانیشتنێک دەژمێردرێ.
**بەڕێز حسێن عارف عەبدولرەحمان:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
تکام وایە کە بەعەرەبی بیر نەکەنەوە، وابزانم (کۆبوونەوە)و (دانیشتن) هیچ جیاوازیەکیان نییە، سوپاس.
**بەڕێز د. رۆژ نووری شاوەیس:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
دوو بیرورا هەیە، یەکێکیان دەڵێ: دانیشتن ئەوەیە، کەبابەتێک بۆ گفتوگۆکردن پێش چاو بخرێ، لەسەرەتای گفتوگۆی ئەو بابەتەوە هەتا کۆتاییەکەی ئەوە بەیەک دانیشتن دەژمێردرێ، ئەوەشی کە دەکەوێتە نێوان ئەو دانیشتنەوە ئەوە بەکۆبوونەوە دائەنرێ. دووەمیان دەڵێ: لەدەست پێکردنی کۆبوونەوەکەوە هەتا ئێوارە بەدانیشتنێک دەژمێردرێ، بۆیە پێویستە ئێمە لەسەر ئەمە رێک بکەوین، کە کامیان بەدانیشتن و، کامیان بەکۆبوونەوە دابنێین؟ سوپاس.
**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
وەکو پێش تریش روونمان کردەوە لەبەیانییەوە تائێوارە بەدانیشتنێک دادەندرێت. پەرلەمانیش ئارەزووی خۆیەتی ئەگەر بیەوێ گفتوگۆ کردنی هەموو پێڕەوی ناوخۆی ئەنجومەن بەیەک دانیشتن دابنێ یازیاتر، سوپاس.
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
وابزانم هەر رۆژەی کەدەست پێ ئەکەین بەدانیشتنێک دادەنرێ، بۆ وێنە ئەگەر ئەمڕۆ لیژنە دەستی بەدانیشتن کرد ئەوە تا تەواو بوونی دانیشتنەکە لەو رۆژدا ئەوە بە یەک دانیشتن دەژمێردرێ، بەڵام بۆ رۆژی دووەم دانیشتنی دووەم دەست پێ دەکات، ئەگەر لەدووەم رۆژیشدا برادەرێک ئامادە نەبوو ئەوە بەتەنها بۆ ئەو رۆژە بەبزر(غائب) دەژمێردرێ.
**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
مادە (٤٠) پشت بەبڕگە (ب)ی مادە (٢٥) دەبەستێ، وابزانم ئێمە ئەوەمان باس کردو گەلێ

(اعتراضات)ی لەسەر هەبوو سەر ئەنجامیش بەلیژنەکە درایەوە تاسەر لەنوێ دایبڕێژێتەوە، نازانم پشت بەو مادەیە ببەستین یا نا؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

(اعتراض) لەسەر غیاب نەبوو لەسەر (نصاب) هەبوو، ئەوانیش دووشتی جیاوازن، چونکە ئەوەی بیانووی رەوای بۆ ئامادە نەبوونی دانیشتنی لیژنەکان نەبێت، ئەوە بەغایب لەقەڵەم دەدرێ.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جیاوازیی لەسەر جۆری سزاو شێوەی هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەندامانداا بوو، هەردوو گروپیش لایەنگیریی ئەوەیان کرد کە سەر لە نوێ دابڕێژرێتەوە، چونکە ئەوەی ئێستا نووسراوە وەک هەڵسوکەوتە لەگەڵ قوتابی وسەرباز،سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە موتابەعەی کردنی ئامادە بوون وئامادە نەبوونی ئەندامانە، بەهیچ جۆرێکیش لەپەیوەندیی قوتابی وسەرباز ناچێ، سەرۆکی لیژنە دەبێ لێپرسینەوەی هەبێ، دەبێ پێش وەختە هۆی نەهاتنی ئەندامی لیژنە بزانێ، یا دەبێ غائبی بنووسێ.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیار دەکەم پێناسەی دانیشتن بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەبڕوای من کۆبوونەوەکە کۆمەڵێک دانیشتنە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان با لیژنەکە پێناسەی (دانیشتن)مان بۆ بکات، ئێستاش پشوویەک دەدەین و سەعات (٣) دەست پێدەکەینەوە.

## سەعات (٣)ی پاش نیوەڕۆ دانیشتنەکە دەستی پێکردەوە

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا بەردەوام دەبین لەسەر گفتوگۆکردنی ئەو بابەتانەی کە لەدانیشتنی سەر لەبەیانی دەستمان پێی کرد، لەوانەش دوو خاڵمان بۆ پاش پشوودان بەجێ هێشتبوو، یەکێکیان بابەتی ناونانی ئەنجوومەنی وەزیران بوو، کەبە شێوەیەکی مەبدەئی بڕیارمان لەسەری دابوو. ئێستاش باس لە

یەکێ لەو پێشنیارانە دەکەین کە بۆ ناوەکە کراوەو دەڵێ: ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانی عێراق. عەرەبییەکەشی (مجلس وزراء اقليم كوردستان) ئەوەی بەم ناوە رازییە بادەست بەرزبکاتەوە.

... دەست بەرزکرایەوە......

ئەنجوومەن بەگشتی دەنگی ئامادبووان ئەم ناوەی بۆ ئەنجوومەنی وەزیران پەسندکرد.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن زۆر سوپاسی کردن.

**بەڕێز نەجمەدین عەزیز ئیسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

هێشتا ئێمە لەعێراق جیا نەبووینەتەوە بۆیە عێراقەکەی ناوێ. سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کێ دژی ئەم ناوەیە؟.. کێ پێشنیارەکەی کاک نەجمەدین.. پەسند دەکات؟.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دەنگدانەکە نایاساییەو، پێشنیارەکەی کاک نەجمەدینیش دوو حاڵەت دەگرێتەوە، یا (هەرێم)ەکەی پێوە بێت و بەس، یانیش تەنها (عێراق)ەکەی پێوەبێت، واتە یا (کوردستانی عێراق) بێت، یا (هەرێمی کوردستان ) بێت. ئەو دوو پێشنیارەش هیچیان خراپ نین، بەڵام بۆ ئەوەی هیچ گومانێک نەمێنێتەوە ئەوە خرایە دەنگدانەوە زۆربەی زۆری ئەندمان دەنگیان لەسەرداو بڕایەوە، بۆیە دەنگدانی جاری دووەم بەیاسایی نازانم، سوپاس.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەو خاڵەی کە دەنگدانی لەسەر کرا پێموایە نابێ جارێکی تر بخرێتەوە دەنگدانەوە چونکە بەدەنگدانی جاری یەکەم دەبێتە بڕیار، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئێستا ناوی ئەنجوومەنەکە بەم شێوەیە جێگیر بوو: (ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانی عێراق).

هەروەها سەر لەبەیانی خاڵێکی ترمان بۆ ئێستا دواخست ئەویش باسی ئەو لیژنەیە کە بڕیارە بۆ یارمەتی مامۆستایان و فەرمانبەران پێک بێت و هەر ئەمڕۆ پەیوەندی بەکارگێری بەرەی کوردستانییەوە بکا. ناوەکانیش لەلایەن گروپەکانەوە بەم شێوەیە دیاری کراوە:

١ـ کاک فرەنسۆ هەریری. ٢ـ کاک عومەر سەید عەلی. ٣ـ کاک اکرم عاشور

داوا لەو سێ برادەرەش دەکەین کە هەر ئەمڕۆ پەیوەندی بەکارگێڕی بەرەی کوردستانییەوە بکەن وبۆ سبەی ئەنجامەکەشیمان پێ رابگەیەنن.

جگە لەو بابەتەش پێویستمان بە لیژنەیەک هەیە هەتا هەندێ کەرەستە بۆ ئەم ئەنجوومەنە بکڕێ، وەکو کورسی و مێزو شتی تر. لیژنەکەش لەم سێ بەڕێزانەی خوارەوە پێک هاتووە:
١ـ کاک ئەحمەد سالار. ٢ـ خوشکە ئەهلە محەمەد سەعدوڵلا. ٣ـ کاک فەرەنسیس شابۆ
بائەوانیش لەسبەینێوە ژوورو هۆڵەکان بگەڕێن و کەم و کوورییەکانی دیاری بکەن، ئێمەش بەپێی توانا بڕێک پارەیان بۆ تەرخان دەکەین.
هەروەها لیژنەیەکیش بۆ لێکۆڵینەوەی پێشنیارەکان پێک دەهێنین تا بەپەلە لێیان بکۆڵنەوە، ئەویش لەم بەڕێزانە پێکدێت:
١ـ فەلەکەدین کاکەیی ٢ـ د. سەلاحەدین حەفید زادە ٣ـ شمائیل ئەنو بنیامین
با ئەم لیژنەیەش لەسبەینێوە لەنێوان خۆیاندا وتووێژ بکەن و ئەو شتانەش لەبەڕێزان د.ڕۆژ و د.کەمال وەربگرن، هەروەها ئەوشتانەشی کەلەلای منن و، پاشان لێیان بکۆڵنەوەو ڕاپۆرتێکی پوختمان لەسەریان پێشکەش بکەن.
بابەتی ئاڵاکەش بۆ سبەینێ دەهێڵینەوە تا ئەنجوومەن بڕیارێکی لەسەر بدات.
ئەو بابەتەکەی دیکەش کە ماوەتەوەو هێشتا یەک لایی نەکراوەتەوە، ناوی ئەو لیژنەیەیە کە پێشنیار کراوە بۆ (ئافرەتان یا ژنان)پێک بێت، پێویستە بڕیار لەسەر ئەمەش بدرێت و بچەسپێت، چونکە لەوانەیە ئەمڕۆ لیژنەی دانانی پێڕەوی ناوخۆ لە ئیشوکارەکانی خۆیان ببنەوە، بۆیە پێویستە ناوی هەموو لیژنەکانیان بەتەواوی لەبەردەستدا بێت.
بۆ داڕشتنەوەی پێڕەوەکەش، لیژنەیەکمان پێویستە بۆ ئەوەی بەکوردیەکەیدا بچێتەوە و، لیژنەیەکی دیکەشمان دەوێ بۆ ئەوەی بە داڕشتنەوەی عەرەبییەکەیدا بچێتەوە، ئەم لیژنانەش پێویستە لەگەڵ لیژنەی یاسادا دابنیشن و پێکەوە ئەم بابەتە تەواو بکەن.
بۆ لیژنەی داڕشتنەوەی کوردیەکە، لەلایەن گرووپی سەوزەوە بەڕێز د.عیزەدین مستەفا ڕەسول و، لەلایەن گرووپی زەردیشەوە بەڕێز بارزان خالید دانراون.
بۆلیژنەی پێداچوونەوەی عەرەبییەکەشی، لەلایەن گرووپی زەردەوە، بەڕێز فەلەکەدین کاکەیی و، لەلایەن گرووپی سەوزەوە، بەڕێز عبدالخالق زەنگەنەو، لەلایەن لیستی مۆریشەوە بەڕێز یونادم یوسف دیاری کراون، با ئەوانیش دەست بەئیشوکاری خۆیان بکەن. ئەوجا من لێرەدا پرسیارێکم هەیە، ئایا پاش داڕشتنەوە پێویست بەوە دەکات کە جارێکی تر پێڕەو بخوێندرێتەوە یا نا؟.
ئەنجوومەن بە زۆربەی دەنگی ئامادە بووان بڕیاریدا کە پاش داڕشتنەوە جارێکی تر پێڕەوی ناوخۆ نەخوێندرێتەوە.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من پێشنیار دەکەم کە پێڕەوەکە بکرێتە ئینگلیزیش، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەی کوردی وعەرەبیەکەی تەواو بوو، ئەوسا ئەوەش دەکەین.

ئێستاش دێینەوە سەر بابەتی (ئافرەتان و ژنان)، کە تا ئێستا بڕیار لەسەر هچیان نەدراوە. حەزیش ناکەین دیسانەوە هەمان گفتوگۆی پێشووی لەسەر دووبارە بکرێتەوە، بۆیە داوا لەسەرۆکی هەردوو گروپ و لیستی مۆر دەکەین لەم بارەیەوە تێبینی خۆیان دەربڕن.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وابزانم ئەمە بابەتێکی زانستییەو نابێ بخرێتە دەنگدانەوە، باشتریش وایە (ناو)ەکە بۆ خوشکانی ناو پەرلەمان خۆیان بەجێ بهێڵێن و، ئەوان چ ناوێکیان لەخۆیان نا، ئێمەش پەسەندی دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕۆژ نووری شاوەیس::**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

قسەکەی دکتۆر کەمال ڕاستە، با ئافرەتان خۆیان ناو لە خۆیان بنێن. بەڵام لێرەدا یەک شت هەیە ئەو ئافرەتانەی کەسەر بەگروپی سەوزن چوار کەسن و ئەوانەی سەربەگرۆپی زەردن دووکەسن، لام وابێ لەمەشدا دیسان ڕێککەوتن زەحمەتە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

واتە کێشەکە هەر ئەمێنێتەوە.

**بەڕێز ئەرسەلان بایز ئیسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەکو د.کەمال وتی ئەمە بابەتێکی زانستییەو حەق وایە لەدەرەوەی پەرلەماندا سێ شارەزای زمان ڕاسپێرن تا لەماوەی یەک دوو ڕۆژدا ئەم بابەتەمان بەپێی زانست و مێژوو بۆ ساغ بکەنەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. حەمە نەجم حەمە فەرەج جاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەک برادەران وتیان ئەمە بابەتێکی زانستی و زمانەوانییە، پەیوەندیی بەشارەزایانی زمانەوە هەیە نەک ئیجتهادی گروپ، سوپاس.

**بەڕێز محەمەد مەلا قادر لاجانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ناوی (یەکێتی ئافرەتانی کوردستان) نزیکی (٤٠) ساڵێک دەبێ هەیە، واتا مێژوویەکی هەیە. بەم شێوەیە بڕوات، بەبڕوای من زوڵم لەزمان و ڕێکخراوەکەو ئافرەتیش دەکرێت. منیش لاگیری ئەوە دەکەم کە دەستەیەکی زمانزان بێن دانیشن و ناوەکە بچەسپێنن. خۆی ڕاستە وشەی (ژن)

باوترە لەکوردستاندا، بەڵام وشەی (ئافرەت )یش جێی خۆی گرتووە، سوپاس.

**بەڕێز هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ناوی (یەکێتی ئافرەتان) پیاو دایناوە نەک ژن، سوپاس.

**بەڕێز ئەحمەد تاهیر نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بەوشەی ژن و ئافرەت ماوەیەکی زۆرە بگرە ساڵەهای ساڵە لەئەدەب و فولکلۆری کوردیدا بەکارهاتوون، لە دانیشتنی پێشووشدا زۆر لەسەر ئەم بابەتە دواین بەبڕوای من هەردوو وشەکە بخەینە دەنگدانەوە تا بزانین کامیان لایەنگیری زیاترە ئەوەیان بچەسپێنین، سوپاس.

**بەڕێز ئەحمەد سالار عەبدلواحد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وشەی (ئافرەت) لەناوچەیەکی فراوانی کوردستاندا بەکار دەهێندرێ، هەروەها لەحیکایەتە کۆنەکانیشدا ئەو وشەیە هاتووە وشەی ( ژن ) بە زۆری بەو کەسانە دەووترێ کەشوویان کردبێ، سوپاس.

**بەڕێز مەلا محمود دێرشەوی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەردوو ناوەکە چ ئافرەت و چ ژن ناوی کوردین لەکرمانجی سەروو ژن بەکار دەهێنرێ، لەخوارووش ئافرەت، ژن بەزۆری بەو کەسە دووترێ کە شووی کردبێ، سوپاس.

**بەڕێز عەبدوڵلا رەسول عەلی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش لاگیری ئەو برادەرانە دەکەم کە دەڵێن : با ئافرەتان ناو لەخۆیان بنێن، سوپاس.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

چەند رۆژی تریش گفتوگۆ بکەین ناگەین بەئەنجام، چونکە هەر لایەو خۆی بەوشەیەکەوە بەستۆتەوە، باشتر وایە بیخەینە دەنگدانەوە، سوپاس.

**بەڕێز هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کاک ئەحمەد سالار وتی ناوی ئافرەت لەپەندی پێشینان و قەسەی نەستەق و حیکایەتە کۆنەکاندا هاتووە. منیش دەڵێم با هەموو ئەو سەرچاوانە بگەڕێن، بزانن لەیەک جێگا ناوی ئافرەت دەبینن، سوپاس.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**
ئێمە بەرژەوەندی میللەتمان وەلاوە ناوەو، ئەمە دوو کۆبوونەوەیە لەسەر وشەی ئافرەت و ژن گفتوگۆ دەکەین، دەبێ ئێمە لێرەدا خۆمان لەحزبایەتی تەسک دوور بخەینەوەو بەرژەوەندی گەل ڕەچاو بکەین، سوپاس.
**بەڕێز د. محەممەد فوئاد مەعسوم:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**
بەبڕوای من وشەکە نابێ بخرێتە دەنگدانەوە، چونکە بەدەنگدان دەرناکەوێت، لەرۆژهەلاتدا بەگشتی ئەم وشانە بەکاردێن: ئافرەت. ژن. حورمە. زەعیفە. تەنانەت عەرەب (تکرم)یشی لەگەڵدا بەکار دەهێنێ، ئەمە هەر بۆ ئەوەیە ناوی ئافرەت یا ژن نەهێندرێ، من خۆم لەگەڵ ئەوەدانیم ناوی یەکێتی (ژنانی )لێ بندرێت، چونکە (ژن)یش دیسان واتایەکی (سلبی) تێدایە وەک دەڵێن (سەرژنانی) (کانیی ژنان)و لەم جۆرە ناوو ناتۆرانە،بۆیە باشتر وایە بەدوای وشەیەکی تردا بگەڕێین و جارێ پەلە نەکەین. و بۆ ناوی لیژنەکەش ئێستا با وشەی (المرأە)ی عەرەبی دابنێین هەتا وشەیەکی گونجاو دەدۆزینەوە، چونکە بەراستی ئەو وشانە بەرانبەر بە ژن و ئافرەت تا ئێستا بەکار هاتووە هیچی حەقی خۆی پێ نەداوە وەک دەڵێن: دایکی فلان، یا ماڵەوەمان، یاخێزانەکەم، منداڵەکانم، ئەمە هەمووی بۆ ئەوەیە ناوی نەهێن، بۆیە دەڵێم بدرێتە شارەزایانی زمان و وشەیەکی وای بۆ بدۆزنەوە کە بەراستی گوزارشت لە(ژن و ئافرەت و لەخۆشک و دایکمان) بکات، سوپاس.
**بەڕێز د. سەلاحەدین حەفید زادە:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**
پێشنیار ئەکەم ئەم لیژنەیە لە ئەنجومەندا پێک نەهێنرێت چونکە کاروبارەکانیان پەیوەندی بەباری کۆمەلایەتی، یا پیشەییەوە هەیە، سوپاس.
**بەڕێز مەلا تاهیر محەممەد زین العابدین:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**
کورد زمانی زگماکی خۆی هەیە، (ئافرەت و ژن)یش وشەی کوردین و هیچ لە(عەورەت)ی عەرەبی و (زەن)ی فارسییەوە نەهاتوون، بەڵکو کوردین و مێژوویەکی دێرینیان هەیە، سوپاس.
**بەڕێز مەلا محەممەد ئەمین عەبدلحەکیم:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**
بەبڕوای من لیژنەیەکی پسپۆڕ لە شارەزایانی زمان پێکبێت و لەکۆنترین سەرچاوە بگەڕێن کەناوی ژن، یان ئافرەتی تێداهاتبێ، ئەو جا کامیان لەبار تر بوو ئەو ناوەی لێ بنێین و کۆتایی بەبابەتەکە بهێنین، سوپاس.

**بەڕێز فەوزیە عەزەدین ڕەشید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەدەقە کۆنەکاندا (ئافرەت و ژن)یش بەکار هاتوون، سوپاس.

**بەڕێز فەلەکەدین سابیر کاکەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆ دەرباز بوون لەم کێشەیە دەتوانین وشەی (بانوان) بەکار بهێنین کە ئەویش هەر کوردیە، سوپاس.

**بەڕێز حسێن عارف عەبدولڕەحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەفەرهەنگە کوردیەکاندا بەرانبەر وشەی (ئافرەت) و( ژن )هەمان ئەو واتایانە هاتووە کە بەڕێزان لێرەدا بەکاریان هێناوە، بۆ وشەی (بانو)یش (هەژاری شاعیر) دەڵێ واتای( ژنی ناوماڵ) دەبەخشێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا بوو بە سێ ناو: ژن. ئافرەت. بانوان ،کامیان هەڵبژێرین؟

**بەڕێز حەسەن ئەحمەد عەبدوڵلا کوێستانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیار دەکەم لیژنەکە ناوی لێ بنرێ (لیژنەی دایکان و خوشکان).

**بەڕێز نەهلە محەمەد سەعدوڵلا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر پیاوەکان ڕێگا بدەن و ئێمە بە (خانم) بزانن، ئەوە باشتروایە ناوی (لیژنەی خانمان)ی لێ بنێین، سوپاس.

**بەڕێز بارزان خالید عەزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی دڵم بەو پەرلەمانە دەسوتێ، ئەمە دوو ڕۆژە لەسەر وشەیەک(ژن یان ئافرەت) پێک نایەین، وادیارە وشەکە زۆر ترسناکە، ئەگەر وایە دەبا ناوی لیژنەی (تەتەری) لێ بنێین، سوپاس.

**بەڕێز عەبدوڵلا ڕەسول عەلی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لایەنگیریی خوشکە نەهلە دەکەم، با ناوی (لیژنەی خانمان) بێ. سوپاس.

**بەڕێز د. ڕۆژ نووری شاوەیس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەمەوێ وەڵامی کاک بارزان بدەمەوە، بابەتەکە ئەوە نییە کە ئێمە لەسەر ناوێک ڕێک ناکەوین،

من وا هەست دەکەم بابەتەکە خۆشە بۆیە برادەران نابن، ئەمە لەلایەک، لەلایەکی ترەوە ئەم لیژنەیە لیژنەی ئەو خانمانانەیە کە ئەندامی پەرلەمانن و پێکەوە دادەنیشن ،مادام ئەوان هەر پێکەوە دادەنیشن بیروڕای کەسیەتی خۆم دوور لەگروپ ئەوەیە، ئەوان بۆ خۆیان ناوێک هەڵبژێرن مەرجیش نییە ناوی لیژنەی ئافرەتان یان ژنان بێت. گرنگ ئەوەیە ناوێک پەیوەندیی بە بابەتەکەوە هەبێ، چونکە لە پەرلەمانەکان جیهانیدا شتی وا روو ئەدات، ئافرەتانی پەرلەمان پێکەوە کۆڕێک رێک بخەن. من وا لەم بابەتە گەیشتووم، راستیش نییە ئەوەندە لەسەر ئەم وشەیە برۆین چونکە (ئافرەت و ژن ) هەردووکیان وشەی کوردی رەسەنن، سوپاس.

**بەڕێز مـــەلا مـــحـــمـــەد شـــەریف:**

**بەڕێز ســـەرۆکی ئەنجـــومـــەن.**

ئەم گفتوگۆیە زیاترکات کوشتن و وەخت بەفیرۆ دانە، گرنگ ناوەکە نییە، گرنگ بایەخ دانە بە ئافرەت، چونکە (ژن و ئافرەت) هەردووکی وشەی کوردی رەسەنن، جاران رێزو حورمەتی ئافرەت لەرادەبەدەر بوو تەنانەت ئەگەر یەکێ تاوان و گوناهێکیشی بکردایە خۆی بدایە پەنای ئافرەت عەفوو دەکرا، وەک وتم با ناوەکە تەنها دورشم نەبێت، بەڵکو لەپەنای ناوەکەدا مافی ئافرەت دابین بکرێ و بپارێزرێ، سوپاس.

**بەڕێزکـــمـــال جـــەلال غـــەریب:**

**بەڕێز ســـەرۆکی ئەنجـــومـــەن.**

پێویست ناکات ئەوەندە لەسەرشتی ساکار گفتوگۆ بکەین، با ئەو برادەرانەی کە بۆ دانان و دۆزینەوەی ناوێکی گونجاو رایان دەسپێرین نەیەنەوە، هەتا شتێکمان بۆ نەکەن، (ئافرەت یا ژن) هەردووکی ناوی کوردین. ئەمرۆ مەسەلەی نان و مووچە گرنگن وزۆرتر پێویستییان بەدابین کردن هەیە، سوپاس.

**بەڕێز ئیـــبـــراهیم ســـەعـــیـــد مـــحـــمـــەد:**

**بەڕێز ســـەرۆکی ئەنجـــومـــەن.**

دوو رۆژ لەسەر ئەم بابەتە رۆیشتین، باشتر وایە بیخەینە دەنگ دانەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ســـەلاحـــەدین حـــەفـــیـــد زادە:**

**بەڕێز ســـەرۆکی ئەنجـــومـــەن.**

بۆ دەربازبوون لەم گفتوگۆیە پێشنیار دەکەم ناوی (لیژنەی ئافرەتان وژنانی کوردستان) بێت. سوپاس.

**بەڕێز فـــرەنســـۆ تۆمـــا هەریری:**

**بەڕێز ســـەرۆکی ئەنجـــومـــەن.**

لام وابێ بەدەنگدانیش ئەم بابەتە چارەسەر ناکرێ، دەبێ چارەسەرێکی مام ناوەندیی بۆ پەیدا

بکرێت، یا زاراوەیەکی تازەی بۆ بدۆزینەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. کمال عبدولکەریم محمد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی بیرم لەوە نەکردۆتەوە کە (یەکێتی ئافرەتان) و (یەکێتی ژنان) هەیە، بەڵکو لەرووی زمانەوانییەوە وشەی (ئافرەت) لەجیاتی (ژنان )بەلایەق نازانم، چونکە وشەی ئافرەت وەکو شتێکی تر بەکار هاتووە هەروەک (الحرمە)ی عەرەبی، ئێمە مەبەستمان ئەوەیە وشەی (ئافرەت)مان لەکۆڵ بێتەوە، کە ئەمەش بەدەنگدان نابێت، بەڵکو بابەتێکی زمانەوانییەو، ئەو بوو لەسەرەتایشەوە من وتم با ئافرەتان خۆیان بڕیارێک بدەن، یا شارەزایانی زمان ناوێکی پوختی بۆ بدۆزنەوە، سوپاس.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەم بابەتە ئەوە ناهێنێ ئەم هەموو گفتوگۆی لەسەر بکرێت. تکا لە بەڕێزان د.رۆژو د.کەمال دەکەم کە یەکێکیان ناوەکە بۆ ئەوی تریان بسەلمێنێ و دڵی هەموو لایەکیش خۆش کەن، چونکە ئەمە پەیوەندیی بە ڕێکخراوەکانەوە نییە، ئەمە تەنها لیژنەیەکی پەرلەمانییە، سوپاس.

**بەڕێز یونادم یوسف کنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنار دەکەم کە لەهەر لیستەیەک دوو ئەندام بچنە دەرەوەو پێکەوە لەسەر ناوی لیژنەکە ڕێک بکەون و ئەنجامەکەمان بۆ بهێننە ژوورەوە. هەرچەندە لە کرمانجی ژووروشدا زیاتر لە ( ٢٠ ) ملیۆن کورد هەن کە وشەی ژن بەکاردەهێنن. لە کرمانجی خوارووشدا هەن کە وشەی ئافرەت بەکار دەبەن، هەردوو وشەکەش کوردین، سوپاس

**بەڕێز پەریخان محمود عەبدولقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وادیارە برادەران زۆر بەبێ بایەخ تەماشای کێشەی ژنان دەکەن، چونکە هەموو پێ دەکەنن. لەعالەمدا گرنگیەکی تەواو بەمەسەلەی ژنان دراوە، سوپاس

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

گیروگرفت لەوە دایە دەبێ لیژنەیەک هەبێت و ناویشی لێ بنرێت و، دەبێ ئەم بابەتە لێرەشدا یەک لا بکرێتەوە.

**بەڕێز شێرکۆ فائەق عەبدوڵلا بێکەس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێکی مام ناوەندیی، پێشنیاردەکەم وشەی (بانوان) هەڵبژێردرێ، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
ئێمە باسی پێکهێنانی هێزی یەکگرتووی پێشمەرگەمان دەکرد، کەچی ئێستا گرنگی لەرادە بەدەر بە ڕێکخراوە جەماوەرییەکان دەدەین، پێشنیار دەکەم کام ناو کوردی ڕەسەن و زانستیە با بڕیار لە سەر ئەوەیان بدەین، سوپاس.

**بەڕێز شەفیقە فەقێ عەبدوللا:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
(ئافرەت و ژن ) جیاوازییان نییە، بۆیە پێی ناوێ لەسەر ئەو دوو ناوە دوو ڕۆژ گفتوگۆ بکەین. بابیخەینە دەنگدانەوە، سوپاس.
**بەڕێز شەوکەت حاجی موشیر:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
جارێ باناوی (المرأه) بمێنێ تا ئەو کاتەی کە پێکەوە لە سەر ناوێک ڕێک دەکەوین ، سوپاس.
**بەڕێز ئازاد فەتاح ڕەشید میران:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
بەگوێرەی تەقسیماتی ئیداری با بزانین (ئافرەت وژن) کامیان زیاتر بەکار دێن ئەوەیان وەربگیرێ، سوپاس.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
کە ئەم بابەتە لەئارادایە (یەکێتی ئافرەتان و یەکێتی ژنان)، ئەوەی ئێمە باسی دەکەین مەسەلەی یەکخستنی ئەو دوو ڕێکخراوە نییە، مەسەلە ئەوەیە وشەیەک بەکار بێنین ئەو وشەیەش با نە (ژن) بێ و نە (ئافرەت)یش بێ. لاشم وایە وشەی (بانوان) هیچ جۆرە حەساسیەتێک دروست ناکات و، با ئێمە لێرەدا بەکاری بهێنین و وەکو فەرهەنگیش زمانەکەمانی پێ دەولەمەند دەبێ، سوپاس.
**بەڕێز مەلا محەمەد ئەمین عەبدولحەکیم:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
باواز لە وشەی (ئافرەت و ژن) بهێنین و وشەی (خانمان و بانوان) بخەینە دەنگدانەوە، سوپاس.
**بەڕێز فەوزیە عیزەدین ڕەشید:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
وشەی خانمان ڕاسترە چونکە، دەوترێ فلان خانم، بۆیە باشتر وایە بیخەینە دەنگدانەوە، سوپاس.

**بەڕێز عەبدولخالق محەممەد ڕەشید زەنگەنە:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**
باجارێ ناوی لیژنەی (السیدات) بێ، سوپاس.
**بەڕێز عەدنان نەقشبەندیی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**
دەتوانین بەندێک زیاد بکەین، با لیژنەکە هەڵوەشێنینەوە، سوپاس.
**بەڕێز د. حەمە نەجم حەمە فەرەج جاف:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**
ئەم لیژنەیە لەلیژنەی تەندروستی و کاروبار کۆمەلآیەتیدا جێی دەبێتەوەو پێویستی بەلیژنەی سەربەخۆ نییە، سوپاس.
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**
وابزانم زۆری لەسەر ڕۆیشتین، بابیبرینەوە یادەبێ دوای بخەین، یانیش دەنگی لەسەر بدەین بابزانین کێ لەگەڵ دواخستنی بابەتەکەدایە؟ تکایە بێ دەنگی بپارێزن . پێشنیارێکی ترچی دەڵێن ئەم بابەتە بۆ سبەی دوابخرێ، بەمەرجێ سبەی بڕیاری لەسەر بدەین.دەست بەرز کرایەوە...
زۆربەی ئەندامان لەسەر ئەوە ڕازی بوون کەبۆ سبەی دوابخرێ.
زۆر سوپاس ، بابگەڕێنەوە سەر گفتوگۆی پەیڕەوی ناوخۆ.
**بەڕێز د. ڕۆژ نووری شاوەیس:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**
هەردوو گروپ وای بەباش دەزانن کەباسەکە تاسبەینێ دوابخرێ، سوپاس.
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**
بەمەرجێ سبەینێ بیروڕایەکی یەکگرتوومان بدەنێ.
**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەممەد فوئاد:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**
بۆ ئەو وەفدەی کەبڕیارە بچێتە دەرەوە، گروپی سەوز بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغای دیاری کردووە، لیستی مۆریش بەڕێز یۆنادم یوسف ـ یان دەسنیشان کردووە، بەڵام گروپی پارتی دیموکراتی کوردستان نوێنەری خۆی دیاری نەکردووە، سوپاس.
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**
بابگەڕێینەوە سەر بابەتەکەی خۆمان.
**بەڕێز حسێن عارف عەبدولڕەحمان:**
یەک لەدوای یەک مادەکانی ژمارە(٤١و٤٢و٤٣و٤٤و٤٥)ی خوێندەوە و، ئەنجوومەن بەزۆربەی دەنگ بڕیاری لەسەر دان.

ئەوجا بەڕێز حسێن عارف مادە(٤٦)یشی خوێندەوە.

**بەڕێز مـــەلا مـــەحـــمـــود دێرشـــەوی:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

سەرۆکی ئەنجوومەن، بەناو خوای گەورەو میهرەبان دانیشتنەکان بکاتەوەو، لەجیاتی گەلی کورد بڕیارەکان دەربکات، سوپاس.

**بەڕێز مـــەلا مـــحـــمـــەد شـــەریف:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

ئەم بابەتە پەیوەندی بەعەقیدەو ئایینەوە هەیە، وا دەگەیەنێ کە ئێمە (گەل)مان لەئاستی (خوا) داناوە، بۆیە تەنها بەناوی (خوای گەورە)وە بەسە، و هەروەک مەلا مەحمود فەرمووی بەناوی (گەل)یش بڕیارەکان دەربکرێ، سوپاس.

**بەڕێز د. مــحــمــەد فــوئاد مــەعــســوم:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

دەمزانی پرسیاری لەم بابەتە دەکرێ. ئەگەر رێ بدەن، وا لێک نادرێتەوە، بەڵکو دەگوترێ: بەناوی خوا (تبرکا)و، بەناوی گەل (تمثیلا)، واتا بەناوی خوا وەکو (تبرک) و (گەل)یش تەمسیلی گەل دەکات، لەزۆر وڵاتی تریشدا هەمان شت بەکار دهێنرێ، بێگومان لەو وڵاتانەشدا زانای ئاینی گەورە هەن و هەرواش بەئاسانی نەچەسپاوە، بەڵام عادەتەن کە (اضافە) بۆ دوو سێ شت دەکرێ زۆر جار واتای جیاواز دەبەخشێ یا فەرمانەکەی (فعل) بەرانبەر بەسێ چوارشت بەکاردێ و بەهەر یەکێک واتایەک دەبەخشێ،بۆ نموونە کە دەڵێی (بەناوی خواو بەناوی گەل) واتای ئەوە نییە (گەل) وەکو شتێکی پیرۆز تەماشادەکرێ، هی (خوا) بەرەکەتە، بەڵام کەدەڵێی بەناوی (گەل) ئەوە تەمسیلی گەل دەکات. هەر بۆیە لای خۆشمان تەنانەت زانایانی ئایینیش کە دەچنە شوێنێک دەڵێن (بسم الله الرحمن الرحیم) من بەناوی فلان کەسەوە هاتووم، مەبەستیشی لەوەیە کە تەمسیلی فلانەکەس دەکات ،سوپاس.

**بەڕێز مـــەلا مـــوحـــســن مـــوفـــتـی:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

حەز نەکەین هەموو ئەوانەی قسەدەکەن بەناوی گەلەوە قسەکانیان بکەن، بەڵام لێرەدا ئەو (واو)ی عەتفەی کە کوتۆتە نێوان (بسم الله و باسم الشعب)ەوە، بەبڕوای ئێمە ئەو (و) بۆ ئیشراکە، ئەمەش شتێکی ناڕەواو، نەگونجاوە، پێشنیارمان وایە. بۆ بەرەکەت بگوترێ (بسم الله الرحمن الرحیم) وبۆ بڕیارکانیش بگوترێ (یصدر قراراته باسم الشعب) ،سوپاس.

**بەێز مـــەلا مـــحـــمـــەد شـــەریف:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

فـەرمـوودەیەکی پێـغـەمـبـەر (د.خ) لەترمـزیدا هەیە دەڵێ: لەگـەڵ ناوی خـوادا نابێ ناوی تر

کۆبکرێتەوە مەگەر وشەی (ثم) بکەوێتە نێوانەوە، وەک ئەوەی کە بوترێ (بسم الله ثم باسم الشعب) ئەمەیان ئەشێ، سوپاس.

**بەڕێز د. محمد فوئاد مەعسوم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی مامۆستا دەفەرمووێ کەدەڵێ دەبێ عطف بە (ثم) بێ. داوای لێ بوردنی لێ دەکەم و دەڵێم وانییە، بۆ نمونە (المؤمن من آمن بالله وكتبه و رسله وملائكته) هەموو بەواوی (عطف) پێکەوە بەستراون و (ثم)ی تێدا نییە. باشە ئایا ئیمان بەخوا، لەئاستی ئەوانی دیکەدایە؟! نەخێر چونکە ئیمان بەخوا (مطلقە) و لەپلەی یەکەمدایە، بەڵام ئەوانەی دوای ئەو بەزنجیرە بە(واوی عطف) پێکەوە بەستراون، ئەوە تەنها بۆ (ذبائح)ە، سوپاس.

**بەڕێز مەلا محمد قادر لاجانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لاگیری د.فوئاد ئەکەم. بە (ناوی خوا) راستە بۆ پیرۆزییەو، ( بەناوی گەل )یش بۆ تەمیسلە. ئەو ناوە لە (جیاتی)یە، واتە دووشتی جیاوازن، لەبەر ئەوە باشتر وایە بڵێین (بەناوی خواو بەناوی گەلی کوردستان)ەوە، ئەمەش هیچ ئەوە ناگەیەنێ کە گەل بەرمبەر بە خوا هاتووە، سوپاس.

**بەڕێز د. عیزەدین مستەفا رەسول:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئایەتێک هەیە دەڵێ (وقل اعملوا فسيرى الله عملكم و المؤمنون) صدق الله العظيم. وابزانم مامۆستایان ، گەلی کوردستان بە موسڵمان و دیان و یەزیدیشەوە بە (مؤمنین) دەزانن. لەبەر ئەوە وابزانم هەر بەناوی (خواو بەناوی گەلی کوردستان)ەوە بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

واتا پێشنیاری تۆش ئەوەیە کە (بەناوی خواو بەناوی گەلی کوردستان)ەوە دانیشتنەکان دەسپێبکەین.

**بەڕێز د. عیزەدین مستەفا رەسول:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەکوردیدا ئەو (وە)یە نییە، بەڵکو هەر بەتەنها (و) هەیە، ئەوی یەکەم عەرەبییە ، سوپاس.

**بەڕێز مەلا محمد تاهیر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەموو ئەو قسەو گفتوگۆیانە لەپێناو پارێزگاریی کردنە لەئیسلام ، بەڵام لە هەمان کاتدا مەعطوف و مەعطوف عەلیە کە تەواو بێ ( متعلق) یەکێکەو بە (استعانە)یە . ئەمەش دەگونجێ بەمەرجێ بڵێ **(يفتتح الرئيس باسم الله جلسات المجلس في المواعيد المحددة بحضور اغلبية الاعضاء**

ویصدر المجلس قراراته باسم الشعب)، سوپاس.

**بەڕێـز د. ڕۆژ نـووری شـــــاوەیـس:**

**بەڕێـز ســـەرۆکی ئـەنجـــوومـــەن.**

لاگیری ئەوە دەکەم (بسم الله الرحمن الرحیم) بەتەبەروکەوە بوترێ.. لەهەمان کاتدا ئێمەش نوێنەرانی گەلی کوردستانین، کە قسە دەکەین وئیش دەکەین و بڕیار دەدەین هەمووی بەناوی گەلی کوردستانەوە دەکەین، بۆیە پێشنیار دەکەم ،ئەگەر مامۆستایان پێی رازی بن و، ڕەنگە چارەسەرێکی مام ناوەندیش بێت، کە لەپێشدا (بسم الله الرحمن الرحیم) بوترێ و پاش کەمێ راوەستان ئەو جا بەناوی گەلی کوردەوە دانیشتنەکە دەست پێ دەکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د. مـحـەمـەد فـوئـاد مـەعـسـوم:**

**بەڕێـز ســـەرۆکی ئـەنجـــوومـــەن.**

منیش لاگیری بۆچوونەکەی د.ڕۆژ دەکەم کە بوترێ (بەناوی خوای گەورەو میهرەبان). ئەوجا کەمێ راوەستـان، پاشان بوترێ (بەناوی گەلی کوردەوە دەست پێ دەکەین)، واتە واوەکە نەمێنێ، سوپاس.

**بەڕێز مـەلا مـحـەمـەد ئەمین عـەبدولحـەکیم:**

**بەڕێـز ســـەرۆکی ئـەنجـــوومـــەن.**

باشتر وایە ئەم بابەتە بدرێتە دەست مامۆستایان خۆیانەوە، سوپاس.

**بەڕێز مـــەلا مـــحـــەمـــەد شـــەریف:**

**بەڕێـز ســـەرۆکی ئـەنجـــوومـــەن.**

هەندێک هەیە خۆی بەدین بەستۆتەوە، بەڵام وازیشی لەدین هێناوە، قسەی ئەوانە پەسند نییە. سوپاس.

**بەڕێز مـەلا مـحـەمـەد تاهـیـر زین للعـابدین:**

**بەڕێـز ســـەرۆکی ئـەنجـــوومـــەن.**

پێشنیـار دەکەم بوترێ (بەناوی خوای گەورەو میـهرەبان ئەوجا بەناوی گەلی کوردەوە) واتە (ئەوجا) یا (پاشان)ی بکەوێتە بەینەوە، سوپاس.

**بەڕێز مـــەلا مـــوحـــسن مـــوفـــتی:**

**بەڕێـز ســـەرۆکی ئـەنجـــوومـــەن.**

نا حەزمان لەدەردەوەی پەرلەماندا زۆرن، بۆیە تکامان وایە کە لە برگەی یەکەمدا بەگوترێ (بەناوی خوای گەورەو میهرەبان) ئەوجا پاش ماوەیەک راوەستان بگوترێ (دانیشتنەمەکەمان بەناوی گەلەوە دەکەینەوە)، سوپاس.

**بەڕێـز ســـەرۆکی ئـەنجـــوومـــەن:**

ئەم پێشنیارەتان بەلاوە چۆنە؟

**بەڕێز مەلا محەممەد ئەمین عەبدولحەکیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەم (واو)انە واوی (عطف)ن، لە بەکارهێناندا زیاد لە سەرمان دەکەوێتەوە، چونکە لە خوا بەولاوە موقەدەس نییە. بۆیە باشتر وایە (ثم) لەباتی (واو) بەکار بهێنن، سوپاس.

**بەڕێز د. محەممەد فوئاد مەعسوم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(ثم)لەکوردیدا بەرانبەری نییە. بەڵام لەنووسیندا ئەگەر خاڵت دانا واتە رستەی پێشوو هیچ پەیوەندییەکی لەگەڵ ئەوەی دوای خویدا نییە، واتا لێک دابڕان هەیە. لەم حاڵەتانەدا وێرگوڵ دانانرێ ،بەڵکو خاڵ دادەندرێ وابزانم گفتوگۆی ئێمەش لەسەر (عقیدە) نییە، چونکە هەموو لەسەر ئەوە رێک و تەباین. هەرچەندە ئەشێ لەهەندێ (شکلیات)یشدا جیاوازیی هەبێ، سوپاس.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر بووترێ (بەناوی خوای گەورەو میهرەبان پاشان کۆبوونەوەکەمان بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێ ئەکا) ئەمەیان چۆنە؟، سوپاس.

**بەڕێز مەلا موحسن موفتی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر بەم شێوەیەی خوارەوەی لێ بکرێت لام وابێ کەس لاری نابێت، بگوترێ (بەناوی خوای گەورەو میهرەبان کۆبوونەوەکەمان بەناوی گەلی کوردەوە دەست پێ ئەکەین)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەم دەقە دواپێشنیارە؟

**بەڕێز نەجمەدین عەزیز ئیسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بابکرێتە (بەناوی خوای گەورەو میهرەبان وا بەناوی گەلەوە... هتد) واتە وشەی (وا) بخرێتە نێوانەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مەبەستت ئەوەیە کەبڵێین (وا بەناوی گەلی کوردستانەوە...) واتە بەم شێوەیەی لێ دێت (بەناوی خوای گەورەو میهرەبان، وا بەناوی گەلی کوردستان کۆبوونەوەکەمان دست پێ ئەکات).

**بەڕێز د. محەممەد فوئاد مەعسوم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو (و)وە بەواتای (ها)ی عەربی دێت، واتە (بسم الله الرحمن الرحيم ها نبدأ جلستنا... الخ)

واتای (انتباه) دەبخشێ. سوپاس.

**بەڕێز د. عـــیـــزەدین مـــســـتـــەفـــا رەســـول:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــــومـــــــەن.**

ئەو (و)یە زیادە کە رستەکە داندرا رستەی پاش ئەو (استثنائی)یە هیچ پەیوەندییەکی بەرستەی پێشووەوە نییە، چونکە (عطف)یان لەنێواندا نییە، سوپاس.

**بەڕێـز مـــــەلا مـــــوحـــــسن مـــــوفـــــتی:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــــومـــــــەن.**

بەباشی ئەزانین بوترێ: (بەناوی خوای گـەورەو مـیـهـرەبان کـۆبوونەوەکـەمـان وا بەناوی گـەلی کوردستانەوە دەست پێ ئەکەین)، سوپاس.

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــــومـــــــەن:**

لام وایە ئەم (وا)یە پێویست ناکات و زیادە.

**بەڕێز د. عـــیـــزەدین مـــســـتـــەفـــا رەســـول:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــــومـــــــەن.**

خۆی دەبێ فرمان بکەوێتە دواوە، سوپاس.

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــــومـــــــەن:**

چۆنە ئەگەر بڵێین(بەناوی خوای گەورەو میهرەبان. کۆبوونەوەکەمان بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێ دەکەین)؟ .. با ئەمە بچەسپێت ئەگەر رازین.

پێشنیارەکە خرایە دەنگەوەو بەزۆربەی دەنگ ئەنجومەن رەزامەندی لەسەر پیشاندا.

**بەڕێز فـــەلەکـــەدین ســـابیـــر کـــاکـــەیی:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــــومـــــــەن.**

لەباتی (دەست پێ ئەکات )وشەی (ئەکرێتەوە) یان (ئەکەینەوە )جوانترو دروستترە، سوپاس.

**بەڕێـز فـــــــرەنـــــــسۆ تـۆمـــــا هـەریری:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــــومـــــــەن.**

ڕاستر وایە بوترێ، سەرۆک بەناوی خوای گەورەو میهرەبان کۆبوونەوەکە (دەکاتەوە)، سوپاس.

**بەڕێز مـــەلا مـحـــمـــەد ئەمین عـــەبدولحـــەکـیم:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــــومـــــــەن.**

بکرێتە(بەناوی خوای گەورەو بەخشندەو بەناوی گەلی کوردەوە کۆبوونەوەکە دەکەینەوە)، سوپاس.

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــــومـــــــەن:**

ئەم بابەتەمان بەو شێوەیە بڕاندەوە (بەناوی خودای بەخشندەو میهرەبان. کۆبوونەوەکەمان بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێدەکەین).

بابچینە سەرپاشماوەی مادەکانی پێڕەو.

بەڕێز حسێن عارف مادە(٤٧)ی خوێندەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە تائێستا لەسەر چۆنیەتی دانیشتنی گروپەکان ڕێک نەکەوتووین.

**بەڕێز د. ڕۆژ نووری شاوەیس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەم بارەیەوە دەبێ جۆری دانیشتن ڕێک بخەین، پێشنیاری دەستەی سەرۆکایەتی وابووکە ژمارەیەک لەکورسیەکانی پێشەوە بۆ ئەندامان بێ و،ژمارەیەکیش بۆ میوان بەجێ بهێڵرێن، بڕیاریش وایەکە ئەمڕۆ لەگەڵ گروپەکاندا لەم بارەیەوە بدوێین، سوپاس.

**بەڕێز عەبدوڵلا ڕەسوول عەلی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەبڕوای من هۆڵەکە لە نێوان هەردوو گروپەکەدا دابەش بکرێ و سەرۆکی هەردوو گروپەوکە، گروپەکانی خۆیان ڕێک بخەن و،برادەرانی لیستی مۆریش با بکەونە ناوەندەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سەبارەت بە ڕێکخستنی دانیشتنی ئەندامان، خۆی وەک باوە ریزی یەکەم بۆ ئەنجوومەنی وەزیران و سەرۆکی گروپەکان تەرخان دەکرێ. ئەو کورسییەکانی تر بۆ میوانان دادەنرێ ئەمە لەلایەک، لەلایەکی ترەوە شێوەی دانیشتنی ئەندامان با بەڕێزان د.ڕۆژ و د.کەمال و برادەرانی لیستی مۆر پێکەوە دابنیشن و لەسەر شێوەیەک ڕێک بکەون و هەرگروپەی لەلایەکی هۆڵەکەوە دابنیشن و شوێن و ژمارەی ئەندامەکان دیاری بکەن. ئێمەش لەو حاڵەتەدا( ژمارە) لەسەر کورسییەکان دادەنێین و ئەگەر کورسییەک بەتاڵ مایەوە ئەوسا ئەزانین ئەو ئەندامە کێیە کە نەهاتووە. بەمە ئەندامیش جێی خۆی دەناسێ و کارەکەی ئێمەش ئاسان دەبێ.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نازانین ڕێکخستنەکە بەپێی پیتەکانی (ئەبجەدی) بکەین ،یا (هەجایی)؟! بەبڕوای من باشتر وایە بەپێی پیتەکانی هەجایی بێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕۆژ نووری شاوەیس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت کورسییەکانەوە، پێشنیاری ئێمە بەم شێوەیەیە، با بەگوێرەی پیتەکانی (أ. ب) نەبێت و، با هەر گروپەو بەجۆرێک بۆ خۆیان ڕێک بکەون، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە دووپاتی ئەوە دەکەینەوە کە دەبێت هەر ئەندامێک کورسییەکی تایبەتی و ژمارەیەکی تایبەتی هەبێت. بەپێی ئەمەش دەبێت مادەکە دابڕژرێتەوە.

ئێستاش کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە مادەکە بەو شێوەیە بێت کە پێشنیار کرا، با دەست بەرز بکاتەوە.. دەست بەرز کرایەوە و بەزۆربەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز حسێن عارف مادە(٤٨)ی خوێندەوە.**

**بەڕێز عەبدوڵلا رەسول عەلی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لێرەدا مەبەستی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانە، یا سەرۆکی پەرلەمان؟

**بەڕێز د. عیزەدین مستەفا رەسول:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەپەرلەمانەکانی دنیادا خەڵک ئامادە دەبن، جا چ بە ئیزنی سەرۆک بێت کە ژمارەیەکی تایبەتی ئیزن دەدات ، یا بە هەر شێوەیەکیتر بێت حەز دەکەین ئەمە روونتر بکرێتەوە،ئایا لەهەموو کۆبوونەوەیەکدا سەرۆک بۆی هەیە هاوولاتییان بانگ بکا؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

مەسەلەکە لێرەدا پەیوەندیی بە ئاشکرایی دانیشتنەکانەوە هەیە.

**بەڕێز د.عیزەدین مستەفا رەسول:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

تەنها لەکۆبوونەوەی نهێنیدا خەڵک دەردەکرێ، واتا لەکۆبوونەوە ئاشکراکاندا نەک تەنها سەرۆک بەڵکو جێگرو سکرتێرو ئەندامانیش مافی ئەوەیان هەیە کە خەڵک بانگ بکەن، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لە کۆبوونەوەی ئاشکرادا تەنها ئەوەندە هەیە ئەو کەسە بناسرێ و بە ئاگاداری دەستەی سەرۆکایەتی بێتە ژوورەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ئیدریس هادی سالح:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

مەرج نییە ئەندامانی ئەنجوومەنی وەزیران لەهەموو کۆبوونەوەکاندا ئامادەبن، سوپاس.

**بەڕێز ئەحمەد تاهیر نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

هەر هاوولاتییەک بۆی هەیە بە ئیزنی سەرۆک بێتە ژوورەوە، سوپاس.

**بەڕێز ئەرسەلان بایز ئیسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

هەق وایە رێ بەراگەیاندن بدەن بێتە ژوورەوە، تەنها ئەو کۆبوونەوانە نەبێ کە پەیوەندی بەبابەتی ئاسایش نەتەوایەتییەوە هەیە، چونکە هۆیەکانی راگەیاندن مافی رەوای خۆیان هەیە کە

دەنگوباسی پەرلەمان بلاو بکەنەوە، سوپاس.

**بەڕێز عــەدنـان مــحــەمــەد نەقــشــبــەندیی:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

بەنیسبەت پەرلەمانەکانی دنیاوە راستە خەڵک هەیە (بطاقە)ی چوونە ژوورەوەیان هەیە، بەڵام ئەمە دەقێکی تازەی دەوێ ،سەبارەت بە تێبینیەکەی کاک ارسلان - یش، ئەو مافە هەر هەیەو بە سەرۆکی ئەنجوومەن دراوەو لەو بارەیەوە ئەو بڕیاردەدا،کە هۆیەکانی راگەیاندن بێنە ژوورەوە یان نا ؟ هەندێ دانیشتنیش هەیە پێویست بەوە ناکات هۆیەکانی راگەیاندن بێنە ژوورەوە، سوپاس.

**بەڕێـز حـــــســـــەن عــــەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

لە دانیشتنی یەکەم ودووەمدا هاتنە ژوورەوەی دەزگاکانی راگەیاندن بەشێوەیەکی نامەسئولانە بوو و، وایان بەخەڵک نیشاندا کە هەردوو گروپەکە وەکو دوژمن سەنگەرمان لەیەک گرتبێ، بۆیە پێشنیار دەکەم کە یەکەێک لە دانیشتنەکان بە جەماوەر پیشان بدرێ کە برایەتی وتەباییمان پیشان بدا، سوپاس.

**بەڕێـز عــــــەبدوڵـلا رەســــــول عــــــەلی:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

لەبواری راگەیاندندا، پێشنیار دەکەم لەباتی سەرۆک دەستەی سەرۆکایەتی دابندرێت، سوپاس.

**بەڕێز مـحـەمـەد تۆفـیق رەحـیم/جـێگری سـەرۆک:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

لەیەکێ لە بڕگەکانی پێڕەوی ناوخۆدا هاتووە، دانیشتنەکان بەئاشکرا سازدەکرێ، تەنها لەو حاڵەتانەدا نهێنی دەبێ کە سەرۆک یادەستەی سەرۆکایەتی بڕیار ئەدا هۆیەکانی راگەیاندن و ئەوانەی کە ئەندام نین نەیەنە ژوورەوە، لەبەرئەوە ئەم بڕگەیە خۆی لەخۆیدا زیادە، چونکە ئێمە سەرەتا وتوومانە دانیشتنەکان بەئاشکرا سازدەکرێن، سوپاس.

**بـەڕێـز د. رۆژ نــووری شـــــــــــاوەیـس:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

بەبڕوای من ئەم بڕگەیە کردەوەی هاتنی هاووڵاتییان و رۆژنامەنووسان و هۆیەکانی تری راگەیاندن رێک دەخات، بۆیە مانەوەی ئەم بڕگەیە پێویستە، سوپاس.

**بەڕێز مـــــەلا مـــــحـــــەمــــــەد تاهیـــــر:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

لەمادە (٤٩) مەبەستی لەکام سەرۆکە، سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان، یان سەرۆک وەزیران؟.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن:**

ئەوە پێناسە كراوە، مەبەستی سەرۆكی ئەنجوومەنە.

**بەڕێز ئەرسەلان بایز ئیسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

ئەمە چەند دانیشتنێكە وابزانم هۆیەكانی راگەیاندن زۆر دێنە ژوورەوە، با خەڵكی كوردستان بزانن كە ئێمە تەنها تفەنگ تەقاندن نازانین. بابزانن لەسایەی دیموكراتیەتدا شەڕە قسەو شەڕەپەڕۆكیش دەكەین، بابزانن چۆن چۆنی گفتوگۆ دەكەین، ئەمە هیچ زیانێكی تێدا نییە، سوپاس.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

هاتنە ژوورەوەی هاووڵاتییان دەبێ بەئیزنی سەرۆك بێت و، نابێ لەم لایەنەوە بەرەڵلایی هەبێ. راستە ئازادی رۆژنامەو هۆیەكانی راگەیاندن هەیە، بەڵام دەبێ هۆیەكانی راگەیاندن بێ لایەنانە شتەكانی پەرلەمان بڵاو بكەنەوە، سوپاس.

**بەڕێز ئەحمەد سالار عەبدولواحد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

خۆی هۆشیاری راگەیاندن زۆر پێویستە و ناتوانین پێوەند و كۆتیان لەمل بكەین، ئەوەندە هەیە لەیەكێ لە كۆبوونەوەكاندا ئەو هۆیە بە خراپ بەكارهێنرا، پێشنیار دەكەم دەزگایەكی راگەیاندنی تایبەت بەپەرلەمانەوە هەبێ تاخزمەتی ئەم قۆناغە بكات، سوپاس.

**بەڕێز مەلا موحسن موفتی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

ئەوەی ئاشكرایە لێرەدا ئەوپەڕی تەبایی لەنێوان ئەندامانەدا هەیە، بۆیە منیش لاگیری ئەو پێشنیارە دەكەم كەیەكێ لەو دانیشتنانەی كە پڕ بێ لەگفتوگۆی پڕ سوودو چارەسەركردنی كێشەی میللەت لە تەلەفزیۆنەكاندا بڵاو بكرێتەوە، تا ئەوەی بەسلبی پیشاندراوە خەڵك فەرامۆشی بكات و گیانی تەبایی بڵاو بێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز مەلامحەمەد قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

ماوەیەكە هەست ئەكەین سانسۆر لە سەر پەرلەمان دانراوە، بەبڕوای من ئەمە باش نییە، بەبڕوای من ئەو سانسۆرە لابردرێت و تەنها هەندێ شت بڵاو نەكرێتەوە، ئیتر ئەوانی تر بەتەواوەتی پیشان بدرێن، پێشنیاریش دەكەم كە دووسێ برادەر لەپەرلەمان بۆ رێكخستنی ئەو ئیشە تەرخان بكرێن ئەم حاڵەتە خزمەتمان دەكات، سوپاس.

**بەڕێز هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بیروڕای من وایە لەهەموو کۆبوونەوەیەکدا دەزگاکانی راگەیاندن بێنە ژوورەوە، ئەم هۆڵە کە لە سەردەمی دیکتاتۆری عێراق (سەددام)دا دروست کراوە، نهۆمی سەرەوەی بۆ رۆژنامەنووسان تەرخان کراوە، کە ئەو وابێ ئەی ئێمە بۆئەوە قەبووڵ نەکەین بێنە ژوورەوە؟! سوپاس.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەئەورووپا خەڵک بەئارەزووی خۆیان ئەچنە ژوورەوە، لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ رۆژ ئەگەر شتی تایبەتی و نهێنی هەبێ رێگای کەس نادەن، با لای خۆشمان بەئیزنی تایبەتی دەزگاکانی راگەیاندن ماوەی ئەوەیان هەبێ، بەڵام نەک بەشێوەیەکی بەرەڵڵایی بێنە ژوورەوە. با دەستەی سەرۆکایەتی ئەو لایەنانە دیاری بکات کە دێنە ژوورەوە، بەمەرجێ لەبەردەم دەرگا ناوی خۆیان تۆمار بکەن و باج وەربگرن، چونکە میللەت چاوەڕێی ئەوەیە بزانێت پەرلەمان چی دەکات و باسی چی دەکات، سوپاس.

**بەڕێز مەلا محەمەد ئەمین عەبدولحەکیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

نابێ کەس لەخۆیەوە بێتە ژوورەوە، لە گەڵ ئەوەشدا پێویستە شێوەیەک بۆ دەزگاکانی راگەیاندن بدۆزینەوە تا هەواڵەکانی پەرلەمان بەمیللەت بگەیەنن، چونکە ئێستا میللەت ماخۆلانی ئەوەیانە بزانن پەرلەمان چی ئەکات، نازانم زیانی چییە ئەگەر بەشێوەیەکی زیندوو کۆبوونەوەکان بەرچاو میللەت بخرێ؟ سوپاس.

**بەڕێز شەوکەت حاجی موشیر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەبڕوای من پێویستە هەموو کۆبوونەوەکان نیشانی میللەت بدرێن، تەنها ئەوانە نەبێت کە پەیوەندیان بە ئاسایشی نەتەوایەتیەوە هەیە، سوپاس.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من لاگیری کاک ارسلان و مەلا محەمەد دەکەم و بە پێویستی دەزانم دەزگاکانی راگەیاندن نەک تەنها ئەوانەی خۆمان، بەڵکو بیانیەکانیش بێن و دانیشتنە ئاشکراکانمان بڵاو بکەنەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا داوادەکەم مادەکە وەکو خۆی بمێنێتەوە. مەبەستم خاڵی دووەمە کە دەڵێ (هەر هاووڵاتییەک و هەر یەکێک لەوانەی کە لە بواری راگەیاندندا کاردەکەن بۆیان هەیە بەئیزنی سەرۆک یا ئەو کەسەی مافی ئیزن دانی خۆی دەداتێ لەکۆبوونەوەکانی ئەنجوومەندا ئامادەبن) ئەمە رێکخستنی هاتنە ژوورەوەیە، ئێمە ئێستا بۆ خۆمان جێگامان نییە ئەی چۆن جێگای

ئەنجوومەنی وەزیران بکەینەوە؟ دەبێ ئەم خاڵە بمێنێت بۆ ڕێکخستنی هاتنەژوورەوەی دەزگاکانی ڕاگەیاندن. ئەوەی کە کاک حەسەن پێشنیاری کرد بۆ ئەوەی چەند دانیشتنێک تەرخان بکەین تا خەڵک بزانن هیچ ناکۆکییەک لەنێوان هەر دوو گروپدا نییە، پێم وایە بۆ ئەو جۆرە دانیشتنانە دەبێ سیناریۆی بۆ ئامادە بکرێت و بنووسرێت، دەنا هەر خاڵێک کێشەیەک دروست دەکا هەتا دەیبڕێنینەوە، لەبەر ئەوە نابێ لەوە بترسێن لەکاتی گفتوگۆ کردندا چیمان وت و دەزگاکانی ڕاگەیاندن بڵاویان کردەوە بڵێین گیروگرفت هەیە، ڕاستە خەڵک حەز دەکا هەموو ببێتە یەک حزب و گیروگرفت نەمێنێ، بەڵام ئەوە هەروا ئاسان نییە. دەبێ گفتوگۆی خۆمان بکەین وململانێی خۆمان بکەین میللەتەکەش فێری ئەوە بکەین کە بەشتێکی ئاسایی وەریبگرن، سوپاس.

**بەڕێز شـــمـــــائیل ئەنو بنیـــــامین:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

بابەتی ڕاگەیاندن و کۆبوونەوەی ئاشکرا دیارە کە پەیوەندی بە بارودۆخی کوردستانەوە هەیە ، ئەم تاقیمانەیەی کوردستان کە ئەنجوومەنی نیشتمانیی لێ پێک هاتووە هەموو کەسێ چاوەڕێی ئەوە دەکات بزانێ چی دەکات. کە چی ئێمە بێ ئەوەی بیر لەگەل بکەینەوە چەند سەعاتێک لەسەر بابەتی ژن و ئافرەت گفتوگۆ دەکەین، ئێمە دەبێ پێش هەموو شتێ گەلمان لەبەرچاو بێت، کەتائێستا هیچ شتێک لەسەر پێک هێنانی لیژنە هەمیشەییەکانی ئەنجوومەن و ئیشوکاریان نازانێت، سوپاس.

**بەڕێز نەژاد ئـەحـــــمـــــەد عــــــەزیز ئاغـــــا:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

دانیشتنەکان بە ئاشکرا دەبەسترێن و هاتنە ژوورەوەی دەزگاکانی ڕاگەیاندن و بڵاو کردنەوەی گفتوگۆکانیش بەشێکی هەرەگرنگی دیموکراتیەتە، منیش لاگیری کاک فرەنسۆ دەکەم با ئەو بیانووش نەمێنێ، سوپاس.

**بەڕێز حـــــەســــــەن عـــــەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

بەڕای من دەبێ بەلای کەمەوە دانیشتنێکی ئازادو ئاشکرا هەبێت و دەزگاکانی ڕاگەیاندن هەمووی بڵاو بکەنەوە وهیچ سیناریۆشی ناوێت تا میللەت تێ بگات نوێنەرانیان چۆن گفتوگۆ دەکەن و داکۆکی لەداخوازیەکانیان دەکەن، بەم پێیە من بڕوام ئەستوورە دوا ڕۆژ هەست بەوە ناکرێ کە دووگروپ هەیە، بامیللەتیش بزانێ کەکێ قسەی خراپ دەکات وکێ قسەی باش، سوپاس.

**بـەڕێـز د. ڕۆژ نـووری شـــــــــاوەیـس:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

منیش لاگیری ئەوە دەکەم کەکۆبوونەوە بەئاشکرا ببەسترێ، ئێمە لەگەڵ ئەوەداین کە پێویستە ڕاگەیاندن هەبێ، بەڵام بەپێی یاساو جۆرە ڕێکخستنێک بۆ ئەو (ضوابط)ـەی کە ئێستا هەیە،

ئەگەر تۆزێکیش ڕەق بێت ئەوە زیانی گەلێک لەوە کەمترە کە بەرەڵلای بکەین و تووشی ڕەدفیعەلی سلبی ببین، ئەگینا هیچ جیاوازیەک لەسەر ئەو بۆچوونانە نییە کە پێش چاو دەخرێن، هاوولاتییان با بێن و بزانن لەپەرلەماندا چی دەکرێ، چونکە پەرلەمان بە شتێکی زۆر گەورە دەزانن لەبەر ئەوە پێویستە هاتنە ژوورەوەی دەزگاکانی ڕاگەیاندن لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتیەوە ڕێک بخرێت، سوپاس.

**بەڕێز عــــومــــەر ســــەید عــــەلی:**

**بەڕێز ســــەرۆکی ئــەنجــــوومـــــەن.**

ئەو شتانەی کە د.ڕۆژ باسی لێوەکردن ڕاستە، بەڵام خۆنابێ ڕاگەیاندن بە ئارەزووی خۆی شت بۆ جەماوەر بگوێزێتەوە، چونکە هەندێ قسەو بۆچون لەئەنجامی گفتوگۆوە دێنە پێشەوە کە بەهیچ جۆرێ نابێ بچنە ناو جەماوەرەوە، وەک دەزانین دووگروپی سەرەکیش لەناو پەرلەماندا هەن و، ئەگەر هاتوو بابەتێک خرایە دەنگدانەوە لەو حاڵەتەی کە بەشێک لەئەندامانی گروپی کەسک لێرە نین هەر بڕیارێک بخرێتە دەنگدانەوە بێ گومان گروپی زەرد دەیباتەوە کە ئەمەش ڕاست نییە، بەبڕوای من باشتر وایە هەردوو گروپەکە لەسەر مەسەلە بنچینەییەکان پێش ئەوەی لێردا بەرچاو بخرێت لەسەری ڕێک بکەون ئەوجا بابلاوبکرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز عــــەبدوڵلا ڕەســــول عــــەلی:**

**بەڕێز ســــەرۆکی ئــەنجــــوومـــــەن.**

سەبارەت بەرێکخستنی ڕاگەیاندن، واتە ئەگەر ڕاگەیاندن زەبت کرا، واتە کۆت و قیوودی لەسەر داندرا، بەڵام هاتنە ژوورەوە، هەروەک د.ڕۆژ وتی دەبێ ڕێکبخرێ، بەڵام دانانی قیود واتای نەبوونی دیموکراتیەت دەبەخشێ، ئەو تەلەفزیۆنانەشی کەدێنە ناو هۆڵەکەوە هەمووی هی یەک لایەن نییە، بەڵکو تەلەفزیۆنی هەموو لایەنەکانن ، جار جاریش هی میوانە بیانییەکانە، سەرەڕای ئەمەش بۆ پشتگیری بۆچوونەکانی کاک حەسەن ئەشێ پاش هەر کۆبوونەوەیەک سەرۆکی هەردوو گروپەکە سیمنیارێکی تەلەفزیۆنی هاوبەش سازبکەن و بیروڕایان لێک نزیک بێت و، ئەو قسانەی کە لێرەدەکرێت واتای ئەوە نییە کە ناکۆکی لەنێوان لایەنەکاندا هەیە، بەڵکو ئەوە ئازادیی دەربڕینی بیروڕایەو لەکۆبوونەوەی پەرلەمانیشدا هەموو کەسێک ئازادە، من لەگەڵ کاک فرەنسۆدا نیم کە دەڵێ لەو حاڵەتەدا دەبێ سیناریو دابنێین، چونکە زۆر جار لێرە لەکاتی دەنگداندا ئەندامانی گروپی سەوز ڕەنگە دەنگ بۆ بیروڕایەک بدەن کە گروپی زەرد پێش چاوی دەخات و بەپێچەوانەشەوە هەر ڕاستە. بەبڕوای من ململانێ لەسەر بیروڕای چاک پێویستە لەناو پەرلەماندا دروست ببێ، چونکە ئێمە نوێنەری میللەتین و خۆمان بەدڵسۆز و تێکۆشەر دادەنێین. ئەگەر وا نەبێ ئیتر چ پێویست بەوە دەکات ئێمە قسە بکەین، ئەگەر واش نییە با دەستەی سەرۆکایەتی،یا سەرۆکی گروپەکان پێکەوە دابنیشن و شتەکان لەنێوان خۆیاندا ببڕێننەوەو، ئێمەش بەبێ دەنگی تەنها بۆ پێشاندانی تەلەفزیۆن دابندرێین، سوپاس.

**بەڕێز فـــــــرەنســــــۆ تۆمـــــا هەریری:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــوومــــــەن.**

بەمەدا شتێکم بیر هاتەوە کە ڕەنگە چەند ڕۆژێکی تر ئەنجوومەنی وەزیران پێک بهێنرێت ئەوکاتە یەکێک لە ئەرکەکانی وەزیری ڕۆشنبیری ئەوە دەبێ کە بەلای کەمەوە هێڵی گشتی بۆ ڕۆژنامە و ڕاگەیاندن دابنێت. بێگومان ئەوە سانسۆر نییە، بەڵکو لەهەموو دنیادا ئەم جۆرە شتانە هەیە، بە پێکهێنانی وەزارەتی ڕۆشنبیریش ئەو گیروگرفتانە چارەسەر دەکرێن کە ئێمە ئێستا بە دەستیەوە دەناڵێنین، سوپاس.

**بەڕێز مـــەلا مـــــەحـــــمـــــود دێرشـــــەوی:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــوومــــــەن.**

باسی دیموکراتیەت و سەربەستی بیروڕا دەکرێت هەروەک ئەوەی سنووری بۆ نەبێت، من دەڵێم بەو حاڵەتە دەووترێت (بەرەڵلایی)، چونکە هەموو شتێ ڕێکخستنی دەوێت، تەنانەت نوێژکردن کەعیبادەتی خوایە دەستووری خۆی هەیە ونابێ لێی لابدەین، سوپاس.

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــوومــــــەن:**

بەم پێیە مادە (٤٨) گفتوگۆی پێویستی لە سەر کرا وئێستا دەیخەینە دەنگدانەوە ئەگەر بیرو ڕای تر نییە؟.

**بەڕێز عــــــەبدوڵــلا ڕەســــــول عـــــەلی:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــوومــــــەن.**

لەباتی وشەی(سەرۆک) دەستەی وشەی( سەرۆکایەتی) دابنرێ، سوپاس.

**بەڕێز فـــــــرەنســــــۆ تۆمـــــا هەریری:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــوومــــــەن.**

لەسەرەتاوە وتم ئەو دەسەلاتەی کە بۆ دەستەی سەرۆکایەتی دادەندرێت بۆ کاک جوهرو کاک محەمەد وکاک فەرسەت نییە بەتەنیا، ئێمە ئێستا پێڕەوی ناوخۆ، یان یاسایەک بۆ خۆمان دادەنێین، کە ئەم سەرۆک و جێگری سەرۆک و سکرتێرەی ئێستاو، ئەوانەی داهاتووش دەگرێتەوە، بۆیە بەبڕوای من مادەکە لە جێگای خۆیەتی و باشتر وایە دەنگدانی لەسەر بکرێت، سوپاس.

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــوومــــــەن:**

بابەتەنها بڕگە (٢)ی مادەکە بخەینە دەنگدانەوە؟ چونکە پێشنیارێک هەیە دەڵێ سەرۆک بکرێتە دەستەی سەرۆکایەتی..

**بــەڕێــز د. ڕۆژ نــووری شـــــــــاوەیــس::**

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــوومــــــەن.**

مادەیەکی ترمان هەیە ئەویش هەندێ دەسەلاتی بە جێگری سەرۆک دابوو لەوێشدا پێشنیار کرا بوو کە تەنها بۆ جێگری سەرۆک بێت، کەواتە پێویستە ئەوەیش بۆ دەستەی سەرۆکایەتی بێت،

وەکو کاک فرەنسۆ وتی ئەمە فلان و فلان نییە، بەڵکو بۆ هەموانە، دەقەکەش لێرەدا روون و ئاشکرایەو دەڵێ: بۆ سەرۆک هەیە ئیزنی ئەوانە بدات بێنە ژوورەوە یا ئەو کەسەی کە ئەو رای دەسپێرێ. بەمەش دەسەڵاتی سەرۆک زیادو کەم ناکات، بۆیە باشتر وایە بڕگەکە وەکو خۆی بمێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز عـــــبدولـلا رســــول عــــلی:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

بەبڕوای من ئەمە واتای ئەوە نییە بۆ کاک جوهرە یا برادەرێکی ترە. کە دەستەی سەرۆکایەتی حەقی ئەوەیان هەبێ خەڵک بهێننە ژوورەوە، واتای وایە بیروڕای یەکتری لەم بارەیەوە وەردەگرن ئیتر ئەو دەسەڵاتەی کە لەم خولەدا بەسەرۆک دەدرێ بۆ خولەکانی پاشتریش دەمێنێتەوە، بۆ نموونە ئەو رۆژەی کە ئەو دوو برادەرە تابلۆکەیان هێنا ئەگەر بیروڕای دەستەی سەرۆکایەتی وەربگیرایە باشتر بوو، سوپاس.

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

پێشنیار وایە وشەی (سەرۆک) بکرێتە (دەستەی سەرۆکایەتی).

**بەڕێز د.رۆژ نووری شاوەیس/جێگری سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

پێویستە دەنگدانەکە بەم شێوەیە بێت: کێ لەگەڵ مادەکەدایە بەو شێوەیەی کە دانراوە؟ دوای ئەمە ئەوجا بەوترێ: کێ لەگەڵ ئەوەیە گۆڕانی تێ بکەوێ؟ سوپاس.

**بەڕێز د. کـمـال عـبدولکەریم مـحـمـەد فـوئاد:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

نازانم ئەمە بۆ چێ بووە بەهی سەرۆک یا دەستەی سەرۆکایەتی؟ ئەوە دەقێکی زۆر ئاساییە، ئەوەی کە لەبەر دەرگا رائەوەستێ ئەتوانێ ناوی ئەو کەسە بنووسێ و رێگای پێ بدا بێتە ژوورەوە، ئەمە لەلایەک لەلایەکی ترەوە لەوڵاتانی بێگانە کە ئێمە دەمانەوێ چاویان لێ بکەین کاتێ کە یەکێ بۆ فەرمانگەیەک ئەڕوات ئەوەی بەردەرگا ناوی ئەنووسێ و هەویەی وەرئەگرێ و سەعات چەند چووەتە ژوورەوەو سەعات چەند هاتوەتە دەرەوە، ئەمانە هەمووی دەنووسێ، ئەوسا ئەو کەسە دەبێ ئیمزای ئەو فەرمانبەرەی پێ بێ. واتە ئیشەکە ئەوەندە گرنگ و ئاڵۆز نییە تا سەرۆکی پەرلەمان رەزامەندی لەسەر پیشان بدات. لێرەدا بەبڕوای من بەستنەوەی تێدایەو، ئەو کەسەی کە لەلایەن سەرۆکەوە یادەستەی سەرۆکایەتییەوە ئیزن بدرێ پێویستە لەوەش ئاسانتر بکرێ، سوپاس.

**بـەڕێـز ئـەیـاد حــــــــاجـی نـامـق:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

دەبێ لە هەموو دانیشتنەکاندا رێ بەخەڵک بدرێت، بەمەرجێ بەپێی ئەو فۆرمانە بێت کە لەم

بارەیەوە دەردەکرێت، سوپاس.

**بەڕێز فـــــرەنســــــۆ تـۆمـــــا هـەریری:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــوومــــــەن.**

هاتنە ناو ئەنجوومەنی نیشتمانیی وەکو چوونە ناو فەرمانگەیەکی ئاسایی نییە. لێرەدا جیاوازیی هەیەو، لەدەرەوەی ئەم ئەنجوومەنەدا بۆ هیچ کەسێک نییە دەرگا بۆ خەلکانێک بکاتەوە کە بەبێ ئیزنی ئەنجوومەن بێنە ژوورەوە. پێشنیار دەکەم ئەم خالە بخرێتە دەنگدانەوە، سوپاس.

**بەڕێز محـمەد تۆفیق رەحیم/جێگری سەرۆک:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــوومــــــەن.**

خۆی ئەم پەرلەمانە لەسەر بناغەی دوو گروپ پێک هاتووە، لەبەر ئەوە پێویستە لەسەر شتە حەساسەکان پێش وەخت رێککەوتن هەبێت و مەرجیش نییە هەموو بابەتێک بخرێتە دەنگدانەوە، وەک دەزانن ئەم پەرلەمانە هاوبەشییە، ئەو بابەتانەی کە حەساسە ناخرێنە دەنگدانەوە، سوپاس.

**بەڕێز فـــــرەنســــــۆ تـۆمـــــا هـەریری:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــوومــــــەن.**

چۆن ئەم کێشەیە چارەسەر بکەین ئەگەر بەدەنگدان نەبێ؟ سوپاس.

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــوومــــــەن:**

من خۆم لەگەڵ ئەوەم کە هاتنە ژورەوە دیاری بکرێ، چونکە شت بە بێ دیاری کردن جێبەجێ ناکرێ. ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ بەندەکانی پێشوو و لەئەرکەکانی دەستەی سەرۆکایەتی ورد ببینەوە، خۆم دەقەکەم بەلاوە راستە (يأذن من الرئيس او من يخوله) لێرەدا دیاری کراوە لەگەڵ ئەوەشدا مەسەلەکە رەها (مطلق) نییە، چونکە مادەی تر هەیە وامان لێ دەکا پێکەوە مەحزەر دروست بکەین کە بێگومان ئەم بڕگەیەش دەگرێتەوە کە هاتنە ژوورەوەی خەلکە بۆ ناو پەرلەمان.

**بەڕێز د. کـمـال عـەبدولکەریم مـحـمـەد فـوئاد:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــوومــــــەن.**

پێشنیارەکەی کاک ئەیاد بە پەسند ئەزانم کە دەڵێ: (بەپێی ئەو ئامۆژگاریانەی کە لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتیەوە دادەندرێ) رەنگە ئەمە تا رادەیەک گیروگرفتەکە چارەسەر بکات و بگرە کەمێ ئاسانتریشی دەکات، بەبڕوای من سەرۆک نابێ خۆی بەم جۆرە شتانەوە خەریک بکات. ئەو ئامۆژگاریی دەردەکات و بەو پێیە هاتنە ژوورەوەی خەلک رێک دەخرێ. جا ئەگەر ئێوە بیروڕاو بۆچوونتان لەسەر مانەوەی دەقەکەیە ئێمە هیچ لارییەکمان نییە، سوپاس.

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــوومــــــەن:**

منیش لەو بڕوایەدام کە گیروگرفت لەئارادا نییە، چونکە ئەمە بابەتی دیاری کردنە، هەر وەک وتیشم ئێمە پێکەوە مەحزەر دروست دەکەین و ئیمزای لەسەر دەکەین، بێگومان لەوێدا باسی

راگەیاندن و ریدان و رێ پێنەدانیشی دەکرێ، سوپاس.

**بەرێز عەبدوڵلا رەسول عەلی:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەروەکو پێشتریش وتم ، ئەمە لە دەسەلاتی تەنها سەرۆکدا نییە، بێگومان تەلەفزیۆن کە دێتە ژوورەوە دەبێ ئەو شتانە بلاو بکاتەوە، چونکە بەرژەوەندیی ئەنجوومەن و میللەتی تێدایە، ئەم دەسەلاتە نەک بۆ ئێستا بۆ داهاتووشە، چونکە راگەیاندن وەک دەزانن گەلێ حەساسە، دەستەی سەرۆکایەتیش کە لەسێ کەس پێک هاتووە باشترە پێکەوە بریار لەسەر هەندێ شتی گرنگ بدەن، سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە با پێشنیارەکەی کاک عەبدوڵلا رەسول عەلی لەگەڵ دەقەکەدا بخەینە دەنگدانەوە.

**بەرێز عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بگوترێ (بەئیزنی سەرۆک، یا ئەوکەسەی کە ئەو رای دەسپێرێ)، سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا دوو پێشنیار هەیە، یەکێکیان دەقەکە خۆیەتی، دووەمیشیان ئەوەی کاک عەبدوڵلا رەسول.

**بەرێز د. رۆژ نووری شاوەیس::**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەبروای من دەستەی سەرۆکایەتی لەنێو خۆیاندا قسە بکەن و دوایی بیخەنە دەنگدانەوە، سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر مەبەستت دەستەی سەرۆکایەتی بێت، من وەکو وتم چەند شتێک هەیە کەوامان لێ دەکا پێکەوە نیش بکەین ئەم دەقە لێرەدا تەحدیدە، بمێنێتەوە یان نا؟

**بەرێز عەبدوڵلا رەسول عەلی:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەبروای من دەنگدانی لەسەر نەکرێت، بەڵکو دوابخرێ، یانیش سەرۆکی گروپەکان پێکەوە لەسەر شێوازێک رێک بکەون، سوپاس.

**بەرێز مەلا محەمەد شەریف:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(بەئیزنی سەرۆک یا ئەو کەسەی کە ئەو رای دەسپێرێ)، ئەمە دەقێکی روون و ناشکرایە و باشە تەنانەت لێپرسراوی پرسگەش دەتوانێ ئەم کارە راپەرێنێ، ئەم هەموو گفتوگۆیەش تەنها وەخت کوشتن دەگەیەنێت، سوپاس.

**بەڕێز فـــــرەنســـــۆ تۆمـــــا هەریری:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

باس لەدەسەلاتەکانی سەرۆکی ئەنجوومەن دەکرێ کە لەیەکێ لەدەقەکاندا هاتووە دەڵێ: سەرۆک نوێنەرایەتی ئەنجوومەن دەکات، سوپاس.

**بەڕێز حـــەســـەن عـــەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

وابزانم باشتر وایە کە دەستەی سەرۆکایەتی پێکەوە رێک بکەون، سوپاس.

**بەڕێز هیـــرۆ ئیـــبـــراهیم ئـەحـــمـــەد:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

باشە ئەگەر کۆمەڵە رۆژنامەنووسێک هات و سەرۆکیش لێرە نەبوو؟ سوپاس.

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن:**

ئەو دەسەلاتە لەو حاڵەتەدا بەجێگری سەرۆک دراوە.

**بەڕێز عـــــەبدوڵلا رەســـــول عـــــەلی:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

ئەم پێـڕەوە لیـژنەی هاوبەش دایناوە باسەرۆکی هەر دوو گـروپەکـە پێکەوە رێک بکەون، چونکە دەنگدان بەراست نازانم بەتایبەتیش کە ئێستا ژمارەیەک لەبرادەرانی گروپی کەسک لێرە نین، سوپاس.

**بەڕێز یونس مـــحـــەمـــەد ســـەلیم رۆژبەیانی:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

ئەنجـوومـەن لەدوو گـروپ پێک هاتووە بۆ یە کـۆتایی بەم بابەتە بهێنین و باشـتـر وایە بخـرێتـە دەنگدانەوە، سوپاس.

**بەڕێز شـــەفـــیـــقـــە فـــەقێ عـــەبدوڵلا:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

ئێـمە جەماوەر هەڵبـژاردووین و دەبێ بەرژەوندیی جەماوەر لەسەرووی هەمـوو بەرژەوەندییـەکی تایبەتیەوە بێت، سوپاس.

**بەڕێز حـــەســـەن کـــانەبی خـــضـــر:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

برگە (٢) لەمادە (٤٨) پێویستی بەگۆڕین نییە، چونکە دەڵێ (سەرۆک دەسەلات بەو کەسانە دەدات کە خۆی دیاریان دەکات)، سوپاس.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
چۆنی بەباش دەزانن وا بکەن، سوپاس.
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
ئێمە لەنێوان خۆماندا ڕێک دەکەوین و سبەی بڕیاری لەسەر ئەدەین وپێتان رادەگەیەنین، بەڵام ئێستا دەچینە سەرمادەیەکی تر.
**ئەوجا بەڕێز حسێن عارف مادە(٤٩)ی خوێندەوە وگفتوگۆ دەستی پێکرد.**
**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
بڕگە ١و ٣ بە (نا) دەستی پێ کردووە زۆر جار لەپەرلەمانەکانی دنیا حاڵەتی تایبەتی روودەدات. بەبڕوای من بڕگە (١) بەم شێوەیەی لێ بکرێت (کۆبوونەوەکانی ئەنجوومەن بەپێی بەرنامەی کاری لەوەو بەر نامادەکراو دەبەسترێ) سەبارەت بەبڕگە (٣)ش ئەڵێ (نابێ هیچ باسێک قسەو گفتوگۆی لەسەر بکرێ ئەگەر لەنەخشەی کاردا نەبێ)راستیشە کەجارجار بەو رەهاییە بووە، بەڵام لەکۆبوونەوەکانی ئێمەدا ئەم کارە رووی داوە، بۆیە بە بڕوای من ئەو رەهاییە(اطلاق) باش نییە، سوپاس.
**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا حەیدەری:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
بڕگە ٢و٤ گروپەکانی هەڵبژاردن پێش هەڵبژاردن پێک دێن، سوپاس.
**بەڕێز مەلا موحسن موفتی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
سەبارەت بەبڕگە (٤) سەرۆکی لیستەیەک، یا لیستەکان بۆیان هەبێ پێشنیاری زیادکردنی بەندێک بۆ سەر بەرنامەی کار بکەن و بڕیاری دووبەش لەسێ بەشی ئەندامانی ئەنجوومەنیشی لەسەر بێ، بەبڕوای من ئەو (٣/٢)یەی ناوێ، بەڵکو لەجیاتی ئەوە بکرێتە (زۆربەی دەنگی ئەندامان)، سوپاس.
**بەڕێز د. ڕۆژ نووری شاوەیس:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
لاگیری مامۆستا موحسن دەکەم و ئەو (٣/٢) یە بۆ دیاری کردنی مەسەلە بنچینەییەکان دابنرێ. زیادکردن خاڵ شتێکی زۆر زۆر ئاساییە لەئیشوکاری پەرلەمانداو هیچ پێویست بە ٣/٢ ناکات، سوپاس.
**بەڕێز سەلاحەدین حەفید زادە:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
سەبارەت بە بڕگە (٤)، لاگیری قسەکەی د.ڕۆژ دەکەم، چونکە نەک هەر سەرۆکی لیستەکان بۆیان

هەیە بەندێک زیاد بکەن، بەڵکو لایەنی تریش دەبێ ئەو مافەی پێ بدرێ. هەر بۆ ئەوەی بایەخ بەپەرلەمان بدرێ و وا پیشان بدرێ کە هەموو ئەندامان کۆببێتەوە، کە کوتوپڕیش هاتنە ناو پەرلەمانەوە رەنگە شتی وای بەبیردا نەیەت تا بۆ سەر بەرنامەکە زیادی بکات. بۆیە وای بەباش دەزانین بۆ ئەم جۆرە حاڵەتانە ئەندامیش مافی خۆی هەبێ، سوپاس.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەبڕوای من (٣/٢ )یە لەحاڵەتی ئەوپەڕی پێویستیدا نەبێ زیادە، باشتر وایە بکرێت بە (ئەگەر پێویستی کرد) خاڵێک زیادبکرێ)، سەبارەت بەو برگانەشی کە بەنەفی دەست پێ دەکەن، وای بەباش دەزانین کە لەکاتی دارشتنەوەدا چاویان پێدابخشێنرێتەوەو چاک بکرێنەوە، سوپاس.

**بەڕێز حسێن عارف عەبدولڕەحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە هەموو ئەم بابەتانەمان لەلیژنەکەدا باس کردووە، ئەگەر ئەنجوومەنیش بەگوێرەی ئەو بەندانە کاری بکردایە، ئەوا هەر زوو کۆتاییمان بەگفتوگۆکردنی پێڕەوەکە دەهێنا، سەرەڕای ئەوەش وشەی (ئەوپەڕی)و ئەم جۆرە وشانە بەخۆڕایی دانەنراوون، بەڵکو هەر یەکە لەرووی یاساییەوە واتای تایبەتی خۆی دەبەخشێ، سوپاس.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر جار ئەو خاڵانەی کە بۆ سەر بەرنامەی کار زیاد کراون بەشێکیان بێ سوود بوونە، منیش لاگیری ئەو پێشنیارە دەکەم کە بەڕێزان د.سەلاحەدین و د.رۆژ کردیان بەوەی کە ئەندامیش مافی زیادکردنی خاڵی بەرنامەی کاری هەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سەبارەت بەم مادەیە هەندێ ئاڵوگۆڕی بەسەردا دێت، یەکێک لەوانە ئەوەیە کە دەبێ لەکاتی دارشتنەوەدا لیژنەکە ئاگایان لە مەسائلی (مطلق) هەبێ ئەو (٣/٢)یەش بکرێتە (زۆربەی)، هەروەها (ئەوپەڕی)یش لابدرێ و بکرێتە (ئەگەر پێویست بوو).

**بەڕێز حسێن عارف عەبدولڕەحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(٣/٢) کرا (بەزۆربە)و، لەبڕگە (٤)یشدا (ئەوپەڕی) کرا بە (ئەگەر پێویست بوو)، سوپاس.

**بەڕێز د. سەلاحەدین حەفید زادە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشنیارم کرد کە هەر ئەندامێک بتوانێ پێشنیاری زیادکردنی خاڵێک بۆ سەر بەرنامەی کار بکات، کەچی لەم بارەیەوە هیچتان نەوت، سوپاس.

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن:**

لەبڕگەی (٤)دا لەباتی دووبەش لەسێ بەشی ئەندامان کرا بە (زۆربەی ئامادە بووان).

**بەڕێز د. کـمال عـەبدولکەریم مـحـمـەد فـوئاد:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

پێشنیار دەکەم کە لەهەر دانیشتنێکدا، پێشنیاری زیاد کردنی یەک خاڵ بکرێ، سوپاس.

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن:**

با سەرۆکی گروپەکان پێش وەخت لەم بارەیەوە پێشنیاری ئەندامانی گروپەکەی خۆیان وەربگرن و ئەگەر بەپێویستیان زانی بەر چاوی بخەن.

**ئەوجا مـادەکە بە دارشتنە تازەکـەیەوە لەلایەن بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـومـەنەوە خرایە دەنگەوەو بەزۆربەی دەنگی ئامادە بووان پەسەندکرا.**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن:**

پێویستە کاتی کۆبوونەوەکانی خۆشمان رێک بخەین، پێشنیارتان لەم بارەیەوە چییە؟

**بەڕێز د. مـحـمـەد فـوئاد مـەعـسـوم:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

کاتژمێر ٨,٥و ٩ی بەیانی بۆ دانیشتوانی ناوشاری هەولێر باشە، بەڵام بۆ ئەوانەی سەلاحەدین و شەقلاوە زەحمەتە، سوپاس.

**بەڕێز فـرەنـسـۆ تـۆمـا هـەریـری:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

پێشنیار دەکەم کەکۆبوونەوەی بەیانیان لەسەعات ١٠تا یەکی پاش نیوەڕۆ بێ و، کۆبوونەوەکانی ئێوارانیش لەسەعات ٣ی پاش نیوەڕۆ بێ بۆ ٦ی ئێوارە، سوپاس.

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن:**

باشە با لەسەعـات ١٠ بەیانیەوە تا یەکی پاش نیوەڕۆ بێت و، لە ٣ی پاش نیوەڕۆشەوە تا ٦ی ئێوارە بێت، ئەگەریش دوای ئەوە پێویستی کرد ئەوا با لە ٨وە تا ١٠ی شەو بەردەوام بین.

بەمەش کـۆتایی بە دانیشتنی ئەمڕۆمان هات و، تا دانیشتنی داهاتوو و سبەی سەعات ١٠ی سەرلەبەیانی بەخواتان دەسپێرم.

**فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا**
**سکرتێری ئەنجوومەن**

**محەمەد تۆفیق رەحیم**
**جێگری سەرۆک**

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره(٥)

چوار شەممە ریکەوتی ١٩٩٢/٦/١٧

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە(٥)

## چوار شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٢/٦/١٧

*کاتژمێر(١٠)ی سەرلەبەیانی ڕۆژی چوارشەممە،ڕێکەوتی ١٩٩٢/٦/١٧، ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان، بە سەرۆکایەتی بەڕێز جوهر نامق سالم، سەرۆکی ئەنجوومەن و،بەئامادە بوونی جێگری سەرۆک بەڕێز محەمەد تۆفیق ڕەحیم و، سکرتێری ئەنجوومەن بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا، پێنجەمین دانیشتنی یەکەم خولی ئاسایی، یەکەمساڵی خۆی بەست.*

*پاش دڵنیا بوون لە ڕادەی یاسایی دانیشتنەکە لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتیەوە، دەرکەوت کە ڕادەی یاسایی دروستەو هەموو ئەندامان ئامادە بوون.*

*ئەوجا بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن بە ناوی خوای بەخشندەو میهرەبان و،بەناوی گەلی کوردستانەوە دانیشتنەکەی بەم شێوەیە دەست پێکرد.*

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەرنامەی ئەمڕۆشمان بەردەوام بوونە لەسەر گفتوگۆ کردنی پێڕەوی ناوخۆی ئەنجوومەن.

بەڕێز حسێن عارف مادە(٥٠)ی پێڕەوی خوێندەوەو، لەلایەن بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنەوە خرایە دەنگەوەو بەگشتی دەنگ پەسند کرا.

بەڕێز حوسێن عارف مادە (٥١)ی خوێندەوەو، بەم شێوەیە گفتوگۆی لەسەر کرا.

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر شەریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

باشتر وایە مادەکان لەپێشدا بەعەرەبی بخوێنرێنەوە، پاشان وەرگێڕانە کوردیەکەی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

با کاک حوسێن ئەوەی لای خۆی بخوێنێتەوە، ئەگەر لەگەڵ ئەوەی لای ئێوەدا (تعارض)ی هەبوو ئەوا ئەو کاتە ڕوونی بکاتەوە وئێوەش لەسەر ئەوە چاکی بکەنەوە، هەروەک دەشزانن ئەمە جارێکی تر بەڕێکوپێکی دادەڕێژرێتەوە.

**بەڕێز یۆنادم یوسف کنا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

سەبارەت بەدەقە عەرەبی یەکە ئەڵێ( لایجوز....) بەڵکو وای لێ بکرێ(یحق للعضو التكلم بعد الاستئذان من الرئيس)، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەوە (جواز)ی تێدا نییەو(قطعی)یە کە قسەکردن بەنیزنی سەرۆکە، لام وابێ ئەمەش فەرمانێکی زۆر گران نییە، سوپاس.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەگەر بڵێین(یحق له) مەبەست لەوەیە کە ئەندام قسەنەکا، بەڵام لەهەمان کاتیشدا بۆی هەیە قسەبکا. وەک دەزانین ئیشی ئەندامی پەرلەمانیش قسەکردن وگفتوگۆکردنە، لەگەڵ ئەوەشدا دەکرێ (لایجوز ویحق له) هەڵگرین (یتکلم باذن من الرئیس) لەجیاتییان دابنێین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەمە پێڕەوی ناو خۆی ئەنجوومەنە، حەق وایە گوزارشتی گونجاو ورێکوپێکی تێدا بەکار بهێنرێت.

پاشان مادەکە خرایە دەنگەوە وئەنجوومەن بەگشتی دەنگ پەسەندی کرد.

ئەوجا بەڕێز حوسێن عارف ماددە (٥٢)ی خوێندەوە.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

سەبارەت بەبڕگە یەک، ئەگەر سەرۆک پرسیاری لەئەنجوومەنی وەزیران کردو لەجێ ی خۆی هاتە خوارەوە، ئەوکاتە کێ سەرۆکایەتی ئەنجوومەن دەکا؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەپێی پێڕەوی ناوخۆ جێگر سەرۆکایەتی دەکا.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

هەر کاتێک سەرۆک لەجێی خۆی دابەزی، لەپێڕەودا دەق هەیە بەپێی ئەو دەقە جێگر جێی دەگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەوە بۆ ئەو حاڵەتەیە کەسەرۆک نەهاتبێ، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەو دەقە بۆ ئەو حاڵەتانە دانراوە کە تێیدا کورسییەکەی سەرۆک چۆڵ دەبێ، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مادەیەکی تر هەیە ئەمە زیاتر روون دەکاتەوە، کەدەڵێ (اذا تعذر حضور هيئة الرئاسة يترأس الجلسة اكبر الاعضاء سنا)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادەکە روون وئاشکرایە، لام وایە دەسکاری ناوێ.

**پاشان مادەکە لەلایەن بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنەوە خرایە دەنگەوە وبەگشتی دەنگ پەسند کرا.**

**بەڕێز حوسێن عارف مادە(٥٣)ی خوێندەوە وکەس لەئەندامان تێبینی لەسەر نەبوو، بۆیە بەگشتی دەنگ بڕیاری لەسەر درا.**

**ئەوجا بەڕێز حوسێن عارف مادەی (٥٤)ی خوێندەوەو بەم شێوەیە گفتوگۆی لەسەر کرا.**

**بەڕێز د.قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بەخاڵی (د) پێشنیار دەکەم برگە(٤) ی مادە(٣٠)پیادە بکرێ کە دەڵێ: کۆتایی هاتنی ئەندامەتی لەم حاڵەتانەدا دەبێت.

٤-(ئامادەنەبوونی سێ جار لە سەریەکی ئەندام لە کۆبوونەوەکاندا بەبێ هۆیەکی پەسند)، سوپاس..

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش لەگەڵ ئەوەدام کەپشت بەستن بەهێز مەعقول نییە وئەگەر ئەنجومەن رازی بێت لای دەبەین، سوپاس.

**بەڕێز مەلا محەمەد ئەمین عەبدولحەکیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پشت بەستن بە بەکار هێنانی هێز دوورە لە ئەدەب، بەتایبەتیش بۆ جێگایەکی وەکو پەرلەمان، سوپاس.

**بەڕێز مەلا محەمەد عەبدولقادر ئەحمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو مادەیەی کە بەڕێز د.فوئاد باسی کرد، وشەی(لا) توندوتیژی دەگەیەنێ، پێشنیار دەکەم سەر لەنوێ ئاوا دابڕێژرێتەوە سەرۆک ودەستەی سەرۆکایەتی بۆیان هەیە ئەگەر ئەندام سەرپێچی کرد(زەبت)ی بکەن، سوپاس.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

که حاڵەتی وا ناناسایی روویدا، به بڕوای من باشتر وایه کۆبوونەوەکه بۆ ماوەیەک دوابخرێ، ئەمەش گەورەترین سزایه، سوپاس.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەمە حاڵەتێکه که رەنگه زۆر دەگمەن بێ، وەک دەزانن (حصانه)ش بۆیه دانراوە تا مافی ئەندامان لەناو پەرلەماندا بەپارێزرێ، سوپاس.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەم ئیجرائاتانه بوێه باسکراوە تائەو ئەندامەی زیادە ڕەوی دەکا بوەستێنرێ، بابۆ ماوەی مانگێکیش له کۆبوونەوەکانی ئەنجوومەن بێ بەش بکرێ. بەڵام بەکارهێنانی هێز بەرانبەر بەئەندام کارێکی ناپەسندە، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

مادەکه رێکوپێکه، چونکه پەرلەمان له دوو گروپی سەرەکی پێکهاتووە، ئەشێ لەسەر خاڵێک رێک نەکەوین وگفتوگۆ درێژە بکێشێ. باسەرۆک هەموو ئەو بڕگانە دژ به ئەندام به کار بێنێ، تەنها (هێز) نەبێ، سوپاس.

**بەڕێز خەسرەو گوڵ محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەهیچ جۆرێک توندوتیژی پەسەند ناکرێ، ئەو دەقە لەیاسا کۆنەکەوە وەرگیراوە کە بەعس دایناوە، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەندامانی ئەنجوومەنی یاسادانان تەنانەت مافی قسەکردنیشیان نەبوو، بۆ ئەوەشی کە بەڕێز د.فوئاد گوتی دەبێ کۆبوونەوەکە بۆ ماوەیەک رابگیرێ، ئەوە لەمادە (٥٥)دا باس کراوە، سوپاس.

**بەڕێز د. عیزەدین مستەفا رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

سەبارەت بەم مادەیه چاکتر وایه لەکاتی داڕشتنەوەدا گوزارشتەکان نەرمتر بکرێنەوە، بەمەرجێ لەگەوهەرەکەی لانەدرێت، سوپاس.

**بەڕێز مـــەلا مـــەحـــمـــود دێرشـــەوی:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

(حصانە)ی ئەندام هەتا ئەوکاتە هەیە کەلەسنوور لانەدات، بەڵام کەتێی پەڕاند ئەوکاتە گەڵێک مادە لەپێڕەودا هەیە ڕێی لێ بگرن، سوپاس.

**بەڕێز عـەبدولخـالق مـحـەمـەد ڕەشـیـد زەنگەنە:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

پێشنیار دەکەم برگە (د) لاببرێت، سوپاس.

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

باشتروایە سەرپاکی مادەکە بدرێتەوە بەلیژنەی دارشتنەوە، تا سەر لەنوێ بەشێوەیەکی نەرمتر دابپرێژێتەوە. کێ لەسەر ئەمە رازییە؟ دەست بەرز کرایەوە.

ئەنجوومەن بەتێکڕای دەنگ ڕەزامەندی لەسەر دارشتنەوەی مادەکە پێشان دا.

**پاشـان مـادە(٥٥)یش خـوێندرایەوە وبەزۆرینەی دەنگ پەسـەندکـراو، بەڕێز حـوسـێن عـارف مادە(٥٦)ی خوێندەوە وگفتوگۆ دەستی پێکردەوە.**

**بەڕێز د. ئـیـــــدریس هـادی ســـــالـح:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

ســـەبارەت بە برگـــە (ب)(دوای حـــەوت ڕۆژ)، بەبڕوای من بکرێتـــە(لەمـــاوەی حـــەوت ڕۆژدا)، سوپاس.

**بەڕێز فـــــرەنســـــۆ تـۆمـــــا هـەریری:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

بەپێی پێڕەو، ئەنجوومەن ماوەی (٣) مانگ پشووی هەیە، گریمان من ڕۆژی (٢٩)ی مانگ واتە پێش تەواو بوونی خولی ئەنجـوومـەن بەڕۆژێک پرسـیـارێک پێشکەش بکەم، کە بەپێی پێـڕەو ویاسا دەبێ وەڵامەکەی مانگێک زیاتر دوانەکەوێت، باشە لەو حاڵەتەدا هەتا ئەنجوومەن جارێکی تر کۆدەبێـتـەوە مـاوەکە زۆر دوور ناکـەوێتەوە؟! پێـویسـتـە چارەیەک بۆ ئەم حاڵەتەش دابنرێت، سوپاس.

**بەڕێز حـــەســـــەن عـــەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

هەر بابەتێک لەیاساکەی بەردەستـمـاندا چارەسەری نەبوو، لەیاسـا گـشـتـیـیـەکـاندا بەدوایدا دەگەڕێین، سەبارەت بە بۆچوونەکەی کاک فرەنسۆ ـ یش دەڵێین ماوەی پشووەکە ناژمێردرێ، بۆ ئەوەی د.ئیدریس ـ یش دەقەکە لەجێی خۆیەتی، واتە لە دوای حەوت ڕۆژەکە گفتوگۆی لەسەر ئەکرێ، سوپاس.

**پاشان مادەکە خرایە دەنگەوەو ئەنجوومەن بەگشتی دەنگ بڕیاری لەسەردا.**

**ئەوجا بەڕێز حوسێن عارف بەزنجیرە مادەکانی(٥٧و٥٨و٥٩و٦٠و٦١و٦٢و٦٣)ی خوێندەوەو لەبەر نەبوونی تێبینی یەکە یەکە لەلایەن بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنەوە خرانە دەنگەوە، ئەنجوومەن بەزۆرینەی دەنگ بڕیاری لەسەر دان.**

**ئەوجا بەڕێز حوسێن عارف مادە(٦٤)یشی خوێندەوەو بەم شێوەیە گفتوگۆی لەسەر کرا.**

**بەڕێز حەمید سەلیم میران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

با خۆبەستنەوە بەژمارەی ئەو کەسانەوە نەبێ کەدەیانەوێ قسەبکەن، چونکە هەیە لەسەر قسەی ئەوانی تر تەعقیبیان هەیە وپێویستە ئەوانیش بواری خۆیان بدرێتێ، سوپاس.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

مادەکە دەڵێ( سەرۆک دوای گوێ گرتن لە دواکەسێک لەوانەی ناویان نووسرابوو)واتە سەرۆک چاوەڕێ دەکا تا دواکەسیش قسە بکا، ئینجا دەرگای گفتوگۆکردن دادەخا ودەیخاتە دەنگدانەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بۆ زیاتر روون کردنەوەی ئەم بابەتە، دەڵێین : ئەوانەی دەیانەوێ قسەبکەن دەست بەرز دەکەنەوە و دەستەی سەرۆکایەتی ناویان تۆمار دەکا، ئیتر دوای ئەوان حەق نییە کەسی تر دەست بەرزبکاتەوە.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

مەبەست لەوەیە ئەگەر ئەو ژمارەیەی کەبۆ قسەکردن ناوی خۆیان نووسی ولێبوونەوە، پاش ئەوانیش ژمارەیەکی تر ئەگەر بیروڕای تازەیان پێ هەبوو، ئەوانیش بەهەمان شێوە ناونووس دەکرێن و ڕێی قسەکردنیان پێ دەدرێ، سوپاس.

**بەڕێز شەوکەت حاجی موشیر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

وەک دەزانن ئەنجوومەنەکەمان بەزۆری لەسەر کاروباری سیاسی دەدوێ، لەبەر ئەمە پێویستە ئەم مادەیە وا دابڕێژرێ کە دوای داخستنی دەرگای گفتوگۆیش، تەنها بواری گفتوگۆی ئەو بابەتانە بدرێ کەپەیوەندیان بەکاروباری سیاسیەوە هەیە، هەروەها بۆ دەنگدانیش پێویستە بیروڕای گروپەکان وەربگیرێ، سوپاس.

**بەڕێز محەممەد تۆفیق رەحیم/جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەبڕوای من مادەکە وەکو خۆی بمێنێتەوە، بۆ ئەو بابەتانەشی کە پەیوەندیان بە ئاسایش و

چارەنووسەوە هەیە دەبێ پێشەکی لەسەریان رێکبکەوین، چونکە ئەمەیان لە پەرلەمانەکانی دوای ئەمەی خۆشماندا کاریان پێدەکرێ، سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەگەر تێبینی دیکە نییە ئەومادە(٦٤) یش دەخەینە دەنگەوە . کەخرایە دەنگیشەوە ئەنجوومەن بەزۆربەی دەنگ بریاری لەسەردا.

**بەرێز حوسێن عارف مادەی(٦٥)ی بۆ ئەنجوومەن خوێندەوەو، بەم جۆرە گفتوگۆی لەسەر کرا.**

**بەرێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دەقە عەرەبییەکە لەبڕگەی (٢)دا دەڵێ( اذا تساوت الاصوات يرجح جانب الرئيس) ، پێشنیار دەکەم بکرێتە(اذا تساوت الاصوات يكون للرئيس صوت الترجيح) ، سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

برادەرانی یاسایی دەڵێن هەردووکی وەک یەک وایە.

**بەرێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

سەبارەت بەبڕگە(١) دەنگدان بەئاشکراو بەدەست بەرزکردنەوە دەبێ وبەس، سوپاس.

**بەرێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

قسەکەی کاک فرەنسۆ لەجێی خۆیەتی و ئەشێ لەیەک حاڵەتدا دووبارەبکرێتەوە، بەویش ئەوەیە کەکاتێ چەند گروپێک لە پەرلەماندا بن ولەسەر ژماردنی دەنگەکان رازی نەبن، سوپاس.

**بەرێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەپێچەوانەوە ئەمە رێگا بۆ دواکەوتنی ئیشوکار خۆش دەکا ، سوپاس.

**بەرێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێویستە لە پێرەودا دەقێک بۆ ئەم مەبەستە هەبێ، ئێمە لەلیژنەکەدا لە دڵ سافییەوە ئەمەمان کردوە، بەڵام لە هەموو شتێکیشدا حاڵەتی نائاسایی هەیە، سوپاس.

**بەرێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دەنگی رازی بووان ونارازی بووان دەژمێردرێن وپێویستیش بەناو خوێندنەوە ناکات، سوپاس.

**بەڕێز د. رۆژ نووری شاوەیس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

مادەکە زۆر ئوصولییەو بەبڕوای ئێمە وەکو خۆی بمێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەگەر هیچ تێبینی تر نەبێت مادەکە وەک خۆی دەمێنێتەوە. دەست بەرزکرایەوەو ئەنجوومەن بەزۆربەی دەنگ مادەکەی پەسەند کرد.

**ئەوجا بەڕێز حوسێن عارف مادە(٦٦) ی خوێندەوە وگفتوگۆی لەسەر کرا.**

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێشنیازدەکەم برگە (ه) بۆ سەر ئەم مادەیە بەم شێوەیە زیاد بکرێ (اذا رغب غالبیة الحاضرین) ئەگەر (زۆربەی ئامادەبووان ویستیان)، سوپاس.

**بەڕێز عەبدللا رەسول عەلی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

سەبارەت بە برگە (جـ) کە دەڵێ (ئیزندانی ئەنجوومەن سەبارەت بە گرتنی ئەندامێک لە سەر داواکردنی لایەنی پەیوەندیدار)، مەبەست لەمە چییە، سوپاس.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێشنیار دەکەم لیژنەی دارشتنەوە ئەمە بگۆڕێت، چونکە (دواکەوتن)و(گرتن) دووشتی لەیەک جیاوازن. لایەنی پەیوەندیداریش (دادگا) دەگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دەنگدان بەئاشکرا بێت نەک بەنهێنی، سوپاس.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەگەر (لایەنی پەیوەندیدار) بکرێتە (دادگا) ئەوکاتە شێوەی یاسایی خۆی وەردەگرێ، سوپاس.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بێگومان ئیجراائاتی قانوونی لەلایەن دەسەڵاتی قەزاوە جێ بەجێ دەکرێ و، کە وترا لایەنی پەیوەندیدار واتای ئەو لایەنەی کە ئەندام پێوەی پەیوەندە، هەیە لێرەش ئەندامە ولەکۆمەڵەی جووتیارانیشدا هەر ئەندامە، سوپاس.

بەڕێز محەمەد تۆفیق ڕەحیم/جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:
بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.
ئەم مادەیەش وەکو هەندێک لەمادەکانی تر لە پێڕەوی ئەنجومەنی یاسادانانەوە وەرگیراوە، کەگەلێک لایەن دەگرێتەوە وەک: ئەمن و مخابەرات و جێش شەعبی و ئەوانی تر کەهەر یەکەیان لە لایەکەوە خەلکی دەگرت، سوپاس.
بەڕێز حسێن عارف عەبدولڕەحمان:
بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.
لە جیاتی لایەنی پەیوەندیدار، با ئێستا بلێێن لایەنی یاسایی، یا دەسەلاتی قەزائی، سوپاس.
بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم:
بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.
ئەگەر بووترێ (دەسەلاتی یاسایی، یا قەزائی) ئەوە لەوە باشترە کە ئەو حەقە بەحزبەکان بدرێ، سوپاس.
بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:
ئەمە پەیوەندی بەمادە(٢٧)وە هەیە، بالیژنەی یاسایی وداڕشتن پێکەوە مادە(٢٧) بەسەر بکەنەوە.
بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:
بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.
بۆ ئەوەی هەموو لایەک بزانێ پێڕەوی ناوخۆ لەسەر یاسای ئەنجومەنی نیشتمانیی دانراوە، لە مادە(٤٠)ی یاسای ئەنجومەنی نیشتمانییدا هاتووە دەڵێ: (لایجوز ملاحقة اي من الاعضاء او القبض عليه بسبب جريمة اثناء انعقاد الدورات دون اذن المجلس الا في حالة التلبس بخيانة)، واتە تەنها لە حالەتێکدا کەبەسەر تاوانەکەوە دەگیرێ، سوپاس.
بەڕێز ئەیاد حاجی نامق:
بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.
پێشنیاردەکەم ئەمەی بۆ زیاد بکرێ (مع مراعاة احكام المادة /٢٧)، سوپاس.
بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم:
بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.
لەو یاسایەدا هاتووە (بەبێ ئیزنی ئەنجومەن ناگیرێ)، بەلام ئەمجارە بابەتەکە ئەنجومەن خۆی دەگرێتەوە، واتا لەسەر داوای کێ ڕەزامەندی پێشان دەدا کە ئەندام بگیرێ؟ بۆیە پێویستە لێرەدا، شێوە یاسایی وقەزاییکە دیاری بکرێ، سوپاس.
بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:
بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.
ملاحقە وگرتن هەیە، فەرمانبەرێک لەیاسا لای داوە وئەندامە لەئەنجومەنی نیشتمانیی، ئەو

فەرمانبەرە ناگیرێ هەتا ئەنجوومەنی نیشتمانیی ڕێ نەدات، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:

دەقەکە لێرەدا داوای ڕێ پێدان دەکا. ئەندامێکی پەرلەمان موخالەفەیەکی کردووە، لایەنی پەیوەندیدار داوای ڕێ پێدان لەپەرلەمان دەکا تاڕێی پێ بدا دووی بکەوێ یا بیگرێ.

**بەڕێز د. محەممەد فوئاد مەعسوم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دوو جۆرە ملاحقە هەیە. ئیداری وقەزایی، ملاحقەی ئیداری بۆ ئەوکەسانەیە کەلە فەرمانگەکاندا ئیش دەکەن، کە بەپێی یاسا ئەوانە نابنە ئەندام ودەبێ ئیستقالە بدەن. ملاحقەی قەزاییش پێویستە لەرێگای دادگاوە ئەنجام بدرێ، واتە دەبێ دادگا داوا بکات، نەک پێشتر لەگەڵ پەرلەماندا رێک بکەوێ وبەدادگای بدات، سوپاس.

**بەڕێز عەدنان محەممەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

خۆی دوو ئیجرا هەیە، ئیداری وقەزایی، ئەوەی عەسکەریش بێ ئەوا دەبێ هیچ ئیجرایەکی یاسایی لەگەڵدا نەکرێ تا پێشەکی ڕەزامەندیی وەزارەتی بەرگری لەسەر وەردەگیرێ، مولاحەقە تەنها قەزا دەیکا، واتا ئیجرای قەزایی ومولاحەقە تەنها لایەنی قەزایی پێی هەڵدەستێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

حاڵەتی تریش هەیە، بۆنموونە ئەگەر یەکێک پێش ئەوەی لەپەرلەماندا ببێ بەئەندام تاوانێکی کردبوو، بەڵام لەکاتی ماوەی ئەندامییەکەیدا ئەو تاوانە ئاشکرا بوو، ئەمەیان چۆن چارەسەر دەکرێ؟.

**بەڕێز عەبدوڵلا رسوول عەلی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەگوێرەی یاسا ئەندامانی ئەنجوومەن متفرغن ودەبێ لایەنی یاسایی داوایان بکات، سوپاس.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێش ئەوەی ببێ بەئەندام ئەگەر تاوانی کردبێ ئەوا لایەنی پەیوەندیدار بەقەزای دەدا، ئەویش ئاراستەی ئەنجوومەنی دەکا بۆ ئەوەی ڕێ بەملاحقە وگرتنی بدات، سوپاس.

**بەڕێز عەدنان محەممەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەمە نیشانەی ئەوەیە ئەوەندە دیموکراتین کە تەنانەت پارێزگاریی لە دەقەکەی خۆشمان ناکەین، سوپاس.

**بەڕێز مەلا محمود دێرشەوی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

هەندێ لە ئەندامان خۆیان لەواقیعەکە دوور دەخەنەوە، ئێمە دەبێ ئەوە بزانین کە تەعەددودیەتی دەسەلات هەیە، سوپاس.

**بەڕێز خەسرەو گوڵ محەممەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

وەک زانراوە دەزگای ئیداری تەنها دەسەلاتی سزادانی ئیداری هەیە، بەلام ئەگەر تاوانی وەکو کوشتن و دزی و تەزویر هەبوو ئەوکاتە کێشەکە رەوانەی دادگای پسپۆڕ دەکرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

پێش وەرگرتنی روخسەت لەئەنجوومەن، ئایا لایەنی یاسایی حەقی ئەوەی هەیە مولاحەقەی ئەندامی ئەنجوومەن بکا؟.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێمە لە تاوان دەدوێین، پێش ئەوەش ئەندام مولاحەقە ناکرێ مەگەر بەسەر تاوانەکەوە بگیرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئایا دەتوانین ئەم زیادەیەی بخەینە سەر(بناءأعلى الطلب الوارد من الجهة القضائية المختصة)؟.

**بەڕێز حسێن عارف عەبدولڕەحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

باشتر وایە بوترێ( لایەنی قەزائی)، چونکە (لایەنی یاسایی) زۆرن و، لەفەرمانگەکانی تریشدا لایەنی یاسایی هەن، بەلام( لایەنی قەزائی) تەنها لە دادگادا هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

پرسیارەکە ئەوەیە، ئایا دادگا حەقی ئەوەی هەیە کە بەبێ ئیزنی ئەنجوومەن حوکمی خۆی بدا؟.

**بەڕێز حسێن عارف عەبدولڕەحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەو لایەنە قەزائیە ئیزن لە ئەنجوومەن وەردەگرێ، سوپاس.

**بەڕێز د. محەممەد فوئاد مەعسوم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

راست تر وایە بوترێ دەسەلاتی قەزایی نەک دەسەلاتی یاسایی، بەلام لێرەدا مەبەست ئەوەیە لایەنێک ناتوانێ لەرێگای پەرلەمانەوە مولاحەقەی ئەندام بکا بەبێ دەسەلاتی قەزایی، دەبێ دەسەلاتی قەزایی ئاگادار بکاتەوە، ئەویش موفاتحەی پەرلەمان دەکا تا بەنیجراناتەکە هەلسێ

نەک دائیرەکە خۆ، سوپاس.
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**
ئەگەر بکرێت بە(الجهة القضائية المختصة) ئایا رازی دەبن؟.
دەست بەرزکرایەوە و مادەکە پاش ئەو دەسکاریە بەگشتی دەنگ پەسەند کرا.

**ئەوجا بەڕێز حسێن عارف مادە(٦٧)ی خوێندەوە.**

**بەڕێز عەبدوللا رەسول عەلی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**
بەبڕوای من ئەو بڕگەیەی دواوە زیادە کە دەڵێ (نابێ نیشانەی خۆشحاڵی یا بێزاری دەرببڕێ یالاقرتێی لێ بدرێ)، سوپاس.
**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**
بەبڕوای منیش زیادە وپێویست بەبوونی ناکا، سوپاس.
**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**
خۆی ئەم شتانە پەیوەندی بەزەبتی دانیشتنەکەوە هەیە. ئەشێ ئەندامێک بیروڕایەکی چاک دەربڕێ، بەڵام یەکێک لەو لاوە بڵێ باشە، یا وایە، یا وانیەو، لەم جۆرەقسانە، سوپاس.

**بەڕێز د.عیزەدین مستەفا رەسول:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**
لەپەرلەمانەکانی جیهاندا جۆرەها شەڕو هەرا دەکرێ. زۆریش ئاساییە یەکێک پێبکەنێ، سوپاس.
**بەڕێز ئەحمەد تاهیر نەقشبەندیی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**
ئەو شتە لە ئەنجوومەنی یاساداناندا هەبوو، بەڵام ئێمە کەخۆمان بەدیموکراتی خواز دەزانین با ئەو بەندە لەپێڕەوکەماندا نەبێ، سوپاس.
**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**
نازانم ئەو دەربڕینی نیشانەی خۆشحاڵی یابێزاریە تەنها سەرۆک یا ئەندامانیش دەگرێتەوە؟ بەبڕوای من مانەوەی باشە، چونکە ئەنجوومەن کوتلەوییە، سوپاس.

**بەڕێز عـــــەبدوڵـلا رەســــــوڵ عــــــەلی:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــوومــــــەن.**

منیش بۆیە پێشنیاری نەمانیم کرد، چونکە ئەنجوومەن کوتلەویە، سوپاس.

**بەڕێز فـــــــەرەنســـــــۆ تـۆمـــــــا هـەریری:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــوومــــــەن.**

کوتلە دەبی روحی ریازی هەبێ، سوپاس.

**بەڕێز عــەدنان مــحــەمــەد نـەقـشـبـەندیی:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــوومــــــەن.**

مەبەست لەسەرۆکی پەرلەمانە، چونکە دەستەی سەرۆکایەتی دەبێ بێ لایەنانە رەفتار بکەن، ئەمە بۆ ناو پەرلەمانە، لەدەرەوە ئارەزووی خۆیانە، سوپاس.

ئەوجا بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن بابەتەکەی خستە دەنگدانەوە وئەنجوومەن بەتێکڕای دەنگ رەزامەندی لەسەر نیشان دا.

**پاشان بەڕێز حسێن عارف مادەکانی (٦٨و٦٩و٧٠)ی خوێندەوەو پەرلەمان بەتێکڕای دەنگ پەسەندی کردن وئەوسا مادە(٧١)ی خوێندەوەو گفتوگۆی لەسەر کرا.**

**بەڕێـز ئـەیـاد حـــــــــاجـی نـامـق:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــوومــــــەن.**

پێشتر بەناوی دیوانی ئەنجوومەنەوە نەبووە، بەڵکو بەناوی نوسینگەی ئەنجوومەنەوە بووە، دیوانی ئەنجوومەن بەڕێوەبەرێکی گشتی بەڕێوەی دەبا، سوپاس.

**بەڕێز حــــسێن عــــارف عــەبدولرەحــــمــــان:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــوومــــــەن.**

جارانیش دیوان و بەڕێوەبەری گشتی هەبوو، سوپاس.

**بەڕێز د. مــحــەمــەد فــوئاد مــەعــســوم:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــوومــــــەن.**

گیروگرفت لەوەدایە کە ئەنجوومەنی خزمەتمان نییە، سوپاس.

**بەڕێز کــــانەبی عـــەزیز ئەحــــمـــەد دزەیی:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــوومــــــەن.**

هەموو فەرمانبەرانی ئەنجوومەن بە بەڕێوەبەری گشتییشەوە لەلایەن سەرۆک ودەستەی سەرۆکایەتیەوە دادەمەزرێن، سوپاس.

**بەڕێـز خـــســـــرەو گـــوڵ مــــحــــمـــەد:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــوومــــــەن.**

ئەو دەسەڵاتە لەباتی سەرۆک با بدرێ بە دەستەی سەرۆکایەتی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
بەشی خۆی گفتوگۆ لەسەر مادەکە کرا. ئێستا کێ لەگەڵ ئەوەدایە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟..دەست بەرزکرایەوە و ئەنجومەن بەتێکڕای دەنگ مادەکەی پەسەند کرد.
**بەڕێز حسێن عارف مادە(٧٢)ی خوێندەوەو بەم شێوەیە گفتوگۆی لەسەر کرا.**

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
ئەمە دەقێکی گشتییە، پۆلیسی نیزامیش دەگرێتەوە، سوپاس.
**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
ڕاستە دەقەکە گشتییەو هەمووی دەگرێتەوە، سوپاس.
**بەڕێز عەبدوڵلا رسول عەلی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
بادەقەکە وەک خۆی بێت وهیچ چەکدارێک نەیەتە ژوورەوە، سوپاس.
**بەڕێز د.محەمەد فوئاد مەعسوم:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
مەبەست لەچەکداری غەیرە نیزامییە، نیزامییش دەبێ بەپێی پێویست بێتە ژوورەوە، نەک بنکەی تێدا دابنێ، سوپاس.
**بەڕێز د. رۆژ نووری شاوەیس:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
پەرلەمان پێویستە هێزی سەربەخۆی هەبێت وباشتر وایە پەیوەندی بەهیچ لایەنێکەوە نەبێت، بەڵکو فەرمان لەدەستەی سەرۆکایەتیەوە وەربگرن، سوپاس.

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر شەریف:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
مادە(٧٢) بڕگە (ب)نەکراوەتە کوردی کەدەڵێ(يمنع حمل الاسلحة الي داخل القاعة)، سوپاس.
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
ڕاستە، بالیژنەی یاسا، وەریبگێڕێت وبەکوردی دایبڕێژێ.
**بەڕێز ئەحمەد تاهیر نەقشبەندیی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
بەپێی مادە (١٧)، بڕگەی (٧) سەرۆک دەتوانێ هێزێک بەکاربهێنێ. با لە کاتی داڕشتنەوەدا

ئەم خاڵەش ڕەچاوبکەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

با لیژنەکە ئەوەش ڕەچاو بکات.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێشنیاردەکەم مادەکە بەم شێوەیەی لێ بکرێ. (لايجوز لاي مسلح الدخول الي المجلس ولا المكوث عند ابوابه عدا القوات النظامية المخصصة)، سوپاس.

**بەڕێز عەبدوللا رەسوول عەلی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

مەبەست لەوەیە کە هیچ چەکدارێک نەیەتە ناو ئەنجوومەنەوە، نەک هەر ئەوانەی کە لە دەرەوە پارێزگاری ئەنجوومەن دەکەن. باشتر وایە مادەکە وەکو خۆی بمێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

پارێزگاری کردنی ئەنجوومەن لە بڕگەیەکی تردا باسکراوە، دووبارە کردنەوەی پێویست نییە. کەواتە مادەکە وەکو خۆی دەمێنێتەوە.

**پاشان مادەکە بەوشێوەیەی خۆی خرایە دەنگەوەو ئەنجوومەن بەتێکڕایی دەنگ بڕیاری لەسەر دا.**
**ئەوجا بەڕێز حسێن عارف مادە(٧٣) یشی خوێندەوە و، لەبەر ئەوەی ئەندامان تێبینیان لەسەر نەبوو لەلایەن بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنەوە خرایە دەنگەوەو بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا.**
**بەڕێز حسێن عارف مادە(٧٤) یشی خوێندەوە کەبەم شێوەیە گفتوگۆی لەسەر کرا.**

**بەڕێز مەلا محەمەد عەبدولقادر ئەحمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەمە پێویست ناکا لێرەدا بێت، چونکە مافی ئەندام لەمادە (٢٥)دا باسکراوە وپێویستە ئەمەش لەوێدا جێ بکرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ڕاستە ئەمە بۆ یارمەتی ئەندامە، بەڵام دەسەڵاتی ئەنجوومەنە، عادەتەن (متفرقة) زۆر شت کۆ دەکاتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

مادەکە دەڵێ، ئەنجوومەن بۆی هەیە یارمەتی ئەو ئەندامە نەخۆشەی بدا. لام وابێ شتەکە ڕوونە وناشکرایە وپێویست بەگفتوگۆ کردن ناکا.

**بەڕێز کانەبی عەزیز ئەحمەد دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

مەبەست ئەوەیە ئەندام لەم حاڵەتەدا پارەی پێویستە ودەبێ ئەنجوومەن ڕەزامەندیی لەسەر پێشان بدا، سوپاس.

**بەڕێز مەلا محەمود دیرشەوی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ دەسەڵاتی سەرۆک ودەستەی سەرۆکایەتی ، سوپاس.

**بەڕێز د.قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەگەر راپۆرتی پزیشکی هەبێ، ئەوکاتە دەستەی سەرۆکایەتی دەسەڵاتی ئەوەی هەیە بڕیاری ناردنی بۆ دەرەوە بدات، سوپاس.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەمە لەدەسەڵاتی ئەنجوومەنەو هیچ پێویست بە ئیجتهادات ناکا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

منیش لاگیری بۆچوونەکەی کاک کانەبی دەکەم، چوونە دەرەوە پارەی دەوێ.

**پاشان مادەکە خرایە دەنگەوەو بەتێکرای دەنگ بڕیاری لەسەر درا.**

**ئەوجا بەڕێز حسێن عارف مادە (٧٥و٧٦) یشی خوێندەوەو، لەبەر نەبوونی تێبینی لەلایەن بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنەوە خرانە دەنگەوەو یەک لەدوای یەک بەزۆربەی دەنگ پەسەند کران.**

**بەڕێز حسێن عارف مادە (٧٧)ی خوێندەوەو بەم شێوەیە گفتوگۆی لەسەر کرا.**

**بەڕێزحەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

هەموو یاسایەک دەبێ لە ڕۆژنامەی رەسمیدا بڵاو بکرێتەوە ئەوجا ئیشی پێ بکرێ. بەڵام ئێمە لەبەر ئەوەی ڕۆژنامەمان نییە، بۆیە بەیانێکمان دەرکرد بۆ ئەوەی تا ئەوکاتەی ڕۆژنامەمان دەبێ ئیشی پێ بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز محەمەد تاهیر زەینەلعابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بە بڕوای من مادەکانی (٧٦ و٧٧) جێگۆڕکێیان پێبکرێ، سوپاس.

**بەڕێز محەمەد عەبدولقادر ئەحمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێڕەوەکە ناتەواوی تێدایە، چونکە باسی لەیاسای حیزب وونیقابە وکۆمەڵەکان نەکردووە، کە

ئەنجوومەن چۆن یارمەتیان ئەدات وهاوکاریان ئەکات؟ سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

یاسا دەبێ پشت بە دەستوور بەبەستێ، دەستوور ترۆپکی یاسایە، ئەوەی کە بەڕێز محەمەد عەبدولقادر باسی کرد دەبێ لە دەستووردا باس بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

یەکەم ئەمە یاساییە، بەڵکو پێڕەوی ناوخۆیەو، پاشان ئەنجوومەن دەتوانێ یاسا بۆ حیزبەکان لەسەر پێشنیاری لایەنی پەیوەندیدار دابنێ، بۆ ئەمەش دەبێ راوێژ لەگەڵ حیزبەکاندا بکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەوە لەکاتی خۆیدا باس دەکرێ. ئێمە ئێستا لەگفتوگۆی پێڕەوی ناوخۆی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان بووینەوە.

پێڕەوی ناوخۆی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان بەوشێوەیەی کە گفتوگۆی لەسەر کراو، بەوتێبینیانەشەوە کە لەلای لیژنەی دارشتنەوەیە، ئایا ئەنجوومەن ئەو پێڕەوە بەو(دەستکاریانەوە) پەسەند دەکا کە لەسەر پرۆژەکە کران؟ ئەوەی پەسەندێتی بادەست بەرز بکاتەوە.

دەست بەرز کرایەوە وئەنجوومەن بەتێکرای دەنگ پێڕەوەکەی پەسەند کرد.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، لەکۆبوونەوەی دوای نیوەڕۆدا، ناوی ئەندامانی لیژنەکانیش دیاری دەکەین.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

زۆربەی برادەران تێبینیان هەبوو لەسەر مادەکان، با تێبینیەکانیان بدەن بە کۆمیتەی دارشتنەوە، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن ئەحمەد عەبدوڵلا کوێستانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

با لیژنەی دارشتنەوە لەماوەی بەیانی ودوو بەیانیدا ئەرکەکەی تەواو بکات، سوپاس.

**بەڕێز د. ئیدریس هادی سالح:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

مادام رۆژنامەی رەسمیمان نییە، با بڕیارو یاساکان لە تەلەفزیۆنی کوردستان و دەنگی

کوردستانەوە بڵاو بکرێنەوە، سوپاس.

**بەڕێز محەمەد تۆفیق رەحیم/ جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

راستە رۆژنامەی رەسمیمان نییە، بەڵام خۆ رۆژنامەی تر هەن، سوپاس.

**بەڕێزد. محەمەد فوئاد مەعسوم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەبەر ئەوەی رۆژنامەی رەسمیمان نییە، وای بەباش دەزانم کە داوا لە هەموو رۆژنامەو تەلەفزیۆنەکان بکرێ بۆ ئەوەی بڵاوی بکەنەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پاش داڕشتنەوەو ئامادە کردن، من وای بە باش دەزانم کە لە پێشا بدرێ بە رۆژنامەی بەرەی کوردستانی بۆ□ئەوەی ئەو بڵاوی بکاتەوەو پاشان دەزگاکانی دیکەی بڵاوکردنەوە لەوی وەربگرن.

**بەڕێزحەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەبێ رۆژنامەیەکی رەسمی بۆ بڵاوکردنەوە هەبێت، هەروەکو (الوقائع العراقية)و هەموو یاسایەکی تێدا بڵاوبکرێتەوە بۆ ئەوەی ببێتە یاساو کاری پێبکرێ، پێشنیار دەکەم رۆژنامەیەکی رەسمیمان هەر بەناوی (پەرلەمان)ەوە هەبێ ولیژنە رۆشنبیرییەکە سەرپەرشتی بکا، چونکە ئێمە لەمە بەدوا گەلێک یاسا دەردەکەین ، واش پێویست دەکا کە بڵاویان بکەینەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەواتا پێشنیارێک هەیە بۆئەوەی بڵاوکراوەیەکی دەوریمان هەبێ بۆ بڵاو کردنەوەی ئەو بابەتانەی کەپەیوەندیان بەئەنجومەنەوە هەیە. کێ لەگەڵ ئەوەدایە با دەست بەرز بکاتەوە؟..دەست بەرز کرایەوەو پێشنیازەکە لەلایەن تێکڕای ئەندامانی ئەنجومەنەوە پەسند کرا.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆ ئەرکەکەی بەڕێزان فەرەنسۆ هەریری و کاک شێخ کریم کە بڕیار بوو پەیوەندی بە کارگێڕی بەرەی کوردستانیەوە بکەن، مادام دەیان زانی بەرە قەرزارە دەبوایە هەر دوێنێ ئەوەیان بەئەنجومەن رابەگەیاندایە کە کارگێڕی بەرە پارەی نییە، بۆ ئەوەی ئێمەش خەڵک بەتەما نەکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەمە کۆبوونەوەی سەرلەبەیانیمان کۆتایی هات. سەعات (٣)کۆ دەبینەوە.

**سەعات (٣)ی پاش نیوەڕۆ ئەنجوومەن دەستی بە دانیشتنەکەی خۆی کردەوەو بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن بەم جۆرە دەستی پێ کرد.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

چەند خاڵێک مابوون کەگفتوگۆکەیانمان دواخستبوو، لەوانە بابەتی ئاڵای عێراق. فەرموون ئەگەر تێبینی وبۆچوونتان لەسەری هەیە.

**بەڕێز د. ڕۆژ نووری شاوەیس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێمە وای بە باش دەزانین ئەو ئاڵایە مادام دەرکراوەتە دەرەوە، جارێکی تر نەیەتە ناو هۆڵی پەرلەمانەوە. بەبڕوای ئێمە ئاڵای عێراق لەگەڵ ئیداراتدا کەحکوومەت خۆی لە کوردستانی کێشانەوە، واتە هەر ئەو کات ئاڵاکەشی کێشاوەتەوەو ئیتر پێویست بەبوونی ناکات، سوپاس.

**بەڕێز د.کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێمە لەسەرئەوە ڕێکەوتووین کە جارێکی تر ئەو ئاڵایە نەگەڕێتەوە، گرنگ ئەوەشە پەرلەمان لەم بارەیەوە بڕیارێک بدا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کێ لاگیری ئەم پێشنیارە دەکا؟

**..دەست بەرزکرایەوە.. هەموو ئەندامان لەسەر نەگەڕانەوەی ئاڵای عێراق رازی بوون.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

زۆر سوپاس..کەواتا ئەمە بوو بە بڕیارو لەمەو دوا دەستەی سەرۆکایەتی پێڕەوی دەکا. ئێستاش دەچینە سەر خاڵێکی تر کەمابووەوە، ئەویش بابەتی لیژنەی ئافرەتان بوو، فەرموون ئەگەر ڕاو تێبینیتان هەیە.

**بەڕێز د.کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دوو کۆمیتە پێویستی بەبوونیان ناکات. یەکێکیان:

١-کۆمیتەی مافی مرۆڤە، کەبڕیاری پێکهێنانیشماندا، بەڵام ئەوکۆمیتەیە لەکوردستاندا هەیەو ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانیی دەتوانن بۆ خۆیان لەوێدا ببن بەئەندام.

٢-کۆمیتەی ژنان یا ئافرەتان، ئەمانیش دەتوانن لەکۆمیتەی تەندروستی وکۆمەڵایەتیدا چالاکی خۆیان بنوێنن، چونکە کە وەزارەتەکان پێک دەهێنرێن بەرانبەر بەم کۆمیتەو کارو بارانە هیچ وەزارەتێک دانانرێ، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕۆژ نووری شاوەیس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش لاگیری بۆچوونەکەی بەڕێز د.کەمال دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەواتە دەبێ کۆمیتەی ئافرەتان ومافی مرۆڤ لەپەرلەماندا نەبن.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بابەتی دانەنانی کۆمیتەیەک بە ناوی ژنان، یا ئافرەتان بۆ جیاوازیی بیرورا ناگەڕێتەوە، ئەگەر وابوایە وشەی تر هەبوون و، دەمانتوانی دایانبنێین، بەڵکو لەو ڕوانگەیەوە تەماشاکرا کە هیچ وەزارەتێکی بەرانبەر نییە، مەسەلەی ئافرەت ومۆعاناتی ئافرەتیش لە ژن بەژن وگەورە بەبچوکدایە، ئەمەش نەک تەنها ژن لە دژی دەوەستێ، بەڵکو پێویستە هەموو کەبێ بەم کارە هەڵسێت وپەرلەمانیش لەلای خۆیەوە هەوڵی نەمانی چەوساندنەوەی ئافرەت بدا، سوپاس.

**بەڕێز د. ئیدریس هادی سالح:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کۆمیتەی مافی مرۆڤ ڕەزامەندیی لەسەر پێشان درا، ئیتر نازانم بۆچی ببێتە قوربانی کۆمیتەیەکی تر؟! خۆ مافی مرۆڤ تەنانەت لەبەرنامەی هەموو حیزبەکانیشدا چەسپاوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕۆژنووری شاوەیس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مەبەست لە لابردنی کۆمیتەی مافی مرۆڤ، ئەوەیە وەزارەتێکی بەرانبەر نییە، پەرلەمانیش جێگای دروست کردنی ڕێکخراو نییە، بەڵکو ڕێکخراو لە دەرەوە دروست دەکرێت وپەرلەمان لاگیریان دەکات، ئێمە هەردوو گروپ بیروڕامان لەم بارەیەوە یەکەو، داوا لە دەستەی سەرۆکایەتی دەکەم ئەم بابەتە جارێکی تر بخاتە دەنگدانەوە، سوپاس.

**بەڕێز یونادم یوسف کنا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

با برادەرانی کۆمیتەی مافی مرۆڤ لە پەرلەماندا هاوکاری لە گەڵ ڕێکخراوی مافی مرۆڤ بکەن ولەوێدا ببن بە ئەندام، سوپاس.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ڕێکەوتنی نێوان هەردوو گروپ لەسەر هەر بابەتێک بێ بەشتێکی پیرۆز دەژمێردرێ، سوپاس.

**بەڕێز عـــومـــەر ســـەید عـــەلی:**

**بەڕێز ســـەرۆکی ئەنجـــومـــەن.**

پێویستە ڕێز لە بیروڕای ئەندامانی پەرلەمان بگیرێ و، هەردوو گروپ دەبوایە پێشتر لەسەر ئەم بابەتانە ڕێک بکەوتنایە، سوپاس.

**بەڕێز ســـەرۆکی ئەنجـــومـــەن:**

ئێمەش لەگەڵ ئەو بیروڕایەداین و هیواداریین لە مەودوا ئەم خاڵە ڕەچاو بکەن.

ئێستاش کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە لیژنەی ئافرەتان دانەنرێ؟ بادەست بەرز بکاتەوە..دەست بەرزکرایەوە..ئەنجوومەن بەتێکڕای دەنگ ڕەزامەندی لەسەر دانەنانی لیژنەی ئافرەتان پێشاندا.

سوپاس، ئەی کێ لەگەڵ پێک نەهێنانی لیژنەی مافی مرۆڤدایە؟

دەست بەرزکرایەوە.. ئەنجوومەن بەتێکڕا پێک نەهێنانی ئەم لیژنەیەشی پەسند کرد.

ئێستاش با بزانین لیژنەی کڕینی شت ومەک بۆ ئەنجوومەن چیان کردوە؟ حەزمان ئەکرد ئەم لیژنەیە کۆبوونەوەیەکیان سازبدایەو شتێکیان بۆ دەست نیشان بکردینایە وسەریان لەژوورەکانی ئەنجوومەن بدایە وبیان زانییایە پێویستیان بەچی هەیە.

**بەڕێز ئەحـــمـــەد ســالار عـــەبدولواحـــید:**

**بەڕێز ســـەرۆکی ئەنجـــومـــەن.**

بڕیار بوو لیژنەکە سەر لە ژوورەکان بدات وشتە پێویستەکان دیاری بکات، ئەگەر ڕێمان بدەن دەچینە دەرەوە تا لەم بارەیەوە کۆببینەوە، سوپاس.

**بەڕێز ســـەرۆکی ئەنجـــومـــەن:**

بەم شێوەیەش لە کێشەی ئەوسێ لیژنەیە بووینەوە.

ئێستاش لەدەستەی سەرۆکایەتیەوە داواتان لێ دەکەین کە هەر یەکەو دوو وێنەی خۆتانمان بۆ بهێنن تا پێناسەتان بۆ دروست بکەین. سەبارەت بە شێوەکەیشی ئەگەر هیچ پێشنیارێکی دیاری کراوتان هەیە فەرموون.

**بەڕێز فـــرەنســـۆ تۆمـــا هەریری:**

**بەڕێز ســـەرۆکی ئەنجـــومـــەن.**

خاڵێکی تر ماوە کە پێویستە باسی لێوە بکرێ ئەویش مەسەلەی هەڵوەشانەوەی (حل) ئەنجوومەنە، سوپاس.

**بەڕێزعـــومـــەر ســـەید عـــەلی:**

**بەڕێز ســـەرۆکی ئەنجـــومـــەن.**

بۆ بابەتی پێناسەکە، پێویستە دروشمێکی تێدا بێ، بۆ ئەم مەبەستەش باشتر وایە چەند هونەرمەندێک ڕاسپێردرێن تا شتێک لەم بارەیەوە پێشکەش بکەن، ئەوجا هی کامیان پەسند کرا ئەوە پاداشتی پێ بدرێ، سوپاس.

**بەڕێز د.عیزەدین مستەفا ڕەسول:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە بڕوای من هەویەکە با سادە و ساکار بێ، بانگەواز کردن زۆر نەکەوێتەوە لەسەرمان، گرنگ ئەوەیە کە هەویەکە بەکوردی بێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستاش دێینە سەر خاڵی پێکهێنانی ئەو لیژنانەی کە لە پێڕەوی ناوخۆدا بڕیارییان لەسەردرا. داواش لەبرادەرانی هەردووگروپ دەکەین کە بۆ هەر لیژنەیەک چەند ئەندامێک دیاری بکەن.

**١-لیژنەی کاروباری قانونی.**

**بەڕێز د.کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆ کۆمیتەی یاسا، بەبڕوای من ژمارەکەی لەنێوان (٥تا٩)ئەندام بێت، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لیژنەیی یاسا، کاروباری گەلێ زۆرەو پێویستە ژمارەی ئەندامانی زۆربێت، سوپاس.

**بەڕێز عەبدوڵلا ڕەسول عەلی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەبڕوای من (٧)کەس باشە.

**بەڕێز یونس محەمەد سەلیم ڕۆژبەیانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

با هەمان لیژنەی پێڕەوی ناوخۆ بۆ ئەم لیژنەیە دیاری بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە ئەم لیژنەیە لە (٩)کەس پێک بێ؟

دەست بەرزکرایەوەو.. ئەنجوومەن بەتێکڕای دەنگ بڕیاری لە سەر ئەوە دا کە لیژنەی کاروباری یاسا لە(٩)ئەندام پێک بێ.

**بەڕێز د. ڕۆژ نووری شاوەیس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆ ئەم لیژنەیە ئێمە ئەم چوار بەڕێزەی خوارەوە دەپاڵێوین :

١-عەدنان محەمەد نەقشبەندیی.

٢-شێروان ناسح حەیدەری.

٣-فرست ئەحمەد عەبدوڵلا.

٤-سەعید محەمەد سدیق.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن:**

كاك فەرسەت ئەندامی دەستەی سەرۆكایەتییە، ئایا ئەشێ لەلیژنەی كاروباری یاساشدا ئەندام بێت؟.

**بەڕێزحەسەن عەبدولكەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

نابێ لەهیچ لیژنەیەكی هەمیشەییدا ئەندام بێ، سوپاس.

**بەڕێز د. رۆژ نووری شاوەیس:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

كەواتە بەڕێز د.قیس دێوالی لەجێی ئەو دەپاڵێوین، سوپاس.

**بەڕێز د.كەمال عەبدولكەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

نوێنەرانی گروپی ئێمەش بۆ ئەم كۆمیتەیە ئەم بەڕێزانەن:

١- حەسەن عەبدولكەریم بەرزنجی.

٢-حسێن عارف.

٣-حەسەن كانەبی بلّباس.

٤-ئەیاد حاجی نامق.

**بەڕێز یۆنادم یوسف كنا:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

نوێنەری لیستی ئێمەش بۆ ئەم لیژنەیە:

شەمائیل بنیامین نەنو ـ یە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن:**

كێ بەو(٩)ناوە بۆ رازییە ئەندامێتی لیژنەی كاروباری یاسا ؟

دەست بەرزكرایەوە..بەتێكڕای دەنگ ئەنجوومەن رەزامەندی لەسەر ئەندامانی لیژنەی یاسا پێشاندا.

**٢-لیژنەی كاروباری دارایی و ئابووری.**

**بەڕێز د. سەلاحەدین محەمەد حەسەن حەفید زادە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

كارەكانی ئەم لیژنەیەش گرنگە وپەیوەندی بەدوو شتی سەرەكییەوە هەیە، بۆیە پێشنیار دەكەم ئەم لیژنەیەش لە(٩) كەس پێك بێت.

**بەڕێز د.کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

نوێنەرانی گروپی ئێمە بۆ ئەم کۆمیتەیە ئەم بەڕێزانەن:

١-د. سەلاحەدین محەمەد حەسەن حەفید.

٢-د. محەمەد فارڵ قەفتان.

٣-عومەر سەید عەلی.

٤-نەهلە محەمەد سەعدوڵلا.

**بەڕێز د. ڕۆژ نووری شاوەیس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەم بەڕێزانەی خوارەوەش نوێنەری گروپی ئێمەن:

١-محەمەد ئەمین مەولوود.

٢-جەمیل عەبدی سندی.

٣-فەرحان عەبدوڵلا شەرفانی.

٤-شەفیقە فەقێ عەبدوڵلا.

**بەڕێز یۆنادم یوسف کنا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

نوێنەری ئێمەش:

فەرنسیس یوسف شابۆ - یە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کێ بەو(٩) ناوە ڕازییە؟ با دەست بەرز بکاتەوە.

دەست بەرزکرایەوەو.. ئەنجوومەن بەتێکڕای دەنگ ئەو(٩)کەسەی بۆلیژنەی ناوبراو پەسند کرد.

٣-لیژنەی کاروباری کشتوکاڵ وئاودێری. سەبارەت بەژمارەی ئەندامەکانی چ پێشنیارێک هەیە؟ کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە ئەم لیژنەیەش لە (٩) کەس پێک بێت؟ با دەست بەرز بکاتەوە..

دەست بەرز کرایەوەو..بەتێکڕای دەنگ بڕیار درا کە لیژنەکە لە (٩)کەس پێک بێ.

ئێستاش با گروپەکان نوێنەری خۆیان بۆ ئەم لیژنەیەش دیاریی بکەن، فەرموون.

**بەڕێز د. ڕۆژ نووری شاوەیس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

نوێنەرانی ئێمە بۆ ئەم لیژنەیە ئەم بەڕێزانەن:

١-ئەکبەر حەیدەر موسا.

٢-شێخ جەعفەر رەشید عەلی.

٣-موحسن سالح کەتانی.

٤-نیهاد نورەدین.

**بەڕێز د.کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نوێنەرانی ئێمەش بۆ ئەم کۆمیتەیە ئەم بەڕێزانەن:

١-د.جەلال شەفیق .

٢-قادر عەزیز حمدئەمین.

٣-حاجی ئیبراهیم عەبدوڵلا.

٤-د.خەسرەو گوڵ محەمەد.

**بەڕێز یۆنادم یوسف کنا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێز ئەکرەم عاشوریش نوێنەری ئێمەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**٤-لیژنەی کاروباری پەروەردەو فێرکردن.** پێشنیاری چەند ئەندام بۆ ئەم لیژنەیە ئەکەن؟.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەندێ لە لیژنەکان واپێویست دەکات لە(٩)ئەندام زیاتر بێت. بۆ نموونە با ئەم لیژنەیە(١١)ئەندام بێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە لەسەرتاوە بڕیارمان لەسەر ئەوەداوە کە هەر لیژنەیەک لە (٧تا ٩) ئەندام پێک بێت.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەندێ حاڵەت واپێویست دەکا ئیستعانە بە لیژانی تر بکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژانی ناوپەرلەمان یا دەرەوە؟

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەرەوە وناوەوە. بەشێوەیەکی گشتیی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە، ئێستا کێ لەسەرئەوە رازیە کە ئەم لیژنەیەش لە (٩)ئەندام پێک بێ ؟

دەست بەرز کرایەوەو ئەنجوومەن بەتێکڕای دەنگ بڕیاری لەسەر ئەوەدا کە لیژنەکە لە (٩) کەس پێک بێت.

ئێستا با گروپەکان نوێنەری خۆیان بۆ ئەم لیژنەیەش بە پاڵێون.

**بەڕێز د. ڕۆژ نووری شاوەیس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

نوێنەرانی گروپی ئێمە بۆ ئەم لیژنەیە ئەم بەڕێزانەن:-

١-عەدنان محەمەد نەقشبەندیی.

٢-وریا ئەحمەد محەمەد ئەمین.

٣-فەوزیە عیزەدین رەشید.

٤-شەفیقە فەقێ عەبدوڵلا.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

نوێنەرانی ئێمەش ئەم بەڕێزانەن:

١-کەمال جەلال غەریب.

٢-ئەحمەد شێخ تاهیر نەقشبەندیی.

٣- هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد.

٤-عەبدولخالق زەنگەنە.

**بەڕێز یونادم یوسف کنا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەڕێز ئەکرەم عاشوریش نوێنەری ئێمەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

٥-لیژنەی کاروباری خوێندنی بالا. ژمارەی ئەندامانی ئەم لیژنەیە چەند بێ، (٧ یا٩) ئەندام ؟

بەتێکڕای دەنگ ئەنجوومەن رەزامەندی لەسەر ئەوە نیشان دا کە لیژنەکە لە (٧) ئەندام پێک بێ.

ئێستاش با گروپەکان نوێنەری خۆیان بۆ ئەم لیژنەیە دیاری بکەن، فەرموون.

**بەڕێز د. ڕۆژ نووری شاوەیس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

نوێنەرانی ئێمە بۆ ئەم لیژنەیە ئەم بەڕێزانەن:

١-د. ئیدریس هادی سالح.

٢-د. سەلیم حاجی مەلۆ.

٣-د. حمە نجم جاف.

بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:
بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.
ئەم بەڕێزانەش نوێنەرانی گرووپی ئێمەن:
١-د.جەلال شەفیق.
٢-د.عیزەدین مستەفا.
٣-د.سەلاحەدین محەمەد حەسەن.
بەڕێز یۆنادم یوسف کنا:
بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.
ئێمە نوێنەرمان بۆ ئەم لیژنەیە نییە، سوپاس.
بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:
کەوابێ ئەم لیژنەیە لە(٦)ئەندام پێک دێت.
٦- لیژنەی کاروباری تەندروستی وکۆمەڵایەتی. ئەم لیژنەیەش لە(٩) ئەندام پێک دێت.
فەرموون با گروپەکان نوێنەرانی خۆیان دیاری بکەن.
بەڕێز د. رۆژ نووری شاوەیس:
بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.
ئەم بەڕێزانەی لای خوارەوە نوێنەرانی ئێمەن:
١- د.حمە نجم جاف.
٢-د.حەسەن حسێن بەفری.
٣-ئەحمەد عەلی عومەر.
٤- فەوزیە عیزەدین رەشید .

بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:
بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.
ئەم بەڕێزانەی لای خوارەوەش نوێنەرانی ئێمەن:
١-گەلاوێژ عەبدولجبار جەباری.
٢-پەریخان مەحمود.
٣-مەلا محەمەد ئەمین عەبدولحەکیم.
٤-مەلا تەها محەمەد تەها.
بەڕێز یۆنادم یوسف کنا:
بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.
نوێنەری ئێمەش کاک سەرکیس ئاغا جان ـ ە، سوپاس.

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن:**

٧-لیژنەی کاروباری کلتوور. کێ تێبینی هەیە؟.

**بەڕێز فـرەنسـۆ تـۆمـا هەریری:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

ئەم لیژنەیە لەلیژنە هەرە گرنگەکانەو، بەبڕوای من پێویستە لە(١٥) ئەندام پێک بێت، سوپاس.

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن:**

وەک وتمان لیژنەکان لە(٩) ئەندام زیاتر نابن.

**بەڕێز بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

نوێنەرانی ئێمە بۆ ئەم لیژنەیە ئەم بەڕێزانەن:

١-شێرکۆ فایق بێکەس.

٢-ئەرسەلان بایز.

٣-حسێن عارف.

٤- سەلاحەدین عەبدولحەمید.

**بـەڕێـز د. رۆژ نـووری شـاوەیـس:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

نوێنەرانی ئێمەش ئەم بەڕێزانەن:

١-فەلەکەدین کاکەیی.

٢-ئەحمەد سالار.

٣-فرەنسۆ هەریری.

٤-بارزان خالید.

**بـەڕێـز یـۆنـادم یـوسـف کـنـا:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

نوێنەری ئێمەش، بەڕێز شەمائیل نەننو ـ یە.

**بەڕێز فـرەنسـۆ تـۆمـا هەریری:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

بەڕێز سەرکیس ئاغا جان نوێنەری لیستێکی تایبەتییەو، و بۆی هەیە لەهەموو لیژنەکاندا بەشدار بێت، سوپاس.

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن:**

٨-لیژنەی ئەوقاف وکاروباری ئیسلامی. کێ تێبینی لەسەر ئەم لیژنەیە هەیە با بفەرموێ.

**بەڕێز فـــــرەنســـــۆ تۆمـــــا هەریری:**
**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن.**
داوا دەکەم (کەنیسە) بە ئەوقافەوە نەبەستنەوە، سوپاس.

**بـــەڕێـــز یـــۆنـــادم یـــوســـف کـــنـــا:**
**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن.**
منیش لەگەڵ بۆچوونەکەی کاک فەرەنسۆدام، سوپاس.
**بەڕێز عـــــومـــــەر ســـــەید عـــــەلی:**
**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن.**
با ئەوقاف وکاروباری ئیسلامی لە(کەنیسە) جیا بکرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێزد. مـــحـــمـــەد فـــوئاد مـــەعـــســـوم:**
**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن.**
بادیانەت وپەرستگا نائیسلامیەکان سەربەخۆ بن، بۆ ئەوەی دوا ڕۆژ بەڕێوەبەرایەتی ئەوقاف یا وەزارەتی ئەوقاف دەست بەسەر خێر وبێرو وەقفەکانیاندا نەگرێت، سوپاس.
**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن:**
کەواتە دەبێ ئەوە لابدرێ کەدەڵێ (یهتم بشؤون المعابد والکنائس).. رازین؟
ئەنجوومەن بەتێکڕا ئەمەی پەسند کرد.
**بـەڕێـز د. ڕۆژ نـووری شـــــــاوەیــس:**
**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن.**
پێشنیـار دەکەم کە هەمـوو مـامۆسـتـا ئاپینیەکـان لە هەردوو گـروپ ئەندامی ئەم لیـژنەیەبن، سوپاس.
**بەڕێز د. مـــحـــمـــەد فـــوئاد مـــەعـــســـوم:**
**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن.**
دەبێ ئەوەش لەبەر چاو بگیرێ کەنابێ هیچ کەسێکیان لە دوو لیژنە زیاتر ئەندام بن ، سوپاس.

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن:**
کێ رازیە هەر(٧) مامۆستاکە لەم لیژنەیەدا ئەندام بن؟.. دەست بەرزکرایەوەو، هەموو ئەندامان لەسەر ئەوە رازی بوون.
٩-لیژنەی کاروباری ناوخۆ. بۆ ئەم لیژنەیە چەند کەس پێشنیار دەکەن؟.. دەست بەرزکرایەوەو ئەنجوومەن بەتێکڕای دەنگ (٨) ئەندامی بۆ ئەندامێتی ئەم لیژنەیە پەسند کرد.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

نوێنەرانی ئێمە بۆ ئەم کۆمیتەیە ئەم بەڕێزانەن:

١-عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە.

٢-سەعید عەلی خان سلیڤانی.

٣-جەلال جوهر عەزیز.

٤- مزهر کاکی هیرانی.

**بەڕێز د. رۆژ نووری شاوەیس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەم بەڕێزانەش نوێنەرانی ئێمەن:

١-شێروان ناسح حەیدەری.

٢-کانەبی عەزیز ئاغا.

٣-جوهر ئەحمەد شاواز.

٤-ملازم یونس ڕۆژبەیانی.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

١٠- لیژنەی نەخشەکێشان وپەرەپێدان وئاوەدانکردنەوەی کوردستان. بەرای ئێوە دەبێ ژمارەی ئەم لیژنەیە چەند بێت؟

ئەنجوومەن بەتێکڕای دەنگ لەسەر (٩) ئەندام رازی بوو.

**بەڕێز د. رۆژ نووری شاوەیس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

نوێنەرانی ئێمە بۆ ئەم لیژنەیە ئەم بەڕێزانەن:

١-مئمون نور محەمەد.

٢-محەمەد ئەمین مەولوود.

٣-ئیبراهیم سەعید.

٤-حەمید میران.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

نوێنەرانی ئێمەش ئەم بەڕێزانەن:

١-قادر عەزیز حمدئەمین.

٢-سەلام کریم خان.

٣-نەهلە محەمەد سەعدوللا.

٤- تارق محەمەد سەعید جامباز.

**بەڕێز یۆنادم یوسف کنا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نوێنەری ئێمەش ئەندازیار بەڕێز فەرەنسیس یوسف شابۆ ـ یە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

١١- لیژنەی کارگوزاریی گشتی. بەرای ئێوە ئەم لیژنەیە لەچەند ئەندام پێک بهێنرێ؟

**ئەنجوومەن بەتێکڕای دەنگ بڕیاری لەسەرئەوە دا کە لیژنەکە لە(٩) ئەندام پێک بێت.**

**بەڕێز د. ڕۆژ نووری شاوەیس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەم بەڕێزانەی لای خوارەوە نوێنەرانی ئێمەن:

١-محەمەد مەلا قادر.

٢-سەفەر محەمەد حەسەن.

٣-ئیبراهیم سەعید.

٤-مەلا هادی خدر ئیبراهیم.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە پاشان نوێنەرانی خۆمان بۆ ئەم لیژنەیە دیاری دەکەین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەوابێ ناوی ئەندامی گروپی کەسک دوا دەخرێ.

١٢- لیژنەی پیشەساری و وزە وکانزاکان. چەند ئەندام بۆ ئەم لیژنەیە پێشنیار دەکەن؟

ئەنجوومەن بەتێکڕا پێشنیاری (٧)ئەندامی کرد. بەلاّم لەبەر ئەوەی لیستی مۆر نوێنەریان نەبوو، بۆیە ژمارەی ئەندامانی لیژنەکە بە (٦) ئەندام دیاری کرا.

**بەڕێز د. ڕۆژ نووری شاوەیس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نوێنەرانی ئێمە بۆ ئەم لیژنەیە ئەم بەڕێزانەن:

١-حەمید سەلیم میران.

٢-نیهاد نورەدین.

٣-د.سەلیم عەلی مەلۆ.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەم بەڕێزانەش نوێنەرانی گروپی ئێمەن:

١-د. محەمەد فازڵ قەفتان.

٢-کەمال جەلال غەریب.

٣-سەلام کەریم خان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

**١٣- لیژنەی کاروباری پێشمەرگە.**

ئەنجوومەن بۆ ئەندامێتی ئەم لیژنەیەش پێشنیاری (٩) ئەندام کرد.

**بەڕێز د. ڕۆژ نووری شاوەیس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

نوێنەرانی ئێمە بۆ ئەم لیژنەیە ئەم بەڕێزانەن:

١-ملازم یونس ڕۆژبەیانی.

٢-ئازاد فەتاح میران.

٣-فازڵ ڕەئوف.

٤-ئەکبەر حەیدەر.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

نوێنەرانی ئێمەش ئەم بەڕێزانەن:

١-عومەر عەبدوڵڵا محەمەد.

٢-نەوشیروان فوئاد.

٣-شەوکەت حاجی موشیر.

٤-ئەبو بەکر حاجی سەفەر غولام.

**بەڕێز یۆنادم یوسف کنا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

نوێنەری لیستی ئێمەش بۆ ئەم لیژنەیە خۆم دەبم(یۆنادم یوسف)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

١٤- لیژنەی پەیوەندییەکان. ئەم لیژنەیەش لە(٩) ئەندام پێک دێت. فەرموون با گروپەکان نوێنەرانی خۆیان دیاری بکەن.

**بەبەڕێز د. ڕۆژ نووری شاوەیس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

نوێنەرانی ئێمە ئەم بەڕێزانەن:

١-فەلەکەدین کاکەیی.

٢- د.قاسم محەمەد قاسم.

٣-مەلا مەحمود دێرشەوی.

٤-د. ئیدریس هادی.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەم بەڕێزانەش نوێنەرانی ئێمەن:

١-نجمەدین عەزیز.

٢-ئازاد ئەحمەد.

٣-ئەحمەد بامرنی.

٤- جەلال جوهر.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێویستە کاک سەرکیس ئاغا جان- یش لەم لیژنەیەدا ئەندام بێت، سوپاس.

**بەڕێز د.رۆژ نووری شاوەیس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەم لیژنەیە تەواو بووە، با کاک سەرکیس لیژنەیەکی تر بۆخۆی هەڵبژێرێت، سوپاس.

**بەڕێز یۆنادم یوسف کنا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە لیژنەی ناوخۆ و، لە لیژنەی پیشەسازی و وزەشدا جێگا هەیە، سوپاس.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێستا (١٤) کۆمیتە جێگیر کرا، داوا دەکەین کە رێ بەلیستەکەمان بدرێ بەناوەکاندا بچێتەوەو خۆی بۆ خۆی سەر لەنوێ ناوەکان دابەش بکاتەوەو ئاڵوگۆڕیان تیدا بکا، چونکە وابزانم ئەندام هەیە لەدوو کۆمیتەدا ناوی دانراوە وئەندامی واش هەیە کە لەهیچ کۆمیتەیەکدا ناوی نەهاتووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر سەرپێچی یاسا نەبێت . باشە.

**بەڕێز عـــەدنان مـــحـــەمـــەد نەقـــشـــبـــەندیی:**

**بەڕێـز ســـــــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومـــــــەن.**

مادام (مصادقە)ی لەسەر کرا ئیتر نابێ ئاڵوگۆڕی بەسەردا بێت ،سوپاس.

**بەڕێـز ســـــــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومـــــــەن:**

سوپاس بۆ هەموو لایەک ، بەمە کۆتایی بە دانیشتنی ئەمڕۆمان دێنین. دانیشتنی داهاتووشمان ڕۆژی شەممەی داهاتوو، ڕێکەوتی ١٩٩٢/٦/٢٠ سەعات (٣) ی پاش نیوەڕۆ دەبێت.

**فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا**
**سکرتێری ئەنجوومەن**

**محەمەد تۆفیق ڕەحیم**
**جێگری سەرۆک**

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

# پێڕەوی ناوخۆی
# ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق

# پێڕەوی ناوخۆی
# ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان
بەناوی گەل
بەپێی ئەحکامی برگە/٨-ی مادە/٥٦لە یاسای ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق،ئەنجوومەن پێڕەوی ناوخۆی لە پێنجەمین دانیشتنیدا لە رۆژی ١٩٩٢/٦/١٧ بڕیاری لەسەردا.

## پێڕەوی ناوخۆی
## ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق
## ژمارە/١ی ساڵی/١٩٩٢

### بەشی یەکەم
### پێناسەکان(التعاریف)

**مادەی یەکەم:**
ئەم وشانەی خوارەوە لەم پێڕەوەدا،ئەم مانایانەیان هەیە کە لە تەنیشتیانەوە روون کراونەتەوە:
-ئەنجوومەن:ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق.
-سەرۆک:سەرۆکی ئەنجوومەن.
-ئەندام: ئەندامی ئەنجوومەن.
-دەستەی سەرۆکایەتی: دەستەی سەرۆکایەتیی ئەنجوومەن.
-یاسای ئەنجوومەن:یاسای ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان/ ژمارە(١)- ساڵی/ ١٩٩١.
-یاسا: یاسای ئەنجوومەنی وەزیران.
-پێڕەو: پێڕەوی ناوخۆی ئەنجوومەن.
-کوردستان: کوردستانی عێراق.
-دانیشتن: سەرجەمی ئەو کۆبوونەوانەیە کە لە ماوەی رۆژێکدا دەبەسترێ.
-کۆبوونەوە:بەشێکە لە دانیشتنی رۆژێک.
-گروپ:ئەندامانی ئەنجوومەن ئەوانەی سەر بەیەکێ لەو لیستە سەرکەوتوانەن کە رێژەی٧٪ یا زیاتری دەنگی دەنگدەرانیان هێناوە.

### بەشی دووەم
### کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی

**مادەی دووەم:**
ئەنجوومەن لە هەولێر کۆدەبێتەوە. دەشگونجێ لە کاتی پێویستیدا لە هەر شوێنێکی تردا کە بە باشی دەزانێ کۆببێتەوە.
**مادەی سێیەم:**
ئەنجوومەن یەکەمجار لە سەعات دەی رۆژی دەیەمی دوای ئاشکراکردنی ئەنجامی هەڵبژاردن،بە

پێی ئەو یاسایانەی لە کاردان کۆدەبێتەوە.

**مادەی چوارەم:**

کۆبوونەوەی ئەنجوومەن بە ئامادەبوونی زۆربەی ئەندامانی دەبێ،هەر وەکو بڕیارەکانی بە وەرگرتنی زۆربەی موتلەق(١+٥٠ ٪)ی دەنگی ئامادەبووان دەداو ئەگەر ژمارەی دەنگ وەک یەک بوون، ئەوا ئەو لایە سەر دەکەوێ کە دەنگی سەرۆکی لە گەڵدا دەبێ،جگە لەو حاڵەتانەی کە زۆربەیەکی تایبەتییان پێدەوێ.

**مادەی پێنجەم:**

١-ئەنجوومەن لە ساڵێکدا دوو خولی دەبێ یەکەمیان لەسەرەتای مانگی مارتەوە دەست پێدەکاو لە کۆتایی مانگی حوزەیراندا دوایی دێ.
دووەمیان لەسەرەتای مانگی ئەیلوولەوە دەست پێدەکاو لە کۆتایی مانگی کانوونی یەکەمدا دوایی دێ.

٢-بەدەر لەو دەسنیشانکردنەی برگەی پێشوو،ڕێکخستنی ماوەی خولی یەکەم و دووەمی ساڵی(١٩٩٢)ی ئەنجوومەن،بەدەستەی سەرۆکایەتی دەسپێردرێ.

**مادەی شەشەم:**

١-سەرۆک یاچواریەکی ئەندامانی ئەنجوومەن،بۆیان هەیە داوای کۆبوونەوەیەکی نائاسایی ئەنجوومەن بکەن.بەڵام کۆبوونەوەکە دەبێ تەنیا لەو باسانە بدوێ کە بۆی دەسنیشان کراون.

٢-سەرۆک لە سەر داواکردنی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران،بۆی هەیە لە کاتی پێویستیدا،داوای کۆبوونەوەیەکی نائاسایی ئەنجوومەن بکا.

**مادەی حەوتەم:**

ئەنجوومەن بۆی هەیە بە زۆربەی دوو لە سێ بەشی ئەندامانی،ماوەی هەر یەکێک لەدوو خولەکەی، بۆ ماوەیەک کە لە مانگێک تێنەپەڕێ درێژ بکاتەوە،بەمەبەستی بەئەنجام گەیاندنی ئەو ئەرکانەی دەبنە هۆی درێژکردنەوەکە.

**مادەی هەشتەم:**

ماوەی ئەنجوومەن سێ ساڵە کە لە یەکەم کۆبوونەوەیەوە دەست پێدەکاو بە کۆتایی هاتنی دوا کۆبوونەوەی لە ساڵی سێیەمدا دوایی دێ.

**مادەی نۆیەم:**

کۆبوونەوەکانی ئەنجوومەن بە ئاشکرا دەکرێن.بەڵام دەکرێ لەسەر داخوازیی سەرۆک یا ژمارەیەک لە ئەندامان کە لە چواریەکی کەمتر نەبن وبە بڕیاری زۆربەی ئامادەبووان نهێنی بێ.

## بەشی سێیەم
## دەستەی سەرۆکایەتی

### یەکەم: هەڵبژاردنی دەستە

**مادەی دەیەم:**

بەتەمەنترین ئەندام لە ناو ئامادەبوواندا،سەرۆکایەتیی ئەو یەکەم کۆبوونەوەیە دەکا کەلە مادەی(٣)ی ئەم پێڕەوەدا باس کراوە.

**مادەی یانزدەیەم:**

سەرۆکە کاتییەکەو بەدوایدا یەک بەیەکی ئەندامان،لەبەر دەم ئەنجوومەندا ئەم سوێندە دەخۆن:

**(سوێند بە خودای گەورە دەخۆم کە پارێزگاریی یەکێتی گەل وخاکی کوردستانی عێراق وبەرژەوەندییە بالاکانی بکەم).**

**مادەی دوانزدەیەم:**

ئەندامی هەڵبژێردراو لە کاتی ئاشکراکردنی سەرکەوتنییەوە لە هەڵبژاردندا، دەبێتە ئەندامی ئەنجوومەن وبەدوایدا خاوەنی گشت مافێکی ئەندامەتی دەبێ ولە دوای سوێند خواردنییەوە دەست بەکاردەکا.

**مادەی سیانزدەیەم:**

١-دوای سوێند خواردن،سەرۆکی کاتی دەرگای خۆپالاوتن بۆ سەرۆکایەتی وجێگری وسکرتێری دەکاتەوە.

٢-دوای داخستنی دەرگای خۆپالاوتن، هەڵبژاردن بە شێوەی دەنگدانی نهێنی دەکرێ وسەرکەوتن بەوەرگرتنی زۆربەی دەنگی ئامادەبووان دەبێ.

**مادەی چواردەیەم:**

١-هەر ئەندامێکی ئامادە لە کۆبوونەوەکەدا،کاغەزێکی مۆرکراوی بە مۆری ئەنجوومەن دەدرێتێ وناوی ئەو ئەندامەی لەسەر دەنووسێ کە دەیەوێ بەسەرۆک وجێگری سەرۆک وسکرتێریان هەڵبژێرێ.

٢-کاغەزەکەی دەخاتە ناو ئەو سنووقەوە کە بۆ ئەم مەبەستە ئامادە کراوە.نوێنەرایەتی و وەکالەت لە دەنگداندا ناشێ وهەر کاغەزێک مۆر نەکرابێ یاناوی هیچ کام لە پالێوراوانی تێدا نەبێ، بەپووچەڵ دەژمێردرێ.

٣-بچووکترین دوو ئەندام لە تەمەندا لەناو ئامادەبوواندا لەژێر چاودێریی سەرۆکی کاتیدا، دەنگەکان جودا دەکەنەوە.

٤-ئەگەر ژمارەی ئەو دەنگانەی بۆ پالێوراوانی هەر یەک لەو سێ کەسە وەک یەک بوو، ئەوا لە کۆبوونەوەیەکی تردا هەڵبژاردنی بۆ دەکرێتەوە.خۆ ئەگەر چونیەکییەکە دووبارە بووەوە،ئەوا ئەمجارە قورعەیان بۆ دەکرێ.

**مادەی پانزدەیەم:**

سەرۆکی کاتی ئەنجامی هەڵبژاردنەکە رادەگەیەنێ و داوا لە سەرۆک و جێگرەکەی و سکرتێری هەڵبژاردراوان دەکا کە بچن لە شوێنی تایبەتیی دەستەی سەرۆکایەتیدا دابنیشن.

**مادەی شانزدەیەم:**

١-ئەگەر یەکێک لە ئەندامانی دەستەی سەرۆکایەتی داوای واز لە کارهێنانی کرد،لە سەر بڕیاری ئەنجوومەن بە زۆربەی دەنگی ئامادەبووان لێی قبوڵ دەکرێ.

٢-ئەگەرشوێنی سەرۆک یاجێگرەکەی یا سکرتێر لەبەر هەر هۆیەک بێ چۆڵ بوو،ئەنجوومەن لە یەکەم کۆبوونەوەیدا کە بەدوای چۆڵ بوونەکەدا دەیکا،جێگرەوەیەکی هەر بەو شێوەی هەڵبژاردنەی لەم پێڕەوەدا دەسنیشان کراوە، بۆ هەڵدەبژێرێ.

**دووەم: ئەرک ودەسەلاتەکانی سەرۆک**

**مادەی حەڤدەیەم:**

سەرۆک ئەم ئەرک ودەسەلاتانە بەجێ دێنێ:

١-چەسپاندنی یاساو پێڕەوی ناو خۆی ئەنجوومەن.
٢-دەست پێکردنی کۆبوونەوەکانی ئەنجوومەن وسەرۆکایەتی کردنیان و دواخستنیان ودەسنیشانکردنی کاتەکانیان.
٣-هەڵسوڕاندنی گفتوگۆ وپاراستنی ڕێکوپێکی ئەو هەڵسووڕاندنە.
٤-ئەو کاروبارانەی پێویست بە دەنگدان دەکەن،دەیانخاتە دەنگدانەوەو ئەنجامیان رادەگەیەنێ.
٥- لەناهەنگ وکۆڕ وکۆمەڵە نیشتمانییەکان وهەموو بۆنەیەکی تردا نوێنەرایەتی ئەنجوومەن دەکا.بۆیشی هەیە هەر یەکێک لە ئەندامانی بۆ ئەو مەبەستە لە باتیی خۆی بنێرێ.
٦- جێبەجێ کردنی هەموو کردارێکی قانوونی وئیداری ودارایی کە بۆ ئەنجوومەن پێویست بن وبۆشی هەیە بەهەر یەکێک لە ئەندامانیان بسپێرێ.
٧-بەجێهێنانی هەر کارێک کە بۆ پاراستنی ئاسایش وڕێکوپێکی لە ناو ئەنجوومەندا پێویست بێ ودەتوانێ هێزێکی نیزامی بۆ ئەم مەبەستە لە ژێر فەرماندەیی خۆیدا بخاتە کار.
٨-ئیمزاکردنی گشت ئەو نامەو نووسراوەنەی لە ئەنجوومەنەوە دەردەچن، دوای مۆرکردنیان بەمۆری خۆی.
٩- سەرپەرشتی کردنی کاروباری لیژنەکانی ئەنجوومەن.
١٠-ئیمزاکردنی مەحزەری کۆبوونەوەکانی ئەنجوومەن لە گەڵ دوو ئەندامەکەی تری سەرۆکایەتیدا.
١١-دڵنیابوون لە زۆرایەتیی ئامادەبووان(النصاب)بە یاریدەی دوو ئەندامەکەی تری سەرۆکایەتی.

**سێیەم: ئەرک ودەسەڵاتەکانی جێگری سەرۆک**

**مادەی هەژدەیەم:**

جێگری سەرۆک ئەم ئەرک ودەسەڵاتەنە بەجێ دێنێ:
١-لەکاتی ئامادەنەبوونی سەرۆکدا ،گشت دەسەڵاتەکانی سەرۆک بەجێ دێنێ.دەشکرێ سەرۆک هەندی ئەرکی پێ بسپێرێ.
٢-لە کاروبارو فەرمانەکانی دەستەی سەرۆکایەتیدا بەو سیفەتەی ئەندامێکێتی بەشداری دەکا.
٣-لەکاروباری لیژنەکان دەپرسێتەوەو راپۆرتیان لە بارەوە پێشکەش دەکا.

**چوارەم:ئەرک ودەسەڵاتەکانی سکرتێر**

**مادەی نۆزدەیەم:**

سکرتێر ئەم ئەرک ودەسەڵاتانە بەجێ دێنێ:
١-سەرپەرشتی کردنی نووسینی مەحزەری کۆبوونەوەکانی ئەنجوومەن وچاپکردن و دابەش کردنی بەسەر ئەندامانداا.
٢-ڕێکخستنی ناوی ئەو ئەندامانەی دەیانەوێ بدوێن.
٣-بەشداربوون لە کاروبارو فەرمانەکانی دەستەی سەرۆکایەتیدا بەو سیفەتەی کە ئەندامێکێتی.

**پێنجەم:ئەرک ودەسەڵاتە هاوبەشەکان**

**مادەی بیستەم:**

دەستەی سەرۆکایەتی پێکەوە ئەم کارانە دەکا:
١-دانانی نەخشەی کاری هەر یەکێ لە کۆبوونەوەکانی ئەنجوومەن کە دەبێ لەگەڵ ئەو پرۆژەو

پێشنیارو راپۆرتانەی گفتوگۆیان لە سەر دەکرێ،بەلایەنی کەمەوە پێش دوو رۆژ بە ئەندامان وئەندامانی ئەنجوومەنی وەزیران رابگەیەنرێ.
٢-یەکالاکردنەوەی هەموو بەیەکدا چوونێک لە پسپۆڕیدا(تنازع الاختصاص)لە نێوان لیژنەکاندا، لەو مەسەلانەدا کە بۆیان دەنێردرێ.
٣-دانانی بنەمای تایبەتی بۆ رێکخستنی نووسینی مەحزەر.
٤-سەلماندنی مەحزەری دوا کۆبوونەوەی ئەنجوومەن لە خولی هەڵبژاردنیدا.

**مادەی بیست و یەکەم:**
هەرکات بە پێویست زانرا،دەستەی سەرۆکایەتی لە سەر داوای سەرۆک کۆ دەبێتەوەو دەبێ مەحزەری کۆبوونەوەکانی رێک بخاو ئەو باس وبیرورا وبڕیار بنەمایانەی تێدا جێگیر بکرێ کە بۆی نێردراون و ئەندامەکانی ئیمزای دەکەن و لە گەڵ بەڵگەنامەکانی ئەنجوومەندا دەپارێزرێ.

**مادەی بیست و دووەم:**
ئەگەر سەرۆک وجێگرەکەی نەیانتوانی ئەرکی سەرۆکایەتی بەجێ بێنن، بەتەمەنترین ئەندام لە ناو ئامادەبووواندا،سەرۆکایەتیی ئەنجوومەن دەکا.

**مادەی بیست و سێیەم:**
لە حاڵەتی ئامادەنەبوونی سکرتێردا،یەکێک لە ئەندامان لە سەر بڕیاری زۆربەی ئامادەبووان بۆ جێبەجێ کردنی ئەرکەکانی دەسنیشان دەکرێ تا کاتی ئامادەبوونی.

## بەشی چوارەم
## ئەندامەتی لە ئەنجوومەندا

### یەکەم: دروستیی ئەندامەتی

**مادەی بیست و چوارەم:**
١-هەر ئەندامێکی ئەنجوومەن بۆی هەیە تانووت لە ئەندامەتیی هەر ئەندامێکی تری بدا.هەر پاڵێوراوێکی سەرنەکەووتووی ناو لیستە سەرکەوتووەکانیش،بۆی هەیە لە چوارچێوەی لیستەکەی خۆیدا،تانووت لە ئەندامەتیی هەر ئەندامێکی بدا.
٢-لە دووەم کۆبوونەوەی ئەنجوومەندا وبە هەڵبژاردن، لیژنەیەکی کاتی بەناوی لیژنەی دروستیی ئەندامەتییەوە لە پێنج ئەندام یا زیاتر پێکدەهێنرێ، بەمەرجێ ئەو ئەندامەیان لەگەڵدا نەبێ کە تانووتی لێ دراوە.
٣-لیژنە لە تانووتەکە دەکۆڵێتەوەو بۆی هەیە سەیری هەموو ئەو مەحزەرو بەڵگانە بکا کە پەیوەندییان بە هەڵبژاردنی ئەندامە تانووت لێدراوەکەوە هەیە دەشبێ ئەو پەرەکەی لە ماوەی مانگێکدا لە رۆژی رەوانەکردنی داخوازییەکەوە بۆ لای،راپۆرتی خۆی پێشکەش بکا.
٤-ئەنجوومەن هەقی یەکالاکردنەوەی دروستیی ئەندامەتییەکەی هەیەو بەزۆرایەتیی دوو لە سێ بەشی ئامادەبووان بڕیاری لەسەر دەدا.
٥-تانووتەکان لە ماوەی خولی یەکەمدا، لە رۆژی یەکەم کۆبوونەوەی ئەنجوومەنەوە دوای هەڵبژاردنی، بەنووسین دەدرێن بە سەرۆک وئەمیش دەیاندا بە لیژنەی دروستیی ئەندامەتی.

٦-ئەگەر ئەندامەکە ئەندامەتییەکەی بە هۆی تانووت لێدانییەوە لێ سەندرایەوە، سەرۆک ئەو ئەنجامە بە خاوەن لیستەکە رادەگەیەنێ تا پاڵێوراوێکی تری ناو لیستەکە بەپێی مادەی (٤٤)ی یاسای ئەنجوومەن لە ماوەی (٦٠)رۆژدا بخاتە جێگەی، بەمەرجێ ماوەی مانەوەی ئەنجوومەن لە شەش مانگ کەمتر نەبێ.

٧-ئەگەر تانووتەکە کۆک نەبوو،یازانیاریی ناراستی بەمەبەستی ناو زڕاندنی ئەندامە تانووت لێدراوەکەی تێدابوو، لیژنە راپۆرتێکی لە سەر دەدا بەسەرۆک وئەمیش بۆی هەیە داواکە بدا بە دادگای لێکۆڵینەوەی پەیوەندیدار،تا ئەو کەسەی تانووتەکەی داوە،بکەوێتە بەر لێپرسینەوەی قانوونییەوە.

## دووەم : ئەرک و مافەکانی ئەندام

### مادەی بیست و پێنجەم:

١-ئەندام دەبێ لە کۆبوونەوەکانی ئەنجوومەن وئەو لیژنانەی تیایاندا ئەندامە، ئامادەبێ و نابێ بەبێ بیانوویەکی پەسند کە سەرۆک یا سەرۆکی لیژنەکە سەبارەت بە کۆبوونەوەی لیژنەکان دەیخەملێنێ،لە ئامادەبووان دوا بکەوێ.

٢-ئامادە نەبوونی ئەندام لە کۆبوونەوەکانی ئەنجوومەندا بە هۆی ئەو ئەرکە رەسمییانەوەی لەلایەن ئەنجوومەنەوە پێی سپێردراون،بە ئامادە نەبوون ناژمێردرێ.

٣-سەرۆک بۆی هەیە لە ماوەی هەر خولێک لە خولەکاندا،مۆڵەتێکی ئاسایی کە لە پانزە رۆژ زیاتر نەبێ،بدا بە هەر ئەندامێک ئەگەر پێویستی پێی هەبوو.

٤-هەر ئەندامێک بۆی هەیە لە ماوەی خولەکاندا، مۆڵەتی نەخۆشیی ئاسایی وەربگرێ.

٥-هەر ئەندامێک ئەگەر لە ماوەی خولەکاندا سەفەری بۆ دەرەوەی کوردستان ولە ناو کوردستاندا کرد،دەبێ سکرتێر ئاگادار بکا.

٦-ئەگەر ئەندام لە ماوەی خولێکدا بەبێ بیانوویەکی پەسەند سێ جاری جیاجیا لە کۆبوونەوەکانی ئەنجوومەن وئەو لیژنانەی تیایاندا ئەندامە ئامادە نەبوو،دەبێ سەرۆک سەرنجی ئەندامەکەو ئەو دەستەیەی بۆ رابکێشێ کە تیایدا ئەندامە.

## سێیەم:(حصانە)وخەلاتکردن

### مادەی بیست و شەشەم:

ئەندام لە سەر رادەربڕین وئەو رووداوانەی لە کاتی بەجێهێنانی ئەرکەکانی لە ئەنجوومەندا لێیان دەدوێ، لێی ناپرسرێتەوە.

### مادەی بیست و حەوتەم:

١-لە کاتی خولەکاندا، نابێ بەبێ رێ پێدانی ئەنجوومەن،هیچ کام لە ئەندامانی لەسەر هەر گوناهبار کردنێک راوبنرێ یا بگیرێ،تەنیا لە حاڵەتی گرتنی راستەوخۆیدا نەبێ بەکردنی تاوانێکەوە.

٢-لەکاتی پشووەکاندا،نابێ بەبێ ئیزنی سەرۆک هیچ کام لە ئەندامانی ئەنجوومەن راوبنرێ یا بگیرێ لەسەر تاوانێک،تەنیا لە حاڵەتی گرتنی راستەوخۆیدا بەجینایەتێکەوە نەبێ.

٣-داواکە بەئیزنی سەرۆک لەگەڵ ئەوراقی ئەو مەسەلەیدا کە پێویستە لێپرسینەوەی تێدا بکرێ،دەدرێ بەو لایەنە دادوەرییە بەر پرسە.

٤-سەرۆک ئەو داوایە دەخاتە نەخشەی کاری نزیکترین کۆبونەوەو دەیخاتە بەردەم ئەنجوومەن بۆ بڕیار لە سەردانی لەو حاڵەتانەدا کەلەبەندی یەکەمی ئەم مادەیەدا باس کراوە.
٥-ئەنجوومەن لە رووی بوون ونەبوونی بەڵگەی تۆمەتەکەوە نارِوانێتە داواکە، بەڵکو وەهای تێدەڕوانێ کە ئاخۆ بەمەبەستی بە دیهێنانی دادوەریە،یا هەڵبەستەو بەنیازی ناو زڕاندنی ئەندامەکەیە.

**مادەی بیست و هەشتەم:**

١. هەر یەکێک لە سەرۆک وجێگری سەرۆک وسکرتێرو ئەندامان، پاداشتی مانگانە وەردەگرن.
٢. لەکاتی ئامادە نەبوونی ئەندام بەبێ هۆیەکی رەوا لە هەر دانیشتنێک لە دانیشتنەکانی ئەنجوومەن بڕی (٢٠٠)دوو سەد دیناری لە مانگانەکەی کە لە بڕگە (١)دا باس کراوە لێ دەبڕدرێت بەمەرجێک لەسەرتاپای مانگانەکەی تێپەڕ نەکات.

**مادەی بیست و نۆیەم:**

١- خزمەتی ئەندام لە ئەنجوومەندا بۆ مەبەستی زیادەی ساڵانەو پلە بەرزی وخانەنشینی دەژمێردرێ.
٢-ئەگەر یەکێک لە ئەندامان لە کاتی یا لە ئەنجامی خزمەتەکەی لە ئەنجوومەندا یا بە هۆیەوە مرد،مووچەیەکی خانەنشینی کە ئەنجوومەن دەسنیشانی دەکا،بۆ خێزانەکەی دەبڕدرێتەوە.

**چوارەم: کۆتایی هاتنی ئەندامەتی**

**مادەی سییەم:**

ئەندامەتی لە یەکێک لەم حاڵەتانەدا کۆتایی دێ:
١-تەواو بوونی ماوەی ئەنجوومەن یا هەڵوەشاندنەوەی.
٢-وازهێنانی ئەندام کە لە رۆژی پەسندکردنی لەلایەن ئەنجوومەنەوە بەزۆربەی دەنگی ئامادەبووان، بەبڕاوە دادەنرێ.
٣-لە دەستدانی یەکێک لە مەرجەکانی ئەندامەتی وئەنجوومەنیش بەزۆربەی دوو لە سێ بەشی ئامادەبووان، بڕیاری لەسەریدا.
٤-ئامادەنەبوونی سێ جار لە سەریەکی ئەندام لە کۆبوونەوەکاندا بەبێ بیانوویەکی پەسند.
٥-مردنی ئەندام.

**مادەی سی و یەکەم:**

ئەگەر کورسییەکی ئەنجوومەن چۆڵ بوو،پاڵێوراوێکی تری ناو لیستەکەی جێگەی دەگرێتەوە کە بەپێی بەندی(٢)ی مادە(٣٧)ی یاسای ئەنجوومەن،لەلایەن خاوەن لیستەکەوە هەڵدەبژێردرێ.

**پێنجەم:کۆنەکردنەوە**

**مادەی سی و دووەم:**

١-ئەندامەتیی ئەنجوومەن وفەرمانی گشتی پێکەوە نابێ. ئەو ئەندامەی فەرمانبەری گشتییە، دەبێ لە رۆژی سوێند خواردنییەوە لەبەردەم ئەنجوومەندا، دەست لەو کارەی هەڵگرێ وسکرتێرێتیی ئەنجوومەن ئاگادار بکا.
٢-نابێ ئەندامی ئەنجوومەن، ئەندامی ئەنجوومەنێکی هەڵبژێردراوی تر بێ . دەبێ لە ماوەی هەشت رۆژدا لەو کاتەوەی ئەنجامی هەڵبژاردن رادەگەینرێ،ئەندامەتیی یەکێک لەو دوو

ئەنجــوومــەنە هەڵبــژێرێ. ئەگــەر نەیکرد وا دادەنرێ کــە ئەندامــەتیی ئەم ئەنجــوومــەنەی هەڵبژاردووەو هەردوو ئەنجوومەنیشی لێ ئاگادار دەکرێ.

٣-ئەندام نابێ خۆی یا لە ڕێگەی خەڵکانی ترەوە پەیمان(عـقـد)لەگەڵ دەوڵەتدا ببەستێ.هەر وەکو نابێ ئەندامەتییەکەی بۆ بەرژەوەندی تایبەتیی خۆی بەکاربێنێ.

٤-هەموو ئەندامان بۆ کارکردن لە ئەنجوومەندا تەرخان دەبن.

## بەشی پێنجەم
## لیژنەکانی ئەنجوومەن

**مادەی سی و سێیەم:**

لیژنە هەمیشەییەکانی ئەنجوومەن لە یەکەم خولیدا کە دوای هەڵبژاردن دەبەسترێ پێکدەهێنرێن ولە پێکهێنانیاندا،ئارەزووی ئەندامان وپسپۆڕییان ڕەچاو دەکرێ.

**مادەی سی و چوارەم:**

لیژنە هەمیشەییەکان بریتی دەبن لە:

یەکـــــەم:لیژنەی کاروباری قانوونی:لەگشت ئەو یاسایانە دەکۆڵێتەوە کە شێوەیەکی قانوونییان هەیە و بۆی ڕەوانە کراون.هەروەها داڕشتنی یاساکان وپوختی ورەوانییان لە ڕووی قــانوونی و زمــانەوانیــیــەوە،لە ئەســتــۆ دەگـرێ ودەیانخـاتە بەردەم ئەنجـوومـەن بۆ لێدوانیان.دەشبێ زۆربەی ئەندامانی لەوانە بن کە بڕوانامەی زانستگایان لە قانووندا هەیە.

دووەم : لیژنەی کـاروباری دارایی وئابووری:لەو کـاروبارانە دەکـۆڵێـتـەوە کـە پێوەندییـان بە بووجـەی گـشـتـیی کـوردسـتـان وحـسـابی(خـتـامی)و بووجـەی ئەنجـوومـەنەوە هەیە .ڕاپۆرتی خـۆی لە بارەی هەمـوو بەشـەکـانی بووجەو هەمـوو بوارەکـانی بەبووجـەی ئەنجوومەن و هەموو کاروبارێکی تری دارایی وئابووری وژمێریاری وبازرگانییەوە کە پێی دەسپێردرێ،پێشکەش بە ئەنجوومەن دەکا.

سێیـــەم: لیژنەی کاروباری کشتوکاڵ وئاودێری:لەو کاروبارانە دەکۆڵێتەوە کە پێوەندییان بە کـشـتـوکـاڵ وچاککردنی وباخـات و دارسـتـان وسـامـان وتەندروسـتـیی ئاژەڵ وخـاک وسەرچاوەی ئاوو ئاودێری لە کوردستاندا هەیە وچاودێریی پەرەپێدانیان دەکا.

چـــوارەم: لیژنەی کاروباری پەروەردەو فێرکردن:لەو کاروبارانە دەکۆڵێتەوە کە پەیوەندییان بە پەروەردەو فێرکردنەوە هەیە لە کوردستاندا.

پێنجـــەم:لیـژنەی کـاروباری خـوێندنی باڵا:لەو کـاروبارانە دەکـۆڵێـتـەوە کـە پەیوەندییـان بە خوێندنی باڵاوە هەیە لە کوردستاندا.

شـەشـــــەم:لیـژنەی کـاروباری تەندروسـتی وکـۆمـەڵایەتی:لەو کـاروبارانە دەکـۆڵێـتـەوە کـە پەیوەندییـان بە تەندروسـتی گـشـتی ودەزگـاکـانی وزامنکردن وچاودێری کـردنی کـۆمـەڵایەتی ودایکایەتی ومنداڵ وخـێـزانی شـەهیـدان وپەککەوتەو بزربووانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردستانەوە هەیە.

حەوتـــــەم:لیـژنەی کـاروباری کـەلتـوور:لەوکـاروبارانە دەکـۆڵێـتـەوە کـە پێـوەندییـان بەباری ڕۆشنبیری وئەدەبی وهونەری و وەرزش وبڵاوکردنەوەی هۆشیاریی نیشتمانپەروەری ورزگــاریخــوازیـیــەوە هەیە.لەگــەڵ لە بەرچاوگــرتنی باری تایبــەتیی نەتەوەیی کەمایەتییەکان (ئاشووری،تورکمان،عەرەب و ئەوانی تر)

هەشتــــەم: لیژنەی ئەوقـاف وکـاروباری ئیسـلامی:لەو کاروبارانە دەکۆڵێتەوە کە پێوەندییـان بە

ئەوقاف وبایەخدان بە شەرع وزانست و بەها پیرۆزەکانی ئیسلام ورۆڵی مزگەوتەکان ودەرخستنی دەوری مێژووییان لە پەروەردەکردنی گەلی کوردی موسڵماندا هەیە.
نۆیـــــەم: لیـژنەی کـاروباری ناوخـۆ:لەو کـاروبارانە دەکـۆڵێـتـەوە کـە پەیوەندییـان بەئیـدارەی گشتی و ناوخۆو ئاسایش وپۆلیس وبەرگریی مەدەنی یەوە هەیە.
دەیـــــەم:لیژنەی نەخشەکێشان وپەرەپێدان وئاوەدانکردنەوەی کوردستان:نەخشەی پێویست بۆ پەرەپێدان وئاوەدانکردنەوەی کوردستان ونیشتەجێ کردن دادەنێ.
یازدەیـــەم:لیژنەی کارگوزاریی گشتی:لەو کاروبارانە دەکۆڵێتەوە کە پێوەندیان بە شارەوانی وهاوینەهەوار وشێنەوارو ئاوو ئاوەڕۆو کـارەباو تەلەفـۆن وگـواستنەوە ورێگاوبانەوە هەیە.
دوازدەیـەم:لیژنەی پیشەسازی و وزە وکانزاکان:لەو کاروبارانە دەکۆڵێتەوە کە پەیوەندییان بە خستنەوە گەڕی کارگەکان و پەرەپێدان وسوودبینین لە سامانی سروشتی وکاروباری وزە وپاراستنی ژینگەوە هەیە لەکوردستاندا.
سیـازدەیەم: لیـژنەی کـاروباری پێـشـمـەرگە:لەو کـاروبـارانە دەکـۆڵێـتـەوە کـە پەیوەندییـان بە پێشمەرگەو یەکخستنی هێزەکانییەوە هەیە.
چواردەیـەم:لیژنەی پەیوەندییـەکان:کـاروباری پەیـوەندییـەکانی ئەنجـوومـەن لە ناوەوەو دەرەوەدا هەڵدەسووڕێنی.

**مادەی سی و پێنجەم:**

١-هەموو ئەندامێک بۆی هەیە خۆی بۆ ئەندامەتیی هەموو لیژنەیەک بپاڵێوێ.
٢-دەستەی سەرۆکایەتی لیستەی پاڵاوتن بۆ هەر یەکێک لە لیژنەکان دەخاتە بەردەم ئەنجوومەن بۆ دەنگدان. ئەوەی زۆربەی دەنگی وەرگرت دەبێتە ئەندامی لیژنە.
٣-نابێ هیـچ ئەندامـێک لە دوو لیـژنەی هەمـیـشـەیی زیاتردا بێ.هەروەکـو نابێ ئەندامی ئەنجوومەنی وەزیران،لە لیژنە هەمیشەییەکانی ئەنجوومەندا ئەندام بێ.
٤-لیـژنە هەمـیـشـەییـەکـان لە ژمـارەیەک لە ئەندامـان پێکدێن کـە لە(٥)کـەمـترو لە(٩)زیاتر نەبن.هەر لیژنەیەکیش لە ناوخۆیدا سەرۆکێک وجێگرێک ومقررێک بۆ خۆی هەڵدەبژێرێ.
٥-زۆرایەتی(نصـاب)لە کـۆبوونـەوەکـانی لیـژنەکـاندا، بە ئامـادەبوونی زۆربەی ئەندامـان و ئامادەبوونی سەرۆک یاجێگرەکەی پێکدێ بڕیارەکانیشی بەزۆرایەتی دەدا.
٦-لیـژنە لەسـەر داوای سـەرۆکـەکـەی کـۆدەبێـتـەوەو بانگکردنی ئەندامـانی بۆ کـۆبوونەوە، لەرێی(مقرر)ەوە دەبێ.
٧-دەشێ دوو لیژنە یا زیاتر،کۆبوونەوەیەکی هاوبەش بکەن بۆ لێکۆڵینەوە لەو باسانەی پێویست بە لێکۆڵینەوەی هاوبەش دەکەن. ئەوسا بەتەمەنترین سەرۆکی لیـژنەکـان یا جێگرەکـان یا مقررەکان سەرۆکایەتی وجێگریی ومقرریی کۆبوونەوەکە دەکەن.

**مادەی سی و شەشەم:**

یەکـەم: لیژنە بۆی هەیە هەر یەکێک لە ئەندامانی ئەنجـومەن بانگ بکا بۆ دەربڕینی بیروڕای خـۆی،لە بارەی ئەوکـاروبارانەوەی لێـیـان دەدوێ،بێ ئەوەی بەشـداریی لە دەنگدان بکا.هەروەکو بۆی هەیە هەر کارمەندێک یا پسپۆڕێک لە غەیری ئەندامان بانگ بکا بۆ گوێ گرتن لە بیروڕای وسوود لێ وەرگرتنی.
دووەم : هەر ئەندامـێکی ئەنجـوومـەن دوای بڕیاردانی سـەرۆکی لیـژنە، بۆی هەیە بەشـداریی کۆبوونەوەکانی هەر لیژنەیەکی هەمـیشـەیی بکاو بیروڕای خۆی دەرببڕێ،بێ هاوبەشی کردنی لە دەنگداندا.

سێیەم:دەبێ سەرۆک وەزیران وهەر یەکێک لە وەزیرانی کە خۆی بە پێویستی دەزانێ،هەر پانزە رۆژ جارێک لە کۆبوونەوەی ئەنجوومەندا ئامادە بن.

**مادەی سی و حەوتەم:**
یەکەم: بانگکردنی ئەندامانی ئەنجوومەنی وەزیران بۆ ئامادە بوون لە کۆبوونەوەکانی لیژنەکاندا،لەلایەن سەرۆکی ئەنجوومەن ولە رێگەی سەرۆک وەزیرانەوە دەبێ. ئەو ئامادەبوونەش دەبێ لەماوەی سێ رۆژدا لەکاتی بانگکردنەکەوە ئەنجام بدرێ.
دووەم:ئەوەی لەپلەی وەزیردا بێ سەرۆک بانگی دەکا.ئەوەی فەرمانبەر بێ لەلایەن سکرتێرەوە بانگ دەکرێ.

**مادەی سی و هەشتەم:**
لیژنە هەمیشەییەکان بۆیان هەیە لە رێگەی جێگری سەرۆکەوە، داوا لە دایەرە رەسمییەکان ورێکخراوە جەماوەری وپیشەییەکان بکەن، ئەو زانیارییانەیان بۆ بنێرن کە بۆ لێکۆڵینەوەی ئەو باسانەی لە بەردەمیاندان،پێویستیان پێیان هەیە.

**مادەی سی و نۆیەم:**
ئامادەبوونی ئەندام لە کۆنووونەوەکانی لیژنەکاندا بە ئامادەبوونی کۆبوونەوەی ئەنجوومەن دەژمێردرێ وئامادە نەبوونی لەهەر کۆبوونەوەیەکیاندا،بەر حوکمی بەندی(٢)ی مادە(٢٥)ی ئەم پێڕەوە دەکەوێ.

**مادەی چل:**
لە کاتی چۆڵ بوونی ئەندامەتیی یەکێک لە لیژنەکاندا، ئەندامێکی تر هەر بەو شێوە هەڵبژاردنەی ئەندامانی لیژنە هەمیشەییەکان کە لەم پێڕەوەدا باس کراوە هەڵدبژێردرێ.

**مادەی چل و یەکەم:**
١-سەرۆک باسەکان بەگشت بەڵگە نامەکانیانەوە بۆ لیژنەکان دەنێرێ. ئەندامانی ئەنجوومەنی وەزیرانیش بۆیان هەیە لە کۆبوونەوەکاندا ئامادە بن، بێ ئەوەی مافی دەنگدانیان هەبێ.
٢-لیژنە مەحزەری کۆبوونەوەکانی رێک دەخا و ناوی ئامادە بووان وئامادەنەبووان و هەرچی گفتوگۆیەکیان تێدا دەکرێ دەنووسێ وبڕیاریە زۆریەی دەنگ دەردەکا. ئەگەر دەنگەکان چون یەک بوون، ئەو لایە بەسەرکەوتوو دادەنرێ کە دەنگی سەرۆکی لەگەڵدایە .
٣-لیژنە دەفتەرێکی تایبەتی بۆ تۆمارکردنی بڕیارەکانی تەرخان دەکا.

**لیژنەی کاتی ولیژنەی لێپرسینەوە**

**مادەی چل و دووەم:**
ئەنجوومەن بۆی هەیە چەند پێویست بکا،لیژنەی کاتی ولیژنەی لێپرسینەوە بەپێی ئەو باسانەی دەخرێنە بەردەمی پێک بهێنێ.

**مادەی چل و سێیەم:**
لیژنەی کاتی ولیژنەی لێپرسینەوە،لەسەر پێشنیازی دەستەی سەرۆکایەتی وبەبڕیاری زۆریەی ئەندامان پێکدە هێنرێن.بەڵام لە ماوەی پشوودانی ئەنجوومەندا،پێکهێنانیان لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە دەبێ.

**مادەی چل و چوارەم:**
لیژنەی لێپرسینەوە دەسەڵاتی گەڕانی بەدوای راستیدا سەبارەت بەهەر باسێک هەیە کە خرابێتە بەردەمی بۆ ئەو مەبەستەش دەتوانێ بەپێی رێ وشوێنی ئوسوولی*سوود لە کارمەندان وهەرکەسێک وەربگرێ کە پێویست بێ گوێ لە قسەیان بگیرێ.هەروەکو بۆی هەیە داوای ئاگاداری سەبارەت بەهەر شتێ بکا کە پەیوەندی بەو باسانەوە دەبێ،دوای رێ پێدانی لە لایەن پەیوەندداران بەمەسەلەکەوە.

**مادەی چل و پێنجەم:**
لیژنەی لێپرسینەوە راپۆرتی خۆی وئامۆژگارییەکانی دەخاتە بەردەم سەرۆک وئەویش دوای دابەشکردنی راپۆرتەکە بەسەر ئەنداماندا دەیخاتە بەردەم ئەنجوومەن.

**بەشی شەشەم**
**بەڕێوە چوونی کار لەئەنجوومەن دا**
**یەکەم:رێکوپێکی ناو ئەنجوومەن**

**مادەی چل و شەشەم:**
سەرۆک بەم شێوەیە کۆبوونەوەکانی ئەنجوومەن دەست پێدەکا:
**[بەناوی خودای بەخشندەومیهرەبان..کۆبوونەوەکەمان بە ناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێدەکەین].**
کۆبوونەوەکانیش دەبێ لەکاتی دەسنیشانکراویاندا وبە ئامادەبوونی زۆربەی ئەندامان بێ.بەڵام ئەگەر زۆربە ئامادە نەبوون،سەرۆک کۆبوونەوەکە بۆ کاتێکی تر دوادەخا.

**مادەی چل و حەوتەم:**
دانیشتنی ئەندامان لەکاتی کۆبوونەوەدا وەها رێکدەخرێ کە هەریەکەو ژمارەیەکی تایبەتیی خۆی بە پێی پیتەکانی هیجا دەدرێتێ.ئەم رێکخستنەش لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە ساز دەکرێ.

**مادەی چل و هەشتەم:**
١-ئەندامانی ئەنجوومەنی وەزیران بۆیان هەیە،لەکۆبوونەوەکانی ئەنجوومەندا ئامادە بن و لەگفتوگۆکانیدا بەشدار بن،بێ ئەوەی مافی دەنگدانیان هەبێ،تەنیا ئەوانە نەبن کە ئەندامی ئەنجوومەنیشن. هەروەکو بۆیان هەیە فەرمانبەرە گەورەکانی دایەرەکانیان بۆ سوود لێ بینین،بەئیزنی سەرۆک لەگەڵ خۆیاندا بهێنن.
٢-هەر هاوولاتی یەک وهەر یەکێک لەکارگەرانی بواری راگەیاندن،بۆیان هەیە بەئیزنی سەرۆک و بەئاگاداریی سەرۆکایەتی، لەکۆبوونەوەکانی ئەنجوومەندا ئامادەبن.
**دووەم :نەخشەی کاری کۆبوونەوە**

**مادەی چل و نۆیەم:**
١-هەموو کۆبوونەوەیەک دەبێ نەخشەیەکی کاری لەوەبەر ئامادە بۆکراوی هەبێ.
٢-دەستەی سەرۆکایەتی نەخشەکە رێکدەخاو سکرتێر راستەوخۆ یا لە رێگەی سەرۆکی دەستەکانەوە،ئەندامانی لێ ئاگادار دەکا.

٣-هەر باسێک کە قسەو گفتوگۆی لەسەر دەکری،دەبێ لە نەخشەی کاردا بێ.
٤-ئەگەرپێویستی کرد ،سەرۆکەکانی دەستەکان بۆیان هەیە داوا لە دەستەی سەرۆکایەتی بکەن کە بەندێکی نوێ بخرێتە ناو نەخشەی کارەوە،بەمەرجێ داواکە راستەوخۆ دوای دەست پێکردنی کۆبوونەوەکە لەلایەن سەرۆکەوە، پێشکەش بکرێ وبریاری زۆربەی ئەندامانی ئامادە بووانی لەسەر بێ.
٥-بەندەکانی نەخشەی کار،بەپێی زنجیرەی نووسینیان گفتوگۆیان لەسەر دەکرێ وهیچ بەندێکی داهاتووی، ناخرێتە بەر گفتوگۆ لێکردنەوە هەتا ئەوەی پێشووی بەتەواوی گفتوگۆی لەسەر نەکرێ و کۆتایی پێ نەهێنرێ.ئەگەریش کۆتایی هێنان لەسەر هەر بەندێکی ولە بەر هەر هۆیەک بێ لە تواناد نەبوو.دەستەی سەرۆکایەتی بۆی هەیە باس لێکردنی بۆ کۆبوونەوەیەکی تر دوا بخا.

**سێ یەم:قسەکردن لە کۆبوونەوەدا**

**مادەی پەنجا:**
هەموو ئەندامێک بۆی هەیە دوای رێ پێدانی لەلایەن سەرۆکەوە لە کۆبوونەوەدا قسە بکا.

**مادەی پەنجاو یەکەم:**
١-ئەندام لەقسەکردندا رووی دەم تەنیا دەکاتە سەرۆک ودەبێ هەلسێتە سەر پێ، یابچێتە ئەو شوێنەی بۆ قسەکردن بەدانیشتنەوە تەرخان کراوە.ناشبێ قسەی خۆی یا قسەی یەکێکی تر دووبارە بکاتەوە، یا لە باسەکە لابدا یادووجار لەسەر یەک باس بدوێ. تەنیا سەرۆکیش بۆی هەیە سەرنجی بۆ پێویستیی جێبەجێ کردنی ئەم پێرەوە رابکێشێ.
٢-نابێ گفتوگۆ لەسەر ئەو باسانە بکرێتەوە کە یەکلایی کراونەتەوە.

**مادەی پەنجاو دووەم:**
ئەگەر یەکێک لە ئەندامانی دەستەی سەرۆکایەتی ویستی پرسیارێک یا پرسینەوەیەک لە سەرۆک یا یەکێک لە ئەندامانی ئەنجوومەنی وەزیران بکا، دەبێ شوێنی دەستەی سەرۆکایەتی جێ بێلێ وبچێ لەو شوێنەدا دابنیشێ کە لە ناو هۆلی کۆبوونەوەدا بۆێ تەرخان کراوە.

**مادەی پەنجاو سێیەم:**
کاتێ هەر بەندێ لەبەندەکانی نەخشەی کار دەخرێتە بەر گفتوگۆ لێکردنەوە،سەرۆک داوا لە داخوازانی قسەکردن دەکا کە خۆیان ناونووس بکەن. ئەوسا بەپێی زنجیرەی ناونووس کردنەکە،دەست بە لێدوان دەکرێ.
**چوارەم:دابینکردنی رێکوپێکی**

**مادەی پەنجاو چوارەم:**
ئەگەر سەرۆک لەکاتی کۆبوونەوەدا هەر کردەوەیەکی لە ئەندامێک بینی کە دەشێ کار بکاتە سەر بەرێوەچوونی کۆبوونەوەکە،یاقسەی نابەجێی بەرامبەر بە ئەنجوومەن ودەستەی سەرۆکایەتی وهەریەکێ لە ئەندامان لێ بیست، ئەوا بەم شێوەیەی لای خوارەوە کرداری لەگەلدا دەکا:
١-سەرنج راکێشانی بۆ پێویستیی دابینکردنی رێکوپێکی کۆبوونەوەکە.
٢-ئەگەر ملی نەداو هەر بەردەوام بوو سەرۆک وریای دەکاتەوە (تنبیە).ئەنجامەکەشی بریتی

دەبێ لە لادانی قسەکانی لە مەحزەردا.
٣- ئەگەر ئەمجاریش هەر ملی نەداو بەردەوام بوو سەرۆک بۆی هەیە دوای وەرگرتنی بڕیاری زۆربەی ئەندامان، لەکۆبوونەوەکە بێ بەشی بکا.

**مادەی پەنجاو پێنجەم:**
ئەگەر ڕێکوپێکی شێواو سەرۆک نەیتوانی بیباتەوە دۆخی ئاسایی،کۆبوونەوەکە رادەگرێ. ئەگەر ئەمەش سوودی نەبوو ،دوای دەخا.

## بەشی حەوتەم
## پرسیارو پرسینەوە(استجواب)

**مادەی پەنجاو شەشەم:**
١-هەموو ئەندامێک بۆی هەیە بەپێی ئەم پێڕەوە،لەرێگەی سەرۆکەوە رووی پرسیارو پرسینەوە بکاتە سەرۆک وئەندامانی ئەنجوومەنی وەزیران، سەبارەت بەو باسانەی لەچوارچێوەی کاروفرمانیاندایە. ئەوانیش دەبێ لە بەردەم ئەنجوومەندا بۆ وەڵامدانەوە ئامادەبن.
٢-گفتوگۆ لەسەر پرسینەوە،دوای حەوت رۆژ لەکاتی پێشکەشکردنییەوە بەنووسین دەکرێ. پرسینەوەکەش دەبێ لەبارەی کردارێکی هەر یەکێک لە سەرۆک وئەندامانی ئەنجوومەنی وەزیرانەوە، یا دەرکردنی بڕیارێک، یا هەڵوێستێک لە بارەی مەسەلەیەکەوە یا کەمتەرخەمییەک کە دراَبێتە پاڵ یەکێک لە دایەرەکانیانەوە بێ و، نابێ پەیوەندیی بەکارێکەوە هەبێ کە لەبەردەم دادگادا بێ، یا خۆی لەقەرەی کاروبارێکی تایبەتی کەسی پرس لێکراو بدا.
٣-بە بڕیاری ئەنجوومەن یا داواکاری پرسینەوەکە نەبێ،نابێ گفتوگۆ لەسەر هیچ پرسینەوەیەک لە مانگێک زیاتر دوا بخرێ.
٤-ئەندامەکەی ئەنجوومەن باسی پرسینەوەکە لەو کۆبوونەوەیەدا روون دەکاتەوە کە بۆ لێدوانی تەرخان کراوەو ئەندامەکەی ئەنجوومەنی وەزیران وەڵامی دەداتەوە،هەموو ئەندامانیش دەتوانن بەشداریی گفتوگۆکە بکەن.

**مادەی پەنجاو حەوتەم:**
پرسیارەکە دەبێ روون وبێ پێچ وپەناو لە چوارچێوەی کاروبارەکانی ئەنجوومەنی وەزیراندا بێ ولەدەست تێوەردانی کاروباری تایبەتی کەسانەوە بەدووربێ،ئەگینا سەرۆک بۆی هەیە بەلاوەی بنێ.

**مادەی پەنجاو هەشتەم:**
دەبێ سەرۆک وئەندامانی ئەنجوومەنی وەزیران،لە ماوەی حەوت رۆژدا لەکاتی وەرگرتنی پرسیارەکانەوە، وەڵامیان بدەنەوە.

**مادەی پەنجاو نۆیەم:**
پرسیارو پرسینەوەکان بە کۆتایی هاتنی خولی ئاسایی ئەنجوومەن لەکایەدا نامێنن.هەر وەکو بەوازهێنان یا بە لەکارخستنی ئەنجوومەنی وەزیرانیش لە کایەدا نامێنن.بەڵام دەکرێ لە خولی دواییدا نوێ بکرێنەوە.

**مادەی شەستەم:**
ئەگەر گفتوگۆ بەدەنگدان لە سەر پرسینەوە کۆتایی هات وئەگەر ئەنجامەکەی رەتکردنەوە بوو ،وەها دادەنرێ کە مەسەلەکە براوەتەوە.بەڵام ئەگەر ئەنجوومەن بە زۆری دەنگی ئامادەبووان لایەنی پرسینەوەکەی گرت،وەها دادەنرێ کەمانای لادانی پرس لێکراوەکە لە سەر کارەکەی دەبەخشێ.

## بەشی هەشتەم
## یاسادانان

**مادەی شەست و یەکەم:**

١-ئەنجوومەنی وەزیران یا (١٠)دە وزیاتر لەئەندامانی ئەنجوومەن،دەتوانن پێشنیازی پرۆژەی هەر یاسایەک بکەن.بەڵام ئەنجوومەن پێش کۆڵینەوە لە پرۆژەکە لەلایەن لیژنەی پەیوەندیدارەوە،گفتوگۆی لەسەر دەکا ،ئەگەر هەر پرۆژەیەکیش رەتکرایەوە،نیتر تاخولێکی نوێ ناخرێتەوە بەردەم ئەنجوومەن.
٢-لیژنەی پەیوەندیدار لە پرۆژەکە دەکۆڵێتەوە وهاوشان لەگەڵ لیژنەی کاروباری قانوونیدا،ئامۆژگاری وپێشنیازی خۆی لە بارەیەوە پێشکەش دەکا.
٣-لەماوەی (١٠)دە رۆژدا،لەو کاتەوەی پرۆژەکە دەگاتە لای هەردوو لیژنەکە، هەردووک پێکەوەو دوای دارشتنی لە لایەن لیژنەی قانوونییەوە.راپۆرتی خۆیانی لە بارەوە پێشکەش دەکەن، بەڵام ئەگەر داوایان لێ کرا بەپەلە بن،دەبێ لەماوەی(٥)پێنج رۆژدا پێشکەش بکرێ.

**مادەی شەست و دووەم:**
١-پرۆژەی یاسا پێشنیازکراوەکە لەگەڵ راپۆرتی هەردوو لیژنەکەدا،لەلایەن سکرتێرەوە بەسەر هەموو ئەندامانیدا دابەش دەکرێ.
٢-دوای دابەشکردنی راپۆرتەکە،سەرۆک پرۆژەکەو راپۆرتەکە لە یەکەم کۆبوونەوەدا دەخاتە بەردەم ئەنجوومەن.
٣-ئەنجوومەن دەست بە گفتوگۆ لەسەر راپۆرتی هەردوو لیژنە سەبارەت بە پرۆژەکە دەکا نینجا دێتە سەر گفتوگۆ کردن لەسەر پرۆژەکە خۆی وئەگەر بریار لەسەر بنەماکانی درا، ئەوسا دەنگ لەسەر یەک بەیەکی مادەکانی دەدرێ.

**مادەی شەست و سێیەم:**
ئەنجوومەن بە پەلە لەو پرۆژەو بریارانە دەکۆڵێتەوە کە تایبەتن بەبووجەو سەربار خستن(اعتماداضافی)و دوا ژمێرکاری(حساب ختامی) وبۆی هەیە هەر باسێکی تریش بەپەلە دابنێ.

**مادەی شەست و چوارەم:**
دوای گوێ گرتن لەقسەی دواکەس لەوانەی خۆیان بۆ قسەکردن ناونووس کرد بوو،سەرۆک دەرگای گفتوگۆ دادەخاو باسەک دەخاتە دەنگدانەوە.

**مادەی شەست و پێنجەم:**

١-دەنگدان بە ئاشکراو بەدەست بەرزکردنەوە دەبێ.ئەگەر گومان لەبەدی هاتنی زۆربە لە دەنگداندا کرا، دەنگدانەکە لە شێوەی خوێندنەوەی ناوی ئەندامانیدا دووبارە دەکرێتەوە.

٢-ئەگەر دەنگەکان ئەمجارە وەک یەک کەوتنەوە،ئەولایە سەردەکەوێ کە دەنگی سەرۆکی لەگەڵدا دەبێ. بەمەرجێ ئەو دەبێ دوا کەس بێ دەنگ بدا.

**مادەی شەست و شەشەم:**

دەنگدان لەم حاڵەتانەدا بەنهێنی دەبێ:

١-باوەر سەندنەوە لە ئەنجومەنی وەزیران یا لە یەکێ لەئەندامانی.

٢-نەمانی مەرجەکانی ئەندامەتی لە یەکێ لەئەندامانی ئەنجومەندا.

٣-ڕێدانی ئەنجوومەن بەگرتنی یەکێ لە ئەندامانی،لەسەر داواکردنی دەسەڵاتی دادوەریی.

٤-ئەگەر دەستەی سەرۆکایەتی و بەبڕیاری زۆربەی ئامادە بووان وەهایان بەباش زانی.

**مادەی شەست و حەوتەم:**

١-یاساو بڕیار بەزۆربەی دەنگی ئامادە بووان دەردەکرێن.جگە لەوحاڵەتانەی زۆربەیەکی تایبەتی یان پێدەوێ.

٢-سەرۆک بەپێی ئەنجامی دەنگدان،بڕیاری ئەنجومەن بە(بەڵێ) یابە (نە،) رادەگەیەنێ.

**مادەی شەست و هەشتەم:**

هەر یاسایەک لەماوەی (١٠) ڕۆژدا لە کاتی ڕاگەیاندنییەوە بەو دەسەڵاتەی پەیوەندیی بە دەرکردنییەوە هەیە دەردەکرێ. ئەویش بۆی هەیە لەو ماوەیەدا، داوای پێداچوونەوەی سەرجەم یاساکە یا هەندێ بەشی بکا. ئەگەر ئەنجوومەن سوور بوو لەسەر رای خۆی یاساکە وا دادەنرێ کە دەبێ دەربچێ.

## بەشی نۆیەم
## بووجەی ئەنجوومەن

**مادەی شەست و نۆیەم:**

ئەنجوومەن بووجەیەکی تایبەتی خۆی دەبێ کە دەخرێتە ناو بووجەی گشتی کوردستانەوە.

**مادەی حەفتا:**

دەزگای ژمێریاری لەئەنجوومەندا، لەکۆتایی هەر ساڵێکی داراییدا،دوای حساب (ختامی)ی خۆی دادەنێ ودەیدا بەسەرۆک بۆ بڕیار لەسەردانی وناردنی بۆ لیژنەی کاروباری دارایی وئابووری،بۆ پێداچوونەوەو پێشکەش کردنی ڕاپۆرتێک لە بارەیەوە بە ئەنجوومەن.

## بەشی دەیەم
## هەندێ مادەی تر

**مادەی حەفتاو یەکەم:**

دیوانی ئەنجوومەن لە لایەن فەرمانبەرێکەوە بەپلەی بەڕێوەبەری گشتی، بەڕێوە دەبرێ کەدەسەڵاتەکانی بەپێی ئەو یاسایانەی لە کاردان وئەو دەسەڵاتانەی سەرۆک دەیداتێ دەخاتە کار.پەیوەندیی ڕاستەوخۆشی لەگەڵ سکرتێردا دەبێ. بەڵام لەبەردەم سەرۆکدا بەرپرسیار دەبێ.

**مادەی حەفتاو دووەم:**

١-بەبێ بڕیاری سـەرۆک،نابێ هیچ چەکـدارێک یا هیچ هێـزێکی چەکـدار بێـتـە ناو ئەنجوومەنەوە،یا لەنزیک دەرگاکانییەوە جێگیر ببێ.

٢-نابێ هیچ چەکێکی ئاگرین ، یا بریندارکەر بهێنرێتە ناو هۆڵی کۆبوونەوەی ئەنجوومەنەوە.

**مادەی حەفتاو سێیەم:**

١-ئەنجوومەن بۆی هەیە نوێنەران لە ئەندامانی بۆ دەرەوەی کوردستان بنێرێ.

٢-ئەنجوومـەن بۆی هەیە نوێنەران بۆ دیدەنیی ئەنجـوومـەن وسەرنجدانی بارودۆخی کـوردسـتـان بانگ بکا.

**مادەی حەفتاو چوارەم:**

ئەنجـوومـەن بۆی هەیە یاریدەی ئەو ئەندامە نەخـۆشەی بدا کـە پێویسـتی بەچارەسەرکـردن لە ناو کوردستان، یا لە دەرەوەیدا دەکا.ئەویش بەپێی ئامۆژگاریی لیژنەیەکی پزیشکیی پەیوەندیدار.

**مادەی حەفتاو پێنجەم:**

دەکرێ ئەم پێڕەوە هەمووی یا بەشێکی لەسەر پێشنیازی سەرۆک، یا(١٠)دە ئەندام و بە بڕیاری زۆربەی دەنگی ئامادەبووان.دەسکاری بکرێ.

**مادەی حەفتاو شەشەم:**

ئەم پێڕەوە لە ڕۆژی بڕیار لە سەردانی لەلایەن ئەنجوومەنەوە بە زۆربەی دەنگی ئامادەبووان، کاری پێدەکرێ.

**مادەی حەفتاو حەوتەم:**

ئەم پێڕەوە لەیەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی رەسمیدا بلاودەکرێتەوە.

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٦)

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٦)

شەشەمین دانیشتنی، یەکەم خولی ئاسایی، یەکەم ساڵی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان بڕیار وا بوو کە ڕۆژی پێنج شەممەی ڕێکەوتی ١٩٩٢/٦/١٨ ببەسترێت، بەڵام لەبەر تەواو نەبوونی ژمارەی یاسایی ئەندامە ئامادە بووەکانی ئەنجوومەن، واتا لەبەر پڕ نەبوونەوەی ڕادەی (نصاب) ی یاسایی، دانیشتنەکە نەبەسترا.

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره(٧)

شەممە رێکەوتی ٢٠/٦/١٩٩٢

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە(٧)

شەممە ڕێکەوتی ٢٠/٦/١٩٩٢

***کاتژمێر(٣)ی پاش نیوەڕۆی ڕۆژی شەممەی ڕێکەوتی ٢٠/٦/١٩٩٢، ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان بەسەرۆکایەتی بەڕێز جوهر نامق سالم، سەرۆکی ئەنجوومەن و، بەئامادەبوونی جێگری سەرۆک بەڕێز محەمەد تۆفیق ڕە□حیم و، سکرتێری ئەنجوومەن بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا دانیشتنی ژمارە(٧)ی یەکەم خولی ئاسایی یەکەم ساڵی خۆی بەست.***

***سەرەتا دەستەی سەرۆکایەتی،ڕادەی یاسایی دانیشتنەکەی چەسپاند و دەرکەوت هەموو ئەندامان ئامادەبوون، ئەوجا بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان و.. بەناوی گەلی کوردستانەوە دانیشتنەکەی کردەوە.***

***بەرنامەی کار:-***

***١-ڕاسپاردنی لیژنەی یاسا بۆ ئامادە کردنی پرۆژەی یاسای ئەنجوومەنی وەزیران.***

***٢-ڕاسپاردنی لیژنەی یاسا بۆ داڕشتنی پرۆژەیەک سەبارەت بە چۆنێتی هەڵوەشاندنەوەی (حل)ی ئەنجوومەنی نیشتمانیی.***

***٣-گوێگرتن لە ڕاپۆرتی لیژنەکان.***

***٤-دیاری کردنی شوێنی لیژنەکان.***

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەمە بەرنامەی کاری ئەمڕۆمانە، هەر برادەرێک تێبینی هەیە با دەست بەرزکاتەوە بۆ ئەوەی ناوی بنووسین بۆ گفتوگۆ.

**بەڕێز کەمال جەلال غەریب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئایا هەر لیژنەیەکی پەرلەمانی ژوورێکی ئەدرێتێ، یا بە دوو لیژنە ژوورێ؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

(١٤) لیژنەمان هەیە ودەبێ بۆ هەر لیژنەیەکیش ژوورێک تەرخان بکرێ.

**بەڕێز کەمال جەلال غەریب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

باشە کە ژورەکان دیاری کران، کاغەزو دەفتەریشمان بدەنێ،ئەمێنێتەوە کاتی کۆبوونەوەکان ئەوە خۆتان دیاری دەکەن یا خۆمان بەو کارە هەڵسین؟، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

خۆتان دیاری بکەن، ئەوە ئەرکی خۆتانە.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

فەرمووتان لە کاروباری لیژنەکان دەپێچینەوە، منیش دەڵێم جارێ با لە لیژنەی دابین کردنی مووچەی مامۆستایان و ئەو لیژنەیە بکۆڵینەوە کە بۆ دەرەوە دەچێ، لیژنەی سێیەمیش.. سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەمە یەکێکە لە خاڵەکانی بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێویستە تا پێکهێنانی ئەنجوومەنی وەزیران، لیژنەیەکی کاتی بۆ بەسەر کردنەوەی شتە گرنگ و خێراکان پێک بهێنین بۆ ئەوەی پێشنیاری بەسوود لەبارەیانەوە پێشکەش بە پەرلەمان بکەین، سوپاس.

**بەڕێز مەلا هادی خضر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە بڕوای من لیژنەی ئەوقاف وکاروباری ئیسلامی وەکو زنجیرە پێش بخرێ، هەروەها داوا دەکەم لیژنەکان بۆ یەکتر ناسینی ئەندامەکانیان کۆبوونەوەیەکی سەرپێی بکەن،سوپاس.

**بەڕێز د.ئیدریس هادی سالح:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیار دەکەم خاڵێک بخرێتە بەرنامەی کاری ئەمڕۆمانەوە تیایدا داوا بکەین کە هێزی هاوپەیمانان بمێنێتەوەو، دەست لە پشتگیری کردنی میللەتی کورد بەرنەدا، سوپاس.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆتان دەزانن ئابووریی کوردستان تا رادەیەک فەوتاوەو ئێستاش کاتی دروێنەیەو، ئەو زەویانەی کە تەجاوزیان لەسەر کراوە بەرهەمەکانیان پێ گەیشتوون، هەر کەسەش دەیەوێ بەرهەمی خۆی بدورێتەوە لەسەر ئەمەش کێشە لەنێو جوتیارەکاندا پەیدا بووەو، دەڵێن تەنانەت سەنگریشیان لەیەک گرتووە.

کاتی خۆی کۆنفرانسێکی کشتوکاڵیمان لەسەر ئەم کێشەیە بەست، هەندێ پێشنیاریشمان بەر چاوی بەرەی کوردستانی خست، ئەوان ئەوسا گوتیان ئێمە قسەی لێ ناکەین و بۆ پەرلەمانی دەهێڵینەوە، لەگەڵ هاتنی وەرزی دروێنەشدا کێشەکە ئێستا جارێکی تر سەری هەڵداوەتەوە، هەندێ کەسیش پێیان وایە کە رژێم ئەما، یاساکانیش هەموو هەڵوەشاونەتەوە ئەمەش کێشەکەی قوڵ تر کردوەتەوە، بۆیە دەبێ لە پەرلەماندا چارەسەرێکی ئەم کێشەیە بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز یۆنادم یوسف کنا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێشنیار دەکەم لیژنەیەک بۆ کۆکردنەوەی ئەو پێشنیارانە پێک بێنین کە پەیوەندیان بە شتە گرنگ و هەنوکەیەکانەوە هەیە، سوپاس.

**بەڕێز نەهلە محەمەد سەعدوڵلا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێمە وەکو لیژنەی کڕینی شتومەک بۆ پەرلەمان، ئایا بەگوێرەی پێویست شت بۆ ژوورەکان بکڕین، یا بەگوێرەی توانا ؟، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

جارێ بەگوێرەی توانا.

**بەڕێز محەمەد ئەمین مەولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێشنیار دەکەم لیژنەی یاسا لە ئەنجوومەنی نیشتمانیی بەشداریی لە لیژنەی یاسا لە ئەنجوومەنی وەزیران بکا، سوپاس.

**بەڕێز مەلا محەمەد عەبدولقادر ئەحمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بۆ مەسەلەی سەرۆکی لیژنەکان و، جێگرەکانیان باشتر وایە لە نێوان هەردوو فراکسیۆندا جۆرە ڕێککەوتنێک هەبێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

جارێ واڕێککەوتوین کە بە تەمەنترین ئەندام لە لیژنەکاندا بینە سەرۆک، مقرریش بچوکترین ئەندام دەبێ، هەتا لیژنەکان کۆدەبنەوەو سەرۆک وجێگرو مقرر هەڵدەبژێرن.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دوێنێ ساڵ ڕۆژی لە سێدارەدانی چوار ئەفسەرە قارەمانەکەی کۆماری مەهاباد بوو، ئێمە دوێنێ کۆبوونەوەمان نەبوو، بۆیە ئەمڕۆ بە دەرفەت دەزانم بۆ ئەوەی لەم دانیشتنەدا یادی ئەو شەهیدانە بکەینەوەو سەری ڕێزو نەوازش بۆ گیانی پاکیان دانەوێنین.

سەبارەت بە مووچەی مامۆستایانیش، ئێمە ئەو لیژنەیەی کە بۆ ئەم مەبەستە پێکهێنرا سەردانی بەرەی کوردستانیمان کردو بەشێک لە پارەکەشمان وەرگرت، دەبێ پاشماوەکەشی لەگومرکەکانی ڕەواندوزو ڕانیە وەربگرین، ئەمڕۆ نزیکەی (٢٠٠تا ٣٠٠)مامۆستاش لە پێش پەروەردەی هەولێردا بۆ داواکردنی مووچە کۆبووبوونەوە، سوپاس.

**بەڕێز شـــێخ كـــەریم كـــاكـــە حـــمـــە:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆكی ئـەنجـــــــــومـــــــەن.**

پەروەردە دەستیان بە دابەش كردنی مووچەی مانگێک كردووە، بەڵام مامۆستایان داوای دەرماڵەی سێ مـانگ دەكەن بەسـەر یەكـەوە، كە بۆ هەر مـانگێـک ( ٥٠ ) دیناره، مـووچەكـانیش ئەوەی كـە ئێستا دەدرێ هەمووی بە پارەی چاپی سویسری دەدرێ، سوپاس.

**بەڕێز د.عـــیـــزەدین مـــســـتـــەفـــا رەســـول:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆكی ئـەنجـــــــــومـــــــەن.**

مـامـۆسـتـایان لەم مـاوەیەدا قـوربانیـەكی زۆریان داوە، سـەرەڕای ئەوەشی كـە ئەوە چوار مـانگە مووچەیان وەرنەگرتووە، كرێی هاتووچۆیش لەسەر خۆیان بووە، زۆربەشیـان بۆ دابین كردنی ژیانی رۆژانەیان ناچار بوون كەلوپەلی ناوماڵ بفرۆشن، خەرجكردنی ئەو ( ٥٠ )دیناری دەرماڵەیە خراپ نییە، سوپاس.

**بەڕیز د.كـەمـاڵ عـەبدولكەریم مـحـەمـەد فـوئاد:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆكی ئـەنجـــــــــومـــــــەن.**

باشتر وایە دەست بە خوێندنەوەی راپۆرتی كۆمیتەكان بكەین، سوپاس.

**بەڕێـز ســـــــەرۆكی ئـەنجـــــــــومـــــــەن:**

ئێستا لە خوێندنەوەی راپۆرتی لیژنەی لێكۆڵینەوەو بژارەكردنی پێشنیارەكانەوە دەست پێدەكەین، فەرموون.

**بەڕێز د.سەلاحەدین محەمەد حەسەن حەفید زادە:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆكی ئـەنجـــــــــومـــــــەن.**

ئێمە وامـان بەباش زانی كارە پەلەو خێراكان دەسنیشـان بكەین وپێشكەشی پەرلەمانی بكەین، بەتایبەتیش گیروگرفتە ئابوورییەكان.

ئەمەش راپۆرتە نووسراوەكەمانە وا بۆتانی دەخوێنمەوە:

گیروگرفتە ئابوورییەكان وچۆنیەتی چارە سەركردنیان.

پاش ئەو پێشنیـارو دیراسـاتانەی خرانە بەردەم لیژنەكەمـان دەركەوت كەگیروگرفتە ئابوورییـەكـان بریتین لەم خاڵانەی خوارەوە:

١-تێـكدانی بنەمـا ئـابووریە سـەرەكـیـیـەكـان كـە بریتین لەوێرانكردن وكـاولكردنی شـارۆچكەو دێهـاتەكـانی كـوردسـتـان ولەناوبردنی كـێـڵگە وزەوی وزار و كـانیـاو وتێكدانی خـانووبەرە وتەنسیساتی ئاو وكارەبا.

٢-بەهۆی سیـاسـەتی جیـاوازگـەریانەی رژێـمە جـۆراوجـۆرەكـانی عـێـراقـەوە، بەتایبـەتیش رژێمی بەعسی بەغدا، نیسبەتی(استثمارات) وسەرمایەو بونیاتنانی ژیانی ئابووری لەكوردستاندا بەهیچ جـۆرێـک ١٠٪ نەبووە. لەبەر ئەم هۆیە قـەوارەی ئابووریی كـوردسـتـان بریتـیـیـە

لەقەوارەیەكی ئابووری شێواو ودواكەوتوو كە داهاتی كشتوكاڵ بەشێوەیەكی پاشكەوتوو و ناتەواو بەسەریا زاڵە.

٣-پاش سەپاندنی ئابلوقەی ئابووری وئیداری لەلایەن رژێمی بەغداوە بەسەر كوردستاندا وكشانەوەی دەسەلاتی دائیرەكان ئەم كارە بوو بە هۆی دروست بوونی گیروگرفتێكی دژوار بۆكۆمەلانی خەڵكی كوردستان كەبریتین لەمانەی خوارەوە:

٣ـ ١: برینی مووچەی فەرمانبەران وخانەنشینەكان كەمانگانە دەكاتە(٣٥)ملیۆن دینارو، نزیكەی ٤٥٪ی دانیشتوانی كوردستان ژیانیان بەم مووچەیەوە بەستراوەتەوە.

٣ـ٢: كەم بوونەوەی دراو، واتە(السیولة النقدیة)ئەویش بەهۆی نەهاتنی دراو لەمەركەزەوە وسووربوونی رژێم لەسەر دانی نرخی ئازووقە وسووتەمەنی، كە رێگا ئەدا بێتە كوردستانەوە بەدراوێ كە هەموو مەرجەكانی ئەمنیەتی تیابێ، واتە(ضوابط الامان) كە هەر سێ شەرتەكە دەگرێتەوە وپێشەكیش پارەكەی دەوێ، سەرەرای ئەمانەش ولاتە دراوسێكان مامەڵە لەگەڵ كوردستاندا بە دراوی(اصلی) دەكەن واتە بە (٢٥،١٠،٥) دیناری.

٣ـ ٣: بەهۆی ئەم سیاسەتەی كە لە برگەی(٢)دا باسمان كرد گیروگرفتێكی تر پەیدا بووە ئەویش چۆڵ بوونی بانقەكان و بازاڕە لە دراوی باوەڕپێكراو(النقود الاهلیة) كە ئەمیش بووەتە گیروگرفتێكی رۆژانەی خەڵك بۆ شتومەك كرین لە بازاڕدا.

٣ـ ٤: رژێم بەشی كوردستانی لە ئازووقە وسوتەمەنی كەم كردوەتەوە وئێستا تەنها لەنێوان١٥و ٢٠٪ی بەشەكەی جاران بەكوردستان دەگات.

٣ـ ٥: مەترسی كەم بوونەوەی دانەوێڵە لە كوردستاندا بەهۆی ناردنی بەقاچاغ بۆ دەرەوەی كوردستان، چونكە لە دەرەوە نرخی زیادی پێ دەدەن.

٣ـ ٦: لەناوچوونی زۆربەی درامەتی گومرگ بە هۆی فرەدەسەلاتی و پەیرەوی نەكردنی یاساو تەعلیماتی گومرگ وكۆنترۆڵ نەكردنی خاڵەكانی سەر سنوور.

٣ـ ٧: وەستانی زۆربەی كارگەكان بەهۆی نەبوونی ئەدەواتی ئیحتیاتی ونەبوونی كەرەستەی خاو وسووتەمەنی. ئەمەش بووەتە هۆی كەم بوونەوەی ئیرادی ئەم كارگانە كە داهاتێكی سەرەكی هەبوو بۆ دابین كردنی پێداویستییەكانی ژیان، بەتایبەتیش دانی مووچە. جا لەبەر ئەم هۆیانەی باسمان كرد بێ كاری و بێ درامەتی سەری كێشاوە بەسەر ولاتەكەماندا ومرۆڤی كورد وكۆمەلانی خەڵكی كوردستان زۆربەیان بوونەتە (مستهلك) نەك (منتج) بۆشتومەك وخزمەتگوزاریی. ئەمە بوو بە شێوەیەكی كورت گیروگرفتە ئابووریەكانی كوردستان و بۆچارە سەر كردنیشیان پێوستی بەپلانی دەسبەجێ وناوەندی و درێژ خایەن هەیە. بەم شێوەیەی خوارەوە:-

ئەو لیژنە داراییەی كە بریار بوو بەشێوەیەكی كاتی دروست ببێ، بۆ جێبەجێ كردنی كارەكەی پێویستە ئەم خالانەی خوارەوە رەچاو بكا:-

**١-پلانی دەسبەجێ، کە بریتین لەمانەی خوارەوە:-**

١ـ ١: دانی مووچەی فەرمانبەران وخانەنشینەکان، بۆ پەیدا کردنی داهاتیش بۆ ئەم مەبەستە پێویستە تا دامودەزگا تایبەتیەکان پێک دێن ویاسای وەزارەتی دارایی وئابووری دەردەچێ، ئەم خاڵانەی خوارەوە رەچاو وجێبەجێ بکرێن.

١ـ ٢: رێکخستنی وەرگرتنی ئیرادات، وەکو باجی رسوم و وەرگرتنیان بەشێوەیەکی رێکوپێک ولەسەر بناغەیەکی زانیاری دارایی.

١ـ ٣: هاندانی هاولاتیان بۆ دانی نرخی ئەو خزمەت گوزاریانەی کە کەلکیان لێ وەرگرتوون، وەکو پارەی ئاو وکارەبا، تەلەفۆن، ضریبە، رەسم، قەرزەکانی بانکی کشتوکاڵ، قەرزەکانی بانکی خانووبەرە (عقاری) وجێبەجێ کردنی یاساو تەعلیمات لە دژی ئەوکەسانەی کە قەرزەکان نادەنەوە.

١ـ ٤: کەلک وەرگرتن لە فرۆشتنی مەوادی سکراب، کە زۆرن وتا ئێستا ماونەتەوەو هیچ کەلکێکیان لێ وەرناگیرێ.

١ـ ٥: گەڕانەوەی وەرگرتنی گومرگ وکۆکردنەوەی بۆ دامودەزگا تایبەتییەکانی خۆیان و، پەیڕەوی کردنی یاساو تەعلیمات بۆ ئەم مەبەستە.

١ـ ٦: هاندانی کۆمەلانی خەلکی کوردستان بۆ دانی پیتاک (تبرعات).

١ـ ٧: دەرکردنی (سندات قرض) بۆ جەماوەر، بەتایبەتی دەولەمەندەکان وەدانەوەی ئەو قەرزە پاش خستنەوە گڕی پرۆژە ئابووریەکان وزیاد بوونی درامەتیان.

١ـ ٨: داوا لە هاوولاتییە کوردەکانی دەرەوەی ولات بکرێ بۆ کۆکردنەوەی (تبرعات) وکۆمەک ویارمەتی، بۆ ئەم مەبەستەش لە هەر ولاتێک لەو ولاتانە سندوقێکی (تبرعات)ی تایبەتی هەبێ وهانی دانیشتوانی ئەو ولاتانە بدرێ بۆ بەشداریکردن لەم کۆمەکەدا و، ئەو لیژنە پەرلەمانییەشی کەبۆ دەرەوە دەچێ داوای لێ بکرێ لەم بارەیەوە گفتوگۆ بکاو چارەسەری ئەم کارە بکا وئەو پارانەی کە لە دەرەوە کۆ دەکرێنەوە یەکسەر هەواڵەی ئەنجوومەنی وەزیرانی بکاو، لە رێگای ئەویشەوە بدرێ بە وەزارەتی دارایی و ئابووری و بچێتە خەزینەی حکوومەتی هەرێمەوە.

١ ـ ٩: دەربەست کردنی (اجبار) هاولاتیان بۆ وەرگرتنی ئەو پارەیەی کە شەرت وشرووتی ئەمانی تێدایە بەهەموو جۆرەکانیەوە، چونکە لە هەموو ناوچەکانی عێراقدا کار بەو پارانە دەکرێ وکەس ناتوانێ سەرپێچی لەوەرگرتنی ئەو پارانە بکات.

**١ ـ١٠: چۆنیەتی چارەسەر کردنی ئازووقە وخواردەمەنیش بەم شێوەیەی خوارەوە دەکرێ:**

أـ سەرپەرشتی وردی دابەشکردنی خواردەمەنی، ئەوەی کە وەکیلی (مبایعات) بەسەر هاوولاتیاندا دابەشی دەکا، بۆ ئەم کارەش پێویستە دەزگای راگەیاندن لە رادیۆ وتەلەفزیۆن بلاوی بکەنەوە بۆ هاوولاتیان کەچی دابەش دەکرێ لەلایەن ئەو وەکیلانەوە

وهەر شتەو چەندەی لێ دەدرێ.

ب ـ پێکهێنانی لیژنەیەک بۆ دانان وچاودێری نرخی شتومەک، بەتایبەتیش ئازووقەو خواردەمەنییە سەرەکییەکانی ژیان لە سەر ئەو ئەساسەی چەندی تێچووەو چەندی قانزانجە، واتە حساباتی(التكاليف والربح).

جـ ـ داوا لە رێکخراوە جیهانییەکان بکرێ، ئەوانەی کە سەر بە(un) ورێکخراوە خێرخوازەکانن بۆ ئەوەی ئەو ئازووقەیەی کە لە کوردستاندا دابەشی نەکەن، لەرێگای وەکیلەکانەوە دابەشی بکەن، لەو شوێنانەشدا کە وەکیل نییە با وەکیلی بۆ دابنرێ.

د ـ هەوڵ بدرێ بۆ کردنەوەی فرۆشگا لەسەر سنوورەکان، بۆ ئەوەی بە گەیشتنی ئازووقە بەخێرایی لەو فرۆشگایانەوە دابەش بکرێ بەسەر شارو شارۆچکەکاندا.

هـ ـ پەرلەمان داوا لە رێکخراوی(un)و وڵاتە دۆستەکان بکا کەفشار بخەنە سەر رژێمی عێراق بۆ جێبەجێ کردنی بریارەکانی ژمارە(٦٨٨و٧٠٦و٧١٢). هەروەها بۆ ئەوەی رژێم ئابلووقە لەسەر کوردستان هەڵبگرێ، جگە لەوەش پەرلەمان داوا بکا حصەی گەلی کوردستان لە رەسیدە تەجمید کراوەکانی (الرصيد المجمد) عێراق بدرێ.

وـ پەرلەمان داوا لە رێکخراوە جیهانییەکان بکا، ئەوانەی کە لەکوردستان کاردەکەن بۆ ئەوەی پارە قورسەکانیان (العملة الصعبة) لەبانکدا بەنرخێکی مەعقوول بگۆڕنەوە، کە بانک هەفتانە بۆیان دادەنێ، نەک لە بازاڕی رەش بیگۆڕنەوە، بانکیش ئەو(عملة صعبة)یە بە بازرگانەکان بدا تا ئازووقەی پێ بهێنن وئەم کارەش پێویستی بەزەوابت(ضوابط) هەیە.

زـ قەدەغە کردنی دەرچوونی شتومەکی ستراتیژی، وەک دەغڵودان وئاژەڵ بۆ دەرەوەی کوردستان و، کڕینەوەی دانەوێڵە لەجووتیارەکان، بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە بەشێک لەپارەی داهاتی خەزێنە بۆ کڕینی دانەوێڵە تەرخان بکرێ.

حـ ـ داوا لە رێکخراوە خێرخوازەکان بکرێ، ئەوانەی کە ئارد لەدەرەوە بۆ کورد دەکڕن، با بە پارەی ئەو ئاردە گەنمی کوردستان بکڕن، هەروەها دەوڵەمەندەکانی کوردستانیش هان بدرێن بۆ گەنم کڕین.

ط ـ هەوڵ بدرێ گەنم لەسایلۆکاندا خەزن بکرێ، لەو شوێنانەشی کە سایلۆی لێ نییە وەکو سلێمانی، ئەوا کارگەی چیمەنتۆ کۆگای گەورەی هەیە دەتوانرێ گەنمی تیادا دابنرێ. لەهەمان کاتیشدا هەوڵ بدرێ بە پەلە گیروگرفتی دابەش کردنی زەویوزار چارەسەر بکرێ.

ک ـ لەئێستاوە هەوڵ بۆ هێنانی پاڵایشگای نەوت(مصفى النفط) بدرێ، بۆ ئەوەی لە دەرهێنانی نەوت وبەنزیندا کەڵکی لێ وەربگیرێ، دەشێ تا زستانی داهاتوویش بۆ ئەم مەبەستە داوای هاوکاری لە وەڵاتە دۆستە دراوسێکان بکرێ.

ل ـ چارەسەر کردن ودابەشکردنی سووتەمەنی وبەنزین و، پێک هێنانی لیژنەیەک بۆ ئەم مەبەستە.

م ـ لێکۆڵینەوەیەک دەربارەی کردنەوەی زانکۆی سلێمانی پێشکەش کراوە، کە لە ئەنجامدا

پێشکەش بە لیژنەی فێرکردنی باڵای دەکەین، پوختەی لێکۆڵینەوەکەش ئەم خاڵانەی خوارەوە دەگرێتەوە:

**میرراتی کردنەوەی زانکۆی سلێمانی خۆی لەم خاڵانەی خوارەوەدا دەنوێنێ:**

١- زانکۆی سلێمانی بەبڕیارێکی سیاسی رژێمی بەغدا بۆ سزادانی کورد هەڵوەشایەوە، بە تایبەتیش سزادانی شاری سلێمانی تا مەحرووم بکرێ لەدەزگاکانی گرنگی رۆشنبیری وشارستانیەتی، کە رۆڵێکی گەورەی هەیە بۆ پێشخستنی کۆمەڵی کوردەواری بەتایبەتیش لەم قۆناغەدا. پاش وەرگرتنی زانیاری دەربارەی ژمارەی ئەو قوتابیانەی کە ئەمساڵ لەپۆلی شەشی ئامادەیی دەردەچن و دەچنە زانکۆ وپەیمانگاکان کە نزیکەی (٦) هەزار قوتابین. جگە لەژمارەی ئەو قوتابیانەی کە کاتی خۆی رژێم(فصلی) کردوون وئەو قوتابیانەشی کە نەیان توانیوە بۆ خوێندن لە کوردستانەوە بچنەوە بۆ زانکۆکانی عێراق.

٢-کردنەوەی زانکۆی سلێمانی دەبێتە هۆی بارسووکی شانی زۆر لە خێزانەکانی سلێمانی ودەوروبەری و، قوتابیانیش پێویستی بەخەرجی زۆر نابێ لەژیانی رۆژانەیدا.

**٣ـ کردنەوەی زانکۆی سلێمانی پێویستی بەم توانایانە هەیە:-**

أـ خانووبەرە. بینایەتێکی زۆری زانکۆی سلێمانی ماوەتەوە کەهێشتا چۆڵن وزۆربەشیان بەشێوەیەکی نارێک ونابەجێ بەکار هێنراون. دەتوانرێ کەڵکیان لێ وەربگیرێ.

ب ـ مامۆستا. کاتی خۆی رژێم ژمارەیەکی زۆری لەمامۆستاکان لەبەر هەڵوێستی کوردایەتیان بۆ زنکۆکانی عێراق گواستوەتەوە کە ژمارەیان لە(٥٠)مامۆستا زیاترە و، زۆربەشیان پلەی زانستی بەرزیان هەیە وەکو پرۆفیسۆر وپاریدەدەری پرۆفیسۆر ودکتۆرا وماجستێر و، زۆربەشیان ئامادەیی خۆیان بۆ گەڕانەوە دەربڕیوە. جگە لەژمارەیەکی زۆر لەمامۆستا کە کاتی خۆی لەکۆلیجی کشتوکاڵ بوون وپاش هەڵوەشاندنەوەی ئەو کۆلیجە لەلایەن رژێمەوە. ئێستا زۆربەیان (ممارسەی اختصاصی)خۆیان لەزانکۆی صلاح الدیندا ناکەن.

جـ ـ مختبرات وپێویستییەکانی تری وەکو کتێب. ئەمانەش دەکرێ لە رێگای پەیوەندی کردن بە زانکۆکانی وڵاتە دۆستەکانەوە بە دەست بهێنرێن، کە هەندێکیان بڕیاریان داوە یارمەتی زانکۆکانی کوردستان بدەن.

د ـ لێکۆڵینەوەکە پێشنیار دەکا کە بۆ ماوەیەک و، تا باری ئابووری وڵات چاک دەبێتەوە خوێندن لەزانکۆکاندا بەپارە بێ و ساڵانە هەر قوتابییەو(٥٠٠) دینار لەکۆلیجە زانیاریەکان و ٢٥٠دینار لەکۆلیجە ئینسانیەکاندا بدا. ئەمەش پارەیەکی باشە بۆ دابین کردنی مووچەی مامۆستایان بەشێوەیەکی کاتی. لەهەمان کاتیشدا هەوڵ بۆ پەرەپێدانی زانکۆی صلاح الدین ودابین کردنی پێویستییەکانی بدرێ.

هـ ـ هەوڵدان لە ئێستاوە بۆ هێنانی کتێب وقرطاسیە بۆ دابین کردنی پێویستییەکانی دەزگای

پەروەردە وزانیاری و، دروست کردنی لیژانی تایبەتی بۆ چاوپێاخشاندنەوە بە مناهج و مفرداتی خوێندن لە قوتابخانەکاندا و، بژار کردنیان لە بیرورای بەعس وچەسپاندنی مێژوو و جوگرافیای کوردستان.

**٤ـ چارە سەرکردنی گیروگرفتە ئابووریەکان. ئەوانەی پێویستیان بەپیلانی ناوەندیی هەیە(لەنێوان ٣مانگ تا ساڵێک).**

٤ـ ١: بەگەڕ خستنەوەی کارگەکان. کە ئەبێتە هۆیەکی گرنگ بۆ وەدەست هێنانی داهات بۆ خەزینەی دەوڵەت، ئەم کارگانەش پێویستییان بەکەرەستەی خاو و یەدەگ وسووتەمەنی هەیە، کە پێویستە بەزووترین کات لە دەرەوەوە بهێنرێ و بۆیان دابین بکرێ. لەهەمان کاتیشدا مەسەلەی ئاسایشی ئەو کارگانە جێبەجێ بکرێ، چونکە رژێم هەوڵی تەقاندنەوەیان دەدات.

٤ـ ٢: دۆزینەوەی بازاڕ بۆ ئەوشتومەکانەی کە لەکوردستاندا هەن ودەتوانرێ (تصدیر) بکرێن. وەکو بەردی مەرمەڕو چیمەنتۆ وئاوی مەعدەنی وشتی تریش.

٤ـ٣: هەوڵدان بۆ وەرگرتنی قەرز لە دۆست وڕێکخراوەکانی دەرەوە بۆمەبەستی خستنە گەڕی پرۆژە پیشەسازیەکان .

٤ـ ٤: داوا لەکەرتی تایبەتی بکرێ بۆ ئەوەی پرۆژەکانیان بخەنەوە گەڕ و، بەگوێرەی تواناش یارمەتییان بدرێ، وەکو پرۆژە پیشەسازیەکان و پرۆژەکانی بەزل.

٤ـ ٥: پەرلەمان داوا لەڕێکخراوە ئینسانیەکان بکا کەبەردەوام لەکوردستاندا کاربکەن، وەکو یونسێف و، فاو و، پزیشکانی بێ سنوورو،کەنائسی جیهانی(کاریتاس) کە هەندێکیان لەلایەن رژێمی بەغداوە هەڕەشەیان لێ کراوە بەوەی کە ئیتر ڤیزەیان بۆ تازە ناکەنەوە.

٤ ـ٦: دانانی پلانێکی درێژ خایەن. ئاشکرایە کە کوردستان وڵاتێکی پڕ لەسامانە، بەڵام تا ئێستا بەکار نە هاتووە. بۆ ئەم مەبەستەش پێویست بەدیراسەت و پلانێکی درێژ خایەن هەیە. جابۆیە پێویستە لەپێشدا دەستەیەک بە ناوی ئەنجوومەنی نەخشەکێشانەوە لە سەر ئاستی وەزاری پێک بهێنرێ و، شارەزا وپسپۆڕیان لەگەڵدا دابنرێ. هەروەها پێویستە ئەم ئەنجوومەنە جیهازێکی مەرکەزیی بۆ کۆکردنەوەی زانیاری دابنێت، تا دیراسەتێکی تەواوی(احصاء)ی هەبێ دەربارەی بوارە جۆراوجۆرەکانی ژیانی ئابووری وکۆمەڵایەتی. بۆیە پێویستە لە ئێستاوە ئەنجوومەنی وەزیران بە پەلە بیر لە دامەزراندنی ئەم دوو دەزگایە بکاتەوە و، بۆ وەرگرتنی رەزامەندی پەرلەمان پرۆژەی بۆ دابنێ.

٤ـ٧: دیاریی کردنی بازگە سنووریەکان.

کە لەسەر سنووری ئێران کە ئەم نوختانە دەگرێتەوە:

سەرتەک، تیلەکۆ، تەوێڵە، سازان، بناوەسووتە، باشماغ، گۆخڵان، سەیران بەند، چۆمان، کێلێ، حاجی نۆمەران، برادۆست.

له سنووری تورکیاش، ئەم نوختانە دەگرێتەوە:-
ئیبراهیم خەلیل، کانی ماسی.
لە سەر سنووری کوردستان و عێراقیشدا ئەم نوختانە:-
سلێمان بەگ، جەلەولا، قۆرەتوو، قەرەهەنجیر، قەرەوەیس، قادر کەرم، تەق تەق، ئاڵتوون کۆپری، مەخموور، ئاسکی کەڵک، فایدە.
ئەرکەکانی بازگە(سیطرة) سنووریەکانیش ئەمانەیە.
-کۆنترۆڵ کردنی هاتووچۆی ڕێبوار بۆ هەردوو دیوی سنوور.
-جێبەجێ کردنی ئەو یاساو تەعلیماتانەی کە لە پەرلەمان وئەنجوومەنی وەزیران ودەزگا تایبەتییەکانەوە دەردەچن.
-قەدەغە کردنی دەرچوونی کەل وپەل لەو شوێنانەوە.
-وەرگرتنی گومرک بەگوێرەی تەعلیماتی دیاری کراو.
جۆری پێکهاتنی نوختەکان.
هەر نوختەیەو پێویستی بەدوو فەرمانبەری مەدەنی ومەعاونێکی پۆلیس یا(مفوض) یێک هەیە لەگەڵ(٢٠)پۆلیس بۆ پارێزگاری کردنی نوختەکە، هەر نوختەیەکیش بۆ دابین کردنی پەیوەندیی پێویستی بەجیهازێکی بێتەل هەیەو، دەبێ پاداشتیش بۆ ئەوانە دابنرێ کە قاچاغ دەگرن.

**٥- پرۆژەی بەرپەرچدانەوەی ئابڵووقەی کوردستانی عێراق.**

بۆ بەرپەرچدانەوەی ئابڵووقەی حکوومەتی بەغدا کە لە سەر کوردستانی داناوەو، بۆ ئەوەی کوردستان بتوانێ فشارێکی ئابووری بخاتە سەر بەغدا، لە قۆناغی یەکەمدا پێویستە ئەم هەنگاوانە بنرێ :-

٥- ١: بەهیچ جۆرێ ڕێگا نەدرێ(عملة صعبة) لەکوردستانی عێراقەوە بۆ ناوچەکانی عێراق ببرێ.

٥-٢: بەهیچ جۆرێ ڕێگا نەدرێ خواردەمەنییە سەرەکییەکانی ژیان لە کوردستانی عێراقەوە بۆ شوێنەکانی تری عێراق ببرێ.

٥-٣: بەهیچ جۆرێ ڕێگا نەدرێ مەڕمەڕ وبەرد لەکوردستانەوە بۆ شوێنەکانی تری عێراق ببرێ.

٥-٤: ڕێگا نەدرێ بە گوێزانەوەی بەردی بازیان بۆ کارگەی چیمەنتۆی لەیلان، یاخود بەرامبەر بەو ڕێگادانە داوای نەوتی ڕەش بۆ کارگەی چیمەنتۆی تاسلوجە وسەرچنار بکرێ.

٥-٥: هەوڵدان بۆکەم کردنەوەی ئاوی سەدی دوکان ودەربەندیخان، بە جۆرێ کە کار بکاتە سەر کشتوکاڵی عێراق لە دەرەوەی کوردستان.

٥-٦: هەوڵدان بۆ پێکەوەبەستنی تۆڕەکانی کارەبای دوکان ودەربەندیخان و، دابین کردنی کارەبای کوردستان بەگشتیی ودهۆک بەتایبەتی.

پاش جێبەجێ کردنی ئەم ئەرکەش پێویستە ئەو تۆربینانە ڕابوەستێنرێن کە بۆ تەئمین کردنی

کارەبای کوردستانی عێراق پێویست نین.

٥ـ٧: بۆ دابین کردنی ئەم کارە ئابووریانەش پێویستە بەپەلە ئەمن وئاسایش دابین بکرێ، کە ئەمنی ناوخۆ ودەرەوە دەگرێتەوە، بۆ ئەمنی ناوخۆ پێویستە هەموو ئەو دادگایانە هەڵبوەشێنرێنەوە کەپەیوەندییان بەشۆڕشەوە هەیەو، هەموو ئەو مەسەلانەشی کە پەیوەندییان بە ئەمنی ناوخۆوە هەیە، پێویستە رووبەڕووی دادگاو پۆلیس بکرێنەوە، بۆ ئەمنی دەرەکیش، پێویستە پەرلەمان داوا لە هێزی هاوپەیمانەکان بکا تا لەتورکیا بمێنتەوە، ئەگەر رێگاشیان پێ نەدرا ئەوا داوایان لێ بکرێ کە بێنە کوردستانەوە بۆ ئەوەی کوردستانی عێراق بپارێزن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، ئەوەی راستی بێ لیژنەکە خۆیان لەئامادە کردنی ئەم راپۆرتەدا ماندوو کردووە. لەگەڵ ئەوەشدا حەق بوو لیژنەکە گەلاڵەیەکی بکردایە بۆ ئەوەی بابەت بە بابەت بەولیژنانە بدرایە کەئێمە پێکمان هێناون.

**بەڕێز د.کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێشنیاری من ئەوەیە کە ئەم راپۆرتە وەکو یەکێک لە دەسکەوتەکانی پەرلەمان بلاو بکرێتەوە، کۆمیتەیەکیش هەر لە ئیستاوە بۆ جێبەجێ کردنی لەناو پەرلەماندا پێک بهێنرێ، سوپاس.

**بەڕێز فەلەکەدین سابیر کاکەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەم راپۆرتە هەندێ خاڵی تێدایە کە پاش چەند ساڵێک ئەوجا دێنە جێبەجێ کردن، شتی بنەڕەتی وخێراشی تێدایە، بۆیە چاکتر وابوو بەش بەش بکرێتەوە، بەلام خاڵی گرنگی ئێستا مەسەلەی دابین کردنی مووچەی مامۆستایان وفەرمانبەرانە، هەروەها مەسەلەی گومرکیش گرنگەو دەبێ باسی بکرێ، بەلام هەندێ لە شتەکان تا دوای پێکهێنانی وەزارەت دەبێ دوابخرێ، سوپاس.

**بەڕێز یونادم یوسف کنا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نابێ کوردستان هەتاسەر پشت بەکۆمەکی بیانی ببەستێت. سوپاس

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێز د.سەلاح ئاماژەی بۆ(السیولة النقدیة) کرد، کەگوایە کەمە، من دەتوانم بڵێم زۆرە بەلام خەڵک لەبەر نەبوونی ئەمن وئاسایش ناوێرن لەبانکی دابنێن، سەبارەت بەخوێندنیش پێشنیارەکەی بەڕێزد.سەلاح بۆ وەرگرتنی پارە لەجێی خۆیدا نییە ، چونکە بابەتی فێرکردن لەهەموو جیهاندا بە خۆڕاییە جا ئێمە بێین پارە لە کەسوکاری قوتابی وەربگرین، لام وابێ ئەمە

کارێکی عەمەلی نییە، سوپاس.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ڕاپۆرتەکە هەموولایەنەکانی ژیانی گرتبووە وپێویست بوو پێشتر بەسەر ئەنداماندا دابەش بکرایە، سوپاس.

**بەڕێز د. عیزەدین مستەفا ڕسول:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

وابزانم ڕاپۆرتەکە پێویستە بکرێ بە دوو بەشەوە. بەشی یەکەمی ئەو لایەنە بگرێتەوە کەدەتوانرێ بەخێرایی جێبەجێ بکرێ. ئەوبەشەکەی دیکەش وەکو بەرنامەی وەزارەت وایە، بۆ چەند ساڵێکە. بەوبۆنەیەشەوە من یادداشتێکم دەربارەی سووتەمەنی لەلایە. سەبارەت بەزانستگاش بەبڕوای من باشتر وایە یەکسەر بڕیاری دامەزراندنەوەی زانستگای سلێمانی بدرێ ونەگەر توانا هەبێ یەک، دووکۆلیجیش لەدهۆکدا بکەینەوە. بۆیە حەزم کرد ئەمەشی بخرێتە سەر و ئەوجا بڵاوبکرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز مەلا محەمەد ئەمین عەبدولحەکیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

خەلکەکە پەرۆشی ئەوەیە کە یارمەتیان بدەین، کولیج بکەینەوە وبەشی ناوخۆیی بۆ قوتابییان دابین بکەین، سوپاس.

**بەڕێز ئەحمەد سالار عەبدولواحید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

وەک دەزانن ئێستا وەرزی درونەیەو، لە سلێمانیش ژمارەیەکی زۆر لە ئاشەکان تووشی یەک گیروگرفت هاتوون، ئەویش نەبوونی (کەرەستەی یەدەگە) کەزۆربەیان دانیمارکیین و جاران لەبەغداوە دەهێنران، جاپێویستە ئەو کەرەستانە زوو بۆ ئەو ئاشانە دابین بکرێن. سوپاس

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

برادەرانی لیژنە ئاماژەیان بۆ کۆمەڵە گیروگرفتێکی ئابووری کردووە، لەوانە نەبوونی(استثمارات) لەکوردستاندا. لێرەدا دەمەوێ شتێ زیاد بکەم ئەویش ئەوەیە(استثمارات)ی بیانی لەکوردستاندا هان بدرێ. کەگەلێ سوود دەبەخشێ لەوانە:-

١-جوڵەیەک دەخاتە باری ئابووری ڕاوەستاوی کوردستانەوە.

٢-پەیدا کردنی کار بۆ بێکارەکان.

٣-پارێزگارییەکی هەمیشەیی بۆ کوردستان.

خالێکی تریش کە سەبارەت بە دامەزراندنەوەی زانکۆی سلێمانییە، ئێستا لەم بارودۆخەدا

بەشـتـێکی عـەمـەلی نازانم. چونکە باری ئابووری کـوردسـتـان لای هەمـووان ئاشکرایەو، ئەو کادرانەشی کەهەن ئێستا بەشی بەڕێوەبردنی زانکۆی صلاح الدین ناکەن، سەرەڕای پەیمانگاکانی شاری هەولێر وشارەکانی تریش. سەبارەت بەوەرگرتنی پارەش لەبازاڕدا بەاستنساخ وبە پارەی دڕاوەوە. بەبڕوای من ئەم مەسەلانە بەزۆر ئەنجام نادرێن. چونکە شتێک هەیە نابێ فەرامۆشی بکەین، ئەویش باری ئابوٚوری ودراوە، لەبەر ئەوەی کە پارەکـەمـان هیچ قـیـمـەتێکی نەمـاوە. خاڵێکی گرنگی تریش هەیە ئەویش بازرگانی کـوردسـتـانە، کە پەیوەندیی بەو دیوی سنوورەوە هەیە. واتە تورکیا وئێران کە دەبێ ئەوانیش (٢٥، ٥٠، ١٠٠) تەزویر وەربگرن، کە ئامادە نین وەریبگرن، بۆیە بە بڕوای من ئەو مەسەلەیە دەبێ بەشێوەیەکی تر چارەسەر بکرێ، ئەویش بەوەی کە ڕێگا نەدەین پارەی ئەسلی ودۆلار ومارک بەرەو خوارەوە بڕۆن. جگە لەمەش ئەوشتانەی کە ڕێگای ناردنی بەرەو خواروی عێراق پێدەدرێ، با بە پارەی ئەسلی ودۆلار بفرۆشرێت، خاڵەکەی تریش هەرچەندە پەیوەندیّ بەلایەنی مـرۆڤـایەتیـیـەوە هەیە، ئەویش ئەوەیە کـە کـارەبا وئاو لە خوارووی عێراق ببڕین، سوپاس.

**بەڕێز یونس مـحـمـد سـەلیم ڕۆژبەیانی:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن.**

پێویستە ئەم ڕاپۆرتە بەسەر لیژنە پسپۆڕەکانی ناو پەرلەماندا دابەشە بکرێت و، چارەسەر کردنی گیروگرفتە ئابووریەکانیش دەکەوێتە ئەستۆی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانەوە.

**بەڕێز شـەوکـەت حـاجی مـوشـیـر:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن.**

ڕاپۆرتەکە شتێکی کەمە، ئەویش ئەم چەکدارییە بێ سەروبەرەی کوردستانە، چونکە ئەم بەربڵاوی چەکدارییە هەموو بوارەکانی ژیانی خەڵکی تێکداوە، ئابووری ، ئاسایش. لیژنەکە پێویست بوو ئەم خاڵەیان فەرامۆش نەکردایە، سوپاس.

**بەڕێـز د. جـەلال شـەفـیـق:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن.**

سەبارەت بەزانکۆی سلێـمـانی، با بۆ لیـژنەی باڵای خـوێندن بەجێ بهـێـڵـدرایە، چونکە بەهیچ شێوەیەک ڕاست نییە باری قوتابی گران بکەین وخوێندنیان لەسەر بکەین بەپارە، سەبارەت بە گومرگیش پێویستە کۆمتیەیەک پێک بهێنرێت ودەور وتەسلیم لەگەڵ بەرەی کوردستانیدا بکا، ئەمـە تا ئەوکاتەی کـە حکومـەتی کوردسـتـان پێکدێ. دیاردەی فرۆشتنی نەوت وغـازیش لەسەر جادەکان شتێکی ناشرینە. تکام وایە ئەو شتانەی کەپەیوەندی ئابووریی بە کوردستانەوە هەیە، قەدەغەی دەرچوونی بکرێ، سوپاس.

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن:**

تکایە تیکەڵاویی لەنێوان دەسەڵاتی یاسادانان وجێبەجێ کردندا مەکەن، ئەمڕۆ کارگێری بەرەی

کوردستانی(تعمیم) یکی بەسەر هەموو لیژنەکاندا بلاوکردۆتەوە وتیایدا دووپاتی ئەوەی کردوتەوە کە تا ئەو کاتەی ئەنجوومەنی وەزیران پێکدێ ودەوروتەسلیم لەگەڵ ئەواندا دەکات ئیش وکارەکان هەر وەکو جاران بەڕێوە دەبرێن .

**بەڕێز د. قـــاسم مـــحـــمـــەد قـــاسم:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

پێویستە بەپەلە هەنگاو بۆچارەسەرکردنی باری ئابووریی بنرێت. بۆنەم مەبەستەش پێویستە کارگەکانی کوردستان وەگەڕ بخرێنەوە وەک کارگەی دۆشاوی تەماتەی دهۆک وچیمەنتۆی سلێمانی وجگەرەی هەولێر، سوپاس.

**بەڕێز جـــمـــیـل عـــبدی سندی:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

باسی مەوادی سکراب کرا، منیش لاگیری ئەوە دەکەم ڕێ نەدەین بۆ ئێران بچێ. سەبارەت بە مووچەی مامۆستایانیش، ئەگەر ئەو(٥)ملیۆن دینارە(٤)ملیۆنی ئەسڵی بێ، واتە لە(٨٠٪)ی مووچەی مامۆستایان بەپارەی ئەسڵی دەدرێ. هەروەها سەبارەت بەکردنەوەی زانکۆی سلێمانیش، ئێمە دەڵێین پێویستە لەهەر شارێکی کوردستاندا زانکۆیەک هەبێ، بەڵام لەهەمان کاتدا ئەبێ ئەوەمان لە بەرچاو بێ کەجیاوازیی لە نێوان پێویستی ڕاستەقینەو خۆزگە وئاواتدا هەیە، ئایا باری ئابووریی ڕێ ئەدا ئێستا زانکۆی سلێمانی بکەینەوە؟! بەبڕوای منیش جارێ باهەموو پێویستییەکانی زانکۆی صلاح الدین لە مامۆستا وپێداویستییەکانی تر دابین بکەین و، پاشان بیر لەوانی تر بکەینەوە، سوپاس.

**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

جێبەجێ کردنی ئەو پێشنیارانەی کە لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە پەیوەندی بەئەنجوومەنی وەزیرانەوە هەیە، بۆیە پێویستە ڕەوانەی ئەوان بکرێ کە نیاز وایە ڕۆژی شەممەی ئایندە کابینەکەیان ڕابگەیەندرێ، ئەمە لەلایەک، لەلایەکی تریشەوە دەبێ هەوڵ بدەین کە (مراکز القوى) لەکوردستاندا کەم بکەینەوە، سوپاس.

**بەڕێز خـــەســـرەو گـــوڵ مـــحـــمـــەد:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

لەڕاپۆرتەکەدا گوتراوە کە دەغڵودان بۆ لای حکوومەت نەچێت، باشە لەم حاڵەتەدا کێ دەغڵودانەکە لە جوتیارەکان دەکڕێ؟ کێ پارەکەی دەدا؟ ڕاستە ئێمە چەند سایلۆیەکمان لەکوردستاندا هەیە، بەڵام گرنگ ئەوەیە پارە بۆ کڕینی گەنم وجۆ دابین بکرێ، لام وابێ ئەگەر ئێمە چاوەڕوانی پێکهێنانی ئەنجوومەنی وەزیران بکەین لەم کارەدا دوا دەکەوین وگەنم وجۆیەکە بەرەوخوار دەبردرێ. کە ئەمەش کار لە ژیانی ئابووریی خەڵکی کوردستان دەکا. بۆیە داوا دەکەم

چارەسەرێکی خێرای بۆبدۆزرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز کەمال ئیبراهیم فەرەج شالی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ماوەیەک لەمەوبەر وەفدێکی ئابووریی وسیاسی بەسەرۆکایەتی مام جەلال بۆ تاران چوو، من لەگەڵ ئەو وەفدەدا بووم. لەوێ لەگەڵ حکوومەتی ئێراندا وا ڕێک کەوتین کەپالایشگایەکی (مصفی)ئەوتمان بدەنێ. بەلام تائێستا نەیان ناردووە، بۆیە داوا دەکەم پەرلەمان بۆ ئەم مەبەستە وەفدێک بۆ ئێران بنێرێ وئەم داخوازییە نوێ بکاتەوە، هەروەها لە ئێران وەعدیان پێ داوین کە چیمەنتۆمان لێ بکڕن وکەرەستەی خاومان بۆ بنێرن، سوپاس.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد رەشید زنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

سەبارەت بە ئاودیو کردنی ئامێرو ئۆتۆمبیل وئەم جۆرە شتانە، پێویستە بڕیاری قەدەغەکردنی ئەمانەش دەربچێ، هەروەها قەدەغە کردنی داربڕینەوەش لەکوردستاندا پێویستە. جگە لەمەش پێویستە یەکێک لەبانکەکان تەرخان بکرێ وناوی بانکی ناوەندیی(البنک المرکزی) لێ بنرێ، تا باج وگومرکەکانی تێدا دابنرێ، خاڵێکی تریش ئەوەیە هەر لە ئێستاوە دەست بەدابین کردنی سووتەمەنی بکرێ، هەروەها بەزووترین کات وەفدێک بۆ دەرەوە بروات ویارمەتی بۆ گەلی کوردستان دابین بکات، سوپاس.

**بەڕێز هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێستا کۆمەڵە ڕێکخراوێکی زۆر لەکوردستاندا لە بواری یارمەتی مرۆڤایەتیدا کاردەکەن، حەزدەکەم لەرێگای پەرلەمانەوە داوایان لێ بکرێ کە وردە پرۆژەی بەرهەمهێنان دابمەزرێنن، تا لەباری ئابووریشەوە سوود بگەیەنن و زۆر لە بێ کارانیش کاریان بۆ پەیدا ببێ، هەروەها لەسەردەمی بەعسیدا ژمارەیەکی زۆر لەکەسوکاری پێشمەرگە، یا کەسانێک کە خاوەنی بیروباوەڕی کوردایەتی بوونە لەکار دەرکراون، کەئەمەش ئێستا بووەتە هۆیەک بۆ ئاڵۆزبوونی باری ئابووریان، پێویستە هەوڵی گەڕانەوەی ئەوانەش بۆ سەرکارەکانیان بدرێ، سوپاس.

**بەڕێز عومەر سەید عەلی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێش ئەوەی بێمە سەرباسی ئەو ڕاپۆرتە، دەمەوێ بڵێم پێویستە لەسەر مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکرات ویەکێتی نیشتمانی کە پەلە لەدامەزراندنی ئەنجوومەنی وەزیران بکەن، چونکە ئەمە(١٧)رۆژە پەرلەمان پێک هاتووە، پێک هێنانی ئەنجوومەنی وەزیرانیش بۆپڕ کردنەوەی ئەو بۆشاییە ئیدارییە کە ئێستا بەرەی کوردستانی پڕی کردووەتەوە. ئەو ڕاپۆرتەی کە کۆمیتە خوێندیەوە ڕێکوپێکەو، بەلای منەوە پێویستە لەماوەی ئەم چەند رۆژەدا چارە سەریان بۆ

بدۆزرێتەوە، لەوانەش:-
١-کۆ کردنەوەی دەغلّودان وقەدەغەکردنی ناردنە دەرەوەی بۆ دەرەوەی کوردستان، ئەگەر رێکخراوە مرۆدۆستەکانیش بەلّێنی کڕینی بەشێک لەو گەنمەیان داوە، ئەوا پێویستە پەیوەندیان پێوە بکرێ.
٢-بەشێک لەداهاتی گومرک بۆ کڕینی دەغلّودان تەرخان بکرێ.
٣-وەک لە راپۆرتی کۆمیتەکەدا هاتووە بانکی کشتکالّی لەکاتی خۆیدا پێشینە(سلفە)ی بەخاوەن مولّکەکان داوە لەسالّی/ ١٩٩٠، تا ئێستاش بەشێکی زۆری ئەوپارەیە لای مولّکدارەکان ماوەتەوە، بۆنموونە تەنها لە شاری سلێمانیدا نزیکەی(٥-٦)ملیۆن دیناری ئەو بانکە لەقەرزدا هەیە، ئەگەر ئەوپارانە وەربگیرێنەوەو لەگەلّ بەشێک لەداهاتی گومرگ لەگەلّ ئەوەی رێکخراوە مرۆدۆستەکانیشدا کۆ بکرێنەوەو، هەولّی ئەوە بدرێ لیژنەیەکی ئابووریش پێک بهێنرێ بۆ ئەوەی تا ئەوکاتەی کە ئەنجوومەنی وەزیران پێکدێ سەر پەرشتی کڕینی دەغلّودانەکە بکات.
خالّێکی تریش هەیە کە بەلای منەوە گرنگە، ئەویش کۆنترۆلّ کردنی سنوورەکانە بۆ ئەوەی داهاتی گومرگیش کە تا ئێستا بەدەست بەرەی کوردستانییەوەیە کۆبکرێتەوە، یا بەلای کەمەوە تا ئەوکاتەی کەئەنجوومەنی وەزیران پێکدێ سەرف نەکرێ، هەروەها مەسەلەی ئاوی دوکان ودەربەندیخانیش ئەگەر بێتوو ئێمە بەرامبەر بەو ئابلوقە ئابوورییەی سەر کوردستان، ئێمەش ئاوی دوکان ودەربەندیخان کۆنترۆلّ بکەین وتەنها ئەوەندە ئاو بەر بدرێتەوە کەبەشی کوردستان دەکات وبەس، ئەوەش کارتێکی دیکەی فشاری ئابووریە بۆ ئەوەی رژێم ئابلوقەکەی خۆی لەسەر کوردستان هەلّبگرێ، سوپاس.

**بەڕێز ئەرسەلان بایز ئیسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

هەمووکاتێ گرنگ وگرنگتر هەیە، باجارێ ئەوانەی کە لە بەردەستدان کونترولّیان بکەین، چونکە تا ئێستا بەرەی کوردستانی پێی نەگوتراوە وحکوومەتی کوردستانیش پێک نەهاتووە. دەبا وەکو هەنگاوی یەکەم ئیشوکاری خەلّک ومامۆستایان چارەسەر بکەین، یەکێکی تریش لەوشتانە ئەو هەموو یارمەتییەیە کەلە دەرەوەوە دێن، بادەست بەسەر ئەوانەدا بگیرێت و، مەسەلەی(بائع)ەکانیش چارەسەر بکەین و، دابەش کردنی نەوت وغازەکەش کۆنترۆلّ بکەین، بەکورتی با چاوەڕوانی پێک هاتنی ئەنجوومەنی وەزیران نەکەین، سوپاس.

**بەڕێز محەمەد ئەمین مەولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەوەی کە من تێبینی دەکەم ئەوەیە،کە ئێمە لەباتی (فصل السلطات)، (دمج السلطات)ئەکەین، بۆ نموونە هەندێ شت پەیوەندیی بەپەرلەمانەوە هەیە ئێمە تێکەلّ بەدەسەلاتی جێبەجێ کردنی

دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز مەئموون نور محەمەد بریفکانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەوە نزیکەی مانگێکە ڕێکخراوی(یونسێف) لە کوردستان ڕۆیشتووە، بۆیە زۆر شتومەکی ڕێکخراوە بیانیەکان لەوانەی کە لە ناو کوردستاندا کاردەکەن لەو دیو سنووردا ماونەتەوە بۆیان ناهێنرێتەوە ناو کوردستانەوە، چونکە جاران لە ڕێی (یونسێف)ەوە ئەو کارەیان بۆ ئەنجام دەدرا، بۆیە پێشنیار دەکەم ئەو وەفدە پەرلەمانیەی کە بڕیارە بچێتە دەرەوەی کوردستان ئەم مەسەلەیە لە گەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکاندا باس بکا، سوپاس.

**بەڕێز د. ئیدریس هادی سالح:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێشنیار دەکەم دوای پێکهێنانی ئەنجوومەنی وەزیران، سەرژمێریەکی گشتی لەکوردستاندا ئەنجام بدرێت، بەوە هەموو شتێک بۆ نەخشەدانانی ئابووریی وبوارەکانی دیکەش ئاسان وزانستیانە دەبێ، سوپاس.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

زۆر شت لەوانەی کە باس کرا پەیوەندی بە دامەزراندنی ئەنجوومەنی وەزیرانەوە هەیە، پێشنیاریش دەکەم لە ڕێی پەرلەمانەوە داوا لە پەرلەمانەکانی دۆستی جیهان بکەین کە یارمەتیە مرۆڤایەتیەکانمان بۆ بگۆڕن بە یارمەتی پەرپێدان وئاوەدان کردنەوە چونکە کوردستان ئەو قۆناغەی بڕی وئێستا لە هەموو شوێنێکدا خەڵک سەرگەرمی ئاوەدان کردنەوەیە. پرسیارێکیشم هەیە ئەویش ئەوەیە کە ئێمە مووچەی مامۆستایانمان پێ نادرێ چۆن داوای کرێی خوێندن لە قوتابیان بکەین؟! ئەی ئەو خێزانانەی کە (٤یان٥)منداڵی قوتابیان هەیە ئەی ئەوان ئەو کرێی خوێندنە لەکوێ پەیدا بکەن؟! سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

١ـ داواکەی کاک ئەرسەلان ناکۆکی لە نێوان دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێ کردندا دروست ناکا.

٢ـ ئەو وەفدەی کە بۆ دەرەوە دەچێ دەبێ ئاماری ورد سەبارەت بە پێویستیەکان لەگەڵ خۆیدا بەرێ.

٣ـ هەندێ فەرمانبەر لەم ماوەی ئینتقالییەدا هەلیان بۆ هەڵکەوتوە شتومەکی دائیرەکان بۆ خۆیان دەبەن، پێشنیار دەکەم لەم بارەیەوە بەیاننامەیەک لەلایەن ئەنجوومەنی وەزیرانەوە دەربکرێ بۆ

ئەوەی سنوورێک بۆ ئەم دیاردەیە دابنرێ، سوپاس.

**بەڕێز فـــــــرەنســـــــۆ تـۆمـــــــا هـەریـری:**

**بەڕێـز ســــــــەرۆکـی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

ئەگەر ڕێم پێ بدەن هەندێ قسەی جاری پێشووم هەیە دەمەوێ بیکەم، یەکەم: بابەتی لابردنی ئالاکە، ئێمە وتمان زۆر بە کپی دەری دەکەینە دەرەوە، بەلام ئەمە لەهەندێ دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە ڕاگەیاندرا، بۆیە دەبێ بزانین، کە بە دزی دەبرێتە دەرەوە بۆ بەئاشکرا باسی لێوە دەکرێ؟! یان ئەگەر وایە ئەی بۆ خۆمان لێرە بەتێرو تەسەلی ولەبەردەم دەزگاکانی ڕاگەیاندن باسی لێوە نەکەین؟

دووەم: وەک ئاشکرایە کە پەرلەمان پێکهات ئیتر دەبێ هەموو بڕیارێک لەوەوە دەربچێ، بۆ نموونە مان ونەمانی گفتوگۆ لە گەڵ ڕژێمدا دەبێ پەرلەمان بڕیاری لەسەر بدا، بۆیە هەر لایەنێک کە دەیەوێ باسی ئەو مەسەلەیە بکا دەبێ هەر هیچ نەبێ وەک دەڵێن پرسە خەسوانەیەک بەپەرلەمان بکا. سەبارەت بەو پرۆژەیەش کەبرادەران پێشکەشیان کردووە، پێم وایە وەکو پرۆژەیەکی پێشنیارکراو ڕەنگە شتێکی چاک بێ، بەلام بەهیچ جۆرێک من لەگەڵ ئەوەدا نیم کە بلاوبکرێتەوە، بەلکو لەگەڵ بیروڕایەکی کاک نەژاد ـ م کە وتی پێویستە چاپ بکرێ وبەسەر ئەندامانی ئەنجومەندا بلاوبکرێتەوە، بۆ ئەوەی هەر ئەندامەو لە ماڵەوە بۆ خۆی دیراسەتی بکردایە وپێشنیار وبیروبۆچوونی خۆیی لەسەری دەربڕیبایە، سوپاس.

**بەڕێز عـــــەبدولکەریم کـــــاکـــــە حـــــەمـــــە:**

**بەڕێـز ســــــــەرۆکـی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

ئێستا (٥)مامۆستا وەکو نوێنەری مامۆستایان هاتوون و، ئەڵێن ژمارەیەک مامۆستا کە لە(١٠٠٠) کەس زیاترن بڕیاریان داوە سەعات(٦)ی ئەم ئێوارەیە لەبەردەم بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی هەولێردا مان بگرن. دوو داوکاریشیان هەیە:-

١ـ ئەڵێن ئەم مووچەیە وەرناگرین ئەگەر پەرلەمان پەیمانمان نەداتێ کە لەماوەیەکی کورتدا مووچەکەی دیکەشمان بۆ دابین دەکا. منیش بەش بەحاڵی خۆم لەو بڕوایەدام کە دوو شت پاڵی پێوەناون، یەکەمیان: برسێتییەو، دووەمیشیان: دەستێکی ناپاکە. ئێمە زۆر قسەمان بۆ کردن، داخوازی سەرەکییان ئەوەیە دڵنیابن لەوەی کە مووچەیەکی دیکەیان بۆ دابین دەکرێ.

٢ـ هەندێ لەوانە ئەڵێن چووینەتە شەقلاوە بۆ مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانی و، هاوینەهەواری صلاح الدین بۆ مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان ولایەنەکانی تریش، گوایە لەو شوێنانە وتویانە نیازی مانگرتنیان هەیە وئەوانیش وەک خۆیان دەڵێن گوایە پیرۆزباییان لێ کردوون، ئێمەش وتمان مانگرتن مافێکی ڕەوای خۆتانە، بەلام لەم زرووفەدا نا، ئەوەی ئێوە داوای دەکەن لەپەرلەماندا بڕیاری لەسەر دراوەو لیژنەیەکی دەسبەجێش بۆ ئەم مەبەستە پێک هێنراوەو، ئەوە چوار ڕۆژە بەدوای مووچەی ئێوەوەین وئێستا لەسلێمانی

وهەولێر وکەرکووک ودهۆکَ مووچە دەدرێ، ئیتر نازانم پەرلەمان دەتوانێ بەڵێنیان بداتێ کەپاش ١٠-١٢ ڕۆژی تر مووچەیەکی تریان بۆ دابین دەکرێ یان نا؟ وەفدەکە خۆشیان وا لە خوارەوە چاوەڕێی وەڵامی ئێمە دەکەن، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەندێک لەو مامۆستایانە بۆ ئەوە لەگەڵیاندا هاتوون کە ڕێ لەو مانگرتنە بگرن، پێشنیار دەکەم کە ئەنجومەن و پارتی ویەکێتی کاتی دانی مووچەکەیان بۆ دیاری بکەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە وەک دەستەی سەرۆکایەتی ناتوانین کاتێکی ناوایان بۆ دیاری بکەین .

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مامۆستایان وای بۆ دەچن کە پشووی هاوینەو ئیتر کەس بیریان لێ ناکاتەوە، بۆیە داوای بەڵێنی وا دەکەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە هیچ پارەیەکمان لەبەر دەستدا نییە تا بەڵێنی وا بدەین، نازانم برادەران چی دەڵێن؟.

**بەڕێز د.کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

با لە پەرلەمانەوە چەند کەسێک بیانبینێ ومەسەلەکەیان بۆ ڕوون بکەنەوە، کە ڕەنگە داوەکەیان برسێتیشی لەپشتەوە بێ ، بەڵام هاندانی ناحەزانی پەرلەمانیشی تێدایە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خاڵی یەکەم لەجێی خۆیدایە، بەڵام ناتوانین کاتی مووچەی داهاتوویان بۆ دیاری بکەین، چونکە نزیکەی(١٥)ملیۆن دیناری پێ دەوێ و ڕەنگە تا ئەو کاتە پێمان دابین نەکرێ، ئێستاش (٢تا٣) ئەندامی ئەنجومەن با بچن و مەسەلەکەیان بۆ ڕوون بکەنەوە.

**بەڕێز د. ڕۆژ نووری شاوەیس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەبڕوای من وەعدێکیان بدەینێ کەلە ماوەیەکی نزیکدا مووچەیەکی تریان بۆدابین دەکەین. شتێکی خراپ نییە ئەگەر بەم جۆرە ڕەفتار بکەین، دەبێ شتەکان بەجوانی ڕوون بکەینەوە، بەتایبەتی ئەم دوو گروپەی ناو پەرلەمان کە دەبێ زۆر تەبا بن وهاوکاری یەک بن بۆ ئەوەی بەرنگاری ئەم جۆرە ڕەفتارانە ببنەوە، ئەمە(تحریک)ە، ئەوجا چ لە ناوبەرەی کوردستانییەوە بێ، یا لە دەرەوەی بەرەوە بێ، بەڵام لە گەڵ توجیهی ڕژێمی عێراقدا یەکدەگرێتەوە، مەبەستیش لەوەیە کە پەرلەمان سەرنەگرێ وخەڵک ڕێزی نەگرێ وخەڵک وا تێبگەیەنن کە پەرلەمان بێ

دەسەڵاتەو هیچی پێ ناکرێ، بۆیە دەبێ ئێمە لە پەرلەماندا نەخشەیەکی راگەیاندنی یەکگرتوومان هەبێ ، نەخشەیەکی ئابووری یەکگرتوومان هەبێ، ئەبێ پێکەوە بەرنگاری ئەو جۆرە گیروگرفتانە ببینەوە، چارەسەری بنەڕەتی ئەم بابەتەش بەبڕوای من ئەوەیە ئێمە دەبێ بڵاوی بکەینەوە کە لیژنەمان بۆلێکۆڵینەوەی دووبابەتی سەرەکی پێک هێناوە:

١ـ هەندێ گیروگرفت هەیە ئایا ئەتوانین هەنووکە چارەسەریان بکەین؟ دەبێ لیژنەکە وا بیر بکاتەوە کە ئایا ئەتوانێ نرخی بازار بێنێتە خوارەوە و، چ هەنگاوێک بۆ ئەم مەبەستە پێویستە بنرێ؟.

مەسەلەی مووچە، مامۆستایان دەڵێن وا پشووی هاوینە و ئیتر کەس مووچەمان پێ نادا، ئەبوایە باسی ئەوە بکەین چۆن ئەتوانین ئێستا پارەمان دەست بکەوێ ومووچەی مامۆستایان دابین بکەین، هەروەها بە گومرکەکانی کوردستاندا بگەڕێین؟ ئایا ئەو پارەیەی لە گومرگەکاندا کۆدەبێتەوە بەشی مووچەی هەمووی فەرمانبەران دەکا یان نا؟ ئەبوایە لیژنەکە بیری لەوە بکردایەتەوە، دەبێ ئەم شتانە بەیەکەوە لەپەرلەمان بۆ خەڵک روون بکەینەوە، گیروگرفتەکەش لەوەدایە کە ئەوپارەیەی دەستی حکوومەت دەکەوێ یا دێتە کوردستانەوە بەشی مووچەی هەموو فەرمانبەران ناکا. لەحاڵەتێکیشدا ئەگەر هاتوو ئێمە هەموو ئەو پارەیەمان بۆ مووچەی فەرمانبەران تەرخان کرد ئەی چی لەو ژمارە زۆرەی پێشمەرگەیە بکەین؟ ئەی چی بەخێزانی ئەو هەموو شەهیدانە بدەین؟ پرۆژەکان چۆن وەگەڕ بخەینەوە؟ گرنگیش ئەوەیە دەبێ ئەم دوو گرووپە بەتایبەتی بجووڵێنەوە، چونکە خەڵک ناڵێ پارتی ویەکێتی، بەڵکو دەڵێ پەرلەمان ورووی تێدەکا، خوانە خواستە ئەگەر پەرلەمانیش تووشی نسکۆیەک هات، یا وەک بەرەی کوردستانی لێهات سبەی چی لەباتی دروست بکەین؟ بۆیە باشتر وایە ئێستا لەگەڵ نوێنەری مامۆستایاندا قسە بکەین وبەڵێنی ئەوەیان بدەینێ کە هەوڵیان بۆ ئەدەین لە داهاتوویەکی نزیکدا مووچەیەکی تریان بۆ دابین دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

باشە با هەردوو گروپ لەگەڵ د.فوئاد ود.کەمال کمال ود.رۆژ ولیژنەی یارمەتی بچن وقسەیان لەگەڵدا بکەن.

سەبارەت بە راپۆرتی لیژنەکەش پێشنیارەکە ئەوەیە، کە هەر بابەتەو ئاراستەی لیژنەی تایبەتی خۆی بکرێ تا ئەویش لێی بکۆڵێتەوە و بە بیروڕای خۆی دەوڵەمەندی بکاو پێش ئەوەی بەرچاو بخرێ، بەسەر ئەندامانیدا دابەشی بکەین وئەوانیش بیروڕای خۆیانی لەسەر دەربڕن ورۆژێک بۆ گفتوگۆ کردنی تەرخان بکەین، هەر پێشنیارێکیش کە لێرە وترا با خاوەنەکەی بەنووسین پێشکەش بەدەستەی سەرۆکایەتی بکا تائێمەش رەوانەی لیژنە تایبەتیەکانی بکەین.

خاڵەکەی دیکەشمان ئەوەیە، کە داوا لە بەڕێزان سەرۆک وجێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران بکەین کە پەلە لە راگەیاندنی ناوی ئەندامانی( ئەنجوومەنی وەزیران) بکەن .

کاروباری داهاتووشمان بەم جۆرە دەبێ:

١-لیژنەکان بە گوێرەی ئەو بابەتانەی کە لە راپۆرتەکەدا هاتووە دەست بە ئیشوکاری خۆیان بکەن.

٢-کۆبوونەوەی داهاتوومان ئەو رۆژە دەبێ کە کابینەی حکوومەت رادەگەیەنرێ. ئەگەر لەسەر ئەم خاڵانەی کەباسمان کرد رازی دەبن تکایە دەستی خۆتان بەرزبکەنەوە.

دەست بەرزکرایەوە.ئەنجوومەن بەزۆربەی دەنگ لەسەر ئەو پێشنیارانە رەزامەندی پێشاندا.

**بەڕێز شەوکەت حاجی موشیر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەندامانی لیژنەکان یەکتری ناناسین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ناوی ئەندامانی هەموو لیژنەکان راگەیێندراون، با یەکتری بناسن، ئێمەش بۆ هەر لیژنەیەک ژوورێک تەرخان دەکەین، با جارێ بەتەمەنترین ئەندامی لیژنەکان ببنە سەرۆک، یا (مقرر) هەتا بۆ هەر لیژنەیەک سەرۆکێک و جێگری سەرۆکێک ومقررێک هەڵدەبژێردرێ.

**بەڕێز فرنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ناوی ئەندامانی گروپی سەوز لە هەندێ لە لیژنەکان دیاری نەکراون، سوپاس.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ناوی ئەندامانی تەنها یەک کۆمیتەمان رانەگەیاندوە، هەروەها ئێمە گوتمان گۆڕانکاری لە لیژنەکاندا بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

با لیژنەکان هەر یەکەو بۆ سبەینێ کاتێک بۆ کۆبوونەوە دیاری بکەن، هەریەکەشیان بەپێی پسپۆڕایەتی لە راپۆرتەکە بکۆڵنەوە.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەو کەسانەی کە نوێنەرانی مامۆستایان دەبین با بە ناوی پەرلەمانەوە بەڵێنی هیچیان نەدەنێ، ئەگەر بەڵێنیش دەدەن با بە ناوی ئەو لایەنانەوە بەڵێنیان بدەنێ، کە نوێنەرایەتیان دەکەن. هەروەها دەمەوێ ئەوەش بڵێم کە ئێمە لە پەرلەماندا هیچمان پێ ناکرێ تا لیژنەی یاسا وەگەڕ نەکەوێ و، ئەنجوومەنی وەزیران دانەمەزرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

لیژنەکە هیچ پەیوەندیەکی بە دامەزراندنی ئەنجوومەنی وەزیرانەوە نییە، با دەس بە ئیشوکاری خۆی بکا.

**بەڕێز د. سەلاحەدین محەمەد حەسەن حەفید زادە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بە داخەوە لە ئەرکی لیژنەکەی ئێمە نەگەیشتن، ئەمە ڕاپۆرتی لیژنەی ئابووریی نەبوو، بەڵکو ڕاپۆرتی لیژنەی ڕێکخستنی پێشنیارەکان بوو، کە لە کۆبوونەوەیەکی پێشوتردا بڕیاری لەسەر درا، بۆ ئەوەی هەتا ئەنجوومەنی وەزیران پێک دێ، هەندێ ڕاو بۆچوون لەبارەی گەڵاڵە کردنی ئەو پێشنیارانەوە ئامادە بکا کە بۆ چاک کردنی باری ژیانی گەلی کوردستان پێویستن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

زۆر سوپاس. بەمەش کۆتاییمان بەم دانیشتنە هێنا.

| | | |
|---|---|---|
| **فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا** | **محەمەد تۆفیق ڕەحیم** | **جوهر نامق سالم** |
| **سکرتێری ئەنجوومەن** | **جێگری سەرۆک** | **سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق** |

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره(٨)

پێنج شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٢/٧/٢

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره(٨)

## پێنج شەممە رێكەوتی ١٩٩٢/٧/٢

***كـاتژمـێـر(١٠)ی سـەرلە بەیانی رۆژی پێنج شـەممەی رێكەوتی ١٩٩٢/٧/٢ ، ئەنجـوومـەنی نیشـتـمـانیی كـوردسـتـان بەسـەرۆكـایەتی بەرێز جـوهر نامق سـالم سـەرۆكی ئەنجـوومـەن و، بەئامـادەبوونی جێگری سـەرۆك بەرێز مـحـمـەد تۆفـیق رەحیم و، سكرتێـری ئەنجوومـەن بەرێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا، (٨) دانیشتنی یەكەم خولی ئاسایی، یەكەم ساڵی خۆی ئەنجام دا.***

***لەپێشدا سەرۆكایەتی ئەنجوومەن لە رادەی یاسایی دانیشتنەكە دڵنیا بوون ودەركەوت كە هەموو ئەندامانی ئەنجوومەن ئامادەن .***

***ئەوجا بەرێز سەرۆكی ئەنجوومەن بەناوی خوای بەخشندە ومیهرەبان وبەناوی گەلی كوردستانەوە دانیشتنەكەی دەست پێكرد.***

***بەرنامەی كار:***

***١-راگەیاندنی ناوی ئەندامانی ئەنجوومەنی وەزیران.***

***٢-گفتوگۆی پرۆژەی یاسای ئەنجوومەنی وەزیران.***

**بەرێز سەرۆكی ئەنجوومەن:**

كۆبوونەوەی سەرلەبەیانی ئەمرۆمان بۆ دۆزینەوەی بنەمایەكی یاسایی تەرخان دەكەین بۆ ئەوەی ئەنجوومەنی وەزیران بتوانێت ناوی ئەندامەكانی خۆی رابگەیێنێت. كۆبوونەوەی ئێوارەشمان تەرخانە بۆ گفتوگۆی یاسای ئەنجوومەنی وەزیران.

**بەرێز حوسێن عارف عەبدولرەحمان:**

**بەرێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

بەبڕوای من مخرجە قانوونییەكە هەیە. چونكە لە برگە ٣ی مادە(٥٦)ی یاسای ئەنجوومەنی نیشتمانیدا هاتووە (ناولێنانی سەرۆكی دەسەڵاتی جێبەجێ كردن) ئەمە لەیاسا لادان نییە ئەگەر ئێمە جارێ ناوەكان ڕابگەیەنین وپاشان سوێندەكە بخۆن. ، سوپاس.

**بەرێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەرێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

سەبارەت بەمخرجە قانوونییەكە دوو پێشنیارم هەیە: ١ـ مادەكان بەكورتی باس وگفتوگۆ بكەین.
٢ـ هەندێ دابونەریتی پەرلەمانی هاوتا هەیە پێویستە لەحاڵەتی وادا رەچاو بكرێن وناوەكانی ئەنجوومەنی وەزیران ڕابگەنین، سوپاس.

**بەڕێز د. رۆژ نووری شاوەیس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لە راستیدا پێویستمان بە بڕیارێکی یاسایی هەیە بۆ ئەوەی بتوانین ئەنجوومەنی وەزیران پێک بێنین و، رای بگەیەنین، ئەو بڕیارەی کە پەیوەندی بە سەرۆک وەزیرانەوە هەیە تارادەیەک کەم وکورتی تێدایە، چونکە ناتوانین ژمارەی وەزیرەکان و وەزارەتەکانی پێ دیاری بکەین. دەبێ ئەنجوومەن بڕیار لەسەر ژمارەی وەزیرەکان وناوی وەزارەتەکان بداو لە هەمان کاتدا دەسەلاتی ناولێنانی بە ئەنجوومەنی وەزیران بدرێ و، بتوانن دەست بەکاروباری خۆیان بکەن، سوپاس.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەم حاڵەتەدا پشت بە برگە (٣)ی مادە (٥٦)ی یاسای ئەنجوومەنی نیشتمانیی دەبەسترێ و، دەتوانرێ ناوی وەزیرەکان پێشکەش بکرێ. ئەوەی بەڕێز د.رۆژیش سەبارەت دەسەلات پێیدان وتی، ئەویش راستە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئێمە ناوی بەڕێزان سەرۆک وجێگری سەرۆک ئەنجوومەنی وەزیرانمان ناوە و، بۆ پێکهێنانی ئەنجوومەنیش راسپێردراوون، تەنها ماوەتەوە بڕیاری ئەوە بدرێ چەند وەزارەتمان هەبێ وناویان چی بێ.

**بەڕێز یونادم یوسف کنا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

تەئکید لەسەر قسەکانی بەڕێز د.رۆژ دەکەمەوە کە دەڵێ چەند وەزارەتن وناوەکانیان چییە؟ بەبڕوای من هەردوو لیستە سەرەکییەکە پێکەوە دانیشتوون ولەم بارەیەوە قسەیان کردووە تا ئێستا ناوی وەزارەتەکان رابگەیەندرێ ودەنگ لە سەریان بدرێ بۆ ئەوەی بزانرێ پێویستن، یا پێویست نین وپاشان وەزیرەکان سوێند بخۆن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

با جارێ بەڕێز سەرۆک ئەنجوومەنی وەزیران ناوی وەزارەتەکان پێشکەش بکا.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەنیسبەت وەزارەتەکانەوە پاش گفتوگۆ ولێکۆڵینەوە لەگەڵ هەردوو فراکسیۆن و وەرگرتنی بیر ورای پسپۆڕ وشارەزایان ولەبەر چاوگرتنی بارودۆخی ئابووری کوردستان وهەڵسەنگاندنی باری وڵات بیر لەوە کراوەتەوە کە بەپێی توانا ئەنجوومەنی وەزیران (تقليص) بکرێ و وەزارەتی زۆر دانەنرێ، بەڵکو بە شێوەیەک بێ کە هەندێ لە وەزارەتەکان ئەو کاروبارانە بگرنە دەست کە پەیوەندیان بەیەکەوە هەیە، بۆیە بەلای ئێمەوە تەنها (١٥) وەزارەت پێشنیار کراوە:

١- وەزارەتی ناوخۆ ٢- وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە ٣-وەزارەتی پەروەردە ٤- وەزارەتی کاروباری عیلاقات وشؤونی -کاروباری انسان-ی ، یا عیلاقاتی گشتی ٥- وەزارەتی دارایی وئابووری ٦- وەزارەتی ئەوقاف ٧- وەزارەتی ئاوەدان کردنەوە وگەشەپێدان ٨-وەزارەتی پیشەسازی و وزە ٩-وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن ١٠- وەزارەتی شارەوانی وگەشتوگوزار ١١-وەزارەتی کشتوکاڵ وئاودێری١٢-وەزارەتی رۆشنبیری ١٣- وەزارەتی ئەشغاڵ ونیشتەجێکردن ١٤-وەزارەتی تەندروستی وکاروباری کۆمەڵایەتی ١٥-وەزارەتی داد.

بەبیرورای ئێمە ئەم (١٥) وەزارەتە پێویستن وهەندێکیان جاران بەم شێوەیە بیری لێ نەدەکرایەوە، بۆ وێنە دارایی وئابووری لێک دران، هەروەها تەندروستی وکاروباری کۆمەڵایەتی لێک دران، ئیتر بەم شێوەیە زۆر لەکاروبارە نزیکەکانمان لەیەک وەزارەتدا جێ کردەوە، بەکورتی ئەم (١٥) وەزارەتە بۆ قوناغی ئەمڕۆمان بەپێویست دەزانین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشتروایە وەزارەت بەوەزارەت بەسەریا بڕۆین.

**١-وەزارەتی ناوخۆ. پێشنیاری تر لەسەر ناوکەی هەیە؟**

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیار دەکەم ناوی وەزارەتەکان بە کوردی پێشکەش بکرێن، سوپاس.

**بەڕێز شێرکۆ فائەق عەبدوللا بێکەس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەزارەتی ناوخۆ بکرێتە( وەزارەتی کاروباری ناوخۆ) ، سوپاس.

**بەڕێز مەلا محەمەد ئەمین عەبدولحەکیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەکو خۆی بمێنێتەوە، واتا (وەزارەتی ناوخۆ) چونکە وشەی(کاروبار) لە (شأن)ی وەزارەتەکە کەم دەکاتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وابزانم بیروڕای برادەران لەسەر ئەوەیە ناوەکە بە(وەزارەتی ناوخۆ) بمێنێتەوە. ئەوەی لەگەڵ ئەوەیە بە(وەزارەتی ناوخۆ) دابنرێ بادەست بەرز بکاتەوە. .دەست بەرزکرایەوە.. زۆر سوپاس کەواتە زۆربە لەگەڵ ئەوەیە کە وەکو خۆی بمێنێتەوە.

**٢-وەزارەتی (کاروباری پێشمەرگە) . کێ لەسەر ئەم ناوە تێبینی هەیە؟.**

**بەڕێز مەلا محەمەد ئەمین عەبدولحەکیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەبڕوای من ناوی (کاروباری پێشمەرگە) کەمتر گوزارشت لەپێشمەرگە دەکات، بۆیە پێشنیار

دەکەم ناوی (وەزارەتی لەشکری شۆڕشگێڕی کوردستان)ی لێ بنرێ، وەکو مژدەیەکیش دەبێ بۆ یەک بوونی لەشکر، سوپاس.

**بەڕێز حەمە نەجم حەمە فەرەج جاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێشنیار دەکەم ناوی (وەزارەتی بەرگری کوردستان) ی لێ بنرێ، سوپاس.

**بەڕێز شەوکەت حاجی موشیر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لە هەموو دنیادا ناوی (وەزارەتی بەرگریە)، با لای ئێمەش هەر بەو ناوەوە بێ ، سوپاس.

**بەڕێز فەلەکەدین سابیر کاکەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

باشتر وایە ناوی (وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە) بێ، یا (وەزارەتی یەکخستن وکاروباری پێشمەرگە)، کە ئەمیان بەلای منەوە پەسندترە، سوپاس.

**بەڕێز مەلا مەحموود دێرشەوی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ناوی وەزارەتی(دیفاع) شامل ترەو، هەموو هێزە سەربازیەکان دەگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز ئەرسەلان بایز ئیسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

(وەزارەتی پێشمەرگە) باشترەو هەمووی دەگرێتەوە، با وشەی (کاروباری ) لەگەڵدا نەبێ، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

وشەی (پێشمەرگە )وشەیەکی پیرۆزە، پێشنیارەکەی ئەنجوومەنی وەزیران پەسندە و، ئەگەر (یەکخستن)ەکەی کاک فلک الدین ـ یشی بخرێتە سەر، ئەوا باشترە وئەوانی تر هەمووی زیادەن، سوپاس.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

وەک وترا ناوی پێشمەرگە پیرۆزە و وشەی پێشمەرگەش هەمووی دەگرێتەوە، عیبرەتیش بەجەوهەرە، سوپاس.

**بەڕێز سەلاحەدین عەبدولحەمید عەبدوللا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بکرێتە (وەزارەتی بەرگری وکاروباری پێشمەرگە)، سوپاس.

**بەڕێز عـەبدولخـالق محـەمـەد ڕەشـیـد زەنگەنە:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن:.**

بکرێتە (وەزارەتی بەرگری نیشتمانیی) بۆ ئەوەی نەوترێ (وەزارەتی دیفاع)مان هەیە، سوپاس.

**بەڕێز ئەحـــمـــەد ســــالار عـــەبدولواحـــیـــد:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

(وەزارەتی کاروباری پێشمەرگایەتی) فراوانترە، سوپاس.

**بەڕێز حـــســـــەن عـــــەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

ناوی (وەزارەتی دیفاع) خۆشە، بەڵام ئێـمـە لەم قـۆناغـەدا ناتوانین ئەم ناوەی لێ بنێین، چونکە تەنانەت ئەگەر اتحادی فیدراڵیشمان کرد ئەوساش (وەزارەتی دیفاع) نابێ هەبێ، سوپاس.

**بەڕێز د. مـــحـــمـــەد فـــوئاد مـــەعـــســـوم:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

هەندێ لە برادەران وتیان (پێشمەرگە) ناوێکی پیرۆزە، بەڵام کە وتت پێشمەرگە واتای ئەوە نییە کە تەنها کـاری پێـشـمـەرگـەیە، پێـشـمـەرگـە گـەلێ لەوە فـراوانـتـرە، بەڵام کـە وترا (کـاروباری پێشمەرگە) ئەوکاتە هەموو شتێک دەگرێتەوە، نەک تەنها کاروبارە تایبەتییەکانی ئەوکەسەی کـەپێـشـمـەرگـەیە، بەڵکو هەمـووی دەگـرێتـەوە، لەبەر ئەوە پێـشـنیـاری ناوی (کـاروباری پێشمەرگە)مان بۆ وەزارەتەکە کرد، سوپاس.

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن:**

ئەگـەر تێـبـینی تر نـیـیـە، ئەوا پێـشنیـارەکـەی بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـوومـەنی وەزیران دەخـەینە دەنگەدانەوە.

**بـــەڕێـــز یـــۆنـــادم یـــوســـف کـــنـــا:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

وابزانم برادەرانی هەردوو فـراکسـیـۆن زۆر کـاتیـان بەم بابەتەوە بەسەر بردوە، پێشنیـازی بەڕێزان هەمووی باس کراو گفتوگۆی لەسەرکرا، هەندێکیش خستیانە قاڵبی مەسائلی دەرەوە کە کاری لەسەر ئێمە کردووەو، ناچارمان دەکا ناوی (وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە)ی لێ بنێین، کە بەلای هەموومانەوە زۆر باشە، دەنا (وەزارەتی جەنگ، یا بەرگری) پڕ بە پێستی بوو، سوپاس.

**بەڕێز د. مـــحـــمـــەد فـــوئاد مـــەعـــســـوم:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

پێشنیار دەکەین کە ناوەکەشی بەهەموو بارێکدا هەر بە کوردی بمێنێتەوەو، کەکردمانە عەرەبیش هەر بڵێین(شؤون البشمەرکە)، نەک وشەی(پێشمەرگە)کە بکرێتە (انصار،مقاتلین)ی عەرەبی، چونکە

(پێشمەرگە) ناوێکی کوردیەو دەماندنەوێ تایبەت بەکوردەوە بمێنێ، سوپاس.

**بەڕێز سیروان محەمەد نەورۆلی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کە وتمان (وەزارەتی پێشمەرگە)، ئیتر هەموو خەڵک خۆی بەپێشمەرگە ئەزانێ وشانازی پێوە دەکا، سوپاس.

**بەڕێز د. رۆژ نووری شاوەیس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو ناوەی کە بەڕێز د.فوئاد بە وشێوەیە باسی کرد، ناوێکی رێکوپێکە و زۆر باشە ولە جێگای خۆیەتی، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن کانەبی خضر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەبەر ئەوەی شێوەی پەیوەندیمان لەگەڵ رژێمی مەرکەزیدا دیاری نەکراوە کە چۆنە وچۆن نییە، بۆیە ناوی وەزارەتەکە چەند ئاسان بێ ئەوەندە باشترە، سوپاس.

**بەڕێز مەلامحەمەدئەمین عەبدولحەکیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

باناوی (پێشمەرگە) بەتەنها بمێنێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا بیروڕای برادەران وایە ناوی بنرێ (وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە ـ وەزارە شؤون الپیشمەرگە). کێ لەگەڵ ئەو ناوە دایە با دەست بەرز بکاتەوە.. دەست بەرز کرایەوە. .کێ دژە؟..زۆر سوپاس، کەواتا زۆربە لەگەڵ ئەوەدان کە ناوی وەزارەتەکە بنرێ (وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە) .

**٣ـ وەزارەتی پەروەردەو خوێندنی بالآـ وزارة التربية والتعليم العالي.**

**بەڕێز کەمال جەلال غەریب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

باناوی وەزارەتی پەروەردەو خوێندنی بالآ بکرێتە ( وەزارەتی پەروەدەوفیرکردن)، سوپاس.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر بڵێین(پەروەردە)، بەتەنها زۆر مەحدود دەبێ، ئەگەر بشڵێین (پەرودردەو فێر کردن) لەزانستی پەروەدەدا شتێک هەیە کەزیاتر ئەو ماوەیە لەژیانی منداڵ دەگرێتەوە کە تا تەمەنی دەگاتە (١٨) ساڵان ئەویش ئەوەیە کە پێی دەڵێین(التعليم الالزامي)، بەڵام کە(تعليم)ەکەی بە تەنها بۆ زیاد دەکرێ ئەوسا زیاتر ئەو (پەیانگا)نە دەگرێتەوە کەسەر بە (پەرودردەی پیشەیی ـ

مهني)ن، چونکه ئەوانە بەر(پەروەردە ـ تربیە)ناکەون و،وابزانم کە دەڵێین(التربية والتعليم)ئەوسا سەرەتایی وناوەندیی وئامادەیی وقوتابخانە پیشەییەکانیش دەگرێتەوە، کە سەر بە (وەزارەتی پەروەردە وفێرکردن)ن، بەڵام (خوێندنی باڵا )جیاوازە وشتێکی ترە، بۆیە ئەگەر هەمووی پێکەوە دابنێین دەبێتە (وزارة التربية والتعليم والتعليم العالي)، بەڵام (وەزارەتی پەروەدەو فێرکردن ـ وزارة التربية والتعليم) بەتەنها بۆ خوێندنی سەرەتایی وپەیمانگەکانە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕۆژ نووری شاوەیس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مەفهومی تەربیە وتەعلیم مەفهومێکە کە موناقەشەی زۆری لە سەر دەکرێ، تربیە چییە، تعلیم چییە؟ ئەمانە دوو بەشن لەکردەوەی فێرکردن ودەرس وتنەوەدا، کە دەشڵێین وەزارەتی تربیە وتعلیم، ئەوە تعلیم واجبێکی تایبەتی هەیەو، تەربیەش واجبێکی ترو، بە هەردووکیان پێکەوە کردەوەی فێرکردن و فێربوون دروست دەکەن، ئەمەش لە باخچەی منداڵانەوە دەست پێ دەکا تا دەگاتە ئامادەیی وپیشەیی، هەریەکەو بەشێکەو ئەوی تر تەواو دەکا، کە ئەمە بابەتی گفتوگۆی ئێرە نییە. بابەتی گفتوگۆی ئێستامان ئەوەیە ئایا ئێمە زانکۆکان بخەینە سەرئیدارەی حوکمی زاتی یا حوکمی فیدرالی؟پێشنیازی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستانیش ئەوەیە کە ناوی ئەم وەزارەتە (وەزارەتی تەربیە وتەعلیمی عالی) بێ، بۆ چی؟! چونکە کاتی خۆی زانکۆ لەدەسەڵاتی کورد دوورخرابووەوە، درابووە دەسەڵاتی لایەنی مەرکەزی، ئەمە خاڵێک بوو ئێمە لەکاتی دانوستانیشدا لەگەڵ حکومەت سوور بوین لەسەر ئەوەی کە زانکۆ سەر بەو حوکمە زاتییە بێ کە ئەدرێ بەکورد، ئەوجا بەهەر ناوێکەوە بێ، کەچی ئەوان ڕازی نەدەبوون وبەمەش تارادەیەک دەیان ویست لەمافی کورد کەم بکەنەوە و، زانکۆکان بەدەستی خۆمانەوە نەبێ، لێرە مەبەستمان ئەوە نییە ئەو وەزارەتە ڕاستەوخۆ زانکۆکان بخاتە ژێردەستی خۆیەوە و، ڕاستەوخۆ سەرپەرشتییان بکات، ئەم دەسپێشخەریە بۆ ئەم ناوە لەودوە هاتووە ئەگەر هاتوو لەگەڵ ئەو حکومەتەی ئێستا بێ، یا لەگەڵ حکومەتی داهاتوودا بێ، ئێمە هەر ناچارین سیستەمێک بۆ پەیوەندیی لە نێوان هەردوولادا دابنێین و، لەو سیستەمەشدا یەکێک، لە مەسەلە سەرەکییەکان، کە ڕەنگە باسی لێوە بکەین مەسەلەی زانکۆکان دەبێ، سوپاس.

**بەڕێز د. عیززەدین مستەفا ڕەسول:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لە لیژنەی خوێندنی باڵا لە کۆبوونەوەی خۆماندا بیروڕامان وابوو وەزارەتێک بەناوی خوێندنی باڵاوە هەبێ لەبەر ئەم هۆیانەوە:

١ـ ئەرکەکانی وەزارەتی پەروەردە لەگەڵ خوێندنی باڵادا جیاوازن.

٢ـ ئاواتمان ئەوەیە ئەمساڵ بتوانین بناغەی زانستگا لە سلێمانی ودهۆکیش دابمەزرێنین، یا هەر هیچ نەبێ یەک دوو کۆلیج لەو شارانە بکەینەوە، بەمەش زانستگا لەوەزارەتی پەروەردە جیا

دەبێتەوە، سەرەرای ئەوەش دەتوانین بەناوی زانستگاکانەوە داوای یارمەتی مادی ومەعنەوی لەدەرەوەی وڵات بکەین و، داواش بکەین کە پسپۆڕەکانی خۆمان، چ ئەوانەی دەرەوەی وڵات چ ئەوانەی زانکۆکانی عێراق بگەڕێنەوە وخزمەتی کوردستانەکەی خۆیان بکەن، لیژنەی خوێندنی باڵا پێشنیاری وایە وەزارەتێک بەناوی (وەزارەتی خوێندنی باڵا)وە هەبێ، چونکە ئەگەر دەستەیەکمان بۆ ئەم مەبەستە پێک هێناو سەر بە ئەنجوومەنی وەزیرانمان کرد، ئەوسا رەنگە لەم حاڵەتەدا شەخسی وەزیر بتوانێ ئەو دەستەیە بگۆڕێ، سوپاس.

**بەڕێز ئەحمەد تاهیر نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بە بڕوای من وەزارەتەکە ناوی (وەزارەتی پەروەردە وفێرکردن) بێ، بۆ مەسەلەی زانکۆش دەستەیەک پێک بهێنرێ سەر بەو وەزارەتە بێ، نەک وەزارەتێکی سەربەخۆی بۆ پێک بهێنرێ، سوپاس.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بۆ خوێندنی باڵا پێشنیاری وەزارەتمان نەکردووە، ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ کە گرنگی بە خوێندنی باڵا نادرێ، بەڵکو لەبەر ئەوەیە کە ئەمڕۆ لەکوردستاندا تەنها یەک زانکۆ هەیە و، رەنگە پێک هێنانی وەزارەتێکیش لەرووی دارایی وئابووریی وهونەرییەوە گەلێ زەحمەت بێ، سوپاس.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

برادەران زۆر شت دووبارە دەکەنەوە، پێویستە رەچاوی پێڕەوی ناوخۆ بکەین، سوپاس.

**بەڕێز د. ئیدریس هادی سالح:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

وەزارەتی خوێندنی باڵا پێویستە، چونکە بەتەمایین زانکۆی سلێمانی ودهۆکیش بکەینەوە، خوێندنی باڵاش نابێ تێکەڵ بە پەروەردە و فێرکردن بکرێ، ئەگەر وەزارەتێکیش بۆ خوێندنی باڵا دانانرێ، ئەوا با دەستەیەکی بۆ پێک بهێنرێ، سوپاس.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پەروەردەو خوێندنی باڵا، ئەو دوو شتە بەسەر یەکەوە وابزانم یەکجار زۆرە، بۆیە ئەتوانین پێشنیاری وەزارەتێکی تایبەتی بۆ خوێندنی باڵا بکەین، مەرجیش نییە ئەوە لەم دانیشتنەدا بێ، سوپاس.

**بەڕێز سەفەر محەممەد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێشنیار دەکەم (وەزارەتی پەروەردە وفێرکردنی باڵا) بێ، چونکە بارودۆخی ئابووریی بواری ئەوەمان نادا کە ژمارەی وەزارەتەکان زیاد بکەین، با بۆ ئێستا وەکو برادەران وتیان، دەستەیەک بۆ خوێندنی باڵا پێک بهێنرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

برادەرانی لیژنە وابزانم باسی ئەم لایەنەیان کرد بەتایبەتیش بەڕێز د.عیزەدین، پێشنیاری ئەنجوومەنی وەزیران بەو شێوەیەیە.

**بەڕێز د. رۆژ نووری شاوەیس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێمە بە پێی تواناو بارودۆخی زروفی خۆمان ژمارەی وەزارەتەکانمان کەم کردۆتەوە و هەندێ جار دوو وەزارەتمان لەیەک داوە هەندێ جار سێ وەزارەتیشمان کردووە بەیەک، ئەمە لەبەر ئەوە نەبووە کە گرنگی ئەم وەزارەت، یا ئەو وەزارەت نازانین، گیروگرفتی ئێمە ئەوەیە ئایا پێویستە ئەم زانکۆیانە بگرینە دەستی خۆمانەوە یاهەر پەیوەندی بە مەرکەزەوە هەبێ؟. ئەو واقیعەی کە هەمانە وامان لێ دەکات بیگرینە دەستی خۆمانەوە جگە لەوەش ئەگەر ئەو بوارەمان بۆ نەرەخسا دەبێ هەوڵی بۆ بدەین، ئەو هەوڵدانە بۆ ئەمڕۆش نییە بۆ دوارۆژە بەنیسبەتی خوێندنی باڵاو زانکۆوە زۆر پێویستە ژمارەی زانکۆکان زیاد بکەین، زۆر پێویستە وەزارەتێکی خوێندنی باڵامان هەبێ، بەس ئێستا ئەو توانایەمان نییە ئەمە پرۆژەیەکە بۆ داهاتوو، سوپاس.

**بەڕێز مەلا محەممەد ئەمین عەبد ولحەکیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەم وەزارەتە لەلای رژێمی بەعس ناوی (وزارة التعليم العالي والبحث العلمي)، واتا حزبی بەعس ئەم وەزارەتەی لە رووی زانستەوە لە (پەروەردەو فێرکردن) جودا کردوەتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەممەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

وا بە باش دەزانم دوو کۆمیتەکەی پەرلەمان لەم بارەیەوە پێکەوە دابنیشین، واتە کۆمیتەی خوێندنی باڵا وکۆمیتەی پەروەردەو فێرکردن لەو بارەیەوە لە بیروڕای خۆیان ئاگادارمان بکەنەوە، ئێمە ئەو کۆمیتانەمان لە کەسانی پسپۆڕو شارەزا داناوە و پێویستە لەم حاڵەتانەدا بیروڕای ئەوان وەربگرین، دەنا هەروا کاتێکی زۆر بەفیڕۆ دەدەین وبەئەنجام ناگەین، ئەو وەختە ئێمە بڕیاری خۆمان ئەدەین، پێشنیاری من ئەوەیە کە دەست لەم وەزارەتە هەڵگرین و بچینە سەر ناوی وەزارەتێکی تر تا ئەو برادەرانە بیروڕای خۆیانمان پێ دەدەن، سوپاس.

**بەڕێز د. جەلال شەفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێشنیار دەکەم بۆ ئەم مەبەستە دەستەیەک پێک بهێنرێ کە سەر بە ئەنجوومەنی وەزیران بێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

لەسەرەتاوە وتمان با جارێ بڕیار لەسەر ناوی وەزارەتەکان وناوی وەزیرەکان بدەین و، نابێ ئەم بابەتە دوابخرێ.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

یا ئەوەتا ئێستا ئەو دوو کۆمیتەیە بچنە دەرەوەو ڕای خۆیانمان بۆ گەڵاڵە بکەن، یا ئەوەتا بابەتەکە دوابخەین، چونکە ئێمە لەوەتی دانیشتووین ناوی تەنها چەن وەزارەتێکمان ساغ کردوەتەوە، سوپاس.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێم وایە ئەو وەزارەتانە ئێستاش زۆریان زیادن ولەو بڕوایەدام کە(دە)یان زیادن و، ئەبوایە هەموو تێکەڵ بکرایەن و ژمارەیان لە(١٠)وەزارەت زیاتر نەبوایە، سوپاس.

**بەڕێز د. جەلال شەفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دەبێ لەم بارودۆخەدا ئابووریی کوردستان لەبەر چاو بگرین و، نابێ هەر کۆلێج بکەینەوەو خەڵک دەربچوێنین و جێی دامەزرانیان نەکەینەوە، سوپاس.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

باشتر وایە پەروەردەو خوێندنی باڵا لە یەک وەزارەتدا بن ، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەو وەزارەتانەی کە لە رووی پسپۆڕایەتیەوە لەیەک نزیکن با بیان کەین بە یەک، سوپاس.

**بەڕێز ئەحمەد تاهیر نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

با لیژنەی پەروەردەو فێرکردن و، لیژنەی خوێندنی باڵا پێکەوە کۆببنەوەو دەستەیەک پێک بێنن بۆ خوێندنی باڵا کە پەیوەندی بە سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیرانەوە هەبێ، سوپاس.

**بەڕێز مەلا محەممەد شەریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە نیو سەعاتە گفتوگۆی ناوی یەک وەزارەت دەکەین، با بیخەینە دەنگدانەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا چەند پێشنیارێک لەبەر دەستدایەو دەبێ بگەینە ئەنجامێک لەبارەیانەوە، سوپاس.

**بەڕێز مەلا محەممەد عەبدولقادر ئەحمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

گرنگ ئەوەیە وەزارەتێکمان هەبێ، ئەگەر (خوێندنی بالا)یشی پێوە نەبێ دەشێ دوایی دەستەیەک بۆ خوێندنی بالاش پێکبێنێ ، بە بڕوای من کە گوترا (پەروەردە) بەسەو ئیتر هەموو شتێک دەگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز شەفیقە فەقێ عەبدوللا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کەی باری ئابووریمان چاک بوو، کەی توانیمان سێ تا چوار زانکۆی تریش بکەینەوە ئەوکاتە دەتوانین وەزارەتێکیش بۆ خوێندنی بالا دامەزرێنین، سوپاس.

**بەڕێز د. سەلاحەدین محەمەد حەسەن حەفید زادە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێستا لە کوردستان زانکۆیەک و (سێ) ئامۆژگا هەیە، دەتوانین وەزارەتێکیش بەناوی خوێندنی بالاوە دابمەزرێنین، سوپاس.

**بەڕێز عەبدولکەریم کاکە حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ناو لە خزمەت شێوەو ناوەرۆکدایە با ئێستا ناوی (وەزارەتی پەروەردە)ی لێ بنێین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئایا (خوێندنی بالا)ی پێوە بێ یا نا؟.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەممەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

با جارێ دەست لەم وەزارەتە هەڵبگرین و وەزارەتەکانی تر تەواو بکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هەتا لەم بابەتە نەبینەوە لەهۆڵەکە دەرناچین، کەواتە دەچینە سەر وەزارەتی چوارەم

٤ـ وەزارەتی کاروباری پەیوەندی.

**بەڕێز د. محمد فوئاد مەعسوم :**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وام لاپەسند بوو کە ناوی لێ بنێین (علاقات ومساعداتی ئینسانی). بۆ ئەوەی دووری بخەینەوە لەوەی کە بووترێ ئەم وزارەتە (وەزارەتی دەرەوە)یە، ئەوەش گرنگییەکی سیاسی تایبەتی هەیە، سوپاس.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێویستە ئێمە اعتبارات بۆ دەرەوە رەچاو بکەین واتا بکرێتە (وەزارەتی پەیوەندیی دەرەوە) لەجیاتی تەنها دەرەوە(خارجیة)، سوپاس.

**بەڕێز یۆنادم یوسف کنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەک بۆی دەچم پەیوەندی(علاقات)ناگرێتەوە، بەڵکو زیاتر(اتصالات)دەگرێتەوە، نازانم لەبارەی زمانەوە مەسەلەکە چۆنە؟ رەنگە من کوردیش باش نەزانم، بەڵام وەک بۆی دەچم پەیوەندیی (اتصالات) دەگرێتەوە، دووەم بەبڕوای من باشتر وایە ناوی لێ بنێین ( وەزارەتی پەیوەندیی و کاروباری مرۆڤایەتی) بەمەش ئیتر هەمووی دەگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز عەبدولکەریم کاکە حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەبڕوای من ناوی لێ بنرێ وەزارەتی(العلاقات وشؤون المهجر)چونکە ئێستا نزیکەی (٤٠٠) هەزار ئاوارەمان تەنها لەئێراندا هەیە، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیار دەکەم ناوی (وەزارەتی پەیوەندی ومساعداتی ئینسان)ی بێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بیروڕای د.فوئادیش وابوو.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەی ئاوەدانکردنەوەو پەرەپێدان پەیوەندی بەعیلاقاتی ئینسانیەوە نییە؟! بۆیە پێم وایە مساعداتی ئینسانی لەرێگای ئاوەدانکردنەوەو پەرەپێدانەوە بێ باشترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەی بەدیلەکەی چییە؟.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ناوی (پەیوەندی گشتی) لێ بنرێ، سوپاس.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو وەزارەتە بۆ ئەوە دانراوە کە بتوانێ داوای یارمەتی مرۆڤایەتی بۆ گەلی کوردستان بکا، لەکوردستاندا چەند وەزارەتێک هەن کە ئیشوکارەکانیان جێبەجێ کردنی پرۆژەکانی یارمەتی مرۆڤایەتین، وەک ئاوەدانکردنەوەو گەشەپێدان وکاروباری کۆمەلایەتی، سوپاس.

**بەڕێز د. رۆژ نووری شاوەیس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

شاردراوە نییە ئێمە بەدوای ناوێکدا ئەگەڕێین تا لەو وەزارەتەکەی بنێین، ئێمە دژی ئەوە نیین ناوێک بۆ ئەم وەزارەتە بدۆزینەوە، کە ئیشێکی تایبەتی ودیاری کراوی هەیە، ئیشە تایبەتیەکەشی پەیوەندی کردنە بەدەرەوەو هەوڵ دانە بۆ ڕێکخستنی، ئەمە وەزارەتی دەرەوەیە، وەزارەتی دەرەوەش ئیشوکاری دیاری کراوی خۆی هەیەو تەنها کۆکردنەوەی یارمەتی مرۆڤایەتیەکان نییە، ئەویان وەزارەتی یارمەتی مرۆڤایەتیە، ئەگەر بشمانەوێ وەزارەتێک بۆ ئەوە پێک بهێنین کە بچێ لەدەرگای خەلکی بداو بلێ یارمەتیمان بدەن، ئەوە ئەوەیان حسابێکی دیکەیە، بەلام ئێمە ئەمانەوێ وەزارەتێک هەبێ کە ئەرکێکی دیاری کراوی خۆی هەبێ، بەلام گرفتەکە لەوەدایە کە ناتوانین ناوی (وەزارەتی دەرەوەی) لێ بنێین، هەر وەک چۆن نەمانتوانی ناوی وەزارەتی پێشمەرگەش بکەینە (بەرگری)، هەمووش دەزانن بۆ؟!... هەروەها زیاد کردنی (کاروباری مەهجەر)یش بەباش دەزانم، سوپاس.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیار دەکەم ناو بنرێ (وەزارەتی پەیوەندی، یا پەیوەندیەکان)، چونکە ئەوە ناوێکی گشتییەو کۆکردنەوەی یارمەتیەکانیشی دەکەوێتە ئەستۆ، سوپاس.

**بەڕێز فەلەکەدین سابیر کاکەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مەسەلەی کاروباری ئاوارەکان (شؤون المهجر)زۆر گرنگە، لە ئەورووپادا ژمارەی ئاوارەکانی کوردستانی گەورە خۆی لەنزیکی(٨٠٠)هەزارکەس دەدا، ئێمە بۆ کاروباری ئاوارەکان نەتوانین نووسینگەش بکەینەوە. ئەگەر لەئاستی سفاراتیش نەبێ شێوەیەکی دەولی وەردەگرێ کە گرنگییەکی زۆری هەیە، رەنگە لەوحالەتەشدا یارمەتی کۆکردنەوەی ئەو کۆمەکە مرۆییانەش بدات، کە پێشکەش بە گەلی کوردستان دەکرێن، لەوەش گرنگتر ئەوەیە کە ئەگەر بلێین (شؤون

المهجر) ئەبێتە شێوەیەک بۆ ئەوەی بایەخ بەپارچەکانی تری کوردستانیش بدەین وئەمرۆ کورد لە(٤٠)دەوڵەت زیاتر هەن لە عالەمدا، لە(١٠-١٥) لەو دەوڵەتانەشدا ژمارەی کورد زۆرە، بەبڕوای من زیاد کردنی دەستەواژەی (کاروباری ئاوارەکان) (شؤون المهجر) بۆ سەر (پەیوەندی) زۆر گرنگ دەبێ، سوپاس.

**بەڕێز د. کمال عبدولکەریم محمد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی راستی بێ، پێویستە ئێمە کار بۆ ئەوە بکەین کە پەیوەندییەکان لەیەک کەناڵدا خۆیان بگرنەوە، هەروەها یارمەتییەکانیش کە وەردەگیرێن، بەرەورووی یەک وەزارەت بکرێنەوە، کە بێگومان وەزارەتی ئابووری ودارایییە، بەڵام ئەم وەزارەتەی کە ئێستا باسی دەکەین بەلای منەوە وا باشە کە ناوەکەی ببێ بە(وەزارەتی کاروباری دەرەوە)، یا(کاروباری پەیوەندییەکانی دەرەوە) ،بەڵام مادام ئێمە لە وشەی (دەرەوە) سڵ دەکەینەوە، با شتێکی وا بدۆزینەوە کە لەگەڵ کاروباری ناوەڕۆکی ئەو وەزارەتەدا بگونجێ، بۆ ئەوەی هیچ جۆرە تەفسیرێکی تری بۆ نەدۆزرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز یۆنادم یوسف کنا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مەسەلەی ناوەکە ئەگەر بکرێتە (وەزارەتی پەیوەندی گشتی و کاروباری ئاوارەکان) چونکە ئەم (شؤون المشردین)ـە، جیاوازی لەگەڵ (شؤون المهاجرین)دا هەیە،خۆ ئەم خەڵکەی ئێرە بە ئارەزووی خۆیان دەرنەچوونەتە دەرەوە وەکو لوبنانییەکان، ئەمانە لەترسی بۆمبای ناپاڵم وکیمیاوی وئەنفال هەڵاتوون، کە ئەمە (٣٠)ساڵە لە کوردستاندا ئەنجام دەدرێ، خەڵک لە ترسدا چونەتە دەرەوە، بۆیە ئەگەر ناوەکەی بکرێتە (کاروباری ئاوارەکان) ئەوە کێشە مرۆڤایەتییەکەش دەگرێتەوە، هەروەها پەیوەندییەکانیش، ئەمەش مافمان دەداتێ کە (لۆبی) دروست بکەین وپارەش قەرز بکەین، سوپاس.

**بەڕێز مەلا هادی خضر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وابزانم ئێمە هەتا هەتایە نابێ هەر چاومان لەیارمەتی دەرەوە بێ، کەواتە ناونانی (مساعداتی خارجی) پێویست ناکا، سوپاس.

**بەڕێز فەلەکەدین سابیر کاکەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لام وایە لەهەر دوو لادا لاوازییەک لە بۆ چووندا هەیە، بۆ نموونە فلان وەزارەت هی منەو وا ئەکەم دەسەڵاتی پێ بدەم ولە هی لایەنەکەی تری کەم بکەمەوە، بەڵام وزارەتەکان هی هیچ حیزبێک نین و، سبەینێ دەگۆڕێن وحیزبێکی تر دێت و دەیگرێتە دەست، دەبێ ئێمە وا بیری لێ بکەینەوە ئەم

وەزارەتە بەدەست هەرکام لایەکەوە بێ  دەبێ ئەرکێکی هەبێ، لە ولاتانی تر بەعێراقیشەوە، بۆ نموونە وەزارەتی بازرگانی پەیوەندی بەوەزارەتی بازرگانی ولاتێکی ترەوە دەکات. ئەمە ئەگەر مەسەلەی پەیوەندی دەرەوەبێ، هەروەها وەزارەتەکانی تریش، هەر یەکەو لەرێگای وەزارەتەکەی خۆیەوە بەپێی رێکەوتنامە شتی بۆ دێ. بۆ نموونە وەزارەتی کشتوکال وناودێری کە لەگەل وەزارەتێکی تری کشتوکالی وناودێری دەرەوەدا پەیوەندی دەکا، تۆ وئامێری کشتوکالیی لەرێگای ئەو وەزارەتەوە بۆ دێ، نەک لە رێگای وەزارەتی دەرەوەوە، بۆیە دەلێم دوو شتمان تێکەلاو کردووە، سوپاس.

**بەرێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

هەموو وەزارەتەکان وەزارەتی مەحەلیین تەنها بەرگری ودەرەوە نەبێ، بۆ (بەرگری) ئێمە وەزارەتی کاروباری پێشمەرگەمان دانا، بالەجێی وەزارەتی دەرەوەش، وەزارەتی (پەیوەندییەکان) بێت و لەجێی (یارمەتی مرۆڤایەتی)یش بگوترێت (یارمەتی سیاسی)، بۆ ئەوەی بتوانی پەیوەندی بە(UN)و هاوپەیمانەکانیشەوە بکا، واتە ناوی وەزارەتی (پەیوەندییەکان) بێ و بە کاروباری رامیاری هەلسێ وپشتگیری رامیاری بۆ میللەتی کورد دابین بکا، سوپاس.

**بەرێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دەبێ هەولی ئەوە بدەین مەرکەزیەت دروست ببێ، وەزارەتەکان لەگەل یەکدا هاوکاری بکەن ودابەش بوون نەبێ، چونکە لەوانەیە ئەم وەزارەتە یان ئەو وەزارەتانە ئەمرۆ لەلای حیزبێک بێ و، سبەی بکەوێتە بەر حیزبێکی تر، یا بکەوێتە بەر گروپێکی بێ لایەن و سەر بە هیچ حیزبێک نەبێ. ئێمە نابێ تەماشای ئەمرۆ بکەین لەو پەرلەمانە کە چۆن پێک هاتووە، بەلکو ئەو یاسا بۆ داهاتووش دادەنێ ، بەلام لەگەل کاک فلک الدین ـ یشدا لەو خالەدا یەک ناگرینەوە کەدەلێ وەزارەتی دەرەوە جگە لە کاری دبلۆماسیەت پەیوەندی بەهیچ کارێکی ترەوە نییە. چونکە لە هەموو ولاتانی دنیادا هەموو شتێک لە رێگای وەزارەتی دەرەوەوە ئەنجام دەدرێ، ئەوجا جێبەجێ کردنەکەی بەپێی پسپۆرایەتی هەر وەزارەتەو، بەکاری خۆی هەلدەستێ، سوپاس.

**بەرێز فەلەکەدین سابیر کاکەیی:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

سەبارەت بە ناوەکە من پێشنیارێکی تازەم هەیە بۆ ئەوەی هەموو شتەکان بگرێتەوە، با ناوی بنێین(وەزارەتی پەیوەندی وهاوکاری)، هاوکاری لێرەدا(تضامن)ە و، هەم مساعداتی ئینسانی ئەگرێتەوە وهەم کەسبی هاوکاری دەرەوەش بۆ ئێمە دەگرێتەوە، لایەنی عاطفییش دەگرێتەوە. هەروەها واتایەکی فراوانتریش دەبەخشێ، چونکە دەتوانین کەنالێکی دبلۆماسی بکەینەوە، دووبارەی دەکەمەوە کە پێویستە ئێمە شتێ  بدۆزینەوە کەئەم وەزارەتە زۆر زیاتر بایەخ بە لایەنی

دبلۆماسی بدا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

وابزانم ئێستا چەند ناوێک پێشنیارکراوە لەوانە:

١-وەزارەتی کاروباری پەیوەندی ومساعداتی ئینسانی.

٢-وەزارەتی پەیوەندی وشؤونی مەهجەر.

٣-وەزارەتی پەیوەندی گشتی.

٤-وەزارەتی پەیوەندی وشؤون المشردين.

٥-وەزارەتی پەیوەندی وهاوکاری .

٦-وەزارەتی پەیوەندی وهاوکاری دەرەوە.

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر زەینەلعابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

وشەی (دەرەوە) سڵێک دروست دەکا، پێشنیار دەکەم بکرێتە (پەیوەندەیەکان وئاوارەکان)، سوپاس.

**بەڕێزد. رۆژ نووری شاوەیس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دیارە ئەمیش وەکو وەزارەتی پەروەردە گفتوگۆی زۆری لەسەر دەکرێ، پێشنیار دەکەم ئەمیش دوا بخرێ وئەوانی تر تەواو بکەین، لەدوایشدا چارەیەکی بۆ بدۆزینەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

باشە ئەمیش دوا دەخەین بەمەرجێ لەگەڵ وەزارەتی پەروەردەدا ئەمیش کۆتایی پێ بێت.

**٥- وەزارەتی ئەوقاف**

**بەڕێز مەلا موحسن خالید مستەفا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێشنیار دەکەم ناوی (وەزارەتی ئەوقاف وکاروباری ئیسلامی) بێ، چونکە ئەوقاف تەنها موڵک و وەقف ئەگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز مەلا محەمەد عەبدولقادر ئەحمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ناو درێژ کردنەوە ئەوەندە باش نییە، با ناوی بنێین (وەزارەتی ئەوقاف)، سوپاس.

**بەڕێز سەفەر محەمەد حوسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

با ناوی بنێین (وزارەتی ئەوقاف وکاروباری ئیسلامی) بۆ ئەوەی ناوەکەی لەگەڵ ناوی لیژنە پەرلەمانیەکەیدا بگونجێ، سوپاس.

**مەلا مەحموود دێرشەوی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**
منیش پێم باشە ناوی (وەزارەتی ئەوقاف وکاروباری ئیسلامی) لێ بنرێ، سوپاس.
**بەڕێز مەلا محەمەد ئەمین عەبدولحەکیم:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**
ئەو کاتە ناوی وەزیرەکەشی دەبێتە (وەزیری ئەوقافی کوردستان)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**
ئەگەر وابێ دەبێ ناوی هەموو وەزیرەکان وشەی (کوردستانی) پێوە بێ.
**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**
بەبڕوای من وەزارەتی ئەوقاف بمێنێتەوە، سوپاس.
**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**
ڕاستە ئەوقاف هەموو وەقف دەگرێتەوە، بەڵام لە هەمان کاتدا هەموو شتێکی دینیش دەگرێتەوە، ناوی لیژنەکەی پەرلەمانیش کە لە پێڕەوی ناوخۆدا هاتووە هیچ پەیوەندیەکی بە یاساوە نییە، ئەمەیان یاسایە، سوپاس.
**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**
ئەگەر کرایە (ئەوقاف وکاروباری ئیسلامی) ئەی ئەوانەی کە ئیسلام نین، ئەی ئەوانە لەکوێدا جێیان دەبێتەوە؟! لەم حاڵەتەدا دەبێ دەستەیەک بۆ ئەوانیش پێکبهێندرێ. یا ئەوەتا دەبێ ناوی تەنها (ەزارەتی ئەوقاف)بێ و، ئیتر (کاروباری ئاینیی) پێ ناوێ، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕۆژنووری شاوەیس:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**
ئێمە دژی ئەوە نین ناوی لێ بنرێ(ئەوقاف)یا (ئەوقاف وکاروباری ئیسلامی)، بەڵام ئایا سیفەتی وەزیرەکە چی دەبێ؟! ئایا دەبێتە سەرگەورەی هەموو کاروباری ئیسلامی؟ ئەویش خاڵێکی جەوهەرییەو دەبێ حیسابی بۆ بکەین و لەبارەی زمانیشەوە لێی بکۆڵینەوە. ئێمە کە وەزیرمان بۆ کاروباری ئیسلامی دانا، ئایا هەموو کاروباری ئیسلامی بەوەوە پەیوەست دەبێ؟!. بەقەناعەتی من لەو حاڵەتەدا وەکو(خەلیفە)ی لێ دێ. شتەکە گەورەیەو دەبێ تۆزێ بیرلە وشەکە بکەینەوە، باشتریش وایە وشەیەکی وابدۆزینەوە کە ئیحراجمان نەکا، سوپاس.

**بەڕێز مەلا موحسن خالید مستەفا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

وەزارەتەکە لە چوارچێوەی ئەنجوومەنی وەزیراندایە، واتا (خەلیفە)ی ناو هەرێمی کوردستانە، سوپاس.

**بەڕێز سەعید عەلی خان سلیڤانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ناوی وەزاەتەکە( وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئیسلامی) بێ باشترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

تائێستا دوو بۆ چوون هەیە، ئەگەر هی تر نەبێ ئەوا دەیخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز د. رۆژ نووری شاوەیس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

مادام مامۆستایان بیرورایان وایە ناوی وەزارەتەکە (وەزارەتی ئەوقاف وکاروباری ئیسلامی)بێ، ئێمەش لاگیری لێ دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز یۆنادم یوسف کنا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەو ناوە هیچ کارێک لەمەسیحیەکان ناکات، سوپاس.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

(ئەوقاف) عادەتەن کاروباری ئیسلامی دەگرێتەوە، وەک دانانی مەلاو، چاک کردنەوەی مزگەوت و، دروست کردنی مزگەوت و، سەرپەرشتی کردنی ئەوقافیش. ئێمەش نارەزایی لەسەر (کاروباری ئایینی) پیشان نادەین، ئەگەر مامۆستایانی ئایینی وایان پێ خۆشە؟ ئەوا با وا بێ، سوپاس.

**بەڕێز مەلا محەمەد ئەمین عەبدولحەکیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

(ئەوقاف) زاراوەیەکی ئیسلامییە، دەبا ناوی وەزارەتەکەش (وەزارەتی ئەوقافی کوردستان) بێ، یا با ناوی بنێین (وەزارەتی ئەوقاف وکاروباری ئیسلامی)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئێستا دەیخەینە دانگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەوەدایە ناوی وەزارەتەکە( وەزارەتی ئەوقاف) بێ؟ دەست بەرزکرایەوە.. (ژمارەیەکی کەم لەگەڵ ئەو ناوە بوون).

کێ لەگەڵ ئەودایەە ناوی وەزارەتەکە (وەزارەتی ئەوقاف وکاروباری ئیسلامی) بێ؟.. دەست

بەرزکـرایەوەو (بەزۆریەی دەنگ ئەم ناوە پەسند کـرا)، سـوپاس. کـەواتا ناوی وەزارتەکـە بوو بە (وەزارەتی ئەوقاف وکاروباری ئیسلامی).

**٦ـوەزارەتی دارایی وئابووریی.**

ئەگەر کـەس تێبینی لەسەر ئەو ناوە نییە، ئەوا ئەیخەینە دەنگدانەوە..کێ لەگەڵ ئەوەدایە کـەناوی (وەزارەتی داریی وئابووریی) بێ؟.. (دەست بەرزکـرایەوەو..بەتێکڕای دەنگ ئەو ناوە پەسندکرا)، سوپاس.

**٧ـ (وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن).**

کێ لەگـەڵ ئەو ناوەدایە؟..( دەست بەرزکـرایەوە..بەتێکڕای دەنگ ناوەکـە پەسندکـرا)، سوپاس.

**٨ـ (وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار).**

کێ لەگـەڵ ئەو ناوەدایە؟.. (دەست بەرزکـرایەوە..بەتێکڕای دەنگ ناوەکـە پەسندکـرا)، سوپاس.

**٩ـ وەزارەتی پیشەسازی وکارەبا.**

**بەڕێز حـەمـیـد سـەلیم مـیـران:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن.**

پێشنیار دەکەم ناوی بنرێ (وەزارەتی پیشەسازی وکانەکان)، سوپاس.

**بەڕێز عـەبدولخـالق محـەمـەد رەشـید زەنگەنە:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن.**

منیش لەگەڵ ئەوەدام، سوپاس.

**بەڕێز ئـەیـاد حـاجی نـامـق:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن.**

پێشنیار دەکەم بکرێتە( وەزارەتی پیشەسازی و وزە)، سوپاس.

**بەڕێز مـەلا هادی خـضـر:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن.**

بەرای من بکرێتە وەزارەتی پیشەسازی ووزە (بیئە)شی بۆ زیاد بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم:**

**بەڕێزسەرۆکی ئەنجومەن.**

بەلای ئێمەشەوە خراپ نییە ناوەکە بکرێتە (وزارەتی پیشەسازی و وزە)، چونکە وزە (کارەباو ناو)یش دەگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە کوردستاندا (کان) زۆرن، بۆیە پێم باشە ناوی وەزارەتەکە بکرێتە( وەزارەتی پیشەسازی وکانەکان)، سوپاس.

**بەڕێز د.رۆژ نووری شاوەیس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەراستیدا ناوەکە هەمووی دەگرێتەوە، پیشەسازی وکارەبا و کان و نەوانی تریش دەگرێتەوە، بۆیە نامانەوێ ناوەکە درێژ بکەینەوە و پیشەسازی و وزە، یا پیشەسازی و کارەبا، یا پیشەسازی وکانەکان، یا هەرناوێکی تر بێ لەم ناوانە ئەوا هەموو ئەوانی تریش دەگرێتەوە، گرنگ ئیشوکارەکەیەتی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەواتە کێ لەگەڵ ئەوەدایە ناوی (وەزارەتی پیشەسازی و وزە) بێ؟ ...(دەست بەرزکرایەوە..بەزۆربەی دەنگ ناوی لێ نرا(وەزارەتی پیشەسازی و وزە)، سوپاس.

**١٠ـ وەزارەتی کشتوکاڵ وئاودێری.**

**بەڕێز خەسرەو گوڵ محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بکرێتە وەزارەتی (الزراعة والاصلاح الزراعي والري)، سوپاس.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە جەند(بەنداو)ێکمان هەیە، ئەم مەسەلەیەش پەیوەندیی بە ئاسایشی نەتەوایەتیەوە هەیە، بۆیە دەبێ بۆ ئاودێریش وەزارەتێکی تایبەتی دابمەزرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەبەر باری ئابووریی تایبەتمان بکرێ دەبێ ژمارەی وەزارەتەکان کەم بکەینەوە وتێکەڵ بەیەکیان بکەین. وابزانم کێشەی(بەنداو)کانیش پەیوەندی بە(وەزارەتی پیشەسازی و وزە)ە هەیە و، لەوێ چارەسەر دەکرێ.

**بەڕێز یۆنادم یوسف کنا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێرەدا من پرسیارێکم هەیە، بنەمای ئابووریی کوردستان ئەمڕۆ دوو شتی سەرەکییە ١ـ کشتوکاڵ ٢ـ سامانی ئاژەڵداری. ئایا سامانی ئاژەڵداریش بەر ئەم وەزارەتە دەکەوێ؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بێگومان ئاژەڵداریش پەیوەندی بەکشتوکاڵەوە هەیە.

**بەڕێز یۆنادم یوسف کنا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئایا پێویست دەکات لێرەدا ئاماژەی بۆ بکرێ یان نا؟

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وابزانم پێویست ناکات. د.خەسرەویش دەڵێ بەشێکە لەم وەزارەتە.

**بەڕێز مەلا محەمەد عەبدولقادر ئەحمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەم وەزارەتە زۆر بەرفراوانە، چونکە تەنها کشتوکاڵ وئاودێری ناگرێتەوە، بەڵکو چاککردنەوەی زەوی وزارو، سامانی ئاژەڵ وجەنگەلیش دەگرێتەوە، بۆیە پێشنیار دەکەم تەنها ناوی (وەزارەتی کشتوکاڵی) لێ بنرێ. چونکە ئەم ناوە هەمووی دەگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز ئەکرەم عەزەت نەجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەنها ناوی (کشتوکاڵ وئاودێری) بێ بەسە، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەزارەتی کشتوکاڵ بەسە، سوپاس.

**بەڕێز د.عیزەدین مستەفا رەسول:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەر وەزارەتەو یاسای خۆی دەبێ ودەسەڵاتەکانی دیاری دەکرێ، لەوێشدا ئەرکەکانی دیاری دەکرێ، بۆیە بە بڕوای منیش، هەر (وەزارەتی کشتوکاڵ)ەکە بەس، سوپاس.

**بەڕێز جەلال جوهەر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش لاگیری ئەوە دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز فـەلەكـەدین سـابیـر كـاكـەیی:**

**بەڕێـز سـەرۆكی ئـەنجـوومـەن.**

بەفارسی كشت واتا زاركاشتن، وشەیەكی فارسییە. (كاڵ) لەبادینیش ئەووترێ (مناڵ وكاڵ). لێرەشدا (كاڵ)ەكە ئیزافەیە بۆ (كشت)و هیچ واتایەک نابەخشێ بۆیە (كشت وئاو) بێ دروست ترە، بەڵام ئێستا ناتوانین ئەمە بخەینە ناو فەرهەنگی كوردییەوە، وەكو وتم (كاڵ) هیچ واتایەک نابەخشێ، (كەشت)یش بەفارسی واتای تۆوكردنە، سوپاس.

**بەڕێـز سـەرۆكی ئـەنجـوومـەن:**

ئێستا بابزانین تەنها ناوی (وەزارەتی كشتوكاڵ) بێ، یا (كشتوكاڵ وئاودێری) بێ؟.

**بەڕێز مـەلا مـحـەمـەد شـەریف:**

**بەڕێـز سـەرۆكی ئـەنجـوومـەن.**

با ناوی وەزارەتی (چاندن وئاودان) بێ، سوپاس.

**بەڕێـز سـەرۆكی ئـەنجـوومـەن:**

ئەمیان گیروگرفت نییە، ناوەكە بەكوردی دەبێ و با دوایی زمان زانان دای برێژنەوە. بەڵام ئایا ئێستا وشەی ئاودێری لەگەڵدا بێ یان نەبێ؟ ئەنجوومەنی وەزیران ئەڵێ(كشتوكاڵ وئاودێری)بێ .كێ لەگەڵ ئەو ناوەدایە؟.. (دەست بەرزكرایەوە..بەزۆربەی دەنگ ئەو ناوە پەسندكرا)، سوپاس.

**١١ـ وەزارەتی رۆشنبیری وەرزش.**

**بەڕێز حـسـێن عـارف عـەبدولرەحـمـان:**

**بەڕێـز سـەرۆكی ئـەنجـوومـەن.**

حكومەتی عێراق لەكۆنەوە ناوی وەزارەتی وەرزش ولاوانی نا، بەڵام سەری نەگرت چونكە هیچ جۆرە پەیوەندییەكیان پێكەوە نییە، بەبڕوای من بكرێتە وەزارەتی رۆشنبیری وراگەیاندن تا رۆژنامە وئیزگەكانیش بگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. عـیـزەدین مـسـتـەفـا رەسـول:**

**بەڕێـز سـەرۆكی ئـەنجـوومـەن.**

بەبڕوای من تەنها ناوی (وەزارەتی رۆشنبیری) بێ و بەس. وەرزش بخرێتە سەر وەزارەتی پەروەردە، سوپاس.

**بەڕێز د. كـمـال عـەبدولكەریم مـحـمـەد فـوئاد:**

**بەڕێـز سـەرۆكی ئـەنجـوومـەن.**

منیش پێشنیار دەكەم تەنها (وەزارەتی رۆشنبیری) ناوی بێ، سوپاس.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کەباسی وەرزش ئەکرێ(منافسە)ی دەبێ تێدابێ. با ئەوە ئازادبێ. زانکۆ هی خۆی هەبێ، پەروەردە هی خۆی هەبێ، پێشمەرگە وئەوانی تریش هەر یەکە و هی خۆیان هەبن، سوپاس.

**بەڕێز ئەحمەد تاهیر نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەرزش پەیوەندی بەقوتابخانە و زانکۆوە هەیە، بۆیە بەلای منەوە وشەی(رۆشنبیریی)بەسە، سوپاس..

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە بڕوای من وشەی(روناکبیری)بەسە، چونکە وەرزش زۆر مەعنای هەیە، ئازاد کردنیش واتە بەرەڵلاکردن ئەوانیش پێویستیان بەوە هەیە لایەک(تمویل)یان بکا. من ئاگام لەوەزعی وەرزش هەیەو دەزانم لەگەڵ وەزارەتی رۆشنبیری ناگونجێ و باشتر وایە کە لەگەڵ وەزارەتی پەروەردەدا بێ، سوپاس..

**بەڕێز مەلا محەمەد شەریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەبڕوای من (رۆشنبیری وراگەیاندن) پێکەوە دەگونجێن، سوپاس..

**بەڕێز مەلا محەمود دێرشەوی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش لاگیری ئەوە دەکەم ناوی (وەزارەتی رۆشنبیری وراگەیاندن) بێ، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەب ڕوای من وەرزش بەتەنها لەقوتابخانەکاندا نییە، بەڵکو دەزگای تایبەتی دیکەش بۆ وەرزش هەیە، سوپاس.

**بەڕێز محەمەد توفیق رەحیم/جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە بڕوای من (رۆشنبیریی وراگەیاندن) پێکەوە ناگونجێن، راگەیاندن عادەتەن لە وڵاتانی یەک حزبیدا هەیە، یا رژێمێک وەکو رژێمی عێراقی کەسەربەستی راگەیاندن ورۆشنبیری تێدا نییە.

راگەیاندن بۆ ئێمە نەک هەر پێویست نییە، بەڵکو شتێکی خراپیشە ئەگەر شتێک بۆ ڕێکخستنی ڕۆژنامەگەریی دروست بکەین، چونکە خۆی لە خۆیدا تەحدیدی سەربەستی بیروڕاو بۆچوون دەکات، بۆیە وام پێ باشە ناوی (وەزارەتی ڕۆشنبیری و وەرزش) بێ، سوپاس.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
وەکو وشە (ریاضة) وشەیەکی جوان نییە، بۆیە پێشنیار دەکەم کە بکرێتە (التربیة البدنیة)، سوپاس.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
نازانم ئێمە بۆچی وەرزش لە ڕۆشنبیری جیا بکەینەوە؟! ئێمە کە وتمان کلتوور، ئیتر هەموو ئەوشتانە دەگرێتەوە، بەوەرزش وهونەریشەوە، بۆیە باوەڕ ناکەم پێویست بەوە بکا وەرزش بخەینە پاڵ ڕۆشنبیریی، هەرواش باشترە کە بووترێ (وەزارەتی کلتوور)، پاشانیش ئەو وەزارەتە ئەتوانێ بەشێکی تایبەتی بۆ وەرزش بکاتەوە، هەروەها بۆ بەشەکانی تری ڕۆشنبیریش، سوپاس.
**بەڕێز فەلەکەدین ساپیر کاکەیی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
منیش لەگەڵ ئەوەدام کە بگوترێت (وەزارەتی کلتوور) بۆ ئەوەی هەموو شتەکان بگرێتەوە، سوپاس.
**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
باشتر وایە وشەی (وەرزش) لەشوێنێکی ئەم یاسایەدا بچەسپێنین، چونکە ئیتر لەهیچ وەزارەتێکی دیکەدا خانەی بۆ نامێنێ، سوپاس.

**بەڕێز د.عیزەدین مستەفا رەسوڵ:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
وەرزش پەیوەندی بە زیاتر لەوەزارەتێکەوە هەیە، لەوانە: وەزارەتی ڕۆشنبیریی، وەزارەتی پەروەردە، وەزارەتی تەندروستی وکاروباری کۆمەڵایەتی، سوپاس.
**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
بە بڕوای من یا (ڕۆشنبیریی) بێ یا (کلتوور)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا سێ پێشنیارمان لەبەر دەستدایە:

١ـ ناوی بنرێ، وەزارەتی ڕۆشنبیریی و وەرزش، یا کلتوور وەرزش.

٢ـ تەنها وەزارەتی کلتوور، یارۆشنبیریی.

٣ـ وەزارەتی رۆشنبیریی و ڕاگەیاندن.

ئێستا کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە تەنها ناوی (وەزارەتی ڕۆشنبیریی) یا (کلتوور) بێ؟...دەست بەرزکرایەوە..زۆربەی ئاشکرا لەگەڵ ئەم ناوە بوون.. ئێستاش با بزانین کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە ناوی (ڕۆشنبیری و وەرزش) بێ؟ ..کەمینەیەکی ئاشکرا دەستیان بەرزکردەوە...، سوپاس..

ئێستاش ئەوەیان جێگیر دەکەین کە (ڕۆشنبیریی) یا (کلتوور)ە. ئەوەیان پاشان لیژنەی داڕشتن دیاری دەکات.

**١٢ـ وەزارەتی ئەشغال و نیشتەجێ کردن.**

ئەوە ناوێکی گشتییە وابزانم گیروگرفتی لەسەر نییە.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وابزانم ئەرکەکانی ئەم وەزاەتە لەگەڵ (وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو گەشەپێدان)دا زۆر جیاوازیی . نییە، سوپاس.

**بەڕێز ئازاد فەتاح ڕەشید میران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بکرێتە (وەزارەتی ئەشغال و ئاوەدانکردنەوە) بەمەش لەبەر بارودۆخی ئابووری وەزارەتێک کەم دەکەینەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەدایە ناوی (وەزارەتی ئەشغال و نیشتەجێکردن)بێ؟..دەست بەرزکرایەوە.. کێ لەگەڵ ئەوەدایە بکرێ بە(وەزارەتی الاشغال والتعمیر)..دەست بەرزکرایەوە.. کەواتە زۆربە لەگەڵ ئەوەدان کە ناوی وەزارەتەکە بنرێ (وەزارەتی ئەشغال و نیشتەجێکردن).

**١٣ـ وەزارەتی تەندروستی وکاروباری کۆمەڵایەتی.**

کێ لەگەڵ ئەوەدایە کەناوی وەزارەتەکە تەندروستی وکاروباری کۆمەڵایەتی بێ؟...دەست بەرزکرایەوە... بەتێکڕای دەنگ ناوەکە پەسند کرا، سوپاس.

**١٤ـ وەزارەتی (ئاوەدانکردنەوە وگەشەپێدان).**

**بەڕێز د. سەلاحەدین محەمەد حەسەن حەفید زادە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەبڕوای من بکرێتە (وەزارەتی نەخشەدانان وگەشەپێدان)، چونکە لەوەختی (مەلیک)یشدا

وەزارەتی (اعمار)هەبووە. ئەم کابینەیە پێویستی بە نەخشە وپلان دانانی درێژ خایەن و،مام ناوەندی و،کورت هەیە، هەروەها بودجەی تایبەتیشی پێویستە کە بودجەی نەخشە دانانی پێ دەوترێ. واتە نەخشە دانان وگەشەپێدان پلانی فراوانی خۆی هەیە، سوپاس.

**بەڕێز شەوکەت حاجی موشیر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیار دەکەم ناوی وەزارەتەکە بنرێ (وەزارەتی نەخشەدانان وگەشەپێدان)، سوپاس.

**بەڕێز ئازاد فەتاح رشید میران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیار دەکەم وەزارەتەکە ناو بنرێ (وەزارەتی نەخشەدانان وگەشەپێکردنی کوردستان)، سوپاس.

**بەڕێز مەلا محمود دێرشەوی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیار دەکەم ناوی (ئاوەدانکردنەوەو گەشەپێدان) بێ، سوپاس.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش ئەم ناوەم پێ باشە (ئاوەدانکردنەوەو گەشەپێدان)، سوپاس.

**بەڕێز مەلا محەمەد شەریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەنێوان (تعمیر واعمار) دا جیاوازیی هەیە، بۆیە پێشنیار دەکەم بکرێتە (وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو گەشەپێدان)، سوپاس.

**بەڕێز یونادم یوسف کنا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەبەر ئەوەی کوردستان وێران کراوە، پێشنیار دەکەم ناوی وەزارەتەکە بکرێتە (وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەی کوردستان) (تعمیر کوردستان)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وشەی کوردستان هەموو وەزارتەکان دەگرێتەوە، چونکە شتێکی گشتی یە، هەریەک لەوەزارەتەکانیش پێناسە کراوە، لەبەر ئەوە وشەی کوردستان زۆر پێویست ناکا کە بەهەندێ وەزارەتەوەی ببەستینەوە، سوپاس.

**بەڕێز فـــــرەنســـــۆ تۆمـــــا هەریری:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

گفتوگۆکردن لەسەر ناوەکە زیادە، گرنگ ناوەرۆکەکەیە، سوپاس.

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن:**

بۆ ئەوەی ناوەکـە بچەسـپێنین، پێشنیـاری ئەنجـوومـەنی وەزیران (وەزارەتی ئاوەدان کـردنەوەو گـەشەپێـدان)ـە، کێ لەگـەڵ ئەو ناوەدایە؟ دەست بەرزکرایەوە.. بەزۆربەی دەنگ ناوی (وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە وگەشەپێدان) (وزارة التعميروالتنمية) بڕیاری لەسەر درا، سوپاس.

**١٥ـ وەزارەتی (داد ـ العدل).**

پێشنیاری سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران ئەوەیە کە ناو بنرێ (وەزارەتی داد ـ العدل).

**بـەڕێـز ئـەیـاد حــــــــاجی نـامـق:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

پێشنیار دەکەم بکرێتە دادو (مافی مرۆڤ ـ العدل وحقوق الانسان)، سوپاس.

**بەڕێز مـەلا مـحـــمـەد تاهیـر زەینەلعـابدین:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

(وەزارەتی داد) فراوانترە، سوپاس.

**بەڕێـز فـــــرنســـــۆ تـۆمـــــا هـەریری:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

لەکاتی دانانی لیژنەکاندا لیژنەمان بۆ مافی مرۆڤ پێک نەهێنا، لام وایە ئیتر لێرەشدا پێویست ناکات وەزارەتێک بەو ناوەوە هەبێ، سوپاس.

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن:**

کێ لەگـەڵ ئەوەیە نـاوی ئەم وەزارەتە، وەزارەتی (داد ـ العـدل) بێ؟...دەست بەرزکـرایەوە.. بەزۆربەی دەنگ ناوی (وەزارەتی داد) پەسند کرا.

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن:**

ســوپاس. بەمـەش ناوی(١٣)وەزارەت چەسـپـاو، دەمـێنێـتـەوە دوو وەزارەت، (پەروەردە) و(پەیوەندیی)، ئەوانیش بۆ پاش پشوودان بەجێ دەهێڵین.

**بەڕێز د.کــــمـــال عـــەبدولکەریم فـــوئاد:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

بەبڕوای من نوێنەرانی هەردوو فراکسـیۆن لەم مـاوەی پشـوودانەدا ئەو بابەتانە لەنێـوان خۆیاندا ببڕێننەوە، سوپاس.

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن:**

بۆ ناوی (وەزارەتی پەروەردە)، با لە مـاوەی پشـوودا ئەندامانی لیژنەی پەرەوەردەو خوێندنی باڵا

یەکتر ببینن، تابیروڕای خۆیان پێش سەعات(٤) پێشکەش بکەن، هەروەها نوێنەری هەردوو فراکسیۆنیش یەکتر ببینن وراوێژیش لەگەڵ ئەنجوومەنی وەزیراندا بکرێ وبیروڕایەکمان لەسەر ناوی (وەزارەتی پەیوەندییەکان )یش بۆ گەلاڵە بکەن، سوپاس.

## پاش کاتژمێری (٥)ی سەر لەئێوارە
## ئەنجوومەنی نیشتمانیی دەستی بە دانیشتنەکەی خۆی کردەوە

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بۆ وەزارەتی (پەیوەندیی)، فراکسیۆنی پارتی پێشنیاری (وەزارەتی المساعدات والمهجر) کردووە، بۆ وەزارەتی (پەروەردە)یش، پێشنیاری (وەزارەتی پەروەردەو خوێندنی بالا)یان کردووە.

فراکسیۆنی کەسکیش بۆ وەزارەتی پەیوەندیی پێشنیاری (وەزارەتی پەیوەندیی ویارمەتیی مرۆڤایەتی)و، بۆ وەزارەتی پەروەردەیش پێشنیاری (وەزارەتی پەروەردەو فێرکردن)یان پێشکەش کردووە. پێشنیارێکی دیکەش هەیە کەدەڵێ دەبێ(وەزارەتی خوێندنی بالا) وەزارەتێکی سەربەخۆ بێ. ئەگەر تا کۆتایی ئەم دانیشتنە، ئەم بابەتانەش کۆتایی پێ نەهێنین ئەوا ئەمڕۆش ناتوانین ناوی کابینەی یەکەمی حکومەتی کوردستان رابگەیەنین. بۆیە گفتوگۆ دەست پێ دەکەینەوە، هەر کەسێکیش راوبۆچوونی هەیە با دەریببڕێ، بەمەرجێک کورت بێ و دووبارە کردنەوەی تێدا نەبێ.. فەرموون..

**بەڕێز د. عیزەدین مستەفا رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

با ناوی ئەم وەزارەتەی کە ئێستا باسی دەکەین (وەزارەتی پەروەردە) یا (وەزارەتی پەروەردەو فێرکردن) بێ، بەلام بۆ خوێندنی بالا با (وەزارەتی خوێندنی بالا)یش هەبێ، ئەگەر ئەوەش نابێ، با ئەنجوومەنێکی تایبەت و سەربەخۆ بەناوی (ئەنجوومەنی خوێندنی بالا )وە دابمەزرێ کەراستەوخۆ پەیوەندیی بەسەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانەوە هەبێ. بەکورتی ئەمە پێشنیاری لیژنەی پەروەردەو خوێندنی بالایە، سوپاس.

**بەڕێز د. حەمەنەجم حەمە فەرەج جاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەنجوومەنی خوێندنی بالا ئەگەر دانرا دەبێ پلەیەکی ئەکادیمی هەبێ و تەنها هەر ناو نەبێ، بۆ ئێستاش هەتا ئەو ئەنجوومەنە دادەمەزرێ دەبێ ئەنجوومەنێک بۆ زانکۆ دابنرێ وببەسترێتەوە بە

سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیرانەوە، سوپاس.

**بەڕێز ئەحمەد سالار عەبدولواحید:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
واتێ دەگەم زۆر راوەستان لەسەر ناوێک ئەوە ناهێنێ، سوپاس.
**بەڕێز د. کمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
ئێمە لە فراکسیۆنی سەوز رێزی بیروبۆچوونەکانی کۆمیتەی خوێندنی باڵاو پەروەردە دەگرین، سوپاس.

**بەڕێز عەبدوللا رەسول عەلی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
لەکۆبوونەوەکانی (پارتی ویەکێتی) دا بۆ دابەش کردنی وەزارەتەکان، لەسەر ئەوە رێک کەوتووین کە وەزارەتێک بەناوی (وەزارەتی پەروەردە)وە هەبێ، باس لە (وەزارەتی پەروەردە وفێرکردنی باڵا) نەکراوە، جا ئەگەر وەزارەتێک بۆ پەروەردە دامەزرا ئەوا ئێمە لەگەڵ ئەوەداین کە وەزارەتێکیش بۆ خوێندنی باڵا پێک بهێنرێ، بۆ مەسەلەی (علاقات)یش هەردوو حزب بەنامادە بوونی کاک مسعود وبرادەرانی مەکتەبی سیاسی وا رێکەوتن کە ناوی (وەزارەتی دەرەوە)ی لێ نەنرێ و، بگوترێ (پەیوەندیی مرۆڤایەتی ویارمەتی) ومەهجەریش کەئێستا باسی لێ کرا، ئەگەر (پەیوەندیی)یەکەشی پێوە نەبێ قەیدی چییە؟! سوپاس.
**بەڕێز د. رۆژ نووری شاوەیس:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
لێرەدا نامانەوێ وای پیشان بدەین کە لایەنێک ئەمەی دەوێ ولایەنەکەی تر نایەوێ، ئێمە لە فراکسیۆنی پارتی رۆژێ لەرۆژان نەمانگوتووە خوێندنی باڵامان ناوێ، بەپێچەوانەوە ئێمە لاگیری لەوە دەکەین کە وەزارەتێک بۆ خوێندنی باڵا دابمەزرێ و، لەسلێمانی و لەدهۆک و، ئەگەر کەرکووکیش ئازاد کرا ئەوا لەکەرکووکیش زانکۆیەک بکەینەوە، لەگەڵ ئەوەداین کە خوێندنی باڵاش وەکو هونەرو رۆشنبیریی ئازاد بێ.
بۆ مەسەلەی وەزارەتی دەرەوەش، ئێمە لەسەر ئەوە رێک کەوتووین کە وەزارەتی دەرەوەمان هەبێ، گرنگیش ئەوەیە کە بزانین وەزارەتی دەرەوە ئیش وکاری چییە و، ئەوە لەناو یاسای ئەو وەزارەتەدا جێگیر بکەین، هیچ سەرکردەیەکی کوردیش جیابوونەوەی رانەگەیاندووە، ئەم حکومەتەی ئێمەش حکومەتێکی هەرێمییەو، پێشنیاری ئێمەش ئەوەیە کە ناوی (وەزارەتی کاروباری مەهجەرو پەیوەندیی)، یا (وەزارەتی مەهجەر)، یا بە تەنها (وەزارەتی یارمەتی)ناوی لێ بنرێ، ئەویش بۆ

ئەوەی خەڵک لەخۆمان نەوروژێنین، من جارێکی تریش ئەڵێم ئێمە بۆیە حەز دەکەین بەو شێوەیە لەسەر ناوی وەزارەتەکان رێک بکەوین بۆ ئەوەی ناو لەگەڵ ناولێنراودا یەک بگرێت، ئەگەر مەسەلەکەش ئەوەیە کە گوایە هەندێ وەزارەت بەرەو رووی ئێمە کراوەتەوە، هەندێکی تریش بەرەو رووی لایەنەکەی تر کراوەتەوە، ئەوا ئێمە ئامادەین بەبێ هیچ قەیدو شەرتێک هەردوو عەموودەکە بگۆڕینەوە، یان لەسەر هەندێ وەزارەتی دیکە دووبارە رێک بکەوینەوە، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەم قسانەم پێ زیادەو، باشتر وایە مەسەلەکە تا سبەی ئێوارە دوا بخرێ و هەردوو فراکسیۆن بەراشکاوی لەم بارەیەوە قسە لەگەڵ یەکدا بکەن، سوپاس.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەگەڵ رێزمدا بۆ هەردوو حزب، دەڵێم ئەو شێوەیەی کە هەردوو حزب بۆ چارەسەر کردنی گرفتەکان بەکاری دێنن شێوەیەکی نا کامڵە، چونکە شێوەیەکی حزبایەتی زۆر تەسکەو، نەک هەر گرفتەکان چارەسەر ناکا، بەڵکو زیاد و قوڵتریشیان دەکات، بۆیە داوا لەهەردوو حزبەکە دەکەم کە دەست لەم شێوە ئیش کردنە هەڵگرن. لەلایەکی تریشەوە زۆر جار تا کۆبوونەوە دەست پێ دەکا ئێمە ماوەی سەعاتێک تا سەعات ونیوێک چاوەڕێ دەکەین بۆ ئەوەی کۆبوونەوە دەست پێ بکا، داوا دەکەم ئەم مەسەلەیەش چارەسەر بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د. جەلال شەفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە بڕوای من بۆ خوێندنی باڵا، ئەنجوومەنێک لەسەرۆکی زانکۆ و پەیمانگاکان و وەزیری پەروەردە پێک بهێنرێ و ببەسترێتەوە بە سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیرانەوە، من ئەمە بەچارەسەرێکی مام ناوەندی دەزانم لەنێوان بیروڕای هەردوو فراکسیۆندا، سوپاس.

**بەڕێز محەمەد عەبدولقادر ئەحمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆ ناوی هەردوو وەزارەتەکە، با جارێ ناوی یەکێکیان بنێین (پەیوەندیی) و ئەوی تریشیان ناو بنێین (پەروەردە) هەتا دوایی هەردوو مەکتەبی سیاسی بەشێوەیەکی هێمنانە بڕیاری لەسەر بدەن، سوپاس.

**بەڕێز شەوکەت حاجی موشیر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە نزیکەی ساڵ ونیوێکە هەموو یارمەتیە مرۆییەکان لە ڕێی خەڵکانی نامەسئوولەوە دێنە

کوردستانەوە، رەنگە هەندێکیان دەستی بەسەردا بگیرێ، هەندێکیشیان لەبازاڕی رەشدا دەفرۆشرێنەوە، هەندێکی دیکەش بۆ خوارووی عێراق ئاودیو دەکرێ، بۆیە زۆر پێویستە ئەو پارمەتییە مرۆییانە بە هۆی دەزگایەکەوە بەحکومەتی هەرێمەوە ببەسترێنەوە، سوپاس.

**بەرێز یۆنادم یوسف کنا:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لاگیری لە قسەکانی بەرێز مەلا محەمەد لاجانی دەکەم، سوپاس.

**بەرێز فەلەکەدین سابیر کاکەیی:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەگەڵ ئەوەدا نیم کە ئەگەر وەزارەتەکە دروست بوو نیتر واتای ئەوەیە کە هەموو شتێک چارەسەر بوو، چەند هەوڵ بدەین مەسەلەکە لەسەر بناغەیەکی پتەو دابنێین ئەوەندە باشە، بادوو رۆژ زیاتریش دوا بکەوێ، سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەتێروتەسەلی باس لەم بابەتە کرا، پێشنیارەکەی بەرێز محەمەد لاجانی هەیە و هەردوو فراکسیۆنیش قسەیان لەسەر کرد، سوپاس.

**بەرێز خەسرەو گول محەمەد:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە گوتمان لیژنەی پەروەردە وخوێندنی بالا لەسەر ناوی وەزارەتی پەروەردە پێک بێن، ئەوان دانیشتن ولەسەر ناوێک پێک هاتن، نازانم بۆ بایەخ بە بیروڕای لیژنەکە نەدرا؟! سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنە مافی پێشنیار کردنی هەیە، نەک فەرز کردنی بیرو بۆچوون .

**بەرێز حەمید سەلیم میران:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تێ ناگەم وشەی (بالا) چ گیروگرفتێکی تێدایە وا هەردوو فراکسیۆنەکە سڵی لێ دەکەنەوە؟! سوپاس.

**بەرێز عەبدوڵلا رەسول عەلی:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لاگیری ئەوە دەکەم کەشتەکان بە گفتوگۆ وقەناعەتەوە بکرێ، رێک کەوتنی هەردوو حزبیش لەسەر هەندێ شت مانای ئەوە نییە کە رێز لە بیروڕای خەڵکی تر ناگیرێ، سوپاس.

بەڕێز فـــــرەنســــۆ تـۆمـــــا هـەریری:
بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــەن.
من لاگیری ئەوە ناکەم کە بڵـێین (با جاریَ وابیَ) ئەمـە پینە کردنە، من دەڵێم با گرفتـەکان بەشێوەیەکی بنەڕەتی چارەسەر بکرێن، بۆیە پێم وایە مەسەلەکە دوا بخریَ باشترە، سوپاس.

بەڕێز مـەلامـحـەمـەد ئەمین عـەبدولحـەکیم:
بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــەن.
پێشنیـار دەکـەم ئەو یارمـەتیـانەی کـە لە دەرەوە دێن، بخـرێنە ژێر کـۆنتـرۆڵی وەزارەتی (پەیوەندیی)ەوە، هەر دەستکەوتێکیش لەو بارەیەوە بەدەست بێ بۆ هەردوو حزبەکە دەگەڕێتەوە، سوپاس.
بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــەن:
ئێمە گفتوگۆ لەسەر ناوی وەزارەتەکە دەکەین، نەک دەسەڵاتەکەی، هەردوو لاش لەسەر ئەوە کۆکن.
بەڕێز د. مـــحـــەمـــەد فـــوئاد مـــەعـــســـوم:
بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــەن.
ئەگەر وەزارەتێک یاسای نەبیَ و، لەسەر ناوەکەشی ڕێک نەکەوین، ئەی کەواتە بەچ شەرعیەتێک وەزیری بۆ دابنریَ؟ سوپاس.
بەڕێز بـارزان مـــــەلا خـــــالیـــــد:
بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــەن.
لەسەر قسەکەی بەڕێز د.کەمال، دەڵێم ئایا ئەوان ڕازین (عمود)ەکان بگۆڕینەوە؟ سوپاس.
بەڕێز د.کـــــەمـــــال عـــــبدولکەریم فـــوئاد:
بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــەن.
بەڵێ ئێمە ڕازین، سوپاس.

بەڕێز د. قـــاسم مـــحـــەمـــەد قـــاسم:
بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــەن.
گفـتوگۆکـان چەند درێژە بکێشن ئەوەندە بەدیاردەیەکی چاک لەقەڵەم دەدریَ، مادام هەردوو لاش لەسەر ئەوە ڕێک کەوتن کە ئەم گرفتە ئەمڕۆ چارەسەر ناکرێت دەبا دوای بخەین، یانیش بیخەینە دەنگدانەوە، سوپاس.
بەڕێز حـەسـەن ئەحـمـد عـەبدوڵڵا کـوێستـانی:
بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــەن.
ئەی ئێوە لەسەر گۆڕینەوەی (عمود)ەکان ڕازین؟، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕۆژ نووری شاوەیس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو پرسیارە وا بەپەلە وەڵام نادرێتەوە، چونکە (عمود)ەکان لەسەر ئاستی مەکتەبی سیاسی هەردوو لا بڕیاری لەسەر دراوە، بۆیە دەبێ بۆ مەسەلەی گۆڕینەوەشیان بگەڕێینەوە ولەوێ بڕیاری دیکەی لەسەر بدرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێویست بە هەڵچوون ناکا، ئێمە ناوی (١٣) وەزارەتمان ساغ کردۆتەوەو، تەنها ناوی دوو وەزارەت ماوە، ئەگەر لەسەریشی پێک نەهاتین ئەوا هەڵی دەگرین بۆ کۆبوونەوەی ئاییندە، بەمەرجێک ئەمجارە هەردوو فراکسیۆن لەسەریان پێک بێن ئەوجا دانیشتنی داهاتوو بکەین.

**بەڕێز عەبدوڵلا ڕەسوڵ عەلی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیار دەکەم ئەم مەسەلەیە تا ڕۆژی شەممەی داهاتوو دوا بخرێ، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیار دەکەم کۆبوونەوەی فراکسیۆنەکان بکەوێتە پێش کۆبوونەوەی پەرلەمان، سوپاس.

**بەڕێز فەلەکەدین سابیر کاکەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نابێ لە گفتوگۆ بترسین هەتا ئەگەر لەسەر وشەیەکیش بێ، ئەگەر هەموو شتێکیش بۆ فراکسیۆنەکان بەجێ بهێڵین ئەی ئیتر پەرلەمان بۆ چییە؟! سوپاس.

**بەڕێز حسێن عارف عەبدولکەریم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تکایە لە قسەی خەڵکی سەر جادەمان ڕزگار کەن و ناوی ئەم دوو وەزارەتەی کەماون ئەوانیش بخەینە دەنگ دانەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕۆژ نووری شاوەیس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش پشتگیری لەم پێشنیارە دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز مەلا هادی خضر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پشتگیری لە بیروڕایەکەی ئەوان دەکەم، با وەزارەتی پەروەردەش بکرێتە وەزارەتی (پەروەردەو خوێندنی باڵا)، سوپاس.

**بەڕێز کەمال ئیبراهیم فەرەج شالی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

داوا دەکەم پێشنیارەکە بخرێتە دەنگ دانەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. عیزەدین مستەفا رەسول:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

باشتر وایە تا زووە لەسەر ناوێک رێک بکەوین، سوپاس.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

با ئەم کۆبوونەوەیە کۆتایی پێ بهێنین و، کاتێک کۆببینەوە کە ئەو مەسەلانەمان هەموو براندبێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیاری دوا خستن من کردم، حەز دەکەم بخرێتە دەنگ دانەوە، سوپاس.

**بەڕێز یۆنادم یوسف کنا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

با مەکتەبی سیاسی هەردوو لا هەر ئەم شەو لەسەر ئەم مەسەلەیە پێک بێن وسبەینێ سەعات (١٢) تا (٣)ی ئێوارە ئەنجامەکەمان بدەنەوە، چونکە وەک گوترا رۆژی شەممە بەڕێز مەدام میتران مێوانداریی پەرلەمان دەکا، سوپاس.

**بەڕێز فەلەکەدین سابیر کاکەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەڵێم با بگەڕێینەوە سەر پێشنیارەکەی بەڕێز مەلا محەمەد، ئەو دوو ناوەی ئەو پێشنیاری کردن ناوی سادەن ودەلالەتێکی وایان نییە، ئەگەر پەسەند بکرێن ئەوا دەتوانین هەر ئەمڕۆش ناوی وەزارەت رابگەیەنین، سوپاس.

**بەڕێز عومەر عەبدوڵڵا محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

با رۆژی شەممە وەزارەت رابگەیەندرێ، سوپاس.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشنیاری دواخستن دەکێشمەوە، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ڕاگەیاندنی ناو بەشێوەیەکی کاتی ڕاست نییە، سوپاس.

**بەڕێز مەلا مەحموود دێرشەوی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

با جارێ حکومەت ڕابگەیەندرێ و، پاشان کەموکوڕیەکانی چارەسەر بکرێن، سوپاس.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

منیش لەگەڵ ئەوەدام کە تا ڕۆژی شەممە دوا بخرێ، سوپاس.

**بەڕێز فەلەکەدین سابیر کاکەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

کارو ناوو دەسەڵاتیش زۆر جار دەگۆڕێن و لەم دەسێنرێن و دەدرێن بەوی تر، بۆیە پێویستە لەم ڕووەوە تۆزێک نەرمی بەکار بهێنرێ، سوپاس.

**بەڕێز یونس محەمەد سەلیم ڕۆژبەیانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەگەر نەتوانین ناوی ئەو دوو وەزارەتە بەشێوەیەکی کاتی ڕابگەیەنین، ئەوە پێشنیار دەکەم کە ڕاگەیاندنی حکومەت تا دوای گفتوگۆ کردن و دەرچوونی یاسای ئەنجوومەنی وەزیران دوا بخرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەو یاسایەی کە بۆ ئەنجوومەنی وەزیران دانراوە باسی دەسەڵاتی وەزارەتەکان ناکا.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

تکام وایە ئەندامانی پەرلەمان لێمان تێبگەن کە ئێمە ناتوانین ئەو ناوانە بەو شێوەیە قبووڵ بکەین، ئێمە دەمانەوێ ناوەکان بچەسپێنین بۆ ئەوەی گفتوگۆی ئاوا درێژمان تووش نەبێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕۆژ نووری شاوەیس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

منیش لاگیری ئەو ڕایە دەکەم، ئەگەر نەتوانین ئێستا لەسەر ناوەکان ڕێک کەوین ئەوا باشتر وایە دوای بخەین، سوپاس.

**بەڕێز یۆنادم یوسف کنا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

برادەرانی فراکسیۆنی زەرد دەڵێن با (وەزارەتی پەروەردەو خوێندنی باڵا) بێ، با لەسەر داوای ئەوان ئەو ناوە بچەسپێ. برادەرانی فراکسیۆنی سەوزیش ئەڵێن ناوی وەزارەتەکەی تر (وەزارەتی پەیوەندییەکان و کاروباری مرۆڤایەتی) بێ. پێشنیازی لیژنەی خوێندنی باڵاو فێرکردنیش ئەوەیە کە دەستەیەکی باڵا پێک بهێنرێ و سەربە سەرۆک ئەنجوومەنی وەزیران بێ، با جارێ ئەم سێ ناوە بچەسپێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆی گیروگرفتەکەی ئێمە لەسەر ئەم دوو ناوەیە.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

چارەسەری مام ناوەندیی بۆ پینە کردنە، دەبێ بەدوای چارەسەر کردنی بنەڕەتیدا بگەڕێین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەندامانی ئەنجوومەن مافی پێشنیار کردنیان هەیە.

**بەڕێز د. ئیدریس هادی سالح:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەزارەتی پەروەردە بەر پارتی کەوتووە، ئەوان چۆنیان دەوێ با بەو شێوە بچەسپێ، وەزارەتی پەیوەندیش بەر یەکێتی کەوتووە، ئەوانیش چۆنیان دەوێ با بە ئارەزووی خۆیان ناوی لێ بنێن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمەش حەز دەکەین ئەگەر هەردوو لا رازی بن.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

داوای دواخستنی دانیشتنەکە دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز ئەحمەد تاهیر نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر ئەمڕۆش نەتوانین ناوی وەزارەت رابگەیەنین با بۆ سبەی ئێوارە دوا بخرێ، چونکە رۆژی شەممە لە پێشوازیی بەڕێز مەدام میتراندا دەبین، سوپاس.

**بەڕێز عـــەدنان مـــحـــەمـــەد نەقـــشـــبـــەندیی:**

**بـەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومـــــــەن.**

ئەگەر سەرکردایەتی هەردوو حزب پێشتر لەسەر ئەم بابەتە ڕێک نەکەوتوون، ئەوا دەبوایە هەر لەسەرەتاوە دوا بخرایە، سوپاس.

**بـەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومـــــــەن:**

پێشنیارێک هەیە دەڵێ بۆ سبەی، واتا سەعات (٦)ی ئێوارەی ڕۆژی هەینی کۆببینەوە، تکایە ڕاتان لەم بارەیەوە؟!.

**بەڕێز د. کـەمـاڵ عـەبدولکەریم مـحـەمـەد فـوئاد:**

**بـەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومـــــــەن.**

لەگەڵ کۆبوونەوەی ڕۆژی هەینیدا نین، ئەو ڕۆژە بۆ پشووە، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:

ئێمە زۆر جار کاتمان دیاری کردووە و بەئەنجام نەگەیشتووین، بۆیە پێشنیاری من بۆ کۆبوونەوەی ئاییندە ئەوەیە کە دوا بخرێ هەتا هەردوو فراکسیۆنەکان لە کێشەکە دەبنەوە ئەوجا دەستەی سەرۆکایەتی لێ ئاگادار بکەنەوە، ئێمەش ڕۆژێک بۆ کۆبوونەوەکە دیاری دەکەین.

**بەڕێز د. مـــحـــەمـــەد فـــوئاد مـــەعـــســـوم:**

**بـەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومـــــــەن.**

با ڕۆژی شەممە دیاری بکەین، ئەگەر تا شەممەیش بە ئەنجامێک نەگەیشتین ئەو کاتە گفتوگۆی (یاسای ئەنجوومەنی وەزیران) دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز فـــەلەکـــەدین ســـابیـــر کـــاکـــەیی:**

**بـەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومـــــــەن.**

منیش لەگەڵ ئەو پێشنیارەدام، سوپاس.

**بـەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومـــــــەن:**

کەواتە ڕاگەیاندنی حکومەت دوا دەخرێ.

**بەڕێز فـــــرەنســـــۆ تـۆمـــــا هەریری:**

**بـەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومـــــــەن.**

ئەگەر تا سەعات (١٠)ی سەر لەبەیانی ڕۆژی شەممە لەسەر ناونانی هەردوو وەزارەتەکە پێک نەهاتین، ئەوا دەبێ هۆی بڵاونەکردنەوەی ڕاگەیاندنی حکومەت لەتەلەفزیۆنەکانەوە بەمیللەت بوترێ کە پارتی لەسەر چی لە بیروڕای خۆی دانابەزێ و، یەکێتیش لەبەر چی لەسەر بیروڕای خۆی سوورە، سوپاس.

**بەڕێز فـــەلەكـــەدین ســـابیـــر كـــاكـــەیی:**

**بەڕێـز ســـــەرۆكی ئـەنجـــوومـــــەن.**

مەسەلەكە پارتی و یەكێتی نییە، بەڵكو شتێكی ئیداری وياساییە، گفتوگۆ كردنیشی شتێكی ئاساییە، بەدڵنیاییەوە دەڵێم بۆ ڕۆژی شەممە بەئەنجام دەگەین چونكە زۆر لەیەك نزیك بووینەتەوە، سوپاس.

**بەڕێز عـــەبدوڵڵا ڕەســـول عـــەلی:**

**بەڕێـز ســـــەرۆكی ئـەنجـــوومـــــەن.**

پێشنیار دەكەم كە گۆڕینی (عمود)ەكان بخرێتە دەنگ دانەوە، ئەگەر حەزیش دەكەن با تەلەفزیۆن بلاوی بكەنەوە، سوپاس.

**بەڕێز جـــەمـــیل عـــەبدی سندی:**

**بەڕێـز ســـــەرۆكی ئـەنجـــوومـــــەن.**

با بۆ ڕۆژی شـەممە دوا بخـرێ، ئەگـەر بە ئەنجـام نەگـەیشـتین ئەوسا بخـرێتـە دەنگ دانەوە، بۆ مەسەلەی گۆڕینەوەی (عـمود)ەكـانیش، ئەوا دیسـان پێویسـتە پەیوەندی بە مـەكتـەبی سیـاسی هەردوو حزبەوە بكرێ، سوپاس.

**بەڕێـز ســـــەرۆكی ئـەنجـــوومـــــەن:**

كەواتە دانیشتنەكەمان تا سەعات (١٠)ی سەر لەبەیانی ڕۆژی شەممە دوا خرا.

**فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا**
**سكرتێری ئەنجوومەن**

**محەمەد تۆفیق ڕەحیم**
**جێگری سەرۆك**

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆكی ئەنجوومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (٩)

شەممە ڕێكەوتی ٤/٧/١٩٩٢

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره (٩)

## شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٢/٧/٤

کاتژمێر (١٠)ی سەر لەبەیانی ڕۆژی شەممەی ڕێکەوتی ١٩٩٢/٧/٤، ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستان، بەسەرۆکایەتی بەڕێز جوهر نامق سالم سەرۆکی ئەنجوومەن و، بەئامادەبوونی جێگری سەرۆک بەڕێز محەمەد تۆفیق ڕەحیم و، سکرتێری ئەنجوومەن بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا، (٩)یەمین دانیشتنی، یەکەم خولی ئاسایی، ساڵی یەکەمی خۆی ئەنجامدا.

پاش دڵنیا بوون لەرادەی یاسایی دانیشتنەکە، لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتیەوە، دەرکەوت هەموو ئەندامانی ئەنجوومەن ئامادەن، ئەوجا بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن بەناوی خوای بەخشندە ومیهرەبان و،بەناوی گەلی کوردستانەوە دانیشتنەکەی دەست پێکرد.

بەرنامەی کار:

١- ساغ کردنەوەی ناوی وەزارەتی (پەروەردە) و وەزارەتی ( پەیوەندیەکان).

٢- سەردانی دۆستی هەمیشەیی کورد مەدام میتران بۆ پەرلەمانی کوردستان.

٣- ڕاگەیاندنی یەکەم کابینەی حکومەتی هەرێم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

لەکۆبوونەوەی ڕابوردوودا ناوی دوو وەزارەتمان بۆ ئەم کۆبوونەوەیە دواخست، هەردوو فراکسیۆن گفتوگۆی خۆیان لەمەڕ ئەم ناوانە کردووە و، ئێستا سەرۆک وەزیرانی تەکلیف کراو پێشنیارەکە دەخاتە بەردەم پەرلەمان بۆ گفتوگۆ کردن وبڕیار لەسەر دانی، با بەڕێز د.فواد مەعسوم بفەرموویت.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دوێنێ بە ئامادەبوونی هەردوو کتلەکە دانیشتین و ئەو مەسەلانە باس کران و ئەو دوو وەزارەتەی کە لێرەدا نەمانتوانی لەبارەی ناونانیانەوە بگەین بە ئەنجامێک، ئێستا گەیشتینە ئەنجام و وا هێناومانەتە بەردەم پەرلەمانی بەڕێز بۆ ئەوەی بڕیاری لەسەر بدات.

یەکەم ـ وەزارەتی پەروەردە وفێرکردن وفێرکردنی باڵا ئەوە ببێت بە (وەزارەتی پەروەردە)و، بۆخوێندنی باڵاش ئەوا ئەنجوومەنێک لە نوێنەرانی ئەنجوومەنی زانکۆ ومەعهدەکان و بەڕێز وەزیری پەروەردە پێک دێت و، سەر بەسەرۆکایەتی حکومەت دەبێ.

دووەم ـ بەنیسبەت وەزارەتەکەی دیکەشەوە ئەوە دەبێتە (وەزارەتی یارمەتی مرۆڤایەتی و هاوکاری)، دوا بڕیاریش بۆ ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستانە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئێستاش کێ بەو پێشنیارانە رازیە بادەست بەرزیکاتەوە.. دەست بەرزکرایەوە وئەنجوومەن بەتێکڕایی دەنگ ناوی هەردوو وەزارەتەکەی پەسەند کرد.

بۆ خۆ ئامادە کردنیش بۆ بەڕێوەبردنی رێو رەسمی سوێند خواردن وبڕوا پێدانی وەزیرە بەڕێزەکان، ماوەی نیو کاتژمێر پشوو راگەیندراو،پاشان رێو رەسمەکە بەم شێوەیە دەستی پێکرد.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

وەک ئاگادارن بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانی، پۆستێکی وەزاری لەحکوومەتدا وەرگرتووە، بەپێی یاسایش دەبێ لە پلەکەی ئێستای ئیستقالە بکات، بەڕێزیشی ئیستقالەیەکی بەم شێوەیە بۆ ئەنجوومەنی نیشتمانی نووسیوە کە ئێستا دەقەکەیتان بۆ دەخوێنمەوە:

**بۆ بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستان.**

**سلاوێکی گەرم.**

**تکایە موافەقەت بفەرموون لە دەست کێشانەوەم لە پایەی جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستان.**

**محەمەد تۆفیق رەحیم**

بەپێی یاسا داواتان لێ دەکەم رای خۆتان بەرامبەر بەم داوایە بدەن، چونکە ئێمەش بەش بەحالی خۆمان لەبەرئەوەی کە بە وەزیر دانراوە ، ئیستقالەکەی کاک محەمەد تۆفیق رەحیم ـ مان قەبووڵ کرد. جا حەز دەکەم رای ئەنجوومەنیش لەو بارەیەوە بزانین، تکایە کێ رازیە با دەست بەرزیکاتەوە.. دەست بەرزکرایەوە وئەنجوومەن بەگشتی دەنگ دەس لە کارکێشانەوەکەی پەسەند کرد.

کەواتە ئەنجوومەن بەگشتی دەنگ ئیستقالەکەی بەڕێز محەمەد تۆفیق رحیم ـ ی پەسەند کرد. بەپێی ئەمەش دەبێ لە دانیشتنی داهاتوودا جێگرێک بۆ سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستان دەسنیشان بکرێ، واتە برادەرێکی تر خۆی بۆ ئەو پایەیە بپالێوێ.

ئێستاش کاتی راگەیاندنی (یەکەم کابینەی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمیش هاتووە) بۆیە لە بەڕێز سەرۆکی وەزیران د.فوئاد مەعصوم و،جێگری سەرۆک وەزیران بەڕێز د.رۆژ نووری شاوەیس، داوا دەکەین کە بفەرموون بێنە سەر سەکۆ و، دەست بەمەراسیمی دامەزراندنی ئەنجوومەنی وەزیران بکەین.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەرۆژی ۱۹۹۲/٦/۷دا، لەلایەن سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانی بەڕێزەوە نامەیەک ئاراستەی

من وكاك د.رۆژ كرا، كە ئەمە دەقەكەیەتی:

(لەسەر بڕیاری كۆبوونەوەی ئەنجوومەنی نیشتمانی كوردستان لە رۆژی ١٩٩٢/٦/٦، بڕیار درا ئێوە بەسەرۆكی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی كوردستانی عێراق و، بەڕێز د.رۆژ نووری شاوەیس بەجێگری سەرۆك وەزیرانی هەرێم دابنرێن. داواتان لێ دەكەین كە بەزووترین كات ئەنجوومەنەكە پێك بێنن و، لەناوی ئەندامەكانی ئەنجوومەن ئاگادارمان بكەنەوە، تا لەئەنجوومەنی نیشتمانیدا بڕوای پێ بدرێت، لەگەڵ رێزماندا

**ئیمزا**
**جوهر نامق سالم سەرۆكی**
**ئەنجوومەنی نیشتمانی كوردستان**

دوای گەیشتنی ئەم نامەیە لەلایەنی خۆمانەوە دەستمان كرد بە راوێژكردن لەگەڵ ئەو كتلەو ئەو خەڵكانەی كە لە و ئەنجوومەنەدا بەشدارن. راوێژكردنمان بەتایبەتی لەگەڵ هێزە سیاسیەكان دەستی پێكرد. ئیش وكارەكانمان وەنەبێ ئاسان بوو بێ، زۆر قورس بوو چونكە وەنەبوو لەپێشەوە ئەنجوومەنێكی وەزارەت هەبووبێ ئێمە بڵێین لەسەر ئەو هەیكەلە وەزارەتەكەی خۆمان دابمەزرێنین، بەڵكو پێویستی بەوە دەكرد باسی بكەین كە پێویستیمان بەچەند وەزارەت هەیە و، ئایا وابكەین وەزارەتەكە فراوان بێت یان نە؟! هەر یەكە بەپێی پسپۆڕیی بێت، یاخود لەبەر باری ئەمڕۆی كوردستان بەتایبەتی لەرووی ئابووریەوە هەوڵ دەین ئەو وەزارەتانەی كە لە یەك نزیك بن تێكەڵیان بكەین؟ هەروەها راوێژمان لەگەڵ هەندێ لایەنی سیاسی كرد كە لە دەرەوەی پەرلەمانن بەو مەبەستەی ئەوانیش بەشداریی بكەن، چونكە بارودۆخی ئەمڕۆی كوردستان ئەوە دەخوازێ كە هەموو هێزە سیاسییەكان یەك بن وئامادەبن بۆ هاوكاری و، هاوكاریان لەگەڵ بكرێ بۆ ئەوەی ئەوانیش بەشداربن لە هەڵگرتنی ئەو ئەركە گەورەیەی كە لەسەر ئەنجوومەنی وەزیرانە و، ئەو ئەركە زۆرانەیش كە لەپێشێتی لەبارودۆخی ئێستادا، لەئەنجامی ئەو راوێژو گفتوگۆیانەشدا ئیمڕۆ ئەوە هاتووینەتە ئێرە بۆ ئەوەی لە بەردەم بەڕێزتاندا ناوی ئەنجوومەنی وەزیران پێشكەش بكەین و، ناوەكانیش كە دەخوێنینەوە بەپێی پیتی ئەبجەدییە، جگە لە كاك د.رۆژ نەبێ، چونكە ئەو پێشتر وەكو جێگری سەرەك وەزیران بڕوای پێ دراوە، هەروەها پێناسەیەكی كورتی وەزیرە بەڕێزەكانیش پێشكەش دەكەین:

١- بەڕێز دكتۆر رۆژ نووری شاوەیس: بۆ پۆستی جێگری سەرۆك وەزیران و، پۆستی وەزارەتی ناوخۆ بەوەكالەت.كاك د.رۆژ ساڵی ١٩٤٧ لەشاری سلێمانی لەدایك بووە، دكتۆرای لە هەندەسەی كارەبا هەیە و، ئەندامی مەكتەبی سیاسی پارتی دیموكراتی كوردستانە.

٢- بەڕێز د.ئیدریس هادی: بۆ پۆستی وەزارەتی گواستنەوە وگەیاندن، كاك ئیدریس ساڵی ١٩٥٢لە هەولێر لەدایك بووە و، دكتۆرای لەكارەبا هەیە، لێپرسراوی رێكخراوی مافی

مرۆڤە لە پارێزگای هەولێر، مامۆستای کۆلیجی ئەندازیارییشە لەزانکۆی صلاح الدین.

٣- بەڕێز ئەمین مەولوود: بۆ پۆستی وەزارەتی پیشەسازی و وزە، کاک محەمەدئەمین لیسانسی لە ئابووری وبازرگانی هەیە، لەگەڵ چەند دبلۆمێکی بەرز لە زانکۆکانی ئەمەریکا لەپیشەسازی وکشتوکاڵدا، لەبوارەکانی بەرهەم هێنانی چەمەنتۆ وشوشەشدا کاری کردووە.

٤- بەڕێز شێرکۆ بێکەس: بۆ پۆستی وەزارەتی رۆشنبیری، کاک شێرکۆ لە ساڵی ١٩٤٠ لە شاری سلێمانی لە دایک بووە و، تا ئێستا چەندین دیوانە شیعر وچەند رۆمانێکی نووسیوە، دوا شتیشی ئەوەیە کە هەندێ لە بەرهەمەکانی لە وڵاتەکانی ئەمەریکا و کەنەدادا خراونەتە پرۆگرامی خوێندنەوە.

٥- بەڕێز د.سەلاحەدین حەفید: بۆ پۆستی وەزارەتی دارایی وئابووری، کاک سەلاح لەساڵی ١٩٣٤ لە سلێمانی لەدایک بوو و، دکتۆرای لە زانستی ئابووری لە ئەکادیمیەی زانیاری لە هەنگاریا ودبلۆمی ئەخشەدانانی هەیە لە طوکیو و، دبلۆمی لە پەرەپێدانی نەتەوایەتی لە هولندا وەرگرتووە و، سەرۆکی لێکۆڵینەوەی ئابووری بووە لەناوچەی تایبەتی لە نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ ماوەی (٣) ساڵ.

٦- بەڕێز قادر عەزیز محەمەد ئەمین: بۆ پۆستی وەزارەتی کشتوکاڵ وئاودێری، کاک قادر لە ساڵی ١٩٥٤ لە هەولێر لە دایک بووە و، ئێستا سکرتێری حزبی زەحمەتکێشانی کوردستانە و، لەبنەماڵەیەکە کەپێوەندی راستەوخۆی بە کشتوکاڵەوە هەیە.

٧- بەڕێز کافیە سلێمان: بۆ پۆستی وەزارەتی شارەوانی وگەشتوگوزار، خوشکە کافیە ساڵی ١٩٥٠ لە سولەیمانی هاتۆتە سەردنیا و، دەرچووی بەشی فیزیایە لە زانکۆی بەغدا ساڵی ١٩٧٠.

٨- بەڕێز کەمال شاکر: بۆ پۆستی وەزارەتی تەندروستی وکاروباری کۆمەڵایەتی، کاک کەمال ساڵی ١٩٤٣ لە خانەقین لە دایک بووە و، ماجستێری لە رۆژنامەگەریدا هەیە و، زانستی دەروونی کۆمەڵایەتیشی لە ساڵی ١٩٨٣ لە رۆمانیادا بەدەست هێناوە.

٩- بەڕێز لیوا کەمال موفتی: بۆ پۆستی وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە، کاک کەمال ساڵی ١٩٢٩ لە سلێمانی لە دایک بووە، ساڵی ١٩٥٣ لە کۆلیژی سەربازی عێراقی دەرچووە، دوا پلەشی سەرۆکی دادگای تەمیزی عەسکەری بووە، لە ساڵی ١٩٦٢ـ شەوە پێشمەرگایەتی کردووە.

١٠- بەڕێز مئمون بریفکانی: بۆ پۆستی وەزارەتی ئاوەدان کردنەوە وگەشەپێدان، کاک مئمون ساڵی ١٩٤٩ لە دهۆک لە دایک بووە، دەرچووی کۆلیژی ئەندازیاریە، لە ساڵی ١٩٧٠ـ ەوە شارەزایی لە بینا ورێگاوباندا هەیە ودووساڵە سەرۆکی ئەندازیارانە.

١١- بەڕێز محەمەد تۆفیق رەحیم : بۆ پۆستی وەزارەتی یارمەتی مرۆڤایەتی وهاوکاریی، کاک محەمەد ساڵی ١٩٥٣ لە سلێمانی لە دایک بووە و، دەرچووی ئەندازیاریی میکانیکە لە

ئینگلتەراو، ئێستا ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستانە.

١٢- بەڕێز محەمەد مەلاقادر: بۆ پۆستی وەزارەتی ئەوقاف، کاک محەمەد ساڵی ١٩٣٤ لە هەولێر لە دایک بووە، بووە بە مامۆستای سەرەتایی ودەورەی تایبەتی دیوە، شارەزایی لە ئاییندا هەیە. لە پارتیشدا گەیشتوەتە پلەی ئەندامی مەکتەبی سیاسی.

١٣- بەڕێز د.ناسح غەفور: بۆ پۆستی وەزارەتی پەروەردە، کاک ناسح ساڵی ١٩٤٨ لەکەرکووک لە دایک بووە، دکتۆرای هەیە لە مێژووی پەیوەندیەکانی دەرەوە، ئەندامی یەدەگی کۆمیتەی ناوەندی پارتی دیموکراتی کوردستانە.

١٤- بەڕێز یۆنادم یوسف کنا: بۆ پۆستی وەزارەتی ئەشغاڵ ونیشتەجێ کردن، کاک یۆنادم ساڵی ١٩٥١ لە ئەنبار لە دایک بووە، خەڵکی دهۆکە وساڵی ١٩٧٥ لە کۆلیژی ئەندازیاری دەرچووە.

بەراستی تەنیا وەزارەتی(عدل)ماوە،کە تا ئێستا وەزیرەکەی دەست نیشان نەکراوە. ئومێدەوارین کە لە ماوەی یەک دوو ڕۆژی تردا ئەویش جێبەجێ بکرێ ئەگەر لەوەش زیاتر دوا کەوت ئەوا بەوەکالەت ئەدرێتە یەکێک لە وەزیرەکان بۆ ئەوەی ئیشوکارەکانی بەجێ بگەینێ. ئەوە بوو بەکورتی ئەو ناوانەی کە بۆ ئەندامەتی ئەنجوومەنی وەزیران پێشکەشتانی دەکەین، سوپاس.

دوای ئەوەش کە ئێمە ناوەکانمان پێش کەش کردن تکامان وایە ئەنجوومەنی بەڕێز «بڕوا» بە ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بدات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

تکایە ئەو برا وەزیرانەی کە ناویان دەخوێندرێتەوە هەڵسنە سەرپێ تا دەنگدان تەواو دەبێ.

١- د.ئیدریس هادی ـ وەزیری گواستنەوە وگەیاندن. کێ رازیە؟ زۆر سوپاس. کێ دژە؟ سوپاس

٢- کاک ئەمین مەولوود ـ بۆ وەزارەتی پیشەسازی و وزە. کێ رازیە؟ زۆر سوپاس. کێ دژە؟ سوپاس

٣- کاک شێرکۆ بێکەس ـ بۆ وەزارەتی رۆشنبیری. کێ رازیە؟ زۆر سوپاس. کێ دژە؟ سوپاس

٤- کاک د.سەلاح حەفید ـ بۆ وەزارەتی ئابووری ودارایی. کێ رازیە؟ زۆر سوپاس. کێ دژە؟ سوپاس

٥- کاک قادر عەزیز ـ بۆ وەزارەتی کشتوکاڵ وئاودێری. کێ رازیە؟ زۆر سوپاس. کێ دژە؟ سوپاس

٦- خوشکە کافیە سلێمان ـ بۆ وەزارەتی شارەوانی وگەشتوگوزار. کێ رازیە؟ زۆر سوپاس. کێ دژە؟ سوپاس

٧- کاک کەمال شاکر ـ بۆ وەزارەتی تەندروستی وکاروباری کۆمەڵایەتی. کێ رازیە؟ زۆر سوپاس. کێ دژە؟ سوپاس

٨- کاک کەمال موفتی ـ بۆ وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە. کێ رازیە؟ زۆر سوپاس. کێ دژە؟ سوپاس

٩- کاک مئمون بریفکانی ـ بۆ وەزارەتی ئاوەدان کردنەوە وگەشەپێدان. کێ رازیە؟ زۆر سوپاس. کێ دژە؟ سوپاس

١٠- کاک محەمەد تۆفیق رەحیم ـ بۆ وەزارەتی یارمەتی مرۆڤایەتی وهاوکاریی. کێ رازیە؟ زۆر سوپاس. کێ دژە؟ سوپاس

١١- کاک محەمەد مەلا قادر ـ بۆ وەزارەتی ئەوقاف وکاروباری ئیسلامی. کێ رازیە؟ زۆر سوپاس. کێ دژە؟ سوپاس

١٢- کاک ناسح غەفور ـ بۆ وەزارەتی پەروەردە. کێ رازیە؟ زۆر سوپاس. کێ دژە؟ سوپاس

١٣- کاک یۆنادم یوسف کنە ـ بۆ وەزارەتی ئەشغال و نیشتەجێ کردن. کێ رازیە؟ زۆر سوپاس. کێ دژە؟ سوپاس

کەواتە ئەنجوومەن بەگشتی را یەکە یەکەی ئەندامانی حکومەتی هەرێمی پەسەند کرد.

ئێستاش داوا لە بەرێزان ئەندامانی ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستان دەکەین کە رای خۆی بەرامبەر ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانی عێراق بەگشتی و، ئەو مەراسیمانەی کە کرا پیشان بدا، کێ رازیە با دەست بەرز بکاتەوە؟.. دەست بەرز کرایەوە کەواتە تێکرای ئەنجوومەن رازیە.. کێ دژە؟.. کەس نەبوو.. پیرۆز بابیێتان لێ دەکەین هیوای سەرکەوتن بۆ یەکەمین ئەنجوومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەخوازین.

ئێستاش داوا لە سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران وجێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران وبرایانی وەزیر دەکەین کە بۆ سوێند خواردن بفەرموونە ئێرە.

**١- بەرێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم ـ سوێندی خوارد. ٢- بەرێز د.رۆژ نووری شاوەیس ـ سوێندی خوارد. ٣- بەرێز ئیدریس هادی ـ سوێندی خوارد. ٤- بەرێز ئەمین مەولوود ـ سوێندی خوارد. ٥- بەرێز شێرکۆ بێکەس ـ سوێندی خوارد. ٦- بەرێز محەمەد تۆفیق رەحیم ـ سوێندی خوارد. ٧- بەرێز د. سەلاحەدین حەفید ـ سوێندی خوارد. ٨- بەرێز قادر عەزیز ـ سوێندی خوارد. ٩- بەرێز کەمال شاکر ـ سوێندی خوارد. ١٠- بەرێز کافیە سلێمان ـ سوێندی خوارد. ١١- بەرێز کەمال موفتی ـ سوێندی خوارد. ١٢- بەرێز مئمون بریفکانی ـ سوێندی خوارد. ١٣- بەرێز محەمەد مەلا قادر ـ سوێندی خوارد. ١٤- بەرێز ناسح غەفور ـ سوێندی خوارد. ١٥- بەرێز یۆنادم یوسف ـ سوێندی خوارد.**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

**بەرێزان ئەندامانی ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستان.**

**بەرێز جەنابی سەرۆکی وەزیران.**

**بەرێز جێگری سەرۆک وەزیران.**

**بەڕێزان وەزیرانی هەرێمی کـوردسـتـانی عـێـراق.**

دامـەزراندنـی ئەنجـوومـەنی وەزیرانی هەرێمی کـوردسـتـانی عـێـراق یەکـەم ئەزمـوونە لە مـێـژووی هاوچەرخی کوردستانی عێراقدا، گومانیشی تێدا نییە کە لە سایەی فیداکاری وخۆبەخت کردنی گـەلە کـۆڵنـەدەرەکـەمـان وخـوێنی ئاڵی شـەهـیـدان و بە هێز وبازووی پێشـمـەرگـە قـارەمـانەکـانی کـوردسـتـان بەم قۆناغە گەیشـتـووین، کە لە ژێر سێبەری ئازادی ودیموکراتی و بە بڕیاری خۆمان لە ١٩/٥/ ١٩٩٢ دا ئەنجـوومـەنی نیـشـتـمـانی کـوردسـتـانی هەڵبـژێردرا ، لە ٤/٦/١٩٩٢ ئەنجوومەنەکەمان دەستی کرد بە کاری خۆی و، لە ٦/٦/١٩٩٢ بڕیاری پێک هێنانی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستـانی داو، خۆش بەختانەش وا تێکڕا ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستان باوەڕی بەیەکەم ئەنجـوومـەنی وەزیرانی خـۆی دا. گـومـانیـش لەوەدا نییـە کـە ئەرکی ئەنجـوومـەنی وەزیران ئەرکـێکی گـرانە و مـەگـەر بە هەستی شۆڕشگێـری کوردانەی بەڕێزان سـەرۆک وجـێگری سـەرۆکی ئەنجـوومـەن و، برا وەزیرەکـان بتـوانن بەجـێی بهـێـنن، کە لەگـەڵ برایانی تری لایەنەکـانی سـیـاسـی ئەنجـوومـەندا مـاوەیەک بوو هەوڵ وتەقـەلایەکی باشـیـان دا بۆ ئەوەی بە باشـتـرین شـێـوە بتـوانن ئەنجـوومـەنی وەزیران دەست نیـشـان بکەن، بەم بۆنەیەوە سـوپاسی برای خـۆشەویسـتـمـان سـەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران د.فـوئاد مـەعـسـوم، هەروەها جێگری سـەرۆک کـاک د.ڕۆژ وبرایانی تریش دەکـەین کـە لەم مـاوەیەدا هەوڵ وتـەقـەللایان داو توانیـیـان بە یەکـەوە ئەنجـوومـەنی وەزیران پێک بهێنن. بەراستی گـەلی کوردمـان بە پەرۆشەوە چاوەنواڕی ئەنجووەنی وەزیران دەکا بۆ ئەوەی ئیدارات لە کوردستان بکەونەوە گڕو وەکو پێویست گیروگرفتی هاووڵاتیان جێبەجێ بکەن، چونکە جـەمـاوەری خـۆڕاگـر وفـیـداکـاری کـوردسـتـان، وەک ئاگـادارن، لەبارێکی زۆر نارەحـەتدا دەژین، بەتایبەتی باری ئابووری کە تەنها بە نەخشە و پلان وماندوو بوون ونیشوکاری بێ وچان ئەنجام دەدرێ، چونکە گـرانی ونەبوونی وبرسـێـتی وقـاتی تەنگی لە خـەڵکی کـوردسـتـان هەڵچنیـوە، نەبوونی نەخـشـەیەکی عـادلانەش بۆ دابەش کـردنی ئەوەی کـە هەیە بۆتە جـێگای ناڕەزایی هاووڵاتیـان هەرچەندە لەو باوەڕەداین کە گەلی کوردستـان تەقدیری هۆی قـاتی وگرانی وکـەمی پێداویسـتـەکـانی تر دەکـا کـە دەگـەڕێتـەوە بۆ سیـاسـەتی ڕژێمی بەغدای دژ بە گـەلی کـورد و، سیـاسـەتی ئابلووقـەی ئابووری و وێران کردنی کوردستان وتێکدانی شیرازەی بنکەکانی ئابووری کـۆمەڵایەتیـمـان. لەم یەک دووسـاڵـەشـدا کـەڕۆیشت نەتوانرا یەکـسـانی دابین بکرێ وباری گـرانی خـەڵکی هەندێ کـەم بکرێتـەوە و، ئەمن وئاسـایشـی کـوردسـتـان دابین بکرێ وکـۆتایی بە وەزعی پاشـەگەردانی ونیزامی مـیلیشـیـات بهێنرێت، هەوڵدانیش بۆ ڕێکخستنی هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان ودامەزراندنی هێزی پێشمەرگەی نیزامی ئاواتی گەلەکەمانە و، یەکێکە لە پێداویستیە گرنگەکانی ئەم قۆناغە، کە پێویستە ئەنجوومەنی وەزیرانی کوردستانی عێراق هەوڵێکی باشی بۆ بدات وبهێنێتە دی، پەیوەندی لەگەڵ دەرەوەشدا و، هەوڵدان بۆ پەیدا کردنی کۆمەک ویارمەتی بۆ ئاوەدان کـردنەوەی کـوردسـتـان و بۆ گـەڕانەوەی ملیـۆنەها کـوردی سـتـەم دیدەی ئاوارە بۆخـاکی

باوباپیرانی خۆیان. ئەرکێکی دیکەی ئەنجوومەنی وەزیرانی کوردستانی عێراقیش ئەوەیە کە سەرژمێرییە سەرتاسەری کوردستان بکات لە هەموو روویکەوە. هەروەها مەسەلەی کۆنترۆڵ کردنی سنوورەکان ودابین کردنی بە باشترین شێوە، بۆ دەست بەسەردا گرتنی وارداتی کوردستان بەتایبەتیش گومرکەکان، هەروەها کێشەی کارگە بازرگانیەکان وپەروەردە و، چارەسەر کردنی کێشەی کشتوکاڵ ودانانی سنورێک بۆ ئەو تەجاوزاتانەی کە رۆژانە دەکرێنە سەر گیان ومالّی هاوولاتیانی کوردستان. حەقی رەوا وسروشتی خەڵکی کوردستانیشە کە ئەمرۆ بۆهەموو شتێک روو لە ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێم بکا.

بەهیواشین کە ئەنجومەنی وەزیران، بەهاوکاری گەلی کوردمان وهێزە سیاسیەکانی ونوێنەرانی خەڵکی کوردستان لە ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستاندا، کارێکی شایستە بکات وبەپەلە هاوولاتیان لە ماڵ وگیان وگوزەرانی خۆیان و کەرامەتیان دڵنیا بکا لەو تەجاوزات و پێشێل کاریانەی کە لە دژی مافی مرۆڤ بە گشتی دەکرێن. جارێکی تریش تەئکید لەوە دەکەینەوە کە کارەکەتان کارێکی گرانە، بەلاّم بە سووربوون لەسەر رێبازی کوردایەتی وخزمەت کردنی گەلی کوردستان و، بە پشتیوانی خواو هەموو دڵسۆزانی گەلی کوردستان ئەم قۆناغەش دەبڕین، داوای سەرکەوتنتان بۆ دەکەینەوە.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/ سەرۆک وەزیران:**

بەناوی خۆم وکاک د.رۆژ وهاوکارانم هەموویان، زۆر سوپاسی بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانی دەکەم لەسەر پیرۆزباییەکەی و، هەروەها سوپاسی ئێوەش دەکەین کە بڕواییتان بە ئەنجوومەنی وەزیران دا و، ئومێدەواریشین کە بتوانین خزمەتێکی بچووکی ئەو خەڵکەی کوردستان بکەین، کە چەندین ساڵە لە ژێر ستەمن ودووچاری دەربەدەرین، نەک هەر هیوادارین، بەڵکو بەڵێنتان پێ دەدەین کە ئەوە ئەرکی سەرشانی هەموومانە و، ئەگەر سەریشمان تێدا بچێت، دەبێت ئەو کارە ئەنجام بدەین، لە پێناوی چەسپاندنی دەسەلاّتی یاسا وپەیدا کردنی هەموو جۆرە یارمەتیەک لە دەرەوە و لە ناوەوەدا بۆ ئەوەی بتوانین کە تۆزێک ژیانی ناهەمواری گەل باشتر بکەین. دوای دوو، سێ رۆژی تریش کە بەرنامەی وەزارەتەکەمان تەواو دەبێت و، پاش ئەوەشی کە ئەنجوومەنی وەزیران کۆ دەبێتەوەو بڕیاری لەسەر دەدات، ئەوسا دەیهێنینە بەردەم ئێوەی بەڕێز بۆئەوەی ئێوەش بڕیاری خۆتانی لەسەر بدەن. جارێکی دیکەش زۆر سوپاستان دەکەین و ئومێدی ئەوە دەخوازین کە هەمیشە ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان پارێزگاریی لە مافی گەلی کوردستان بکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دووبارە بەناوی ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستانەوە و، بەناوی گەلی کوردی قارەمانەوە پیرۆزباییتان لێ دەکەین وداوای سەرکەوتنتان بۆ دەکەین و، بەڵێنتان پێ دەدەین کە ئەرکی ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستان موتابەعە ولێ پرسینەوەی کارو فرمانەکانی حکوومەت دەبێ و،

بەڵێنیشتان پێ دەدەین کە هەوڵ بدەین بۆ پتەو کردنی پشتیوانی و هاوکاریمان لەگەڵ ئەنجوومەنی وەزیراندا.

بەمە کۆبوونەوەی ئەمڕۆشمان کۆتایی دێت، وەکو دەشزانن بەرنامەیەکی ترمان هەیە بۆ پاش نیوەڕۆ. ئەویش بۆپێشوازی کردنی مەدام میتران و وەفدە یاوەرەکەیەتی، سوپاس

## درێژەی دانیشتنی سەر لە ئێوارەی ڕۆژی شەممەی ڕێکەوتی ١٩٩٢/٧/٤

***کاتژمێر (٦)ی سەر لەئێوارەی ڕۆژی ١٩٩٢/٧/٤ خاتوو دانیال میتران بۆ پیرۆزبایی کردن لەگەڵ وەفدێکدا کە وەزیری تەندروستی کۆماری فەرەنسا بەڕێز بەرنار کۆشنەر ـ یشی تێدا بوو، سەردانی پەرلەمانی کوردستانیان کرد و لەلایەن بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان و ئەندامانی دەستەی سەرۆکایەتی و ئەندامانی ئەنجوومەن و ژمارەیەک لە سەرکردەو نوێنەرانی لایەنە سیاسییەکانی بەرەی کوردستانییەوە پێشوازیی گەرمیان لێ کرا، سەرەتاش بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن بە وتارێک بەخێر هاتنی لە خاتوو دانیال میتران و وەفدە یاوەرەکەی کرد، کە ئەمە دەقەکەیەتی:***

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەناوی ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستانەوە، بەناوی ئەنجوومەنی وەزیرانی کوردستانەوە، بەناوی گەلی کوردستانی عێراقەوە، بەخێر هاتنێکی گەرمتان دەکەین وهیوادارین سەفەرەکەتان سەرکەتوو بێت و، ببێتە هۆی بەهێز کردنی دۆستایەتی هەردوو نەتەوە لەپێناوی پاراستنی ئاشتی ومافی مرۆڤ وچەسپاندنی دیموکراتیدا.

***بەڕێزان.***

ئێمە لەکاتێکدا کە بە گەرمی بەخێر هاتنتان دەکەین، سوپاسی گەرمی گەلی کوردستانیشتان پێشکەش دەکەین بۆهەڵوێستی دۆستانەتان، بۆ ئەو یارمەتیە مرۆڤانەیەی کەتائێستا پێشکەش بە لێقەوماوانی کوردستانتان کردووە، بۆ ئەو ڕۆڵەی کەدیوتانە لە پاراستنی گەلەکەمان وپشتگیری کردنیدا، هەروەها بۆ ئەو کۆششەی کە بۆ چارەسەر کردنی کێشەکەمان دەیکەن.

***بەڕێزان..***

ئێوە لەکاتێکدا تەشریفتان هێناوە، کە کوردستان گیرۆدەی گیروگرفتە وخۆی لەبەردەم بارێکی توندا دەبینێت، بارێکی مێژوویی کە چارەنووسی گەلەکەمانی تێدا دیاری دەکرێت. هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستان لە ڕۆژی ١٩٩٢/٥/١٩ تاقی کردنەوەیەکی گەورە ومێژوویی بوو، کە لەلایەن خەڵکی کوردستانەوە وەک جەژنێکی نەتەوایەتی گەورە پێشوازی لێ کرا، چونکە یەکەم جار بوو لە مێژوودا کە گەلەکەمان بتوانێ بەسەربەستی وئازادی نوێنەرانی خۆی هەڵبژێرێ، ئەویش پاش ئەوەی کە حکوومەتی بەغدا ئیداراتی خۆی لە کوردستان کێشایەوە و، ئابلووقەی ئابووری بە سەر گەلەکەماندا سەپاند، لەو هەڵبژاردنەشەوە، پەرلەمانی کوردستان دەستی کردووە بەنیشی خۆی، دامەزراندنی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانی عێراقیش بۆشاییەکی گەورەی پڕ کردەوە و، دەبێتە هەنگاوی سەرەتای سەرکەوتن بۆبەرقەرار کردنی دیموکراسی

لەسەرتاسەری عێراقیشدا، ئێمە دڵنیاین کە دیموکراتی خوازان ومرۆڤ دۆستان لە عێراق ولە جیهاندا، کە بەڕێزتان لە ڕیزی پێشەوەیاندا دەوەستن، لەجێبەجێ کردنی ئەم ئەرکە گەورە و پیرۆزەدا هاوکاری و پشتیوانیمان دەکەن ول ە ڕووی سیاسی وئابووری ومرۆڤایەتیشەوە دەستی یارمەتیمان بۆ درێژ دەکەن بۆ ئەوەی ئەم تاقیکردنەوەیە دیموکراتیە لە وڵاتەکەماندا سەربکەوێ، بۆ ئەوەی ڕێگا نەدرێ جارێکی تر گەلەکەمان قەڵاچۆ بکەن و وڵاتەکەمان وێران بکەنەوە. هەروەها پشتگیری لە مافی مرۆڤ لە کوردستاندا بکرێت، بۆ ئەوەی هەڵبژاردنی ئازادو ڕێز گرتنی مافی مرۆڤ لە کوردستاندا جێگیر بێ و، بەسەر هەموو ناوچەکانی عێراقیشدا بکشێت، هەنگاوی یەکەمیش لەم ڕێگایەدا چاک کردنی باری ئابووری و زامن کردنی گوزەران و ژیانی ڕۆژانەی گەلەکەمان وئاوەدان کردنەوەی کوردستان ودابین کردنی ئارامی وئاسایشی ناوچەکەیە. هیوادارین بەیارمەتی ئێوە و دۆستانی دیکەمان بتوانین ئەم ئاواتەی خەڵکی کوردستان بەدی بێنین و،جارێکی تریش بەگەرمی بەخێر هاتنتان دەکەین وسوپاستان دەکەین بۆ ئەم سەردانەی کوردستان، کە تەشریفتان هێناوە بۆ ئەوەی وەکو یەکەم دۆستی کورد سەردانی ڕەسمی ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستان بکەن و، لە ڕێگای ئێوەوە سڵاوی گەرم وڕێز وسوپاسمان پێش کەش بەسەرۆک میتران وگەل وحکوومەتی فەرەنسا دەکەین و، سوپاستان دەکەین بۆ یارمەتی مرۆڤایەتیتان ونەرکی دۆستانەتان بەرامبەر بە گەلی کوردستان، سوپاس.

***لەوەڵامی وتارەکەی بەڕێز سەرۆکی پەرلەماندا، بەڕێز خاتوو دانیال میتران وتەیەکی پێشکەش کرد کە ئەمە دەقەکەیەتی:***

## وتەی بەڕێز خاتوو میتران لەئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستان، سەر لە ئێوارەی ڕۆژی ١٩٩٢/٧/٤:

**بەڕێزان..**

پێ خۆش حاڵی خۆم بەرانبەر بەپەرلەمانی کوردستان دەردەبڕم، ئەمە یەکەم جارە لەبەردەم پەرلەماندا قسە دەکەم، بۆیە دەڵێم ڕانەهاتووم، گەلێ شەرم ئەکەم و، هیوادارم پەرلەمان ببێتە هۆیەک بۆ پتەوکردنی دۆستایەتی نێوان گەلی کورد وگەلی فەرەنسا.

زۆر جار بۆم هەڵکەوتووە کە نوێنەرانی گەلی کورد لە بارودۆخی ناخۆشدا ببینم. یەکەم جاریش لەخێوەتگاکانی دیاربەکر وماردین بە خزمەت میللەتی کورد گەیشتم، میللەتێک لەترسی کیمیاباران وهێرشی دڕندانەی سوپای عێراق رای دەکرد، لەو بارودۆخە ناهەموارەدا هەوڵماندا چەند خێزانێک ڕزگار بکەین و بۆ جێگای باشتریان بگوێزینەوە، ئێمە دەشزانین کە یارمەتیدانی مرۆڤانە چارەسەری بنەڕەتی کێشەکە نییە، بەڵام هەوڵ ئەدەین بە عالەمی ڕابگەیەنین کە میللەتێک بەناوی کوردەوە هەیە و ئەوە ساڵەهایە دەچەوسێنرێتەوە. جاری دووەمیش ئەوە بوو کە لە مانگی (٤)ی ١٩٩١دا، واتە کاتی کۆڕەوەکە کە گەیشتمە کوردستان و لە نزیکەوە چاوم بەگەلی کورد کەوت، ئەم کۆڕەوە گەورەو فراوانە لەناو میللەتانی ئەورووپادا دەنگی دایەوە، بێ

گومان لەرێگای کوردستانی تورکیاوە هاتم بۆ کوردستانی عێراق و، چاوم بە سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان، کاک مەسعود بارزانی کەوت.
ئەمجارەش هاتووم تا ئەنجامی هەڵبژاردن لە کوردستاندا ببینم لەوەش دڵنیام کە دیموکراسیەت لە کوردستاندا پیادە کراوە. ئەم سەفەرەم کە بە ناوی رێکخراوی F.F.O ـ وەیە بۆ ئەوەیە تا بزانم کاروباری ئەو رێکخراوە کە بەناوی منەوەیە بەکوێ گەیشتووەو؟ قۆناغی دروست کردنی قوتابخانە وئاوەدان کردنەوەی دێهاتەکان چەند چۆتە پێش؟ ئێستاش شادمان و بەختەوەرم کە خۆم دەبینم بەرامبەر بە ئێوە دانیشتووم، سوپاس.
***پاشان بەڕێز بەرنار کۆشنەر وەزیری تەندروستی کۆماری فەرەنسا وتارێکی پێشکەش کرد کە ئەمە دەقەکەیەتی:***

## وتەی وەزیری تەندروستی فەرەنسا
## بەڕێز بەرنار کۆشنەر لەپەرلەمانی کوردستانی عێراقدا.

**بەڕێزان..**
خۆش حاڵی خۆم بەرامبەر بەپێشوازی و ئەم بەخێر هاتنە گەرمەی ئێوە دەر دەبڕم، هەروەها خۆشحالی خۆمان بەرامبەر بە جەنابی کاک مسعود وجەنابتان و، جەنابی دکتۆر فوئاد دەرئەبڕم.
شادمانیشم کە وەکو وەزیرێک لەگەڵ (مەدام دانیال میتران)دا بەناوی یارمەتیدانی مرۆڤایەتیەوە بۆکوردستان هاتووم. پێ خۆشحالیشم کەپەرلەمانی کوردستان دەبینم بۆ دۆزینەوەی رێگە چارەی گیروگرفتەکانی کوردستان کۆبۆتەوە. ئەوەی شارەزای مێژووی کوردستانیش بێت ئەزانێ میللەتی کورد تا بەم رۆژە گەیشتووە چەندی شەهید لەم رێیەدا داوە. زۆر کەمیش هەڵکەوتووە کە لە ناوچەیەکی وادا بەشێوەیەکی دیموکراسی و نمونەیی پەرلەمان هەڵبژێردرێت.
دام ودەزگاکانی راگەیاندنی دنیا هەواڵی پەرلەمانی کوردستانیان بلاوکردەوە و، هێشتایش بەشوێن هەواڵی کارەکانی پەرلەماندا وێڵن، چونکە لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بە نموونەی ئەزموونێکی دیموکراسی دەژمێردرێ، هەروەها بیرو بۆچوونێکی دیموکراسیشە بۆدابین کردن و دۆزینەوەی رێگە چارەی گیروگرفتەکانی کوردستان.
جگە لەوەش زۆر خۆشحاڵم بە وتەکەی بەڕێز کاک (جوهر) سەرۆکی پەرلەمانی کوردستانی عێراق، کەچەندین جار وشەی (دیموکراسی) بەرگوێ خستین، کە ئەمڕۆ بە دەگمەن لە ناوچەکەدا پیادە دەکرێ. خوشک و برایانی بەڕێز..
ئەمڕۆ تەنگوچەڵەمە وگیروگرفتی میللەتی کورد زۆر قورسە وکوردستان لە بارێکی ناهەموار دایە و، پیادەکردنی دیموکراسی تەنها رێگە چارەیە بۆئەم مەسەلانە، چونکە هیچ شتێ ناتوانێ کوردستان ئاوەدان بکاتەوە وسەرکەوتن بەدی بهێنێ تەنها پیادەکردنی دیموکراسیەت نەبێت.
سەرکەوتنتان زۆر گرنگە بۆمیللەتی کورد و میللەتی عێراقیش. ئێوە ئەبێ نموونە بن بۆ تاقیکردنەوەی دیموکراسی لەکوردستان و لە عێراقیشدا، تا ئەو کۆسپە سەخت وناهەموارانەی کە

دێته ڕێتان بەعەقڵ وبە حیکمەت بەسەریدا زاڵ بن. ڕاستە گیروگرفت زۆرە بەتایبەتیش لە بوارەکانی خوێندنی منداڵان وزانکۆکاندا، بەڵام سەرۆکی پەرلەمان وسەرۆکی وەزیران و، جەنابی کاک مەسعود وهەموو لایەک بەرپرسیارن بەرانبەر بەدۆزینەوەی ڕێگەچارەی ئەو گیروگرفتانە وهەموو گیروگرفتەکانی دیکەی میللەتی کوردیش کە ئاسان نین. هیوادارم سەرکەوتن بۆ میللەتی کورد بەدی بهێنن.

کێشەکانی تەندروستی وسووتەمەنیش لە کوردستاندا وەکو بەنزین ونەوت، ئەبێ بەپەلە چارەسەر بکرێن، هەروەها بۆ بونیادنانەوەی کوردستان وئاوەدان کردنەوەی کوردستان وپەرەپێدانیشی. کوردستان ئەبێ پشت بە ڕێکخراوی فەرەنسای سەربەست -F.F.O ـ ORGANAZTION FRACE FREE ببەستێ، کە بەناوی مەدام دانیال میتران ـ ەوەیە. دەتوانن پشت بەدۆستایەتی میللەتی کورد ومیللەتی فەرەنسا ببەستن.

بژی دۆستایەتی میللەتی کورد ومیللەتی فەرەنسا.

بژی پەرلەمانی کوردستانی عێراق.

بژی حکوومەتی کوردستانی عێراق.

سوپاس.

بەو شێوەیەش کۆتایی بە دانیشتنی ژمارە (٩)ی ئەنجوومەن هات و، کاتی کۆبوونەوەی داهاتوو بۆڕۆژی ١٩٩٢/٧/٦ دیاری کرا.

| | | |
|---|---|---|
| فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا | نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا | جوهر نامق سالم |
| سکرتێری ئەنجوومەن | جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن | سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق |

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە(١٠)

دووشەممە ڕێکەوتی ٦/٧/١٩٩٢

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره(١٠)

## دووشەممە ڕێکەوتی ٦/٧/١٩٩٢

***کاتژمێر(١٠)ی سەرلەبەیانی ڕۆژی دووشەممەی ڕێکەوتی ٦/٧/١٩٩٢، ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان، بەسەرۆکایەتی بەڕێز جوهر نامق سالم سەرۆکی ئەنجوومەن و، بەئامادەبوونی سکرتێری ئەنجوومەن بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا، (١٠)یەمین دانیشتنی، یەکەم خولی ئاسایی، یەکەم ساڵی خۆی ئەنجامدا.***

***پاش دڵنیا بوون لەڕادەی یاسایی لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتیەوە دەرکەوت کە هەموو ئەندامان ئامادەن، ئەوجا بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن دانیشتنەکەی بەناوی خوای بەخشندەومهرەبان و، بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێکرد.***

***بەرنامەی کار:***

***١-گفتوگۆی پرۆژەی یاسای ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان.***
***٢-هەڵبژاردنی جێگری تازەی سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان.***
***٣-جێبەجێ کردنی مادە(٥٨)ی یاسایی ئەنجوومەن.***
***٤-دیاری کردنی بوودجەیەکی بەپەلە بۆ بەڕێوەبردنی کارە هەنوکەیەکانی ئەنجوومەنی وەزیران.***

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەگەر هیچی تر نییە با لەخاڵی یەکەمی بەرنامەی کارەوە دەست پێبکەین.

**بەڕێز فەلەکەدین سابیر کاکەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

یاسای ئەنجوومەنی وەزیران یاسایەکی گرنگەو، ئەم بەیانیەش بەدەست ئێمە گەیشتووە، پێویستیشە ئێمە پێشتر بیخوێنینەوە وتێبینی لەسەر ئامادە بکەین، ئەوجا لێرەدا بخرێتە موناقەشەوە، ئەگینا وەختێکی زۆر بە بەلاش دەڕوات وبە ئەنجام ناگەین. لەبەر ئەوە بەناوی کتلەوە پێشنیار دەکەین کە گفتوگۆی ئەم بابەتە بۆ دوای نیوەڕۆ، یا بۆ سبەینێ هەڵبگیرێ، سوپاس.

**بەڕێز محەمەد تۆفیق ڕەحیم / وەزیری یارمەتی ومرۆڤایەتی وهاوکاری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پشتگیری لەپێشنیارەکەی کاک فەلەکەدین دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر رازین دوای دەخەین؟.. بابەتەکە خرایە دەنگەوە و ئەنجومەن بەگشتی لەسەر دوا خستنی رازی بوو.

ئێستاش دەچینە سەر خاڵی دووەم کە هەڵبژاردنی جێگرە، فەرموون.

**بەڕێز محەمەد تۆفیق رەحیم / وەزیری پارمەتی ومرۆڤایەتی وهاوکاری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پاڵێوراوی ئێمە، فراکسیۆنی سەوز بۆ پایەی جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغایە، سوپاس.

**بەڕێز د.رۆژ نووری شاوەیس /جێگری سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان (زەرد)، بۆ ئەم جێگەیە پاڵێوراوی نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەواتا تەنها پاڵێوراو بۆ پایەی جێگری سەرۆک کاک نەژاد ئەحمەد عەزیزە، فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان پاڵێوراوی نییە بۆ ئەم جێگایە، جا ئەگەر پاڵێوراویی تر هەیە؟با بفەرمێت.. دیارە کەسی تر نییە؟ کەواتە کاک نەژاد ئەحمەد عەزیز بە تەزکیە بۆ پایەی جێگری سەرۆک دەپالێورێ. تکایە لەسەر ئەم پالاوتنە کێ رازیە؟ دەست بەرز کرایەوە.. زۆر سوپاس. کێ دژە؟.. کەس نییە.. کەواتە بەگشتی دەنگ کاک نەژاد ئەحمەد عەزیز بوو بە جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان. ( فەرموو کاک نەژاد وەرە سەر سەکۆی سەرۆکایەتی). پیرۆزبایی لە کاک نەژاد دەکەین و هیوادارین بتوانین پێکەوە ئەو ئەرکە جێبەجێ بکەین کە ئەنجومەن بۆمانی دیاری کردووە ویاسا چەسپاندویەتی.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر سوپاستان دەکەم بۆ ئەو بڕوایەی کەپێتان دام، دیارە کە لەگەڵ سەرۆکی ئەنجومەن ولەگەڵ بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمانیشدا ئەوپەڕی کۆک وتەبا دەبین، هەرچیەکیش لە توانامان‌دا هەیە بۆ ئەنجومەنی بەکار دەخەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دێمەوە سەرخاڵی سێیەم، کە مەسەلەی جێبەجێ کردنی مادەی(٥٨)ە لە پێڕەوی ناوخۆی ئەنجومەن. ئەنجومەنیش رێزو حورمەتی خۆی هەیە و هەندێ بنەماش هەنە کە لە هەموو دنیاداو لەهەموو بارودۆخێکی ئاسایی ونائاساییدا بێ دەبێ ئەنجام بدرێن، حەق وایە ئێمەش پەیڕەویی

لەو بنەمایانە بکەین، لەم بارەیەشەوە لەدەستەی سەرۆکایەتیدا چەند بۆچوونێکمان لەلا دروست بووەکە ئەمانەن:

یەکەم: مەسەلەی پارێزگاری کردن لەناو ئەنجوومەندا، بە پۆلیس بسپێردرێ.

دووەم: لەمەو دوا بەهیچ جۆرێک وبە هیچ شێوەیەک نابێ چەکدار بێنە ناو ئەونجوومەنەوە.

سێیەم: مەسەلەی خۆ پاراستن، کە زۆرجار ئەبینین هەندێ کەس بە دوو، سێ سەیارەوە دێنە ژوورەوە، بێ گومان ئەبێ ئەمەش لەمەودوا سنوورێکی بۆ دابنرێت و، هەفتەی داهاتوویش لەم بارەیەوە تەعلیمات دەردەچێت.

ئەمە ئەو خالآنە بوون کە ویستمان لە سەرەتادا روونیان بکەینەوە، جا ئەگەر راوبۆچوونی جیاوازیان لەسەر هەیە... بفەرموون.

**بەڕێز یونس محەمەد سەلیم رۆژبەیانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

تاکو ئەنجوومەنی وەزیران دادەمەزرێت ومەفەرەزەی پۆلیس دادەنرێت بۆ ئێرە، بە رای من هەندێ هەنگاوی بەپەلە هەیە بنرێت باشە. لەوانە: لیژنەیەک هەبێت بۆ ئەو ئیشوکارانە و من پێم باشە ئەو حەرس و پێشمەرگانەی دەرەوە رێک بخرێن، بۆ شەوانیش پاسەوانی تایبەت بۆ ناو پەرلەمان دابنرێت.

ئەوانەشی کە دێنە ژوورێ لە کارمەندو لە ئەندامانی پەرلەمان ئێمە پێمان باشە بەر لەوەی کە بێنە ژوورەوە تەفتیش بکرێن.

هەروەها پێم باشە لیژنەیەکیش لە ناو پەرلەمان ولە دەرەوەیدا هەبێت بۆ ئەوەی سەرپەرشتی ئەم ئیش وکارانە بکات و، سوپاس.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

هەموو دەزانین کە کەس نابێت بە دەمانچەوە بێتە ژوورەوە، بەڵام کە دیتمان رێزی یاسا ناگرن دەبێ سنووریان بۆ دابنێین، بۆیە با چەند کەسێک لە دەرەوە هەبن کە بتوانن هەموو کەسێک بپشکنن، هەرچەندە ئەمە خۆی شتێکی ناشیرینیشە، سوپاس.

**بەڕێز محەمەد تۆفیق رەحیم / وەزیری بارمەتی مرۆڤایەتی وهاوکاری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من پشتگیری لەپێشنیاری برادەران دەکەم و، داوا دەکەم کە کەس بەچەکەوە نەیەتە ژوورەوە، سوپاس.

**بەڕێز محەمەد عەبدولقادر ئەحمەد/ وەزیری ئەوقاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من پشتگیری لەم پێشنیارە ناکەم، ئێمە هەموو ئەندامی پەرلەمانین و دەبێ خۆمان پەیرەوی لەو

شته بکەین، سوپاس.

**بەڕێز ئازاد فـــەتاح ڕەشـــیـــد مـــیـــران :**

**بەڕێز ســـەرۆکی ئـەنجـــومـــەن.**

سـەبارەت بە جل لەبەرکـردن، دەڵێم با ئەندامـانی پەرلەمـان جلی ڕەسـمی تەواو لەبەر بکەن، سوپاس.

**بەڕێز ســـەرۆکی ئـەنجـــومـــەن:**

ئەو کارمەندانەی لێرە کار دەکەن دەبێ ناسنامەی تایبەتیان هەبێ، دەبێ جل وبەرگی یەکگرتوو لەبەر بکەن، بەڵام لێرە گرفتی ئەوە هەیە کە هەمـووان ناتوانن یەک جل لەبەر بکەن، بەتایبەتی ئەوانەی کە ناتوانن جگە لەجلی کوردی شتی تر بپۆشن.

**بەڕێز د.ڕۆژ نووری شـاوەیس/ جێگری سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز ســـەرۆکی ئـەنجـــومـــەن.**

وابزانم جلی کـوردی ئەگـەر بە ڕێکوپێکی لەبەر بکرێ مـەقـبـوڵە لەپەرلەمـاندا، هەروەها جلی نەفەندی، چاکیت وپانتۆڵ وبۆینباغ ئەویش مەقبوڵە، ئەمانە هەردووک دەگونجێن و ئەشێ بەجلی ڕەسـمـییان دەبنێین، هەروەها ئەوانەی لێرە ئیش دەکەن دەبێ ئەوانیش جلی تایبەتیان هەبێت بۆ ئەوەی جیـا بکرێنەوە لە ئەندامـانی پەرلەمـان، ئـەمـە شـێـوەیەکی جـوان وڕێکوپێکە و وردە وردە دەبێتە باو، سوپاس.

**بەڕێز مـەلامـحـەمـەد ئەمین عـەبدولحـەکـیم:**

**بەڕێز ســـەرۆکی ئـەنجـــومـــەن.**

هەست دەکەم کات زۆر بەفیڕۆ دەدەین، ئێمە ئیشی زۆرمان لەپێشە، سوپاس.

**بەڕێز فـــرەنـــسـۆ تـۆمـــا هـەریری:**

**بەڕێز ســـەرۆکی ئـەنجـــومـــەن.**

پێشنیارەکەی من ئەوەیە مادەی (٥٨) جێبەجێ بکرێ، پێم وایە پێویست بە قسەکردنیش ناکات چونکە یاسایە.پشتگیریش لە پێشنیارەکەی د.ڕۆژ دەکەم ، سوپاس.

**بەڕێز یۆنادم یوسف کنـا/ وەزیری ئـەشـــغـــال:**

**بەڕێز ســـەرۆکی ئـەنجـــومـــەن.**

خۆپاراستن لەهەموو پەرلەمانەکانی جیهاندا هەیە، دەتوانین ئامێری تایبەتیش بۆ ئەم مەبەستە بەکـار بەرین بۆ ئەوەی پێـویـست بەپشکنین نەکـات. هەروەها دەبێ هەندێک چاوەدێری خـەڵک و ئەو ئامێرانەیش بکرێت کە دەهێنرێنە ژوورەوە، سوپاس.

**بەڕێز ســـەرۆکی ئـەنجـــومـــەن:**

ئەوەش وەکو وتمان بەندە بەو توانایەوە کە هەمانە و، پاش ئەوەش پەیوەندی بەو هێزەوە هەیە کـە پێکدەهێنرێت و ئیشوکاری بۆ دیاری دەکرێت. دەمێنێتەوە جلی ڕەسمی ، مەسەلەی جلی کوردی

بێت ئەوا مەرج نیە جەمەدانی لەسەر بێ، یا لەسەری نەبێت، سەبارەت بە جلی تریش بڕیامان ئەوەیە کە لیژنەیەک دابنێین بۆ دیاریی کردنی رەنگ وجۆری قات وبۆینباغ، لە پەرلەمانانیشدا وا باوە کەقات وبۆینباغ لەبەر بکرێ.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەراستی سەبارەت بە قات وبۆینباغ، ئەوە دەبێ حیسابی کەشوهەوای ولاتەکە بکەین. بەنیسبەت سەرۆکایەتیشەوە رەنگە بۆ ئەوان قات و بۆینباغ پێویست بێ، سوپاس.

**بەڕێز د. عیززەدین مستەفا رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەم شێوەیە ئازادیی لە خۆشمان دەسێنینەوە، هەر ئەوەندە بەسە کە بلێین ئەبێ بەدیمەنێکی لایەق وتەمیزەوە بچینە ناو خەلکەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

پێم وا نیە کە ئەمە زەوت کردنی ئازادیی تاکە کەسی بێت، بەلکو بەجێ هێنانی هەندێ داب ونەریتە.

**بەڕێز مەلا محەمەد ئەمین عەبدولحەکیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەلای ئێمەوە جلی کوردی زۆر پیرۆزە، پێشنیار دەکەم هەتا نافەرەتەکانیش بەجلی کوردیەوە بێنە دەوام، سوپاس.

**بەڕێز مەلا محەمەد شەریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

منیش پشتیوانی لەوە دەکەم،سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

لەدەستەی سەرۆکایەتی پەیڕەوی جلی رەسمی دەکەین، برادەرانی ئەنجوومەنی وەزیرانیش ئەگەر جێبەجێیی بکەن باشە، ئەگەر ئەشتانەوێ دەیکەین بەبڕیار، یان هەرکەسێ لەسەر خواستی خۆی جل لەبەر بکا ؟! ئەویش باس دەکەین.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد رشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

هەر کەسێک چی لەبەر دەکا با بە ئارەزووی خۆی بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

دیاری کردنی بۆچوونەکانمان لەم بارەیەوە شتێکی خراپ نییە، با بە لەسەرخۆیی قسەی لەسەر بکەین.

**بەڕێز فـــەلەكـــەدین ســـابیـــركـــاكـــەیی:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆكی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

جگە لەم بابەتە، ئەوەشمان هەیە کە هەندێک لە ئەندامانی لیژنەکان بوونەتە وەزیر و، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی لە لیژنەکاندا هەندێک بۆشایی دروست ببێت کە پێویستییان بەپڕکردنەوەیە، سوپاس.

**بەڕێـز ســـــــەرۆكی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

ئەمە لەبەرنامەی کاری ئەمڕۆماندا نەبوو، ئەگەر پێتان باشە زیادی دەکەین وگفتوگۆی لەسەر دەکەین؟

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆكی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

ئێمە لەئەنجوومەنی وەزیرانەوە داوای سلفەمان کردووە، جا ئەگەر بکرێت ئەو خاڵە پێش بخرێت ئەوجا ئەوانی تر گفتوگۆیان لەسەر بکرێت، سوپاس.

**بەڕێـز ســـــــەرۆكی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

ئێستا دەگەڕێینەوە سەر خاڵی سولفە کە لەبەرنامەی کاردا تۆمار کراوە، مەسەلەی پڕکردنەوەی لیژنەکان ودەسنیشان کردنی بەرپرسی لیژنەکانیش خاڵێکە دواتر باسی لێوە دەکەین.

**بەڕێز ســـیـــروان مـــحـــمـــەد نەورۆلی:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆكی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

ئەگەر ئەکرێ ئەنجوومەنی وەزیران بەکورتی باسی کۆبوونەوەکانی خۆیانمان بۆ بکەن، سوپاس.

**بەڕێـز ســـــــەرۆكی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

لەسەر داوای ئەندامانی ئەنجوومەن، ئەگەر ئەشێ با ئەنجوومەنی وەزیران بەکورتی باسی کاروباری خۆیان بۆ پەرلەمان بکەن، سوپاس.

**بەڕێز عـــەدنان مـــحـــمـــەد نەقـشـــبـــەندیی:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆكی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

پشتگیری لەقسەکانی بەڕێز سەرەک وەزیران دەکەم، ئەوجا پێشنیاری ئەوە دەکەم کە ئەنجوومەنی وەزیران بەزوویی سەرژمێرییەکی گشتیی ئەنجام بدا، چونکە سەرکردەی حزبەکان بەتەمای هەڵبژاردنی (رابەر)ن، هەروەها داوا دەکەم کە ماوەی یاساکەشی درێژ بکرێتەوە، چونکە زۆری نەماوە ماوەکەی بەسەر بچێ، سوپاس.

**بەڕێـز ســـــــەرۆكی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

مەبەستت ئەوەیە:

یەکەم/ سەرژمێری بکرێ.

دووەم/ ماوەی یاسای (رابەر) درێژ بکرێتەوە.
وەکو وتیشمان ئەنجوومەنی وەزیران داوای سولفەیەک دەکەن لەسنووری (٢)ملیۆن دینار بۆ بەڕێوەبردنی ئیشوکاری خۆیان تاکو بودجەی خۆیان دادەنێین.

**بەڕێز محەمەد تۆفیق رەحیم/ وەزیری پارمەتی مرۆڤایەتی وهاوکاری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پشتیوانی لەو پێشنیارە دەکەم کە سلفەیەک بدرێ بە ئەنجوومەنی وەزیران بۆ ئەوەی دەست بە کاری خۆیان بکەن، سوپاس.

**بەڕێز د.رۆژ نووری شاوەیس/جێگری سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەراستیدا ئەنجوومەنی وەزیران دامەزراوە و، یەکەم کۆبوونەوەی خۆی کردووە وداوای کاریشی لێ دەکرێ، کارکردنیش بەبێ سولفە ئەنجام نادرێ، کە زۆر پێویستە بۆ ئەوەی ئیش وکاری خۆیان جێبەجێ بکەن، سوپاس.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەو لیستی خەرجکردنەمان ئێستا لەبەر دەستدا نیە کە پەرلەمان داوای دەکا، ئەمەی کە داوامان کردووە تەنها سولفەیەکە، دوایی ژمیاریاری پەرلەمان دەتوانێ لێی بپێچێتەوە، لیستە تەفسیلیەکە زۆر لەوە زیاتر دەبێ ، جگە لەوەش دوا دەکەوێ، بۆیە داوای سولفەمان کرد، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێم وایە داواکەی حکوومەت لەجێی خۆیەتی، چاکتر وایە پەلە بکرێ لە چۆنیەتی پەیدا کردنی ئەو پارەیەدا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

پێشنیارێک هەیە ئەویش ئەوەیە کە ئەنجوومەنی وەزیران داوای (٢)ملیۆن دینار دەکەن وەکو سولفە. کێ لەگەڵ پێشنیارەکەدایە تکایە با دەست بەرزبکاتەوە.. دەست بەرزکرایەوەو ئەنجوومەن بەتێکڕای دەنگ لەسەر پێشنیارەکە رازی بوو.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەپێی ئەو بڕیارانەی کە هەمانە لەمەو دوا داهاتەکانی گومرک سەر بەوەزارەتی دارایی وئابووری دەبێت وەکو ئێوە بڕیارتان لەسەردا، ئەوا ئێمەش پشت بەو بڕیارە دەتوانین کاری خۆمان خۆمان

جێبەجێ بکەین،سوپاس.

**بەڕێز مـــەلا مـــحـــەمـــەد شـــەریف:**

**بەڕێز ســـەرۆکی ئـەنجـــوومـــەن.**

پێشنیار دەکەم ئەو سەیارانەی کە بۆ وەزیرە بەڕێزەکان دەکڕدرێن، با بە ناوی وەزارەتەکانەوە تۆمار بکرێن، سوپاس.

**بەڕێز ســـەرۆکی ئـەنجـــوومـــەن:**

زۆر کەلوپەل وشتومەکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی لە دائرەکاندا هەیە، کە پێویستیان بە بڕیارێکە، بەڵکو ئەنجوومەنی وەزیران موطالعەیەک لەم بارەیەوە ئامادە بکات.

**بەڕێز ئـازاد فـــەتاح رەشـــیـــد مـــیـــران:**

**بەڕێز ســـەرۆکی ئـەنجـــوومـــەن.**

(١٥) وەزارەت هەیە، پێم وایە (٢) ملیۆن دینار کەمە، سوپاس.

**بەڕێز ســـەرۆکی ئـەنجـــوومـــەن:**

ئەنجوومەنی وەزیران خۆیان ئەوەندەیان داوا کردووە.

سـەبارەت بە هەندێ لە لیـژنەکـانیش، وەختـی خـۆی بڕیارمـاندا کـە پڕ بکرێنەوە، بەڵام پڕ نەکراونەتەوە بە تایبـەتیش دوو لیـژنە: (لیـژنەی کـاروباری کـۆمـەڵایەتی)، کـەوا بزانم برادەرانی لیستەی سەوز تاکو ئێستا نوێنەرانی خۆیان بۆ دیاری نەکردووە، هەروەها (لیژنەی پیشـەسازی و وزە)ش کـە بڕیار بوو بکرێ بە چوار کـەس، ئنجـا وابزانم دەبوایە هەر لایەنێک و ئەندامـێکی بۆ زیاد بکردایە، کە نەکراوە، لەوەش گرنگتر ئەوەیە کە سەرۆکی ئەو لیژنانە دیاری بکرێن، چونکە لەوانەیە لەم رۆژانەدا پێویستیمان بەوە هەبێ کە قسەیان لەگەڵدا بکەین.

**بەڕێز یۆنادم یوسف کنـا/ وەزیری ئـەشـــغـــال:**

**بەڕێز ســـەرۆکی ئـەنجـــوومـــەن.**

کـە ئەنجـوومـەنی وەزیران دامـەزرا ئەوە بەرەسـمی رانەگـەیەنرا، واتە مـەرسـومـێک یا بەلاغـێک دەرنەچوو کە (ئەمین عام)ەکان لەکار بخاتَ، بۆیە دەبێ ئەوە بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز ســـەرۆکی ئـەنجـــوومـــەن.**

دوای ئەوەی کە مەراسیمەکان تەواو بوو، هەر لێرە بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن مەرسومێک، یان بەیانێک، یا تەعـمیـمێکی دەرکرد، ئەوەش بڵاوکرایەوە کە لە ئەمانەتەکـاندا کـەس ئەمـینداری گشـتی نیە، بەڵکو هەمـوو کـارمـەندی خـوارەوەن، لەبەر ئەوەی نە ئەمـینداری گشـتی مـاوە ونە جـێگرەکـەی، بۆیە کـەس نەمـاوە تا تبلیغ بکرێ، ئەمـڕۆش هەندێ لە برا وەزیرەکـان چوونەتە وەزارەتەکانی خۆیان، سوپاس.

**بەڕێـز ســــــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

تاکو ئێستا ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان شتێکی بڵاو نەکردۆتەوە لەو بارەیەوە، دوێنێ شتێکمان کرد، بەڵام دوایی کێشامانەوە و بڵاومان نەکردەوە ئەویش لەبەر داڕشتنەکەی، ئێستاش بابزانین کاروباری لیژنەی داڕشتنەوە به کوێ گەیشتووە؟.

**بەڕێز فــــەلەکــــەدین ســــابیــــر کـــاکــــەیی:**

**بەڕێـز ســــــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

بۆ ڕێک خستنەوەی لیژنەکان، مەبەستم ئەوە بوو کە هەموو لایەک پێویستی بە ڕاوێژ کردن هەیە، تاکو بزانین کە کێ دادەنێین وکێ دانانێین، تکاشم لە برادەرانی هەردوو کتلەکە ئەوەیە کە بۆ سبەی و دوو سبەی ئەو جێگایانە پڕ بکەنەوە، سوپاس.

**بەڕێـز ســــــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

ئێمە دەبێ ئەو خاڵە بۆ دانیشتنێکی تر هەڵگرین جا با دیاری بکەین.

**بەڕێز محەمەد تۆفیق ڕەحیم/وەزیری بارمەتی مرۆڤایەتی وهاوکاری:**

**بەڕێـز ســــــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

ئەو بابەتە دەبێ لە بەرنامەی کاری سبەینێ بچەسپێنین، سوپاس.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێـز ســــــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

بەراستی دەبێ هەر وەزیرێک بچێتە وەزارەتەکەی خۆی ولە نزیکەوە هەموو مەسەلەکان تەماشا بکات وبزانێ کە هەیکەلی وەزارەتەکەی چۆنە و، چەند شاغری هەیە و، چەند کەسی وای تێدایە کە پێویستیان بەگۆڕینە، مەبەستیشم ئەوە نیە کە هەرچی هەیە بەبڕیارێک هەمووی لابەرێ، چونکە لەو ئەمانەتانەدا زۆر کەس هەن کە شارەزاییان هەیە و مرۆڤی باش بوون وخراپەیان نەکردووە و، ئەشێت لەبەر هەندێ هۆ هەندێ لەوانە لە شوێنەکانی خۆیان نەهێڵینەوە و ئیشی دیکەیان پێ بسپێرین، چونکە ناتوانین بڕیارێکی گشتی لەو بارەیەوە بدەین، بەڵکو دەبێ هەر وەزارەتێک تەماشای پێویستی خۆی بکات و، هەر یەکێک حاڵەتێکی تایبەتیە و دەبێت بەتەنها لێی بکۆڵرێتەوە، ئینجا بڕیاری لەسەر بدرێ، ئەمەش (٦-٧) ڕۆژ دەخایێنێت، سوپاس.

**بەڕێـز ســــــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

برادەران داوایان کرد بزانن کە ئەنجوومەنی وەزیران چی کردووە.

**بەڕێز یۆنادم یوسف کنا/ وەزیری ئەشـــغـــال:**

**بەڕێـز ســــــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

دەسەڵاتی جێبەجێ کردن و دەسەڵاتی یاسادانان لەیەک جیاوازن، لەم بارەیەوە لە برا یاساناسەکان

دەپرسین. بۆ بەپێی یاسا نەوتراوە ئەوەی لەدەسەڵاتی جێبەجێ کردندا کار بکات، نابێت لەدەسەڵاتی یاسادانانیشدا کار بکات؟، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ناکرێ هەر برادەرێک کە ئەندامی پەرلەمانە و وەزارەتێکی وەرگرتووە، لە هەمان کاتدا لە لیژنەیەکی هەمیشەیی پەرلەمانیشدا هەبێت، بەڵام بەپێویستی دەزانم هەر ئەندامێکی پەرلەمان کە وەزارەتی پێ سپێردرا لە باتی ئەو دەبێ برادەرێکی دیکە لە هەمان لیستەوە بێتەوە جێی ئەو، چونکە وەزارەتەکان دەکەونە سەر کاروباری خۆیان و وەزیرە بەڕێزەکان ئیتر ناتوانن هەموو رۆژێک، یاخود بە بەردەوامی لە کۆبوونەوەکانی پەرلەماندا بەشدار بن، بە گوێرەی پێڕەوی ناوخۆیش ئەگەر هاتوو هەر ئەندامێک لە سێ دانیشتندا دواکەوت، یا نەهات ئەوا ئیجرائاتی لەگەڵدا دەکرێ، سوپاس.

**بەڕێز د.رۆژ نووری شاوەیس/جێگری سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

خۆی راستە ئەو بەڕێزەی کە ئەندامی پەرلەمانە وئەبێتە وەزیر یا ئیشێکی وەزاری وەردەگرێ لەوانەیە ئەوە ئیشوکاری ناوەوەی پەرلەمان دوا بخات، بەڵام مەسەلەی مانەوەی لە پەرلەماندا بەندە بەکتلەکەیەوە، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

نابێ وەزیر لە لیژنەکاندا دابنرێن، بەڵام نەشێ لە پەرلەماندا بمێننەوە، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من لاگیری قسەکانی بەڕێز د.رۆژ وکاک حەسەن دەکەم، بەڵام لەسەر قسەکەی کاک ئەیاد سەرنجێکم هەیە و بە شتێکی منطقی دەزانم کە ئەندامی ئەنجوومەن لەبەر ئەوەی کە وەزیرە ئیستیقالە بدات، بەڵام ئەگەر بڕوای لێ نەسەندرایەوە ئیتر ئەو گوناهی چییە کە لە ئەندامەتی بێ بەش بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز محەمەد تۆفیق رحیم/ وەزیری یارمەتی مرۆڤایەتی وهاوکاری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

نابێ وەزیر لە لیژنە هەمیشەییەکانی پەرلەماندا ئەندام بێ، ئەمە یەک. دووهەم: ئەوپرسیارەی کە دێتە پێشەوە ئەوەیە کە ئایا وەزیر بە ئەندامی پەرلەمان بمێنێتەوە، یاخود ئیستیقالە بدات؟ وابزانم ئەمە وەکو برادەران باسیان کرد دەگەڕێتەوە بۆ کوتلەکەی خۆی و، ئەوان بڕیاری لەسەر دەدەن، بەڵام دەمەوێ تێبینەک دەربرم دەربارەی ئەو برادەرانەی کە کاتی خۆی یاسای ئەنجوومەنی

نیشتمانییان بۆ ئامادە کردوین و وتویانە ئەبێت وەزیر ئەندامی پەرلەمان بێت، یاخود لە دەرەوەی پەرلەمان بێت، ئەبوایە ئەوان وەختی خۆی ئەو مەسەلەیەیان یەک لا بکردایەتەوە و بڕیاریان بدایە ئەو یاسایە بگۆڕن بۆ نیزامێکی پەرلەمانی، یاخود نیزامێکی رئاسی، بەلاّم ئەو برادەرانەی کە ئەو یاسایەیان بۆ ئامادەکردوین، من رێزم هەیە بۆیان، دیارە نەیان توانیوە خۆیان ماندوو بکەن و بڕیار بدەن کە نیزامەکە نزامێکی رئاسییە یا پەرلەمانییە. من بەش بەحالّی خۆم لایەنگیریی نیزامی پەرلەمانی ئەکەم کە واپێویست دەکا هەموو وەزیرێک ئەندام بێت لە پەرلەماندا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

نابێ یەکێک هەم وەزیر بێت وهەم ئەندامی پەرلەمانیش بێت، یاساکە رێی ئەوە نادات، هەر لیستێکیش کە یەکێک لە ئەندامەکانی دەکا بە وەزیر دەبێ لە جێی ئەو ئەندامێکی دیکە بۆ پەرلەمان بپالێوێ، دەبێ لێرە هەمیشە(١٠٥) ئەندام ئامادە بن، ئەمە ئاشکرایە، ئەگەر کەسی دیکەیش شتی تری هەیە با بفەرمووێت.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەو یاسایە بۆ کاتێک دانراوە کە هەڵبژاردن بازنەیی بێ، بەلاّم دوایی هەڵبژاردن لەسەر شێوەی رێژەیی ئەنجام درا، کەچی یاساکە بەگوێرەی ئەوە راست نەکرایەوە، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حاجی ئامق:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەم مەسەلەیە بۆ کاتێکە ئەگەر هاتوو وەزیر لەکارەکەی (تجرید) کرا، یاخود وەزارەتەکە هەڵوەشایەوە ئەوسا دەتوانێ بێتەوە بۆ پەرلەمان و، جێی ئەو کەسە بگرێ کە هاتۆتە شوێنەکەی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

دەچینەوە سەر بەرنامەی کاری خۆمان وداوا لەسەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران دەکەین کە کورتەیەک سەبارەت بە کاروباری خۆیان پێشکەش بەپەرلەمان بکەن .

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دوێنێ یەکەم کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی وەزیران بەستراو، هەموو برا وەزیرەکان لە جێی خۆیان دامەزراوون، تەنها وەزیری عەدل نەبێ کە تا ئێستا دەست نیشان نەکراوە، سەرتای کۆبوونەوەکەش بەهەندێ رێسای ئیش کردن دەستی پێ کرد کەوا ئەنجوومەنی وەزیران ئەرکەکەی ئەوەیە بڕیارەکانی پەرلەمان جێبەجێ بکات و، ئەو ئیشوکارانەشی کە هی وەزارەتەکانن دەبێ هەر وەزیرێک ئیشوکارەکانی خۆی بکات ولە وەزارەتەکەی خۆیدا بزانێ ئیشوکارەکەی چییەو، چەند شاغیری هەیە وحالەتی کارمەندو فەرمانبەرە گەورەکانی یەکە یەکە دەست نیشان بکات و، زیاتر

تەئکیدمان لەسەر ئەوە کردەوە کە ئەنجوومەنی وەزیران دەبێ وەک تەواوکەری یەکتری نیش بکەن و، نابێ ئەنجوومەنی وەزیران ببێتە گۆڕەپانی ململانێی حزبایەتی، چونکە حزبایەتی شوێنی تری خۆی هەیە، ئەگەر شتێکیش هەبوو باحەواڵەی مەکتەبی سیاسی بکرێت وئەوان لەوێوە بڕیاری لەسەر بدەن و، ئەگەر شتێکی یاساییش بوو ئەوە دیخەینە بەردەستی پەرلەمان کەبڕیاری لەسەر بدات، هەمووشمان بڕیارمان لەسەر ئەوەدا کە پێبەندیی ئەو ڕێسایانە بکەین، دوای ئەوەش هەندێ شتی تری خۆمان دەست نیشان کرد، وەک ئەوەی داوای ئەو سلفەیە بکەین لە ئێوەی بەڕێز، دوای ئەوەش حالەتێک پەیدا بووە کە فەرمانبەرەکان دەوام ناکەن، بۆ ئەمەش تەعمیمێکمان بڵاوکردەوە وگوتمان کە دەبێ فەرمانبەر وکارمەندان دەوام بکەن، لە پێشیانیشەوە وەزیرە بەڕێزەکان خۆیان. دوای ئەوەش سەبارەت بەو حالەتەی کە بڵاوبۆتەوە لە سەرتاسەری کوردستاندا و هەمووکەس دەست درێژی بۆ ممتەلەکاتی دەوڵەت دەکات بۆ ئەویش تەعمیمێکی ترمان دەرکرد. ئێستاش یەک لە گرفتەکانمان ئەوەیە ئەو وەزارەتانەی کە تازەنە لە کوێ شوێنیان بۆ پەیدا بکەین؟ هەر بەرامبەر بە بینایەی پەرلەمانیش ئەو هەموو بینا گەورانەی هی معسکر بوون، بۆ بە قوڵینگ وچەکوش لێیان دەدرێ و شتەکانیان دەبردرێن و لە بازاڕی ڕەشدا دەفرۆشرێن؟!، نەک هەر لە کوردستانیشدا نایفرۆشنەوە، بەڵکو بۆ دەرەوەشی دەنێرن، دەبێ هەوڵی ئەوە بدەین کە ئەو کارە رابگیرێ، چونکە هەندێ خانووبەرە ماون کە هێشتا قوڵینگ و چەکوش وئەوانەیان پێ نەگەیشتوە.

ئەوە کورتەی ئیشوکارەکانمان بوو، بە پێی ئەو پرۆگرامەشی کە بەناوی ئەنجوومەنی وەزیرانەوە پێشکەش بەئێوەی دەکەین ، ئەوا هەر وەزیرێکیش بە حکومی پسپۆڕی خۆی چ سەرنجێکی هەیە دەبێ لە ئەمڕۆوە تا بەیانی پێشکەشی بکا، بۆ ئەوەی ببێت بە بەرنامەیەک وئومێدەوارین کە بتوانین ڕۆژی پێنج شەممە لێرەدا پێشکەشی ئێوەی بەڕێزی بکەین، سوپاس.

**بەڕێز عەبدولخالق محەممەد ڕەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەی دەربارەی وەفدەکەمان کە بڕیارە بۆ دەرەوەی وڵات بچێت، چی تازە هەیە؟ سوپاس.

**بەڕێز شەوکەت حاجی موشیر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پرسیارێک هەیە، بۆچی وەزارەتی داد تا ئێستا دواخراوە؟ ئایا حزبی تر بە نیازن لە حکوومەتدا بەشداری بکەن؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەگەر جەنابی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران ئەوەمان بۆ ڕوون بکاتەوە.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەنیسبەت دامەزراندنی ئەنجوومەنی وەزیران بەو شێوەیەی کە هەیە و، سەبارەت بە هەندێ لایەنیش کە بەشدارییان تێدا نەکرد، بە بۆچوونی ئێمە هەندێ کێشەی ناوخۆیان هەیە، هەندێ مەرجیشیان هەبوو زەحمەت بوو لێیان قەبووڵ بکەین، بۆ وەزارەتی دادیش هەندێ لایەنی هونەریی تێدایە، ئەو کەسەی ئەوانیش دیاریان کردووە یاساناس نەبوو، بۆیە داوایان لێ کرا کە یەکێکی یاساناس بۆ ئەو پلەیە بپاڵێون، ئەگینا ئێمە هیچ لاریمان لەسەر خودی ئەوکەسە نییە کە ئەوان دیارییان کردووە، بەڵکو ئێمە ڕێزیشمان گرتووە، سوپاس.

**بەڕێز مەلا موحسن خالید مستەفا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەو ڕەخنەیەی کە لە بارەی وەزارەتی دادەوە گیرا هەمان ڕەخنەیە کە دکتۆرەکان بەرامبەر بە وەزارەتی تەندروستی وکاروباری کۆمەڵایەتی دەیگرن، سوپاس.

**بەڕێز د. حەمە نەجم حەمە فەرەج جاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەم پرسیارە زۆر جار لە من کراوە، بەڵام د.فوئاد جوابی داوەتەوە. زۆر جار لە عێراقیشدا وەزیر خۆی پسپۆڕ نەبووە بەڵام جێگرەکەی پسپۆڕ بووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەی سەبارەت بە سەرژمێریی؟.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

سەرژمێریی بابەتێکی زۆر گرنگە، بەڵام دەبێ دیکۆمێنت هەبێ،کە ئێستا لەبەر دەست نەماوە، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێشنیار دەکەم کە بەڕێوەبەرایەتی ئەحوالی مەدەنی ببەسترێت بە وەزارەتی تەندروستی وکاروباری کۆمەڵایەتیەوە، خەڵکی کوردستانیش خۆیان پیتاقەی ئەحوالی مەدەنیان هەیە، سوپاس.

**بەڕێز مەلا محەمەد ئەمین عەبدولحەکیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

سەرژمێری بۆ ساغ کردنەوەی کاروباری ئەنفالەکانیش زۆر پێویستە، سوپاس.

**بەڕێز فـــــرەنســـــۆ تۆمـــــا هەریری:**

**بەڕێز ســـــەرۆكی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

پشـتگیـری لە پێـشنیـارەكـە دەكـەم وپێم وایە كـە دەبێ كـارەكـە بە(ئاوەدان كـردنەوە)، یا بە(نەخشەدانان)ەوە ببەسترێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز جـــــەمـــــیل عـــــەبدی سندی:**

**بەڕێز ســـــەرۆكی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

پێویستە سەر ژمێریی لەكاتێكدا بكرێ كە بارودۆخ ئاسایی بێت، سوپاس.

**بەڕێز یۆنادم یوسف كنا/ وەزیری ئەشغال ونیشتەجێ كردن:**

**بەڕێز ســـــەرۆكی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

سەركەوتنی هەر میللەتێك پەیوەستە بە پرۆگرام و نەخشە دانانەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.عـــیـــزەدین مـــســـتـــەفـــا رەســـول:**

**بەڕێز ســـــەرۆكی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

كەس نكوڵی لەوە نیە كەپێویستمان بەسەر ژمێریە، بەڵام تا سەرژمێریی دەكەین پێویستە باری ئابووریی خەڵك چاك بكەین، سوپاس.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/ سەرۆك وەزیران:**

**بەڕێز ســـــەرۆكی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

جا سەر ژمێری لەبەر ئەوە پێویستە، سوپاس.

**بەڕێز ئەحـــــمـــــەد طاهر نەقـــشـــبـــەندی:**

**بەڕێز ســـــەرۆكی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

تا پەلەش بكرێ باشترە بەراستی دەبێتە بنەمایەكی سەرەكی بۆ هەموو نیشەكان، سوپاس.

**بەڕێز عـــەدنان مـــحـــەمـــەد نەقـــشـــبـــەندیی:**

**بەڕێز ســـــەرۆكی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

نەمـانوتووە سەرژمـێری با بۆ فلانە شت بكرێ. بەڵام بۆ تێـركـردنی خـەڵك و، رێگەگـرتن لەدزیی دەبێ پەلە لەسەر ژمێریی بكەین، سوپاس.

**بەڕێز ســـــەرۆكی ئـەنجـــــوومـــــەن:**

ئەگەر رازین ئەوا بۆ ئەنجامدانی سەرژمێری لە پەرلەماندا لیژنەیەكی كاتی پێك دێنین، بۆ ئەوەی لێكۆڵینەوەیەكمان لەم بارەیەوە بۆ ئامادە بكات وئێمەش دەیخەینە بەردەست ئەنجـوومەنی وەزیران بۆ جێبەجێ كردنی.

**بەڕێز حـــســـەن عـــەبدولكەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز ســـــەرۆكی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

ئەگەر پسپۆڕانی سەرژمێریی لەناو پەرلەماندا نییە، ئەوا پێم وایە كە دەبێ حكوومەت بۆ خۆی

لیژنەیەک لەم بارەیەوە دەست نیشان بکات، سوپاس.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بڕیار بوو وەفدێکی پەرلەمانیی بۆ کۆکردنەوەی یارمەتی بچێتە دەرەوە، بەڵام دیارە چوونەکەی دواخراوە، سوپاس.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەر ژمێریی کارێکی ئیداریە وئیشی ئەنجومەنی وەزیرانە، دەبێ ئەنجومەن بزانێ سەر بەچ وەزارەتێکە و، پێویستە بە زووترین کات پسپۆڕەکانی سەرژمێریی بانگ بکەن بۆ ئەوەی دەست بدەنەکار، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە دەیکەین بە پێشنیازێک بۆ دیاری کردنی کاتی ئەنجامدانەکەی، کێ پێشنیارێکی تری هەیە لەسەر ئەم بابەتە؟

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیاریکردنی کاتەکەی زۆر زەحمەتە، پسپۆڕان خۆیان ئەزانن چەندی دەوێ و، ئەوان دەبێ ئاگادارمان بکەنەوە، سوپاس.

**بەڕێز مەلا هادی خدر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەموو جارێک سەرژمێریی لە پشووی هاویندا کراوە، بۆ ئەوەی مامۆستاکان بتوانن بەشداری لەجێبەجێ کردنیدا بکەن. چاک وایە پرسیار لەوانەی دەرەوەش بکەین کە شارەزاییان لە کاروباری سەر ژمێریدا هەیە، سوپاس.

**بەڕێز فەلەکەدین سابیر کاکەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێش هەڵبژاردنیش باسی سەرژمێریی کرا، شارەزا و دائیرەی پسپۆڕیش لە کوردستاندا هەن و کارەکە زۆر زەحمەت نیە، بەڵام چەند پەلەی لێ بکرێ ئەوەندە باشترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

باشە با بەو شێوەیە بێت، با ئەنجوومەنی وەزیران لەو بارەیەوە بەپەلە ئاگادارمان بکاتەوە. کێ لەگەڵ ئەو رایەدایە؟.. کێ دژیەتی؟.. کەواتە بەگشتی را پێشنیارەکە پەسەند کرا.

ئێستاش ئەوەی ماوە کە بیچەسپێنین (یاسای رابەر)ە، فەرموون کێ قسەی هەیە؟.

**بەڕێز فەلەکەدین سابیر کاکەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

درێژکردنەوەی ماوە یاساییەکەی دیارە زۆر پێویستە، چونکە پەیوەندی بەزۆرشتی ترەوە هەیە، بەلای منیشەوە دواخستنەکەی دەبێ لە دوومانگ کەمتر نەبێت، بۆ ئەوەی هەلی هەڵبژاردنیش هەبێت، سوپاس.

**بەڕێز مەلا محەمەد عەبدولقادر/وەزیری ئەوقاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بۆ ئاسان کردنی هەڵبژاردن پێویستە پێشتر سەرژمێریی بکرێت، هەمووش دەزانین کە لەبەر نەبوونی ئامار لە هەڵبژاردنی رابردوودا چ تەنگ وچەڵەمەیەکمان تووش هات، سوپاس.

**بەڕێز د.عیزەدین مستەفا رەسول:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

وابزانم ئەو مەسەلەیە یەکێکە لەمەسەلە گەورە وگرنگەکان، لەبەر ئەوە من لەگەڵ ئەوەدام کە هەر لە بنەڕەتەوە یاسایەک بەناوی (رابەر)ەوە نەبێت، بەلام لە هەموو حالەتێکدا با هەڵیگرین بۆ جارێکی تر بڕیاری لەسەر بدەین، سوپاس.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

با مەسەلەکە دوا بخەین ونەیبەستین بەسەر ژمێرییەوە، هەرکاتێکیش سەرژمێری کرا ئەوسا بگەڕێینەوە سەر یاسای رابەر، سوپاس.

**بەڕێز مەلا محەمەد ئەمین عەبدولحەکیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

تاقیکردنەوەی لەمەو پێشمان هەیە، هەموو دەزانین کە لە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستاندا چ رووی دا. ئینجا ئەو ئەزموونە دەبێ دووبارە نەبێتەوە، لەلای من وایە (مەسەلەی

رابەر) زۆر زۆر لەوەش گرنگترە، لەبەر ئەوە دواخستنی کێشەی (رابەر) پێویستە، سوپاس.

**بەڕێز شـــەوکـــەت حـــاجی مـــوشـــیـــر:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

مەسەلەی هەڵبژاردنی (رابەر) زۆر گرنگەو، بە واتایەکی تر و بە شێوەیەکی تر ئەشێ بڵێین لە وڵاتی ئێمەدا و لە ناو میللەتی ئێمەدا ئەو هەموو هەڵبژاردنانەی کە دەکرێن میللەتەکەمانی پێ (ازعاج) دەبێ و، لەساڵێکدا دوو هەڵبژاردن پێم وایە باش نییە، سوپاس.

**بەڕێز ئەبو بەکـــر حـــاجی ســـەفـــەر غـــولام:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

دەربارەی (رابەر)، ئەمەوێ بڵێم دەبێ بڕیارێک لەسەر ئەوە بدەین ئایا رابەر هەڵبژێردرێت یان نە؟، چونکە ئەو بارودۆخەی کە بەسەرماندا تێ پەڕ ئەبێت وا دەخوازێت کە مەسەلەکە ساغ بکرێتەوە، ئایا رابەر هەڵبژێردرێت یان هەڵنەبژێردرێت، ئەو مەسەلەیە دەبێ کۆتایی پێ بهێنرێ، سوپاس.

**بەڕێز فـــــرەنـســـــۆ تـۆمـــــا هەریری:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

باس لەوە دەکرێت کە ئەگەر هەڵبـژاردن دوابخرێ یا نە؟، واتا (رابەر هەبێ یان نەبێ)، ئەمە سەرکردایەتی بەرەی کوردستانی بڕیاری لەسەر داوە، واتا بڕیار لەسەر هەڵبژاردنی رابەر دراوە، بەڵام پرۆسەی هەڵبژاردنەکە لە قۆناغی یەکەمدا سەرنەکەوت، چونکە هیچیان زۆربەیان نەهێنا، بەپێی یاساکەش دەبوایە دوای دوو هەفتە لەدەرنەچوونی رابەر رێگەی هەڵبژاردن بدرێ، بۆ ئەم مەبەستەش سەرکردایەتی سیاسی بەرەی کوردستانی کۆبوونەوەی خۆی کردو بڕیاری دا کە لە ماوەی دوومانگی تردا هەڵبژاردنی رابەر ئەنجام بدرێ، ئەو دوو مانگەش وا خەریکە تەواو دەبێت، بەڵام ئێستا ئیتر سەرکردایەتی سیاسی بەرە ناتوانێت لەجیاتی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان بڕیاری درێژە پێدانی ماوەکە بدات، لەبەر ئەوە دەبێ ئەمجارە ئەنجومەنی نیشتمانیی ماوەیەکی تر دوای بخاتەوە، ئینجا دەبێ لەسەر ئەوە گفتوگۆ بکرێ، کەواتە یاساکە هەیە و دانراوە و هەموو لایەک کۆکن لەسەر هەڵبژاردن، بۆیە ئێمە ئێستا تەنها قسەمان لەسەر درێژ کردنەوەی ماوەکەیەتی، سوپاس.

**بەڕێز مـــەلا مـــەحـــمـــوود دێرشـــەوی:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

ئەگەر تەماشای میللەتی خۆمان بکەین ئەبینین کە گرفتی زۆری هەیەو بەئێمە چارە سەر ناکرێ،

بۆیە دەبێ پێشمەرگە یەک بن، راگەیاندن یەک بن، لەکاک مەسعود بارزانی وجلال تاڵەبانی یەکێکیان رابەرایەتی بکات، بەپێی ئەمەش مەسەلەی رابەر پەیوەندی بە چارەنووسی میللەتەکەوەیە، سوپاس.

**بەڕێز د. جەلال شەفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من رای خۆم دەردەبڕم تکایە بە فراوانی وەری بگرن، من بەش بەحاڵی خۆم هەڵبژاردنی رابەر بەشتێکی شارستانی دادەنێم، بەپێی وتارەکانی مەدام میتران و وەزیری تەندروستی فەرەنسا کە دوێنێ لە پەرلەماندا پێشکەشیان کرد، دیارە کە هەڵبژاردنەکەی کوردستانیان بە چاکی نرخاندوە، بۆیە نابێ بگەڕێینەوە بۆ کۆن و هەڵبژاردنی (رابەر) نەکەین، سوپاس.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە باسی ئەوەمان نەکرد کە (رابەر) هەبێ یا نەبێ، ئێمە وتمان برگەیەکی دیاری کراو لە یاساکەدا هەیە، ئەنجوومەن بۆی هەیە بڕیاری لەسەر بدات وئیتر هیچ گیروگرفتێک نامێنێتەوە، ئێمە ئەگەر فیدرالی یا کۆنفیدرالی هەڵبژێرین دەتوانین سەرۆکیش هەڵبژێرین، جگە لەوە لە نێوان سەرۆک و (قائد حركة التحررية)شدا جیاوازیی هەیە. لەگەڵ ئەوشدا دەڵێم با مەسەلەکە جارێ دوا بخرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەبێ بابەتەکە لێک بدرێتەوە، ئێستا یاسایەکمان لەبەر دەستە، ئایا ماوەی هەڵبژاردنی رابەر درێژ بکرێتەوە یانەء؟

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من خۆم زۆر حەساسییەتم بەرامبەر بە (رابەر) هەیە، با جارێ بزانین بارودۆخی ئێستای کوردستان چۆنە، ئایا فیدرالی، یا کۆنفیدرالی، یا کۆماریی هەڵدەبژێرین، بۆیە دەڵێم بائەم مەسەلەیە دوا بخرێ ویاساکە هەموار بکرێ تا بزانین بارودۆخی کوردستان بە چی دەگا، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕۆژ نووری شاوەیس/ جێگری سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەبەر ئەوەی بابەتەکە ناتەواوە بۆیە پێشنیارم ئەوەیە کە دوا بخرێ، سوپاس.

**بەڕێز حوسێن عارف عەبدولڕەحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێشنیار دەکەم لە پێشا سەرژمێریەکە بکرێ ئەوسا کاتی هەڵبژاردنی رابەر دیاری بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بڕیارمان دا کە دەبێ سەرژمێری بکرێ ونەبێ ئەنجوومەنی وەزیران بەپەلە لێکۆڵینەوەی خۆی لەو بارەیەوە پێشکەش بکات، با بزانین ئەوان چی دەکەن؟، بەڵام یاسایەکەمان هەیە کە بەسەر دەچێ ودەبێ بزانین ئایا ماوەکەی درێژ بکرێتەوە یا نەکرێتەوە؟

**بەڕێز محەمەد توفیق رەحیم / وەزیری یارمەتی مرۆڤایەتی وهاوکاری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

وای بەباش دەزانم بابەتەکە دوا بخرێ، چونکە وابزانم هەردوو حزب بەم زووانە بەیەکەوە باسی هەڵبژاردنی رابەر دەکەن، بەڵام باجارێ دوا بخرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئینجا دەگەڕێینەوە بۆ خودی یاساکە وپێشنیارە پێشکەش کراوەکە و بڕیار دەدەین کە تاکەی دوا بخرێ؟ پاش تەواو بوونی سەرژمێریی، یا پێش تەواو بوونی؟ دەبێ رای روون لەسەر ئەم مەسەلەیە بدرێ.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

یا دەبێ دوا بخرێت، یادەبێ لەکاتی خۆیدا ئەنجام بدرێ، بە رای من دەبێ دوا بخرێ و لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز د.رۆژ نووری شاوەیس/ جێگری سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

رای هەموو لەسەر ئەوە بوو کە دوا بخرێ، بەڵام چەند؟! ئەمە دەبێ باسی لەسەر بکرێت، بۆیە دەڵێم با پرۆسەی هەڵبژاردنەکە جارێ دوا بخرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

پێشنیار وایە کە گفتوگۆی ئەم پێشنیارە دوابخرێ، جا کێ لەگەڵ ئەم رایەدایە؟.. کێ لەگەڵیدا

نییه؟.. زۆر سوپاس..کەواتا بەگشتی دەنگ وا بڕیار درا کە دوابخرێت.
بەم شێوەیەش کۆتایی بە دانیشتنی ئەمڕۆمان دێنین.

| | | |
|---|---|---|
| **فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا** | **ئەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا** | **جوهر نامق سالم** |
| **سکرتێری ئەنجوومەن** | **جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن** | **سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق** |

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (١١)

سێ شەممە رێكەوتی ٧/٧/١٩٩٢

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره (١١)

## سێ شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٢/٧/٧

کات ژمێر (١٠) ی سەر لەبەیانی ڕۆژی سێ شەممەی ڕێکەوتی ١٩٩٢/٧/٧، ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان، بەسەرۆکایەتی بەڕێز جوهر نامق سالم سەرۆکی ئەنجوومەن و، بەئامادە بوونی جێگری سەرۆک بەڕێز نەژاد ئەحمەد عزیز ئاغا و، سکرتێری ئەنجوومەن بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا، (١١)مین دانیشتنی خولی ئاسایی یەکەمی،ساڵی یەکەمی خۆی بەست.

پاش دڵنیا بوون لەرادەی یاسایی دانیشتنەکە لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتیەوە، دەرکەوت کە ئەم ئەندامانە ئامادە نەبوون:

١- بەڕێز شەوکەت حاجی مشیر

٢- بەڕێز فەلەکەدین سابیر کاکەیی

ئەوجا بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان و، بەناوی گەلی کوردستانەوە دانیشتنەکەی دەسپێکرد.

بەرنامەی کار:

١- پڕکردنەوە وڕێکخستنەوەی کاروباری لیژنەکانی پەرلەمان.

٢- لێپرسینەوەی کێشەی ئامادە نەبوونی بێ هۆی هەندێک لەئەندامان.

٣- گفتوگۆ کردنی پرۆژەی یاسای ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەو لیژنانەی کە تا ئێستا ماونەتەوە بەبێ لێپرسراو وجێگر و(مقرر). ئەمڕۆ دەبێ تەواو بکرێن. هەروەها تا ئێستا هەندێ لە برادەران بەبێ ئەوەی دەستەی سەرۆکایەتی ئاگادار بکەنەوە ئامادەی کۆبوونەوەکان نابن. ئێمە لە دوێنێوە بەرێکوپێکی غیابات تۆمار دەکەین، ئەو برادەرەشی کە بەبێ ئاگاداری دەستەی سەرۆکایەتی ئامادە نەبێت بە (غائب) لەقەڵەم ئەدرێ وبەپێی پێڕەوی ناوخۆ رەفتاری لەگەڵدا دەکەین، تکایە لەمەودوا برادەران بەپێی پێڕەوی ناوخۆ بکەن، ئەگینا ئێمە ناچار دەبین پێڕەویان بەسەردا جێبەجێی بکەین، تەنانەت (اجازە)ش دەبێ بەپێی پیڕەوی ناوخۆ وەربگیرێ. هەروەها ئێمە بەپێی ژمارەی کورسیەکانیش ناو دەنووسین، بۆیە پێویستە هەرکەسەو لە سەر کورسی خۆی دابنیشێ.

**بەڕێز د.ڕۆژ نووری شاوەیس/جێگری سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لاگیری قسەکانت دەکەم، تکام وایە لەم ڕووەوە ڕەچاوی وەزیرەکان بکەن، چونکە بەکاروباری وەزارەتەکانیانەوە خەریکن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

وەزیر دەبێ لەمەولا دەوام لە وەزارەتەکەی خۆیدا بکا، ئەگەر شتێکی تایبەتیشمان لەگەڵ ئەنجوومەنی وەزیراندا هەبوو ئەوکاتە سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران بۆی هەیە وەزیرەکان لەگەڵ خۆیدا بێنێ . ئێستاش بابزانین بۆ لیژنەکان چیمان هەیە؟ سەرەتا بابزانین بۆ لیژنەی تەندروستی وکاروباری کۆمەڵایەتی فراکسیۆنی سەوز کە ژمارەی نوێنەرانیان ناتەواو بوو، چیان کردوە.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەبەر ئەوەی هەندێ لە ئەندامانی لیژنە هەمیشەییەکان پۆستی وەزارەتیان پێ سپێردراوە، دەمانەوێ ناوی نوێنەرانی فراکسیۆنی سەوز لە لیژنەکاندا سەرلەنوێ بەم شێوەیە پێشکەش بکەینەوە:

**کۆمیتەی کاروباری یاسا، بەڕێزان:**

١- حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی
٢- حسێن عارف عەبدولڕەحمان
٣- سەعید عەلی خان سلیڤانی
٤- ئەیاد حاجی نامق بەقاڵ

**کۆمیتەی ئابووری ودارایی، بەڕێزان:**

١- شێخ عەبدولکەریم کاکەحەمە
٢- د. محەمەد فازڵ قەفتان
٣- عومەر سەید عەلی حسێن
٤- کەمال شالی

**کۆمیتەی کشتوکاڵ وئاودێری، بەڕێزان:**

١- د. جەلال شەفیق عەلی
٢- حەسەن کانەبی خضر بلباس
٣- حاجی ئیبراهیم عەبدوللا
٤- د.خەسرەو گوڵ محەمەد

**کۆمیتەی پەروەردەو فێرکردن، بەڕێزان:**

١- کەمال جەلال غەریب
٢- ئەحمەد شێخ تاهیر نەقشبەندیی
٣- سەلاحەدین عەبدولحەمید عەبدوللا
٤- هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد

**کۆمیتەی فێرکردنی باڵا، بەڕێزان:**

١- د. جەلال شەفیق عەلی
٢- د.عیزەدین مستەفا رەسول
٣- کەمال شالی

**کۆمیتەی کاروباری تەندروستی وکۆمەڵایەتی، بەڕێزان:**

١- گەلاوێژ عەبدولجەبار
٢- پەریخان مەحمود عەبدولقادر
٣- مەلا محەمەد ئەمین عەبدولحەکیم
٤- د. خەسرەو گوڵ محەمەد

**کۆمیتەی کلتوور، بەڕێزان:**

١- تارق محەمەد سەعید جامباز
٢- د.عیزەدین مستەفا رەسول
٣- حسێن عارف عەبدولڕەحمان
٤- عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە

**کۆمیتەی ئەوقاف وکاروباری ئیسلامی، بەڕێزان:**

١- مەلا تەها محەمەد تەها
٢- مەلا محەمەد ئەمین عەبدولحەکیم
٣- ئەحمەد شێخ تاهیر نەقشبەندیی
٤- مظهر مستەفا کاکی هیرانی

**کۆمیتەی کاروباری ناوخۆیی، بەڕێزان:**

١- نەجمەدین عەزیز ئیسماعیل
٢- سەعید عەلی خان سلیڤانی
٣- سیروان محەمەد نەورۆلی
٤- مستەفا سەید قادر

**کۆمیتەی نەخشەدانان وگەشەپێدان، بەڕێزان:**

١- شەوکەت حاجی موشیر
٢- سەلام کەریم خان مەحمود
٣- جەلال جوهر
٤- ئەهلە محەمەد سەعدوللا

**کۆمیتەی خزمەت گوزارییە گشتییەکان ، بەڕێزان:**

١- عەلی عەبدوللا ئەحمەد

٢- عــــەلی ڕەســـــول ڕۆســـــتــەم
٣- مـظهـــر عـــەلی کــاکی هـیــرانی
٤- نەهلە مـــحـــەمـــەد ســـەعـــدوڵڵا

**کـۆمیـتـەی پیـشـەسازی و وزە وکـانزاکـان، بەڕێزان:**

١- د.مـحـەمـەد فـازڵ مـحـەمـەد عـزیز
٢- کـــــەمـــــال جـــــەلال غـــــریب
٣- ســــــەلام کـــــەریم خــــــان

**کـۆمـیـتـەی کـاروباری پێشـمـەرگـە، بەڕێزان:**

١- نەوشـــێـــروان فـــوئاد مـــەعــــروف
٢- شــــەوکـــەت حـــاجی مــــوشـــیـــر
٣- ئەبوبەکـــر حــــاجی ســــەفـــەر
٤- حــەســـەن حـــەمـــیـــد ڕەحــیم

**کـــۆمـــیـــتـــەی پەیوەندییـــەکـــان، بەڕێزان:**

١- عـەبدولخالق محـەمـەد ڕەشـید زەنگەنە
٢- جـــــــــەلال جـــــــــــوهـر
٣- تارق مـحـەمـەد سـەعـیـد جـامـبـاز
٤- ئەحـمـەد ئەبوبەکـر حـەسـەن بامـەڕنی

**بەڕێـز ســــەرۆکی ئـەنجــــومــــەن:**

لیستی مۆریش بۆ کۆمیتەی پەروەردە و، کۆمیتەی کشتوکاڵ بەڕێز ئەکرەم عاشور_ یان داناوە. بۆ کۆمیتەی گەشەپێدان و، بۆ کۆمیتەی ئابووریی ودارایییش بەڕێز فرەنسیس یوسف ـ یان داناوە، بۆ کۆمیتەی ناوخۆو، کۆمیتەی پەیوەندیەکانیش بەڕێز شمائیل ننو ـ یان داناوە.

ئێستاش بابزانین فراکسیۆنی پارتی کێیان بۆ ئەندامەتی لیژنەکان دیاری کردووە، فەرموو کاک د.ڕۆژ.

**بەڕێز د.ڕۆژ نووری شاوەیس/جێگری سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێـز ســــەرۆکی ئـەنجــــومــــەن.**

ناوەکان ئامادە کراون، بەڵام لای کاک فلک الدین ـ ـە ئەویش ئامادە نییە.

**لیـــــژنەی کـــــاروباری یاســـــا، بەڕێزان:**

١- قــــەیس دێوالی ســــەعـــیـــد
٢- عـدنان مـحـەمـەد نەقـشـبـەندی
٣- سـەعـیـد سدیق مـحـەمـەد هروری
٤- شــــێــــروان ناسح حـــەیدەری

**لیژنەی کاروباری ئابووریی و دارایی، بەڕێزان:**

١- جەمیل عەبدی سندی
٢- یەحیا محەمەد عەبدولکەریم بەرزنجی
٣- فەرحان عەبدوڵڵا شەرەفانی
٤- شەفیقە فەقێ عەبدوڵڵا

**لیژنەی کاروباری کشتوکاڵ وئاودێری، بەڕێزان:**

١- ئەکرەم عزەت نەجیب
٢- جەعفەر شێخ عەلی عەبدولعەزیز
٣- موحسن سالح کەتانی
٤- نیهاد نورەدین رەشید

**لیژنەی پەروەردە وفێرکردن، بەڕێزان:**

١- عەفان شێخ عوسمان
٢- وریا ئەحمەد محەمەد دزەیی
٣- فەوزیە عیزەدین رەشید
٤- شەفیقە فەقێ عەبدوڵڵا

**لیژنەی خوێندنی باڵا، بەڕێزان:**

١- د.سەلیم عەلی حاجی مەلۆ
٢- د. حەمە نەجم حەمە فەرەج جاف
٣- جەمیل عەبدی سندی

**لیژنەی کاروباری تەندروستی وکۆمەڵایەتی، بەڕێزان:**

١- د. حەمە نەجم حەمە فەرەج جاف
٢- د.حەسەن حسێن بەفری
٣- ئەحمەد عەلی عومەر
٤- فەوزیە عیزەدین رەشید

**لیژنەی کلتوور، بەڕێزان:**

١- فەلەکەدین سابیر کاکەیی
٢- ئەحمەد سالار عبدالواحید
٣- فرەنسۆ تۆما هەریری
٤- بارزان مەلا خالید

**لیژنەی ئەوقاف وکاروباری ئیسلامی، بەڕێزان:**

١- شێخ موحسن خالید موفتی

٢- مەلا مەحمود فندی دێرشەوی
٣- مەلا تەڵحە سەعید قەرەنی
٤- محەمەد تاهیر زین العابدین
٥- محەمەد شەریف تاهیر مستەفا

**لیژنەی کاروباری ناوخۆیی، بەڕێزان:**

١- شێروان ناسح حەیدەری
٢- کانەبی عەزیز ئەحمەد دزەیی
٣- جوهر ئەحمەد شاواز
٤- ئازاد فەتاح ڕەشید میران

**لیژنەی نەخشەکێشان وگەشەپێدان وئاوەدانکردنەوە، بەڕێزان:**

١- ئیبراهیم سەعید محەمەد
٢- حەمید سەلیم میران
٣- سەفەر محەمەد حەسەن دۆسکی
٤- سەلاحەدین دەلۆ

**لیژنەی کارگوزارییە گشتییەکان، بەڕێزان:**

١- مامەند محەمەد ئەمین
٢- سەفەر محەمەد حەسەن دۆسکی
٣- ئیبراهیم سەعید محەمەد
٤- مەلاهادی خضر ئیبراهیم

**لیژنەی پیشەسازی و وزە وکانزاکان، بەڕێزان:**

١- حەمید سەلیم میران
٢- نیهاد نورەدین ڕەشید
٣-د.سەلیم عەلی حاجی مەلۆ
٤-مەلا هادی خضر ئیبراهیم

**لیژنەی کاروباری پێشمەرگە، بەڕێزان:**

١- یونس محەمەد سەلیم ڕۆژبەیانی
٢- ئازاد فەتاح ڕەشید میران
٣- فازڵ ڕەئوف سالح
٤- ئەکبەر حەیدەر موسا

**لیژنەی پێوەندییەکان، بەڕێزان:**

١- فەلەکەدین سابیر کاکەیی

٢- د.قـــاسم مـــحـــمـــد قـــاسم
٣- مـــهلا مـــهحـــمـــود فندی دێرشـــهوی
٤- فـــــرەنســـــۆ تۆمـــــا هەریری

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومــــــەن:**

ئێستاش مایەوە سەرۆک وجێگر و(مقرر)ی لیژنەکان دیاری بکرێن. کێ سەرۆکی لیژنەی یاسایە لە فراکسیۆنی پارتی؟.

**بەڕێز د.رۆژ نووری شاوەیس/جێگری سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومــــــەن.**

لەم بارەیەوە تائێستا هەردوو فراکسیۆن لەسەر ناوی سەرۆک جێگر مقرری(١٢) لیژنە رێک کەوتووین، سوپاس.

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومــــــەن:**

ئەگەر تا ئێستا هەردوو فراکسیۆن ناوەکانیان ئامادە نەکردبێ، ئەوا دەتوانن لەماوەی پشوودا بۆمان ئامادە بکەن.

**بەڕێز د.رۆژ نووری شاوەیس/جێگری سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومــــــەن.**

وەک وتم (١٢) لیژنە ئامادەنە، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:

کەواتە من لیژنە بەلیژنە ئەیخوێنمەوە وئێوەش ناوەکانمان پێ بڵێن.

١-لیژنەی یاسا.. واپێ دەچێ هێشتا ناوەکان دیاری نەکرابن.

٢- لیژنەی کاروباری ئابووریی ودارایی.

**بـەڕێـز ئـەیـاد حـــــــــاجـی نـامـق:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومــــــەن.**

لەلایەن فراکسیۆنی سەوزەوە، بەڕێز د.محەمەد فازڵ قەفتان بۆ پایەی جێگری سەرۆک دیاری کراوە، سوپاس.

**بەڕێز د.رۆژ نووری شاوەیس/جێگری سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومــــــەن.**

لەلایەن فراکسیۆنی پارتیەوە بەڕێز جەمیل عەبدی سندی بۆ پایەی سەرۆکی لیژنە دیاری کراوە، سوپاس.

**٣- لیژنەی کشتوکاڵ وئاودێری:**

**بەڕێز د.ڕۆژ نووری شاوەیس/جێگری سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

فراکسیۆنی پارتی بەڕێز ئەکرەم عزەت نەجیب ـ ی بۆ پایەی سەرۆکی لیژنە دیاری کردوە، سوپاس.

**بەڕێز د. کـەمـال عـەبدولکەریم مـحەمـەد فـوئاد:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

بۆ جێگری سەرۆکی لیژنەی کشتوکاڵ وناودێری، فراکسیۆنی کەسک بەڕێز د. خەسرەو گوڵ محەمەد ـ ی دیاری کردووە، سوپاس.

**٤- لیژنەی پەروەردەو فێرکردن:**

**بەڕێز د. کـەمـال عـەبدولکەریم مـحەمـەد فـوئاد:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

بۆ سەرۆکی لیژنەی پەروەردە وفێرکردن، فراکسیۆنی سەوز بەڕێز مامۆستا کەمال جەلال غەریب ـ ی دیاری کردووە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕۆژ نوری شاوەیس/جێگری سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

بۆ جێگری سەرۆک لیژنەی پەروەردە فێرکردن، فراکسیۆنی پارتی بەڕێز عەفان عوسمان نەقشبەندیی ـ ی دیاری کردووە، سوپاس.

**٥- لیژنەی کلتوور:**

**بەڕێز د.ڕۆژ نووری شاوەیس/جێگری سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

بۆ سەرۆکی لیژنەی کلتوور، فراکسیۆنی پارتی بەڕێز ئەحمەد سالار عەبدولواحید ـ ی دیاری کردووە، سوپاس.

**بەڕێز د. کـەمـال عـەبدولکەریم مـحەمـەد فـوئاد:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

بۆ جێگری سەرۆکی لیژنەی کلتوور، فراکسیۆنی سەوز بەڕێز عەبدولخالق محەمەد ڕەشید زەنگەنە ـ ی دیاری کردووە، سوپاس.

**٦- لیژنەی ئەوقاف وکاروباری ئیسلامی:**

**بەڕێز د. کـەمـال عـەبدولکەریم مـحەمـەد فـوئاد:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

بۆ سەرۆک لیژنەی ئەوقاف وکاروباری ئیسلامی ، فراکسیۆنی سەوز مەلا محەمەد ئەمین

عەبدولحەکیم ـ ی دیاری کردووە، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕۆژ نووری شاوەیس/جێگری سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆ جێگری سەرۆکی لیژنەی ئەوقاف وکاروباری ئیسلامی، فراکسیۆنی پارتی مەلا موحسن خالید موفتی ـ ی دیاری کردووە، سوپاس.

**٧- لیژنەی ناوخۆیی:**

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆ سەرۆکی لیژنەی ناوخۆیی، فراکسیۆنی سەوز بەڕێز سەعید عەلی خان سلیڤانی ـ ی دیاری کردووە، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕۆژ نووری شاوەیس/جێگری سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆ جێگری سەرۆکی لیژنەی ناوخۆیی، فراکسیۆنی پارتی بەڕێز کانەبی عەزیز ئەحمەد ـ ی دیاری کردووە، سوپاس.

**٨- لیژنەی گەشەپێدان وئاوەدانکردنەوە:**

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆ سەرۆکی لیژنەی گەشەپێدان و ئاوەدانکردنەوە، فراکسیۆنی سەوز بەڕێز ئەهلە محەمەد سەعدوڵلا ـ ی دیاری کردووە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕۆژ نوری شاوەیس/ جێگری سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆ جێگری سەرۆکی لیژنەی گەشەپێدان وئاوەدانکردنەوە، فراکسیۆنی پارتی بەڕێز ئیبراهیم سەعید ـ ی دیاری کردووە، سوپاس.

**٩- لیژنە کارگوزارییە گشتییەکان:**

**بەڕێز د.ڕۆژ نووری شاوەیس/جێگری سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆ سەرۆکی لیژنەی کارگوزارییە گشتییەکان، فراکسیۆنی پارتی بەڕێز مەلا هادی خضر ئیبراهیم ـ ی دیاری کردووە، سوپاس.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆ جێگری سەرۆکی لیژنەی کارگوزارییە گشتییەکان، فراکسیۆنی سەوز بەڕێز عەلی ڕەسول

ڕۆستەم ـ ی دیاری کردووە، سوپاس.

**١٠- لیژنەی پیشەسازی و وزە وکانزاکان:**

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆ سەرۆک لیژنەی پیشەسازی و وزە وکانزاکان، فراکسیۆنی سەوز بەڕێز سەلام کریم خان ـ ی دیاری کردووە، سوپاس.

**بەڕێز د.رۆژ نووری شاوەیس/جێگری سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆ جێگری سەرۆک لیژنەی پیشەسازی و وزە وکانزاکان، فراکسیۆنی پارتی بەڕێز حەمید سەلیم میران ـ ی دیاری کردووە، سوپاس.

**١١- لیژنەی کاروباری پێشمەرگایەتی:**

**بەڕێز د.رۆژ نووری شاوەیس/جێگری سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆ سەرۆک لیژنەی کاروباری پێشمەرگایەتی، فراکسیۆنی پارتی بەڕێز ملازم یونس رۆژبەیانی دیاری کردووە، سوپاس.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆ جێگری سەرۆک لیژنەی کاروباری پێشمەرگایەتی، فراکسیۆنی سەوز بەڕێز نەوشێروان فوئاد مەستی ـ ی دیاری کردوە، سوپاس.

**١٢- لیژنەی پەیوەندیی:**

**بەڕێز د.رۆژ نووری شاوەیس/جێگری سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆ سەرۆک لیژنەی پەیوەندی، فراکسیۆنی پارتی بەڕێز فلک الدین صابر کاکەیی دیاری کردووە، سوپاس.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆ جێگری سەرۆک لیژنەی پەیوەندی، فراکسیۆنی سەوز بەڕێز ئەحمەد ئەبوبەکر بامەڕنی دیاری کردووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا دێینە سەر باسی گفتوگۆ کردنی یاسای ئەنجوومەنی وەزیران.

**بەڕێز د.ڕۆژ نووری شاوەیس/جێگری سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێــز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

با پێش ئەوە سەرۆکی لیژنەکان (مقرر) بۆ لیژنەکانی خۆیان دەست نیشان بکەن، سوپاس.

**بەڕێــز حـــســـــەن عـــەبدولـکەریم بـەرزنجی:**

**بەڕێــز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

ئێمەش لەگەڵ ئەوەین سەرۆک (مقرر) دابنێ، سوپاس.

**بەڕێــز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن:**

لەم بارەشەوە دوو دەقمان لەبەر دەستدایە، جا نازانین پشت بەکامیان ببەستین؟

**بەڕێز یحـیی مـحـمـد عـەبدولـکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێــز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

هاتنی خاتوو میتران بۆ ئەنجوومەنی نیشتمانیی وسەردانی گەلی کورد نیشانەی ئەوەیە کەگەلی کوردی بەدڵ خۆش دەوێ، بەڵام بەداخەوە چەند چڵکاو خـۆرێک ویستـیـان ئەو خەمـخـۆرەی میللەتی کورد لەناو بەرن، ئەوە بوو پیلانەکەیان لەکاتی سەردانی بەڕێزیان بۆ هەڵەبجە جێبەجێ کرد، بەڵام سوپاس بۆخوای گەورە سەری نەگرت و خاتوو میـتران رزگاری بوو، بۆیە پێشنیـار دەکەم برووسکەیەکی نارەزایی بەرانبەر بەو کارەساتە بەرزبکەینەوە، سوپاس.

**بەڕێــز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن:**

ئێمەش نیازمان وایە ئەمڕۆ لە دەزگاکانی راگەیاندندا شتێک لەم باریەوە بلاوبکەینەوە.

**بەڕێز د. فـوئاد مـەعـسـوم/ سـەرۆک وەزیران:**

**بەڕێــز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

ئێمەش ئەمڕۆ نارەزاییەک لەم بارەیەوە بلاودەکەینەوە، سوپاس.

**بەڕێــز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن:**

ئێستاش بابچینەوە سەر بەرنامەی کاری خۆمان، باکاک عدنان وکاک حەسەن وکاک حسێن عارف بێنە ئێرە تا دەست بەکـارەکـانی خـۆمـان بکەین، ئەوەی راستـی بێ دوو دەقـیش هەیە، یەکێکی بە عەرەبیە ویەکێکی تری بە کوردیە، بادیاری بکەین کە کامیـان بە بناغە وەرگرین، دیارە کە خوێندنەوەکە بەکوردی دەبێ.

**ئەوجا بەڕێز حسێن عارف مادەی (١) ی خوێندەوە.**

**بەڕێز مـــەلامـــحـــمـــد شـــەریف تاهیـــر:**

**بەڕێــز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

مادە (١) شەش بڕگەیە، پێشنیـار دەکەم بڕگەیەکی تری بخرێتە سەر بەم شێوەیە. (مەبەست لەسەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران سەرۆک ئەنجوومەنی وەزیران وجێگرەکەیەتی)، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دەستەی سەرۆکایەتی مەعلوومە پێویست بە پێناسە ناکات، دەستەی سەرۆکایەتی لەهەموو سیستەمێک لەسەرۆک وجێگری سەرۆک وسکرتێرەکەی پێک دێت بۆیە، پێناسەی پێ ناوێ چونکە پێناسە بۆ شتێکە کە مەعلوم نەبێت، سوپاس.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەمە یاسای ئەنجوومەنی وەزیرانی کوردستانی عێراقە، بۆیە نازانم لە پێناسەکاندا تێکەڵاوی هەیە، ئەنجوومەنی نیشتمانیی، ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراقە، بەڕای من ئەنجوومەنی نیشتمانیی کەلەم یاسایەدا هات دەبێ بەناوی تەواویەوە بێت، کە لێرەشدا وترا ئەنجوومەن، مەبەست لەئەنجوومەنی وەزیرانە. بۆ (سەرۆک وەزیران)یش پێویست ناکات بووترێت (سەرۆک وەزیران)، بەڵام ئەگەر ناوی سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی هات دەبێت ئەویش بەتەواوی بێت، چونکە ئەو یاسایە هی خۆیەتی وپێویستە بەم شێوەیە بێت، سوپاس.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەڕای منیش وشەی (سەرۆکایەتی) روون بکرێتەوە، چونکە لەپێکهاتنی حکوومەتەکەدا هۆکارە سیاسی ویاساییەکان تێکەڵ بوون و وەزارەتەکە هاوبەشە، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەسەر پێشەکیەکەی کە ئەڵێ یاسای ژمارە (١)، بۆ ئەمەیان دەست نیشان کراوەو، بۆ نیشارەت بە یاسای ژمارە (٢) نەکراوە؟! کە یاسای هەڵبژاردنی رابەری تێدایە، سوپاس.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دەبوایە هەر وەزارەتەو پرۆژەی یاسای خۆی ئامادە وپێشکەش بە پەرلەمانی بکردایە، بەڕای من یاسای ژمارە (٢)یش پێویست نییە نیشارەتی بدرێتێ، ئێمەدەبێ بیر لەدانانی دەستوورێکیش بکەینەوە، سوپاس.

**بەڕێز بارزان مەلاخالد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەعەرەبییەکەی بەهەڵە نووسراوە (٩٢)، سوپاس.

**بەڕێز فـــــرەنســـــۆ تۆمـــــا هەریری:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

جارێکی تر دووبارەی دەکەمەوە کەدەبێ پشت بە یاسای ژمارە (٢) ببەسترێت، چونکە مادە (٨) زۆر ناکۆکە لەگەڵ یاسای ژمارە (٢)، سوپاس.

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن:**

جا مادە (٢) چ بەندێکی هەیە پێوەندی بەدانانی ئەنجوومەنی وەزیرانەوە هەبێت؟ یا لەدەسەڵاتدا ناکۆکی دروست دەکات؟ کەی گەیشتینە ئەو جێگایە ئەوسا دەڵێین ئەمە ناگونجێت لەگەڵیدا و، ئێستا ئێمە مادە بەمادە ئەیخوێنینەوە بۆ ئەوەی گفتوگۆی لەسەر بکرێت، جا با بزانین لەسەر مادە چ تێبینیەک هەیە یەک؟.

**بەڕێز کـــــانەبی عـــــەزیز ئـەحـــــمـــــەد:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

پێشنیار دەکەم کە (وزیر المختص) بکرێت بە (الوزیر المختص في مجلس الوزراء)، سوپاس.

**بەڕێز فـــــرەنســـــۆ تۆمـــــا هەریری:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

دیسان داوا دەکەمەوە کە یاسای ژمارە (٢)ی بخرێتە سەر، سوپاس.

**بەڕێز حـــــســـــەن عـــــەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

ئەگەر ئیشارەت بەهەموو یاساکان بدەین، کەواتە هەموو یاساکە دەبێتە ئیشارەت، بەڵام هەموو یاسایەکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی بۆ ئێمە دەستوورە، چونکە دەستوورمان نییە، لەوانەیشە هەندێک لە برادەران نەزانن دەستوور چییە، دەستوور سەرچاوەی یاسایە، هەموو یاسایەک لەوەوە هەڵدەقوڵێت ودەبێ هەموو یاسایەک لەگەڵ ئەو دەستوورەدا بگونجێت، ئێمە دەستوورمان نییە ئەنجا دەبێت لێرەوە بیر لەوە بکەینەوە کەدەستوورمان هەبێت، لەلایەکی تریشەوە ئێمە هەر یاسایەک دامان نا ئیشارەتی پێ بکەین دروست نییە وتائێستا شتەکە زیادەیە، ئەنجوومەنی وەزیران کە پێکهێنراوە لەسەر فەرمانی رابەر نییە، چونکە لەوجودا نییە، ئەگەر لەوجودیش دابایە هەر بەفەرمانی ئەو نەبوو، بەڵکو بە فەرمانی ئەنجوومەنی نیشتمانییە، سەرچاوەکەش یاسای ئەنجوومەنی نیشتمانییە، بەڵام ئەگەر بتانەوێ هەروا ئیشارەت بەیاسای ژمارە (٢) بدەین بەبێ ئەوەی ئیشمان پێی بێت، بەبێ ئەوەی لەناو یاساکەشدا ناوی هاتبێ و، ئەگەر دەشتانەوێ هەر بۆداخل بوون داخلی بکەین ئەوا ئێمە لاریمان نییە، سوپاس.

**بەڕێز فـــــرەنســـــۆ تۆمـــــا هەریری:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

پێم وایە هەر چی هاتە پێش ببڕێندرێتەوە، داواش دەکەم کە باسی یاسا ژمارە (٢) بکرێ

وئەگەر نا بابخرێتە دەنگدانەوە، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیارم ئەوەیە کە ئیشارەت بەو مەسەلەیە بدرێ کە کاک فرەنسۆ دەیڵێت و، ئیشارەت بەیاساکەیش بدرێت، سوپاس.

**بەڕێز خەسرەو گوڵ محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەربارەی یاسای ژمارە (٢) کە یاسای رابەرە، دوێنێ دواخرا وجێبەجێ نەکرا، بۆیە ئێستا نابێ مادەکە لە یاساکەدا باس بکرێ و، مادام مەسەلەکەش دوێنێ جێبەجێ نەکراو دواخرا بۆ ئەوەی برادەران قسەی لەسەر بکەن، بۆیە داوا دەکەم ئەمەش دوا بخرێت، سوپاس.

**بەڕێز د.رۆژ نووری شاوەیس/جێگری سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێش دامەزراندنی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان وپێش دامەزراندنی ئەنجوومەنی وەزیرانی کوردستانی عێراق، دوو یاسا دەرچووە لەلایەن سەرکردایەتیی سیاسیی بەرەی کوردستانیەوە، یەکەمیان یاسای ژمارە (١)، دووەمیان یاسای ژمارە (٢)ی رابەرە، بەپێی ئەو دوو یاسایە لەکوردستانی عێراقدا هەڵبژاردن کراوەو ئەنجوومەنی لێ پێک هاتووە، لەبەر ئەوە ئێمە لێرەدا ئەتوانین یاسایەک لەو یاسانە وەکو دەستوور قبوڵ بکەین، بەقەناعەتی ئێمەش یاسای ژمارە (٢) لەو یاسایانەیە کە پەیوەندی راستەوخۆی بە ئەنجوومەنی وەزیرانەوە هەیە، چونکە لەیاساکەدا و تراوە کە دەبێ چۆن یەکێکیان قبوڵ بکرێ وئەوی تریان پشت گوێ بخرێت، بۆیە دەبێت ئیشارەت بەو یاسایەش بدرێت، سوپاس.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر ئیشارەت بەیاسای ژمارە (٢) بدرێ، ئەوسا ئەبێ ئەنجوومەنی وەزیران دروست نەبێ تاکو رابەر هەڵدەبژێردرێت.. بۆ؟ چونکە دەبێت رابەر مەرسوومەکەی ئیمزا بکات، کەواتە ئەنجوومەنی وەزیران شەرعیەتی نییە هەتاکو رابەر هەڵدەبژێردرێت ئەوجا شەرعیەت پەیدا دەکات کە مەرسوومەکە ئەو ئیمزای بکات لەبەر ئەوە ئێمە وەزعێکی تایبەتیمان هەیە وئیشەکانمان زیاتر ئەو شێوە تایبەتیەی پێوە دیارە، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەگەڵ رێزمدا، زۆر لەجێگای خۆیەتی کەئەنجوومەنی وەزیران دانراوە و، شوێنی رابەریش ئەگەر وەکو ئێستا چۆڵ بوو، ئەوسا (يقوم بمهامه رئيس المجلس الوطني الكوردستاني في حالة غياب

القائد لأي سبب كان). كەواتا یاسای ژمارە (٢) ئەوەی چارەسەر کردووە وهیچ کۆسپێک نییە لەسەر ڕێگای پێک هێنانی ئەنجوومەنی وەزیران، ئێستاش زۆر سروشتییە کە بەپێی یاسا ئەرکەکانی رابەر ئەنجام دەدا، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

(اذا خلي او غاب) ئەگەر لێک بدەینەوە، واتا لە (وجودا) هەیەو ئەوکاتە ئەگەر (غائب )بوو یا نەما، بەڵام شتەکە لە وجودا نییە ئەوجا ئەوکاتە تەطبیقی ئەوە دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

با بچینە سەر بابەتێکی تر، ئێمە یاسای ژمارە (١و٢) مان هەیە، ئەو دوو یاسایەش دەسەڵاتێک بڕیاری لەسەر داون کەبەدان پێدانانی هەموومان گەورەترین دەسەڵات بووە لەکوردستاندا، بۆیە بمانەوێ ونەمانەوێ ئەو دوو یاسایە هەنەو دەبێ پێڕەویش بکرێن، جا با نەکەوینە ئەو گێژەنگەوە کەهەبێت یان نەبێت چونکە هەیە، ئێستاش با بگەڕێینەوە سەر یاسای ئەنجوومەنی وەزیران ولێرەدا ئەگەر بڕگەیەک یا مادەیەک هەیە پێوەندی بەیاسای ژمارە (٢) ەوە هەیە دەبێ ئاماژەی بۆ بکرێ. یاسای رابەر ئێستاش کاری پێدەکرێ و هەتا ئەو ساتەشی کەلەکار دەکەوێ، کاری پێ دەکەین، جا چ زیانێک لە ئاماژە بۆ کردنی یاسای ژمارە (٢)دا هەیە، ئەگەر پێویست بە نیشارەت پێدانە ؟!.

**بەڕێز د.رۆژ نووری شاوەیس/جێگری سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بڕگەی (١٢) لە خاڵی (٦)ی مادە (٨)ی پرۆژەی ئەنجوومەنی وەزیران پێویست دەکا کە ئاماژەی یاسای ژمارە (٢)ی پێ بدرێ، سوپاس.

**بەڕێز مەلامحەمەد تاهیر زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لە بڕگەی (١٢) لەمادە (٨)دا ئیشارەت دراوە بە (سەرۆکی هەرێم) دیارە مەبەستی (رابەر)ە جا بۆیە حەق وایە ئیشارەت بە یاسای ژمارە (٢) بدرێت، سوپاس.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

کەگەیشتینە مادەکە با لەوێدا گفتوگۆی لەسەر بکەین وبیچەسپێنین ونیشارەتی پێ بدەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

مادە (١)ی خوێندرایەوە.

**بەڕێز حوسێن عارف عەبدولڕەحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

سەرنجێکی یاسایی هەبوو، بەڵام بەسەریدا تێپەڕ بووین ورۆیشت، بەراستی بەش بەحاڵی خۆم زۆرم پێ راستە کەلە یاسای ئەنجوومەنی وەزیراندا ئەو ئەنجوومەنە لە شوێنی خۆیدا بەتەواوی ناوی بێت ونەم (سەرۆک)ەیش، واتا سەرۆک وەزیران، ئەمەوێت ئەوەتان بۆ روون بکەمەوە چونکە سەرنجەکە یاساییە وروون بکرێتەوە پێم وایە باشترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەو تێبینیانەی برادەران هەڵدەگیرێن بۆ کاتی داڕشتنەوە ئەگەر شتێکی تر نییە، بەڵام ئێستا مادەی (یەک) کە بریتییە لە (٦) خاڵ و، پێشنیاریش هەیە کە خاڵی (٧)ەمی بۆ زیاد بکرێ وبنووسرێت (رئاسة المجلس تتكون من رئيس الوزراء ونائبه) لە بەر دەستدایە، بابزانین رای ئەنجوومەن لەسەری چییە؟

**بەڕێز حوسێن عارف عەبدولڕەحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

وشەی (سەرۆک) دەکەین بە (سەرۆک وەزیران)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

جا ئەگەر هیچ پێشنیارێکی تر نییە بالەکاتی داڕشتنەوەدا بیگۆڕین. ئێستاکە کێ لەگەڵ ئەوەدایە؟.. کێ دژە؟ ..کەواتا بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**ئەوجا بەڕێز حوسێن عارف مادەی (٢)ی خوێندەوە.**

**بەڕێز سیروان محەمەد نەورۆڵی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێشنیار دەکەم وشەی (دەزگا) بگۆڕدرێت بە وشەی (دەسەڵات)، سوپاس.

**بەڕێز حوسێن عارف عەبدولڕەحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەگەر (هيئة)کەش بگۆڕن بە (دەسەڵات) ئەوە قسەکەی کاک سیروان دەبێت، بەڵام خۆی نووسراوە (هيئة) ئەویش واتا دەزگا، سوپاس.

**بەڕێزمەلامحسن خالید مستەفا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێویست نییە بگوترێ (سەرۆک وەزیران)، وشەی (سەرۆک) بەسە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەوە چەسپا، ئەو مادەیەی کە ئێستا خوێندرایەوە کێ لەگەڵیەتی؟ ..کێ دژە؟ ..کەواتا بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**پاشان بەڕێز حوسێن عارف مادەی (٣)ی خوێندەوە.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ ئەیەوێ قسە لەسەر ئەم مادەیە بکات؟..با بفەرموێ..

**بەڕێز سیروان محەمەد نەورۆلی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە دەقە عەرەبییەکەدا دەڵێ(لكل وزارة شخصية معنوية)، سوپاس.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

گوتراوە (يكون لمجلس الوزراء ولكل وزارة شخصية معنوية) ، سوپاس.

**بەڕێز حوسێن عارف عەبدولرەحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من (هەر) بەکار دێنم ، بەڵام هەموو جارێک بەڕێز د.عیزەدین دیکا بە (هەموو) ، سوپاس.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیار دەکەم لیژنەی دارشتنەوە کەسانی یاساناسیشیان لەگەڵدا بێ نەوەک لەگەڵ دارشتنەوەکەدا واتای دەقەکەش بگۆڕێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە مادە سێ وەکو خۆی بمێنێ با دەست بەرز بکاتەوە؟.. کێ دژە؟.. کەواتا بە زۆربەی دەنگ بڕیاری لەسەر درا.

**بەڕێز حوسێن عارف مادەی (٤)ی خوێندەوە.**

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو یاسایەی کە ئاماژەی بۆ کراوەو دەڵێ: دەبێ سەرۆک وجێگری سەرۆک وەزیران تەمەنیان لە (٣٠) ساڵ کەمتر نەبێ، ئایا بۆ وەزیریش دەبێت هەر (٣٠) ساڵ بێ؟ چونکە جاری وا هەیە نەک هەر لە وڵاتی تۆزێک دوا کەوتوودا، بەڵکو لە وڵاتی پێشکەوتووشدا وەزیر هەبووە کە تەمەنی لە (٣٠) ساڵ کەمتر بووبێ، سوپاس.

بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:

زۆر جوانە، چونكە زۆر جار پێویستمان بە كەسێكی خاوەن توانا دەبێ، جا ئەگەر رازین باوەزیر لەو مەرجە ئیستسنا بكرێت، وەكو پێشنیارێك. كێ لەگەڵ پێشنیارەكەی بەڕێز د.فؤادە كەتەمەنی وەزیر ئیستسنا بكرێ؟.. ئایا كەس تێبینی هەیە لەسەر ئەم پێشنیارە؟.

بەڕێز حوسێن عارف عەبدولرەحمان:

بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.

جگە لەمەرجی تەمەن ، كە ئەوكاتە بە (٢٥) ساڵی دادەنێین، سوپاس.

بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:

بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.

من ( ٣٠)ساڵ بەلایەنی كەم دادەنێم، چونكە هەر بروانامە بەس نییە، تەمەنیش پێویستە، سوپاس.

بەڕێز حەسەن كانەبی خدر:

بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.

بەگوێرەی یاسا، ئەندامیپەرلەمان نابێ تەمەنی لە (٣٠) ساڵ كەمتر بێ، كەواتا وەزیر ئەگەر ئەندامی پەرلەمان بوو ئەوا نابێ تەمەنی لە(٣٠)كەمتر بێ، بەڵام ئەگەر لەدەرەوەی پەرلەمان بوو ئەوا دەشێ ئیستیسنا بكرێت، سوپاس.

بەڕێزمەلا موحسن خالید مستەفا:

بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.

وابزانم كامڵ بوونی فكری پێویستی بەتەمەن نییە، (نص) هەیە دەڵێ (المرء بأصغریه) بۆیە زۆرجار سەركردایەتی بە مرۆڤی تەمەنی (١٨) سالان دراوە و، پێغەمبەر (د.خ)لەسەر بێ وچوار لە خەلیفەكانیش بە (١٨) ساڵیی سەركردایەتیان كردووە، سوپاس.

بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:

بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.

مەرجەكانی وەزیریی با هەمووی وەكو یەك بن، نابێ تەمەنی (٣٠) ساڵیش بۆ وەزیر بە ئەزموون وپێگەیشتنی فیكری دابنرێ، سوپاس.

بەڕێز مەلامحەمەد ئەمین عەبدولحەكیم:

بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.

هەندێ جار هەندێ شت وەك شازی لێ دێت، دەنا پێگەیشتنی فكری وكامڵ بوونی عەقڵ پێویستی بەتەمەن هەیە، لەبەر ئەوە (٣٠) ساڵ جێی خۆیەتی، سوپاس.

**بەڕێز مەلا محەمەد عەبدولقادر/ وەزیری ئەوقاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مادەکە وەکو خۆی بێت باشە، (٣٠) ساڵ بۆ تەمەنی وەزیر رەنگە کەمیش بێت، من دەڵێم وەکو خۆی بمێنێتەوە، چونکە مرۆڤی تەمەن (٢٥و٢٦) ساڵ ناتوانێت فەرماندەیی کارێک بکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا دوو پێشنیار هەیە، یەکەم تەمەنی وەزیر لە (٣٠) ساڵ کەمتر نەبێ، دووەم دەسکاری بکرێت.

**بەڕێز د.رۆژ نووری شاوەیس/جێگری سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من وای نابینم کەتەمەنی ئەندامی پەرلەمان (٣٠) ساڵ بێ و وەزیر لەوە کەمتر، چونکە ئەگەر نەشێ تەمەنی ئەندامی پەرلەمان لە (٣٠) ساڵ کەمتر بێ، ئەوا دەبێ تەمەنی وەزیر لەوەش زیاتر بێت، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو بەندو مادانەی کە ئیشارەتیان بە وەزیر کردووە حەقە نەمێنن و، بەگوترێ: دەبێ خوێنەوار بێ، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەندامانی پەرلەمان دەسەڵاتی یاسا دانانن و رێنومایی وەزیر دەکەن، بۆیە دەبێ پەرلەمان پلەیەک بەرزتر بێ، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کە پێشمەرگەی (١٥ و١٦)ساڵیمان دەنارده شەڕ، بۆچی حیسابی تەمەنمان نەدەکرد!.ئەی ئێستا بۆ بەڕێوەبردنی ئیدارات حیسابی تەمەن دەکرێ؟، سوپاس.

**بەڕێز ئەحمەد تاهیر نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کە ئەو دەرگایەمان کردەوە، دەبێ رێگایەک بۆ داخستنیشی بکەینەوە، کە دەڵێین وەزیر تەمەنی

له(٣٠)ساڵ زیاتر بێ دەبێ ئەوەشی لەگەڵدا بوترێ کە دەبێ لە رووی فکری و پلەی زانیاریەوە تەواو بێ، سوپاس.

**بەڕێز مەلا موحسن خالید مستەفا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

حەق وایە وەزیر لە ئەندامی پەرلەمان بەتەمەن تریش بن، سوپاس.

**بەڕێز مەلا محەمەد شەریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە فقهدا حەقی تەکلیف وسن الرشد(١٥ـ١٨)ساڵیە، محەمەد بن قاسم الثقفی کە بیلادی سندی فتح کرد تەمەنی(١٧)ساڵان بوو، سوپاس.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەزیر پایەیەکی سیاسیە ناتوانین پێوانەی بۆ دابنێین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا کێ لەگەڵ ئەوەیە کە وەزیر لە مەرجی تەمەن ئیستیسنا بکرێ؟.

**بەڕێز د.رۆژ نووری شاوەیس/جێگری سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەبوو پێشنیارەکە بەو شێوەیە بوایە، کێ لەگەڵ ئەوەیە ئەو مادەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ یا کێ لەگەڵ ئەوەیە کە بگۆڕێت؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکایە کێ لەگەڵ ئەوەیە کە مادەکە وەک خۆی بمێنێتەوە با دەستی خۆی بەرزبکاتەوە.. کێ لەگەڵی نییە؟.. کەواتە بە زۆربەی دەنگ مادەکە وەکوخۆی مایەوە.

**پاش ئەوەی بەڕێز حسێن عارف مادەی (٥)ی خوێندەوە بەزۆربەی دەنگ پەسەند کرا.**

**پاشان بەڕێز حسێن عارف مادەی (٦)ی خوێندەوەو بەم شێوەیە گفتوگۆی لەسەر کرا.**

**بەڕێز مەلا محەمەد عەبدولقادر/ وەزیری ئەوقاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە دارشتنەکەدا ناوی(قورئانی پیرۆز) نەهاتووە، کەچی لە کاتی سوێندخواردندا دەهێنرێ ودەبێ سوێندی پێ بخۆی، من وەکو مرۆڤێکی شارەزا لە ئایین پێم وایە سوێند تەنها بە قورئان دەخورێ، نەک بەخواو بە قورئانیش، بۆیە دەبێ دەقەکە بگونجێنین، سوپاس.

**بەڕێز موحسن خالید مستەفا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سوێند خواردن بەخوای گەورەش جائیزە، سوپاس.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەڕێز مەلامحەمەد کە بەوەزیری ئەوقاف دانرا لەکاتی سوێند خواردنەکەدا دەستی بۆ قورئانەکە درێژ نەکرد، هەرچەندە سوێنەکەشی یاسایی وشەرعی بوو، بەڵام گلەیشمان هاتە سەر. مەسەلەی سوێندخواردن بە قورئان، یا تەورات، یا ئنجیل لەناو میلەتانی خاوەن ئایینە ئاسمانیەکاندا هەمووی باوە و، دانانی ئەو کتێبە پیرۆزانە بۆ (هەیبەت ورەغبەتە)، چونکە سوێندخواردنی خەڵکی بە(خوا) شتێکی سەر زارەکی و ڕۆژانەیە، بۆیە دانانی ئەو کتێبانە لەکاتی سوێندخواردنی یاساییدا ڕەچاو بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

سوێند خواردن بە قورئان لەڕووی یاساییشەوە باوە، وەک ئەوەی کە لە دادگادا دەڵێ (الیمین علی من انکر، والیمین بالقرآن)، بۆیە دەقەکە پێویستی بەگۆڕین نییە،سوپاس.

**بەڕێزحەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەسەر قسەکەی بەڕێز عدنان نەقشبەندی، دەقێکی یاسایی هەیە دەڵێ (المعروف عرفا کالمشروط شرطا)رفەکە وایە کە سوێند بەو کتێبە پیرۆزانە بخورێ کە خەڵک بڕوایان پێیەتی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەگەر سەرنجێکی دەقە کوردیەکە بدەن، دەبینن پاش و پێشێک هەیە بە بەراورد لەگەڵ دەقە عەرەبییەکەدا، کە دەبێ وشەی (کاملة)ی بۆ زیاد بکرێ و، لە داڕشتنەوەدا بخرێتەوە سەر دەقەکە.

**بەڕێز حسێن عارف عەبدولڕەحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێمە لە دەقە کوردیەکەدا لامان بردبوو، بەڵام دیارە لە دەقە عەرەبییەکەدا لانەدراوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە ئەم مادەیە بەم شێوەیە بمێنێ؟..کێ دژە؟..کەواتا بەزۆربەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز حوسێن عارف مادەی (٧)ی خوێندەوەو لەبەر نەبوونی راو سەرنج لەلایەن بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنەوەوە خرایە دەنگەوەو بەزۆربەی دەنگ پەسەند کرا.**

**بەڕێز حوسێن عارف مادە (٨)ی خوێندەوەو بەم شێوەیە گفتوگۆی لەسەر کرا.**

**بەڕێز فــــــــرەنســـــــۆ تۆمــــــا هەریری:**

**بەڕێز ســــــــەرۆکی ئـەنجــــــــــومــــــــەن.**

برگەی (١)ی مادە (٨) زۆر بە زەقی دژە لە گەڵ مادە (١١)ی یاسای رابەر کە لە خاڵی (٦)ی مادە (١١)ی یاساکەدا دەڵێ:(یضع بالاشتراك مع السلطة التنفيذية، السياسة العامة لكردستان العراق ويشرف على تنفيذها) و، باسی یاسایی ژمارە (٢)یش نەهاتووە، ئەمەیش بۆ ئەوەیە کە ئەم شتانە پێشێل بکرێت. لەبەر ئەوە داوا دەکەم لە یاسای ژمارە (٢)بکۆڵدرێتەوە و، یاسای ژمارە (٢)یش لە پێشەکی یاسایی ئەنجوومەنی وەزیراندا ئاماژەی بۆ بکرێت و، لە جیاتی چەسپاندنی دەسەڵاتی وەزارەتەکان نەبێ، دەبێ ئەو دەسەڵاتانەی کە بۆیان دیاری دەکرێت دووربێ لەگەڵ هەندێ دەسەڵات کە لەیاسایی ژمارە (١و٢)دا بۆ دەزگاکانی تر دیاری کراون، سوپاس.

**بەڕێز د. قـــاسم مــــحــــمـــەد قـــاسم:**

**بەڕێز ســــــــەرۆکی ئـەنجــــــــــومــــــــەن.**

کاتێک کەباس لە وەزارەتی پەروەردە کرا گوترا (هيئة التعليم العالي، تتكون من مجلس البحث العلمي والتعليم العالي وترتبط بمجلس الوزراء وتحدد تشكيله ومهامها بنظام خاص) سوپاس.

**بەڕێز جــــمــــــیل عـــــەبدی سندی:**

**بەڕێز ســــــــەرۆکی ئـەنجــــــــــومــــــــەن.**

سیاسەتی گشتی دەبێ ئەنجوومەنی نیشتمانیی ورابەر دایبرێژن (وضع الخط العام والاشراف على تنفيذها)، سوپاس.

**بەڕێز ئەحــــمـــەد تاهیـــر نەقــشــبــەندیی:**

**بەڕێز ســــــــەرۆکی ئـەنجــــــــــومــــــــەن.**

برگەی (١)، ئەگەر دارشتنەکەی بەم شێوەیە بێت باشترە (دانانی سیاسەتی گشتی بۆ بەرێوەبردنی هەرێمی کوردستانی عێراق وسەرپەرشتی کردن وبەجێ هێنانی یاساو بریارە رەچاو کراوەکان و دوا بریاردان کە لە لایەن ئەنجوومەنی نیشتمانییەوە دەردەچێت) ئەوە یەک، ئی دووەم پرسیار کردن وئامادە کردنی یاساکان وپێشکەش کردنیان بەئەنجوومەنی نیشتمانیی هەر ئەوەندە بۆ بریاردان لەسەریان، وشەی (اقرار) لەعەرەبییەکەیدا هەیە، بەڵام لەکوردیەکەیدا نییە، سوپاس.

**بەڕێز ســـیــــروان مـــحـــمـــەد ئەورۆڵی:**

**بەڕێز ســــــــەرۆکی ئـەنجــــــــــومــــــــەن.**

برگەی (٤) (متابعة اعمال الوزارات والهيئات التابعة لها والهيئات والمؤسسات العامة) واچاکە وای لێ بکرێت (توجية وتنسيق ومتابعة الوزارات والهيئات والمؤسسات العامة التابعة لها)، سوپاس.

**بەڕێز فـــــرەنســــــۆ تۆمـــــا هەریری:**

**بەڕێز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومــــــەن.**

بۆ ئەوەی کۆتایی بەگفتوگۆی ئەم خاڵە بێنین،کە لەگەڵ مادە (١١)ی یاسای ڕابەردا دژە، دەبێ لیژنەی یاسا تەماشای بکاتەوەو بزانێ ئایا دەگونجێ یا نە؟ سوپاس.

**بەڕێز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومــــــەن:**

با ئاماژە بە یاسای ژمارە (٢) بدرێت؟.

**بەڕێزحـــــەســـــەن عـــــەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومــــــەن.**

هیچ گومانتان لەوە نەبێ کە من دەڵێم (حەساسیەم) بەرامبەر بە وشەی (ڕابەر) هەیە، بەڵام دەبێ سەرکردەیەک بۆ کورد هەر هەبێ. ئەوەتا دەڵێ برگەی(١)ی ئەم یاسایە لەگەڵ یاسای ڕابەردا دژە، پێشتر لەگەڵ یاسای ئەنجوومەن نیشتمانییشدا دژ بوو، وتیان ئەنجوومەنی نیشتمانیی دەستوور نییە، نازانم بۆ ئێستا یاسای ڕابەر بوو بەدەستوور؟! من پێم وایە ئەمە هیچ پەیوەندیەکی بە یاسای ڕابەرەوە نییە. ئیشەڵا (ڕابەر)یش نابێ، سەرۆکی کورد دەبێ، واتا یاسای سەرۆکی کورد دادەنێین، سوپاس.

**بەڕێز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومــــــەن:**

یاسای ڕابەر ئێستا لەکار دایە، جا ئەگەر مادەیەک لە شوێنێک هەبوو ولە گەڵیدا نەگونجا ئەوا دەبێ چارەسەری بکەین، ئێستا کاتی گفتوگۆی فکریمان نییە بڵێین (سەرۆک) بێ، یا (ڕابەر).

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومــــــەن.**

ئەو دەقەی کە تازە لەبارەی دەسەڵاتی ڕابەرەوە خوێندرایەوە، ئەوە وەکو خۆی نەماوەتەوەو لەبیرم بێ دەسکاری کرا، هەندێ لەو شتانەشی کە باس کرا دەسەڵاتی سەرۆک، یا سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیرانە کە سەرپەرشتی و ڕێنمایی وزارەتەکان بکات، نەک ئەنجوومەنی نیشتمانیی، سوپاس.

**بەڕێز عـــــەدنان مـــحـــەمـــەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومــــــەن.**

دەقە عەرەبیەکەی برگە(٦)ی مادە (١١)ی یاسای ژمارە (٢)ی ڕابەرم لەبەر دەستدایە کە دەڵێ:(يضع بالاشتراك مع السلطة التنفيذية السياسة العامة لكوردستان العراق ويشرفان على تنفيذها)، ناشزانم ئەمە دەسکاری کراوە یان نا.

جگە لەمە دەبێ مەسەلەی (خلو)و (غیاب)ی ڕابەریش یەکلا بکرێتەوە، چونکە وەک هەندێ لە بەڕێزانیش گوتیان لە رووی زمانەوە ئەم دوو وشەیە واتای جیاوازیان هەیە، (خلو) واتا ڕابەر

هەر نەبێ، بەڵام (غـیـاب) واتا هەیە و لەبەر هۆیەک ئامـادە نیـیـە، ئێـمـە وەکـو جـیـهـەتێکی یاسادانان ئێستا لەسەرمانە چارەیەکی یاسایی بۆ درێژکردنەوەی ماوەی یاسای ڕابەر دابنێین ، سوپاس.

**بەڕێز سـەفـەر مـحـەمـەد حـسـێن:**

**بەڕێـز سـەرۆکـی ئـەنجـومـەن.**

گفتوگۆی یاسای ڕابەرمان کردو گوتمان دەبێ ئاماژە بە یاسای ژمارە (٢)بدرێ ، سوپاس.

**بەڕێز فـرەنسـۆ تـۆمـا هـەریری:**

**بەڕێـز سـەرۆکـی ئـەنجـومـەن.**

خۆی یاسای ژمارە(٢)هەیە، بەڵام ئیشـارەتی پێ نەدراوە، چونکە حەساسیەتییـان بەرامبەر بە وشەی (ڕابەر)هەیە، بۆیە لە دوور ولە نزیک ناویان نەهێناوە، سوپاس.

**بەڕێز حـسـەن عـەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێـز سـەرۆکـی ئـەنجـومـەن.**

حەساسیەتەکەی من لە وشەی (ڕابەر)نییە، بەڵکو لەبەر ناوەڕۆکەکەیەتی، کە لە ئێران و لیبیا هەیە، کە دەشڵێین (القوانين المرعية)مەبەستمان هەموو یاسایەکە کە ئێمە ئیشی پێ دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێـز سـەرۆکـی ئـەنجـومـەن.**

هەمـوو جارێـک کە ئەم مەسەلەیە دێتە پێشەوە هەمـان ئەو قـسـانە دووبارە دەکـرێنەوە، ئەگـەر برادەرانی پارتی ڕازی بن ئەوا لە کۆبوونەوەیەکی سەرکردایەتیی سیاسیی بەرەی کوردستانیدا باس بکرێت باشترە، چونکە یاساکەیان داناوە، سوپاس.

**بەڕێز د. رۆژ نووری شاوەیس/ جێگری سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێـز سـەرۆکـی ئـەنجـومـەن.**

لێرەدا ئەگەر ئیشارەت بە یاسای ژمارە(٢) بکرێت و بگوترێت (القوانين المرعية) ئیتر کێشەکە چارەسەر دەبێت، بەڵام بۆ مەسەلەی ڕابەر ڕاستە ئەو بابەتە پەیوەندی بە سەرکردایەتیی سیاسیی بەرەی کوردستانییەوە هەیە، سوپاس.

**بەڕێز شـێـروان نـاسح حـەیدەری:**

**بەڕێـز سـەرۆکـی ئـەنجـومـەن.**

کە ناکۆکی لە نێوان دوو یاسادا هەبوو دەبێت دەسەڵاتی یاسادانان چارەسەرێکی یاسایی بۆ دابنێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ئیدریس هادی سالح/وەزیری گواستنەوە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ناکۆکییەکە لە نێوان برگە (١)ی مادە (٨)ی یاسای ئەنجوومەنی وەزیران و برگە(٦)ی مادە (١١)ی یاسای ژمارە (٢)دا زۆر روونە، سوپاس.

**بەڕێز ئەحمەد تاهیر نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێشنیار دەکەم کە ئەو شتانەی کە پەیوەندی بەیاسای ژمارە (٢)ەوە هەیە دوا بخرێت، سوپاس.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێمە لەگەڵ دواخستندا نین و، دەبوایە یەکەم جار لەپێشەکیەکەدا ئەوە بیبڕایەتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

تکایە با ئەم مەوزووعە کۆتایی پێ بێنین، چونکە ئاماژە کردن بەیاسایەک کە بڕیاری لەسەر دراوە هیچ لەمەسەلەکە ناگۆڕێت وزیانیشی نییە.

**بەڕێز محەمەد توفیق ڕەحیم/ وەزیری یارمەتی مرۆڤایەتی وهاوکاری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێمە پێمان باشە کە ئاماژە بە یاسای ژمارە (٢) بدرێت، هەر کاتێکیش کە پەرلەمان بڕیاری لەسەر لەکار خستنی ئەو یاسایە دا ئەوسا شتێکی ترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کێ لەگەڵ ئەوپێشنیارەیە کە ئاماژە بە یاسای ژمارە (٢) بدرێ؟.. کێ لەگەڵی نییە؟.. کەواتا بە تێکڕای دەنگ بڕیاری لەسەر درا. جا ئەگەر روخسەت هەبێت ئەوا کۆبوونەوەکەمان رائەگرین تا سەعات (٥)ی سەر لەئێوارەوە.

**کۆبوونەوەی سەر لەئێوارە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

برگەی (١) ئەمڕۆ بەیانیەکەی بڕیاری لەسەر درا. کێ سەرنجی لەسەر برگە (٢)ی مادەی (٨)هەیە؟

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێــز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

برگە (٢) ی دەڵێ (اقتراح واعداد مشروعات القوانین) بکرێ بە (اعداد مشروعات القوانین). ئینجا لێرە لە کوردیەکەیدا شتێک هەیە دەڵێ (پێشنیاز کردن وئامادە کردنی یاساکان) بگوترێ (ئامادە کردنی پرۆژەی یاسا)، سوپاس.

**بەڕێز د. ئیدریس هادی سالح /وەزیری گواستنەوە:**

**بەڕێــز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

ئەو پرۆژەیەی کە پێویستە، دەبێت ئامادە بکرێت، نەک پێشنیار، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕۆژ نووری شاوەیس/جێگری سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێــز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

بکرێت بە(اقتراح واعداد مشروعي القوانین وتعدیلاتها)، سوپاس.

**بەڕێــز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

گرفتەکە لەپێشنیار کردنی یاساکەدایە، ئەوجا ئامادە کردنی پرۆژە ودەسکاریەکانی، پێشم وایە ئەوەی مافی پێشنیاری هەبێ دەبێ مافی دەسکاریشی هەبێت.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێــز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

خۆی ئامادە کردنی پرۆژەکە ئەوە پێشنیارە، نەک هەر پێشنیارێک بکات وبەجێی بێڵێ، ئەوەی پێشنیار دەکات دەبێت پرۆژەکەشی دابنێ ونەیخاتە ئەستۆی ئەنجوومەن، چونکە کە وەک پرۆژە پێشکەشی دەکا واتە پێشنیارە، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕۆژ نووری شاوەیس/جێگری سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێــز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

لەراستیدا (اقتراح )و(اعداد) دووشتی جیاوازن، یا هیچ نەبێ من بەدووشتی جیاوازیان تێ دەگەم، سوپاس.

**بەڕێــز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

کێ لەگەڵ ئەو رەئیەیە. کە وشەی (پێشنیار) هەڵگرین.. کێ لەگەڵ ئەوەیە کە بمێنێتەوە؟.. کەواتا وشەی (پێشنیار) دەمێنێتەوە.

دەچینە سەر برگە (٣)ی مادەی (٨)، کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە وەک خۆی بمێنێتەوە؟.. کێ دژە؟.. کەواتا بەزۆریەی دەنگ بریار درا وەکو خۆی بمێنێتەوە.

ئێستاش دێینە سەر برگەی (٤)ی مادەکە، کێ سەرنجی لەسەر هەیە؟.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بڕگەی (٤) (ڕێ نیشاندان وسازدان وبەدوادا چوونی کارو فرمانی وەزارەتەکان ودائیرەکانیان) دەقە کوردیەکە لەعەرەبییەکە چاکتر داڕێژراوە، کەدەڵێ (توجیە وتنسیق اعمال الوزارات والجهات التابعة)، دەڵێم (جیهاتەکە) بکرێت بە (ئیدارات) وەک لە کوردیەکەدا ئەوە کراوە، چونکە (جیهەت) شتێکی دیاری نییە (والهیئات والمؤسسات العامة)یش (اخری)یەکی دەوێت، بەڵام ئایا ئەوە ئیشی ئەنجوومەنی نیشتمانییە، یان ئی ئەنجوومەنی وەزیران؟ بەرای من هەندێ شت هەیە تێکەڵاو کراوەو نازانم برادەرانی لیژنە یاساییەکە ڕایان لەسەر چی یە؟ بەرای من ئەوە هی سەرۆک وەزیرانە نەک ئەنجوومەنی نیشتمانیی، سوپاس.

**بەڕێز سیروان محەمەد ئەورۆڵی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پاش وپێش بکرێن باشترە، سوپاس.

**بەڕێز حسێن عارف عەبدولڕەحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لێرەدا هەردووکی تێکەڵاو کراوە، چونکە دەسەڵاتی تایبەتیمان دانەناوە، سوپاس.

**بەڕێز ئەحمەد تاهیر نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بۆ بڕگەی (٤)ە، پێشنیار دەکەم (ئاراستە کردن وڕێکخستن) لەجیاتی (ڕێ پیشاندان وسازدان) دابنرێت، ئەوەم پێ باشترە، سوپاس.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دیوانی تەدوینی یاسا هەیە، ئەگەر بێتو بۆ ئەنجوومەنی وەزیرانی دابنێین، چونکە کاتێک کە یاسا دادەنێین، دەبێت بۆ هەمووشتێک بگەڕێینەوە سەری، ئەو کاتە ئایا وەزیرێک لە وەزارەتێک هەقی دەست تێوەردانی کاروباری وەزارەتێکی تری هەیە ڕۆژانە بزانی ئیشوکارەکەی دەکات یا نای کات؟ یا دەبێت هەمووی هەڵگیرێت ودەسکاری نەکرێت هەتا ئەو ڕۆژانەی وەزارەت کۆ دەبێتەوە ئەوسا هەر وەزارەتە وباسی ئیشەکەی خۆی بکات وهەر وەزیرێکیش موتابەعەی بکات و، بزانی ئەوشتانە جێبەجێ بووە یان نەبووە، ئەو کاتە دەڵێین ئەوە مافی ئەنجوومەنەو ئەوە مافی سەرۆکایەتی وەزارەت نییە، ئەو کاتەش ئەو ئەرکەی کە لە سەر شانی سەرۆکایەتی

ئەنجوومەنە هیچی لەسەر نامێنێت و هەر ئەوەندەی لەسەر دەمێنێ کەلەسەر مێزەکەی خۆی دانیشێت تا ئەنجوومەن کۆ دەبێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز مەلامحەمەد ئەمین عەبدولحەکیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

(تەنسیق وتوجیە)، ئەگەر بۆ وەزیر دیاری بکرێ، بەلام مادەیەکی سەربەخۆی دیکە بۆ سەرۆک دابنرێ، سوپاس.

**بەڕێز یونادم یوسف کنا/ وەزیری ئەشغال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دروست نییە کاروباری پێشمەرگە لەلایەن وەزارەتی ئەوقافەوە چاوەدێری بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن کانەبی خضر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بڕگە(٤) بکرێتە (توجیە وتنسیق التابعة لها ومتابعة اعمالها) لەجیاتی (توجیە وتنسیق اعمال الادارات)، سوپاس.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بڕگەکانی (٤.٥.٦) بەڕاستی ئەوانە هی پێڕەوی ناوخۆی وەزارەتن و هاتونەتە ئێرە، بۆیە پێشنیار دەکەم کە بڕگەکانی (٤.٥.٦) ی مادە (٨) لێرە هەلبگیرێن، چونکە هی پێڕەوی ناوخۆن، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێشنیارەکەی سەرۆک وەزیران لەجێی خۆیەتی کەدەلێ هەندێ دەسەلات بۆ سەرۆکایەتی وەزیران و وەزیرەکان دیاری بێت، بەلام ئەم یاسایە بۆ ئەنجوومەنی وەزیران بەگشتی نووسراوە، بەلام هەیئەی سەرۆکایەتی واتا سەرۆک وجێگرەکەی وەکو کارگێڕی ئەنجوومەن، وەزارەتەکان ئاراستە دەکەن. ئەگەر دەشتانەوێ ئەوە ئێمە دەتوانین دەسەلاتی سەرۆکایەتی و وەزیرەکان لەیەک جیابکەینەوە، کە بەگشتی هی سەرۆک وجێگرەکەین، بۆیە وای بە پەسەند دەزانم کە ئەوانە وەکو خۆیان بمێننەوە، سوپاس.

**بەڕێز حسێن عارف عەبدولرحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

منیش دەنگی خۆم دەخەمە پاڵ ئەو دەنگە کە ئەو سێ بڕگەیە لەمادەکەدا لاببرێ وئەوانی تر بهێڵدرێنەوە، سوپاس.

**بەڕێز عــەدنان مــحــەمــەد نەقــشــبــەندیی:**

**بەڕێــز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــــوومــــــەن.**

لەوانە ئێمە بەپەلە ئەو (٣) بڕگەیەمان نووسیبێ و، دەتوانین بەپێی گرنگی پاش وپێشیان بکەین، بەڵام ئەگەر مەبەست لەوەیە کە دەسەڵاتی سەرۆک وجێگری سەرۆک وەزیران بەجیا دیاری بکەین، ئەوە وای بە باش دەزانم کە ئەوان هەردووک پێکەوە لەسەر شێوەیەک ڕێک بکەون ئەوسا ئێمەش لە شێوەیەکی یاساییدا دایدەڕێژینەوە، سوپاس.

**بەڕێــز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــــوومــــــەن:**

پەیوەندیان بەسەرۆک ئەنجوومەن وجێگرەکەیەوە نییە، ئێمە پرۆژەی یاسایەکمان لەبەر دەستدایەو دەبێ بڕیاری خۆمانی لەسەر بدەین، ئەوان چی ئەکەن ئازادن.

جا ئێستا دوو پێشنیار هەیە، کێ لەگەڵ ئەوەیە بڕگەکانی (٦،٥،٤) هەڵبگیرێت؟ ..کێ لەگەڵ ئەوەیە کە بمێننەوە؟.. کەواتە (٤٤) دەنگ لەگەڵ ئەوەدایە کە بمێننەوە، (٣٢) دەنگیش لەگەڵ ئەوەدان کەنەمێننەوە.

ئێستاش دێینە سەر بڕگەی (٧) و بودجەی گشتی، کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. کێ لەگەڵ ئەوەدا نییە؟.. کەواتە بڕگەکە بەزۆربەی دەنگ وەکو خۆی مایەوە.

ئێستاش دەچینە سەر بڕگەی (٨)، ئامادە کردنی پرۆژەی نەخشەی گەشەپێکردنی هەرێم. کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. کێ دژە؟.. کەواتە بەزۆربەی دەنگ وەکو خۆی مایەوە.

ئێستاش بڕگە (٩)، قەرزو وەرگرتنی بە بڕیاری ئەنجوومەنی نیشتمانی. کێ لەگەڵ ئەوەدایە؟.. کێ لەگەڵ ئەوەدا نییە؟ .. کەواتە ئەم بڕگەیەش بەزۆربەی دەنگ وەکو خۆی دەمێنێتەوە.

با بچینە سەر بڕگە (١٠)، جێبەجێ کردنی یاساکان وپاراستنی ئاسایشی هەرێم وپارێزگاری کردن لەمافەکانی هاووڵاتیان وبەرژەوەندیە باڵاکانی هەرێم. کێ سەرنجی لەسەر هەیە؟

**بەڕێز د.ڕۆژ نووری شاوەیس/جێگری سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێــز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــــوومــــــەن.**

پێشنیار دەکەم بڕگەکانی (٩،٨،٧) بخرێنە پێش بڕگە (٤)، سوپاس.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێــز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــــوومــــــەن.**

بڕگە (١٠) باشە، ئەگەر ڕوونکردنەوەیەکیش هەبێت لەجێبەجێ کردنیدا، سوپاس.

**بەڕێــز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــــوومــــــەن:**

کەواتە بڕگە (١٠) وای لێهات (تنفيذ القوانين والمحافظة على ألاقليم وحماية حقوق المواطنين

والممتلكات العامة ومصالح الشعب في كوردستان العراق). کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە ناوا بێت؟.. کێ دژە؟.. کەواتە پێشنیارەکە بە زۆربەی دەنگ پەسەند کرا.
پێشنیارێکی دیکەش هەیە بۆ پاش وپێش کردنی بڕگەکانی (٦.٥.٤) لەگەڵ بڕگەکانی (١٢.١١.١٠) کێ لەگەڵ ئەوەدایە؟.. کێ لە دژە؟.. کەواتە ئەویش بەزۆرینەی دەنگ چەسپا. ئینجا دێینە سەر بڕگە (١١)، دامەزراندنی فەرمانبەران وبەڕێوەبەرە گشتی یەکان ولادان ودەست کێشانەوەیان لە کارو، خانەنشین کردنیان بەپێی یاسا. کێ سەرنجی لەسەر هەیە؟

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەرای من بڕگەکانی (١٢.١١) بکرێن بە یەک، چونکە هەر لەدوای خۆی ئیستیسنای تێدایە، ئیستیسناش بۆ ئەو پلانەیە کەگرنگییان زیاترە لەهی پێشوو، دیسان من لەسەر عەرەبییەکە دەستکاریم کردووە، لەجیاتی بڕگەکانی (١٢.١١) وا باشە کە بووترێ (تعين المستشارين وكبار الموظفين من ذوي الدرجات الخاصة ورؤساء الوحدات الادارية الخاصة وكبار والقضاه واعضاء الهيئة الادعاء العام في كوردستان وفصلهم وعزلهم واحالتهم على التقاعد طبقاً لاحكام القانون، اما ماعداهم من الموظفين فيتم تعينهم من قبل رئيس وزراء ألاقليم بعد التشاور مع الوزير المختص حسب احكام القانون)، واتە دووەم ئیستیسنا کراوە لەهی پێشوو لەکاتێکدا ئەوەی کە ئیستیسنا کراوە گرنگی زیاترە و پلەی گەورەترە لەهی پێشووی. لەراستیشدا خۆی گرنگێتی ئەنجوومەنی وەزیران زیاترە لەسەرۆک وەزیران و، وەزیری پسپۆڕیش بەرامبەر بە سەرۆکی وەحدەی ئیداری وحاکمەکان هەمووی لەنێوان سەرۆک وەزیران و وەزیردا دانراون، لەکاتێکدا ئەوەی کەمترە دراوەتە ئەنجوومەنی وەزیران، ئەمە لەحاڵەتێکدا ئێمە لەباری ئێستادا کەئەنجوومەنی وەزیران مەرکەزیەتی بەهێزترە لەسەرۆکایەتی وەزیران، بۆیە پێویستە ئەو شتانە لەدەستی ئەو دابن و ئەو تەعینەکەیان بکات، سوپاس.

**بەڕێز یونادم یوسف کنا/وەزیری ئەشغال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

وا چاکە ئەنجوومەنی وەزیران دووربێت لە حزبایەتی، چونکە لێرە وەزیر هیچ دەسەڵاتێکی نەماوە و هەتا ناتوانێ فەرمانبەرێکی سادە دامەزرێنێ، بەڵکو دەبێت ئەنجوومەنی وەزیران کارمەند وفەرمانبەر دابمەزرێنێت، سوپاس.

**بەڕێز د.رۆژ نووری شاوەیس/جێگری سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

سەبارەت بەبڕگەکانی (١٢.١١) گرفتیان لەسەر نییە، ئەگەر جەوهەرەکەی بەگوێرەی ئەوە

ئیستیسنا کراوە بۆفەرمانبەری تایبەت، هەتا رابەر هەڵدەبژێردرێت ئەنجوومەن بڕیاری لەسەر بدات، بەڵام کەسەرۆکی هەرێم هەڵبژێردرا ئەوا دەسەڵاتی وەزیر نییە کە فەرمانبەر دابمەزرێنێ، چونکە فەرمانبەریش بەپێی پلەیە و، هەندێکیان ئەنجوومەنی وەزیران وهەندێکی دیکەیان پلەیان بەرزترە و، دەبێ لەئەنجوومەن بەرزتر بڕیار لەسەر دامەزراندنیان بدرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کەواتە دوو پێشنیار هەیە، یەکێکیان ئەوەیە کە برگەکانی (١٢.١١) لێک بدرێن، دووەمیشیان ئەوەیە کە وەکو خۆیان بمێنێتەوە. دەبێ لە داڕشتنەوەشدا تۆزێک دەسکاری هەندێ شت بکرێ، ئەوە لە دواییدا دێینەوە سەری. بۆ پێشنیارەکەی بەڕێز یۆنادمیش کە دەڵێ: وەزیر هیچ دەسەڵاتی نییە، دەڵێین بەڵام هەر وەزارەتێک پێڕەوی ناوخۆی هەیە.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

راستە، ئەنجوومەنی وەزیران پێڕەوی ناوخۆی هەیە ودەتوانێ ئەو دەسەڵاتە بە وەزیرەکان بدات، سوپاس.

**بەڕێز سەفەر محەمەد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ناتەواویەک لە بڕگە (١١)دا هەیە، بەتایبەتی لەوێیدا کەدەڵێ: (ترفیعهم وترقیتهم، ویستثني القضاة واعضاء الادعاء العام)، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

زۆر شت هەیە لە پێڕەوی ناوخۆدا هەیە، فەرمانبەر کە دادەمەزرێت زۆر ئاسایییە کە مافی (ترفیع)و (علاوە) شی هەبێت، جێی خۆیەتی کە (مدیر عام) یش بخرێتە پاڵ (قازی)، چونکە هەر دووک یەک پلەیان هەیە، سوپاس.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێمە کە دەڵێین ئەنجوومەنی وەزیران، مەبەست ئەوەیە کە وەکو هەیئەتێکی سەرۆکایەتی تەماشای دەکەین، بەڵام مافی ئەنجوومەنی وەزیرانە ئەگەر بیەوێ دەسەڵاتی خۆی فراوان بکات، لە وەزارەت، یا دەسەڵاتی سەرۆک فراوان بکات. بەڵام خۆ ئەمە دەستوور نییەو یاسایە، ئەنجوومەن دەتوانێت بە یاسایەکی تایبەتی دەسەڵاتی هەر وەزیرێک زیاد بکات یا کەمتری بکات، بەڵام بۆ مەسەلەی تەرفیع کۆمەڵێک بۆشایی یاسایی ماوە، ئەوەش شتێکی سەیر نییە و

زۆر جار کە لە وڵاتاندا شۆڕش دەبێت و ڕژێمەکە بەتەواوی دەگۆڕدرێ و، ئەوەی گرنگیشە یەکسەر دەیگۆڕن، بەڵام ئەوەی جزئیاتە ئەمێنێت هەتاکو چارەی دەکرێت، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەگەڵ پێشنیارەکەی د.فؤادم بۆتێکەڵ کردنی ئەو دوو برگەیە، بەڵام لەگەڵ کاک د.ڕۆژیشم، چونکە وشەی (سەرۆکی کوردستان) وشەیەکی نامۆیە و، لە هیچ شوێنێکی دیکەدا نەهاتووە، هەروەها پێشنیاریش دەکەم کە هەموو پلە وەزیفییەکان بەسەر یەکەوە باس بکرێن و ودوایی بڵێین (طبقا للقانون) و ئیتر هەمووشت دروستەو پێویست بەوە ناکا کە ناوی کەس بێت، سوپاس.

**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە برگە(١١)دا دیارە کە حکوومەت دەسەڵاتی جێبەجێ کردنە و(قازی)یش دیارە کە سەر بەدەسەڵاتی دادوەریە، بەڵام ئەگەر بەم شێوەیە بێ ئەوا دەکەوێتە ژێر دەسەڵاتی تەنفیزیەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەگەڕێمەوە بۆئەو پێشنیارەی کە کردم ، وا دیارە زۆربە پشتگیری لێ دەکەن کە هەردووک برگەکە بکرێتە یەک برگە ئەویش بەم جۆرە بێت **(تعین الاستشاريين وكبار الموظفين من ذوي الدرجات الخاصة ورؤساء الوحدات الادارية والقضاة واعضاء هيئة الادعاء العام في كوردستان وعزلهم وفصلهم واحالتهم على التقاعد طبقاً لاحكام القانون)**، جا یاسا ئەوە بۆ ڕابەر دەباتەوە ولە حاڵەتی نەبوونی ڕابەریشدا ئەوەی موعالەجە کردووە. دوای ئەوەش بگوترێ **(أما ماعداهم من الموظفين يتم تعينهم بقرار من رئيس وزراء الاقليم و بالتشاور مع الوزير المختص حسب احكام القانون)**، سوپاس.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەسکاریەکە زۆر جوانە، بەڵام بەپێی ئەوەی کە باوە (پلەی تایبەت) دەبێ لەلیستەیەکدا دیاری بکرێ، واش بەباش دەزانم کە وشەی (مشاور) لابەرین، چونکە (پلەی تایبەت) زۆر فراوانە وئەویش دەگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز مەلا محەمود دێرشەوی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەربارەی برگەکانی (١٢.١١) وەکوخۆی بمێنێ ڕاستە، ئەگەر ئەوەش ناکرێ با بکرێتە (أ،ب)،

ئەمە یەکەم. دووەمیش، ناوی سەرۆکی هەرێم لەجێی ناوی رابەر هاتووە، باشتر وایە ناوی رابەر هەر بمێنێ، سوپاس.

**بەڕێز ئەکرەم عەزەت نەجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیار دەکەم حاکمەکان شتی تایبەتیان بۆبکرێ، چونکە تا ئێستا لەلایەن ئەنجوومەنی عەدل یا ئەنجوومەنی قەزائەوە تەعین کراون، بەلام با تایبەتمەندی خۆیان هەبێت، سوپاس.

**بەڕێزحەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

مامۆستای بەڕێز دیرشەوی دەڵێ سەرۆکی هەرێم نییە وهەر رابەر هەیە، من دەڵێم با پێم پیشاندا بزانم رابەر لەکوێدا هەیە؟ ئەوە یاساکەیە ودەڵێ (قائد الحركة التحررية الكردية)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەو دەقە هیچ دەسەلاتێکی بۆهیچ وەزارەتێک نەهێشتوەتەوە هەتا بۆ دامەزراندنی فەراشێکیش، جا ئەگەر هەموو کارێک دەسەلاتی جێبەجێ کردن بیکات ئەی دەسەلاتی قەزائی چی بکا؟ خۆ دەبێ (حاکم) یش پلەی تایبەت بێ، بۆیە دەڵێم هەق وایە (پلەی تایبەت وپلە بالاکان) بە ئەنجوومەنی وەزیرانەوە نەبەسترێنەوە، بۆیە ئەم دەقە نوێیەی کە دەڵێ (**یستثنی من الفقرة اعلاه شاغري الدرجات الخاصة والوحدات الادارية والقضاة والذين يتم تعينهم باقتراح من قبل الوزير المختص وبموافقة مجلس الوزراء**)، ئەم دەقە دیموکراتیانە ترە لەوەی تر.

**بەڕێز محەمەد توفیق رەحیم/ وەزیری یارمەتی مرۆڤایەتی وهاوکاری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەوە باشترە کە ئەنجوومەنێکی قەزائی هەبێت و وەزیری عەدل ئەندام بێ تیایدا وئەو ئەنجوومەنە حاکمەکان دابمەزرێنێت، سوپاس.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

حاکم لەلایەن ئەنجوومەنی بالای قەزائەوە دەپالێورێ و، سەرکۆمار بە مەرسومێک بڕیاری دامەزراندنی دەردەکا، بەلام گرفتی ئێمە لەوەدایە کەسەرکۆمار، یا یەکێکی تری لەپلەی ئەوماندا نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

باشە برگە (١٢) روونە بۆ تێکەڵ بە (١١)ی بکەین؟

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەگەڕێینەوە بۆ تێکەڵ کردنی هەردوو بڕگەکە، ئەوجا ئەگەر بێت وتێکەڵ نەکرێت وبڕگە (١١) وەکو خۆی بمێنێتەوە وبڕگە (١٢)یش بمێنێتە (يستثنى من الفقرة اعلاه الدرجات الخاصة ورؤساء الوحدات الادارية والقضاة واعضاء الادعاء العام الذين يتم تعينهم وفق القوانين المرعية)، وابزانم ئەگەر ئەوەش بکەین بە (وفقاً للقوانين المرعية) باشترە، چونکە هەندێکیان ئەنجوومەنی وەزیران ناتوانێت دایان بمەزرێنێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

واتا بگوترێ (اقتراح تعينهم من قبل الوزير المختص وموافقة مجلس الوزراء) ئەوجا بگوترێ (وفقا للقوانين المرعية).

**بەڕێز د.رۆژ نووری شاوەیس/جێگری سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەگەر لە بڕگە(١١) رزگارمان بوو ئەوجا بڕگە (١٢) بەم شێوەیە بێت (يستثنى من الفقرة اعلاه الدرجات الخاصة برؤساء الوحدات الادارية والقضاة الذين اقترح تعينهم من قبل الوزير المختص بموافقة مجلس الوزراء وقرار مجلس نواب العليا ووفقاً للقوانين المرعية)، سوپاس.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

وا چاکە بڵێی:(من الجهة العليا وحسب القوانين المرعية)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کەواتە (حسب القوانين المرعية)ی دەخەینە سەر و، تەنها (رئيس الاقليم)ی لێ هەڵ دەگیرێت وئیتر بڕگەکانی (١٢.١١) وەکو خۆیان ئەمێننەوە.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

(الجهة المختصة) راست ترە، سوپاس.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

(الجهة المختصة)، تەبیعی ئێمە ناوێرین ناو بدەین، ئەوە ئاشکرایە و، ئەمە مەسەلەی هەرێمە، بەلاّم ئەم (الجهة المختصة)ئەگەر نەبوو ئەوکاتە دەبێ عیبارەی (يمارس رئيس المجلس الوطني) بخرێتە جێی، واتا دەبێ ئەوەش چارەسەر بکرێت، کە ئەوەش نەبوو ئەوسا دەبێ بوترێ (الجهة المختصة)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کەواتە دەقەکە ئێستا وای لێ هات(**یستثنى من الفقرة اعلاه الدرجات الخاصة واعضاء الوحدات الادارية والقضاة واعضاء هيئة الادعاء العام الذين يتم اقتراح تعينهم من قبل الوزير المختص بموافقة مجلس الوزراء وبقرار من الجهة المختصة وحسب القوانين المرعية**).

تکایە کێ لەگەڵ ئەم دەقەدایە با دەست بەرزبکاتەوە؟.. کێ دژە؟ ..کەواتە بەگشتی دەنگ بڕیاری لەسەر درا.

پێشنیارێکی تر لە بارەی زیاد کردنی مادەیەکی ترەوە هەیە سەبارەت بە پێکهێنانی (ئەنجوومەنی خوێندنی باڵا)، کێ سەرنجی هەیە؟، سوپاس.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

کەدێین باسی دەسەڵات دەکەین، باسی دەسەڵاتێک دەکەین کە ماوەو بەردەوامە، نەک هەر تەعینێکە وتەواو بێت، بەنیسبەت ئەو نووسینگەیەی کە دادەنرێت بۆ(خوێندنی باڵا) ئەوە شتێکی سروشتیە وبڕیارمان لەسەر داوە وبەو شێوەیەی کە لە کاتی ناونانی وەزارەتەکاندا باس کرا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

واتا ئەنجوومەنی وەزیران وەک پرۆژەی یاسایەک پێشکەشی دەکات، ئەوکاتە ئەنجوومەن گفتوگۆی لەسەر دەکات وهیچ پێویستی بەوە ناکات بیکەین بە دەسەڵاتی ئەنجوومەنی وەزیران.

وەک بڕیاریشە ئەو ئەنجوومەنە دەبەسترێ بە ئەنجوومەنی وەزیرانەوە.

**بەڕێز د.قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەگەر ببەسترێت بە ئەنجوومەنی وەزیران باشترە، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

مادام ئەنجوومەنی وەزیران دەسەڵاتی ئامادە کردنی پرۆژەی یاساکانی هەیە، ئەوەش یەک لەو پرۆژە یاساییانە دەبێ کە دەبێ ئامادەی بکات وپێشکەشی بە پەرلەمانی بکات بۆ ئەوەی بڕیاری لەبارەوە بدات، سوپاس.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

باسی ئەوەکرا کە لیژنەیەک هەبێت بۆ خوێندنی باڵا کە سەر بە ئەنجوومەنی وەزیران بێت و وەزیری پەروەردەش ئەندام بێت تێیدا، بڕیارەکەمان هەیە ودەکرێ ئەمڕۆ ئەو بڕیارە دابڕێژینەوە وئاراستەی ئەنجوومەنی وەزیران بکرێت و بڵێین ئەو بڕیارە جێبەجێ بکەن وپرۆژەی یاسایەکی بۆ

دابنێین، چونکە ئێمە وەزارەتمان بۆ خوێندنی باڵا ولێکۆڵینەوەی زانستی دانەناوە وەرجیش نییە هەموو ئەو بڕیارانەی کە لە ئەنجوومەنەوە دەردەچن هەر یەکەو یاسایەکی بۆ دەربکرێت، بەڵکو ئەنجوومەنی نیشتمانیی بۆی هەیە بڕیاری خۆی دەربکا وئەو بڕیارە بە ئەنجوومەنی وەزیران رابگەیێنێت و بڵێت بڕیارێکی وامان هەیە کەواتە پرۆژەی یاسایەکی بۆئامادە بکەن بۆ ئەو مەبەستە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

جا کەواتە دوو را هەیە، را یەک کە دەڵێ مادەیەک بۆ دەسەڵاتەکانی ئەنجوومەنی وەزیران زیاد بکرێت سەبارەت بەپێکهێنانی (ئەنجوومەنی خوێندنی باڵا)، رای دووەمیش دەڵێ پێویست ناکات بڕیارێکی تایبەتی بۆ ئەوە دەربکرێ. جا ئێستا کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە مادەیەکی تر بۆ ئەو مەبەستە زیاد بکرێت بادەست بەرز بکاتەوە؟.. کێ دژە؟.. کەواتە رای زۆربە لەسەر ئەوەیە کە مادەیەک لەو بارەیەوە زیاد بکرێت.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

شتێکم نووسی ئەگەر پێ رازی بن ئەبێت بە مادەی (١٠) کە بەم شێوەیەیە: **(تشكل هيئة التعليم العالي والبحث العلمي وترتبط بهيئة رئاسة الوزراء على ان تنظم اعمالها بنظام خاص)**. پێشم وایە کە (هیئە) لە ئەنجوومەن بەرفرەترە و،کە گوتراش (هیئە) ئەوسا ژمارەیەک راوێژکاری خاوەن پەیوەندیش دەتوانن ئەندام بن تیایدا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کێ لەگەڵ ئەو دەقەدایە؟.. کێ دژە؟..کەواتە بەرای زۆربە ئەمە بوو بە مادەی (١٠).

**پاشان بەڕێز حوسێن عارف مادەی (١١)شی خوێندەوە.**

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

وابزانم لە یاسای ئەنجوومەنی نیشتمانیدا باسی ئەوە کراوە، بۆیە پێویست نییە لێرەشدا دووبارە بکرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.رۆژ نووری شاوەیس/جێگری سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەو قسەیە راستەو ئەوە دەسەڵاتی ئەنجوومەنی نیشتمانییە، بەڵام مەسەلەی ٢/٣ی دەنگەکان،

ئەوە لە هیچ پەرلەمان وحکومەتێکدا نییە، چونکە ئەو حزبەی کە زۆرینەی (مطلق)ی هەبێت ئەوە هەقی پێکهێنانی حکومەتیشی هەیە و، ئیتر پێویستی بەو ٣/٢ش نامێنێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

یاسای ئەنجوومەنی نیشتمانیی چی ئەڵێت؟

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

٢/٣ی ئەندامانمان دانا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەیاسای ژمارە (١)دا ڕێژە دیاری نەکراوە، بەڵام لەیاسای ئەنجوومەنی نیشتمانیدا دانراوە. واتا بەزۆرینەی موتڵەقە، کەواتە ئەو بڕگەیە هەڵدەگرین، چونکە لە یاسای ئەنجوومەنی نیشتمانیدا چەسپاوە ولێرەدا پێویست بە دووبارە کردنەوەی نییە.. ئێستا کێ لەگەڵ هەڵگرتنی ئەم مادەیەدایە؟.. کێ دژە؟.. کەواتە بەزۆرینەی دەنگ بڕیار لە سەر هەڵگرتنی درا.

ئێستاش دەچینە سەر بڕگەی ژمارە (٢)، کێ سەرنجی لەسەر هەیە؟.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەروەکو خۆی بێت باشترە، خۆی یەک بڕگەیە بۆیکرێت بە دوو؟ سوپاس.

**بەڕێز مەلا موحسن خالید مستەفا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەکاتی وازهێنان واتا (استقالە)کردنی سەرۆک وەزیراندا، ئایا جێگرەکەی دەتوانێ بەپێی یاسا جێی بگرێتەوە هەتا لە ئەنجوومەنی نیشتمانییەوە سەرۆکێکی تری بۆ دادەنرێ کە جێگەی بگرێتەوە؟ سوپاس.

**بەڕێزحەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وا باوە کە سەرۆکی وەزیران ئیستقالەی کرد ئیتر هەموو وەزارەتەکە سقوت دەکا، جێگری سەرۆک وەزیرانیش تەنها لە کاتی(غیاب)ی سەرۆکدا جێی دەگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز بارزان خالید عەزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێم وایە کە بکرێتە ٣/١ی ئەندامانی، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕۆژ نووری شاوەیس/جێگری سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

با ژمارەکە دیاری بکەین، سوپاس.

**بەڕێز محەمەد توفیق رەحیم/ وەزیری یارمەتی مرۆڤایەتی وهاوکاری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەرەنی من دیاری کردنی ژمارە بۆ رووخانی وەزارەت لە هیچ شوێنێکدا نییە، چونکە لێرە کە کوتلەیەک لە وەزارەت کشایەوە ئیتر وەزارەتکە بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی دەڕوخێت، ئیتر پێویست ناکات ئەوەی بۆ زیاد بکەین، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر رێژە دابنرێ ئەو کاتە وەزارەتەکە هەمیشە لەبەر هەڕەشەی (سقوط)دا دەبێ، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕۆژ نووری شاوەیس/جێگری سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

حالەتی ئەم وەزارەتە حالەتێکی تایبەتیەو دەبێ لە رووی یاسایەوە بەرێکوپێکی دابرێژرێت، ئەوەک پاشە رۆژ بارودۆخێک بێتە پێشەوەو لایەنێک لەبەر ئەوەی ژمارەی وەزیرەکانی زیاترە بلێ من وەزیر تەنسیب دەکەم، دەبێ هەر لە ئێستاوە لە رێی یاساوە رێگا لە شتی وا بگیرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێشانەوەی بڕوا بە وەزارەت دیاری کراوە بە خواستی ژمارەیەک لە ئەندامانی ئەنجوومەنەوە، ئەوەش ئەوە چارەسەر دەکا کە جەنابت باست کرد.

**بەڕێز محەمەد توفیق رەحیم/ وەزیری یارمەتی مرۆڤایەتی وهاوکاری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێز د.رۆژ با دوو مەنطقی جیاواز قسەی کرد، لەمادە (١١)دا بە رێژەی ٣/٢ رازی نەبوو و پێی هەڵگرتین، کەچی بۆ ئەم مادەیە کە زۆر تەکنیکی ترە داوای دەکاتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕۆژ نووری شاوەیس/جێگری سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر هەوڵ بدەی لێم تێبگەی لەوانەیە بگەینە دەرئەنجامێک، لە حالەتی یەکەمدا ئەگەر

پەرلەمان بیەوێ بەزۆربەی (٣/٢) بڕوای خۆی لە وەزارەت بکێشێتەوە ئەوا ئەوەی بەکەردەوە بۆ ناکرێ، چونکە نیوەی پەرلەمانەکە ئێوە پێکی دێنن وئەگەر خۆتان نەتانەوێ فراکسیۆنی پارتیش ناتوانێ بەتەنها بڕوا لە ئەنجوومەنی وەزیران وەرگرێتەوە. بەلاّم ئەنجوومەنی وەزیران کە لە (١٥)کەس پێکدێ تەنها (٥یا ٦)وەزیریان پارتین و ئەگەر هەموو ئیستقالەش بکەن هێشتا (٩) وەزیری تر دەمێننەوەو ئەگەر بەو ڕێژەیە بکەین کە فراکسیۆنی کەسک دەیلێ ئەوسا ئەو (٩)وەزیرە مافی ئەوەیان دەبێ کە لەکاری خۆیان بەردەوام بن وجێی وەزیرە پارتیەکانیش پڕ بکەنەوە، کە ئەمەش لەگەڵ ڕێککەوتنی هەر دوو حزبەکەدا ناگونجێ، بۆیە دەڵێم با ڕێژەی (٣/٢)یەکە بچەسپێ، سوپاس.

**بەڕێز محەمەد تۆفیق رەحیم/ وەزیری یارمەتی مرۆڤایەتی وهاوکاری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

باشە ئەگەر لە (١٥)وەزیرەکە تەنها(٥)یان سەوز وزەرد بوون و(١٠)یەکەی تر ئیستقالەیان کرد ئەوسا چۆن دەبێ؟ سوپاس.

**بەڕێز د. عیزەدین مستەفا رەسول:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دیارە لایەنێک دەیەوێ دەسەلاّت بە وەزیرەکانی خۆی بدات و لایەنەکەی تریش دەیەوێ لەو دەسەلاّتە کەم بکاتەوەو بیدا بە جێگری سەرۆک وەزیران، جا تکا لە شارەزایان دەکەین کە لە جیهاندا مەسەلەی دابەش کردنی دەسەلاّت چۆن چارەسەر کراوە لێرەش هەروای لێ بکەین، با وانەبێ بلێین ئەمڕۆ وەزارەتەکە بەشێوەیەک و بەیانی بەشێوەیەکی تر دەبێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئێمە لێرە حاڵەتێکی تایبەتیمان لەبەر دەستە، دەنا لە جیهاندا حزبی زۆرینە ئەنجوومەنی وەزیران پێک دێنێ با هەندێ جار ئیئتیلافیش بێ، بۆیە هیچ گرفتێکی لەو بابەتەیان نییە کە ئێمە لێرەدا باسی دەکەین.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

هەموو لایەکمان دەزانین کە ئەنجوومەنی نیشتمانیی وئەنجوومەنی وەزیران، پارتی ویەکێتی بەیەکسانی و وەکو برا بەسەرخۆیاندا دابەشیان کردووە، ئەو وەزارەتانەشی کە دراون بەلایەنەکانی تر، ئەوانیش بە ڕەزامەندی هەر دوو حزب پێیان دراوە، بۆ چارەسەر کردنی ئەم کێشەیەش من لەگەڵ ئەوەدا نیم کە ئەگەر (٣/١)ی وەزیرەکان استقالەیان دا ئیتر وەزارەت بڕوخێت، لەجێی ئەوەش پێشنیار دەکەم کە ئەگەر هاتوو هەر یەکێک لەم دووحزبە سەرەکیانە خۆی لە وەزارەت کێشایەوەو ئیستقالەی کرد ئەوسا وەزارەتەکە بڕوخێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

راستە، بەڵام ناکرێ ئەوە ئاوا تۆمار ناکەین.

**بەڕێز مەلا محمود دێرشەوی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆزگە گرنگ نییە، گرنگ واقیعەکەیە، من پشتگیری لەوە دەکەم کە رێژەی (٣/١) بمێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە کە لە لیژنەی یاسادا ئەم پرۆژەیەمان دارشت بۆ پارتی ویەکێتی مان دانەرشت، بۆ ئەوەی وەزارەتیش بروای بەخۆی بێ بەلای منەوە رێژەی (٢/١)یش هێشتا کەمەو زیاتریش بکرێ باشترە بۆ ئەوەی وەزارەت ومیللەت هەست بە دڵنیای بکەن، سوپاس.

**بەڕێز مەلا محەمەد عەبدولقادر/ وەزیری ئەوقاف وکاروباری ئیسلامی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەموو شتێک بە رێکەوتنی هەر دوو لایەنە، بۆیە بە رای من ناو هێنانیشی لە یاساکەدا هیچ گرفت نییە، سوپاس.

**بەڕێز یونادم یوسف کنا/ وەزیری ئەشغال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە یاسای ئەنجوومەنی نیشتمانیدا باسی بروا کێشانەوە کراوەو گوتراوە کە دەبێ بە زۆرینەی موتڵەق بکرێ، ئەنجوومەنی نیشتمانیش لە ئەنجوومەنی وەزیران بەهێز ترە، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێوستە ئەمە موعالەجە بکرێت، ئەمە ململانێ وناکۆکییە، سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران لە کتلەی سەوزەو هەر وەختێک حەزی کرد دەتوانێ ئەنجوومەنی وەزیران هەڵبوەشێنێتەوە، لەبەر ئەوە دەبێت شتێکی یاسایی بۆ ئێمەش دابنێین وەکو پارتی، سوپاس.

**بەڕێز محەمەد توفیق رەحیم/ وەزیری یارمەتی مرۆڤایەتی وهاوکاری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەو کاتەدا دەبێ بروای لێ بسێنرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە تەماشای واقیع دەکەین و هەردەمێک کوتلەی سەوز، یا زەرد لە وەزارەتەکە کشایەوە ئیتر وەزارەت (سقوط)دەکات، ئەمە واقیعەکەیە، بەڵام ئێمە دەبێ هەوڵی دانانی یاسایەکی جێگیر بدەین دەنا هەر کاتێ(٦) وەزیرەکەی پارتی، یا (٦)وەزیرەکەی یەکێتی لە وەزارەت کشانەوە ئەوە بێگومان وەزارەتەکەش (سقوط) دەکاو، سوپاس.

**بەڕێز یونادم یوسف کنا/وەزیری ئەشغال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کە وەزیرێک، یا (٥/١)وەزیرەکان، یا (٣/١)یان ئیستقالە دەکەن، نابێ حکومەت بەوە (سقوط)بکا، چونکە وەزارەت لە پەرلەمانەوە بڕوای پێ دەدرێ و دەبێ لەسەر ئەو بناغەیەش بەردەوام بێ ، یا(سقوط) بکا، سوپاس.

**بەڕێز محەمەد توفیق رەحیم/ وەزیری یارمەتی ومرۆڤایەتی وهاوکاری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆی دوو حاڵەت هەیە: یەکێکیان سیاسیەو هەر کاتێک لایەنێک خۆی لە وەزارەت کێشایەوە ئەوا وەزارەتەکە دەروخێ، بەڵام حاڵەتێکی یاسایش هەیە کە لە هەموو جیهاندا کاری پێدەکرێ و هەر کاتێک زۆربەی وەزیرەکانی حکومەتێک ئیستیقالەیان کرد ئەوا وەزارەتەکەش دەروخێ، سوپاس.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

روخانی وەزارەت هەر لەسەر بڕوا کێشانەوە نەوەستاوە، جاری وا هەیە سەرۆک وەزیران ئیستیقالە دەکا، یا زۆربەی وەزیرەکان ئیستیقالە دەکەن، یا وەزارەتەکە هەر بەگشتی دەڕوخێ. لەلایەکی دیکەشەوە کە رێژەیەک دادەنرێ ئەوە بۆ هەر دوو لایەنەکەیەو لەوانەیە هەر دوو لا لە دۆخی جیاجیادا سوودی لێ ببینن، سوپاس.

**بەڕێز د.رۆژ نووری شاوەیس/جێگری سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆی حەقی هەر دوو لامانە، بۆیە چاکتر وایە ئەم بابەتە دوا بخەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەدایە کەدوای بخەین؟.

بەڕێز د.ڕۆژ نووری شاوەیس/جێگری سەرۆک وەزیران:
بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.
داوا دەکەم کە بۆ سبەی پاش نیوەڕۆ دوا بخرێت، چونکە ئێمە خۆمان (حکومەت) بەیانی سەعات (١٠) کۆبوونەوەمان هەیە لە سەر بەرنامەی کار، بۆ ئەوەی تەواوی بکەین وبتوانین دوای نیوەڕۆ بیگەیەنینە دەستتان، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:
نابێت دانیشتنەکانی هە ردوو لا لەیەک وەختدا بێت، پەرلەمان بەرنامەی خۆی هەیەو حکوومەتیش بەرنامەی خۆی هەیەو، ئەگەر حکوومەت پێی خۆشە بەرنامەی خۆی لەگەڵ بەرنامەی ئەنجوومەنی نیشتمانیدا ڕێک بخات ئەوە باشە و، ئەگەر سبەینێش پرۆژەکەی خۆی بگەێنێتە بەر دەست ئەوە ڕۆژی پێنج شەممە دەتوانین گفتوگۆی لەسەر بکەین، بەڵام دووپاتیشی دەکەینەوە کە دەبێ هەر دوو کوتلە لەسەر ئەو شتانە پێک بێن بۆ ئەوەی بابەت لێرە ئەودندە دووبارە نەکەینەوە.
بەم جۆرەیش دانیشتنی (١١) ڕێکەوتی ڕۆژی ١٩٩٢/٧/٧ـ مان کۆتایی هات.

| | | |
|---|---|---|
| **فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا** | **نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا** | **جوهر نامق سالم** |
| **سکرتێری ئەنجوومەن** | **جێگری سەرۆک** | **سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق** |

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٢)

چوارشەممە ڕێکەوتی ١٩٩٢/٧/٨

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (١٢)

## چوارشەممە ڕێكەوتی ١٩٩٢/٧/٨

***كات ژمێر (١٠)ی سەر لەبەیانی ڕۆژی چوارشەممەی ڕێكەوتی ١٩٩٢/٧/٨ ئەنجوومەنی نیشتمانیی كوردستان بەسەرۆكایەتی بەڕێز جوهر نامق سالم سەرۆكی ئەنجوومەنی نیشتمانیی و، بەئامادە بوونی جێگری سەرۆك بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا و، سكرتێری ئەنجوومەن بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا، دانیشتنی ژمارە (١٢)ی یەكەم خولی ئاسایی، یەكەم ساڵی خۆی بەست.***

***سەرەتا دەستەی سەرۆكایەتی ڕادەی یاسایی كۆبوونەوەكەیان چەسپاند. ئەوجا بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن دانیشتنەكەی بەناوی خوای گەورەو بەخشندەو بەناوی گەلی كوردستانەوە دەست پێ كرد.***

***بەرنامەی كار:***

***بەردەوام بوون لەسەر گفتوگۆ كردنی پرۆژەی یاسای ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێم.***

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن:**

بەر لەوەی بچینە سەر بەرنامەی كاری ئەمڕۆ، بۆ ئاسان كردنی دڵنیا بوون لەرادەی یاسایی ودیاری كردنی ئەوانەی كە لەدانیشتنەكاندا ئامادە نابن تكایە بۆ لەمەودوا ئەم خاڵانە ڕەچاو بكەن:

١- لەكاتی دیاری كراوی كۆبوونەوە دوا مەكەون.

٢- هەر كەسە با لەسەر كورسی خۆی دابنیشێت.

٣- لەكاتی دەست بەرزكردنەوەدا بۆ قسە كردن ولەكاتی قسەكردنیشدا ناوی خۆتان بڵێن.

٤- لیژنەكان با لەسەر جێبەجێ كردنی كاروباری ڕۆژانەی خۆیان بەردەوام بن وئەوەشی كەتەواوی دەكەن با بۆسەرۆكایەتی ئەنجوومەنی بنێرن.

٥- كە قسە دەكەن با پێشنیارەكانتان كورت وپوخت وداڕێژراو بێت.

ئێستاش دەچینەوە سەر گفتوگۆی پرۆژەی یاسای ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی كوردستان، با لیژنەی یاسا پاشماوەی مادەكان بخوێنێتەوە وئەوەی دەشیەوێ گفتوگۆیان لەسەر بكات با ناوی خۆی لای سكرتێر بنووسێ.

**بەڕێز فەلەكەدین سابیر كاكەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

دەبێ لیژنە هەمیشەیەكان لەسەر كاروباری خۆیان بەردەوام بن ومەرجیش نییە تەنها لەكاتی كۆبوونەوەی ئەنجوومەندا ئیشەكانی خۆیان ڕاپەڕێنن، بەڵكو دەبێ لەو ڕۆژانەشدا كە پەرلەمان

کۆبوونەوەی نییە ئەوان کۆبوونەوی خۆیان بکەن،سوپاس.

**بەڕێز جـــــــەلال شـــــــەفـــــــیق:**

**بەڕێز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومـــــــەن.**

ئێمە لە لیژنەی خۆماندا کۆبوونەوەمان کردووە، بەلاّم بەڕێزتان وتان با ڕاپۆرتەکە بهێنیتەوە بۆ هەفتەی داهاتوو، ئەگەر وابێ ئەوە بابەتەکە هەتا ئەوسا ئەو گرنگیەی ئێستای نامێنێ، سوپاس.

**بەڕێز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومـــــــەن:**

ئێمە گوتمان ڕاپۆرتەکانتان بنێرن بۆ ئەوەی بتوانین بیخەینە بەرنامەوەو کاری بۆ بکەین. هەروەها پێویستیمان بە ڕاوێژکارێکی یاسایی یا ئابووریی یا کشتوکالّی هەیە بۆ ئەوەی پێمان بلّێ ڕاپۆرتەکە هەلّدەگرێ گفتوگۆی لەسەر بکەین یا نە.

**بەڕێز جـــــــەلال شـــــــەفـــــــیق:**

**بەڕێز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومـــــــەن.**

لیژنەکەمان خۆی (٣تا ٤)کادری یاسایی، سوپاس.

**بەڕێز د. حـــمـــە نەجم حـــەمـــە فـــەرەج جـــاف:**

**بەڕێز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومـــــــەن.**

باسی ئەوە دەکرێ کە حکوومەتی بەغا یەکەمەکانی قۆناغەکانی خوێندن تکریم دەکا، سوپاس.

**بەڕێز فـــــــرەنـســـــــۆ تـۆمـــــــا هـەریـری:**

**بەڕێز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومـــــــەن.**

باسی پشووی ڕۆژانی پێنج شەممەو جومعەو شەممە کرا، ئەگەر وابێ ئێمەی مەسیحیەکانیش ڕۆژی یەک شەممە نایەین، سوپاس.

**بەڕێز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومـــــــەن:**

پشووی ئەندامانی ئەنجوومەن بەراستی ئەوە نییە کە بچن لە مالّەوە پالّی لێ بدنەوە، بەلّکو ئێمە نوێنەری میللەتین ودەبێ لە کاتی پشوو ودەوامیشدا لە خەمی میللەتدا بین و کار بۆ دابین کردنی پێویستیەکانی بکەن.

**بەڕێز حـــســـــــەن عـــــبدولکەریم بـەرزنجی:**

**بەڕێز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومـــــــەن.**

لە ڕاستیدا جگە لە ڕۆژانی جومعە پشووی دیکە نییە، ئەوانەشی کە ڕێیان دوورە دەتوانین لێرە لەو خانووانەی ئەنجوومەنی نیشتمانیی خانوویان بۆ دابین بکەین، سوپاس.

**بەڕێز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومـــــــەن:**

با لەوە زیاتر لە بابەتەکانی بەرنامەی کار دوور نەکەوینەوە و بچینەوە سەر گفتوگۆ کردنی پرۆژەی یاسای ئەنجوومەنی وەزیران، فەرموو.

**بەڕێز حسێن عارف عەبدولڕحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لە برگە (٢)ی مادەی (١١) وەستاین بۆ ئەوەی هەردوو فراکسیۆن هەلیان بۆ هەڵکەوێ کەلەسەری پێکبێن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

دەبێ تا تەواو بوونی دانیشتنی ئەمرۆ ئەنجامێک بەدەستەوە بدەن، دەنا جارێکی دیکەش گفتوگۆی ئەو برگەیە دوا دەخەین.

**بەڕێز حسێن عارف عەبدولڕحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

کەواتە برگەی (٣)ی مادە (١١) دەخوێنینەوە. پاشان برگەکەی خوێندەوە وگفتوگۆ دەستی پێکرد.

**بەڕێز مەلا شەریف تاهیر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

(هي في تعريف واجباتهم الرسمية) یان (في القيام بمهام واجباتهم) لەبەر ئەوە وا پێشنیار دەکەم کە (تعريف) وشەیەکی جوان نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەعید عەلی خان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من ئەڵێم (في تعريف مهام واجباتهم) باشترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەو پێشنیارەی بەڕێز مەلا شەریف ئەگەر رازین ئەوە لەکاتی داڕشتنەوەدا رەچاوی دەکەین.

کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە ئەم بابەتە بەم شێوەیە بێت؟.، سوپاس... کێ دژە؟.. ئەبوو زۆر سوپاس.

کەواتە بەگشتی دەنگ پەسەند کرا،

ئەوجا بەڕێز حوسێن عارف مادەی (١٢)یشی خوێندەوە.

**بەڕێز حەمید سەلیم میران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەلای منەوە مادەی (١٢) پێویست بەگۆڕین دەکا، لەبەر ئەوەی دەڵێت (زۆربە) بەئامادە بوونی (٩) کەس دێتە دی، کە ئەوەش زۆر کەمە بەنیسبەت (١٧)کەس، ئەو (٩) کەسە ئەگەر هەتا سەرۆک وجێگرەکەشی ئامادە نەبن پێنج کەسیان ئەتوانن بریاری خۆیان بدەن وئەگەر هاتوو لەیەکێک لەحاڵەتەکاندا وای دابنێین کە (٣) وەزیر دەنگیان نەداو تەنها سێ کەس مانەوە و، ئەگەر یەکێک لەو سیانەش سەرۆکی ئەنجوومەن بوو، ئەوا دەتوانن بریار دەربکەن، مانای ئەوەیە (٣) کەس بەسە بۆ ئەوەی بریارێک دەربکەن، ئەوەش لە ١/٥ی ژمارەی ئەندامانی ئەنجوومەن

کەمترە، بەرای من دەبێ ئەمە چارەسەر بکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
ئایا یاساناسەکان هیچ تێبینیەکیان هەیە؟.

**بەڕێزحسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆربەی (٩) دەکاتە (٥) نەک (٣)، لەهەموو ئەنجوومەنی وەزیرانی دونیاشدا وا باوە کە زۆربە ئامادەبن، ئەوەش شتێکی گشتیە، نازانم بۆهەندێک ئامادە نابن، بەرای من ئەو لایەنەی کە لە ئەنجوومەنی وەزیران و، لەپەرلەمان دا ئامادە نابێت دەبێ هەقی بسووتێت، سوپاس.

**بەڕێز مەلا تەها محەمەد تەها:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەنجوومەن بڕیارەکانی بە ئامادە بوونی زۆربەی ئەندامەکانی دەر دەکا، ئەگەر ڕێژەی دەنگ دەرانیش وەکو یەک بوو ئەوا ئەو لایە سەر دەکەوێ کە دەنگی سەرۆکی لەگەڵ دایە، سوپاس.

**بەڕێز ئەحمەد تاهیر نەقشبەندی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەبەر ئەوەی کۆبوونەوەکانی ئەنجوومەنی وەزیران نهێنی دەبێ، بۆیە بڕیارەکانی بە زۆربەی دەنگی ئەندامەکانی دەدات، ئەگەر دەنگەکانیش وەکو یەک بوون ئەوا ئەو لایەنە سەردەکەوێ کە سەرۆکی لەگەڵدا دەبێ. هەروەها ئەنجومەن خۆی بڕیارەکانی ئاشکرا دەکات، سوپاس.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە بڕوای من وشەی (کۆبوونەوە)ی ناوێ، کە دەشڵێین (مجلس الوزراء) واتە ئەنجوومەنێک کە لە دوو کەس زیاتر بێت، کە دەشڵێین (مداولات) ئەوە هەر واتای (گفتوگۆ) دەدات، بۆیە مەسەلەکە پەیوەندی بە وەرگێڕانە کوردییەکەوەیە، نەک دارشتن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
نەخێر تێبینییەکەی کاک ئەحمەد روونترو ئاشکرا ترە.

**بەڕێز حسێن عارف عەبدولرەحمان:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ڕاستە جیاوازیەکی زۆر زۆر لەنێوان بۆچوونەکەی کاک ئەحمەد و دەقی پرۆژەکەدا هەیە، چونکە لێرەدا مەبەست لە چۆنیەتی ئاشکرا کردنەکەیە کە دەبێ بەپێی سستەمێک بێت کە ئەنجوومەنی وەزیران خۆی دیاری دەکا، نەک کەسێکی تر، سوپاس.

**بەڕێز فەلەکەدین سابیر کاکەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لێرەدا باسی ژمارەی دەنگ کراوە، مەبەستم ئەوەیە روونی بکەمەوە، کە ئەگەر وەزیرێک (٢) وەزارەتی لە ئەستۆ بوو، بۆ نموونە ئەگەر وەزیری پیشەسازی لەبەر هۆیەک وەزارەتی گواستنەوە وگەیاندنیشی کەوتە سەر، ئایا ئەو وەزیرە یەک دەنگی هەیە یا دوو دەنگ؟ سوپاس

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەلای منەوە وەزیر کە دەنگ دەدات یەک دەنگی هەیە، بەڵام دەبێ پێی بگوترێت لەجیاتی کام وەزارەت دەنگ دەدا، سوپاس.

**بەڕێز عەدنان محەممەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بە رای من ئەگەر یەکێک دوو وەزارەتی لە ئەستۆ بوو، هەقی ئەوەشی هەیە کە دوو دەنگ بدات، سوپاس.

**بەڕێز حوسێن عارف عەبدولڕەحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دەبێ رێککەوتنێک هەبێ، دەنا ئەگەر وابێ ئەوەی غائبیش بوو دەتوانێ زەلام بنێرێت بۆ ئەوەی دەنگی بۆ بدات، سوپاس.

**بەڕێز عەدنان محەممەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەگەر ماوەمان بدەن ئەوا با لیژنەکە لەنێو خۆماندا گفتوگۆیەک لەسەر هەندێ شت بکەین، خراپ نییە، سوپاس.

**بەڕێز مەلا شەریف تاهیر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

برادەران داوای دەستکاری کردنی ئەو بڕگەیە دەکەن کە دەڵێ (عند تساوی الاصوات)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بە رای من ئەمە بهێڵینەوە بۆ خودی ئەنجوومەنی وەزیران کەخۆی بڕیاری لەسەر بدات.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەممەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێمە لە دۆخێکی نا ئاساییدا کار دەکەین، ناشبێ شەرم لەباری خۆمان بکەین وبۆهەموو شتێک خۆمان لەگەڵ ژیانی پەرلەمانیی ئەوروپادا بەراورد بکەین، با بارودۆخی خۆمان چی هەڵدەگرێ

بەبێ دوودڵی لەیاسادا بیچەسپێنین وله هەندێ ڕاستی و دەستەواژە و وشە سڵ نەکەینەوە. بۆیە پێشنیار دەکەم کە بگوترێ (تكون مداولات مجلس الوزراء سرية ويصدر قراراته باغلبية ١/٣ اعضائه ولايعتبر النصاب كاملاً الا بحضور ٢/٣ اعضاء المجلس)، سوپاس.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێشنیارەکەی کاک ئیبراهیم زۆر چاکە و هەندێ لایەنی سیاسی، نەک یاسایی کێشەکەمان بۆ چارسەر دەکا، بەڵام ئێمە لە لیژنەی یاسادا ئەو ڕێژەیەمان دانەنا بۆ ئەوەی تەنگ وچەڵەمە نەخەینە پێش کاروباری ئەنجوومەنی وەزیران، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێمە کە یاسا دادەنێین بۆ پارتی یا یەکێتی دانانێین، ڕێژەکە ئەگەر بکرێتە ٢/٣ ئەوا ئەنجوومەن هیچی پێ ناکرێ، سوپاس.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەوەی کە لە دەقەکەدا هاتووە زۆر ڕێکوپێکە، ئەگەر بایەخ بە دارشتنەوەکەی بدرێت ئەوا چاکتریش دەبێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەگەر ڕێژەکەمان کرد بە (٢/٣)، ئەو کات ئەنجوومەنی وەزیران پەک دەخەین، چونکە ئیتر ناتوانێ هیچ بریارێک بدا.

**بەڕێز مەلا محەمەد ئەمین عەبدولحەکیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێم وایە ڕێژەی ١/٣ی ئەندامان دەکاتە زۆربەی ئەندامان و زۆر پەسەندە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بۆ پرۆژەی بەرنامەی حکومەت وەڵامەکەیان هاتۆتەوە و دەڵێ ڕۆژی یەک شەممە ئامادە دەبێت ،واتە دەبێت هەر هەمان ڕۆژ گفتوگۆیشی لەسەر بکەین، یان دەبێ بیخەینە دووشەممە دوای نیوەڕۆ، یا پێش نیوەڕۆ.

ئەنجوومەن بەگشتی ڕازی بوو کە ڕۆژی دووشەممە سەعات (٤)ی ئێوارە گفتوگۆی بەرنامەی کاری حکومەتی کوردستان بکات.

**بەڕێز فەلەکەدین سابیر کاکەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ڕاستە ئێمە یاسا بۆ ئێستا دانانێین، بەڵکو داهاتوشمان لەبەر چاوە، بەڵام دەبێ حسابێکیش بۆ

دۆخی ئەمڕۆی کوردستان بکەین، ئەوەی کە کاک ئیبراهیم وتی پاراستنی بەرژەوەندی هەر دوو حزبی سەرەکی تێدایە و دەبێتە هۆی ئەوەی کە کارەکان بەهێمنی و ڕێکوپێکی بڕوا، ئەگەر لە ڕووی یاسایشەوە گیروگرفتێکی تیا بێ ئەوا نەک هەر بۆ لادانی هەر دوو کوتلە بەڵکو بۆ لادانی سەرەک وەزیران و، تەنانەت بۆ گۆڕینی پەرلەمانیش هەر دوو حزب دەتوانن بە ڕێککەوتن هەموو شتێک بکەن، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێستاکە بەو سیفەتەی کە ئەندامی لیژنەی یاسام قسە ناکەم، بەڵکو بەو سیفەتەی کە جێگری سەرۆکی کوتلەی کەسکم قسە دەکەم و، پێم وایە کە ڕێژەی ٣/٢ بۆ وەرگرتنی بڕیار لە ئەنجوومەنی وەزیراندا ، واتا وەزارەتێکی پەک کەوتوو و بێ کەڵک کەهیچ بڕیارێکی پێ نەدرێت، بۆیە پێشنیار دەکەم کەمادەکە وەکو خۆی بمێنێتەوە، یا با دوابخرێ تا لەسەری پێکدێین، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەگەر وابێت وبڕیارەکانی پەرلەمان بە زۆرینەی ٣/٢ بێت، ئەوا پێشنیار دەکەم کە ئەمەیش وەکو خۆی بمێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەوەی کاک ایاد گوتی هەقە جێگایەکی بۆ بدۆزرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

سەبارەت بە بڕگەی (٢)ی مادە (١١)، لەحاڵەتی لادانی سەرۆک وەزیراندا، یا واز هێنانی زۆربەی ئەنداماندا، وا دادەنرێت کە وەزارەت وازی لەکار هێناوە و، ئەگەر هاتوو وەزارەتەکە متحالف بوو و وەزیرانی یەکێک لەکوتلەکان خۆیان کێشایەوە، ئەوە وا دادەنرێت کە وەزارەتەکە وازی لەکارهێناوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ڕاستتر وایە بووترێ یەکێک لەکوتلەکانی تحالفە وەزاریەکە، واتا (زەرد یا سەوز) یا وشەی (هەردوو)ی بۆ زیاد بکرێ، یا بووترێ کوتلەکانی ناو ئەنجوومەنی نیشتمانیی، ئەو کاتە هەردوولا دەگرێتەوە، چونکە نوێنەرانی حزبی شیوعی لە ئەنجومەنی وەزیراندا و، نوێنەرانی بزووتنەوەی ئاشووریش لەپەرلەماندا بەکوتلە دانەنراون، سوپاس.

**بەڕێز ئەرسەلان بایز ئیسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی جیاوازی دەکرێ، من دەستم بەرزکردەوە کەچی منت هەڵنەستاندو، کاک فرەنسۆت هەڵساند، لەبەر ئەوە حەق نییە سەرۆکی پەرلەمانی لاگیری بکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ببوورە، من لایەنگیریم نەکردووە، بەڵام دیارە دوێنێ جەنابت لێرە نەبووی کە وتمان تەنها ئەوانەی ناویان نووسراوە، یاخود دەنوسرێت هەقی قسە کردنیان دەدرێتێ، کاک فرەنسۆ پێشتر ناوی خۆی نووسیوە ، بەڵام تۆ ناوی خۆت نەنووسیوە دەشتەوێ قسە بکەی.

**بەڕێز ئەرسەلان بایز ئیسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مەسەلەی ئەوەی کە ئێمە دوو کتلەین ، ئەوە راستیەکە و دەبێ هەموومان بیزانین و، هەر یەکێکیش لەکوتلە سەرەکیەکان، یا لە وەزارەت، یا لەپەرلەمان خۆی کێشایەوە. کوتلەکەی تریش ئیتر ئیشی پێ ناکرێت، ئەمیش راستیەکە ونەبێ هەمووومان بیزانین و، لەکاتێکیشدا کە ئەو راستیە رەچاو دەکەین زۆرم پێ سەیرە بێین لەهەندێک شوێندا پێ لەسەر رێژەی ٣/١ی دەنگ دابگرین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

شتەکە روونە، هەر شتێک کە هەردوو کوتلە لەسەری رازی نەبوون دیارە کە بڕیاریشی لەسەر نادرێ.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەگەڵ ئەو رێککەوتنەدا نیم، چونکە رێککەوتنێکی نا شارستانییە و، شتێک کە لەدەرەوەی پەرلەمان ، یا لە ناوەوەی ئەنجوومەنی وەزیراندا لەسەری پێکدێن نابێ بخرێتە ناو یاساوە، سوپاس.

**بەڕێز مەلا محمود دێرشەوی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیار دەکەم و داواش دەکەم کە ئەگەر یەکێک تێبینی هەیە با پێشکەش بە دەستەی سەرۆکایەتی بکا، سوپاس.

**بەڕێز مەلا محەمەد ئەمین عەبدولحەکیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەبێ رادەی یاسایی کۆبوونەوەی پەرلەمان بە ئامادەبوونی زۆربەی ئەندامانی بێ و، من خۆم خاوەنی پێشنیارەکە بووم کە ئەو (زۆربە)یە ٣/١ی ئەندامەکان بێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەم دەقە لەلایەن هەردوو کوتلەوە هاتووە ئەگەر لەسەری رازین، تکایە دەستی خۆتان بەرزبکەنەوە. لەسەر ئەم نصەی کە ئێستا دەقەکەی دەخوێندرێتەوە.

دەقەکە خوێنرایەوە و خرایە دەنگەوە و بەزۆرینەی دەنگ بڕیاری لەسەر درا.

بەڵام لەگەڵ سەرنجی ئەوەدا کە دەبێ کە لە کاتی داڕشتنەوەدا رەچاوی دەستەواژەی (هەردووکوتلە)، یا (کوتلەکانی ئەنجومەنی نیشتمانی) بکرێن نەوەک خراپ تێگەیشتنێک لە دەقەکە بکەوێتەوە، هەروەها ئەگەر ناوی کوتلەش برا ئەوسا دەبێ پێناسەیەک بۆ ئەویش بکرێ.

سەرنجێکی دیکەشم لەسەر دەنگدان هەیە وپێم وایە کە لەپەرلەماندا هەن لەگەڵن وهەشن لەدژن، رەنگە (ممتنع) یش هەبن، ئەمە مافی خۆیانە، بەڵام یەکێک ئەندامی پەرلەمان بێت هەقە بڵێ (ئا) یا (نەء).

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆ ئەو بابەتەی کە دوێنی دوا خراو ئەو پێشنیارەی کە کراوە هەقە بخرێتە دەنگدانەوە، ئەگەر بڕیاریشی لەسەر نەدرێ ئەوا شتێکی سروشتییە کە رەفز بکرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز ئەحمەد تاهیر نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەسەر ئەو بابەتەی کە دوێنێ دوا خرا گفتوگۆی زۆر کرا، بەڵام نەگەیشتینە هیچ ئەنجامێک، بەو سیفەتەشی کە جەنابت سەرۆکی پەرلەمانی دەبوایە ئەو رێککەوتنەمان بۆ روون بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز خەسرەو گوڵ محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر ئەم یاسایە بۆ ئەم (٥ ـ ٦) مانگە بێ ئەوا باسێکی ترە، بەڵام ئەگەر بۆ داهاتووی دوورە ئەوا هەق نییە باسی کوتلە بکەین، سوپاس.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/ جێگری سەرۆک:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەگەڵ رێزمدا بۆ هەردوو لاتان، من وەکو جێگرێکی مستقل پێم وایە ئەو شتانەی کە هەردوو لا بۆ خۆیان لەناو خۆیاندا چارەی دەکەن، با بیکەن، بەڵام پێم راست نییە، کە هاوپەیمانی سیاسیانەی هەردوولا لە مادەیەکی یاساییدا باس بکرێ، ئەوە ئەگەر بکرێ یاساکە لاواز دەکا، من رێزم هەیە بۆ ئەو رێککەوتنە، بەڵام وەکو ئینسانێکی مستەقل بەراستی من دژی ئەوەم کە بخرێتە ناو یاساکەوە، ئەوە رای منەو، سوپاس.

**بەڕێز سەعید محەممەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ڕاستە هەردوو حزب پێکەوە خەباتیان کردووەو بۆ بەرژەوەندی گشتی پێکەوە ئیتیفاق دەکەن، بەڵام ئەی ئەگەر یەکێکیان خۆی لە پەرلەمان کێشایەوەو حکومەتەکە ڕوخا، ئایا ئێمە ئەو میللەتە بەرەڵا دەکەین، بێ حکومەتی دەکەین؟سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە دوو ڕۆژە باسی ئەم خاڵە دەکەین، بابیخەینە دەنگەوەو بیبڕینەوە.

**بەڕێز ئەحمەد ئەبو بکر حەسەن بامەڕنی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دژی ئەوەم کە ئەم مەسەلەیە بخرێتە دەنگدانەوە، چونکە ئێستا لێرەدا کوتلەی (زەرد) لە کوتلەی (سەوز) زیاترە، کەواتە ئەوان سەر دەکەون، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەمە ڕێککەوتنی هەر دوو کوتلەی لەسەرە، ئیمزای هەردوو لای لەسەرە، ئەی ئەگەر نەیخەینە دەنگەوە چی بکەین؟!..کوا کێ نوێنەری کوتلەی سەوزە..؟.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کە شتێک هات ئیمزای هەردوو کوتلەی پێوە بوو وابزانم هەر وا باوو بووە\کە بە بێ ئەوەی تەماشای بکەین و بزانین مەسەلەکە چییە، دەنگی بۆ بدەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە ئەوە دوو ڕۆژە گفتوگۆی ئەم خاڵە دەکەین، بۆ دوێنێ نارەزاییتان نیشان نەدا، بۆ نەتان وت با دوای بخەین؟! ئێستاش ئەوە ڕێککەوتنی هەردوو کوتلەیە لەبەر دەستمان، ئێمەش بەپێی پێڕەوی ناوخۆ ئەیخەینە دەنگەوە..کێ لەگەڵ ئەم دەقەدایە؟ با دەست بەرز بکاتەوە..کەواتە (٥٢) دەنگ لەگەڵ چەسپاندنی دەقەکەدایە ..کێ لە دژیەتی؟ با دەست بەرزبکاتەوە..کەواتە(١٩)دەنگ لە دژیەتی.. بابزانین چەند کەسیش (ممتنع)ە.. کەواتە(٣) ئەندام (ممتنع)ە.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لە هەردوو کوتلە لەسەر ئەم خاڵە پێکهاتبووین، ئەوەش ئیمزای بەڕێز د.فؤادە لەسەری، گلەیی لە کاک نەژاد ناکەین کە دەڵێ من (مستقل)م، بەڵام گلەیی لەوانە دەکەین کە ئەندامی یەکێتی نیشتمانیی کوردستانن و کەچی ئیلتیزام بە ڕێککەوتنەکە ناکەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئێستا مادە(١١)تەواو، بابچینە سەر مادەیەکی تر.

**بەڕێز حوسێن عارف مادەی (١٢)ی خوێندەوە.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. کێ لە دژە؟.. کەواتە بەزۆربەی دەنگ بڕیاری لەسەر درا.

**ئەوجا بەڕێز حوسێن عارف مادەی (١٣)ی خوێندەوە ودەست کرا بە گفتوگۆ کردنی.**

**بەڕێز مەلا تەها محەمەد تەها:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ڕام وایە کە ڕستەکە پاش وپێش بکرێت و، بوترێت (وەزیرەکان هاوبەشن سەبارەت بەسیاسەتی گشتیی وەزارەت لەبەردەم ئەنجوومەنی نیشتمانییدا)، سوپاس.

**بەڕێز ئەحمەد تاهیر نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بگوترێ (وەزیرەکان بەهاوکاری لەبەردەم ئەنجوومەنی نیشتمانیدا بەرپرسیارن سەبارەت بەسیاسەتی گشت وزارات، بەڵام هەر وەزیرێک خۆی بەرپرسیارە لەبەردەم کاروباری وەزارەتەکەی)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەڕێزان ئەگەر ڕازی بن، با دەستی خۆیان بەرزبکەنەوە.. دەست بەرزکرایەوە ومادە (١٣)ش بەزۆربەی دەنگ پەسەند کرا.

**ئەوجا بەڕێز حوسێن عارف مادەی (١٤)ی خوێندەوە.**

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پرسیارێکم هەیە ئەویش ئەوەیە سەرەک وەزیران، یا وەزیران ئەگەر پێشتر بەرژەوەندییەکی مالییان هەبوو، ئایا دوای وەرگرتنی وەزارەت دەتوانن ئەو کارانە لە ڕێی وەکیلەوە ڕاپەڕێنن؟ سوپاس.

**بەڕێز یونس محەمەد سەلیم ڕۆژبەیانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەمەرجێک ئەگەر پلەکەی خۆی تێدا بەکار نەبا، سوپاس.

**بەڕێزحەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

مەبەست لەوە نییە شتی ناشرعی لەوەزیر قەدەغە بکەین، ئیستغلال ناشەرعیەتە، مەبەست

ئەوەیە کەکەسابەتی شەرعیشی لێ قەدەغە بکەین و، کە یەکێک دەچێت مقاولات دەگرێت بەشەرعیەت وەری دەگرێت و پارەی خۆی دەداتێ وئیتر ئەمە شەرعیەتە، بەڵام ئەوەش لە وەزیر قەدەغە دەکەین لەبەر ئەوەی پلەکەی هەیە، نەوەکو ببێتە هۆی پشت گوێ خستن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

دەقەکە بەو شێوەیە هاتووە، کێ لەگەڵ ئەوەدایە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. کێ لەدژە؟ .. کەواتا بەگشتی بڕیاری لەسەر درا. ئێستاش مادەی (١٥) دەخوێنینەوە.

**ئەوجا بەڕێز حوسێن عارف دەقی مادە (١٥)شی خوێندەوە.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

وەختی خۆی بۆ ئەندامانی ئەنجوومەنی نیشتمانیی بڕیارێکمان دا، وتمان لیژنەیەک لە شارەزایانی ئەنجوومەن دەست نیشان بکەین تا مووچە، یا یارمەتی ئەندامانی ئەنجوومەن دیاری بکا، با هەمان لیژنە دەست نیشانی مووچە، یا یارمەتی ئەنجوومەنی وەزیرانیشمان بۆ بکات.

**بەڕێز حسێن عارف عەبدولڕەحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەراستی وامان دانا کە ئەو ئەرکە بدەینەوە دەست سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی نیشتمانیی، چونکە ئەوە بۆ ئەنجوومەنی نیشتمانیی دەست دەدات، بەڵام بۆ ئەنجوومەنی وەزیران لام وابێ دەست نادات، بیدەینە دەست ئەنجوومەنی وەزیران خۆی موچەکەی دیاری بکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کەواتە پێشنیار دەکەین لیژنەیەک لە هەردوو کوتلەی زەرد و کوتلەی سەوزو لیستی مۆر، لەوانەی شارەزای ئیدارات ومووچەن لیژنەیەکی(٥)کەسی پێک بهێنرێت بۆ دیاری کردنی مووچەی ئەندامانی هەردوو ئەنجوومەن وبۆ رۆژی شەممەی داهاتوو پێشنیاری خۆیان پێشکەش بکەن. ئەگەر رازین دەست بەرز بکەنەوە؟ ..دەست بەرزکرایەوە و بەگشتی دەنگ پێشنیاردکە پەسەند کراو.

**ئەوجا بەڕێز حوسێن عارف مادەی (١٦)ی خوێندەوە.**

**بەڕێز ئەحمەد تاهیر نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لێرە وتراوە ئەنجوومەنی نیشتمانیی بۆی هەیە هەر وەزیرێک بدات بە دادگا، جا وەزیر هەیە ئەندام نییە لە پەرلەماندا وهەشیانە کە ئەندامی پەرلەمانن. ئەوەیان چۆن دەبێ؟! سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەو وەزیرەی ئەندامی پەرلەمان نییە وپێویست دەکا بدرێ بە دادگا، ئەوە ئاساییە ودەدرێ بەدادگا، ئەو ئەندام پەرلەمانەشی کە وەزیرە ئەوە حەسانەی پەرلەمانی هەیە وئەگەر بەسەر

تاوانەوە نەگیرێ ئەوە لەرێی پەرلەمانەوە رەوانەی دادگا دەکرێ، ئەوش بەپێی پێرەوی ناوخۆی ئەنجوومەنی نیشتمانییە.
جۆرەکانی تاوانیش سێن (جنایە)،(جنح)،(مخالفات)، کەدەڵێن (جریمە) واتا لەسەر سەرپێچی هاتوچۆیش وەزیر دەبێ بدرێتە دادگا، ئەوەش وابزانم لێی ناوەشێتەوە، بۆیە دیاری کرابایە باشتر بوو، هەر چەندە خۆمان لە لیژنەی یاسادا جۆری تاوانەکەمان دیاری نەکردووە، سوپاس.

**بەڕێز ئەحمەد تاهیر نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دەبێ تاوانەکە لە ئاستێک بێ کە ئەوە بێنێ ئیجرائات لەگەڵ وەزیردا بکرێ کە ئەنجوومەنی نیشتمانیی بروای پێ داوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئاشکرایە، یاساکە دەڵێ (ولا یصدر قرار الاتهام الا بأغلبية أعضاء المجلس الوطني).

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بۆیە گوتم چاکتر وایە جۆری تاوانەکە دیاری بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

دەقەکە بە راستی توندە وجارێ ئەبێت بەلایەنی کەمەوە چواریەکی ئەندامانی ئەنجوومەن داوای بکەن و، ئینجا (٢-٣) ی ئەندامانی ئەنجوومەنیش بریاری لەسەر بدات، بۆیە ئەم بابەتە پێویستی بەگفتوگۆیەکی ورد هەیە.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەگەرهاتوو وەزیر غائب بوو، یا ئەگەر راگیرا ئەنجامی ئەمە چی دەبێت؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەوە شتێکی ئیدارییە، حەق نییە باسی بکەین، بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی کە وەزیر نەما، ئەوجا وەکیلی وەزیر کاروباری وەزارەت هەڵدەسورێنێ و ئیش وکاری وەزارەتەکە بەرێوە دەبات، ئەگەر شتەکە لەوەش گەورەتر بووەوە، ئەوسا وەزارەتەکە بەوکالەت بە وەزیرێکی تر دەدرێت.

**بەڕێز تەها محەمەد تەها:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەمە ئەگەر تاوانێک بدرێتە پاڵ وەزیر، چونکە هێشتا تاوانبار نەکراوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

جا ئەگەر برادەرانی لیژنەی یاسا شتێکیان لەو بارەیەوە هەیە، با لەکاتی دارشتنەوەدا ئەو سەرنجەش بە هەند هەڵبگرن.

**بەڕێز فـــــرەنســـــۆ تۆمـــــا هەریری:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

پێم وایە لیژنەی یاسا پێویستی بە وردەکاریی زیاتر هەیە لەو مەسەلانەدا و، دەبێ زۆربەی (٢ـ٣)ی ئەندامانیش دیاری بکرێ، چونکە ژمارەی ئەندامان لە ئەنجوومەنی نیشتمانیی (١٠٥) ئەندامە و، ئەگەر هەموویان ئامادە بن ئەوجا بە (٧٠) ئەندام ئەتوانن وەزیرێک تاوانبار بکەن، بەڵام ئەگەر (زۆربە) ئامادەبن ئەوسا بە (٣٥) دەنگ دەتوانن ئەو کارە بکەن، بۆیە دەبێ ئەو ڕێژەیە دیاری بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن:**

کەرادەی یاسایی ئامادە بوونی ئەندامان تەواو بوو، ئیتر پێڕەوی ناوخۆ چۆنی دیاری کردووە ئاوا هەڵسووکەوتی لەگەڵدا دەکرێ.

**بەڕێزحـــــەســـــەن عـــــەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

ئەگەر بیکەینە (٢ـ٣ی ئامادە بووان)، ئیتر ئەوکاتە چەند کەس ئامادەیە بەگوێرەی ئەوە ڕا وەردەگیرێت، جا پەرلەمان بڕیاری لەسەر چییە با بیدات، سوپاس.

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن:**

ئەمە مەرجێکی قورسەو با وای دانێین کە کوتلەیەک، یا ژمارەیەک لە ئەندامانی یەکێک لە کوتلەکان نایانەوێ یەکێک لە وەزیرەکانیان لەسەر تاوانێک کە کردوویەتی بدرێت بە دادگا و، لە کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی نیشتمانییدا بە دەستی ئەنقەست غایب بوون، ئەو کاتە هەرگیز ڕێژەی (٣/٢) وەدەست نایەت و ئەو وەزیرەش ڕەوانەی دادگا ناکرێ.

**بەڕێز عـــەدنان مـــحـــەمـــەد نەقـــشـــبـــەندیی:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

ئێمە یاساکەمان بۆ تەنها ئەمڕۆ دانەناوە، شتی باو چیە ئەوەمان کردووە، وەزیریش خاوەنی پایەیەکەو دەبێ (حـصـانە)یکی ئەوتۆی هەبێت کە هەموو ڕۆژێک ولەسەر هەموو شتێک ڕانەکێشرێتە دادگا، سوپاس.

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن:**

گرنگ ئەوەیە کە (نصاب)ی یاسای تەواوی ئەنجوومەن (١٠٥) ئەندامەو، خراپیش نییە ئەگەر ڕێژەکەش بکرێ بە (١/٣)، لیژنەی یاساش لێرەیەو ڕێژەی(١/٣)یش بەگوێرەی پێڕەوی ناوخۆ پێناسە کراوە.

**بەڕێز فـــــرەنســـــۆ تۆمـــــا هەریری:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

بۆ ڕوونی، یاساکە ڕوونە و ئێمە وتۆمانە (ثلثی اعضاء المجلس) واتە: (٣/٢)ی( ١٠٥)

ئەندامەکە کە دەکاتە (٧٠) کەس، روونە ودیقەتیشی تێدایە، بەڵام لەولا(٤/٣) دەکاتە (٢٧) کەس، ئەگەر پەرلەمان پێشی وایە کە ئەو ڕێژەیە زۆرە ئەوا ئەوە (عدم دقە عدم وضوح) نییە، بەڵام ئێمە زۆر بەدیقەت و بە وردی با بڵێین زۆربەی ئامادە بووان، ئەوجا وەزیر ڕەوانەی دادگا بکرێ، بەڵام ئەگەر قبوڵی دەکەن بگوترێ (ثلثی اعضاء الحاضرین)، ئەوسا (٣/٢)ی ئامادە بووان بەسە بۆ ئەوەی بڕیاری لەسەر بدات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەگەر ئامادە بووانی ئەنجوومەن (٧٠، ٧٥) کەس بن، ئەوا لە(٣/٢)ی ژمارەی ئەندامانی ئەنجوومەن زیاترە، بەڵام ئەوسای کە کار دەگاتە دەنگدان دەبێ لە (٧٠) کەس کەمتر نەبێت بۆئەوەی ئەو بڕیارە بچەسپێت.

**بەڕێز فەلەکەدین ساببیر کاکەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بێگومان( ٣/٢)ی ئەندامانی ئەنجوومەن ڕەنگە دروست تر بێ، بۆ باسی مەسەلەی ئاواش ڕەنگە کۆبوونەوەی تایبەتی پێویست بکات، ئەو کاتەش دەبێ زۆربەی (٣/٢) ئامادە بن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەی ئەگەر هەموو ئەندامان ئامادە نەبوون؟!.

**بەڕێزحەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەوە ڕاستە ورەنگە کوتلەیەک لەبەر ئەوەی وەزیرێکیان ئەدرێ بە دادگا لە کۆبوونەوەدا ئامادە نەبن، بۆیە باشترە وایە لەجێی (٣/٢)ی ئەندامان، بگوترێ (٣/٢)ی ئامادە بووان، سوپاس.

**بەڕێز فەلەکەدین ساببیر کاکەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێستاش ئەگەر کوتلەیەک بیبەوێ ئەتوانێ نەهێڵێ وەزیرێکی بدرێت بە دادگا بەڵام مەنتیقەکە ئەوەیە کە هیچ کوتلەیەک بەرگری لەو وەزیرە ناکات کەتاوانێکی زەقی کردبێت، سوپاس.

**بەڕێز ئەحمەد ئەبو بکر حەسەن بامەڕنی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەڵام ئەو وەزیرانەی کە ئەندامی پەرلەمان نین دەبێ هەروەکو کەسێکی دیکە بدرێنە محکمە، چونکە ئەوان حەسانەیان نییە، سوپاس.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

حەسانە هەیە، ئەوە بۆ ئەندامانی پەرلەمانە، (حیمایە)ش هەیە ئەوە دەبێ وەزیرانی لێی بێ بەش نەبن ، نەوەک کەسانێک هەبن هەر بۆ نیازی خراپ تۆمەت وبوختانیان بۆ هەڵبەستن ودادگایش

بێت بانگیان بکات، دەبێ پێوەرێک بۆ ئەو کارە هەبێ، سوپاس.

**بەڕێز حسێن عارف عەبدولڕەحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دەقەکە وەکو خۆی بمێنێتەوە زۆر چاکترە، سوپاس.

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر زەینەلعابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ڕێژەی (٤/١)ی ئەندامان زۆرە بۆ ئەوەی وەزیرێک گوناهبار بکرێت، بەرای من (١٠) ئەندامی پەرلەمان بۆ ئەو مەبەستە بەسە. هەروەها ئەوەش لە یاساکەدا نەگوتراوە کە ئەگەر هاتوو تاوانبار دەرچوو بەیەکجارەکی لەسەر کار لادەبرێ یا نا، سوپاس.

**بەڕێز حسێن عارف عەبدولڕەحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ناتوانین بە کردەوە (٣/٢)ی ئەندامان ناچاربکەین کە لەکۆبوونەوەدا ئامادەبن، بۆیە ئەوەش چارەسەر نییە، چونکە هەر کوتلەیەک بیەوێ ئەتوانێ تەگەرە لەرێی تاوانبارکردنی وەزیری خۆیدا بنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کەواتا هەر ئەوە باشترە کە بڵێین (زۆربەی ئامادە بووان).

**بەڕێز حسێن عارف عەبدولڕەحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەڵام ئەوساش لەوانەیە ڕێژەکە زۆر بێتە خوارەوە، بۆ نموونە ئەگەر ژمارەی ئامادەبووان(٥٣)کەس بوو و، ئەو ڕێژەیەشی کە دای دەنێین (٤/١)بوو ئەوسا واتا بە (١٥) ئەندام دەتوانن وەزیرێک هەواڵەی دادگا بکەن، ئەم ڕێژەیەش یەک جار کەمە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەی چۆنە ئەگەر بڵێین (بە زۆرینەی نیوەی ئەندامانی ئەنجوومەن).

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

منیش لەگەڵ ئەوەدام کە بگوترێ(بەزۆرینەی نیوەی ئەندامانی پەرلەمان)، سوپاس.

**بەڕێز فەلەکەدین سابیر کاکەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من بە باشتری دەزانم کە بووترێ( بە ڕێژەی ٣/٢ی ئەندامانی ئەنجوومەن)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەنجا با بەو شێوەیە بێت..ئێستا کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە ئەم دەقە وەکو خۆی بمێنێ؟.. کێ لەگەڵ ئەوەدایە بگۆڕێ؟.. کەواتە بەزۆربەی دەنگ وەکو خۆی دەمێنێتەوە.

**ئەوجا بەڕێز حوسێن عارف مادەی (١٧)ی خوێندەوە وبەم شێوەیە گفتوگۆی لەسەر کرا.**

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

گەلێ جار کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی نیشتمانیی نهێنی ئەبێ، ئەوسا چۆن دەبێ وەزیر ئامادەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەپێی یاسا دانیشتنەکانی ئەنجوومەن یا ئاشکران، یا ئەگەر پێویست بێت نهێنیە، جا ئەگەر ئاشکرا بوو ئەوە هەموو هاووڵاتییەک مافی دانیشتن وگوێ گرتنی هەیە. وەزیریش وەک هەر هاووڵاتییەکی تر مافی خۆیەتی کە ئامادەی بێت، ئەگەر دانیشتنەکەش نهێنی بوو، ئەو کاتە ناهێڵین ئەو وەزیرەش بێتە ژوورەوە، دوای ئەوەش ئەگەر وەزیرێک بڕوامان پێی نەبێ کە بێت دابنیشێ، دیارە کە حەقی ئەوەشی نییە کە پاڵێورا دەنگی بۆ بدەین، یا وەزیرێک کە لە ئەنجوومەنی وەزیران ولە وەزارەتێکی ئێمەدا کار بکا، با بۆیشی هەبێت کە لێرەدا دانیشێ، وابزانم مەبەستەکەشم روونە.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من دەڵێم ئەوەشی بخرێتە سەر (للوزير او للوكيل)، سوپاس.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لێرە نایەوێ ئەوەی بۆ زیاد بکەین، چونکە بنەمایەکی یاسای هەیە دەڵێ (الوكيل كالاصيل)، واتا ئەوەی کە بووبە (وەکیل) دەسەڵاتی ئەسیلەکەش وەردەگرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

دەبێ جیاوازی لە نێوان( وەکیل وەزیر) و (وەزیر بەوەکالەت)دا بکرێ.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من وتم (الوكيل كالاصيل) ئەوە بۆ وەکیل وەزیر نەبوو، چونکە ئەو وەکیل وەزیرە، نەک وەکیل وەزارەت لە یاسای ئەنجوومەنیشدا هەیە کە وەزیر دەتوانێ راوێژکاری یاسایی، یا هەر کەسێکی تر لەگەڵ خۆیدا ئامادە بکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن:**

وەكیلی وەزیر لە وەزارەتدا بریكاری وەزیرە، بەڵام بۆ ئامادە بوون لێرە ئەبێ داوا بكا كە لە دانیشتنی پەرلەماندا ئامادە بێ، ئەم دوو شتە لە یەک جیاوازن.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

ئەوەی وتمان وەكیل وەزیرە نەک وەكیلی وەزارەت، هەر وەزیرێكیش بیەوێ وەكیلی وەزارەتەكەی، یا بەڕێوەبەرە گشتییەكەی بێنێتە دانیشتنی پەرلەمانەوە، ئەوە پێویستی بە بڕیارێكی تایبەت هەیە، بەڵام لە حاڵەتێكدا ئەگەر وەزیر لێرە نەبوو ئەوا وابزنم دەبێ وەكیلەكەی مافی ئەوەی هەبێ كە لە دانیشتنەكانی ئەنجوومەندا ئامادە بێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن:**

مەبەست لەوەیە كە جیاوازی لە نێوان وەكیلی وەزیر و وەكیلی وەزارەتدا بكرێ، واتا (جێگری وەزیر) جیاوازی هەیە لەگەڵ(الوزیر بالوكالة)، جا پرسیارەكە ئەوەیە كە جێگری وەزیر، یا وەزیر بە وەكالەت مافی ئامادە بوونی دانیشتنەكانی پەرلەمانیان هەبێ؟.

**بەڕێز مەلامحەمەد تاهیر زەینەلعابدین:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

ئەو وەزیرانەی ئەندامی ئەنجوومەنن دەبێ هەقی ئەوەیان هەبێ كە لە دانیشتەكاندا ئامادە بن، سوپاس.

**بەڕێز حسێن عارف عەبدولڕەحمان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

لەپێڕەوی ناوخۆی ئەنجوومەنی نیشتمانییدا مادە (٤٨) ئەڵێ: ئەندامانی ئەنجوومەنی وەزیران بۆیان هەیە لە كۆبوونەوەكانی ئەنجوومەنی نیشتمانییدا ئامادە بن و لەگفتوگۆكانیاندا بەشدار بن، بێ ئەوەی مافی دەنگ دانیان هەبێت تەنیا ئەوانەیان نەبێ كە خۆیان ئەندامی ئەنجوومەنی نیشتیمانین، هەروەها بۆیان هەیە فەرمانبەرە گەورەكانی دائیرەكانیشیان بۆ سوود لێ بینین لەگەڵ خۆیاندا بهێنن، سوپاس.

**بەڕێز مەلا هادی خضر:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

ئەو وەزیرانەی كە ئەندام نین و بۆ ئیش وكار دێن و، ئەوانەی كە داوای لێكراوە بێن، بواریشیان بدرێتێ كە فەرمانبەر لەگەڵ خۆیاندا بهێنن، سوپاس.

**بەڕێز ئەحمەد تاهیر نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

مەسەلەكە روون وئاشكرایە، ئەگەر هاتوو وەزیر لە پەرلەمان ، یا لە دەرەوەی پەرلەمان بوو

پێویسته پەرلەمان حیمایەی بکا، جا کە وەزیر بێ لە حکومەت بۆ مافی دەنگدانیشی نەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەندامانی پەرلەمان میللەت هەڵی بژاردوون، بەڵام وەزیرەکان نا.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێم وایە کە نابێ ئامادە بوونی وەزیر لە دانیشتنی ئەنجوومەنی نیشتمانییدا بە شێوەیەکی موتڵەق بێ، بەڵکو دەبێ لەسەر داوا و بڕیاری سەرۆکایەتی ئەنجوومەن بێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

دەقەکە زۆر روونە، وەزیریش دەبێ لە ئاستی بەرپرسیارێتی خۆیدا بێ، دەنا ئەنجوومەن بۆی هەیە لەسەر جێهێشتنی کارەکانی لێی بپێچێتەوە.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

وەزیر هاووڵاتییەکی ئاسای نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

وەزیر مافی ئەوەی هەیە کە وەک هەر هاووڵاتییەک بێت و لە دانیشتنێکی ئاشکرای پەرلەماندا دابنیشێ، بەڵام بۆ دانیشتنی نهێنیێ پەرلەمان ئەو مافەی نییە، لە هەردوو حاڵەتەکەشدا مافی دەنگدانی نییە.

ئێستاش کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە ئەم دەقە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە دەسکاریی بکرێت؟.. کەواتە بەزۆربەی دەنگ وەکو خۆی دەمێنێتەوە.

پێش ئەوەیشی کە بچینە سەر مادەیەکی تر برادەران پرسیارێکیان کردووە و دەڵێن: وەختی خۆی بڕیار درابوو ئەنجوومەن رۆژنامەیەکی تایبەت بە خۆی هەبێت ئەو مەسەلەیە بەچی گەیشت؟ لەوەڵامدا دەڵێین: ئیشمان بۆ کردووە ولەم رۆژانەدا دەست بە چاپ کردنی دەکەین.

**بەڕێز د. عیزەدین مستەفا رەسول:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەو رۆژنامەیە دەبێت بەناوی ئەنجوومەنەوە بێت، دەبێت بڕیاری پێ وەربگرین، چونکە ئەوە مافی حکوومەتە. ئەو یاسایانەشی کە لە رۆژنامەی ئەنجوومەندا بڵاودەکرێنەوە ئەوە بەپێی بڕیارێک دەبێ وبڕیاری پەرلەمانیش لە هی حکومەت گەورەترە، ئەگینا رۆژنامەی رەسمی دەبێ سەر بە ئەنجوومەنی وەزیران بێ، سوپاس.

**بەڕێز حسێن عارف عەبدولڕەحمان:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
ئەوەی د.عیزەدین ئەیڵێت زۆر ڕاستە، چونکە ئەبێت دووشت لە یەکتر جیا بکەینەوە، ئەگەر ڕۆژنامەمان هەبێت بۆ پەرلەمان و هەر باسی چالاکییەکانی پەرلەمان بکاو، دەقە یاساییەکانی تیادا بلاوبکاتەوە، ئەوە دەشێ، بەلام ئەگەر مەبەست لە ڕۆژنامەی ڕەسمی بێت و، یاسا وپێڕەوی ناوخۆ و(انظمە)ی تێدا بلاوبکرێتەوە، بەڕاستی ئەوە ئاشکراو ڕوونە، کە ئیشی وەزارەتە وبەتایبەتیش وەزارەتی داد نەک ئیشی پەرلەمان، سوپاس.
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
تا دەرچوونی ڕۆژنامەیەک بۆ (وقائیعی) کوردستان منیش لە گەڵ ئەوەدام، بەلام بۆ ئێستا ئەگەر ڕا ناگۆڕن ئەوا پێویستە یاسا وبڕیارەکانی پەرلەمان لە شوێنێکدا ئەگەر بەشێوەیەکی کاتیش بووە بلاو بکرێتەوە.
ئێستاش دەچینە سەر مادەی (١٨).
**بەڕێز حوسێن عارف مادەی (١٨)ی لەپرۆژەکە خوێندەوەو گفتوگۆ دەستی پێکرد.**
**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
ئاماژە نەکراوە بەوەی کە ئەگەر وەزیر غائب بوو جێگرەکەی جێی بگرێتەوە، پێشنیار دەکەم بنووسرێ (یحل محله نائبه)، چونکە ئەوە دەسەلاتێکی گەورەیە و، ڕێککەوتنی هەردوو فراکسیۆنی لەسەرەو نابێ هەروا بمێنێتەوە، سوپاس.
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
کە وەزیرێک لەبەر هەر هۆیەک غایب دەبێ، ئەنجوومەنی وەزیران دەسبەجێ وەزیرێک بەوەکالەت لەجێی دادەنێت، بریکاری وەزیر جێی وەزیر ناگرێتەوە.
**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
بۆ ئەوەی مەسەلەکە تێکەڵ نەکرێ پێشنیار دەکەم بگوترێ:
١ـ في حالة غيابه يتولى نائبه...
٢ـ في حالة خلوه يتولى نائبه.....لحين تسمية رئيس الوزراء.
سوپاس.
**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
مەبەست لێرەدا ئەوەیە کە جێگری سەرۆک کارەکانی سەرۆک دەکا هەتا سەرۆکێکی تر(ناونووس ـ تسمية)دەکرێ، واتا دەبێ (مهام)ەکەی بە بۆشی بەجێ نەمێنێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**
(خلو المنصب) هۆی زۆرە، هەیە لەبەر هۆی کاتییە و، هەشە کوتوپڕە .
**بەڕێز مەلا محەممەد عەبدولحەکیم:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**
ئەگەر سەرۆک وەزیران نەبوو، وەزارەتەکە مستقیلە، سوپاس.
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**
ئەگەر ماوە بدەن، ئەمە دەدەین بە لیژنەی دارشتنەوە ولیژنەی یاسا بۆ ئەوەی کە لە کاتی دارشتنەوەدا رەچاوی ئەو شتانە بکەن، من بەش بە حالی خۆم لێرەدا هیچ شتێکی وا نابینم چونکە شتێکی زۆر سروشتیەو، ئەشێ وەزیرێک بۆ چەند رۆژێک سەفەرێک بکات، ئەگەر بە دەگمەنیش بێ.
**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**
لەکاتی (ئیستقالە و ئیقالەو خلو وغیاب)دا، ئەنجوومەنی وەزیران دەبێ تا پێکهێنانی کابینەیەکی دیکە لەسەر کاری خۆی بەردەوام بێت، سوپاس.
**بەڕێز عەدنان محەممەد نەقشبەندیی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**
بەرای من بیکەین بە دوو بڕگە: یەکێک بۆحالەتی (غیاب) و ئەویتر بۆ (خلو) دیاری بکەین وبڕگەکە وای لێ بێت (لحین تشکیل مجلس الوزراء خلال ١٥ يوما) ئەگەر راتان لەسەرە، سوپاس.
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**
بۆ حالەتی (غیاب) لەبەر هەر هۆیەک بێت دیارە ئەوە جێگر جێگەی سەرۆک وەزیران دەگرێتەوە، بەلام بۆ (خلو) ئەوە دەبێ ماوەی (١٥) رۆژ، یاخود هەر ماوەیەکی تر کە دیاری دەکەین .
ئێستا کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە بکرێ بە دوو بڕگە؟..کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە وەک خۆی بمێنێت؟..
کە واتا بەزۆرینەی دەنگ بڕیار درا کە بکرێ بە دوو بڕگە.. بەم جۆرەش یاسای ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان چەسپا.
برادەران ئەڵێن کەی لائیحەمان پێ ئەگات؟ لائیحەی ئەنجوومەنی وەزیران ، بۆ ئەوەی رۆژی دووشەممە دوای نیوەرۆ ئامادە بین وئاگاداری برادەرانی ئەنجوومەنی وەزیرانیش بکەینەوە ئەگەر ئەتوانن شەممە، یان یەک شەممە ئامادە بن، چونکە ئەوان کە رۆژی یەک شەممە سەعات (١٠) ئامادە بن مناقشەمان لەگەڵدا بکەن، ئەوا دەبێ شەممە لائیحەکە بگات بەکوتلەکان و ئەوانیش دابەشیان کردبێت، وانەبێت ئەوا دەبێ رۆژی دووشەممە پێش وەخت وەری بگرن.

**بەڕێز د. عیزەدین مستەفا رەسول:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە لیژنە پەرلەمانیەکاندا وا باوە کە ئەگەر سەرۆکی لیژنە لەم کوتلەیە بوو ئەوا دەبێ جێگرەکەی لەوی تر بێت، بەلاَم بۆ خوێندنی بالاَ کە وەزارەتی نییە ئەوا دەبێ بەپێی تەمەن، یا پلەی زانستی بێت، یا چۆنە با ئەویش ببڕینەوە بۆنەوەی بەردەوام بین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێوە ئیشوکاری خۆتان وەکو لیژنەیەکی پەرلەمانیی بکەن وهەر کاتێک بڕیارێک دەرچوو بۆ هەر گۆڕانێک ئەو کاتە ئەیگۆڕین، ئەو برادەرانەشی کە تکلیف کرابوون بۆ دارشتنەوەی بەشە عەرەبییەکەی پێڕەوی ناوخۆی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان ، ئەگەر هەتا ئێستا ئەنجامیان نەداوە، تکا ئەکەین کەپەلەی لێ بکەن بۆ ئەوەی هەر دوو دەقەکە (کوردی و عەرەبی) یەکە بنێرین بۆ چاپ. داواش دەکەین کە بکرێت بە ئینگلیزی.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نیزامی حکومەتی کوردستان تا رۆژی یەک شەممە بەدەستی ئەندامەکان ناگات، چونکە خەلکی دهۆک وسلێمانی وکەرکوک دەگەڕێنەو بۆجێگای خۆیان، لەبەر ئەوە پێشنیار دەکەم ئەو مەسەلانەی کاتی خۆی گفتوگۆی لەسەر کرا ، وەکو حەل کردنی ئەنجومەن ومەسەلەی لیژنەی بالاَی خوێندن، رۆژی سێ شەممە قسەی لەسەر بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هەروەها دەستەی سەرۆکایەتی هەندێ شتی هەیە، ئێمەش بەباشی دەزانین لەو رۆژەدا بەرچاو بخرێن، بۆ ئەوەی سێ شەممە گفتوگۆیان لەسەر بکرێ. ئەو شێوەیەشی کە هەیە دەدرێت بەلیژنەکە بۆ ئەوەی دایبڕێژێتەوە. ئایا ئێوە رازین بەوەی کەبەم شێوەیە بێت؟.

ئەندامانی ئەنجومەن بەگشتی رازی بوون...

بەم جۆرە کۆتایی بە دانیشتنی ئەمرۆشمان دێنین.

| | | |
|---|---|---|
| **فەرسەت ئەحمەد عەبدوللا**<br>**سکرتێری ئەنجومەن** | **نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا**<br>**جێگری سەرۆک** | **جوهر نامق سالم**<br>**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق** |

# یاسای ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**
**بەناوی گەل**
**ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**
**ژمارەی بڕیار: ١٥**
**ڕۆژی بڕیار: ١٦/٩/١٩٩٢**
**٢٥/گەلاوێژ/٢٦٩٢ک**

## بڕیار

بە پێی حوکمی برگە/١ی مادده/٥٦ی یاسای ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق ژمارە/١ی سالی /١٩٩٢...

ئەنجوومەن لە دانیشتنی ڕۆژی٨/٧/١٩٩٢ئەم یاسایەی خوارەوەی دەرکرد.

## یاسای ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان
## ژمارە(٣)ی سالی/١٩٩٢

**مادەی یەکەم:**

مەبەست لەم وشانەی خوارەوە ماناکانی تەنیشتیانە:

-ئەنجوومەن:ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانی عێراق.

-سەرۆک:سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانی عێراق.

-وەزیر:وەزیری پەیوەندار لەهەرێمی کوردستانی عێراق.

-کوردستان:کوردستانی عێراق.

-هەرێم:هەرێمی کوردستانی عێراق.

**مادەی دووەم:**

ئەنجوومەن بالاترین دەزگای جێ بەجێ کردنە لە هەرێمداو لە سەرۆک وجێگرەکەی و وەزیرەکان پێک دێ.

**مادەی سێیەم:**

ئەنجوومەن وهەریەکێ لەوەزارەتەکان،کەسایەتییەکی مەعنەوییان هەیەو خاوەنی گشت ئەومافانەن کە لەیاسا رەچاوکراوەکاندا هەن.

**مادەی چوارەم:**

یەکەم: ئەوانەی بەسەرۆک وجێگری سەرۆک و وەزیر دادەنرێن،دەبێ مەرجەکانی مادە(٢١)ی یاسای ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان ژمارە(١)ی سالّی/١٩٩٢یان تێدا بێ، جگە لەمەرجی تەمەن بۆ وەزیریی کە دەبێ گەیشتبێتە بیست و یەک سالّ تەمەنی.

دووەم: وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە کە لە برگە (٤)ی مادە (٩.)ی یاسای ژمارە (٣)ی سالّی ١٩٩٢ دا ناوی هاتووە، لا دەبرێت «ئیلغا» دەکرێت.«٣»

**مادەی پێنجەم:**

باوەڕدان بە ئەندامانی ئەنجوومەن، یەکە یەکەو لەسەر خواستی سەرۆک دەبێ.

**مادەی شەشەم:**

سەرۆک وجێگیرەکەی و وەزیرەکان، دوای باوەڕپێدانیان لەلایەنی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانەوە، لەبەر دەمیدا ئەم سوێندە دەخۆن:

**(بەخودای مەزن سوێند دەخۆم، کەبە دلّسۆزی یەوە پارێزگاری لە یەکێتی گەل وخاکی کوردستانی عێراق بکەم وریز لە یاسا رەچاوکراوەکان بگرم.)**

**مادەی حەوتەم:**

ئەنجوومەن لە هەولێردا کۆدەبێتەوە، دەشکرێ لە کاتی پێویستداو بە بریاری ئەنجوومەن خۆی،لە شوێنێکی تردا کۆببێتەوە.

**مادەی هەشتەم:**

ئەنجوومەن خاوەنی ئەم دەسەلاّتانە دەبێ:

١- دانانی سیاسەتی گشتی ی هەرێم وسەرپەرشتی کردنی بەجێ هێنانی بەپێ ی یاساوبریارە رەچاوەکراوەکان،دوای بریاردانی لەلایەن ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانەوە.

٢- پێشنیازکردن وئامادەکردنی پرۆژەی یاساکان وپێشکەش کردنیان بەئەنجوومەنی نیشتمانیی

کوردستان بۆ بڕیار لەسەر دانیان.

٣- ئامادەکردنی پرۆژەی پێڕەوەکان ودەرکردنیان.

٤- ئامادەکردنی پرۆژەی بووجەی گشتیی هەرێم.

٥- ئامادەکردنی پرۆژەکانی نەخشەی گەشەپێ کردنی هەرێم.

٦- قەرزدان و وەرگرتنی بەبڕیاری ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان.

٧- جێبەجێ کردنی یاساکان وپاراستنی ئاسایشی هەرێم وپارێزگاری کردن لەمافەکانی هاوولاتییان ومالومولکە گشتی یەکان وبەرژەوەندیەکانی گەلی کوردستانی عێراق.

٨- رێ نیشان دان وسازکردن وبەدوا داچوونی کارو فرمانی وەزارەتەکان و دایەرەکانیان ودام ودەزگاگشتی یەکان.

٩- چاودێری کردنی رەوایی ئەو رێنماییانەی وەزارەتەکان ودامودەزگاکانیان دەری دەکەن.

١٠-دەرکردنی بڕیاری بەرێ کردن وبەجێی هێنانی بەپێی یاسا رەچاوەکراوەکان وچاودێری کردنی چۆنێتی بەئەنجام گەیاندنیان.

١١-دامەزراندنی فەرمانبەران وبەرێوەبەرە گشتییەکان ودەرهاوێشتن و لەکارخستنی وخانەنشین کردنیان وبەپێ ی یاسا.

١٢- بەدەر لەبڕگەی(١١)ی پێشوو،دامەزراندنی خاوەن پلە تایبەتییەکان و سەرۆکی وەحدە ئیداریەکان ودادوەرەکان وئەندامانی دەزگای(داواکاریی گشتی)، بەپێشنیازی وەزیری پەیوەندار و بڕیاری ئەنجوومەن و دواجار بە بڕیاری لایەنی پەیوەندار بەپێی یاسا رچاوکراوەکان دەبێ.

**مادەی نۆیەم:**

أـ هەروەزیرەو بەپێ ی کاری خۆی، ئەم وەزارەتانە بەرێوەدەبەن:

١-وەزارەتی ناوخۆ.

٢-وەزارەتی دارایی ئابووری.

٣-وەزارەتی دادوەری.

٤-وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە.

٥-وەزارەتی گواستنەوە وگەیاندن.

٦-وەزارەتی یارمەتی مرۆڤایەتی وهاوکاری.

٧-وەزارەتی پیشەسازی و وزە.

٨-وەزارەتی رۆشنبیری.

٩-وەزارەتی پەروەردە.

١٠-وەزارەتی شارەوانی و گەشت وگوزار.

١١-وەزارەتی تەندروستی وکاروباری کۆمەڵایەتی.

١٢-وەزارەتی ئەشغال ونیشتەجێ کردن.

١٣-وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو گەشەپێدان.

١٤-وەزارەتی کشتوکاڵ وئاودێری.

١٥-وەزاەتی ئەوقاف وکاروباری ئیسلامی .

ب ـ دەشێ ئەنجــومــەنی وەزیرانی هەرێمی کــوردســتــانی عــێــراق چەند وەزیری هەرێمی تیادابن.

**ەی دەیەم:**

دەزگــایەک بۆ خــوێندنی باڵاوتوێژینەوەی زانســتــیی پێـک دەهێنرێ وبەدەســتــەی ســەرۆکـایەتی وەزارەتەوە دەبەسترێتەوە، کاروباریشی بەپێ ی پێڕەوێکی تایبەتی رێک دەخرێ.

**ەی یازدەیەم:**

١-لەحــاڵەتی لادانی ســـەرۆکـــدا یاواز هێنانی یاخـــود وازهێنانی زۆربەی ئەندامـــانی ئەنجومەن،وادادەنرێ کەوەزارەت وازی لەکارهێناوە.

بەڵام ئەگەر وەزارەتەکە هاوپەیمانی بوو لەنێوان دوو دەستە سەرەکیەکەی ناو ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانداو ئەگەر وەزیرانی هەر لایەکیان بە کۆمەڵ لە وەزارەت کشانەوە، وادادەنرێ کە وەزارەتەکە وازی لە کارهێناوە.

٢-ئەندامـانی ئەنجـومـەن تاکـاتی پێکهـێنانی وەزارەتێکی نوێ،لەسـەر بەڕێوەبردنی ئەرکـە رەسمیەکانیان بەردەوام دەبن.

**ەی دووازدەیەم:**

گـفـتـوگـۆی ئەنجـومـەن نهـێنی دەبێ. بڕیارەکـانی بە زۆربەی دەنگ وبە ئامـادە بوونی زۆربەی ئەندامـانی دەردەکـا.ئەگەر ژمارەی دەنگەکان وەک یەک بوون، بڕیاری ئەو لایە جێگر دەبێ کە ســەرۆکی لەگــەڵدا دەبی. ئاشکراکــردنی بڕیارەکــانیــشی بەرێ وشــوێنێک دەبێ کــە خــۆی

دەستنیشانی دەکا.

**مادەی سیازدەیەم:**

وەزیرەکان سەبارەت بە سیاسەتی گشتی وەزارەت،بە هاوبەشی لە بەردەم ئەنجوومەنی نیشتمانیدا بەرپرسیارن.
بەلاّم سەبارەت بەکاروباری هەر وەزارەتێک،وەزیرەکەی خۆی لە بەردەم ئەنجوومەنی وەزیراندا بەرپرسیارە.

**مادەی چواردەیەم:**

سەرۆکی ئەنجوومەن، یا جێگرەکەی یا، هەر وەزیرێک، نابێ لەو ماوەیەدا کە لە سەر ئەم کارانەیانن هیچ پیشەیەکی سەربەست، یائیشێکی بازرگانی، یا دارایی، یا پیشەسازی، یاهەر کارێکی ئابووری تر بکەن. هەروەکو نابێ هیچ شتێک لە مالّوموڵکی گشتی بکڕن، یابەکرێ بگرن،یاخود شتێک لەمالّوموڵکی خۆیان بەکرێ، یابە فرۆشتن یا بەئالّوگۆڕ بدەن بەدەولّەت.

**مادەی پانزدەیەم:**

ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان بۆی هەیە هەر وەزیرێک بدا بە دادگا ،سەبارەت بەتاوانێک کە لەکاتی بەجێ هێنانی فەرمانەکەی، یا بە هۆیەوە درابێتە پالّی. پێشنیاری تاوان درانە پالّەکە دەبێ بەلایەنی کەمەوە،لەلایەن چوار یەکی ئەندامانی ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستانەوە بێ وبڕیاری بە دادگا دانەکەی لەلایەن دوولە سێ بەشی ئەندامانییەوە.ئەوساتە، کاتی یەکالاّ کردنەوەی مەسەلەکەی، دەستی لەکار دەکێشرێتەوە.

**مادەی شانزدەیەم:**

هەروەزیرێک کە ئەندامی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان نییە،بۆی هەیە لەهەر کۆبوونەوەیەکدا ئامادەبێ،بێ ئەوەی مافی دەنگدانی هەبێ.

**مادەی حەڤدەیەم:**

١-لەحالّەتی ئامادەنەبوونی سەرۆکدا،جێگرەکەی جێگەی دەگرێتەوە.
٢-لەحالّەتی چۆلّ بوونی جێگەی سەرۆک دا،جێگرەکەی تاکاتی دانانی سەرۆکێکی نوێ کە دەبێ لە ماوەی پانزە رۆژدا دابنرێ، جێگەی دەگرێتەوە.

**مادەی هەژدەیەم:**

مـووچەی مـانگانەی هەر یەکـێک لە ئەندامـانی ئەنجـوومـەنی وەزیران ومـافی خـانەنشـینیـان بەیاسایەکی تایبەت دەستنیشان دەکرێ.

**مادەی نۆزدەیەم:**

ئەم یاسایە لەرۆژی بڕیاردانییەوە کە لە ڕێکەوتی ١٩٩٢/٧/٩ی کرد، کاری پێ دەکرێ.

**مادەی بیستەم:**

ئەم یاسایە لە یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی ڕەسمیدا بڵاو دەکرێتەوە.

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٣)

دووشەممە ڕێکەوتی ١٣/٧/١٩٩٢

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره (١٣)

## دووشەممە ڕێکەوتی ١٩٩٢/٧/١٣

***کاتژمێر٤ی پاش نیوەڕۆی ڕۆژی دووشەممەی ڕێکەوتی١٩٩٢/٧/١٣ ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان بە سەرۆکایەتی بەڕێز جوهر نامق سالم سەرۆکی ئەنجوومەن،و بە ئامادە بوونی جێگری سەرۆک بەڕێزنەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا و، سکرتێری ئەنجوومەن بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوللا دانیشتنی ژمارە (١٣)ی خولی یەکەمی ئاسایی، ساڵی یەکەمی خۆی بەست.***
***سەرەتا دەستەی سەرۆکایەتی رادەی یاسایی دانیشتنەکەی چەسپاند و، بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن دانیشتنەکەی بەناوی خوای بەخشندە ومیهرەبان وبەناوی گەلی کوردستانەوە کردەوە.***

***بەرنامەی کار:***

***گفتوگۆی بەرنامەی کاری ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێم.***

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەخێر هاتنی برا وەزیرەکان دەکەین، هەروەها بەخێرهاتنی دەزگاکانی راگەیاندنیش دەکەین کە لێرە ئامادە بوون. ئەم کۆبوونەوەیە کۆبوونەوەیەکی کراوە دەبێت، چونکە دەرفەتێکی مێژووییە ویەکەم جارە ئەنجوومەنی وەزیرانمان بەرنامەی خۆی پێشکەش دەکات بە ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان. لەم کۆبوونەوەیەدا وەک پێشان بریارمان دابوو لەسەر چەند خاڵێک دەدوێین، یەکەمیان بەرنامەی کاری ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانی عێراقە و، یەک دوو خاڵی تریشمان هەیە ئەگەر پێمان کرا لێیان ئەدوێین. بەو بۆنەیەوە کە سبەی رۆژی ١٤ی تەمووزە کە رۆژێکی زۆر گرنگە لە مێژووی عێراقدا وبۆ گەلی کوردیش رۆژێکی بەهادار ومێژووییە، چونکە لەم رۆژە و لە ساڵی ١٩٥٨دا بۆ یەکەم جار دان بەوەدا نرا کە ئەو وڵاتەی پێی دەڵێن عێراق، وڵاتی هاوبەشی کورد وعەرەبە وبەم بۆنە پیرۆزەشەوە، پیرۆزبایی لەگەلی عێراق دەکەین وپیرۆزبایی لەگەلی کوردیشمان دەکەین، هەروەها بەم بۆنەیەشەوە سبەی جەژنی١٤ی تەمووزەو پشووی رەسمییە لەسەرتاسەری کوردستاندا.

ئێستاش ئەگەر سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانی کوردستان ئامادەیە، بابفەرموێ راپۆرتەکەیان پێشکەش بکات و، بۆ ئەوەی کارەکەمان بەرێکوپێکی وگفتوگۆکان بەتێرو تەسەلی بکرێن، با برا وەزیرەکانیش هەریەکە بەپێی پسپۆری خۆیان ئامادەبن لە کاتی گفتوگۆ کردنی کاروباری وەزارەتەکانیاندا وەلامی ئەو پرسیارانە بدەنەوە کە لێیان دەکرێ.

**بەڕێز د. فوئاد مەعسوم/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان.**

لە مێژووی هەموو میللەتێکدا، چەند هەڵوێست و ڕووداوێک هەنە کە لەیاد ناکرێن، ئێمەی

خەڵكی كوردستانیش زۆر كارەسات ورووداوی وامان هەیە كە شوێنەواریان هەرگیز لەبیر ناچێتەوە، لەوانەش رووداوی ئەوتۆ كە مایەی دڵخۆشی وشانازییە لە كاتی روودانەكەدا و، پاشانیش دەكەوێتە ناو دوو دەرگی مێژووەوە. لەو رووداوە گەش وخۆشی بەخشانەش، هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نیشتمانیی كوردستانە كە لە ئێوەی بەڕێز پێكهاتووە و، دوای ئەویش دامەزراندنی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی كوردستانی عێراقە، كە ئەو ئەركە پیرۆزە ئیمڕۆ بە ئێمە سپێردراوە. ئێستاش پرۆگرامەكەتان پێشكەش دەكەین، تا بیروڕای خۆتانی لەسەر دەربڕن وبڕیاری خۆتانی لەبارەوە بدەن.

سەرۆكی بەڕێز، ڕژێمی عێراق هەموو جۆرە سیاسەتێكی دژ بەخەڵكی كوردستان تاقی كردەوە بەنیازی لەناو بردنی، وەك نەتەوە، زمان، كلتور، نیشتەجێی، هەموو دیاردەیەكی ژیان، بەڵام كۆمەڵانی خەڵكی كوردستان بەرەنگاری ئەم سیاسەتەی رژێم وەستان وتوانیان كەسایەتی میللەتەكەمان بپارێزن ورۆژ بە رۆژ خۆشەویستییان بۆ نیشتمانەكەشیان زیاتر بێ وپتر پەرەبسێنێ.

هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نیشتمانیی، سەركەوتنێكی گەورە بوو، ناحەزان ورژێمیش وایان دانابوو كە ئەم جارە كۆچ بەرەو باوەشی ئەو دەبێ ودەبێتە دەست كەوتێك كە شكستییەكانی خۆی پێ دادەپۆشێ، بەڵام میللەتەكەمان لەسەر داب ونەریتی خۆی، بزووتنەوەی رزگاریخوازیی كوردستان لەسەر ئاستی رووداوكە بوون و هەڵبژاردن سەری گرت و، هەزاران هەزار لە كۆمەڵانی خەڵك ریزیان گرتبوو تا دەنگدانیان لەكیس نەچێ. لە ئەنجامی سەركەوتنی هەڵبژاردن وپێكهاتنی ئەنجوومەنی نیشتمانییشەوە ئەنجوومەنی وەزیرانیش بە بڕیاری ئێوەی بەڕێز پێك هات، بەڵام لە بارودۆخێكی نالەباردا، بەتایبەتی كە ژێرخانەكە تێكچووە و،كوردستان وەك كەلاوەیەكی لێهاتووە. كۆمەڵانی خەڵكیش هەروەك ئازادی وسەربەستییان دەوێ و، چەند ساڵە خەباتی بۆ دەكەن تا بەم رۆژە گەیشتوون، ئێستاش داوای نان وگوزەران ورێكخستنی ژیانی رۆژانەیان ودابین كردنی ئاسایش دەكەن، بێگومان ئەمەش پێویستی بەهەوڵ وكۆشش و خۆماندوكردنە.

ئەنجوومەنی وەزیران لەم كۆبوونەوە مێژووییەدا، بەڵێن بەكۆمەڵانی خەڵكی كوردستان دەدا كە هەموو كاتێ خۆی لە پێناوی جێبەجێ كردنی ئەم پرۆگرامەدا تەرخان بكات، كەوا ئێستاكە پێشكەشتانی دەكات، ئومێدەوارین ئێوەش پەسەندی بكەن وهاوكاری تەواویشمان لەگەڵدا بكەن، بۆ ئەوەی هەمووومان پێكەوە بتوانین جێبەجێی بكەین. هەركاتێكیش ئەنجوومەنی وەزیران یا ئەندامێكی كەمتەرخەمی كرد، پێ خۆشحاڵ دەبین ئەگەر ئاگادارمان بكەنەوە. ـ لەكاتی خۆیدا وبەپێی پێویست چارە سەر بكرێت وپێكەوە ئازادی ودیموكراسی بچەسپێنین و لە سایەیدا خەڵكی كوردستان بە ئاسوودەیی بژین وڵاتەكەشمان بەرەو گەشەكردن هەنگاو بنێ.

## بەرنامەی کاری ئەنجوومەنی وەزیرانی کوردستان:

**یەکەم: لەسەر ئاستی سیاسی**

١ ـ رێکخستنی پەیوەندیی کوردستان لەگەڵ حکومەتی ناوەندیی لەسەر بنچینەی یەکێتی ئارەزوومەندانە لەناو چوارچێوەی عێراقێکی دیموکراتیدا دەبێ، کەدان بە مافی رەوای میللەتەکەماندا بنێ.

٢ ـ دەست نەهاوێشتنە ناو کاروباری ولاتانی دراوسێ، خەباتی ئێمە لە کوردستانی عێراقدا وئەو هەوڵ وتەقەلایەی کە ئەیدەین، بۆ گەلی کوردستانی عێراقەو خەباتمان لە پێناوی یەکسانیی وهاوئەرکی وهاو مافییە وبەشدارییە لە بریارو دەسەلاتدا.

٣ ـ دامەزراندنی باشترین پەیوەندیی لەگەڵ ولاتانی دراوسێ، تورکیا، ئێران ،سوریا، کە پەیوەندیی مێژوویی وفەرهەنگی لە نێوانماندا هەیە و، لە رووی جوگرافیشەوە کوردستانی عێراق ئەکەوێتە سەرسنووریان. هەوڵ ئەدەین ئەم پەیوەندییەش خزمەتی گەلی کوردستانی عێراق وگەلانی ئەو ولاتانە بکات ولێکمان نزیک بکاتەوەو بروایمان لە نێواندا پێ پەیدا وپتەو بکات. ئەمەش لە بەرژەوەندیی کۆمەلانی خەلکی سەر تاسەری عێراقدایە.

**دووەم: لەسەر ئاستی ئازادی ودیموکراتی ومافی مرۆڤ**

١ ـ هەڵوەشاندنەوەی هەموو قانوونە استثنائییەکان کە لەلایەن رژێمەوە دەرچوون بۆ چەسپاندن وپاراستنی دکتاتۆریەتی خۆی و، بۆ لەناو بردنی گیانی رزگاریخوازیی لە کوردستاندا.

٢ ـ دابین کردنی مافی ئازادیی بیروباوەڕ: سیاسی، ئایینی، نەتەوەیی، مەزهەبی، رۆژنامەگەریی، حزبایەتی، نەقابی...هتد.

٣ ـ بەرگری کردن لە مافی مرۆڤ بە پێی بەندەکانی جاڕی جیهانی مافی مرۆڤ.

٤ ـ مسۆگەرکردنی مافەکانی نەتەوەیی وئایینی بۆ کەمایەتییەکان: تورکمان، ئاشووری ، عەرەب، لەکوردستاندا.

٥ ـ چەسپاندنی قانوون وپاراستنی سەربەخۆیی(قضاء) لە هەموو جۆرە دەسوەردانێک.

**سێیەم: لەسەر ئاستی بەڕێوەبردن وئاسایش**

١ ـ دامەزراندنەوەی دەزگاکانی بەڕێوەبردن.

٢ ـ دامەزراندنەوەی هەموو بەشەکانی پۆلیس بۆ پاراستنی ئاسایشی ناوخۆ، ئەمەش پێویستی بە زۆرکردنی ژمارەی پۆلیس هەیە، بۆ ئەم مەبەستەش پێمان باشە سوود لەو پێشمەرگانە وەربگیرێ کە مەرجیان تێدا هەیە وئامادەشن بچنە ناو ریزی پۆلیسەوە، چونکە بێگومان پاراستنی ژیان ومولکومالی هەموو هاولاتییەک لە ئەستۆی حکومەتدایەو، حکومەتیش دەبێ بەهەموو شێوەیەک هەوڵ بۆ جێبەجێ کردنی ئەم

ئەرکە بدات.

٣ ـ نەهێشتنی دیاردەی چەکدارییی کە ئیمڕۆ بووە بە دیاردەیەکی ناشیرین وبوەتە مایەی چەندین کێشە وگیروگرفت وبێزاریی خەڵک لە کوردستاندا بەتایبەتیش لەناو شارەکاندا.

**چوارەم: لەسەر ئاستی ئابووری**

١ ـ دانانی پلانی کورتخایەن لەسەرەتادا بۆ ئاوەدانکردنەوە وگەشەپێدانی کوردستان.

٢ ـ ڕێکخستنەوەی هەموو پرۆژە بەرهەمهێنەرە حکومی وئەهلیەکان و، یارمەتی دانیان بۆ ئەوەی بەگەڕ بکەونەوە.

٣ ـ هەوڵدان بۆ دامەزراندنی پەیوەندیی ئابووری وبازرگانی لەگەڵ وڵاتاندا بەتایبەتیش وڵاتانی دراوسێ.

٤ ـ پەیڕەوکردنی بازاڕی ئازاد لە ژێر چاودێری حکومەتدا.

٥ ـ هەوڵ دان بۆ وەدەست هێنانی قەرز وسەرمایەگوزاری لە کوردستاندا.

٦ ـ پاراستنی هەموو مومتەلەکاتی دەوڵەتیی لە هەرێمی کوردستاندا.

٧ ـ ڕێکخستنی خەرج وداهات.

٨ ـ ڕێکخستنی سیستەمی بانکیی کە فاکتەرێکی گرنگە بۆ گەشەپێدان وپێشخستنی ژیانی ئابووری بە هەموو چالاکییەکانیەوە.

٩ ـ دامەزراندنی پرۆژەی هاوبەش: کوردستانیی وبیانیی.

**ئەوەشی کە لەسەر ئاستی ئابووری ئەمڕۆ زۆر پێویستە وبەپەلە دەبێ جێبەجێ بکرێ ئەمانەن: ـ**

أ ـ وەکو پێشوو بەڕێوەبەرایەتییەکان رسوم بۆ هەموو موراجەعەیەک وەربگرن.

ب ـ کرێی کارەبا وئاو وتەلەفۆن وخانووی حکومەتی و زەریبە وئەو قەرزانەی میریی کە لەلای خەڵکن وەربگیرێن.

ج ـ گومرک بە شێوەیەکی ڕێکوپێک دابمەزرێتەوە ودەسکەوتەکەی بچێتە ناو قاسەی حکومەتەوە.

**پێنجەم: لەسەر ئاستی ئاوەدانکردنەوە**

١ ـ سەرژمێریی و، لێکۆڵینەوەی تایبەت بە پێداویستییەکانی ئاوەدانکردنەوە ئامادە بکرێن.

٢ ـ داوای پشتگیریی لە حکومەت و ورێکخراوەکانی دەرەوە بکەین یارمەتیمان بدەن وهاوکاریمان بکەن بۆ ئاوەدانکردنەوەی کوردستان.

٣ ـ جووتیاران هان بدرێن بۆ گەڕانەوە بۆ سەر زەویوزاری خۆیان ولەم ڕووەوە هاوکاریی تەواو بکرێن وهەوڵ بدرێ پێداویستییەکانیان بۆ جێبەجێ بکرێ.

٤ ـ تەنسیقێکی تەواو هەبێ لە نێوان ئەو دەزگایانەی کە لە ناوەوە بۆ ئاوەدانکردنەوە

کاردەکەن و، موتابەعەی ئیشوکارەکانیان بکرێ.

**شەشەم: لەسەر ئاستی یارمەتی مرۆڤایەتی**

١ ـ گەیاندنی دەنگی گەلی کوردستان بە دەرەوە و روونکردنەوەی ئامانج وداخوازییەکانی و، پەیداکردنی دۆست بۆ پشتیوانیی لەمەسەلەی میللەتەکەمان .

٢ ـ پەیداکردنی پشتگیریی مادی ومەعنەوی لە هەموو رووێکەوە بۆ کوردستان.

٣ ـ هەوڵدان لە رێگای نەتەوە یەکگرتووەکان و دەزگاکانی بۆ: ـ

أ ـ زەغت کردنە سەر حکومەتی عێراق بۆ هەڵگرتنی ئەو ئابڵووقەیەی کە بەسەر کوردستانیدا فەرز کردووە.

ب ـ هەرێمی کوردستان ئیستسنا بکرێ لە بریاری مقاتەعەکردنی عێراق لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە.

٤ ـ هەوڵدان بۆ تەرخان کردنی بەشێک لە ئەموالی موجەمەدی عێراق بۆ ئاوەدان کردنەوەی کوردستان و، نەهێشتنی شوێنەواری ئابڵووقە ئابوورییەکەی و، رێکخستنی گوزەرانی خەڵک.

٥ ـ رێکخستنی پەیوەندیی لەگەڵ کوردەکانی دوورە وڵات.

٦ ـ کردنەوەی بیرۆ لەچەند وڵاتێک بە پێی توانا، بۆ ئەوەی لە دەرەوە موتابەعەو سەرپەرشتی ئەم کارانە بکەن.

**حەوتەم: لەسەر ئاستی کشتوکاڵ**

١ ـ چارەسەرکردنی کێشەی زەوی لە نێوان خاوەن موڵک وجووتیاراندا بە جۆرێ کە عەدالەت دابین بکات.

٢ ـ دانانی پلانێکی رێکوپێک بۆ هاندانی ئەو جووتیارانەی کە دەربەدەر کراون، بۆ گەڕانەوەیان بۆ شوێنی خۆیان و، یارمەتیدانیان بۆ دروست کردنەوەی خانووبەرە وگەشەپێدانی ژیانی کۆمەڵایەتییان.

٣ ـ دارشتنی نەخشەی دابین کردنی پێداویستییەکانی گوزەران وخۆراک.

**هەشتەم: لەسەر ئاستی پەروەردە وفێرکردن وخوێندن**

١ ـ چاک کردنی باری پەروەردە لە رووی بەرنامەو خوێندنی باڵاوە.

٢ ـ هەوڵدان بۆ کردنەوەی زانکۆیەک لە سلێمانی لەگەڵ کردنەوەی چەند پەیمانگایەک لە دهۆک وهەولێر وسلێمانی،کە بە فریای دەرچووانی ئیمساڵ رابگەن.

لێرەدا دەبێ سوپاسی گەرمی مامۆستایانی کوردستان بکەین کە رۆڵێکی دڵسۆزانەو، وپێشڕەوانەیان نیشان داو، بەگیانی لە خۆبردنەوە لەسەر پەیامی پیرۆزیان بەردەوام بوون وتوانییان مستەوای خوێندن بەرزبکەنەوە و، تاقیکردنەوەکانیش بەباشی بە ئەنجام بگەیێنن.

**نۆیەم: لەسەر ئاستی گواستنەوە وگەیاندن**

١ ـ بەکارهێنانەوەو ڕێکخستنی دەزگاکانی پۆستە لەناو کوردستاندا وبەستنەوەی بەدەرەوەوە.

٢ ـ ڕێکخستنی دەزگای تەلەفۆن وبرووسکە وتەلەکس وفاکس لەنێوان شارەکانی کوردستان ودەرەوەدا.

٣ ـ دامەزراندنی دەزگای گواستنەوە.

**دەیەم: لەسەر ئاستی ڕۆشنبیری**

١ ـ ئازادیی دەرکردنی ڕۆژنامەو گۆڤار وکتێب.

٢ ـ ڕێکخستنی دەزگاکانی تەلەفزیۆن ورادیۆ بەپێی قانوون.

٣ ـ پشتگیریی کردنی بەرهەمەکانی کوردۆلۆژیی وهونەریی کوردستانی.

٤ ـ دامەزراندنی دەزگایەک بۆ چاپکردن وبڵاوکردنەوە وپشتگیریی کردنی هەموو داهێنانێک .

٥ ـ پێکهێنانی ئاژانسی دەنگوباس.

**یانزدەهەم: لەسەر ئاستی پێشمەرگایەتی**

پێشمەرگە ڕۆڵێکی گرنگی هەبووە لە خەباتی میللەتەکەماندا و، قوربانییەکی زۆری داوە لە پێناوی کوردستاندا. بۆیە دەبێ بایەخێکی تایبەتی پێ بدرێ وەک هێزێک کە هەیەو، پاراستنی کوردستانی لە ئەستۆدایە، بەڵام ئەم بارەی کە ئێستا هەیەو هەر حزبە کۆمەڵێک پێشمەرگەی خۆی هەبێ و، هەر یەکەشیان تەنیا لە ڕێکخراوی خۆیەوە فەرمان وەربگرێ، کۆسپ لە ڕێگای ئەوەدا دروست دەکات کە ئاوەندێتی لە کوردستاندا بەرپا ببێ و، بەڕێوەبەرایەتی بە ڕەسمی کاروباری خۆی ئەنجام بدات، بۆیە دەبێ ئەم خاڵانەی خوارەوە جێبەجێ بکرێ: ـ

١ ـ هێزی پێشمەرگە یەکخرێ و، هەمووی لە ژێر فەرمانی یەک سەرکردایەتیدا بێ و، شوێنی تایبەتییان بۆ دیاری بکرێ و، بارەگای چەکدار لە شارەکاندا نەمێنێ.

٢ ـ ژمارەی پێشمەرگە ئەوەندە بێ کە بۆ وڵات پێویستە، ئەوانەش ژیانیان دابین بکرێ و، مەشق بدرێن وبکرێنە هێزێکی ڕێکوپێک، ماوەی پێشمەرگایەتیش بۆ ئەوانە حیساب بکرێ کە دەگەڕێنەوە بەڕێوەبەرایەتییەکان، یان تازە دادەمەزرێن، هەر بۆیەش وەزارەتی پێشمەرگە داندراوە، هیواشمان وایە کە هەموو لایەنە سیاسیەکان هاوکاریی تەواومان لەگەڵدا بکەن.

٣- بایەخی تایبەتیش بدرێ بە خێزانی پێشمەرگەی شەهید.

**دووانزدەهەم: لەسەر ئاستی تەندروستی وکۆمەڵایەتی**

١ ـ بایەخدان بە پاراستنی تەندروستی.

**بەڕێز ئەکرەم عزەت نەجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەم راپۆرتەی کشتوکاڵتان پێشکەش دەکەم.

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان.**

لە رۆژانی ٢٠ و ١٩٩٢/٦/٢١دا لیژنەکەمان یەکەم کۆبوونەوەی ئاسایی خۆی بە ئامادە بوونی بەڕێزان د.جەلال شفیق، ئەکرەم عزەت نەجیب، نیهاد نورەدین، ئەکرەم عاشور، عەبدوڵلا حاجی ئیبراهیم عەبدوڵلا، د.خەسرەو گوڵ محەمەد، شێخ جەعفەر شێخ عەلی، حەسەن بلّباس، موحسن سالح کەتانی، سازدا.

دوای باس ولێدوان لەسەر ئەو مەسەلانەی کە بە پەلەو پێویست بوون، لە ئەنجامدا گەیشتینە ئەوەی کە ئەم پێشنیارانە بخەینە بەر چاوی بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان ، وهیواداریشین کە دوا بڕیاری لەسەر بدەن: ـ

**١ ـ کڕینی دانەوێڵە:**

دابین کردنی پارە بۆ کڕینی دانەوێڵە، بەتایبەتی گەنم وجۆی ئەمساڵ کە لە پێویستیی تایبەتی جووتیاران زیاد دەبێ، تاکو وەربگیرێت وتەسویق بکرێ بۆ سایلۆ وعەمارەکانی حکوومەتی کوردستان و، جێبەجێ بوونی ئەم کارە گرنگەش بە رای ئێمە، ئەم خاڵانەی خوارەوەی پێویستە:

أـ پێوەندیی کردن بە رێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی دنیاوە، تا بە پارە یارمەتیمان بدەن و لە هەمان کاتیشدا موتابەعەی کاری لیژنەی هاوکاری رێکخراوە کوردستانییەکان بکرێت کە هەوڵێکی زۆریان داوە لەم بوارەدا.

ب ـ داوا لە سەرکردایەتیی سیاسیی بەرەی کوردستانی تێکۆشەر بکرێ، کە ئەوانیش بەگوێرەی توانای داراییان هەوڵی بەشداریی لە سەرخستنی ئەم پرۆژە گرنگەدا بدەن.

ج ـ داوا لەلقەکانی بانکی کشتوکاڵ لە پارێزگاکاندا بکرێت، تا قەرزەکانی خۆی لە قەرزارەکان کۆبکەنەوە.

دـ هەوڵ لەگەڵ دەوڵەمەندە قەبەکانی کوردستاندا بدرێت و، رازی بکرێن بۆ ئەوەی بەشداریی لە سەرخستنی پرۆژەی کڕینی دانەوێڵەی ئەمساڵدا بکەن و، لە هەموو پارێزگاکانیشدا بۆ هەمان مەبەست قسە لە گەڵ خاوەن کارگەکانی ئاردیشدا بکرێ.

هـ ـ دەربارەی ئەم قۆناغە ناسکەی ئێستامان بانگەوازێک بۆ کۆمەلانی خەڵکی کوردستان بلاوبکرێتەوە و، داوایان لێ بکرێت کە بەشی چەند مانگێک زەخیرەی ئارد بۆ خێزانەکانیان بخەن.

و ـ بۆ چاودێری کردنی رێگای رۆیشتنی دانەوێڵە بۆ دەرەوەی کوردستان، لە هەر پارێزگەیەک لیژنەیەکی تایبەتی دروست بکرێت لە : ـ

١ ـ نوێنەری بەرەی کوردستانی.
٢ ـ یەکێتی جووتیارانی کوردستان.
٣ ـ دائیرەی کشتوکاڵ.
٤ ـ دائیرەی سایلۆ.

**٢ ـ کێشەی زەویوزار:**

تا دەرفەتی ئەوەمان بۆ دەرەخسێت کە پرۆژەیەکی یاسایی چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانی زەویوزار لە کوردستاندا دەخەینە بەرچاوی بەرێزان ئەندامانی پەرلەمان، پێشنیاری ئەم خاڵانەی خوارەوە دەکەین:

أـ یاسای ژمارە(٩٠)ی ساڵی ١٩٧٥ پەیڕەو بکرێت لەلایەن ئەو لایەنانەوە پەیوەندییدارن لەگەڵ ئەو مەسەلەیەدا، بە مەرجێک مادەی(٥) ومادەی (٨)لەو یاسایە رابگیرێت.

ب ـ راگرتنی(تجمید)ی هەموو ئەو یاسا وبڕیارانەی کە لە دوای یاسای ژمارە(٩٠)ی ساڵی ١٩٧٥دەرچوون، بەتایبەتیش یاسای ژمارە(٣٥)ی ساڵی١٩٨٣و، تەعلیماتی(٧٨)ی ساڵی١٩٨٣و، تەعلیماتی ژمارە(١٥٧١)ی ساڵی١٩٧٨و، بڕیارەکانی (٣٦٤و ٣٦٧)ی ساڵی ١٩٩٠و، تەعلیماتی (٤و٥)ی ساڵی ١٩٩٠.

ج ـ پیشنیار دەکەین ئەو باجی لە(١٠٪)یەی کە ساڵی پار لەلایەن بەرەی کوردستانیەوە لەسەر دانەوێڵە وەرگیراوە، ئەمساڵ وەرنەگیرێ وببەخشرێ بە جووتیاران بۆ ئەوەی هان بدرێن بۆ ئاوەدان کردنەوەی گوندەکانیان وچاندنی زەوییەکانیان وزیاد کردنی بەرهەمیان،هەروەها کەمێک سووک کردنی باری گرانی ژیانیشیان.

د ـ هاندانی جووتیاران بۆ گەڕانەوەیان بۆ سەر زەویوزاری پێش راگواستنیان و، یارمەتیدانیان لەلایەن حکومەتی کوردستان ودەزگا تایبەتیەکانی ئاوەدانکردنەوەوە.

هـ ـ هاوکارییەک لە نێوان رێکخراوەکانی ئاوەدانکردنەوەدا و لیژنەکەماندا دروست بێت، بۆ بوژاندنەوەی کشتوکاڵ و زیاتر رێکخستنی یارمەتی ئاوەدانکردنەوەی گوندەکان وگەڕانەوەی جووتیاران بۆ شوێنی پێشووی خۆیان وبووژاندنەوە و گەشەپێدانی کشتوکاڵ.

و ـ پێشنیار دەکەین ئەو وەفدە پەرلەمانیەی کە دەچێتە دەرەوەی وڵات لە بەرنامەی کاری خۆیدا داواکردنی پێویستییە گرنگەکانی کشتوکاڵ وپرۆژەکانی هەردوو بەشی رووەک وئاژەڵداریی تۆمار بکات و، وهەوڵی پەیداکردنی تۆو وپەین (سماد) ومەوادی کیمیاویی بدا بۆ لەناو بردنی نەخۆشی وحەشەرات. وهەروەها هەوڵی پەیداکردنی مەزەخەی ئاو و پێویستییەکانی تری بووژاندنەوەی پرۆژەکانی ئاژەڵداری بدات، بەتایبەتیش پرۆژەکانی پەڕەوڵداری(الدواجن) وبەخێوکردنی رەشەوڵاغ ودابین کردنی ئالیک بۆیان.

ز ـ لەکاتی خۆیدا رژێم هەندێ پرۆژەی گەورەی کشتوکاڵی فرۆشتووە بە هەندێ کەس بەنرخێکی هەرزان وبە قیست، لە بەر بەرژەوەندیی گشتی، لیژنەکەمان پێشنیار دەکات ئەو پرۆژانەی کە قیستەکانیان بەتەواوی دراوەتە حکومەتی بەغدا، بخرێنە ژێر چاودێری لایەنە پەیوەندییدارەکانی حکومەتی کوردستانەوە، بەڵام ئەو پرۆژانەی کە قیستیان لەسەرماوە لەجیاتی وەرگرتنەوەی ئەو قیستانە، حکومەتی کوردستان ببێتە شەریک لە گەڵیاندا، وەک شێوەی کەرتی تێکەڵاو واتە: (القطاع المختلط) کاریان لەگەڵدا بکات.

ح ـ هەڵوەشاندنەوەی فرۆشتنی بیرە ئیرتیوازییەکان لە گوندەکاندا، بەتایبەتی ئەوانەیان کە بۆ ئاوی خواردنەوەی هاوولاتییان بەکار دێن.

ط ـ پێشنیار دەکەین، کە لیژنەی خوێندنی بالا سەر لە نوێ کۆلێژی کشتوکاڵ لە سلێمانیدا بکاتەوە، کە لە کاتێ خۆیدا هەبووە ودوایی گوێزراوەتەوە بۆ ئاسکی کەلەک و، لەکاتی گواستنەوەی زانکۆی سلێمانیدا لەوێش ئیلغا کراوەتەوە، چونکە ئەم کولێژە هۆیەکی گرنگی پێشکەوتنی کشتوکاڵە. هەروەها کردنەوەی کولێژی بەیتەرە کە ئەویش پەیوەندیی راستەوخۆی بەگەشەکردن وپێشکەوتنی ئاژەڵدارییەوە هەیە، کردنەوەی ئەم دوو کولێژەش دەبێتە بناغەیەک بۆ سەر لە نوێ دامەزراندنەوەی زانکۆی سلێمانی.

**لیژنەی کشتوکاڵ وئاودێری پەرلەمانی کوردستان**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاسی بەڕێز ئەکرەم عزەت دەکەین، ئەگەر بەڕێزان چ تێبینییەکیان هەیە باپێشکەشی بکەن.

**بەڕێز قادر عەزیز حمد ئەمین/ وەزیری کشتوکاڵ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە پێشنیارەکانی لیژنەی کشتوکاڵ وئاودێری لە ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان کە بە نووسراوی ژمارە(٢١٦)لە رۆژی١٢/٧/١٩٩٢دا بەدەستمان گەیشتووە ئەم خالانەی خوارەوە روون دەکەینەوە: ـ

١ ـ چارە سەرکردنی کرینی دانەوێڵەی وەک گەنم وجۆ، پێشنیار دەکەین کە لیژنەیەک پێک بهێنرێ لە پسپۆڕان لەو لایەنانەی کە لێپرسراون لەم بابەتە، بۆ چارەسەرکردنی بەشێوەیەکی دروست وگونجاو وەکو ئەمەی خوارەوە: ـ

آ ـ نوێنەری لیژنەی کشتوکاڵ لە ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان.

ب ـ نوێنەری وەزارەتی کشتوکاڵ وئاودێری.

ج ـ نوێنەری وەزارەتی دارایی وئابووریی.

د ـ نوێنەری یەکێتی جوتیارانی کوردستان لەنووسینگەی ڕاپەڕاندن.
هـ ـ نوێنەری کارگە ئەهلییەکانی ئارد.

**٢ ـ کێشەی زەویوزار:**

أ ـ پەیرەوکردنی یاسای ژمارە(٩٠)ی ساڵی ١٩٧٥ ،واتا دەستووری کاری ئەم یاسایە بکەین، بە تایبەتی پاش گەڕانەوەی جووتیارەکان بۆ سەر زەویوزاری پێش گواستنەوەیان لە ساڵانی ڕابوردوودا، بۆ ئەوەی بەندەکانی یاساو مەرجەکانی دابەشکردنی زەویوزار بەسەریاندا بچەسپێن، بەتایبەتی ئەم دوو مادەیەی خوارەوە لەم یاسایەدا.

١ ـ مادەی(٥): لە بەر ئەوەی ئەم مادەیە دەربارەی دەسبەسەردا گرتنی زەوی کشتوکاڵی و ڕەزەکانە. بۆیە لەکاتی دابەش کردنیاندا پێویستیان بە دامەزراندنی کەرتێ کشتوکاڵی گەورە هەیە، بۆ چۆنیەتی کرداری دابەش کردنەکەش تاکو ئەوانەی بەسەریان دابەش دەکرێ هیچ گیروگرفتێکی لێ سەندنەوەیان نەبێ وبتوانن پرۆژەی تایبەتی لەسەر دروست بکەن.

٢ ـ مادەی(٨): لەبەر ئەوەی سەرەتای ئەم مادەیە کە دەڵێ هەموو ئەو زەویانەی کە بەناوی خاوەن زەوییەوە نەنووسراون، یان بڕیاری چەسپاندنی مافی زەوییەکانیان تەواو نەبووە، بەپێی(یاسای چارەسەرکردنی کشتوکاڵ)ی ژمارە(١٧٠)ی ساڵی ١٩٧٠کۆتایی نەهاتووە. زەوی دەوڵەتین.

ئەمەی خوارەوە دەربارەی ئەم خاڵەیەو ڕوونی دەکەینەوە کە ئەم ڕووبەرە زەویانە دابەش کران بەسەر جووتیاراندا، بەڵام دابەش کردنەکە تەنیا لە سەر نەخشەکان دانراوە، بێ ئەوەی بزانرێ ئەوانە بۆ چاندن دەشێن، یا ناشێن. هەر چەندە ئەو ڕووبەرانەی کە بوونەتە زەوی دەوڵەت ڕووبەرە زەوی بچووکی لەیەک دوورن و هەندێکیشیان لەگەڵ یەکتردان، ئەو زەوییانە لە ژێر دەستی جووتیارە بچووکەکان، یان کەسێک بوون کە لە باب وباپیرانەوە بۆیان بەجێ ماوە وخۆیان بەخاوەنی ئەم زەوییانە دادەنێن، نەک دەوڵەت خاوەنیان بێت وەک لە مادەی ناوبراودا باس کراوە، کە لە ٧٠٪ لەم دێیانەی کە زەوییەکانیان نەنووسراوە بەناوی خاوەنەکانیانەوە مافیان لەسەر ئەم زەویانە دیاری نەکراوە تا وەکو ئێستا، چونکە مافی ئەو زەویانە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو جووتیارانەی کە باسمان کردن ولەسەر ئەو زەویە بچووکە لە یەکتر دوورانەن کە ساڵەهای ساڵە لە ژێر دەستیاندایە و بۆ چارەسەرکردن ودەسکاریی کردنی ئەم مادەیەی سەرەوە ونووسینەوەی بەشێوەیەکی یاسایی، بۆ ئەوەی بتوانرێ ئەم زەویانە بگەڕێنرێنەوە بۆ ئەو جووتیارانەی کە لە باب وباپیرانیانەوە بۆیان بەجێ ماوە وئیشوکاریان تێدا کردووە مافیان لەسەر ئەو زەویانە بچەسپێنرێ، لە ڕێگای لیژنەی دەست بەسەردا گرتنی زەویوزاری تایبەتی، بە پێی یاسا ڕووبەرێک لەو زەویانە بدرێت بە هەر کەسێک کە ئیشوکاری تێداکردووە، وهەڵوەشاندنەوەی بڕیاری ژمارە (١٥٧١)ی ساڵی١٩٧٨، کە

تایبەتە بە مافی خاوەن زەوییەکان و، ئەو زەویوزارەی کە بەپێی مادە(٨) کرابوونە زەوی دەوڵەت.

ب ـ پێشنیاری هەڵوەشاندنەوەی یاسای ژمارە(٣٥)ی ساڵی١٩٨٣ی دەستکاری کراو ودەستوری کاری ژمارە(٧٨)ی ساڵی١٩٨٣ی دەستکاری کراو دەکەین، کە تایبەتە بە بەکرێدانی زەوییە کشتوکاڵییەکان بۆ کۆمپانیاکان وکەسانی تر وهەردوو بڕیاری(٣٦٤و٣٦٧)ی ساڵی ١٩٩٠وهەردوو دەستووری کاری ژمارە(٤ ـ ٥)ی ساڵی ١٩٩٠ی تایبەت بە بەکرێدان وچاندن ولێسەندنەوەی زەوی کشتوکاڵیی بۆ ئەوەی بتوانرێ دووبارە دابەش بکرێتەوە بەسەر جووتیارانی پێشوودا، کە ئەم زەوییانەیان بەسەردا دابەش کرابوو بەپێی یاسای کشتوکاڵی ژمارە(٩٠)ی ساڵی١٩٧٩پاش گەڕانەوەیان بۆ دێیەکانیان لەگەڵ بوونی ئەو مەرجە یاساییانەی دابەش کردن بەسەریاندا دەچەسپێت، بە مەرجێک ئەمە گونجاو بێت لەگەڵ دەزگاکان وبیرە ئیرتیوازییەکاندا لەلایەن کرێگرتەکانەوە بە پێی یاسای ژمارە(٣٥)ی ساڵی ١٩٨٣و، دانانی چارەسەری تەواو بۆ ئەو بابەتە.

ج ـ لەبەر ئەو پێشنیارانەی کە لە هەموو برگەکانی (ج،د،ه،و،ز،ح) دا هاتوون کە پێشنیاری لیژنەی کشتوکاڵی ئەنجوومەنن، بەڵام سەبارەت بە برگەی (ب)لە پێشنیارەکان، وای بە پەسەند دەزانین کە ئەو کێشەیەی دەرچووانی کشتوکاڵییەکان ، واتا دەرچووانی ساڵانی پێشوو لە کۆلیژ وپەیمانگا ودواناوەندیی کشتوکاڵی وکۆلیژی بەیتەری دابمەزرێنرێن لە دەزگا کشتوکاڵییەکاندا، یاخود دۆزینەوەی زەویوزاری کشتوکاڵی بۆیان، وەکو کارمەندی کشتوکاڵی(المتفرغ للعمل الزارعی) لەکاتێکدا کە ئەو زەوییانە زیادن لە جوتیاران، لەبەر ئەوەی کە پسپۆڕی کشتوکاڵین و زۆربەشیان کوڕە جووتیارن.

هەروەها پێشنیار دەکەین کە لەدوای چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە دوو کۆلیژ لە زانکۆی سەلاحەدین بکرێتەوە، وەک کۆلیژی کشتوکاڵ وکولیژی پزیشکی بەیتەری.

**بەڕێز سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دەربارەی برگە(٢)، کێشەی زەویوزار کە دەڵێی:یاسای ژمارە(٩٠) مادەی(٧٥) و مادەی(٥٧)و مادەی(٨)، هەروەها تەعلیماتی ژمارە(٣٥)ی ساڵی١٩٨٣و، تەعلیماتی ژمارە(٧٨)و، هەروەها تەعلیمات وزۆر قەراری تر هەن هی٩٠ ـ ١٩٩١، بەقەناعەتی من ئەوانە پەیوەندییان هەیە بەکێشەی زەویوزارەوە کە کێشەیەکی زۆر گەورەیە لە کوردستانداو، دەبێ دراسەیەکی باشی بکەین ئەگەر بواریش هەبێ بۆ ڕۆژێک ،یا بۆ دوو ڕۆژ چاو بەو یاساو تەعلیماتانەدا بخشێنین تاکو بزانین چۆن چارەسەری بکەین، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی لیژنەی کشتوکاڵی جێی ڕێز وسوپاسن، چونکە خۆیان زۆر ماندووکردووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا من چەند تێبینییەکم هەیە کە ئەمانەن: ـ

١ ـ چارەسەرکردنی کڕینی دانەوێڵە، بەڕای من هەوڵ بدرێ کە دەوڵەمەندە قەبەکان ڕازی بکرێن کەقەرزمان پێ بدەن، نەک پارەمان بدەنێ وەیان پارەیان لێ بسێنین.

٢ ـ ئێستا دەبینین مەوسمی دروێنەی گەنم وجۆیە، کە بە زۆری ئەو گەنم وجۆیە دیبەن بۆ دەرەوەی کوردستان. تکا دەکەم کە لێیان وەربگرن بە نرخێکی دیاری ومەعنوی تاوەکو پەرلەمان وئەنجومەنی وەزیران پارەیان بۆ دابین دەکەن ونرخیشی بۆ دادەنرێ.

٣ ـ لەبارەی کێشەی زەویوزاریشەوە لە مادە(٥ و٨)دا، ئەگەر لیژنەکە بۆمان دیاری بکات کە بۆ ئەم مادەیە ئیشی پێ ناکرێت، مەبەستمان لە ڕاگرتنی چییە؟ بەڕای من ڕاگرتنی هەموو یاسایەکی دوای١٩٧٥ شتێکی باش نییە، بەرای من تەنیا ئەویاسایانە ڕابگرین کە ناگونجێن لە گەڵ بەرژەوەندیی کوردستاندا. ئەڵێین ئەبێ لیژنەیەک پێکبێت، ئەشێ ببن بە لیژنەی ڕاوێژکار. ئەی ئەو گەنم وجۆیە بۆ ڕاناگرن کەوا دەڕوات بۆ دەرەوەی کوردستان ؟! ئەم لیژنە وابزانم پێکهاتووە، لە نوێنەری بەرەی کوردستانی ودائیرەی سایلۆ وهەندێ لایەنی تر پێم وایە بە وەزارەتی ناوخۆ بسپێردرێ، سوپاس.

**بەڕێز مەلا هادی خدر :**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە بارەی بیری ئیرتیوازیەوە کە لە زۆر شوێندا هەیە، هەرچەند جووتیارێک و بیرێکیان بدرێتێ، هەریەکە ٥٠دونم زەویشیان بۆ دابنرێ، بەڵام لە زۆر جێگا هەیە یەک کەس دوو بیری وەرگرتووە وخاوەن موڵکیشە، جا داوا دەکەین ئەو لیژنە کشتوکاڵییە لە هەموو شتێک ئاگاداربێ وچاو بەوکێشەیەدا بخشێنرێتەو وبیرەکان بە عەدالەت دابەش بکرێن ، سوپاس.

**بەڕێز هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە ڕاپۆرتەکاندا هێشتا باسی ڕووەک وجەنگەڵ نەهاتووە، بەراستی ئێستا لەم ماوەیەدا دارودرەختێکی زۆر دەسووتێنرێ ودەکرێت بە خەڵووز. دەبێ بەچاکی بەرەنگاری ئەم کارە ببینەوە، سوپاس.

**بەڕێز مەلا مەحمود دێرشەوی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر جار کە ئەنجومەن باسی خوێندن دەکا، دەمەوێ ئەم پێشنیارە بکەم، کە نووسین با بە دوو

شێوە بێت، بەکوردی و بەعەرەبی لەو قسمانەی کرمانجی ژووروو، ئێمە خۆمان بە مەغدوور دەزانین وداوا دەکەین کە دێهاتەکانمان بە کرمانجی ژووروو بخوێنن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

لە سەرەتاوە ئەنجوومەن بڕیارێکی داوە کە زمانی ڕەسمی زمانی کوردییەو، ئەگەر بەعەرەبیش شتێک دەرچوو باشە، بەڵام زمانی ڕەسمی زمانی کوردییە و بەو شێوەیەش دەنووسرێ کە دەخوێنرێتەوە ئەوبرادەرەشی کە تۆزێک زەحمەت دەبینێ با بەو شێوەیە بدوێ کە خۆی دەیەوێ و، حەقە لەگەڵ برادەرانی کوتلەکەی، یان برادەرانی تریشدا هەروا بدوێ وچارەیەکی بۆ بدۆزنەوە، لەڕاستیدا ئێمە گەر هەر پرۆژەیەک بکەین بە زمانی کوردی ولە دواییدا بیشیکەین بە شێوەی کرمانجی ژووروو. ئینجا بشکرێ بە زمانی عەرەبی ئەوا وەختێکی زۆرمان دەوێ، هەندێ دەقی یاساییشمان هەیە کە بە عەرەبی دەنووسرێن. بەڵام بەشێوەیەکی گشتی لە یەکەم کۆبوونەوەی ئەنجوومەنەوە بڕیارێکمان هەیە کە دەق دەبێ بەزمانی کوردی بێ وبەوشێوەیە بێت کە دەخوێنرێتەوە، بۆیە زمانی ڕەسمی لە پرۆتۆکۆلی کۆبوونەوەکانی ئێمەدا کوردییە، هەروەها ڕاپۆرتی لیژنەکانی پەرلەمانیش بەکوردی دەنووسرێن. ئەگەر گرفتێکیشیان هەبوو، دەبێت لەپێشا بەکوردی بنووسرێن ئەوجا لەکوردییەوە وەربگێڕدرێنە سەر زمانی تر.

**بەڕێز شمائیل ئەنو بنیامین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

جگە لە پێشنیارەکانی بەڕێز ئەکرەم دەتوانین سوود لە هەندێ سەرچاوەی عەرەبیش ببینین ودەتوانین بۆ ئەم قۆناخە سوودی لێ ببینین ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

جامن ئەم پرسیارە لە جەنابت دەکەم(المرحلە) ئەگەر شتێکی وابێ، زۆر باشە، بەڵام تۆش هەوڵ بدە تۆزێک هاوکاریمان بکەی و، وابزانم هەر لەگەڵ برادەراندا دەتوانی ئەم کێشەیە چارەسەر بکەی وهەمووسان دەزانین کێشەی زمان کێشە نییەو، هەموو تێ دەگەین وتارادەیەکیش تۆ زۆر باشی، ئێمە داوا لە لیژنەکان دەکەین ئەگەر شتێکی وامان بۆ بکەن، وەکو ئاسان کردنەوە شتێکی باشە، بەڵام وەکو (إلزام) لەوانەیە گران بێ.

**بەڕێز د.سەلاحەدین محەمەد حسەن حەفید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لە بارەی کرینی گەنمەوە، وەختی خۆی تیمێکی ئیرلەندی هاتبوو پرۆژەیەکی پێشکەش کردبوو سەبارەت بە چۆنیەتی کرینی گەنم ودابەش کردنی، هیوادارم لیژنەکە سوود لەو ڕاپۆرتە وەرگرێ،

هەروەها ڕێکخراوی(کاردۆ)ش ڕاپۆرتێکی ئامادە کردووە لەم بارەیەوە، هیوادارم سوودی لێ وەربگیرێ، چونکە زۆر خاڵی گرنگی تێدایە، ئەوەی زۆر پێویستی بەکاری بەپەلەشە، بە ڕای من وەستاندنی چوونە دەرەوەی گەنم وقەدەغەکردنیەتی، دوێنێ وپێرێ چەند هەواڵێک بۆ وەزارەتی دارایی وئابووری هات کەوا گەنم لە ڕێگای مەخموور وڕێگای کەرکووکەوە بۆ ناو ڕژێم دەڕوات، بۆ ڕاگرتنی ئەم دیاردەیە من وای بەباش دەزانم لە ڕێگاکاندا بەپەلە پۆلیس دابنرێن، لە جیاتی ئەوەی کە ئێستا پێشمەرگە هەنە، بۆ ئەوەی بتوانن ڕێگاکان بەتوندی بگرن. گەنمەکە بەگوێرەی ئەو ڕاپۆرتانەی کە هەنە، گەنمی ئەمساڵ ١٥٠هەزار تەنە، ئەگەر تەنی بە (٢)هەزار دینار بیکڕین پێویستیمان بە(٦٩٩)ملێون دینار هەیە، ئەمەش بەڕاستی پارەیەکی زۆرە، جا پێویستە ئەو پارەیە بە پەلە دابین بکرێت وپەیوەندیی بەو ڕێکخراوانەوە بکرێت کە یارمەتی کورد دەدەن وئازووقەمان بۆ دەهێنن، بۆ ئەوەی هەندێک لەو گەنمە بکڕن، وئێمەش هیچ نەبێ ئەگەر لێیان بکڕین قیستێکیان پارە بدەینێ، سوپاس.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆ مەوزووعی زمان کەوا پەرلەمان بەکوردی گفتوگۆ دەکات، وابزانم هیچ زەحمەت نییە، بەڵام ئەگەر وەرگێردرێتە عەرەبی ماوەیەکی زۆری دەوێ و لەوانەیە بە ماوەی (٢ ـ ٣)مانگیش نەکرێ، ئەگەر بێت و خۆی شێوە زمانی کوردی سۆرانی بێت، هەروەها سوپاسی لیژنەی کشتوکاڵ دەکەین، بۆ ئەو ڕاپۆرتەی کە پێشکەشی کرد و باسی گەڕانەوەی جووتیارەکانی بۆ دێهاتەکان تێدابوو، کە لەکاتی خۆیدا دێهاتەکان وێران کران هەموویان هاتن بۆ شارەکان، ئێستاش هەروا بە ڕاگەیاندنێکی پەرلەمان پێیان بگوترێ بگەڕێنەوە نابێ، دەبێ تەرغیب دروست بکەین ومولکیان بدەینێ وهەندێ ناوچەش پارەیان وەرگرتووە وزەویەکانیان بوون بە مولکی دەوڵەت ئێستا ئەو زەویانە دابەش بکرێن بەسەر جووتیارەکاندا ئەوە لەجێی خۆیەتی، چونکە خاوەن مولکەکان پارەی خۆیان لەجیاتی ئەو زەویانە وەرگرتووە، وەکو پێشنیارێکیش ئەو خاوەن مولکەی ئەگەر بیەوێ بچێتەوە سەر مولکەکەی خۆی ئەوا مولکی خۆیەتی، بەڵام لەکاتی خۆیدا حکوومەت زەوی ئەدا بە پیاوانی خۆی وەک ڕەفیق حزبی ومدیر عام کە ئێستا هەندێکیان ڕۆیشتوون بۆ ناو ڕژێم، زەوی ئەو جۆرە کەسانە دەبێ لە ژێر دەستی حکوومەتی کوردستاندا بێ، ئینجا دابەش بکرێ. خاڵێکی تریش هەیە، ئەویش لابردنی(الغاء)ی مادەی (٩٠)ە، کاتێک کە خاوەن مولک دەگەڕێتەوە بۆ سەر زەوی خۆی، دەبێ لەسەر یاساکە ڕێک بکەوێت، ئینجا با(الغاء) نەکرێ وتەنیا تەعدیلێک بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز شێخ عەبدولکەریم کاکە حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەم باسە زۆر گرنگە وزۆریش باس دەکرێ وگوشارێکی زۆریش لەسەر پەرلەمانەو بەرەو ڕووی

وەزارەتی دارایی وئەنجوومەنی وەزیران دەکرێتەوە ومەوزووعی چارە سەر کردنی کێشەی کڕینی دانەوێڵەش دەگرێتەوە.
خاڵێکی تریش لەبارەی بڕگە (أ)ە کە دەبێ لیژنەی بالای موتابەعە ئەوە بکات، بڕگەی(ز)یش بەشێواوی هاتووە کە دەبێ لیژنەکە کۆنترۆڵی دانەوێڵە بکات وتوند بێت لەسەری وسزادانی تیا بێت، بۆ ئەوەی لێی لانەدرێت و، دەبێ پێک هاتنی لە دائیـــرەی پۆلیس وســـایلۆو بەرەی کوردستانی وپۆلیسی رێگا وقائیمقام ومدیر ناحیە بێت و، خاڵی دووەمیش کە کێشەی زەویوزارە وئەمەش بە پێی بڕیارەکە وبەپێی باری سیاسی وفیکری ئەم ماوەیە جێبەجێ بکرێ ویاسای ژمارە(٩٠)یش کاری پێ بکرێ ودێهاتەکان ئاوەدان بکرێنەوە، بۆ بڕگەی(ج)ش هیچ شتێکی وا لە ئارادانیە و لەلایەن کارگێڕەوە هەڵوەشێنراوەتەوە و، مەسەلەی بەیتەرەش دەبینین بەسەدان مەڕومالات تووشی دەرد بوون ومردار بوونەتەوە بەبێ هیچ چارە سەرییەک، هەروەها مەسەلەی ماسی و راوکردنی ماسی، کە زۆربەی ئاوەکانی وەکو دوکان ودەربەندیخان ژەهر وبۆمبایان دەخرێتە ناو، بەمەش ماسی گەورە وبچووکی تیا ئەچێ، سوپاس.

**بەڕێز محـــــمـــــد ئەمین مـــــەولود:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئەنجـــــوومـــــەن.**

بەلای منەوە گرتنی رێگای کشتوکاڵ بۆ دەرەوە ئەرکی وەزارەتە کە جووتیار رێنمایی بکا، پێویستە کارگەکان بخەنەوە کار وبەرهەمەکەی بنێردرێتە دەرەوە، وەکو بەرهەمی توتن، لەلایەکی ترەوە کێشەیەکی گەورە هەیە ئەویش کێشەی سووتەمەنییە، کە خەڵکێکی زۆر لە دانیشتوانی دەرەوەی شارەکان دەستیان خستووەتە سەر دارستانەکان وئەو دارانە دەبڕن وئەمەش دەبێتە هۆی نەهێشتنی دارستانەکان و، لیژنەی کشتوکاڵیی بەڕێز لەم بارەیەوە چ دەڵێ؟.
هەروەها دەبێ لیژنەی کشتوکاڵ بیرخەرەوەیەک لە رێگەی (un)وە بەنەتەوە یەکگرتووەکان بدات، بۆ ئەوەی دارستانەکانمان بپارێزین وژینگەی کوردستان نەشوێنرێ وفشار بخرێتە سەرحکوومەتی عێراق تاکو رێگەی هاتنی سووتەمەنی بکرێتەوە وجاران چۆن دەهات ئێستاش ئاوا بێت، بە رای من بۆ کڕینی گەنم وجۆ وهەموو پێویستییەکانی تریش پێویستیمان بە دامەزراندنی کۆمپانیایەکی هاوبەش هەیە، هەرکەس بتوانێ بەشداری تێدا بکات تاکو کەلوپەلی تر ودانەوێڵەی پێ بکرن، هەروەها ئەو یارمەتییانەی کە لە ولاتانی دەرەوەو لە رێکخراوە خێرخوازەکانەوە بۆمان دێت، ئەوانەش کەلوپەلی ئیستهلاکین و رۆژانە دێن، سوپاس.

**بەڕێز کەمال موفتی/وەزیری کاروباری پێشمەرگە:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئەنجـــــوومـــــەن.**

وەزارەتەکە ناوی وەزارەتی کشتوکاڵ وئاودێریە، لەبەر ئەوەشی کە باسی چاک کردنی زەویوزار

وباسی زەوی ناکات، بۆیە من پێشنیار دەکەم کە دەبێ بۆ چاک کردنی زەویوزار دەستەیەک دروست بکەن ، کە بە ئەنجوومەنی وەزیرانەوە ببەسترێت ، بۆ ئەوەی دووبارە بەهەموو ئەو یاساو بڕیارو تەعلیماتانەدا بچێتەوە کە بۆ داگیرکردنی زەویوزاری کوردستان لە لایەن حکوومەتی مەرکەزیەوە دەرچوون. هەروەها لیژنەیەکی دیکەش پێک بێت بۆ ئەوەی ئەم مەسەلانە بەگوێرەی بەرژەوەندیی گەلی کورد دابڕێژێتەوە، بۆ مەسەلەی پەیوەندیی جووتیارو ئاغاش ئەوا دەبێ ئێستا بارەکە رابگیرێت، تا چارەسەرێکی بۆ دەدۆزرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

وەکو دەزانین ئێستا لە ناوچەی دهۆکدا وەرزی بەرهەمی تەماتەیە، کە ئەمە لە راپۆرتەکەدا باس نەکراوە، من داوا دەکەم کەچی تر ماوە نەدرێ ئەم بەرهەمە بچێتە خوارەوەی ولات، بە ڕاستی ئەمە کاردەکاتە سەر ژیانی هەزاران خێزان. هەروەها لەدەڤەری بادیناندا بارێکی سیاسی وچەکداریی ناپەسەندو غەریبی تازە خولقاوە کە ناهێڵن گوندنشینەکان بچنەوە سەر خاک وناوی خۆیان. دەبێ ئەوەش چارەسەر بکرێ وئەو چەکدارانەشی کە خەڵکی کوردستانی عێراق نین دەست لەو کارە هەڵگرن، سوپاس.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من دوو سەرنجم هەیە کە پێویستە چارەسەر بکرێن، ئەوانەش کێشەی زەوی وکێشەی کشتوکاڵە لە کوردستاندا، کەکێشەیەکی زۆر ئاڵۆزەو، زۆر قووڵە،کە بە راستی پێویستی بە چارەسەرکردن هەیە و دەبێ لەدابەش کردنی زەویدا ئەو هەڵانە دووبارە نەبنەوە کە لە ساڵی١٩٥٨دا روویان دا، دەبێ کارگەی(تعلیب)یش بکرێتەوەو، بایەخ بەسامانی ناژەڵداریی بدرێ، کارگەی ئالفیش زامن بکرێ و، دەبێ هەندێ لە یاساکانیش لەکار بخرێن وپرۆژەی هەندێکی دیکەش پێشکەش بە پەرلەمان بکرێن، سوپاس.

**بەڕێز بارزان مەلا خالید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دەربارەی زەویوزار کەوا حکوومەت کاتی خۆی گەلێک کێشەی تێدا دروست کردووە، جووتیارێکی یەکجار زۆر لە هەولێر کاتی خۆی لەبەر ئەوەی برایان پێشمەرگەبوون یاخود کەس وکاریان پێشمەرگە بوون بە سەدان دۆنمیان لێ سەندراوەتەوە، پێم وایە ئەوەی کاک قادر عەزیز دەڵێ: دەبوایە لە مادەی(٥و ٨)دا لیژنەی پسپۆڕ روونی بکردایەتەوە و، ئەگەر لە گەڵ

بەرژەوەندیی جـووتیـاراندا نەبێ،ئەوا پێـویسـتـە بەزووترین کـات لابدرێ، دەبێ بەرژەوەندی جووتیـاران بپـارێزرێ، ئەگـەر یاسـای ژمـارە(٩٠)یش پەیڕەو بـکرێ ئەوا ئەو مـەرجـانەی کـە لە مادە(٥ و ٨)دا دانراون پێم وایە ئەوە لە بەرژەوەندیی جووتیاراندا نییە، سوپاس.

**بەڕێز عـــەبدوڵلا ئیـــبـْـراهیم عـــەبدوڵلا:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکـی ئـەنجـــــــومـــــەن.**

لەسـەرەتای دەست پێ کـردنی کـاروباری پەرلەمانەوە ئێـمـە داوا دەکـەین کـە لە پێناوی خزمـەت کـردنی کـشـتـوکـاڵ وئاوەدان کـردنەوەی دێهـاتەکـاندا کـارێـکی بە پەلە بکرێت، بەتایبـەتی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی زەویوزارو، دەبێ یاسای ژمارە(٩٠)ی ساڵی ١٩٧٥وەکو خۆی بمێنێ، یا دەسکاری بکرێ وپەیڕەو بکرێت، بەڵام مـەسـەلەی دەسکاری کـردنەکـە بە رای من کـێشـەکـە ئاڵۆزتر دەکـات وباری حکومـەتی کوردسـتـان گـرانتـر دەکات، بۆیە ئێـمە لەگەڵ ئەوە داین کـە لە ئێـسـتاوە یاسایێکی پێشکەتووتر لە ڕێگای شارەزاو پسـپۆڕانەوە دابنرێ وپرس و رای زۆربەی کەسانی پەیەیوەندیدار بەم کێشەوە وەربگیرێ، لە ڕێی کۆنگرەی گشتییەوە کە هەم کێشـەکانی زەویوزار لە بنەڕەتدا چارەسـەر بکات و، هەم جـووتیـارانیش ببنە خـاوەن زەوی ولە ژیانی دوا ڕۆژیاندا دڵنیایی وعەدالەتی کۆمەڵایەتی جێگیر بێ ، سوپاس.

**بەڕێـز عــــــەبدوڵـلا ڕەســــــول عـــــەلی:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکـی ئـەنجـــــــومـــــەن.**

بەرای من شـتـێکی پێـویست هەیە لەسەر مـەسـەلەی گەنم کـرین کـە پێویسـتـە بەگـورجی چارە سەربکرێ، بەتایبەتی ئێسـتـاکە کە حکومـەتی عـێـراق قەدەغـەی کـردووە گـەنم بنێـری بۆ ئەو ناوچانەی کە لەژێر دەسەڵاتی حکومەتی کوردستـاندایە، یانی ئەگەر لە ژێر دەسـەڵاتی خۆی نەبێ وەکو جاران ناردی بۆ نانێرێ، یاخود زۆر کەمی بۆ دەنێرێ، بۆیە ئێستـا پێویستە چارەسـەرێکی زووی بۆ بدۆزرێتەوە و، ئەو پێشنیـارەی کە برادەران کردیان لە لیژنەی کشـتوکاڵ، کە هەندێک دەوڵەمەند وخاوەن موڵکەکان داوابکرێن وقسـەیان لەگەڵدا بکرێ بەتایبەتی ئەو کارگانەی کە کاتی خۆی لە دەوڵەت کڕدراون بە پارەیەکی زۆر وهیچ قستێکیـان نەداوە، ئەو قیستانەشی کە پێـویسـتـە لەسەریان بیدەن، با لێـیان وەربگـیرێ وئەوەی کە بەڕێز وەزیری دارایی باسی کـردو وتی(٦٠٠)ملێۆن دینار پێویستە پەیدای بکەین.

عـێراق لە کـاتی ئاسـاییـشـدا بەشی (٤ ـ ٥)مـانگی هەبووە، پێشـتـر لە ئوردن ونوسـترالیـای کڕیوە، بەڵام با ئێـمـە پێداویستی (٣ ـ ٤)مانگی زامن بکەین، ئینجا پەرلەمان و حکومـەتی کـوردسـتـان داوا لە دەرەوە بکات تا یارمـەتیـمـان بدەن بەگـەنم ونارد وڕۆن ، ئەمـە شـتـێکی پێویستە، یانی ئەم یاسایانەی کە باسی دەکەین ئەگەر پاشی مانگێکی تریش بێ خراپ نییە،

بەڵام ئێستاکە لە کوردستاندا بەتایبەتیش لە هەولێر وسلێمانی وکەرکووکدا خەڵکەکە زۆر برسین، ئەگەر ئاشەکان چاک نەکرێنەوە، یان ئارد نەدرێتە خەڵکی کوردستان وەزعێکی زۆر خراپ دروست دەبێ و، داوا دەکەم زوو بیرێک لەوبارەوە بکرێتەوە، لە بارەی ئەو جووتیارانەشەوە کە کاتی خۆی بە زۆر لە دێهاتەکان راگوێزراونەتەوە، کە ئەوانە زەویوزار وباخ ورەزەکانیان هی حکومەتە، بە رای من حکومەت نییەو بە ئارەزووی خۆیان لە زەوی خۆیان نەکشانەتەوە، ئەوانە بەتۆبزیی حکومەت لای داون لە موڵک وزەویورەز وباخی خۆیان وەک چۆن کوردستانی چۆڵ کرد وسیاسەتی تەبعیس وتەعریب وتەرحیلیان بەکارهێنا، ئەو مەسەلانەش ئاوا روویان دا، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من بەدڵ لەگەڵ ئەو بڕیارەم کە زمانی رەسمی زمانی کوردییە و دەبێ هەر واش بێ، بەڵام بەمەنتیق من لەگەڵ معاناتی ئەو خەڵکەم ونالێتم با شتەکان بەعەرەبی چاپ بکرێ، نەخێر داوای ئەوە ناکەم، بەڵام وا پێ دەچێ کە ئەم پرۆژەیە لە مێژەوەیە چاپ کراوە، بەڵگەشم ئەوەیەکە جەنابی وەزیری کشتوکاڵ ئەو شتەی نووسیویەتی بۆ خوێندنەوەی نووسیوە. کەواتە دەبێ پێش دوو سێ رۆژ بە دەستیانەوە بووبێ ونووسرابێ، ئەگەر وابێ دەبوایە پێش دوو سێ رۆژ بەدەست جەماعەت گەیشتبایە و، کە بەلانی کەمیشەوە دوو برادەریان هەیە کە کوردی بزانن ولەو ماوەیەدا دیراسەی بکەن، من پێموایە ئەم پرۆژەیەی کە ئێستا قسەی لەسەر دەکەم، منیش تازە بیستوومەو ئەمەش رەنگە زەحمەتتر بێ لە مناقەشەی یاسای حکومەت، لەگەڵ ئەوەشدا من زۆربەی زۆری سەرنجەکانم زۆر کەس باسیان کرد، پێشنیار دەکەین کە قسە لەگەڵ دەوڵەمەندە قەبەکاندا بکرێ، هەروەها پێشنیار دەکەین کە لە گەڵ ئاشەوانەکانیشدا قسە بکەن، وەکو سوڵتەش دەبێ یاسایەک دابنرێ، دەوڵەمەندە قەبەکان کارگەی ئارد بکەنەوە.

گەڕانەوەی خەڵکیش بۆ سەر دێهاتەکانیان، من پێم وایە لەناو لیژنەکەدا باش دراسەت نەکراوە وئەندامانی لیژنەکە ئاگاداری ئەم کێشەیە نین، کە جووتیارەکانی سنوورکانی سیدەکان تا دەگاتە زاخۆ کێشەیەکی زۆر گەورەیان هەیەو، ناتوانن بگەڕێنەوە لەبەر نەبوونی ڕێگەی ئۆتۆمبێل وهەندێ گرفتی تر کە لەوێ هەیە، ئەگەر بیر لەوە بکرێتەوە کە خەڵک بگەڕێتەوە بۆ گوندەکانیان، دەبێ پێشتر بیر لەوە بکرێتەوە کە چارەیەک بدۆزرێتەوە وبەباشی دراسەت بکرێ.

پێشنیار کرا کە زانکۆ لە سلێمانی بکرێتەوە، ئێمە پشتگیریی لەم پێشنیارە دەکەین ودەبێ بکرێتەوە، بەڵام منیش پێشنیار دەکەم کە کولیژی کشتوکاڵ لە دهۆکیش بکرێتەوە، لەلایەکی دیکەشەوە لیژنەکە هیچ بەلای حەیوان ومەڕو ماڵاتەوە، یان بەلای بەیتەرەوە نەچوون و، پێم وایە هیچ چارەیەک بۆ ئەمانە نەخراوەتە روو و حەقیشە دیراسە بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە لەبارەی چاپ کردنەوە کەم وکوورتیمان هەیە، چونکە ئەم ئەنجوومەنەی کە دەیبینن یەک تاکە ئامێرکی چاپ کردنی سادەی هەیە، ئەویش بەعەرەبییەو بە دەست دەیکەین بە کوردی، لەوانەشە هەتا پرۆژەیەکی پێ چاپ دەکەین زۆر گرفتمان بێتە پێش، یان دەبێ لە دەرەوەی پەرلەماندا شتەکانمان چاپ بکەین، بۆیە دیسانەوە داوا لە لیژنەکان دەکەین، کە ئەگەر شتێکیان هەیە بۆ گفتوگۆ، با ئاگایان لە وەخت بێ وبابیدەن بە ئێمە، بۆ ئەوەی بتوانین چاپی بکەین وبلاوی بکەینەوە بەسەر برادەراندا. وا چاکە تێبینیەکانیشیان بەنووسین بێت بۆ ئەوەی بتوانین بیدەین بەلیژنەکان.

**بەڕێز ئەیاد حاجی ئامق:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیاری ئەوە دەکەم کە لیژنەی کشتوکاڵ، ئەم پێشنیارەش زیاد بکەن و بە تەنسیق لەگەڵ لیژنەی دارایی وئابووری بانکێکی حکومی لەکوردستاندا دابمەزرێ. ئەگەر لەکوردستاندا پێشتر بانکێک دامەزرابایە، ئەوە ئێستا لەمێژبوو بانکی کشتوکاڵ وبانکی پیشەسازی وبانکی عەقاری لەکوردستاندا دامەزرابوون وسەرمایەکەشیان لەم سەرچاوانەوە پێکدەهات: ـ

١ ـ پارمەتییەکانی دەرەوە، ئەو پارمەتییانەی کە دێنە کوردستان زۆربەی زۆریان وەکو پارە دەدرێتە کوردستان ودەدرێتە رێکخراوە حزبیەکان.

٢ ـ ئەو پارمەتییانەی کە لە لایەن کۆمەڵە خێرخوازە کوردستانیەکانەوە وەرگیراون بخرێنە ئەم بانکانەوە.

٣ ـ پارەو پوولی دەوڵەمەندان، پاش ئەوەی بڕوا بەو بانکانە پەیدا دەکەن بخرێنە ئەو بانکانەوە و، ئەگەر هاتوو بانکەکەش کەوتە کارەوە، ئەو وەختە دەوڵەمەندەکانی کوردستان خۆیان رووی تێ دەکەن وبڕوای پێ پەیدادەکەن وپارەکانیان لەو بانکەدا دادەنێن.

٤ ـ داوا کردنی قەرز لەدەرەوەی کوردستان بۆ ماوەی کورت.

٥ ـ قەرزی سندات بەناوی سندات بۆ کوردستان، بۆ ئەوەی بانکەکە بکەوێتە کار.

هەروەها لەهەموو ولاتانی دنیاشدا (دەعم )هەیە، لە لایەکی دیکەشەوە باسی ئەوە دەکرێ کە جووتیاران هان بدرێن بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە بۆ گوندو دێهاتی خۆیان. لای هەموانیش ئاشکرایە،کە لە کوردستاندا جووتیار هەیە پارەی ئەوەی نییە شتومەکەکانی خۆی بگوازێتەوە بۆ گوندەکەی، پارەی نییە داری پێ بکڕێ وسەری خانووەکەی پێ بگرێ. بۆیە وا پێشنیار دەکەم نرخێکی ثابیت بۆ دانەوێڵە دابنرێت، بۆ ئەوەی لەکاتی معامەلەکردندا لە ناو کوردستان نرخێکی دیاری کراو هەبێت کەگەمەی پێ نەکرێ، سوپاس.

**بەڕێز د. ئیدریس هادی سالح /وەزیری گواستنەوە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە ئێستا باری ئابووریمان نالەبارە و، لێشتان ئاشکرایە کە ناتوانین مووچەی فەرمانبەران بدەین، هەر وەکو ئاشکراشە وەزارەتی زراعە( ١٩٠٠٠ )فەرمانبەرو کارمەندی هەیە و، ئەمەش ژمارەیەکی زۆرگەورەیە وابزانم مووچەی هەمووان نەدراوە، ئایا ئەو لیژنەیە لەوە کۆڵیوەتەوە کە چۆن مووچەیان بداتێ ؟، سوپاس.

**بەڕێز د. عیزەدین مستەفا رەسول:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

راستە هەموو ئەو پێشنیارانە دروست وپیرۆزن، بەڵام درێژ خایەنن، خەڵکەکە لە زۆر لاوە پەلەمان لێ دەکەن، بۆیە کامەیان بەسوودتر وبەکەڵکتر بێ ئەوەیان بریاری لەسەر بدرێ.
باسی دارستان کرا، من لام وایە وەزیری ناوخۆ هەر ئەم شەو بریارێک دەربکات وبرینی دارستانەکان قەدەغە بکات. ئەو هێزەشی کە دەردەچێ بۆ جێبەجێ کردنی ئەو بریارە با بە یارمەتی پێشمەرگە بێت. ئێستا جارێ با قەدەغەی بکات، بەڵام ئەگەر لەزستاندا سووتەمەنیی دەست نەکەوت و ناچار بوون دار ببڕنەوە، ئەو وەختەش دەبێ بەشێوەیەکی رێکوپێک یاخود بە یارمەتی پۆلیس وپێشمەرگە ئەم کارە ئەنجام بدرێت.
لەبارەی کشتوکاڵیشەوە باسی کێڵگەکانی میریی کرا، ئێمە چەند کێڵگەیەکی میریمان هەبوو،کە موڵکی حکومەت بوون،نازانم ئێستا ماون؟ وەکو بەکرەجۆ، ئەوانە دەبێ یەکسەر بخرێنە ژێر دەستی حکومەتی کوردستانەوە چونکە موڵکی دەوڵەتن.
لە باسی ئاژەڵ وماسیشدا با باسی هەنگیش بکرێ، چونکە سامانێکی گەورەی کوردستانە کە خەریکە نامێنێ.
ئەو چەند برگەیەشی کە هانی خەڵک دەدەن کە ئەمساڵ گەنم بکرن، کارێکی زۆر چاکە ودەبێ هەر لەسبەینێوە وەزارەتی کشتوکاڵ بەرنامەیەکی لەتەلەفزیۆندا بڵاو بکاتەوەو داوا لە خەڵک بکات کە شت وشک بکەنەوە، وەکو تەماتە، باینجان، کولەکە و هەندێ میوەی تریش،کە بایی زستانی ئەم ساڵ بکات،واتا لە رێی راگەیاندنەوە خەڵک هان بدرێ بۆ دەرهێنانی دۆشاوی تەماتە وزەخیرەی تر، بۆ ئەوەی زوو بەرهەمەکە نەڕوات وبەشی زستانمان هەبێ. هەروەها وەزیری کشتوکاڵ بە خێرایی ئەو بریارە دەربکات، کە بەروبوومی کشتوکاڵی لەعەلوەدا بە کریار بفرۆشرێ، چونکە تا دەگاتە کریار وخەڵکەکە سێ چوار دەست دەکات ونرخەکەی گرانتر دەبێ.
راویش دەبێ قەدەغە بکرێ، بۆ ئەمەش با خەڵکی دەست پاکی بۆ بدۆزرێتەوە ولیژنەیەک دابنرێ کە یاسایەکی تازەی کشتوکاڵی لەکوردستان دابنرێ.
زەویش دەبێ بۆ ئەوکەسانە بێ کە دەی چێنن. هەروەها یەکێک لە یاساکانی حکومەتی عێراق لە

کشتوکاڵدا ئەوەیە کە هەموو زەوییەکانی کردووە بە موڵکی (بیت المال) ودەبێ ئەم زەویانە لەبەر دەستی حکومەتدا بێ وئەو دابەشی بکات.
هەروەها باسی زانستگا کرا کە لە سلێمانی بکرێتەوە وبیناکانی زانکۆی سەلاحەدینیش، ئایا تواناما‌ن هەیە کە (٣ ـ ٤) کۆلیـژی تری تێدا بکرێتەوە بۆ زمانی عەرەبی وکوردی ویاسا وهەروەها زمانە محەلییەکان؟.
لە ساڵی١٩٢٨ـ ەوە تاکو ساڵی١٩٣٠ هەموو نووسین بەکوردی بوو لە دائیرەکاندا، بەڵام لەدواییدا بەرەبەرە بوو بەعەرەبی و، کەچی ئێستا دەبینین لە دائیرەکاندا هانی ئەوە دەدەن کە دوای دوو ڕۆژ کتابەکان بکرێن بە عەرەبی.
لە بارەی ١٤ی تەمووزەوە، ئەمە جەژنێکی کوردییە، زۆر چاکە، ئێمە ڕاستە لەگەڵ ڕژێمی فاشی بەعسی قسەمان نییە، بەڵام لەگەڵ گەلی عێراقدا قسە بکرێ بە ناوی پەرلەمانەوە وپیرۆزبایی لەگەلی عێراق بکەین، ئەنجوومەنی وەزیرانیش ئەمە بڵاوبکەنەوە وتەئکید لەسەر ئەمە بکەن و نیشانی بدەن کە شۆڕشی ١٤ی تەمووز شۆڕشی برایەتی کوردو عەرەبە ولە دەستووریشدا ئەمە هاتووە، سوپاس.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەمانگی تەمووزدا تەنیا ١٤ی تەمووز و ڕۆژانی جومعەکان پشوودانن، دەنا هەموو ڕۆژەکانی تری ئەو مانگە ڕۆژی دەوامن، سوپاس.

**بەڕێز ئەحمەد سالار عەبدولواحید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

کاتێک کە باسی شتێ ئەکرێ ودەوترێ ڕێگە لە جووتیاران بگرن کەوا بەرو بوومیان بەم لاو ئەولا نە فرۆشن و، دەبێ بەروبوویان لە ژێر چاودێری ونرخدانانی حکومەتدا بێت. دەبێ ئێمە بەچاکی لەوش بگەین کە خەڵکێکی زۆر لەدانیشتوانی کوردستان کەپترن لە ٥٠٪ پەیوەندییان بەم لایەنەوە هەیە. کە دەشڵێین با دارستان نەبڕنەوە، دەبێ سووتەمەنی تریان لە بری بۆ دابین بکەین.
لەبارەی ئاژەڵداریشەوە، ئەوەی شیرازەی تەواوی ئەم لایەنەو لایەنی کشتوکاڵی تێکداوە لەکۆمەڵگای کوردەواریدا، بە ڕاستی تێکدانی گوندو دێهاتەکانی کوردستانە و ڕوو کردنە شاری جووتیارەکانە، ئێستاش دەمانەوێ جووتیاری کورد بگەڕێنەوە بۆ گوندو دێهاتەکانیان، بەمە جووتیار تووشی ڕاڕایی وچەواشەبوون بووە لە نێوانی ئەو ڕاستیە و باری ژیانیدا، نە ئەوەتا ئەو جووتیارەی جاران بێ ونە ئەو کرێکارەی ئێستایشە، لەو دڵە ڕاوکێیەدا وەستاوە،

ئەوسا دەگەینە حالەتێک کە جاران جوتیار لەگوندی خۆی ژیانی پێ دابین دەکرا، بەڵام ئەگەر ئێستا بچێتەوە وەکو جاران ئەو ژیانەی پێ دابین ناکرێ. لایەنێک لەو خاڵانەی کە زۆر رێزم هەیە بۆ ئەو راپۆرتە گرنگە، کە بەڕێزان ئەندامانی لیژنەکە پێشکەشیان کردووە، لایەنی هەرەوەزیە کە ئەوەندە گرنگی پێ نەدراوە، کە لایەنێکی گرنگە و لە کۆمەڵگای کوردەواری وکۆمەڵگاکانی رۆژهەڵات وجیهانیشدا دەورێکی گرنگی هەیە لەکشتوکاڵدا، بەتایبەتی لەزەوی وکێڵگەکانی میریی کە بەشێوەی کۆمەڵی هەرەوەزی دادەچێنرێن ودەهێنرێنە بەرهەم. لەکوردستانیشدا دەتوانرێ ئەو زەوییانەی کە میریی وەختێ خۆی بەسەر جووتیاراندا داگیری کردوون ولە جیاتییان پارە دراوە بەخاوەنەکانیان، بەشێوەی هەرەوەزی بەبەرهەمیان بێنین، یاخود بتوانین هەموو هۆیەکانی ژیاندن بۆ ئەو جووتیارانە دابین بکەین وپشتیان بگرین لە باری ژیانی نوێیاندا. هەروەها من پشتگیریی ئەو رایەش دەکەم دەربارەی سامانی ماسی، کە لە باری لە ناوچوون دایە لە ئەنجامی بەکارهێنانی بۆمبا و ژەهرەوە بۆ راوکردنی، سوپاس.

**بەڕێز یونادم یوسف کنا/وەزیری ئەشغال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کێشەی کشتوکاڵ، نەک تەنیا کێشەیەکە لەبەردەم پەرلەمانی کوردستان ولە هەولێر وسلێمانی ودهۆک بەڵکو لەکەرکووکیشدا هەیە و، هەرکێشەی زەویوزاری نێوان ئاغا وجووتیارنیش نییە، بەڵکو گەورەترین کێشە لەگەڵ سیاسەتی رژێمەدایە، چونکە ئەو زەویوزارانەی هەموو لە جووتیاران سەندوەتەوە و بەسەر چڵکاوخۆرەکانی خۆیدا کە نیشیان لەگەڵ دەکردن دابەشی کردوون. بۆ نموونە لە کەرکووک لە ساڵی١٩٦٣دا وابزانم زیاتر لە( ١٠٠ )لادێی کورد لە دانیشتوانیان داگیر کراون لە ناوچەی حەویجە وتعریب کراون، بۆیە کێشەی زەویوزارەکە لە ساڵی ١٩٦٣ـەوە دەستی پێکراوەو بووەتە پرۆژەیەکی مەرکەزی. بۆیە پێویستە لەو رۆژەوە کە ئەو سیاسەتە بەکارهاتووە، ئەو بریارانە هەموویان هەڵبوەشێنرێنەوە. ئێستاش خاڵێکی گرنگ تر هەیە ئەویش ئەوەیە دوای ساڵی١٩٨٨کە رژێم وای زانی تەواو ئیتر ئێمە ناگەرێینەوە، ژمارەیەک یاسای دەرکرد بۆ ئەوەی زەوی بەسەر (عەمیل)ـەکانی خۆیدا دابەش بکات وکردیشی، وەکو لە ئامێدی ودهۆک وزاخۆدا ئەم کارە نارەوایەی ئەنجامدا، بۆیە وا چاکە کە هەندێ یاسا بچەسپێنرێن بۆ دەرخستنی مافی ئەو جووتیارانەی کە لە لایەن رژێمەوە دەر کراون، یا بە بەر ئەنفال کەوتوون، بۆ ئەوەی ئەو مافانە بە چاکی بچەسپێن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە زۆر لەسەر ئەم مەوزووعە دواین، هیوادارین ئەم تێبینییانەی کە گەیشتنە لیژنە سوودی لێ وەربگیرێ، دەبێ لیژنەی یاساش لە کاتی داڕشتنەوەدا سوود لەم تێبینیانە وەربگرێت.

دووبارەشی دەکەمەوە کە چاکتر وایە لیژنەکان پێشتر راپۆرتەکانی خۆیان دابەش بکەن وئەوانەشی کە تێبینیان لەسەر هەیە چاکتر وایە کە بەنووسین پێشکەشی بکەن.

**بەڕێز د.رۆژ نووری شاوەیس/جێگری سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بۆ قەدەغەکردنی داربڕین، ئێمە ئەوە دەکەین وخەڵکی لە مەترسیەکانی ئاگادار دەکەینەوە، بەڵام گرنگ بڕیارەکە نییە، بەڵکو گرنگ دەزگای جێبەجێ کردنی ئەو بڕیارانەیە، ئێمە لە ئەنجوومەنی وەزیراندا خەریکی دامەزراندنی ئەو دەزگایانەین، وەکو پێکهێنانی دەزگای پۆلیس، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

مەسەلەی دەرچوونی گەنم وجۆ لەکوردستان زۆر گرنگە ودەبێ وەزارەتی کشتوکاڵ، یا ئەنجوومەنی وەزیران بە پەلە لەو بارەیەوە بڕیار بدەن، دەنا چاوەڕێ کردن هەتا دارشتنەوەی یاساکە وپەیداکردنی پارە بۆ کڕینی دانەوێڵە لە جووتیاران، ئەوا دەغڵودانی کوردستان هەموو دەڕوات، بۆیە ئەگەر شتێکی دەستوبرد بکرێ باشە.

**بەڕێز د.رۆژ نووری شاوەیس/جێگری سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بۆ مەسەلەی ڕۆیشتنی گەنم وجۆ، ئەنجوومەنی وەزیران بڕیاری لەسەرداوە کە گەنم نەڕوات، هەروەها وەزارتی ناوخۆیش تەعلیماتی ناردووە کە گەنم وجۆ نەچێتە خوارەوە، هەروەها بەرەی کوردستانی لە دهۆکیش بڕیاری گەنم وجۆ کڕینی داوە وبڕێک پارەشی ناردووە بۆ سلێمانی وهەولێر.

بەڵام لە پارێزگای سلێمانی کارگێری بەرە لە سلێمانی ئەو تەعلیماتانەی رەت کردوەتەوە، بەو بیانوەوە کە ئەنجوومەنی وەزیران بڕوسکەی ناردووە کە بەرە دەست بە پارەوە بگرن، بۆیە پارەکەی دهۆکیش تەجمید کرا، لە راستیشدا ناتوانین هەموو بەرهەمەکە بکڕین ودەبێ بەشێکی لای جووتیاریان بمێنێتەوە و، بەشێکیشی خەڵک بۆ خۆیان بیکڕنەوە و جارێکی تر دابەشی بکەنەوە، تەئکیدیش دەکەین کە کێشەی ئێمە ئەمڕۆکە هەر گەنم وجۆ نییە، بەڵکو گەلێک شتی تریش دەگرێتەوە کە دەبێ چارەسەریان بکەین، سوپاس.

**بەڕێز قادر عەزیز محەمەد/وەزیری کشتوکاڵ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێمە ناتوانین ئەو هەموو گەنم وجۆیە بکڕین ئەگەر پارەیەکی باشمان لەبەر دەستدا نەبێ، هەروەها توانای عەمارکردنی ئەو هەمووەشمان نییە، سوپاس.

بەڕێز محەمەد تۆفیق ڕەحیم/وەزیری یارمەتی مرۆڤایەتی وهاوكاری:

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە دەبێ بزانین كە چەندمان لەو گەنم وجۆیە دەوێ ، ئەگەر نەشمانتوانی هەمووی بكڕین ئەوا دەبێ بە جووتیاران بڵێین دەبێ ڕێژەیەكی گەنمەكە یا جۆیەكەمان بدەیتێ، بۆ نمونە لە(١٠)تەن تەنێكمان بداتێ، یا بەنرخێكی هەرزان بمانداتێ، ئەوكاتە حكومەت خۆی لەو گەنمە ئارد بەسەر خەڵكدا دابەش بكات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بەراستی پرسیارەكە ئەوەیە ئایا گەنم ناردنە خوارو ژوور قەدەغە بكەین وتوانای ئەومان هەیە كە بیكڕین یا نە؟ بەپێی هەندێ تەخمینیش بەرهەمی كوردستانی ئەم ساڵ لە گەنم (١٢٠تا ١٥٠)هەزار تەنە و، پێویستی كوردستانیش نزیكەی(٢٥٠)هەزار تەن دەبێ و، ئێمەش تەنها(٦)ملیۆن دینارمان لەبەر دەستدایە كە بەرەی كوردستانی لە دهۆك بۆی ناردووین..ئێستا دەبێ چی تر بكەین بۆ ئەوەی بتوانین پارەی كڕینی گەنم دابین بكەین؟.

**بەڕێز خەسرەو گوڵ محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەوەی راستی بێ من هەندێ تێبینیم هەیە نەک هەر لەسەر قسەی برادەران، بەڵكو لەسەر راپۆرتەكەی خۆشمان. ئەگەر برادەران سەرنج بدەن ئێمە راپۆرتەكەمان لە كۆبوونەوەكەی٦/٢١دا نووسیوە، واتە لەداوی دامەزراندنی لیژنەكەمان یەكسەر كۆبووینەوە وئەوەی راستی بێ ئێمە هەر لەسەر مەسەلە گرنگەكەی كێشەی كڕینی گەنم وجۆ كۆبووینەوە، لەبەر ئەوە لەوكاتەدا دانیشتین هێشتا حكومەتی كوردستانیش بڕیاری لەسەر نەدرابوو، مەبەستمان بوو كە گرنگی مەسەلەی گەنم وجۆ زیاتر بخەینە بەرچاوی بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.

هەروەها لە مەسەلەی زەویوزاریش وەک مەسەلەیەكی پلەی دووەم دواین، بۆیە لەوانەیە لە راپۆرتەكەماندا كەموكووڕی هەبێ وەكو برادەرانیش باسیان كرد، یەكێک لەوانەش مەسەلەی ئاژەڵداریی ومەسەلەی ماسییە وبرادەرانیش باسیان كرد ، بەڵام ئەوەی كە زۆر بەگرنگمان زانی مەسەلەی گەنم وجۆیەكە بوو، كە برادەران ئێستاش هەر ئەو مەسەلەیان زۆر بەگرنگ داناوە ولەناو خەڵكیشدا بۆتە مەسەلەی ڕۆژانەیان، بەتایبەتی بردنی گەنم وجۆ بۆ دەرەوەی كوردستان بەردەوامە وحكوومەتی بەغداش ڕۆژ بەڕۆژ نرخی زیاد دەكات، ئێمە لەم ڕۆژانەی دواییدا بیستمان كە تەنی گەنم گەیشتۆتە (٥ ـ ٦)هەزار دینار، دیارە هەمووتان دەزانن كە بۆچی ڕژێم ئەو هەوڵ وتەقەلایانە دەدات ونرخی گەنم زیاد دەكات؟!.

بۆ مەسەلەی راپۆرتەکەشمان کە دەڵێین کەموکورتی تیایە، ئێمە لەکاتی دانانیدا لە هەموو رووێکەوە گفتوگۆمان لەسەر نەکرد، بەراستی ئێمە هەندێ شتی تەقدیریمان لا هەیە، حەز دەکەین ئەگەر بوار بدەن، بیخەینە بەر چاوی بەڕێزتان، بۆ ئەوەی وەکو زانیاری لاتان هەبێ، ئەم تەقدیراتە ئێمە لە لقی کشتوکاڵی پارێزگاکانی هەولێر وسلێمانی ودهۆکمان وەرگرتووە و لەوانەشە هەندێکیان هەر تەخمین بن.

ئەو زەویەی کە ئەمساڵ لە کوردستاندا چێنراون بە تێکڕایی لە ٥ ٪ی زەوی کوردستانە، نەک هەمووی، لەوانەشەکە کەمتر بێ.

ئەوەی لە هەولێر چێنراوە(٥٠٠,٠٠٠)دۆنم گەنم وجۆ بووە لەوەش (٤٠٠,٠٠٠)دۆنمی گەنم بووەو و(١٠٠,٠٠٠)دۆنمیشی جۆ بووە. لە دهۆک (٢٥٨)هەزار دۆنم گەنم وجۆ بووە لەوانە(٢٤١)هەزار دۆنمی گەنم و(١١)هەزار دۆنمیشی جۆ بووە و،لە (ئاکرێ)یش بەجیا (٦٠)هەزار دۆنم گەنم و(٥)هەزار دۆنمیش جۆ چاندراوە. لە سلێمانی(٥١٠)هەزار دۆنم گەنم و(٨٠)هەزار دۆنمیش جۆ چاندراوە. لە سنووری کەرکوکیش(١٠٠) هەزار دۆنم چێنراوە.

لەناوچەیەکیشەوە بۆ ناوچەیەکی تر رێژەی بەرهەم هێنان دەگۆڕێت ، بۆ نموونە لەناوچەی هەولێر لەسنووری(٣٠٠)کگم بۆ هەر دۆنمێک گەنم دانراوە کە بەرهەمی هەبێت ، بۆ جۆیش(٢٥٠)کگم تەخمین کراوە، واتە لە هەولێر لەسنووری (١٢٠)هەزار تەن گەنم و(٢٥) هەزار تەن جۆمان هەیە. لە دهۆک وئاکرێش (٦١) هەزار تەن گەنم و(٢٤٠٠)تەن جۆمان هەیەو، لە سلێمانی (١٠٢)هەزار تەن گەنم و(١٢)هەزار تەن جۆمان هەیە. لەگەرمیانیش(١٠)هەزار تەن گەنم و(٧)هەزار تەن جۆمان هەیە. سەرجەمی هەمووی بەتێکڕایی نزیکەی (٢٩٣)هەزار تەن گەنم و(٤٦)هەزار تەن جۆمان هەیە. لەو بەرهەمەشی کە جووتیار وەدەستی دێنێ هەندێک هەڵدەگرێ بۆ داکردن وهەندێک بۆ خۆراکی خۆی و، هەندێکی تریشی بۆ ئاژەڵ دادەنێ.

لە ئەنجامیشدا گەیشتینە ئەو ئەنجامەی کە ئەوەی دەمێنێتەوە بۆ فرۆشتن (٢٠٠)هەزار تەن گەنم و(٢٠)هەزار تەن جۆیە، جا بۆیە دەڵێم مەسەلەی قەدەغەکردنی رۆیشتنی گەنم وجۆ بۆ دەرەوەی کوردستان یەکجار گرنگە، بەڵام بەکردەوە بیر لەوە بکرێتەوە، کە چۆن پارەکە دابین بکەین بۆ جووتیار، چونکە جووتیارانیش چاوەڕێی ئەوە دەکە کە بەرهەمی رەنجەکەی زوو بدرێتێ. بۆ مەسەلەی تەسویق وعەمبارکردنەکەش، بە قەناعەتی خۆم زۆر کێشەیەکی گەورە نییە، چونکە ئێمە لە هەولێر، لەسایلۆو لە ئەسواقی مەرکەزی هەندێ جێگا هەیە و ئەتوانین گەنم و جۆیان تیادا عەمبار بکەین، بەلای منەوە وەکو حیساب کراوە دەتوانین(٧٥)هەزار تەن لە هەولێر خەزن بکرێ ولە سلێمانیش وەکو خۆتان دەزانن سایلۆکە تەواو نەبووە، بەڵام هەندێ کارگەی ئالف هەنە کە دەتوانین هەندێک گەنم وجۆیان لەلا هەڵبگرین. هەروەها من وەکو بیستوومە برادەرانی دهۆک تارادەیەک ئەم مەسەلەیەیان چارەسەر کردووە وسایلۆی زانکۆش هەیە ئەویش دەتوانێ نزیکەی (٣٥)هەزار تەن عەمبار بکات. واتا مەسەلەی عەمارکردنەکە زۆر گرفتی تێدا نییەو،

ئێمە دەتوانین چارەسەری بۆ بدۆزینەوە لەگەڵ برادەرانی وەزارەتی کشتوکاڵ ولقە زراعییەکان لە پارێزگاکاندا، سوپاس.

**بەڕێـز ســــــــەرۆکی ئـەنجـــــــــومـــــــەن:**

هیـوادارم ئەو حیـسـابە تەقـدیرییـانە وابن، هەرچەندە لەو بڕوایەشـدا نیم، چونکە کـاتی خـۆی لەساڵی١٩٨٧دا بەرهەمی گەنمی هەموو ناوچەی کوردستان نەگەیشتە سنووری ( ٢٠٠ )هەزار تەن.

**بەڕێز شـــێخ عـــەبدولکەریم کـــەکـــە حـــەمـــە:**

**بەڕێـز ســــــــەرۆکی ئـەنجـــــــــومـــــــەن.**

پێشنیار دەکەم کە لیژنەیەکی باڵا لە وەزیری دارایی و وەزیری کشـتوکاڵ پێکبهێنرێ بۆ ئەوەی یەکسەر دەسەڵات وەربگرن وکارەکە ئەنجام بدەن. بۆ مەسەلەی کۆنترۆڵیش با تەحدید بکرێ، هەروەها بۆ ئەوەی سەرچاوەی پارەی کـڕینی گەنمەکەش دابین بکرێ، وا پێشنیـار دەکەم کە پارەکانی گومرگەکانی بەرەی کوردستانی وەربگیرێن بۆ ئەم مەبەستە. دەبێ ئەوەش بزانین کە دوو جۆر گومرکمان هەیە، یەکێکیان گومرکی سەربە بەرەی کوردستانییە، کە هەندێ شوێنیشی هەیە کە سێ مانگە پارەیان بەبەرە نەداوە، سوپاس.

**بەڕێز مەلا محەمەد عەبدولقادر/ وەزیری ئەوقاف:**

**بەڕێـز ســــــــەرۆکی ئـەنجـــــــــومـــــــەن.**

ئەو کەسانەی کە گەنمیان چاندووە، دەوڵەمەندەکان وقۆنتەراتچییەکانن کە گەنمیان چاندووە وبازرگانی پێوە دەکەن، بەڵام هەژارەکان کەمتری دەفرۆشن، کە دەشیفرۆشن تەنیا لە ناو خۆیاندا بەیەکتری دەدەن بۆ ساوارو دانەوێڵەی تر، بۆیە نابێ ئەو گەنمە هەر فەقیر بیدات، بە رای من دەبێ پێشان دەوڵەمەندەکان بیدەن وئێمە لەم قۆناغە رزگاربکەن. هەندێ یاسا کە دەری دەکەین پێویستە لە قازانجی هەژار دابێ ولە بەرژەوەندیی سەرمایەداردا نەبێ بەدەرەجەیەک، من ناڵێم دژی سەرمایەداریی بین، بەڵام پێویستە ئەم هەنگاوانە بنێین:

١ ـ قەدەغەکردنی چوونە دەرەوەی دەغڵودان بەشێوەیەکی (قەطعی) وهەرچی هەوڵی بردنە دەرەوەی بدات بە(مهرب )دابنرێ وئیجرائاتی یاسایی دەرحەق بکرێ.

٢ ـ ئیش کە کەوتە لیژنە، وا باشە وەزیری کشتوکاڵ لیژنەیەک پێکەوە بنێ لە پسپۆڕان، لە سایلۆ و وەزارەتی کشتوکاڵ وئاودێری و، وەزارەتی دارایی و، وەزارەتی ناوخۆ هاوکاریی بکەن و، وەزیری کشتوکاڵ خۆی راستەوخۆ بەرپرسی بێت نەک لیژنەکە. لیژنە هەتا کۆدەبێتەوە هەموو دەغڵەکە دەڕوات ، مەرج نییە ئێمە بزانین چەندمان دەوێ وچەندمان پارە هەیە، ئەمە زۆر گرنگە، بۆ نموونە دوو ملیۆن، سێ ملیۆن پارە دابنرێ بۆ هەر پارێزگایەک،

بۆ هەولێر (٢)ملیۆن دابنرێ، ودەوڵەمەندەکان بانگ بکرێن بۆ ئەوەی یان بەشداری بکەن، یان قەرزمان بدەنێ، بەمە زۆر لە گرفتەکان تارادەیەک چارە دەکەین، مەسەلەی پارەدانیش بە رای من ئەوانەی دەغڵی زۆریان هەیە سەنەد هەبێ لە بەینی حکومەتی کوردستان وئەوان وهەر مانگە لە سەدا ئەوندەیان پارە بدرێتەوە وەکو قیست. من لە بیرمە وەختێ حکومەتی عێراق بە قیست پارەی دەغڵی دەدا. ئێمە هەرچەندی بکەین ناتوانین پارەی دەغڵەکە هەمووی بە یەک قیست ولە یەک رۆژدا بدەین، ئەمە ناکرێ، لەبەر ئەوە من ئەو پێشنیارەم کرد، سوپاس.

**بەرێز عەبدوڵلا رەسوول عەلی:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بە رای من لە کوردستانا توانای ناردنەدەرەوەی شت نییە، بەڵام پەیداکردنی پارەکە، ئایا ئێستا وەزارەتی ناوخۆ و وەزارەتی دارایی وئابووریی دەتوانن کۆنترۆڵی بکەن، بە تایبەتی کۆنترۆڵی گومرکەکان، پارەکە بێتن وبیدەن بە خەڵکە خاوەن دەغڵەکە؟. لێرەدا پرسیارەکە ئەوەیە ئەگەر دەتوانن پارەکە زامن بکەن ئەوە زۆر باشە؟. (دەعم)یش لە مەسەلەی کڕیندا نییە، بەڵکو (دەعم) لە کاتی فرۆشتندایە، وەختی خۆی کە وەزارەتی کشتوکاڵ گەنمی دەفرۆشت، وەزارەتی ئابووریی لێی دەکڕی و، ئەویش دەیدایەوە مەکینەی ئاردەکان وبەخۆشی جیاوازی نرخەکەی دەدا، بۆ نموونە گەنمی بە ١٢٠دینار دەکڕی و، دەچوو دەیدایەوە بە ٣٠دینار. بەڵام ئێستا ئاشەمەکینەکان بوونەتە ئەهلی، چونکە کاتی خۆی حکومەت فرۆشتوونی، سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

لێرەدا هەر ئەوەیە کە ناردنە دەرەوەی گەنم وجۆی کوردستان قەدەغە بکرێ و،هەوڵ بدرێ کە ئەوگەنم وجۆیە بەپێی توانا بکڕینەوە، ئێستا ئەوەی هەیە هەندێ پارەیە کە تەرخان کراوە لە بەرەی دهۆک بۆ ئەوەی وەکو سەرمایە بدرێ بەو لایەنەی کە ئەو کارە دەکا. جا ئەگەر بتوانرێ مەبلەغێک پارە پەیدابکرێ، ئێستا بڕیاری ئەنجوومەن هەیە کە دەست بخاتە سەر گومرگەکان وئەو پارەیەش لە خزمەتی دەغڵ کڕینەکەدا دەبێت و، هەوڵ بدرێ لەگەڵ ئەوانەی کە دەوڵەمەندن، تاجرن وخۆیان گەنم دەکڕن بۆ کڕینەوەی ئەم گەنمە، بەجۆرێکی لەبار کە حکومەتی کوردستان پێی جێبەجێ بکرێ.

**بەرێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/سەرۆک وەزیران:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بێگومان لەهەر روانگەیەکەوە تەماشای ئەم مەسەلەیە بکەین دەبێ قەدەغە بکرێ، کە قەدەغەش

بکرێ پێویستیمان به هێز هەیە، ئێستاکەش هێزی چەکداری پێویستیمان نییە کە بتوانێ سەیتەرە بکاتە سەر دۆخەکە بۆ ئەوەی شتەکە رابگرێ، بۆیە دیسان دەگەڕێینەوە بۆ هێزی پێشمەرگە، هی لایەنە سیاسییەکان، تا هێزێک بۆ جێبەجێ کردنی ئەم بڕیارە پێکبهێنین، بەڵام ئەوجای کە هاتین قەدەغەمان کرد مانای ئەوەیە کە چەند خاڵێکی دیکەشمان زێدەکرد، ئێستا لەوانەیە لۆری بە(٥٠٠یا بە ٦٠٠)دینار بڕوا ، بەڵام ئەوسا بە (٥٠٠)دینار زۆرتر دەڕوات، یانی ئەوە موشکیلەکەمانە، بەڵام لە راستیدا پێویستە قسە لەگەڵ حزبە سیاسییەکان و لە گەڵ پێشمەرگەکاندا بکرێ وپێشمەرگەی وا دابنرێ کە هەست بەو مەسئوولیەتە بکات، بۆ نموونە ئێستا باسی دەکەین کە (٥٠)هەزار تەن گەنم بە(١٠٠)ملیۆن دینار بکڕین باشە، یان مووچەی مانگێک بدەین؟.خۆی ئەمە کێشەی سەرەکیمانە واتا ئێمە لە وەزعێکی وادا نین ئەو توانایەمان هەبێ بڵێین ئەوە (٥٠)ملیۆن دینارەو ئێستاکە دەیدەین بەگەنم وئەمە نیوەی پێشەکی بێت ونیوەی دوایی بەقەرز بێت، چونکە لە هەمان کاتدا کێشەی ترمان دێتە پێش ئەویش مەسەلەی مووچەی فەرمانبەرەکانە، ئەوە ناخۆشە کە ئێمە بڕیارێک دەربکەین و وەکو بەرەی کوردستانیمان لێ بێت و، دوایی بۆمان جێبەجێ نەکرێ، چاریش نییە دەبێ بڕیارەکە دەربکەین و وەزارەتی ناوخۆیش دەبێ بە هەموو تواناێکییەوە بکەوێتە جووڵە وداوا بکەین هێزە سیاسیەکان هاوکاریمان لەگەڵدا بکەن و جارێ واز لە خاڵەکانی سەر سنوور بێنین وتەرکیز بکەینە سەر ئەو شوێنانەی کە گەنمەکەی لێوە دەردەچێت وبۆ شوێنەکانی تر دەڕوات، ئینجا ئەوەش دیسان دەگەڕێتەوە سەر ئەستۆی ئەو حزبانە تاوەکو دەتوانین دەزگای پۆلیسی خۆمان تەواو بکەین، سوپاس.

**بەڕێز فـــــرەنســــۆ تۆمـــــا هەریری:**
**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجــــــوومـــــەن.**

لەکۆتایی کۆبوونەوەی سەرکردایەتیی سیاسیی بەرەی کوردستانیدا کە پێم وایە لە٧ی مانگ یالە٨ی مانگ بڕیاری قەدەغەکردنی دەرچوونی دانەوێڵەی لەکوردستاندا درا، جەنابی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانیش حازربوو و باسی ئەوە کرا، کە لە ناوچەی شارەزووردا گەنمیان کردووە، من پێشنیاری ئەوە دەکەم کە دەرچوونی ئەویش لە کوردستان قەدەغە بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز عــەدنان مـحــمــەد نەقــشــبــەندیی:**
**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجــــــوومـــــەن.**

بە راستی کێشەی گەنم جێگەی ئەوەیە کە بە درێژی باس بکرێ و، من پێشنیار دەکەم کەوا فرۆشتن وناردنە دەرەوەی قەدەغە بکرێ، ئێمەش بڕوامان بە ئەنجوومەنی وەزیران هەیە کە ئەو بەرپرسیار بێ، چونکە ئەو لایەنێکی تەنفیزییە ، سوپاس.

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن:**

دەبێ ئەنجـوومـەنی وەزیران بڕیارێکی وا دەربێنێ و، حـەقی ئەوەیشی هەیە ئەمـڕۆ لە خـەزینەی بەتاڵ ولە وەزارەتێکی بێ پۆلیسدا، قەرارێکی دەستەویەخەی وا دەربچێ بۆ چۆنیەتی چارەسەر کردنی ئەم مەسەلەیە، چونکە ئەگەر چاوەڕوان بکەین تاکو ئەو ناتەواوییانەمان پڕ دەبنەوە.

**بەڕێز د.سەلاحەدین محەمەد حەسەن/وەزیری دارایی:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن.**

من لە گەڵ ئەوەدام کە قەدەغە بکرێ، چونکە توانای عەمار کردنمان هەیە و، وەکو ئاگاداریشن سـەرکـردایەتیی سـیـاسـیی بەرە لە ڕۆژی١٦/٦دا بڕیاری داوە کـە پارەی گـومـرگ بدرێت بە حکومەت، منیش چەند ڕۆژێکە دەست بەکاربووم ویەکسەر لیژنەم پێک هێناوە بۆ ئەوەی بچێت بۆ وەرگرتنی پارەی گومرک و، لە ڕۆژی١٦/٦ یشەوە تاکو ئێستا کە نزیکەی مانگێک ئەکات، من وا چاوەڕوانم دەکەم کە پارەی مانگێکی گومرکمان بۆ بێت، بەڵام لە بەردەمی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستاندا بە ئاشکرا دەیڵێین، کە ئەو هەواڵانەی تا ئێستا هاتوون بۆ ئەوە ناچن کە پارەکە هەمووی بگاتە دەستی وەزارەتی دارایی، چونکە ئەڵێن گوایە بەرەی کوردستانی قەرزارە و، ئەیانەوێ قەرزەکەی خۆیانی لێ هەڵبگرنەوە، ئەمەش مانای وایە هیچ ناگاتە دەستی ئێمە.

بۆ ئەوەی وەزارەتی داراییش بڕیار بدات کە قسە لەگەڵ دەوڵەمەندەکاندا بکات، بۆ ئەوەی بتوانین لە چەند ڕۆژێکدا چارەی بکەین ئەوە بە نیـازین، بەڵام جـارێکی تریش تەئکیدی دەکـەمـەوە کـە دەبێ هەمـوو پشتـیـوانیـمـان بکەن بۆ کـۆکـردنەوەی ئەو پارەیەو بەرەی کـوردسـتـانی هەر قـەرزو قوڵەیەکی بۆ کـوردسـتـان کردوویەتی لەمـەوپێش، هیچ ئیـعـتـبـارێکی بۆ نەکرێ لەم بارەوە تکام وایە کە بتـوانین ئەختێک پارە تەرخان بکەین بۆ کڕینی گەنمەکە و هیچ نەبێ جارێ باهەندێک بکڕین. هەندێکیش پارە بۆ مووچە خەرج بکرێ، سوپاس.

**بەڕێـز یـونـادم یـوسف کـنـا/وەزیری ئـەشـغـال:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن.**

ئەمڕۆ ئێـمـە لە قـۆناغـێکی گـواستـنەوەدا دەژین، لە نێـوان حـاڵەتێکی شۆڕشگێڕیی وبەرەیی وحـاڵەتی دەوڵەت ونیـزامـدا دەژین، بە ڕای‌من ئێـسـتـا دوو هێـزی تەنفـیـزی هەیە ،یەکـێکی وەزارەتی ناوخۆیەو، ئەوی دیکەیان پێشمەرگایەتییە، لەم قۆناخەشدا هیچ خراپ نییە ئەگەر ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بڕیارەکانی خۆی جێبەجێ بکات و، لە ڕێگای هێزی پێشمەرگەوە و وەزارەتی ناوخۆ و وەزارەتی پێشمـەرگە ،هەردووکیان پێکەوە هەر چییان پێ ڕاستە بیکەن، سوپاس.

**بەڕێز مـەلا مـەحـمـود دێرشـەوی:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن.**

لام وایە ئامـۆژگـاری کـردنی میـللەتی کـورد ئـاوا نابێ، با حـزبەکـان و ئەنجـوومـەن گـەنم بکڕن،

ئەوەیشی زیاد مایەوە با بچێتە دەرەوەی کوردستان، بەلاّم لە بەرامبەر ئەوە (رۆن) بێنن، (شکر) بێنن، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەبێ هۆیەکی دیاری هەبێ بۆ قەدەغەکردنی چوونی گەنم ، دەبێ قەدەغەکردنەکە لە بەرژەوەندی جووتیار بێ، بەلاّم ئەگەر بێتو ئەو گەنمە بەردەوام رۆیشت، ئەوکاتە بە هەزاران لە برساندا دەمرن، بۆیە دەبێ بە زووترین کات چارەیەک بۆ ئەم کێشەیە دابنرێ، سوپاس.

**بەڕێز عومەر سەید عەلی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ قەدەغەکرنەکەدام، بەلاّم ئەمە چارە سەری دەوێ، بەتایبەتی سەیتەرەکان، چونکە سەیتەرەی وا هەیە هی پێشمەرگەیشە ،بەلاّم بە پارە گەنم وشتومەک دەرباز دەکەن، بۆیە پێشنیار دەکەم بریارێک دەربکرێ وپێشیان رابگەێنرێت، ئێستا ئەم جۆرە سەیتەرانە لە سلێمانی وهەولێر وکەرکووک هەنە.

لە بارەی پەیوەندیکردنیش بە دەولّەمەندەکانەوە، وا باشە جێگری ئەنجوومەنی وەزیران بچێت بۆ دهۆک و، لەگەڵ دەولّەمەندەکانی ئەوێدا کۆبێتەوە، منیش ئاگاداری ئەوەم کە چەند دەولّەمەندێکی سلێمانیی ویستوویانە کە بە راستی هاوکاریمان بکەن وئامادەشن بچن بۆ تورکیا مەواد بێنن وبەنرخێکی لەبار بیفرۆشن وئەو پارەیە بدرێتە بانکی کشتوکاڵ وبەم پارەیە وبە پارەی دەولّەمەندەکان گەنمەکە بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز مەلا محەمەد ئەمین عەبدولحەکیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە ماوەی ئەم جارە کە لە چەمچەماڵ بووین کۆبوونەوەیەکیان بۆ سازداین وپەیوەندییمان بە جەماوەرەوە کرد و، جووتیارەکان دەیان گوت کە ئەوان قەرزارن و ئەگەر گەنم بە رژێم نەفرۆشن ناتوانن قەرزەکانیان بدەنەوە، هەروەک دەزانن کەچی گرانییەکی گەورەش چاوەڕوانمان دەکات، بۆیە دەبێ ئەوگەنمە بکڕێت وزۆریش پێویستە کە ئەگەر بەئەوەش دەری نەهێنا ، ئەوا لە حزبەکان ولە دەولّەمەندەکان پارە وەربگرین. ئەوکەسانەشی کە پارە دەدەن با لە باج عەفوو بکرێن، هەروەها ئەو پارانەی کە وەردەگیرێن با لە ١٠ ٪ی وەربگیرێت، یاخود با وەکو جاران(بیت المال) هەبێت، پارەی زەکاتی تێدا کۆ بکرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەعید عەلی خان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماوەی دروێنە مانگێکە ودەبینین توانای دورینەوە زۆر کەمە، من ئەڵێم گەنمەکە وەربگیرێ ولە

٢٥ ٪ی پارەکەی بدرێ وباقیەکەی قەرز بێ ودوای( ٣ ـ ٤ )مانگی تر بدرێتەوە خاوەنەکانیان، سوپاس.

**بەڕێز مەلا تەڵحە سەعید قەرەنی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
داوا دەکەم بەزووترین کات ناردنە دەرەوەی گەنم قەدەغە بکرێت، بەتایبەتی گەنمی هەولێر وکەرکووک، چونکە لەوانە، هەمووی بڕوات، بەمەش دەبێتە گرانی، سوپاس.

**بەڕێز عەبدوڵلا رەسول عەلی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
پرۆژەی ئەنجومەنی وەزیران هەندێ ناکۆکی تێدایە، هەوڵ بدەین تەرکیز لەسەر ئەو مەسەلانە بکەین ورژێم بە راشکاوی وبەتوندی داوای لە مدیرەکان کردووە کە ئەگەر چوونی گەنم قەدەغە بکرێ، ئەوا ئەویش ئیتر خواردەمەنی نانێرێ، ئەگەر وا بێ گەنم نەچێ ئەوانیش خواردەمەنی قەدەغە دەکەن ، لە لایەکی تریشەوە زۆربەی زەوی جووتیارەکانمان لە ژێر دەسەڵاتی رژێمدایە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
قاچاغ لە هەموو دونیادا هەیە وهەر دەشمێنێ، بەڵام ئەمە نابێ کۆڵ بە ئێمە بدات، بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران وجێگرەکەی ئەمڕۆ پێشنیاری یاسایەکی (طواریء)یان کرد، چونکە کوردستان لە بارێکی نائاساییدایە ودەبێ یاسایەک هەبێت بۆ سزادانی ئەوانەی کە سەرپێچی دەکەن. رای بەڕێزتان لە سەر ئەم پێشنیارە چییە؟.

**بەڕێز سیروان محەمەد نەورۆڵی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
ئەگەر بێتو ئەم گەنمە نەچێتە دەرەوەی کوردستان ئەوا سەیتەرەکانمان تووشی ناخۆشی دەبن، ئەو حاڵەتانە ئەگەر روو بە رووی جەماوەر بکرێتەوە، ئەوا ئەوە زۆر باش نییە و، دەوڵەمەندەکان لە ٣٠ ٪ ئەوگەنمەی کە هەیانە خەزنی دەکەن وبەمەش نرخەکەی زیاد دەکەن، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن حەمید رەحیم:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
من لەگەڵ قەدەغەکردنم، بەڵام هیچ ئیجرائاتێک ناکرێ ئەگەر بێتو دووکەس لەسەر ئەوە لەسێدارە

نەدرێن، ئەوجا مەگەر ئەو بڕیارە جێبەجێ ببێت، سوپاس.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

دەبێ داوا لەلایەنی سیاسی بکەین کە ژمارەیەک پێشمەرگە بهاوێنە ژێر دەسەڵاتی وەزارەتی ناوخۆ بۆ ئەوەی لەدواییشدا وەزیری ناوخۆ و وەزیری دارایی وئابووری و وەزیری کشتوکاڵ وئاودێری هەرسێک بەپێی نەخشەیەک، یا خود پرۆژەیەک بۆ چۆنیەتی کڕینی ئەو دەغڵودانە دابنێن و، هەندێک پارەش بدرێتە خاوەن دەغڵەکان وئەوی دیکەش قەرز بێ وسەنەدیان بەپارەی قەرزەکە بۆ بکرێ، لەگەڵ ئەو پێشنیارانەی کە باس کران بەوەی کە دەوڵەمەندەکان بەشداریی بکەن لەو کڕینە و، ئینجا دابەش بکرێ بەسەر خەڵکەکەدا، یاخود ئەو دەوڵەمەندانە بەشێک لەو دەغڵودانە بکڕن وعەماری بکەن، بەڵام نەیبەنە دەرەوە و پێیان بگوترێ ئێمە ئەو دەغڵەتان لێ دەکڕین، باجارێ لەلای خۆتان بێ تا پارەکەیتان دەدەینێ، چونکە تا ئێستا ئەو بڕوایە لەنێوان ئەوان وحکومەتی کوردستان دروست نەبووە، لەهەمانکاتیشدا پێشنیاری ئەوە دەکەم کە برادەرانی پەرلەمان هاوبەشییەکی تەواو بکەن لەمەسەلەکەدا چ لە رووی راگەیاندنەوەو چ لە رووی ئەوەوە کە بە شێوەیەکی رەمزی بەسەر سەیتەرەکاندا بگەڕێن ولە هەموو سەیتەرەیەکیشدا بمێننەوە بۆ ئەوەی پێشمەرگە وخەڵکەکە هەست بکەن کە پەرلەمان موتابەعەی مەسەلەکە دەکەن وئەمەش قیمەتێکی مەعنەوی زۆر دەبەخشێ بە ئیشەکە، سوپاس.

**بەڕێز د.رۆژ نووری شاوەیس/جێگری سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من قسەیەک دەخەمە سەر پێشنیارەکەی بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران، ئەویش ئەوەیە کە هەرچی سەیتەرەی پێشمەرگە هەیە بخرێتە ژێر فەرمانی وەزارەتی ناوخۆوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەگەر بەڕێزتان پێتان باشە ئەوا با هەر لە بەیانیەوە هەرچی سەیتەرە هەیە بخرێتە ژێر دەسەڵاتی وەزارەتی ناوخۆوە.

کێ لەگەڵ ئەم پێشنیارەدایە؟ .. کێ دژە؟.. کەواتە بەگشتی دەنگ پەسەند کرا.

کەواتە ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان بڕیاری وایە کە فرۆشتنی گەنم بۆ دەرەوەی کوردستان قەدەغە بکرێ و، ئەنجوومەنی وەزیرانیش بۆ جێبەجێ کردنی ئەم بڕیارە بەرامبەر بە ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان بەرپرسیارە.

کێ لەگەڵ ئەم بڕیارەدایە با دەست بەرز بکاتەوە؟..دەست بەرز کرایەوەو بەزۆریەی دەنگ پەسەند کرا... کێ دژە؟.. تەنیا یەک کەس دەستی بەرزکردەوە.

**بەڕێز شـێخ عـەبدولکەریم کـاکـە حـەمـە:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجوومـەن.**

پێشنیار دەکەین کە ئەنجوومەنی وەزیران بۆ باس کردنی داوای کارگێریی کۆبێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز عـەبدوللا رەسـول عـەلی:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجوومـەن.**

بە رای من (لیژنەی ئاسایش)یش بخرێتە بەردەست وەزارەتی ناوخۆ، سوپاس.

**بەڕێز عـەبدولخالق مـحـەمـەد رەشـید زەنگەنە:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجوومـەن.**

ئایا گومرک کەوتە بەردەست ئەنجوومەنی وەزیران یان نا؟، ئێمە ئەگەر دوو هەفتە پێشتر ئەو بڕیارەمان دەرکردایە و ئەو بڕیارانە جێبەجێ بکرانایە دەمانتوانی لە جیاتی(٥)ملیۆن بڵێین(٥٠)ملیۆن، سوپاس.

**بەڕێز مـەلا مـحـەمـەد تاهیـر زەینەلعـابدین:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجوومـەن.**

ئەمە کارێکی پیرۆزە سەیتەرەکان کەم بکرێنەوە ودیاریش بکرێن، سوپاس.

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجوومـەن:**

ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ وەزارەتی ناوخۆ، لە ئەنجوومەنی وەزیرانیش گفتوگۆی لەسەر بکەن وبڕیاری لەسەر بدەن کە چەند سەیتەرە پێویستن.

**بەڕێز د.سـەلاحـەدین حـەفـیـد/وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجوومـەن.**

لە بارەی گومرکەوە لە رۆژی (٦/١٦)ەوە بووەتە عائیدی حکومەتی کوردستان، تکام وایە بەیانێک بۆ بەرەی کوردستانی دەرچێت کە بەهەموو جۆرێک یارمەتی بدەن بۆ کۆکردنەوەی گومرگ لە (٦/١٦)ەوە، سوپاس.

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجوومـەن:**

ئەمە ئیشی ئەنجوومەنی وەزیرانە کە بەیان دەربکاو بڕیار بدات، چونکە ئەمە لە دەسەڵاتی ئەو ئەنجوومەنەدایە.

**بەڕێز یونادم یوسف کنا/وەزیری ئەشـغـال:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجوومـەن.**

لەبارەی مەسەلەی گومرکەوە، دیارە وەزارەتی دارایی وئابووریی ئاگای لێ نییە کەوا چەند

رۆژێکە دەبینین دەور وتەسلیم دەکەن، ئایا وەزارەت ئاگای لەم مەسەلەیە هەیە؟، سوپاس.

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن:**

لیژنەی دارایی گەیشتووەتە گرمرک و وا (٣) رۆژە هی دهۆک دەورو تەسلیم دەکەن.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/سەرۆکی وەزیران:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن.**

سەبارەت بەگومرکەکان لە (رۆژی ٦/١٦)ەوە هەمووی سەر بە ئەنجوومەنی وەزیرانە وئاگادار کراوین، هیچ لایەنێکیش نارەزایی پێشان نەداوە و، بەنیسبەت دهۆکیش ئەوا (٣)رۆژە لەوێ دەست بەسەر گومرکدا گیراوە، هەتا هەندێ ئیشوکارو گرفتیشیان هەبووە لە دهۆک و برووسکەشیان کردووە داوا دەکەن هەندێ شتیان لەبۆ جێبەجێ بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز عـەدنان مـحـەمـەد نەقـشـبـەندیی:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن.**

سەردانی سەیتەرەکان کارێکی باشە و، ئەمە هاوکاری کردن وپشتیوانیی نێوان ئەنجوومەنی وەزیران وئەنجوومەنی نیشتمانیی پێشان دەدات، ئایا هەرئەندامێک سەربەخۆ بچێتە سەردانی سەیتەرەکان دوو ئاربیجی پێوەنانێن؟! یاخود دەبێ ئاربیجی بەدەستەوە بێت ئینجا بچێت؟!، سوپاس.

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن:**

ئەگەر ئەنجوومەنی وەزیران بتوانێ لەگەڵ وەزیری ناوخۆ ولەگەڵ تەلەفزیۆنەکانیشدا قسەبکەن تاکو ئەو ئەندامانەی پەرلەمان بتوانن بەرێکوپێکی بچنە سەردانی سەیتەرەکان وهەندێ پۆلیس وپێشمەرگە و نوێنەری دەزگاکانی راگەیاندنیشیان لەگەڵدا بێ، ئەوە کارەکەیان سەرکەوتوو دەبێ.

**بەڕێز حـەسـەن حـەمـیـد رەحـیم:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن.**

ئەو حزبانەی کە لە پەرلەماندا شەرعیەتیان نییە، ئایا پارەی گومرکیان دەدرێتێ، یان نا؟ سوپاس.

**بەڕێز خـەسـرەو گـوڵ مـحـەمـەد:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن.**

دەربارەی دابین کردنی پارەی گەنم وجۆ، من تێبینییەکم هەبوو، وا بزانم برادەرانی بەرەی کوردستانی هەولێر چەند جارێک لەگەڵ هەندێ لەو رێکخراوە خێرخوازانەدا کۆبوونەتەوە کە لە کوردستاندا کار دەکەن، ئەوانیش بەڵێنیان داوە کە بەشداریی لەکڕینی گەنم وجۆدا بکەن، با ئەوە لە بیر نەکەین و، ئەگەر ئەوانە وا بێنە پێشەوە وبەشداریی لە گەنم وجۆ کڕیندا بکەن، وەک بەشداریی کردنێک شتێکی خراپ نییە، ئینجا با بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران و

برادەرانی وەزیر ئاگایان لەم مەسەلەیەش بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**
وا کۆبوونەوەی ئەمڕۆشمان تەواو بوو، لە کۆبوونەوەی ڕۆژی١٩٩٢/٧/١٥یشدا لەسەر گفتوگۆ کردنی بەرنامەی ئەنجوومەنی وەزیران بەردەوام دەبین و، بەرنامەی وەزارەتی ئەوقاف وکاروباری ئیسلامی بەسەر دەکەینەوە. تکایە هەرکەسێک هەرچی تێبینییەکی هەیە، با بە نووسین پێشکەشی بکات وبدرێ بە لیژنەکە، ئەگەر دەتوانن پێش وەخت وبەر لە گفتوگۆیەکەش پێشکەشی بکەن، ئەوە باشترە.
بەم جۆرەش کۆتاییمان بە دانیشتنی ئەمڕۆمان هێنا.

**فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا**
**سکرتێری ئەنجوومەن**

**نەوزاد ئەحمەد عەزیز ئاغا**
**جێگری سەرۆک**

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (١٤)

چوارشەممە رێكەوتی ١٩٩٢/٧/١٥

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره (١٤)

## چوارشەممە ڕێکەوتی ١٩٩٢/٧/١٥

***کاتژمێر (١٠.٣٠)ی سەر لەبەیانی ڕۆژی چوارشەممەی ڕێکەوتی ١٩٩٢/٧/١٥، ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستان، بەسەرۆکایەتی بەڕێز جوهر نامق سالم سەرۆکی ئەنجوومەن و، بە ئامادە بوونی جێگری سەرۆک بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا و، سکرتێری ئەنجوومەن بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەزیز عەبدوللا، دانیشتنی ژمارە (١٤)ی یەکەم خولی ئاسایی، ساڵی یەکەمی خۆی بەست.***

***سەرەتا لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتیەوە تەئکید لەسەر ڕادەی یاسایی کۆبوونەوەکەدا کراو ئەوجا بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان و، بەناوی گەلەوە دانیشتنەکەی دەست پێکرد.***

***بەرنامەی کار:***

***بەردەوام بوون لەسەر گفتوگۆ کردنی بەرنامەی کاری حکومەتی هەرێم.***

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بڕیار وابوو بەرنامەی ئەمڕۆمان گفتوگۆ کردن بێت لەسەر (بەرنامەی ئەنجوومەنی وەزیران)، هیوادارین ئەو تێبینییانەی لە لایەن ئەندامانەوە بە نووسین ئامادەکراون بە دەستەی سەرۆکایەتیی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان بدرێت، تا ئەویش لە ڕێی خۆیەوە ڕەوانەی ئەنجوومەنی وەزیرانی بکات بۆ ئەوەی لە دوا داڕشتنی بەرنامەکەدا کەڵک و سوودی لێ وەربگرن.

**بەڕێز فەلەکەدین سابیر کاکەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەبەر ئەوەی بەرنامەی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان پێرێ، سەعات هەشت تا نۆ بە دەستمان گەیشت، ئیتر لێرە ڕۆیشتین و ماوەی ئەوەمان نەبوو لێی بکۆڵینەوە. دووەمیش لەبەر ئەوەی ئەم بەرنامەیە سیاسەتی یەکەمین حکومەتی هەرێمی کوردستانە پێویستی بە دیقەت و ورد بوونەوە و لێکۆڵینەوەی دوورودرێژ هەیە.

لەبەر ئەوە ئێمە وەکو گرووپی پارتی دیموکراتی کوردستان پێشنیار دەکەین لێکۆڵینەوەی بەرنامەکە تا ڕۆژی یەک شەممە، یا دووشەممەی داهاتوو،دوا بخرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەنجوومەن پێش وەخت بڕیاری لەسەر داوە، گوتمان ئەمڕۆ گفتوگۆی بەرنامەی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان دەکەین، دوو ڕۆژمان بە دەستەوە بوو بۆ لێکۆڵینەوەی، واتە ڕۆژی ١٣و١٤ی مانگ،لە بەرژەوەندیدا نییە سێ، چوار ڕۆژی تر دوا بخرێ، ئەوەش بۆ ڕای ئەندامانی ئەنجوومەنی نیشتمانیی دەگەڕێتەوە .

**بەڕێزد. عیزەدین مستەفا ڕسول:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

وەکو دەزانین هەردوو گرووپی زەرد و سەوز لە ناو پەرلەمان لەسەر ئەوە ڕێککەوتن کە دەربارەی هەندێ شت یەک هەڵوێست وەرگرن. هەرچەندە بەرنامەکە هەندێ شتی تیایە ڕۆتینییەو پێویست بە گفتوگۆ ناکات، چونکە ئەمە بەڵگەنامەیەو هەڵ دەگیرێت، دەبێ بڕیاری لەسەر بدرێت. وا بزانم پێشەکییەکەی ڕۆتینییە پێویست بە گفتوگۆ کردنی ناکات، هەر کاتێکیش گەیشتینە ئەوانەی کە پێویستیان بە گفتوگۆ هەیە، ئەوا دوای دەخەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بە ڕای جەنابت، هەندێ خاڵی گفتوگۆ بکەین ، هەندێکی تریشی بۆ دانیشتنی داهاتوو دوا بخەین؟.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بێگومان لەبەردەم ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستاندا، کۆمەڵێک ئیشوکار هەیە، وەک گفتوگۆکردنی پێڕەوی وەزارەتەکان، ڕاپۆرتی کۆمیتەکانی ناو پەرلەمان، ئێمە دەتوانین ئەم چەند ڕۆژە گفتوگۆیان لەسەر بکەین.

حەزیشم دەکرد لەو پێشنیارە ئاگاداربکراینایە کە کاک فلک الدین پێشکەشی کردو سەر بەلیستی زەردە، لەگەڵ ئەوەشدا بڕیار لەسەر لێکۆڵینەوەی ئێستای، یا دواخستنی بۆ ڕۆژی یەک شەممە، یا دووشەممە، یا بۆ کاتێکی تر کە ئێمە دایدەنێین ، ڕوو بە ڕووی سەرۆکایەتیی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی دەکەینەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەش بە حاڵی خۆمان وەکو دەستەی سەرۆکایەتیی ئەنجوومەن گلەییەکی زۆرمان هەیە، حەقی وابوو دەسپێکردنی کۆبوونەوەکە و هاتنە ناو هۆڵی دانیشتنەوە، ئێمەیان ئاگادار بکردایە کە دەیانەوێ گفتوگۆی بەرنامەی حکومەتی هەرێمی کوردستان دوابخەن نەک بێینە ئێرە و باسی گفتوگۆ کردنی بکەین، ئینجا ئەوان بڵێن دەمانەوێ بۆ دانیشتنێکی تر دوای بخەین، لەبەر هەر هۆیەک بێت . ئوسووڵ وابوو دوێنێ بە برووسکە، یا بە تەلەفۆن ئێمەیان ئاگاداربکردایە تا لە

بەرنامەی خۆمان جێگیرمان نەکردایە و نەشماندابایە راگەیاندن. مادام لە بەرنامەی دانیشتنی ئەنجوومەن تۆمارمان کردووە، گفتوگۆی دەکەین، چونکە هەموو وەزیرەکانیش ئامادە بوونە. بەڵام ئەگەر ئەنجوومەن پێی خۆشە بۆ دانیشتنێکی تر دوای بخەین، ئەوا دوای دەخەین.

**بەڕێز د.رۆژ نووری شاوەیس/جێگری سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

رەخنەکەت لە جێی خۆیەتی، بەڵام هەندێ جار دۆخی وا دێتە پێشەوە نە بەدەست گرووپەکەیە، نە بەدەست پەرلەمانەو، نە بە دەست ئەنجوومەنی وەزیرانە، ئێمە وەکو گرووپی زەرد ،پێش ئەوەی بێینە ناوی هۆڵی دانیشتنەوە نووسراوێکمان لەلایەن برادەرانی پسپۆڕەوە بۆ هاتووە کە دەربارەی بەرنامەی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانە، لەبەر ئەوە لە ناو هۆڵەکەدا وەکو گرووپی زەرد لە نێوان خۆماندا باسی ئەوەمان کرد کە وا باشە حەقی خۆی پێ بدرێت لە گفتوگۆ کردندا و دوا بخرێ، بۆ ئەوەی باشتر لەو پێشنیارانە بکۆڵینەوە، بۆیە کاک فەلەکەدین دوا خستنی گفتوگۆی بەرنامەکەی پێشنیار کرد، بەڵام ئەگەر بە پێویستی دەزانن ئێستا گفتوگۆ بکرێت، ئەوە لاریمان نییە ئەو پێشنیارانە بخوێنینەوە و گفتوگۆ لەسەر هەمووی بکەین، ئەمەش رێگایەکی ئوسوولییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەگەر ئێوە وەکو گرووپێک وای بۆ دەچن مەسەلەکە بە یەکەوە گرێ دراوە، برادەرانی گرووپی سەوزیش نارەزاییان لەسەر ئەو مەوزوعە نییە، ئەگەر لاریتان نییە وەکو پێشنیارێک یەک شەممە، یا دووشەممە بێت، چونکە ئێمە لە حەفتەی رابردوودا بریارماندا پێنج شەممە و شەممە برادەران بۆ ناوچەکانی خۆیان بچنەوە هەم دەستەی سەرۆکایەتی گیروگرفتی ئەوەی هەیە کە برادەران، ئەوانەی مەحزەر دەنووسن پێ راناگەن، چونکە گفتوگۆ کردن زۆرە لەسەر ئەو بابەتانەی بەرچاوی ئەنجوومەن دەخرێن و دووەمیش دانیشتنەکان دوورو درێژن. لەسەر ئەو بنچینەیە گوتمان بیکەینە شتێکی عادەتی، پێنج شەممە و شەممە پشووی ئەندامان بێت. هەم وەکو سەرۆکایەتیی ئەنجوومەن و وەکو لێپرسراوانی گرووپەکان وەک ئەندامانی ئەنجوومەن بتوانن شتی خۆیان رێک بخەن و لەو بابەتانە بکۆڵنەوە کە لە بەردەستدان. ئەگەر لاریتان نییە لەسەر ئەو پێشنیارە ئێمە هەر لە ئێستاوە جێگیری دەکەین و ئەگەر پێشنیاری تر هەیە ، حەز دەکەین پێش چاوی خەن.

**بەڕێز د.رۆژ نووری شاوەیس/جێگری سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەنسبەت دیاری کردنی کاتی کۆبوونەوە دەبێ بیری لێ بکەینەوە. ئیشوکاری حکومەتی هەرێمی کوردستان یەکجار زۆرە، بەم جۆرەش ئێمە لە بەیانییەوە بێین تاکو ئێوارە دابنیشین دەبێتە هۆی ئەوەی ئیشوکاری حکومەتی هەرێمی کوردستانمان پێ نەکرێ و ئیشەکان دوا بکەون، لەبەر ئەوە ئەگەر تەنسیقێک لە نێوان کاتی کۆبوونەوەکانی پەرلەمان و حکومەتدا

هەبێ، شتێکی باشە. بە رای من ئەگەر حەفتەکە هەمووی لە پەرلەماندا کۆ بینەوە شتێکی تێدا بەستە نییە. ئەگەر کۆبوونەکانی پەرلەمان بخەینە پاش سەعات چواری دوای نیوەڕۆ، جا ئەو کاتە تا سەعات هەشتی شەو بێت تا سەعات (١٠)ی شەو بێت بەنسبەت ئێمەوە هیچ گیروگرفت نییە، چونکە ئەو کاتە حکومەتی هەرێمی کوردستان بە ئیشوکاری سەر شانی خۆی هەڵ دەستێ. بەو شێوەیەی باسم کرد بە پەسەندتری دەزانین، لە هەمان کاتدا مەرجیش نییە بڕیاری لەسەر بدەین، با زیاتر بیری لێ بکەینەوە و لێکی بدەینەوە بەڵکو چارەیەکی باشتری بۆ بدۆزینەوە تا کارەکانمان باشتر ئەنجام بدەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئامادە بوونی وەزیرەکان پێویست نییە مەگەر ئەنجومەن داوایان لێ بکات، یان خۆیان حەز بکەن ئامادە بن. ،لە کاتی گفتوگۆکردنی بەرنامەی ئەنجومەنی وەزیرانیش، لە وەزعی ئاسایی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، یا جێگری سەرۆک وەزیران، یا وەزیری تایبەت ئامادە دەبێت، ئەوە خۆیان بڕیاری لەسەر دەدەن، بەلاَم لە کاتی پێویستدا ئەنجومەنی نیشتمانیی بڕیار دەدات کە وەزیرێکی تایبەت، یا دوو وەزیر ئامادە بن ئەگەر هاتو گفتوگۆ لەسەر بابەتێکی دیاری کراو کرا. ئەگینا وەزیرەکان ناچار نین لە هەموو کۆبوونەوەکاندا ئامادە بن، لەبەر ئەوە پێویست ناکات دانیشتنەکان بخەینە دوای نیوەڕۆ، بۆیە دانیشتنەکانی ئاسایی دەبن و پێش نیوەڕۆ دەبەسترێن، مەگەر پێویست بێ بیانخەینە دوای نیوەڕۆ، دەمانەوی ئاگادارتان بکەینەوە کە شتێکمان بە دەستەوەیە ،پاش ئەوەی ئیشوکاری لیژنەکان ڕێکوپێکتر دەبن، ئەو کاتە کە پرۆژەی زۆرتریان بۆ هات، ئەو پرۆژانەش کە بە دەستی ئێمە دەگەن، ناچارین بەرنامەیەکیان بۆ دابنێین. ئێمە ئێستا لە دەستەی سەرۆکایەتیدا راوێژی ئەوە دەکەین لیژنەیەک لە پەرلەمان پێک بهێنین وەکو لیژنەیەکی راوێژکاری تاکو لە دانانی ئەو بەرنامەیەدا هاوکاریمان بکەن. بۆ نموونە ئەو مەوزوعە پێویستی بە (٣) سەعات هەیە بۆ گفتوگۆ لەسەر کردن، یا پێویستی بە (٢) سەعات گفتوگۆ هەیە، ئەوان تەخمینی دەکەن و ئێمەش لەسەر ئەوبناغەیە وەختەکە بۆ گفتوگۆ کردنی بابەتەکە دابەش دەکەین، دوور نییە لە نێوان گرووپەکانیشدا وەختەکە دابەش بکەین. بۆ نموونە هەر گرووپێک لەو بابەتە چەند دەقیقە مافی هەیە قسە بکات تا جۆرە عەدالەتێک دابین بکەین و لە هەمان کاتیشدا گرووپەکان بەو بەرنامەیەوە ببەستینەوە و لە گفتۆکۆی نا مەوزوعی، خۆیان دوور خەنەوە وچڕتر دەربارەی بابەتەکان بدوێن.

**بەڕێز عەبدوللا رسول عەلی :**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مەرج نییە وەزیرە بەڕێزەکان لە دانیشتنەکانی ئەنجومەنی نیشتمانییدا ئامادە بن، مەگەر بەرنامەی ئەنجومەنی وەزیران گفتوگۆ بکرێت، یا بابەتێکی تایبەت بە وەزارەتێکەوە گفتوگۆ

بکرێت، ئەو کاتە مافی ئەوەی هەیە لە کۆبوونەوەکانی ئەنجوومەندا ئامادە بێت. ئەو رایەی کاک فلک الدین باسی کرد رۆژی یەک شەممە گفتوگۆی بکەین، چونکە رۆژانی پێنج شەممە و شەممە پشووی ئەنجوومەنە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

هیچ پێشنیارێکی تر نییە، ئەو رۆژانە پشوو نییە، رۆژانی ئیشە بەنسبەت دەستەی سەرۆکایەتییان ئەندامانی ئەنجوومەنەوە تەنیا کۆبوونەوە نییە، سوپاس.

**بەڕێز سیروان محەمەد نەورۆلی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێشنیار دەکەم بۆ ئەوەی وەختەکەمان بە فیرۆ نەڕوات، ئەو لیژنە پسپۆڕانەی ناو پەرلەمان هەر یەکە بەرنامەی خۆی دادەنێ و، وەزارەتەکانیش بەرنامەی خۆیان دادەنێن، هەریەکە لەم بەرنامانەدا بە جیا جیا گفتوگۆی لەسەر دەکرێت، من پێم وایە ئەگەر بەرنامەی لیژنە پسپۆڕەکە لەگەڵ بەرنامەی وەزارەتەکە یەک بخرێت، پاش ئەوەی وەختی بۆ دیاری دەکرێ، گفتوگۆ بکرێت وا بەرنامە لیژنەی ئەوقاف کە دایناوە، لەگەڵ وەزارەتی ئەوقاف رێک بکەون ئینجا بەر چاوی ئەنجوومەن بخرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بۆ چوونێکی وا هەیە، هەر وەزارەتێک بەرنامەی خۆی ئامادە بکات، لێرە باس بکرێت یان بە لیژنەی خاوەن پەیوەندی بدرێ. دەبێ ئێمە لەسەر ئەوە رێک بکەوین. بە بۆ چوونی من وایە بەرنامەی وەزارەتەکە بە دەستەی سەرۆکایەتیی ئەنجوومەنی نیشتمانی بدرێن، ئەویش لە رێی خۆیەوە بۆ لیژنەی پسپۆڕی رەوانە دەکات، لیژنەکە بە تێروتەسەلی گفتوگۆی لەسەر دەکات، ئەو کاتە ئەوانیش بۆ ئەنجوومەنی رەوانە دەکەنەوە.جا نازانم رای ئەنجوومەنی وەزیران لەم بارەیەوە چییە؟.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

وا باوە کە وەزارەت بۆسەرۆکایەتیی ئەنجوومەنی نیشتمانیی بنێرێت و ئەویش لە رێی خۆیەوە بۆ لیژنەکەی رەوانە دەکات و پاش ئەوەی لەلایەن ئەوانەوە گفتوگۆی لەسەر دەکرێت، دووبارە بۆ ئەنجوومەنی رەوانە دەکەنەوە، تا گفتوگۆی لەسەر بکات... سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

حەز دەکەن ئەمەش دەکەین بە بڕیارێک تا پیادەی بکەین، تکامان وایە وەزارەتەکان ئەگەر بەرنامەیان هەیە و بەپێی یاسا ئەنجوومەن بڕیاری لەسەر دەدا، دەستی خۆیان تۆزێ سووک کەن و بۆ ئەنجوومەنی بنێرن، تا ئێمەش وەکو لەسەری رێک کەوتین وای لێ بکەین.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

وای بە باش دەزانم کە لە لێکۆڵینەوەی پێشنیارێک بینەوە و بڕیارێکی لەسەر بدەین ئینجا بچینە سەر باسێکی تر، دووەم ئێستا دوو پێشنیار هاتە کایەوە، سێیەمیش هاتە پێشەوە، مەسەلەکان تێکەڵاو بوون. باشتر وایە لە پێشنیاری یەکەم بینەوە ئایا لە بەرنامەی ئەنجوومەنی وەزیران ئێستا بکۆڵینەوە، یان وەکو پێشنیار کرا بۆ ڕۆژی یەک شەممە دوای بخەین؟. وەکو لەسەرەتاوە باسم کرد تەنیا ئەوەمان بەلاوە باش نەبوو کە لەپێشەوە ئەوەمان لەگەڵدا باس نەکرابوو، ئەگینا هیچ لاریمان لە دواخستنی نییە، ئەوەش بۆ بڕیاری سەرۆکایەتیی ئەنجوومەن بەجێ دەهێڵین و ، باسی ئەوەش کرا کە کۆبوونەوەکانی ئەنجوومەن لە ڕۆژی یەک شەممەوە تا ڕۆژی چوارشەممە بێت و ڕۆژانی پێنج شەممە جومعە و شەممە بینە پشووی پەرلەمان بۆ کۆبوونەوە گشتییەکان ، بەڵام نەک بۆ کۆمیتەکان، کۆمیتەکان دەتوانن لەسەر کاروباری خۆیان بەردەوام بن، لە هەموو پەرلەمانەکانی جیهانیش وا باوە ئیشوکارە سەرەکییەکان روو بەرووی کۆمیتەکان دەبنەوە کە کۆمیتەکان پرۆژەیەکیان ئامادە کرد، ئەوا دەیخەینە بەردەمی پەرلەمان بۆ ئەوەی لێی بکۆڵێتەوە و بڕیاری خۆی لەسەر بدات، جا ئەگەر ئێمەش هەوڵ بدەین وردە وردە بکەوینە سەر ئەو ڕێبازە وا بزانم کارێکی باشە. جا وەکو باسم کرد دوو مەسەلەی گرنگ و سەرەکی هەیە، جگە لە لێکۆڵینەوەی بەرنامەی ئەنجوومەنی وەزیران. یەکەم، پێڕەوی ناوخۆی وەزارەتەکان و دووەمیش ڕاپۆرتی کۆمیتەکانی ناو پەرلەمان. ئەگەر پرۆژە و ڕاپۆرتەکان ئامادەن دەست بکەین بە لێکۆڵینەوە یان کارێکی باشە. ئەگەر پێڕەوی ناوخۆی وەزارەتەکان پێش بخەین باشترە بۆ ئەوەی وەزارەتەکان بزانن چ پێڕەوێک پیادە بکەن و کاروبارەکانی خۆشیان بۆروون ببێتەوە، ئینجا دەست بە لێکۆڵینەوەی ئەو پرۆژانە بکەین کە لەلایەن کۆمیتەکانەوە پێشکەش دەکرێن. وا بزانم پێڕەوی ناوخۆی وەزارەتەکان لە یەکەوە نزیکن و لە زۆر مەسەلەش یەک دەگرنەوە، بۆیە پێشی بخەین. یەکەم پێڕەوی وەزارەتەکان ڕوون دەبێتەوە و دووەمیش ماوەیەکی کەمتری دەوێ وەک لە لێکۆڵینەوەی ڕاپۆرتەکان کە بە ڕاستی وەک بەرنامەیەکە لە کاروباری داهاتووماندا، سوپاس.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

وەکو دەزانن ئێمە بە ڕۆژێک دەگەینە دهۆک و بە ڕۆژێکیش دەگەڕێینەوە، حەفتەیەک دوو ڕۆژ بێت و حەفتەی دواتری چوار ڕۆژ بێت. وا بزانم خەڵکی کەلار و کفریش هەمان دەردە سەرییان هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەم سەفاو مەروایە زۆر زەحمەتە.

**بەڕێز کـــەمـــال ئیـــبـــراهیم فـــەرەج شـــالی:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــوومـــــــەن.**

من پرسیـارەکەم ئاراسـتـەی بەڕێز د. فوئاد مەعـسوم و، د. رۆژ دەکەم، ئایا ئەوان وەختـی خۆی لەسەر بەرنامەی ئەنجوومەنی وەزیران ڕێککەوتوونە کە بە سەر ئەندامانی پەرلەمانـدا دابەش کراو لەلایەن بەڕێز د. فـؤادەوە خوێندرایەوە، نازانم بۆچی ئێستا لەلایەن برادەرانی گرووپی زەردەوە داوای دواخستنی دەکەن؟، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕۆژ نووری شاوەیس/جێگری سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــوومـــــــەن.**

پرسیـارەکە ئاراسـتـەی ئێـمـە کراوە، حەز دەکـەم وەلامی بدەمەوە. ئێـمـە لەسـەر هەمـوو خـاڵەکان ڕێککەوتووینە، بەم شـێـوەیەی لە بەردەسـتـتـان دایە و داڕێژراوە و، پەرلەمـانیش بۆی هەیە گفتوگۆی لەسەر بکات. دەشێ لەسەر یەک دوو خاڵ ڕێک نەکەوتبین ئەمە شتێکە، بەلام ئەوەش لێرەدا بەرچاو خرا کۆمەڵێک بیرو را هەیە لە بەرنامە نووسراوەکە جیاوازە، گرووپەکەی ئێمە وای بەباش دەزانێ لە ناو خۆیدا گـفـتـوگـۆی ئەو بیـروڕایانە بکات و لێـیـبکۆڵێـتـەوە، ئـەمـەش ئەوە ناگـەیەنێ کـە لەسـەر بەرنامـەی حکومـەت ڕازی نین. دەشێ بەو بیـرو ڕایانـە ڕازی نەبێت کـە بۆی هاتووە، ئەمـەش پێویستی بەلێکۆڵینەوە هەیە، ئایا ئەمە لە پەرلەماندا بەرچاو بخرێت یان نا، بۆیە داوای ئەم مۆڵەتە کراوە، سوپاس.

**بەڕێز عـــومـــەر عـــەبدوڵلا مـــحـــەمـــەد:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــوومـــــــەن.**

من وای بەباش دەزانم، جگە لە ڕۆژی پێنج شـەممە و هەینی و شـەممە، ڕۆژی یەک شـەممە دوای نیوەڕۆ کۆبوونەوە دەست پێ بکات، سوپاس.

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــوومـــــــەن:**

ڕۆژی شەممەش کۆبوونەوە نییە، ئایا یەک شەم بخەینە دوای سەعات چوار؟.

**بەڕێز عـــومـــەر عـــەبدوڵلا مـــحـــەمـــەد:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــوومـــــــەن.**

بەڵێ، ڕۆژی یەک شەم بخرێتە دوای سەعات چوار، سوپاس.

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــوومـــــــەن:**

جا باکورتەی باسەکە باس بکەین. ئێمە سێ مەوزوعمان هەیە. ئەوەی یەکەم وەکو پێشنیار کراوە یەک شەممە سەعات چوار کۆبوونەوە دەست پێ بکات. هەر وەکو گوتمان تەنیـا کۆبوونەوە نییـە، ڕۆژی ئیشە.

**بەڕێز د. محەممەد فوئاد مەعسوم/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەو پێیە بڕوات لیژنەکانیش ئیش ناکەن. زۆر لەوانەی کە شوێنەکانیان دوورە ئەو کاتە پێ راناگەن لە ئیشوکاری لیژنەکاندا بەشداری بکەن. بەڵام ئەگەر بکرێت دوو حەفتە لێک بدەین، ئاخری حەفتەی یەکەم لە گەڵ سەرەتای حەفتەی دووەم، ئەوە هەر پانزدە رۆژ جارێک دووبارە دەبێتەوە، نەک هەموو حەفتەیەک چوار رۆژ، بەڵکو دوو حەفتە چوار رۆژو جومعەکەشی بۆ دەمێنێتەوە لەو حەفتەیەی کە لێرە نییە. بۆ نموونە، رۆژی چوارشەم دوای نیوەڕۆ دەتوانێ بڕوات، پێنج شەممە و جومعە و شەممەی هەیە، یەک شەم بەیانییەکەی بێتەوە بۆ ئەوەی دوای نیوەڕۆ بەشداری کۆبوونەوە بکات.، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

تەنیا رۆژی هەینی پشووی رەسمییە، رۆژانی تر رۆژانی ئیشن، چونکە ئەو ئەندامە پێویستی بەوە هەیە تێکەڵی ئەو خەڵکە بێت، زانیارییان لێ وەربگرێت و لە هەمان کاتیشدا زانیارییان پێ ببەخشێ، موتابەعەی ئیشوکار بکات تا بزانی لە کوێ کەموکووڕی هەیە بۆ ئەوەی کە گەڕایەوە بەر چاوی ئەندامانی ئەنجوومەنی بخات، یا ئەوەتا لەگەڵ حزبەکەی خۆی لە رێی تایبەتییەوە پەیوەندی دەکات بۆ چارەسەری گیروگرفتەکان ،بە بیرو بۆ چوونی خۆم دەبێ تێکەڵاوی خەڵکی بێت، ئەگینا وەکو فەرمانبەرێکی لێ دێت.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێشنیارەکەی د. فوئاد بە جێیە، من پێشنیار دەکەم، خانووەکانی ئەنجوومەنی وەزیران بۆ ئەو ئەندامانە چۆڵ بکرێت کە ماڵیان لێرە نییە، بە تایبەتی بۆ خەڵکی دەرەوەی شاری هەولێر، وەکو دهۆک، سلێمانی، کەلار، چونکە ئەگەر وابێت لیژنەکانیش ئیش ناکەن، بەڵام جێگاو رێگایان بۆ دابین بکرێت و ماڵیان بۆ ئێرە بهێنن، رۆژانی پشووش دەتوانن ئیشوکارەکانیان راپەڕێنن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

نازانم ئێمە توانای ئەوەمان هەیە خانوو بۆ (١٠٥) ئەندام لە هەولێر دابین بکەین؟.

**بەڕێز عدنان محەممەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن**

بیرو رایەکە بەجێیە، ئەو خانووانەی کە هەن چۆڵ بکرێن و بە ئەندامان بدرێن، چونکە هاتوچۆکردن مەترسی زۆری هەیە و جێی متمانە نییە، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:

نازانم هەموو پەرلەمانەکانی دنیا وان؟ ئەگەر ئەندامێکی پەرلەمان لە ژووروی ولات بێت، پەرلەمانەکەش لە ناوەاستی ولات بێ، ئایا پەرلەمان دەبێ بەرپرسیار بێ بەرامبەر بەو وەزعە؟ ئێوە هەمووتان دەزانن ئێمە توانای مادیمان نییە، هەمووتان دەزانن هیچمان نییە، هەمووتان ئاگادارن وەزعی هەولێر چۆنە. هەموومان چاومان بڕیوەتە ئەو چەند خانووەی تەشریعی و تەنفیزیی جاران، ئەوا ئەنجوومەنی وەزیران راسپێردراوە کە ئەم کارە ئەنجام بدات و بەپێی توانا دابەشی بکەین، ئەویش ماوەیەک دەخایەنێ هەتا چۆڵ دەکرێت، دەشێ پێویستییان بە چاک کردنەوە هەبێ، کێ دەڵێ ئێمە توانای چاک کردنەوەیانمان هەیە؟! ئەگەر مەسەلەکە وا ئاڵۆز بکەین هیچمان پێ ناکرێ، هەندێ شت هەیە دەبێ بەکردەوە تەماشای بکەین، ئەوەی ئەمڕۆ هەیە ئەوە بکەین، ئەمڕۆ پێویستە لیژنەکان کۆببنەوە، پێویستە پێڕەوی ناوخۆی وەزارەتەکان ئەنجام بدرێن، لیژنەکان پرۆژە پێشکەش بکەن، ئەندامانی ئەنجوومەن موتابەعەی ئیشوکاری وەزارەتەکان بکەن لەو شارانەی کە تێیاندان، بە بۆچوونی خۆم ئەگەر ئێمە هەموویان لێرە وەکو ئەوەی دەوام بکەن بیانهێڵینەوە، پاشان پێنج شەممە و هەینی بیانتێرینەوە بە رای من ئەوا ئێمە ئیشێکی باش ناکەین، ئیشەکان تاکو ئێستا چۆن بەڕێوەچوون با وا بڕۆن ، برادەرانی هەردوو گرووپ چۆن تاکو ئێستا گیروگرفتی گرووپەکانی خۆیان چارەسەرکردووە یا لەسەری بەردەوام بن تا هەندێ شت بە پەلە بکرێت، هەروەها پاش ماوەیەک ئەگەر پێڕەوی ناوخۆی وەزارەتەکان سەقامگیر بوون، ئەوا ئیشوکارەکان هەر وا بە زەحمەت نامێننەوە.

بەڕێز مەلا هادی خدر:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.

ئەو سێ رۆژەی جەنابت فەرمووت کە ئەندامانی شارەکانی خۆیان بڕۆنەوە، کار دەکاتە سەر رەوتی ئیشوکاری لیژنەکان، چونکە هەندێ لەو ئەندامانە سەرۆک، یان جێگری سەرۆکی لیژنەکانن... سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:

ئێستا پێشنیارەکەم بەم شێوەیەیە پێنج شەممەو، شەممە پشووە، ئێوارەی یەک شەممە دانیشتن دەست پێ بکات، کێ لەگەڵ ئەم پێشنیارەیە دەست بەرزکاتەوە؟.. ئەنجوومەن بە گشتی رازی بوون، کێ دژە؟ کەس نەبوو.

بەڕێز فەلەکەدین سابیر کاکەیی:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.

سێ ئەندامی گرووپەکەمان پێشنیارێکیان پێشکەش کرد، وا بزانم گرووپەکەی تریش هەیانە، راستە ئەندامانی هەر یەکێک لە گرووپەکان ئەندامانی حزبێکن، لە هەمان کاتدا تیمێکین کارێکمان پێ سپێردراوە کە کاری ئەنجوومەنە، کاری لیژنەکانە، کاری بەڕێوەبردنی گیروگرفتی

خەڵکە. ،وابزانم ئەندامی هەر گرووپێک دەتوانێ کارەکانی ئەنجام بدات کار لە هەموو ئیشوکاری هەموو ئەنجـوومەن دەکات، ئەو مەسـەلەیەی برادەرانی ئێمـە بەرچاویان خست مەسـەلەیەکی زۆر جیددییە و لە هەمان کاتیشدا مەسەلەیەکی ئاسایشییە، هاتوچۆ ئەسڵەن راست نییە، راستە ئەندامـان دەبێ سەر لە شـارەکـانی خۆیان بدەن، چاویان بەو خـەڵکە بکەوێت کـە دەنگیـان پێ داون، ئەگـەر خـانووش نەبێت بەلای کـەمـەوە جـێگایەکـیـان بۆ دابین بکرێت تا بتـوانن بۆ راپەڕاندنی ئیشوکارەکانیان لە یەکەوە نزیک بن، هەرچەندە ئەو پێشنیارەش پەسند کرا، بەڵام وا بزانم ئەسڵی گیروگرفتەکە چارەسەرناکات، ئەگەر مەسەلەی نیشتەجێ بوونی ئەم برادەرانە چارەسـەر نەکـرێت. ،من ناڵێم بە هەمـوویان خـانووی چاکـیـان پێ بدرێت، ئەوە لەسـەر وەخت رادەوەستێ، بەڵام سەرۆکایەتیی ئەنجوومەن بەرانبەر یەک بە یەکی ئەندامان بەر پرسیارە جگە لەوەی گرووپەکەش بەر پرسیارە.

تکا دەکەم زۆر جار پێشنیـار دەکرێت، دایدەخەن وەکو ئەوەی رێگە بگرن لە گفـتوگۆ کـردنی ئەگەر چی جیددیشە، سوپاس.

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـوومـەن:**

دەرگا داناخەین، ئێمە سێ پێشنیارمان هەیە، ماوەیەک لە مەوبەر گوتمان: دەستەی سەرۆکایەتی نەخانووی لە ژێر دەستدایە و نە تواناشمان هەیە خانوو بۆ ئەندامان بگرین، هەرگرووپێک هەتا ئێستا چۆن ئیدارەی کردووە با وابێت، ئێوەش ئاگادارن کە ئەنجوومەنی وەزیران راسپێردراوە چەند خانوویەکی سەر بەتەشریعی و تەنفیزی موتابەعە بکات و ئەنجامان پێبدات، هەتا ئەوەش جێبە جێ نەبێت، ئێمە بەش بە حاڵی خۆمان ناتوا نین یەک خانوو بۆ یەک کەس دابین بکەین.

مەسەلەکە ئاشکرایە و هەمووتان چاک دەزانن. گفتوگۆ کردنی بابەتی وا کە هەمومان ئەنجامەکەی دەزانین وا بزانم پێویست ناکات، حەز دەکەم لاتان روون و ئاشکرا بێت کە بوودجەی ئەنجوومەنی وەزیران هیچ نییە تا داوایان لێبکەین پارەمان بۆ دیاری بکەن کە دەزانین واقیعێکی وا هەیە بۆ گفتوگۆی بکەین؟

ئەم مەوزوعە تەواو بوو، ئێستا مەوزوعی ئێمە دواخستنی گفتوگۆی بەرنامەی ئەنجـوومەنی وەزیرانە. بۆسەعات چواری پاش نیوەڕۆی رۆژ یەک شەممە دوا بخرێ یان نا؟.

کێ لەگـەڵ ئەو رایەیە؟ . .ئەنجـوومـەن بە زۆربەی دەنگەکـان بڕیاری دا بۆ سـەعـات چواری پاش نیوەڕۆی رۆژی یەک شەممە دوا بخرێ، تەنیا دووکەس نەبێت کە ئەوانیش بەڕێزان د. عـیزەدین مستەفا رەسول و کەمال شاڵی بوون کە نارازی بوون.

**بەڕێز سـیـروان مـحـمـەد نەورۆڵی:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـوومـەن.**

هیچ لە بارەی وەزارەتی دادەوە نازانین، تکایە ئەوەی لە بارەی ئەو وەزارەتەوە دەیزانن پێـمـانی رابگەیەنن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەسەر چاو، فەرموو بەڕێز کاک عەبدوڵڵا ڕەسول.

**بەڕێز عەبدوڵڵا ڕەسول عەلی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

هەتا ئەنجوومەن دارایی خۆی دەبێ، گرووپەکان مەسرەف دەکەن، بەڵام ئێستا حەقە ئەنجوومەن پارەی لیستی مەسرەفی ئەندامانی ئەنجوومەن سەرف بکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەگەر بوودجەیەکی جێگیرمان هەبێ،ئەوە دەکەین، وەکو دەزانن هەندێ پارەمان لە گومرک وەرگرتووە بۆ شتومەک کڕین بۆ ژوورەکان. لیژنەی کڕین هەندێ شتیان کڕیوە کە جێی سوپاسە، وا بزانم زۆرشتی تریش نییە بیکڕن، چاوەڕوان دەکەن ئێمە خەریکین بۆ پەیدا کردنی، بەڵام کە نەبوو، دەبێ گرووپەکان مەسرەفیان بکێشن، خراپ نییە هەرگرووپێکیش تەخمینێکیان پێبدا، چونکە زۆر شت هەیە واماوەتەوە لە وانە مووچەی ئەندامانی پەرلەمان کە هەتا ئێستا دیاری نەکراوە. خراپ نەبوو ئەو مەوزوعەش تەواو بوایە و بڕیارمان لەسەر بدایە. هەوڵی ئەوەشمان داوە لەگەڵ چەند پسپۆڕێکی ناو پەرلەمان لەگەڵ لیژنەی یاسایی لەم بارەیەوە شتێک جێگیر بکەین. هەروەها دەربارەی وەزارەتی داد پرسیارکرا، ئەگەر روون کردنەوەیەک هەبێت شتێکی باشە.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

سەبارەت بە وەزارەتی داد کە زۆر ئەمڕۆ بۆ کوردستان پێویستە بڕیاریشمان هەیە کە دەبێ وەزارەت بێ، بەڵام ئەوەی کە ئێستا باسی لێ دەکەین و لێی دەدوێین شەخسی وەزیرەکەیە. وای بەباش دەزانین کە وەزیری داد یەکێکی بێ لایەن بێت و لەسەر یەکێ لە گرووپەکان حساب نەکرێ بۆ ئەوەی هیچ گومانێک لەوەدا نەبێ کە دادپەروەری پیادە دەکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

زۆر سوپاستان دەکەین.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

چەند وەزارەتێکی تازە پێک هاتووە.. ئایا کارەکانیان دەسنیشان کراون؟ سوپاس.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

یاسای ئەنجوومەنی وەزیران ئەوەی لێرە دەسنیشان کرد، هەر یەکە لە ئەرکەکانی چییە ، بەڵام دارشتنی هەیکەلەکە دەمێنێتەوە، ئەوە پێویستی بە لێکۆڵینەوە هەیە هەر وەکو ئێستا چەندین

خەڵکی شارەزا لەومەسەلەیە دەست بەکارن تا بتوانن هەیکەلەکە دابڕێژن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئایا ئەو وەزارەتانەی کە وەزارەتیان نییە دەستیان بە ئیشوکار کردووە؟.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

وەزارەتی پیشەسازی دەستی پێکردووە، وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن دەستی بە ئیشوکار کردووە، وەزارەتی یارمەتی مرۆڤایەتی و هاوکاری خەریکە، وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە ئەمرۆ بە کردەوە هەندی ئەرکی پێسپێردرا، واتە ئەو وەزیرانەی کە دانراون هەر یەکە دەستی داوەتە ئیشو کارەکانی خۆی، سوپاس.

**بەڕێز عەبدولکەریم کاکە حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێشنیار دەکەم کە راوەستین تا هەر وەزارەتێک بەرنامەی خۆی پێشکەش دەکات بۆ ئەوەی ئیشەکە نەبێتە دوو ئیش پاشان بە ئەنجوومەن بدرێت تا پشتیوانی یاسایی لێ بکرێت و رێنمایی پێ دەربچێت، سوپاس.

**بەڕێز د. رۆژ نوری شاوەیس/جێگری سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لە راستیدا باوەڕ ناکەم پێویست بکات بچینە کارە وردەکانی هەر وەزارەتێکەوە، یەکەم بەرنامەی وەزارەتەکە نەخوێندراوەتەوەو، گفتوگۆ نەکراوە، دووەم یاسای هیچ وەزارەتێک دیار نییە و هەیکەلەکەشی ئاشکرا نییە، ئێستا گفتوگۆ کردنی هیچ کەڵکی لێ وەرناگیرێت، چونکە ئیشوکاری زۆر لە وەزارەتەکان لە ئاڵوگۆڕ دایە، ئێمە لەو بارەیەوە هیچ بڕیارێکمان نەداوە، هیچ ئاڵوگۆڕێکی تایبەتیمان نەکردووە، دوا داڕشتنی یاسای هەر وەزارەتێک و هەیکەلەکەشی دەخرێتە روو ئینجا پێشکەشی پەرلەمان دەکرێت باوەڕیش ناکەم هیچ پرسیارێک لەم بارەیەوە تا ئەو حەلە کەڵکی هەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

وا بزانم لە پێڕەوی ناوخۆ و یاساییەکە هەرگیروگرفتێک هەبێت، لیژنەی یاسایی راسپێردراوە ئەو گیروگرفتەمان بۆ چارەسەر بکات، ئەگەر زانیمان هەر جۆرە تێکەڵاوییەک لە نێوان وەزارەتەکاندا هەبوو، یاساکەش بە بێ ئەوەی چارەسەری بکات جێگیر ببێت، ئەو کاتە یاساناسەکان دەبێ چارەسەری بۆ بدۆزنەوە.

لە بەرنامەی ئەمڕۆماندا، راپۆرتی لیژنەی ئەوقاف و کاروباری ئیسلامی هەیە، ئەگەر بەڕێزان هیچ پێشنیارێکیان نییە، جا نازانم ئەویش دوا بخرێ یان گفتوگۆی بکەین.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من خۆم راپۆرتەکەم لا نییە ، وام پێ باشە بۆ ماوەی چارەکە سەعاتێک پشوودان هەبێت تا ئیشەکە رێک دەخرێ و راپۆرتەکەش بەسەر ئەندامانداد دابەش دەکرێت، سوپاس.

**بەڕێز محەمەد ئەمین عەبدولحەکیم محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرۆژەی راپۆرتی وەزارەتی ئەوقاف بە دەستی زۆربەی ئەندامان گەیشتووە و هەندێکیشیان لێ خوێندۆتەوە. داوا لە سەرۆکایەتیی ئەنجومەن دەکەم دوا بخرێ، چونکە لە ئاستی ئەو هەموو موعاناتەی مەلا و مزگەوتە رووخاوانەی کوردستاندا نییە ئەگەر بۆ ماوەی چارەکە سەعاتێکیش بێ چاکە تا چاوێکی پێدا بخشێنینەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر هیچ شتێک نییە، با بۆ ماوەی نیو سەعاتێک پشوو بدەین.

**بەڕێز محەمەد توفیق رەحیم/ وەزیری یارمەتی مرۆڤایەتی وهاوکاری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەرای من ئێستا ئیشی لیژنەکان گرنگ نییە، گرنگ ئەوەیە ئەو دەزگا جێبەجێ کردنە دروست بکرێ کە ئیشوکارەکان بەڕێوە دەبات. پێم سەیر بوو پێش ئەوەی هیچ لیژنەیەک بکەوێتە ئیش کردن، یەکەم سیاسەتی حکومەت گفتوگۆ بکرایە جا چەند وەخت دەخایەنێ. دوور نییەدوو رۆژ بخایەنێ، لە ماوەی ئەو دوو رۆژە برادەرانی تر دەیانتوانی بگەڕێنەوە بۆ لایەنی تر و لەگەڵ پسپۆڕاندا قسە بکەن، دوای ئەوە رای خۆیان بڵێن کە ئەو سیاسەتەیان بە چاک زانی، وەزارەتەکان دابمەزرێن و رستە جیهازەکانی ئیداری دابمەزرێن و ئینجا لیژنەکان پرۆژەکانی خۆیان پێشکەش بکەن و موناقەشەی بکەن، ئەو وەختە لیژنەکان دەیانتوانی لەگەڵ وەزارەتەکاندا پرۆژەکەیان گفتوگۆ بکەن وەکو بڕیاریش بوو دەیانتوانی بەرچاوی ئەنجوومەنی بخەن. وەختێکی زۆر بە گفتوگۆ دەفەوتێن کە پێویست بەو گفتوگۆیە ناکات. ئەوقاف وەرەقەی خۆی پێشکەش دەکات، لیژنەکە کێ جێبەجێ دەکات، کێ دەڵێ ئەوە دەبێ بە سیاسەتی حکومەت؟! سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کە شتێکمان لە لیژنەکانەوە بۆ دێت هەقە بیخەینە بەرنامەوە جا ئەوسا گفتوگۆ دەکرێت.

**بەڕێز نەهلە محەمەد سەعدوڵلا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وا بزانم هەر براو خوشکێک کە گفتوگۆی یاسای وەزارەتێک دەکات پێویستە لە ناو خۆماندا گفتوگۆی بکەین تا بزانین ئیزافەمان هەیە، پێشنیارمان هەیە پێشکەشی پەرلەمانی دەکەین،

ئەو وەختە لێرەداگفتوگۆی دەکەین، سوپاس.

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومـــــــەن:**

وا باشە ئێمە پرسیارێکی لیژنەی یاسا بکەین ، چونکە واباوە کە یاسای هەر وەزارەتێک دەبێ پێشکەشی لیژنەی یاسایی بکرێت بۆ ئەوەی تەماشای بکات، بۆ نموونە، وەزارەتی کشتوکاڵ و ئاودێری ئەگەر پرۆژەی یاسای خۆی پێشکەش بە لیژنەی یاسایی کرد، ئەوان بە چەند رۆژ دەتوانن لە گفتوگۆ و لێکۆڵینەوەی بینەوە، پێرەوی ناوخۆی وەزارەتەکان ئیشی ئێمە نییە، ئیشی ئەنجوومەنی وەزیرانە. مەوزوعی ئێمە یاسای وەزارەتە، یاسای وەزارەتەکە، یا دەبێ لیژنەی یاسا، یا دایەرەی یاسا لەو وەزارەتەدا پرۆژەی یاسایەک پێشکەش بکات، یا ئەوەتا دەبێ ئەنجوومەن لەسەر داخوازی ئەنجوومەنی وەزیران، یا وەزارەتی خاوەن پەیوەندیی پسپۆڕ، یا پێشنیار بکرێت لە چەند ئەندامێکی ئەنجوومەنەوە بۆ ئەوەی یاسایەکی وەها بنووسرێتەوە. بەڕێز د. فوئاد ئەگەر شتێکمان لە بارەی ئەو مەوزوعەوە پێ بڵێ.. ئایا وەزارەتەکان لە بەرنامەی ئەنجوومەنی وەزیراندا لێیان داواکراوە هەر وەزارەتێک قانوونی وەزارەتەکەی خۆی پێشکەش بە ئەنجوومەن بکات؟!.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومـــــــەن.**

بێگومان هەر وەزارەتەی یاسای خۆی دەبێ، چونکە پسپۆڕایەتییان لە یەک جیاوازە، هەر وەزارەتەش داوای لێ کراوە لە رێگەی ئەو یاساناسانەی هەیانە لە گەڵ ئەو شارەزایانەی هەن پرۆژەی وەزارەتەکەی خۆیدا بنوسێ ، سوپاس.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومـــــــەن.**

هەر وەزارەتێک بەرنامەی ناوخۆی هەیە، پێویستە لیژنەکان لە گەڵ وەزیرەکاندا کۆ ببنەوە بۆ گفتوگۆکردنی ئەو شتە هاوبەشانەی لە نێوانیاندا هەن تا پرۆژەی بڕیارێک ئامادە بکەن، ئینجا بەرچاو ئەنجوومەنی بخەن بۆ گفتوگۆ و لێکۆڵینەوە، سوپاس.

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومـــــــەن:**

کۆتاییمان بەو مەوزوعە هێنا، وبوو بە بڕیار بۆ وەزارەتەکان، لیژنەی پرۆژەی دارشتنی یاسای وەزارەتەکان لە حکومەتدا بێ، ئێمە لەسەر ئەوە رێککەوتین کە پرۆژەکانی خۆی لە رێی وەزارەتەکانەوە پێشکەشی دەستەی سەرۆکایەتی بکات، ئەویش لە رێی خۆیەوە بەرچاوی ئەنجوومەنی دەخات. خاڵی سێیەمیش مەوزوعی گفتوگۆکردنی یاسای وەزارەتەکانە، دەبێ هەر وەزارەتێک یاسای خۆی هەبێ، لە جەنابی سەرۆک وەزیرانمان پرسی، دەڵێ: هەر وەزارەتە دەبێ

یاسای خۆی ئامادە بکات، ئێمەش داوامان لە یاساناسەکانمان کرد: چەند وەختتان پێویستە بۆ گفتوگۆ کردنی یاسای وەزارەتێک، گوتیان: دووتا سێ رۆژ.

**بەڕێز د.رۆژ نووری شاوەیس/جێگری سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەر وەزارەتە بەپێی ئەو ئەرکانەی دەکەونە سەرشانی یاساکەی دیاری دەکات، هەروەها وەختەکەشی دیاری دەکات. دەشێ یاسای هەندێ وەزارەت بە دوو تا سێ رۆژ تەواو بێت، بەڵام هەندێکی دوور نییە حەفتەیەک زیاتر بیات. لەبەر ئەوە ناتوانین ئەوە دیاری بکەین کە یاساکانی هەموو وەزارەتەکان وەکو یەک کاتیان دەوێ، سوپاس.

**بەڕێز مەلا محمد عەبدولقادر/ وەزیری ئەوقاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە وەزارەتی ئەوقاف، ئێمە پێڕەوی ناوخۆی وەزارەت و بودجەی گشتی وەزارەتەکەمان ئامادە کردووە. بە رای من بەرنامەی دەوڵەت ئەگەرگفتوگۆی لەسەر نەکرێت ئەو بەرنامەیەی ئێمەش نابێ گفتوگۆی لەسەر بکرێت، چونکە لەبەر تیشکی ئەو دانراوە. ئێستا یاساکەمان ئامادە کردووە، پێڕەوی ناوخۆمان ئامادە کردووە، بوودجەمان ئامادەکردووە، چاپمان کردووە لەلای خۆمە، بەڵام بە بۆ چوونی من دەبێ بدرێت بە ئەنجومەنی وەزیران، ئەویش لە رێی خۆیەوە بیدات بە لیژنەی یاسایی، لیژنەی یاساییش پاش ئەوەی لێی دەکۆڵێتەوە بە ئەنجومەنی نیشتمانیی دەدات. دەبێ بەو جۆرە بڕوات تا کامڵ دەکرێت، سوپاس.

**بەڕێز خەسرەو گوڵ محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دەڵێم وەختی خۆی گوترا ئەو بابەتانە پێشکەش بکرێن کە چارەسەری پەلەی دەوێ وەکو دانەوێڵە، سوپاس.

**بەڕێز د. جەلال شەفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێویستە لیژنەکانی پەرلەمان بە ئەرکی خۆیان هەڵسن، بە تایبەتی بەو کارانەی بە پەلەن، چاوەڕوانی ئەوە نەکەن وەزارەتەکان پرۆژەی خۆیان پێشکەش بکەن، ئەوە بوو لیژنەکەی ئێمە، لیژنەی کشتوکاڵ و ئاودێری پرۆژەیەکی کڕین و تسویق کردنی دانەوێڵەی خستە بەردەم پەرلەمان، بەڵام بە داخەوە دوای (٢٤) رۆژ ئینجا گفتوگۆ کرا ئەگەر چی بەنیسبەت هاووڵاتییانەوە زۆر گرنگە، دوێنێ لیژنەی فێرکردنی باڵا کۆبۆوەوە و باسی هەندێ خاڵی گرنگمان کرد، لەوانە مەسەلەی ئەو قوتابییانەی کە شەشی ئامادەییان تەواو کردووە، ئێستا نازانین چارەنووسیان چییە، ئێمە وەکو لیژنە بریارماندا پرۆژەیەک بخەینە بەردەم پەرلەمان سەبارەت بە چۆنیێتی دابەش کردنی فۆرمی وەرگرتن و زیاد کردنی بەشەکانی ناوخۆیی زانستگای

سەلاحەدین و پەیمانگا هونەرییەکانی هەر سێ شارە گەورەکە. هەروەها سەر لە نوێ کردنەوەی زانستگای سلێمانی ئەگەر چەند کۆلیژێکیش بێت وەک (کشتوکاڵ، بەیتەرە، زمان) بۆ ئەوەی لە ساڵی ١٩٩٢ - ١٩٩٣ دا گەورەترین ژمارە لە قوتابیان قبووڵ بکرێن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەگەر شتی تازە نییە با بۆ نیو سەعاتێک پشوو بدەین لە سەعات ١١/٣٠ تا سەعات (١٢) پشووە.

**پاش نیو سەعات پشوو، ئەنجوومەن جارێکی دیکە کۆبووەو**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن ئاوا دانیشتنەکەی دەست پێکردەوە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کۆبوونەی ئێستامان بەردەوام بوونی کۆبوونەوەکانی سەر لە بەیانییە، ئەویش گفتوگۆ کردنی پرۆژەی ئەو ڕاپۆرتەیە کە لەلایەن لیژنەی ئەوقاف و کاروباری ئیسلامییەوە پێشکەش کرا. ئەوە بوو پێشنیار کرا کە لە کاتێکی تردا گفتوگۆ بکرێت. هەروەها لیژنەی ئەوقاف خۆشی داوای ئەوەی کرد کە بۆ وەختێکی تر دوا بخرێ. ئێمە وەکو دەستەی سەرۆکایەتی وای بۆ دەچین ناتوانین ڕۆژی یەک شەممە لە بەرنامەکەدا تۆمار بکەین، هەروەها ڕۆژی دووشەممەش، چونکە دەشێ بەرنامەی ئەنجوومەنی وەزیران بە ڕۆژێک تەواو نە بێت، بۆیە وەکو پێشنیارێک ئێمە وای بە چاک دەزانین لە بەرنامەی ڕۆژی سێ شەممەدا تۆماری بکەین، تا ئەو ڕۆژە لە لیژنەی ئەوقاف و کاروباری ئیسلامی داوا دەکەین پەیوەندیی بە وەزارەتی ئەوقافەوە بکەن، چونکە وەکو بەڕێز وەزیری ئەوقاف فەرمووی، ئەوانیش یاسای وەزارەتی ئەوقافیان ئامادە کردووە. جا مادام ئەوان یاساکەیان ئامادە کردووە، با لیژنەکە قسەیان لە گەڵدا بکەن و ئیشوکاری خۆیان ڕێک بخەن، ئەو کاتە دوور نییە گفتوگۆی ئەو ڕاپۆرتە هەر بکەین، ڕاپۆرتەکە دەکەوێتە بەرنامەی کاری وەزارەتەوەو قانوونەکە بە لیژنەی قانوونیی ئەنجوومەنی نیشتمانیی دەدەین تا لێی بکۆڵێتەوە و دیراسەی بکات.

**بەڕێز محەممەد ئەمین عەبدولحەکیم محەممەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

سوپاست دەکەین، ئێمەش وای بە باش دەزانین لە گەڵ وەزارەتی ئەوقاف دانیشین تاکو ڕاپۆرتەکە بە شێوەیەکی پوختتر بەرچاوی ئەنجوومەنی بخەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەدایە پرۆژەی ڕاپۆرتی لیژنەی ئەوقاف و کاروباری ئیسلامی بۆ ڕۆژی سێ شەممە دوا بخەین؟ ..ئەندامانی ئەنجوومەن بە گشتی ڕازی بوون لەسەر ئەوەی کە پرۆژەی ڕاپۆرتەکە بۆ ڕۆژی سێ شەممە دوا بخرێ..کێ دژە؟ تەنیا بەڕێزان د. عیزەدین مستەفا ڕەسول و حەسەن

عەبدولکەریم بەرزنجی لە دژن. بۆ رۆژی سێ شەممە دواخرا. وەکو گوتم لە بەرنامەی ئەو رۆژەدا تۆماری دەکەین. وەکو لەمەوبەر باسم کرد برایان ئەندامانی لیژنەی ئەوقاف و کاروباری ئیسلامی ئەگەر توانییان لەگەڵ وەزارەتی ئەوقافدا تەنسیق بکەن لەوەیە هیچ پێویست بە گفتوگۆ کردن نەکات. بەرنامەی ئەمڕۆمان تەنیا ئەم دوو خاڵە بوو، و ئەم دوو خاڵەش دوا خران. هیچ خاڵێکی تر نییە باسی بکەین، لەبەر ئەوە کۆبوونەوەکەمان بۆ رۆژی یەک شەممە رێکەوتی ٧/١٩ دوا دەخەین. کەس تێبینی تری نییە؟.

**بەڕێز د. عیزەدین مستەفا رەسول:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دوێنێ لیژنەمان کۆ بۆوە و راپۆرتی خۆی ئامادە کرد، وا بزانم رۆژی یەک شەممە بە چاپ کراوی بە دەست ئەندامان دەگات، وا بکەن لە بەرنامەی رۆژی سێ شەممەدا تۆماری بکەن تا گفتوگۆی لەسەر بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مەسەلەی راپۆرتی لیژنەکان لە مەودوا وەکو برادەران پێشنیاریان کرد جێگیری دەکەین، لە مەو دوا وەزارەتەکان پێشنیاری خۆیان دەکەن چ پرۆژەی یاسا بێت، یان هەر بابەتێکی تر بێت کە پێویست بکات لێرەدا باس بکرێت، ئەوان رەوانەی دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی نیشتمانیی دەکەن و، ئێمەش بەش بە حاڵی خۆمان ئەگەر گەیشتینە قەناعەتێک کە پێویست بەوە بکات رەوانەی لای لیژنە پسپۆڕەکانی بکەین، رەوانەی دەکەین بۆ ئەوەی لێی بکۆڵێتەوە، پاشان بۆ ئەنجوومەنی بگێڕێتەوە، ئەوسا ئێمەش لە بەرنامەی کۆبوونەوەدا تۆماری دەکەین تا گفتوگۆی لەسەر بکرێت و بڕیاری پێ وەرگیرێ. تکایە لە مەولا وەزارەتەکان پەلە لە ئامادەکردنی یاسای وەزارەتەکان بکەن و رەوانەی لای ئێمەی بکەن، تا ئێمەش لە رێی خۆمانەوە بۆ لیژنەی یاسایی رەوانەی بکەین و ئەوانیش لێی بکۆڵنەوە و تێبینی خۆیانی لەسەر دەربڕن، لیژنەکانیش لە مەولا ئەوەندەی پەیوەندیی بە ئیشوکاری وەزارەتەکانەوە هەیە موراعاتی وەزعەکە بکا. هەرشتێکیش لە دەستەی سەرۆکایەتییەوە بۆیان بێت هەقیان نییە لێی بکۆڵنەوە و بیکەن بە پرۆژەیەک ئەگەر لە دەستەی سەرۆکایەتییەوە بۆیان رەوان نەکرا بەپێی پێڕەوی ناوخۆ هەقیان هەیە تەشریعاتمان بۆ بکەن. هەر (١٠) کەسیش مافی ئەوەیان هەیە پێشنیارێک بدەن بە ئەنجوومەن، ئەگەر ئەمە وەکو بڕیارێکی لێ بکەین لەمەو دوا پیادەی دەکەین.

**بەڕێز عومەر سەید عەلی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دوێنێ لە ناوچەی شارەزوور کۆمەڵێک جووتیار پەیوەندییان پێوە کردم کە گەنمێکی زۆریان هەیە دەڵێن پێمان بڵێن چی لێ بکەین. لێمان دەکڕن، لێمان ناکڕن؟ ئینجا نازانم وەڵامێکی کۆنکرێتیتان لایە یان نا؟! سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دوێنێ لێرە بڕیارێکمان دا کە ئەرکی سەرشانی ئەنجوومەنی وەزیرانە وەڵامیان بدەنەوە، چونکە مەسەلەکە سەر بە ئەوانە و ئەوان بڕیاری لەسەر دەدەن، هیوادارم ئەو جووتیارانە، یا ئەو برادەرانەی بەو ئیشە هەڵدەستن پەیوەندیی بە ئەنجومەنی وەزیرانەوە بکەن بە تایبەتی بە وەزارەتی کشتوکاڵ و ئاودێرییەوە، تا ئەنجامەکەی بە دەست بهێنن.

**بەڕێز مەلا هادی خضر سالح:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پاش ئەوەی پێشنیارەکان لە خوارەوە بۆ دەستەی سەرۆکایەتی رەوانە دەکرێت، بە رای من پاش ئەوەی لیژنەی پسپۆڕ لێی دەکۆڵێتەوە، سەرۆکی لیژنەکەو جێگری سەرۆک وسکرتێری لیژنەکە لەگەڵ دەستەی سەرۆکایەتیدا کۆ ببنەوە بۆ ئەوەی راپۆرتەکە زیاتر دەوڵەمەند بکرێت. مامۆستایانی کوردستان پێشنیاریان کردووەتە سەر لیژنەی پەروەردە کە قوتابییان داوای دووبارە کردنەوەی ئیمتیحانیان کردۆتەوە بەو پێیەی وەزعی کوردستان ئەمساڵ نالەبار بووەو قوتابییان نەیانتوانی بخوێنن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بە نیسبەت خاڵی یەکەم کە فەرمووت پێچەوانەی پێڕەوی ناوخۆی ئەنجومەنە، دووەمیش بۆ مەسەلەی قوتابییان، ئەوە ئیشوکاری ئەنجوومەنی وەزیرانەو، ئێمە لەمەولا تەماشای پێشنیاری ئەوان دەکەین، ئەگەر شتێکی تریش هەبوو وەکو لە پێڕەوی ناوخۆدا هاتووە، هەر(١٠) ئەندام مافی ئەوەیان هەیە پێشنیارێک بە ئەنجومەن پێشکەش بکەن، ئەو کاتە لیژنەی پسپۆڕ لێی دەکۆڵێتەوە، وا بزانم لیژنەی پەروەردە شتێکی وای هەیە ئەگەر هاتینە سەر ئەو مەسەلەیە، گفتوگۆی دەکەین.

**بەڕێز کەمال جەلال غەریب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

سەبارەت بەلیژنەی فیرکردنی باڵا راپۆرتەکە ئامادەیەودەشێ بیخەینە رۆژی سێ شەممەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئێوە کەراپۆرتەکەتان تەواو کرد بە ئێمەی بدەن، هەر کاتێ وەخت هەبوو لە بەرنامەکەدا تۆماری دەکەین.

**بەڕیز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من دەمەوێ باسی دووخاڵ بکەم، یەکەمیان پەیوەندیی بە وەزعی ناوخۆوە هەیە و دووەمیشیان پەیوەندی بە وەزعی دەرەوە هەیە.سەبارەت بە یەکەمیان کۆمەڵە بەڵگەیەکم لا هەیە کە شەخسێک (٢٠)عەموودی کارەبای دەرکردووە، پێشمەرگەی هەموو لایەنەکان تیایا بەشدارن،

دزەکەیان گرتووە. بەڕێوەبەری کارەبا نەیویستووە بیگرێ چونکە ترساوە، پاشان پەیوەندیی بە حاکم (تحقیق)ەوە کراوە، پاشان چووەو هەر ڕۆژە یەک دوویەکی لێ دزراوە، بەنیسبەت تایەشەوە هەموومان بە چاوی خۆمان دەبینین بە پسووڵەی بەرەی کوردستانی تایە بۆ بەغدا دەڕوات، وەکو باسیشی دەکەن بۆ زرێپۆش (تحویر) دەکرێت، ئێمە پرسیار لە ئەنجوومەنی وەزیران دەکەین و هەروەها لە وەزیری ناوخۆ ئەم دیاردەیە تاکەی؟ دوای هاتنی مەدام دانییێل میترانیش لەگەڵ بێرنارد کۆشنەری وەزیری تەندروستی و کاروباری کۆمەڵایەتی بۆ کوردستان، ڕۆژنامەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران، بە تایبەتیش ڕۆژنامەی جەمهووری نووسییویەتی: هاتنی مەدام دانییێل میتران بۆ کوردستانی عیراق هان دانێکە بۆ دابەش کردنی عێراق. قسەکەرێکی ڕەسمی فەرەنسا لە لێدوانێک دا گوتی: سەردانەکەی مەدام دانییێل میتران و کۆشنەر بۆ کوردستانی عێراق ڕەسمی نییە، بەڵکو شەخسییە، داوا لە سەرۆک وەزیران دەکەم ئەمەمان بۆ روون بکاتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

نازانم ئەنجوومەنی وەزیران هیچ روون کردنەوەیەکیان هەیە دەربارەی ئەو پرسیارانەی برادەران بەرچاویان خست؟.

**بەڕێز کەمال ئیبراهیم فەرەج شالی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێشنیار دەکەم بە زووترین کات وەفدێک بۆ وڵاتە دراوسێکان بنێرن، بە تایبەتی بۆ ئێران، چونکە حکومەتی ئێران گلەیی کردووە لە وەی کە تا ئێستا وەفدی پەرلەمانی کوردستان بۆ ئێران نەڕۆیشتووە. حکومەتی جمهووری ئیسلامی هەندێ بەڵێنی داوە بە میللەتی کورد، لەوانە ناردنی پاڵایشگایەکی نەوت بوو بۆ هەڵهێنجانی بیرە نەوتەکانی کوردستانی رزگار کراو، هەم بۆ ئەوەی رای حکومەتی ئیسلامیی ئێرانیش بەرانبەر بە پەرلەمانی کوردستان بزانین، ئەم پێشنیارەتان پێشکەش دەکەم، ئەگەر چی جارێکی تریش داوام کردووە و تا ئێستا وەڵامی نەبووە، سوپاس.

**بەڕێز د. عیزەدین مستەفا رەسول:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بۆ پێشنیارەکەی بەڕێز مەلا هادی، دوێنێ یادداشتی قوتابییان پێشکەش کرا، کۆمەڵێک لە قوتابییان کە لە نوێنەری (٦) حزب پێک هاتووە، یادداشتێکیان بە ئەنجوومەن داوە، بەڵام بە پێی یاسای زانکۆی سەلاحەدین، مامۆستایان مەسەلەی دووبارە تاقی کردنەوەیان بە مەعقووڵ نەزانی، سوپاس.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد ڕەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پشتگیریی پێشنارەکەی بەڕێز کەمال دەکەم، هەروەها پێشنیار دەکەم وەفدێک بۆ ئێران، سوریا، تورکیا بچێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئایا ئەنجوومەنی وەزیران لەسەر تایە ناردن بۆ بەغداو، لەسەر سەردانەکەی مەدام دانییێل میتران، هیچ روون کردنەوەیان هەیە؟.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەمەودوا ئاگاداریی بەرەی کوردستانی بکەن وەرەقە بۆ هیچ شتێک نەکات، سوپاس.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

سەبارەت بە سەردانەکەی ئەم دواییەی مەدام دانییێل میتران و وەفدە هاوکارەکەی کرا، چ لە عێراق چ لە دەرەوەی عێیاق دیارە ئەوانە مەترسییان لەوە هەیە بزووتنەوەی کورد بەهێزبێ و جێگیر ببێ، بەنیسبەت عێراقەوە هەوڵی زۆری بۆ دەدا بۆ ئەوەی وەزعی کوردستان تێک بداو ئاسایش نەمێنێ، بروایی بە دەسەڵاتی حکومەتی کوردستان نەمێنێ و وا بکات خەڵک بڵێ: بۆ باوەشی حکومەتی مەرکەزی بچینەوە باشترە، سەرباری ئەو ئابڵوقەیەی بەسەر کوردستانیشدا سەپاندوویەتی، زانیاریی زۆریش لە لایەن زۆربەی لایەنە سیاسییەکان هەیە کە چەندین پیلانی داناوە بۆ ئەوەی بارودۆخی کوردستان ئاڵۆز بکات، چ لە ڕێگای ئۆتۆمبیل تەقاندنەوەوە، چ لە ڕێگای جاسووسەکانی. ئێستا دیاردەیەک هەیە کە جاسووسەکان کوردستان بە جێ دەهێڵن و بۆ ناو حکومەتی مەرکەزی دەڕۆنەوە و دیاردەیەکی تریش لە نوێ دەیەوێ چەکدار بۆ خۆی پەیدا بکاتەوە و ئەمەش شتێکی سروشتییەو روو دەدات و، هاتنی مەدام میترانیش کاریگەرییەکی پروپاگەندەیی هەبوو، هەروەکو کاریگەری سیاسیشی هەیە، جا بۆیە دەبێ حیسابی ئەوە بکەین لە زۆر لایەنەوە دژایەتیی دەکرێین، دەبێ حیساب بۆ هەموو ئەو شتانە بکەین، هەر لایەنەش کە دژایەتیمان دەکا دەیەوێ دۆخی کوردستان ئاڵۆز بکاو پشت بە هەندێ لەو خەڵکانە دەبەستێ کە لە کوردستاندا هەیەتی، بۆیە مەسەلەی پاراستنی ئاسایشیش ئەوگرنگییەی هەیە و دەبێ هەوڵی ئەوە بدەین وەزارەتی ناوخۆ بە زووترین کات دەزگاکانی خۆی دامەزرێنێ و بە ئەرکەکانی خۆشی هەڵبستێ و پەرلەمانی بەڕێزیش تۆزێ حیساب بۆ ئەو بوودجەیە بکات کە دایدەنێ.

بۆ تایە بردنیش بۆ دەرەوەی کوردستان بە راستی فیکرەکە ئەوە بووە وەکو ترانزێت بەکار بێت وگومرکی لێ وەرگیرێ، مەبەستەکە تەنیا مەسەلەی گومرک بووە، بەڵام وا دیارە ئەو تایانە بە چەندایەتییەکی وا دەڕۆن، دیارە تەنیا بۆ پێویستیی خەڵک نییە وەکو هەندێ زانیاری هەیە،

ئێستا ناوچەی زۆنگاوەکان ئاوەکەی وشک دەکرێ، ئاوەکەی دەبڕێتەوە سەر(شط العرب) و بۆ کەنداو دەڕوات بۆ ئەوەی لەوێش سیاسەتی (تهجیر)ی خۆیان بەکار بهێنن و ئەو خەڵکەی ماوەیەکە لەوێ ( معارض)ن، نەیانهێڵن. وەکو باس دەکرێت ئێستا شۆفڵ و مەکینەکانی تر قیمەتێکی زۆر دەکەن، واتە ئەوەی جاران بۆ ئێرانیان دەبرد، لە وێوە دەیانهێنا بۆ ئێرە و لێرەوە بۆ ئێران دەچوو، ئێستا بە پێچەوانەوە، حکومەت بە پارەیەکی زۆر دەیکڕێ، هەروەها گەلابەولۆریش... هتد، چونکە حکومەت لە ڕێی ئوردنەوە ناتوانێ ئەو تایانە بێنێ، ئابڵوقەکە لەو ڕێیەوە تۆزێ زیاتر توندکراوە، بەڵام ئێستا لە ڕێی کوردستانەوە بۆیان دەچێ، ئێمە وای بە باش دەزانین، ئەگەر بتوانین ئەم ڕێیەیان لێ بگرین و قەدەغەی بکەین، دەبێ حیساب بۆ ئەو پارەیە نەکەین کە بە ناوی گومرکەوە بە دەستمان دەگات، چونکە ئەو چۆن ئابڵوقەی لەسەر ئێمە داناوە، حەقە ئێمەش ئەو ئابڵووقەیە بە هەمان شێوە لەسەر ئەودا بنێین. وەکو باسیش کرا دەشێ ئەوتایانە دوای ئەوەی دەسکاریی دەکرێن، بۆ کاروباری سەربازیی بەکاربهێنرێن کە سبەی دیسان هەڕەشە لە خۆمان دەکات، بەڵام لە سەدا سەد زانیاریی ئەو تۆمان لاپەیدا نەبووە لە بارەی ئەو شتانەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێشنیارێک هەیە کە بانگەوازێک لەلایەن ئەنجوومەنی وەزیرانەوە بڵاو بکرێتەوە لە ڕێی دەزگاکانی ڕاگەیاندنی حزبەکانەوە بۆ ئەوەی خەڵک هۆشیار بکرێتەوە سەبارت بە مەسەلەی ئاژاوە نانەوەوە، ڕاستە ئێستا دەزگای خۆمان وەکو پێویست ئیش ناکات و پۆلیسمان کەمەو، پێداویستەکانی پارێزگاری کردن هێشتا کەمن، بۆ ئەوەی پۆلیس بتوانێ ڕۆڵی خۆی ببینێ، ئەمەش یەکێکە لەو کەموکوڕییانەی دەبێ ئیشی بۆ بکەین، هیواداریـن بە زووترین کات پێداویستەکانی پۆلیس تەئمین بکرێت تا بتوانێ ئەرکی سەر شانی خۆی جێبەجێ بکات.

**بەڕێز عومەر سەید عەلی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەو مەسەلەیە پەیوەندیی بە پێش خۆیەوە هەیە، ڕاستە وەکو دەڵێن لە بواری (تصنیع عسکری) بەکار دێت، بەڵام ئێمەش تا ئێستا هیچمان بۆ خەڵک ئامادە نەکردووە. ئەو تایانەی لە ئێرانەوە دێن، دەیانبەن بۆ هەولێر، دەیانبەن بۆ دهۆک، ئەگەر تۆ بازگەکانی لێ بگرێت، خۆشت لە گومرک بێ بەش دەکەی، ئەوانیش ڕێگای تر دەدۆزنەوە ولە کوردستان ئاو دیویان دەکەن، ڕاستە حکومەت سوود لەو تایانە وەردەگرێت، بەڵام ڕێ گرتن، یەعنی ڕێی کاسبی لەو خەڵکە دەگری، تەنانەت نابێ بستە و قەیسیش بڕۆن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

وەزیری دارایی و ئابووریش لێرە نییە، بەڵام دەبێ قسەیەکیش بۆ ئەوان بکەین، چونکە لێرە

دوولایەنە. راست دەکا و پەیوەندیی بە کەسابەتیی خەڵکییەوە هەیە، لەلایەکی تریشەوە پەیوەندیی بە (سیولە)ی دراوەوە هەیە، بەرامبەر بەوەش حکومەت بڕیاری هەیە مەسەلەی قەدەغەکردنی تایە دەهێڵینەوە بۆ ئەنجوومەنی وەزیران، ئەوان چ ئیجرائاتێک بە پەسند دەزانن ئەوە بکەن.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

داوا دەکەم کۆبوونەوەکە دوابخەین، چونکە شتێکی وامان نییە، تەنها کات کوشتنە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

لەبەر ئەوەی شتی تازەمان نییە، بەرنامەکە دووخاڵ بوو هەموومان دواخست هەرشتێکی تر هەیە بۆ دانیشتنی داهاتوو رۆژی یەک شەممە سەعات (٤)ی پاش نیوەڕۆ، سوپاس.

**فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا**
**سکرتێری ئەنجوومەن**

**نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا**
**جێگری سەرۆک**

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

## پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە(١٥)

یەک شەممە ڕێکەوتی ١٩/٧/١٩٩٢

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره(١٥)

## یەک شەممە رێکەوتی ١٩٩٢/٧/١٩

***کاتژمێر (٤)ی سەر لە ئێوارەی رۆژی یەک شەممە رێکەوتی ١٩٩٢/٧/١٩، ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان، بەسەرۆکایەتی بەڕێز جوهر نامق سالم سەرۆکی ئەنجوومەن و، بەئامادە بوونی جێگری سەرۆک بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا و، سکرتێری ئەنجوومەن بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوللا، دانیشتنی ژمارە(١٥)ی خولی ئاسایی یەکەمی، سالی یەکەمی خۆی بەست.***
***بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن دانیشتنەکەی بەناوی خوای بەخشندەو میهربان و، بە ناوی گەلەوە دەست پێکرد.***
***بەرنامەی کار:***
***بەردەوام بوون لەسەر گفتوگۆ کردنی بەرنامەی ئەنجوومەنی وەزیران.***

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**
ئێستا دەست بە بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان دەکەین، ئەگەر سەرنجێکتان هەیە فەرموون.
**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/سەرۆک وەزیران:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**
بەبڕوای من واباشە پێش ئەوەی بچینە سەر گفتوگۆ کردن، بەرنامەیەک بۆ گفتوگۆ کردنی ئەم بەرنامەیە دابنێین وبزانین، ئایا بەش بەش یا برگە برگە؟ بەو شێوەی ئەنجام دەدەین کە برادەران لەسەری رازی بن، بەلای منەوە واباشە بەش بەش گفتوگۆی لەسەر بکرێت بۆ ئەوەی هەمووی پێکەوە بێت ودووبارە کردنەوەی نەبێت، سوپاس.
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**
زۆر سوپاس، وابزانم ئوسول وایە، هیوادارم گفتوگۆی هاوبەشی کەم بکەینەوە وئەو بابەتەی کە تەواومان کرد بۆی نەگەڕێینەوە ولەکورت وچڕی بیروراکانمان دەربڕین، تکام وایە درێژە بەبابەت نەدەین وبەبێ پێشەکی بچینە ناوباتەوە، لام وابێ باشتر وا بەشێوەی گفتوگۆ کردنمان لەباتی قسەکردن بەنووسین بێت وبۆ خوێندنەوەش لە چەند دەقیقەیەک تێ نەپەڕێت، وا ئێمە لە دەستەی سەرۆکایەتی ئەم بڕیارەمان داوە ونیازمان وایە چەند برادەرێکیش لە ئەندامانی ئەنجوومەن بۆ ئەم مەبەستە بانگ بکەین وپێکەوە بتوانین بەرنامەیەک بۆ گفتوگۆکانمان بچەسپێنین، چونکە وەکو وتم جاری وا هەیە (٤٥ـ ٤٧) کەس بەشداری گفتوگۆ کردنی یەک بابەت دەکەن، ئێستا ئێمە لەسەرەتاوە واتە لەلاپەرەی یەکەمەوە دەست پێدەکەین، ئەگەر برادەران هیچیان نەبێت لەسەر پێشەکییەکە ئەوا دێینە سەر بەشی یەکەم، بێگومان پێویست بە خوێندنەوەی بەرنامەکەش

ناکات چونکە لای هەمووتان هەیە، کێ لەسەر پێشەکییەکەی تێبینی هەیە بادەست بەرزبکاتەوە و، تەنها رێ بەوانە دەدەین گفتوگۆ بکەن کە پێشەکی خۆیان ناونووس دەکەن وبەڕێزان سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان وجێگرەکەی وەڵامی تێبینییەکان دەدەنەوە، یاخود وەزیری تایبەت، ئەویان بۆ خۆیان بەجێ دەهێڵین.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

هەموومان وەک یەک نین، ئەگەر پسپۆرایەتیشی ویست ئەو کاتە وەزیری تایبەت وەڵام دەداتەوە، سوپاس.

**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقووبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەو بەرنامەی ئەنجوومەنی وەزیرانە کە حەفتەی رابوردوو خوێندرایەوە لە لایەن هەموو ئیزگەو تەلەفزیۆنەکانەوە بلاوکرایەوە، بە بڕوای من نەدەبوو بلاو بکرێتەوە تاوەکو گفتوگۆ کردنەکەی تەواو دەبوو وبڕیاری لەسەر دەدرا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

مەبەست لەبلاوکردنەوە چییە؟.

**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقووبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەو رۆژە بەرنامەی ئەنجوومەنی وەزیران لەلایەن بەڕێز د.فوئادەوە خوێندرایەوە، پەیامنێری ئاژانسی دەنگوباسەکان تۆماریان کرد بلاویان کردەوە، بە بڕوای من پێویست بوو بلاونەکرێتەوە تا گفتوگۆیەکەی تەواو دەبێت ودوا دارشتن وەردەگرێت ولە پەرلەمانەوە پەسند دەکرێ، نازانم بۆ وا ئەنجام نەدرا؟ سوپاس.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من لە دەرەوەی ئەم هۆڵە بلاوم نەکردۆتەوە، تەلەفزیۆنەکانیش لێرە بوون بەراستیش ئەوە پرۆژەیە وئەشێ ئەنجوومەنی وەزیرانی پرۆژەیەک پێشکەش بکات پەرلەمان هەمووی رەت بکاتەوە، واتە ئەوە نەهێنی نەبووە تا بلاونەکرێتەوە، سوپاس.

بەڕێز یحیی محەمەد عەبدولکەریم بەرزنجی:

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

هەندێ تێبینیم لەسەر بەکارهێنانی چەند وشەیەک هەیە کە لەجێگای خۆی لەناو بەرنامەکە بەکار نەهێنراوە، لەپێشەکییەکەدا لە (٧) جێگا وشەی (کۆمەلانی خەلکی کوردستان) بەکارهاتووە، یەکجار (نەتەوە) وجارێکیش (میللەت) بەکارهاتووە، ئیتر گەلی وەکو گەلی کوردی تێدا

بەکار نەهاتووە، لە شوێنێکا وەکو (هەزاران هەزار کۆمەڵانی خەڵک ڕێزیان گرتبوو تا دەنگیان لەکیس نەچێ)، ئا لێرەدا گوزارشتی (کۆمەڵانی خەڵک) لە جێگای خۆیدا بەکارهاتووە، ئیتر لەوانی تردا کە ئەڵێ (ئێمەی خەڵکی کوردستانیش ) ئەگەر (ئێمەی کوردی) بووتایە گەلێ باش ولە جێی خۆیدا دەبوو، یاکە ئەڵێ (ڕژێمی عێراق هەموو جۆرە سیاسەتێکی دژ بەخەڵکی کوردستان تاقی کردەوە) ئەگەر لێرەدابیووتایە (ڕژێمی عێراق هەموو جۆرە سیاسەتێکی دژ بە کورد تاقی کردەوە) ڕاست تر بوو چونکە خەڵکی تر لەکوردستاندا وەک عەرەب و تورکمان هەبوونە ڕەنگە بەئاسوودەیی ژیابن، یا لەوانەیە خەڵکی کورد لەدەرەوەی عێراقیش بوو بێت وبەو سیاسەتە بریندارببووە، هەروەها لەشوێنێکی تر هاتووە (بەڵام کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بەرەنگاری ئەم سیاسەتەی ڕژێم وەستاون). خەڵکی کوردستان هەبووە کە لەدەرەوەی کوردستان لە خوارووی عێراقیش بوو هەر لەگەڵ سیاسەتی ڕژێمدا نەبووە. بۆیە تکام وایە (کۆمەڵانی خەڵک) لەجیاتی کوردو لە جیاتی نەتەوە وگەل وجەماوەرو هەموویان بەکارنەهێنن، ئەویان بەراست نازانم، سوپاس.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی ئەوە شتێکی بابەتی نییە بەڵکو زۆر شەکلییە، کە دەوترێ (کۆمەڵانی خەڵک) زیاتر مەبەست ئەوەیە واپیشان بدرێ ئێمە لەگەڵ کۆمەڵانی خەڵکین، کۆمەڵانی خەڵک لەگەڵ ئێمەدایە. مەسەلەی گەلی کوردستان براوەتەوە ئەوە نییە ئەگەر لێرە نەمان نووسی جۆرە (تردد) یک هەیە، بەکارهێنانی بەپێی جێگایە وەکو (بۆگەلی کوردستانی عێراقە وخەباتمان لەپێناوی یەکسانی وهتد..)لە بەکارنەهێنانی (گەلی کورد) مەبەستم بووە، چونکە لە کوردستاندا تەنها کورد ناژێت، دەبێ هەوڵی ئەوە بدەین لەدەربڕیندا شتی ڕەگەز پەرستی بەکار نەهێنین. بۆیە (گەلی کوردستان وخەڵکی کوردستان )مان بەکار هێناوە تا هەمووی بگرێتەوە، باوا پیشان نەدەین کە ئێمە تەنها نەتەوە وتەنها بزووتنەوەین لەکوردستاندا، وەک وتم تورکمان وئاسووری وعەرەبیش هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو بابەتانەی کە پەیوەندیان بە زمانەوانییەوە هەیە لەکاتی دارشتنەوەدا ئەو تێبینیانە ڕەچاو دەکرێن.

**بەڕێز د. ناسح غەفور ڕەمەزان/وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەرای من دەتوانین لەجیاتی (خەڵکی کوردستان) گەلی کوردستان یا (جەماوەری کوردستان بەکار بهێنین)، سوپاس.

**بەڕێز یونادم یوسف کنا/وەزیری ئەشغال ونیشتەجێکردن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێشنیارێکم هەیە حەز دەکەم بخرێتە سەر پێشەکییەکە ئەویش ئەوەیە (بۆ پتەو کردنی پەیوەندی کورد وئاشوری وتورکمان) ئەمە بکرێتە بڕگەیەک ولەپێشەکییەکە دانرێت، سوپاس.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

کە وتمان پتەو کردن ئەوە دەگەیەنێ کە ئێمە لایەنێکی سیاسین ولەگەڵ لایەنێکی تری سیاسی، یاخود خۆمان بەوە دابنێین کە نوێنەرایەتی لایەنێک دەکەین ونوێنەرایەتی لایەنێکی تر ناکەین، ئێمەی ئەنجوومەنی وەزیران نوێنەرایەتی ئەو پەرلەمانە دەکەین، ئەویش نوێنەرایەتی هەموو کوردستان دەکات، جێی خۆی نییە (بڵێین پتەوکردنی پەیوەندی) بەڵام لە شوێنەکانی ناوەوە باسی ڕێز لێنان لە مافی نەتەوایەتییەکانی کوردستان، مافی ئایینی ورۆشنبیری باسکراوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەگەر لەپێشەکییەکەدا شتێک بنووسرێت، مەرج نییە (پتەو کردنی پەیوەندیش بێت)، بەڵکو جۆرە ناوهێنانێک هەبێت.

**بەڕێز د.ڕۆژ نوری شاوەیس/جێگری سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەڕێزان لەسەر باسی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان ودانیشتوانی کوردستان، بەش بەحاڵی خۆم بەچاکی ئەزانم ناوی کوردیشی تێدا بێت، چونکە ناوی کورد لە شوێنی تایبەتیدا ڕەنگە بێت، بەتایبەتی کە باسی سیاسەتی تەعریب وتەهجیر وسیاسەتی لەناو بردنی گەلی کورد وەکو کورد ئەکرێ، لەبەر ئەوە ئەگەر لەشوێنێکی ئەم بەرنامەیە ناوی کورد وەکو کورد بێت لەجێی خۆیەتی وبە هیچ شێوەیەکیش ڕەگەزپەرستی ناگەیەنێ، سوپاس.

**بەڕێز د. حەمەنەجم حەمە فەرەج جاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەگەر بێتو بەتەواوەتی بەرنامەی ئەنجوومەنی وەزیران بخوێنینەوە، تەماشا دەکەین ئاوات وخواستی دوو گروپی سەرەکی پەرلەمان کە پارتی دیموکراتی کوردستان ویەکێتی نیشتمانیی کوردستانە وبزووتنەوەی ئاشووریش، بەرنامەکە لە ئۆتۆنۆمییەوە بەرەو کۆنفیدراڵی وئەگەر بەتەواوەتی وبەوردی تەماشای هەندێ لە خاڵەکان بکەین جیابوونەوەش دەگرێتەوە بە بڕوای من ڕاستە بەرنامە دەربڕی خواستی پارتەکانە، جابۆیە دەبێ لەپێشەکی، یا لەکۆتاییدا باس لەو دوو خاڵ بکەین وبڵێین ئەم بەرنامەیە چەسپاو نییە ونائاساییە ولەبەر بارودۆخی ناوچەکە دانراوە، چونکە ئابلوقە بەسەر کوردستاندا لەدوو لاوە چەسپاوە، بۆ ئەوەی هاوپەیمانەکانمان لەدەرەوە کە

ئەزانن ئەم دروست بوونی ئەنجوومەنی وەزیرانە لەبەر ئەم بارودۆخەیە، دووەم خاڵێکی تر هەیە دەبێ (دانوستان) لەگەڵ رژێمدا ئاماژەی بۆ بکرێت، مەرج نییە بە دووروودرێژی پێویستە ئەوە روون بکەینەوە کە ئێمە ئێستا لە چوارچێوەی عێراقداین وهەرچۆنێک بێت چارەنووسی ودوا رۆژمان بەوەوە بەندە وئێستا بارودۆخی دەوڵەتی رێمان نادات لەوە زیاتر داوا بکەین، سوپاس.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ناتوانین بڵێین بۆیە ئەنجوومەنی وەزیرانمان پێک هێنانەوە تا ئابلوقەمان لەسەر لابدرێ، کە ئابلووقە هەڵگیرا ئەنجوومەنی وەزیران و وەزارەتیش هەڵدەوەشێتەوە، ئەمە وادەگەیەنێ کە پەرلەمانیش نامێنێ، ئەگەر وابێ ئیتر ئێمە بۆ خۆمان ماندوو بکەین وئەو بارودۆخە بخولقێنین، تەنها بۆ ئەوەی ئابلوقە لابدرێ، پەرلەمان وحکومەت بۆیە دانراوە ئەگەر سبەینێ (وتووێژیش)یش لەگەڵ رژێمدا کرا ئەو پەرلەمانە وحکوومەتە هەر بمێنن و، مەبەست تەنها لادانی ئابلوقە نییە، چونکە ئابلوقە تەنها یەکێکە لەگیروگرفتەکانمان نەک هەموو، ئەدی تەعریب وتەبعیس وەدەست داگرتنی رژێم بەسەر هەموو بارو وەزعی کوردستاندا چی دەگەیەنێ؟. باسی (دانوستانیش) کراوە، کە دەڵێن ( رێکخستنی پەیوەندی کوردستان لەگەڵ حکومەتی ناوەندی لەسەر بنچینەی یەکێتی ئارەزوومەندانە) ئەمە لە برگەی (١)دا باس کراوە بەڵام، راستە بە وشەی (گفتوگۆ) ناوی نەهاتووە ئەویش بۆ ئەوەیە تووشی هیچ جۆرە گفتوگۆیەک نەیەین، ئەوە دارشتنێکی گشتییە ولەئەرکەکانی ئەنجوومەنی نیشتمانیشدا بەو شێوەیە هاتووە، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەو پێشنیارەی بەومەبەستەوە نەبوو کە ئەنجوومەنی نیشتمانیی وەزیران کاتییە، مەبەست ئەوەیە ئەگەر گیروگرفتێکمان هاتە پێش نیشانی دراوسێکانی بدەین وبڵێین بۆیە ئێمە بەو کارە هەڵساوین چونکە پەیوەندیمان لەگەڵ رژێمی مەرکەزیدا نەماوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

مەبەستت ئەوەیە لەپێشەکییەدا کە ئاماژە بۆ ئەوە بکرێ کە ئەم بەرنامەیە لەبەر ئەو بارودۆخە نائاساییە دانراوە؟.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من تەنها تێبینییەکم هەیە ئەو کەسانەی کەوا پێشنیار ئەکەن بابەنووسراوی پێشکەشی بکەن، ئێوە ئەمەتان زوو راگەیاند، ئەو برادەرە چەند قسەیەکی کرد بەڵام هیچی بەنووسراوی پێشکەش نەکرد، پێویستە بینووسێت وبڵێ لە فلانە دێردا یا پەرە گرافدا واهاتووە، تکایە بەم شێوەیە

بگۆردرێ، یا زیاد وکەمی بکەن، بەم شێوەیە ناتوانین قسەی لەسەر بکەین، سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دووپاتم کردەوە وتم دەقێکی نووسراو ئامادە بکەن.

**بەرێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/سەرۆک وەزیران:**

**برێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆ ئەوەی ولاتانی دەرەوە ودراوسێکان دڵنیا بن کە ئێمە نیازی جیابوونەوەمان نییە لە عێراق، وابزانم لەبەشی یەکەم : لەسەر ئاستی سیاسی زۆر بەتەحدید وبە زیادەوە باس کراوە، جارێ (رێکخستنی پەیوەندی کوردستان لەگەڵ حکومەتی ناوەندی لەسەر بنچینەی یەکێتی ئارەزوومەندانەیە) ئەوە یەک (لەناوچارچێوەی عێراقێکی دیموکراتی دا) ئەمە دوو، (کەدان بەمافی رەوای میللەتەکماندا بنێ)،(دەست نەهاویشتنە کاروباری ولاتانی دراوسێ) خەباتی ئێمە لەکوردستانداو ئەو هەوڵ وتەقەلایەی ئەیدەین بۆ گەلی کوردستانی عێراقە وخەباتمان لەپێناوی یەکسانی هاوئەرکی وهاومافییە وبەشدارییە لە بریار و دەسەلات، ئەمانە هەموو دووپاتی ئەوە دەکەنەوە کە ئێمە لەچوارچێوەی عێراقداین هیچ خواستێکی جیابوونەوەمان نییە، ئەوجا (دامەزراندنی باشترین پەیوەندی لەگەڵ ولاتانی دراوسێدا، تورکیا وئێران وسوریا کە پەیوەندی مێژوویی وفەرهەنگی لەنێوانماندا هەیە، لەرووی جوغرافیشەوە کوردستانی عێراق ئەکەوێتەو سەر سنووریان). هەوڵ ئەدەین ئەم پەیوەندییەش خزمەتی گەلی کوردستانی عێراق وگەلانی ئەو ولاتانە بکات ولێکمان نزیک بکاتەوەو بروایی لە نێوانماندا بچەسپێنێ هەموو دووپاتی ئەوشتانە دەکات، دوای ئەوە هەر لە لاپەرە «٤»یش دەڵێ (ئەمەش لە بەرژەوەندی کۆمەلانی خەڵکی سەرتاسەری عێراقە). لەو بەشەی کە بە عێراق بەستراوەتەوە، سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوەی باس کرا لە سێ خاڵدا گەلاڵە دەکرێت:

١- بابەتی دووپات کردنەوەی شتی دووبارەکراو وتمان ئەوشتانە لە کاتی دارشتنەوەیدا بژارەیەک دەکرێت.

٢- ئاماژە کردن بە خەڵکی کوردستان وکورد لەو جێگایانەی کە پێویستە ناوی کورد بێت، پێشنیارەکە وایە کە ناوەکە بچەسپێت.

٣- ئاماژە کردن بە وشەی (مفاوضات) لەم بەرنامەیە.

٤- ئاماژە بەوە بکرێ کە ئەم بەرنامەیە کاتییە، ئەوانەی لەسەر خاڵی یەکەم بە دانانی وشەی (کورد) لە جیاتی (گەلی کوردستان) رازین، با دەست بەرزبکەنەوە.. دەست بەرزکرایەوە..

زۆربەی ئەندامانی ئەنجوومەن بەوە رازی بوون لەکاتی دارشتنەوەدا بژارە بکرێ.

بۆخاڵی دووەم کە ئەم بەرنامەیە لە حاڵەتی نائاسایی دانراوە، پێشنیارێک هەیە ئەڵێت لەپێشەکیدا پێویستە دەری بخەین کە ئەم بەرنامەیە لەبارودۆخێکی نائاسایی وپچرانی هەرێم

لەگـەڵ حکومـەتی ناوەندی هاتۆتە کـایەوە، واتە ئیـشـارەتێک لەسـەر ئەم بابەتە لەیەکێ لەبەرگەکاندا بکرێ.

**بەڕێـز عـــــبدوڵـلا رەســـــول عـــــلی:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

لەسەر ئاستی سیاسی بەراشکاوی باسی ئەوە کرا کە پێویستە لە (اسباب موجبه) باس بکرێت کە لە چوارچێوەی عێراقە، سوپاس.

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن :**

ببـوورە لەچوارچێـوەی عـێـراقـدا نیـیـە دەڵێ، ئامـاژە بەوە بکرێ کـە ئەم بەرنامـەیە لە زرووفی نائاسایی دانراوە.

**بەڕێـز عـــــبدوڵـلا رەســـــول عـــــلی:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

کەوا بێ دەبێ بڵێین ئەم پەرلەمانەش کاتییە وپێشنیارەکەش زیادە، سوپاس.

**بەڕێز د.رۆژ نوری شاوەیس/جێگری سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

ئەوپێشنیارە بە بڕوای من لەوەوە هاتووە، لەگفتـوگۆی هەمـوو بەرنامەکە، زۆر کەسیش پێش چاوی خست کە ئەو داخوازییەی تیایەتی لە ئۆتۆنۆمییەوە تا سەربەخۆیی دەگرێتەوە، بۆ نموونە لەگفتـوگۆ کردندا لە ناو گروپی پارتی دیموکراتی کـوردسـتـان باسی ئەوە کـرا هەندێ وەزارەت هەیە دەلالەت لەوە دەکا کە ئێمە دەوڵەتێکی سەربەخۆین، بۆ ئەوەی تەفسیر نەکرێ باشتر وایە روون بکرێتەوە کە ئەم بەرنامەیە بۆیە وا دانراوە چونکە هیچ چارێکی ترمـان نیـیـە، چونکە هەندێ لە وەزارەتەکـانمان وەک یارمەتی مرۆڤایەتی وهاوکاری وپێشمەرگە تایبەتن بەدەوڵەتی سەربەخۆوە، تا قسە نەیەتە سەرمـان ئەم ڕێگایەمان گرتە بەر، ئێستا لەم بارودۆخەدا سووتەمەنیمان نیە هۆیەکەی بۆ حکومەت دەگەڕێتەوە، بەهەرحاڵ پێویستە ئەم شتانە لەپێشەکییەکەدا بنووسین، سوپاس.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

هەمـوو وەزارەتێک کـاتییـە وهیـچی هەمیشـەیی نییە، چونکە هەر وەزارەتێک کە دێ بەرنامەی تایبەتی خۆی هەیە، ئێمە ناتوانین بڵێین کـاتییـە، ئەویان یاسـا دەبێ بیڵێ، هەر لەبەر ئەوە بوو کـە ئەنجـومـەنی وەزیرانیـشـمـان پێکهێنا، لەبەر ئەمـە ئەم گـفـتـوگـۆیەی کـە لێـرە دەکـرێ دەبوایە لەکاتی گفتوگۆکردنی یاساکە بکرایە،دەنا دەبێ لە(اسباب موجبەی) یاسـاکـە باس بکری، نەک بێین یاساکە هەڵوەشێنینەوە، سوپاس.

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن:**

بێگومـان دەتوانین لە جێگایەک لەپێشـەکییەکەدا بڵێین ئەم بەرنامەیە نائاسـاییـیە بەتایبەتی کە

رژێم ئیداراتی کێشایەوە وئابلوقەی خستە سەر کوردستان و...هتد. واتە لەجێگایەک ئەمە ئاماژەی بۆ بکرێ.

**بەڕێز فـــەلەکـــەدین ســـابیـــر کـــاکـــەیی:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

لێرەدا مەبەست ئەوە نییە بڵێین ئەمەی کە دامانناوە کاتییە نەخێر ئەنجوومەنی نیشتمانیی دەبێ هەمیشەیی بێ، چونکە دەسکەوتێکی مەزنی گەلی کوردە هەروەها ئەنجوومەنی وەزیرانیش وەکو ئەنجـوومـەن وەکـو دەزگـایەکی سیـاسی دەبێ بمێنێ، راستـە سـەرۆک وەزیران و وەزیرەکـان دێنە گۆڕین بەڵام خۆی دەمێنێ، من کە لێرەدا ئیلتیزامم بە بیرورای گروپ وپارتەکەمەوە هەیە، بەڵام ئەگـەر وەکـو ئەندامـێک نەختێ زیاتر بەسـەربەستی قسـەبکەم زۆرشت هەیە لەناو ئەم بەرنامـەیە دەبێ رەت بکرێتـەوە، ئەمـە باسی سێ دراوسێ دەکـات، تورکـیـا، ئێـران، سـوریا، بەڵام باسی دراوسێی چوارەم ناکات کە عێراقە، بە من بێت دەبێ سەر بەخۆیی رابگەیەنین ودەوڵەتی کورد دابمەزرێنین وبیکەینە رژێکی مێژوی، مەبەست ئەوە نییە ئەم دوو ئەنجوومەنە کـاتییـە وئەگـەر رۆژێ لە رۆژان لەگەڵ حکومەت دەست بە وتوێژ کرا ئەمە هەڵوەشێتەوە، دەبێ ئێمە لە ئێستـاوە هەوڵ بدەین چ لە گەڵ ئەم رژێمە کە رەنگە دووربێت یا لەگەڵ رژێمی دوای ئەم کە دیموکراتی بێت یا هەرچی یەک بێت دان بەم ئەنجـوومـەنەدا بنێت، هەروەها لەلایەن هەرچوار دراوسێ، یاهەر سێ دراوسێوە وەکو ئێوە دەڵێن ولەلایەن جیهانەوە ئیعترافی بۆ پەیدا بکەین. ئێمە ئەتوانین ئەو برگەیە وا پڕبکەینەوە: (سەرەرای ئەوەی گەلی کورد یاگەلی کـوردستـانی عێراق بەمافی رەوای خۆی دەزانێ کـە ئەنجـوومـەنی نیـشـتـمـانیی و وەزیرانی دانـاوە، سـەرەرای ئەوەش ئەم بارودۆخـە هاتۆتە پێش) واتە ئەم مـافـە مـافـێکی رەوایە ئەگـەر فـەراغی سـیـاسی هەبوایە یا نەبوایە حکوومـەت ئیـداراتی بکێـشـایەتەوە یانا، ئێـمـە وەکـو گـەلی کـوردسـتـان مـافی ئەوەمـان هەبوو ئەنجوومەنێک پێک بهێنین وئەو شێوە بەرێوە بردنە کە ئۆتۆنۆمی یا فیدرالییە بە دەست بهێنین، وابزانم پێـویسـتـە ئەوە زیاد بـکرێ وبوترێت( سـەرەرای ئەوەی کـە مـافی خـۆمـانە) ئەمـە بەکـاتی نازمێـردرێ، خـۆم رەنگە بەرنـامـەکـە بەپەسند بزانم چونکە کـێـشـەکـە لە چوارچێـوەی عـێـراقـدا چارەسەر دەکات ئیلتزامەکەم ئەدەبییە وبۆ گەیشتن بەدارشتنێک ئەو دێرە پێشنیـار دەکەم کە لەرووی سـیـاسـیـەوە بۆ ناوەوەو دەرەوە ئەم بارودۆخـەی کـە ئێـسـتـا لە کـوردسـتـاندا رەخـسـاوە لەئەنجامی کشانەوەی رژێم بوو کە بۆشایی یاسایی وئیداری دروست کردووە وتەئکید لەسەر ئەوە بکرێ کە بەرەی کوردستـانی، یا گەلی کوردستان پار تا ئەمسالیش هەوڵی داوە کێشەی کـورد لەکوردستانی عێراق وکێشەی دیموکراتی لەعێراق، کە زۆر پێویستـە بخرێتە ناو بەرنامـەکەوە چارەسەری بکات، بەڵام رژێم گوێی نەداوەتێ ئەم دارشتنە بخرێتـە سەر پێشەکییـەکەوە لەگەڵ ئەودێرەی کـە دەڵێ (سەرەرای ئەوەی کـەگەلی کـوردسـتـان مـافی رەوای خـۆی هەیە ئەنجـوومـەنی نیشتمانیی و ئەنجوومەنی وەزیران وپێرەو پرۆگرامی هەبێت، بەمە کێشەکە دەبرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

سەبارەت بە گیروگرفتی ئەنجوومەنی وەزیران، راستە شەرعیەتی خۆی لەهەڵبژاردندا وەدەست هێناوە، پێم وایە ئەو شەرعیەتە کاتی نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

تکایە دەست لە مەسەلەی کاتی هەڵگری، چونکە ئەمە راست کرایەوە، هەروەکو بەڕێز سەرۆک وەزیران روونی کردەوە و وتی بەرنامەی هەموو وەزارەتێک لەدنیا کاتییە، ئەوە راستە جا وشەی کاتی هەڵگرن، تەنها مەسەلە ئەوەیە ئاماژە بۆ ئەو بۆشاییەبکرێت کە دروست بووە .

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

عیبارەتێک زیاد بکەین کە ئەنجوومەنی وەزیران لەلایەن پەرلەمانەوە دامەزراوە، پەرلەمانیش یاسایەکی هەیە و لە (اسباب موجبە)ی پەرلەمان بەتەواوەتی هاتووە (قامت الحکومە العراقیە فی الاونە الاخیرە باجراء لم یسبق لە مثیل اذ قرر سحب الادارات دوائر وموظفین فی منطقە کردستان فخلقت بذلک فراغا حکومیا وتشریعیا فریدا من نوعە مما وضع الجبهە الکردستانیە امام وضع معقد..) واتە هەموو ئەمانە لە یاسای ئەنجوومەنی نیشتمانیدا هاتووە، بۆیە دەڵێم ئاماژە کردن ونەکردن هیچ شتێک ناگۆڕێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەگەر ئاماژەی بۆ بکەین چ زیانێک ئەگەیەنێت؟!.

**بەڕێزحەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

نەخێر هیچ زیانێکی نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

مادام زیانێکی نییە ولە (اسباب موجبە)ی یاسای ئەنجوومەنی نیشتمانیدا هاتووە، با ئەنجوومەنی وەزیران لەلایەکەوە ئەم ئاماژەیە بکات.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

کەواتە دەبێ ئەمەی بخەینە سەرو بڵێین: (ئەم بەرنامەیە، بەرنامەی نائاساییە (طواریء)ە لەبارودۆخێکی نالەباردایە، رژێم ئیداراتی خۆی کێشاوەتەوە پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ کوردستاندا بریوە) ئەمە ئەو برگەیەیە کە پێشنیار کراوە، بەڵام دەبێ لەکاتی داڕشتنەوەدا رێکوپێک تر دەکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوەی بەم دەقە رازییە با دەست بەرزکاتەوە،.. زۆربە پەسەندیان کردو ژمارەیەکی کەم نارەزایی خۆیان پێشاندا...

ئێستا لەو خاڵە بووینەوە، ماوەتەوە ئەوخاڵەی کە دەڵێ لەپێشەکییەکەدا ئاماژە بەگفتوگۆ کردن لەگەڵ میریدا بکرێ.

**بەڕێز هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هیچ پێویست بەوە ناکات ئاماژە بەناوی (گفتوگۆ کردن) لەگەڵ میریدا بکەین، نازانم بۆ ئەوەندە بترسین، لەم هەموو بەرنامەیە ئاماژەیەک بەناوی کوردی تورکیا وئیران وسوریا نەکراوە، تێ ناگەم هەتاکەی ترسنۆکی، (مفاوضات) لێرەدا جێی نییە ،سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هەندێک دەڵێن جێی خۆیەتی.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێم وایە حاڵ وا بڕوا لە پێشەکییەکە دەردەچین وبۆ سەر خاڵەکان دەچین، خاڵی یەکەم (ڕێکخستنی پەیوەندی کوردستان لەگەڵ حکومەتی ناوەندی) ئەمە بەچی دەکرێت، ئەی بە دانیشتن وگفتوگۆ کردن ناکرێت؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

واتە پێشنیار ئەکەی، ئەمە لەخاڵی یەکەمدا گفتوگۆی لە سەر بکرێت.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

بەڵێ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر برادەران رازی بن لەگەڵ بەشی یەکەمدا گفتوگۆی دەکەین، ئەگەر قسەی تر لەسەر پێشەکییەکە نییە، بۆ بەشی یەکەم دەچین.

**بەڕێز د.ڕۆژ نوری شاوەیس/جێگری سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەباری پێڕەوەوە دەستمان بەو بابەتە کرد، واباشە تەواوی بکەین وبیبڕێنینەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێشنیارەکە وایە، ئایا لە پێشەکیدا بنرێت یا لە بەشی یەکەم؟.

**بەڕێز عـــــەبدوڵـڵا ڕەســـــــول عـــــەلی:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــوومــــــەن.**

ئەم بابەتە لە خاڵی یەکەمدا باس کراوە، (ڕێکخستنی پەیوەندی کوردستان لەگەڵ حکومەتی ناوەندی لەسەر بنچینەی یەکێتی ئارەزوومەندانە لە ناو چوارچێوەی عێراقێکی دیموکراتیدا) ئەمە خۆی واتای (مفاوضات) دەگەیەنێ، ئیتر چ پێویست بەناوهێنانی لێرەدا ناکات، سوپاس.

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــوومــــــەن:**

باشە، بەڵام ئەوەت لەبیر نەچێ کە لە بەرنامەی ئەنجوومەنی نیشتمانیدا خاڵێک هەیە بەناوی چارەنووسی (مفاوضات) وە یەکێکە لە خاڵەکانی بەرنامەی حکومەتی کوردستان، یەکێک لە ئامانجەکانی ئیشوکاری ئەنجوومەن ئەوەیە کە چارەنووسی ئەو (مفاوضات)ە دیاری بکەین کە تا ئێستا ڕاوەستاوە وزۆر کەس ئەڵێ ماوە وهەیە ئەڵێ نەماوە، لەپێشەکی بەرنامەکەی حکومەت ئاماژە بەو (مفاوضات)ە بکرێ یا نەکرێ؟ مەبەست لەپێشەکییەکەدایە.

**بەڕێز محەمەد توفیق رحیم/ وەزیری یارمەتی مرۆڤایەتی وهاوکاری:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــوومــــــەن.**

بە بڕوای من پێشەکییەکەوە وەک خۆی بمێنێتەوە، چونکە ئاماژە کردن بە (مفاوضات) ئێمەی وەکو حکومەت لەباری مەعنەویەوە لاواز پیشان ئەدات، سوپاس.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــوومــــــەن.**

منیش بیروڕام وایە بچنە سەر باسکردنی بەرنامەکەو لەیەکەم خاڵدا ئەم باسە بیرێنینەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕۆژ نوری شاوەیس/جێگری سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــوومــــــەن.**

مەبەستم ئەوە نییە کەئەو باسە لەپێشەکییەکەدا دابنرێت، لە هەر شوێنێک جێی بۆوەوە با لەوێ دابنرێت، سوپاس.

**بەڕێز حــــەســـــەن حــــەمــــیـــد ڕەحــــیم:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــوومــــــەن.**

تا ئێستا گەلێ جار (مفاوضات) کراوە لە ساڵانی ١٩٦٤- ١٩٦٦-١٩٧٠-١٩٧٥- ١٩٨٤- ١٩٩١یش کراوە، هەموو لەو بڕوایە داین لە ڕێگای گفتوگۆوە بە ئەنجام ناگەین ولە گەڵ ئەم حکومەتەدا هەرگیز سەر ناگرێ، سوپاس.

**بەڕێز سیروان محەمەد نەوڕۆلی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەلای منەوە پێویست بەم گفتوگۆیە ناکات، چونکە خاڵی یەکەم ئەمەی چارەسەر کردووە، سوپاس.

**بەڕێز مەلا محەمەد ئەمین عەبدولحەکیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

نابێ هەموو شتێک و ناوەرۆکی هەموو مادەکان لە پێشەکییەکەدا باس بکەین، چونکە بڕیار وایە پەرلەمان بڕیاری دەست پێکردنەوە ونەکردنەوەی (مفاوضات) بدات، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

وشەی (مفاوضات) لاوازی ئێمە بەرانبەر بەدەرەوە پیشان ئەدا، شت هەیە بەرانبەر بە دەرەوە دەبێ ئێمە سنووری بۆ دابنێین، وشەی (مفاوضات) ئەگەر پەیوەندی لەگەڵ حکومەتی ئێستای عێراقدا دیاری دەکات، ئەوە لەخاڵی یەکەمدا وشەی (ڕێکخستن) هەمان واتا دەبەخشێ ولێرەدا پێویست بەدانان ناکات، سوپاس.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

حیکایەتۆکەک هەیە دەمەوێ بیکەم کاتێ کە ناکۆکی لە نێوان حزبی شیوعی وحزبی بەعسدا پەیدابوو ڕۆژنامەی حزبی شیوعی دەینووسی، ئەیووت برادەرانی ئێمەیان دەبردە بەردەم پەتی سێدارە وهوتافیان دەکێشا ـ بژی جەبهە ـ ئێمە هەموومان هێرشمان دەبردە سەر حزبی شیوعی دەمانووت لەوکاتەدا کە خەڵکەکانتان لە سێدارە دەدات چۆن دەڵێن بژی (جەبهە)، مەبەست ئەو جەبهەیەیە کە لە گەڵ حزبی بەعسدا هەیان بوو، بەڕاستی ئێمەش خەریکە وامان لێ بێت، لەو کاتەی کە (مفاوضات)ی بریوە، لەوکاتەی کە ئێمە بە ڕادەی کەمی داخوازیەکانمان ڕازی بووین ئەو ڕەزامەندی پێشان نەدا و، لەو کاتەی کە ئیداراتی کێشایەوە ولەوکاتەی کە ئابلووقەی ئابووری خستە سەرمان لەو کاتەی جۆرەها جنێوی بەسەرکردەکانمان ئەدات، ئێمە وشەی (مفاوضات) بێنینەوە، بە ڕاستی بەشتێکی جوانی بۆ ئەنجوومەنی وەزیران وپەرلەمانی کورد و خەڵکانی کوردستان نازانم، پێویستە ئێمە لە بەردەم خەڵک خۆمان واپیشان بدەین کە واقعیانە بیر دەکەینەوە بۆیە وتومانە (ڕێکخستنی پەیوەندی لەگەڵ حکومەتی ناوەندی ..هتد) ونەمان وتوە لەگەڵ ئەم ڕژێمەدا چونکە ئەو حاڵەتەی کە ئێمە ئێستا تێیداین ئەگەر حکومەتی بەغداش بگۆڕێ هەر هەمان حاڵەت دەمێنێتەوە، دەبێ لەگەڵ ئەویش دابنیشین ومفاوضات بکەینەوە، چونکە ئەو ڕێکخستنەیەک لایەنی نییە، دوولایەنەیە، بەڵام وشەی (مفاوضات) ئەو بایەخەی نەماوە کە جاران خەڵک ئومێدی پێی هەبوو، واتە ئەو وشەیە خەڵک وەکو جاران خۆشی

ناویت، لەبەر ئەوە باشــتــره بلــێین (رێکخــســتنی پەیوەندی لەگــەڵ حکومــەتی ناوەندی...هتد) ،سوپاس.

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

وابزانم ئەم بابەتە باسکرا، هیچ شتێکی تر نەماوە بخرێتە سەری، لەپێشەکییەکەدا ئاماژە بە (مفاوضات) بکرێ یان نا؟.

**بەڕێز کەمال شاکر محەمەد/وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

بەرنامەی ئەنجوومەنی وەزیران، بەرنامەیەکی گشتییەو، ئەگەر ئێستا ئەم بەرنامەیە لەلایەن ئەنجوومەنی نیشتمانییەوە پەسند بکرێ، واتای ئەوەیە ئەنجوومەنی وەزیران ئەرکێکی تری دێتە پێش، ئایا (خطەی تفصیلی) بۆ جێبەجێ کردنی ئەو بەرنامەیە چییە؟ باسی مفاوضات ئەوە (میکانیزمێکە)لەخاڵی یەکەمی باری سیاسی باسکراوە، ئەگەر خاڵی یەکەم پەسند بکرێ ئایا هەڵوێستی حکومەتی کوردستان چی دەبێ، مەسەلەی مفاوضات (میکانیزمی)ی جێبەجێ کردنی لەو خاڵەدایە، کەوابزانم مەسەلەیەکی (تفصیلی)یە، سوپاس.

**بەڕێز فــەلەکــەدین ســابیــر کــاکــەیی:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

دیاری کردنی پەیوەندی لەگەڵ حکومەت بە (مفاوضات) واتای ئەوە نییە بلێین (مفاوضات) بکرێ، تەنها دیار بکرێ چونکە بابەتێکی سیاسییەو،بمانەوێ ونەمانەوێ حکومەتێک لە بەغدا هەیە، ئەمەش لەناو بچێ یەکێکی تر جێی دەگرێتەوە، حکومەتی کوردستانی عێراق چ پەیوەندییەکی لەگەڵ ئەو حکومەتەی بەغدا دادەبێت، ئەمە خاڵێک، خاڵی دووەمیش ئەمەوێ بلێم ئێمە نەک هەر (مفاوضات) ناکەین، بەڵکو پێویستە شەر بکەین، شەرێکی پیاوانە وباش بکەین، چونکە هەمیشە کورد پارێزگاری لە خاکی خۆی کردووە ولەسەر خاکی خۆی شەهید بووە، با ئێمە ئەمجارە هێرش بۆ مووسڵ وبەغدا وبەعقوبە ببەین، چونکە ئابلووقەیەکی قورسمان لەسەرە، رژێم ئابلووقەی خستۆتە سەرمان، دەوڵەتان ئابلووقەمان لەسەر هەڵناگرن، ناهێڵن رێک بکەوین وناهێڵن شەریش بکەین، بۆ ئاوەدان کردنەوەو گەشە پێدانیش هیچیان بۆ ناکەن وەکالاتی فریاکەوتن (اغاثە) هەموو کشانەوە، یونسیفیش هیچ بۆ کورد ناکات، بەرەبەرە وەکالاتی تر خۆیان دەکێشنەوە لەترسی ئەو حاڵەتە نائاساییەی کە لە کوردستاندا هەیە، ئەو حاڵەتەی کە رژێمی عێراق دروستی کردووە، کەسی تر نییە لە رژێمی عێراق بەو لاوە لەم حاڵەتدا چی بکەین باشە؟ ئەبێ شەرێک بکەین با ئەمجارە کورد شەر هەڵگیرسێنێ، دووسێ هەزار ساڵە هێرش بۆ سەر کورد دێت، با ئەمجارە کورد هێرش بکات وەکو مام هەژار دەڵێ:( کورد لەسەر خاکی خۆی شەر دەکا، خەڵک دەکوژێ، خۆی دەکوژرێ وشەهید دەبێ) با ئەمجارە ئێمە لەسەر خاکی خەڵک هەرچەندە ئەویش هەر خاکی خۆمانە باشەر بکەین، لەخانەقین،

لەکەرکووک، لەنزیک جەلەولا، لەبن بەغدا، لەنزیک مووسڵ، لەلای منەوە دەبێ ئێمە شەرێک بکەین بۆ ئەوە بیرورای جیهان رابکێشین، چونکە ئێستا خەریکە کێشەی کورد لەتاریکیدا دەخنکێت، مەسەلەی(مفاوضات) براوەتەوە ونییە ، ئەم رژێمە لەگەڵ ئێمە (مفاوضات) ناکات، با ئێمەش بەبێ ترس ئەوە دیاری بکەین کە لەگەڵ رژێمدا (مفاوضات) ناکەین تا حکومەت بەو شێوەیەی کە ئێمە لەکوردستاندابین دان بە بوونماندا دەنێت، بە بڕوای ئێمە دەبێ ئەم رژێمە بدرێتە دادگا، تاوا بکەین زیانەکانی میللەتی کورد ببژێرێت، جگە لە هەزارەها شەهید کە گەلی کورد بەخشیویەتی وملیۆنەها دینار زیانی پێ کەوتووە لەئەنجامی وێران کردن ودەربەدەر وتالان ودزی کردن، دەبێ داوای بژاردنێکی دەوڵەتی بکەین کە بەلای ئێمەوە بە(١٠)ساڵیش ئەو بژاردنە تەواو نابێت، ئێمە نابێ وا دەستەوەستان رابوەستین وبێین لێرە بڵێین ئایا (مفاوضات) دەکرێ یا ناکرێ، نابێ بەم شێوەیە ئەم بابەتە بەرچاو بخرێت، ئێمە کە ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستانین دەبێ بەبێ ترس ئەو رابگەیەنین کە لەگەڵ ئەم رژێمە (مفاوضات) ناکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

پێشنیارەکە ئاشکرایە (مفاوضات) وەکو وشەیەک لەپێشەکییەکە دابنرێت یان نا؟ ناوەکان تەواو وابزانم گفتوگۆ بەسە.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من ناوم نووسی بوو کەچی قسەم نەکرد،سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

پێشنیارەکە روونە، مفاوضات وەکو وشەیەک، دابنرێ یان نەنرێ؟

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

با بابەتەکە بیرێنینەوە لەپێشەکییەکەدا باسی مفاوضات بکەین یان نەیکەین، ئەگەر نەکرێ تاقسەی لەسەر بکەین، من قسەم لەسەری نەکرد، چونکە وتمان لەخاڵی یەکەمدا باسی لێوە دەکەین، بەراستیش ئەوێ جێگایەتی چونکە لە بەرنامەکەدا نووسراوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

مەبەست ئەوە نییە ، ئێستا کە (مفاوضات) بکەین یانەکەین؟.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەراستی سەبارەت بەگفتوگۆ کردنی بەرنامەی ئەنجوومەنی وەزیران، وابزانم ئەمە یەکەم جارە شتی وا رووبدات چونکە بەرنامەی وەزارەت کە پێشەکش دەکرێ، جاری وا هەیە بەنووسراویش نییە، ئەوەی بە پێکهێنانی وەزارەت راسپێردراوە هەڵدەستێ وقسەکانی خۆی لەچەند خاڵێکدا

دەکات، ئەمەی ئێمە زیاتر لەگفتوگۆ کردنی ناو کۆنگرەی حزبی دەچێت، ئێمە دەتوانین پێشەکییەکە هەرلا بەرین، چونکە پێشەکییەکە هیچ پەیوەندییەکی بە بەرنامەکەوە نییە، سوپاس.

**بەڕێز د. حەمەنەجم حەمە فەرەج جاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

با لەگەڵ خاڵی یەکەمدا لە رووی سیاسییەوە باسی بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سیروان محەمەد نەورۆلی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

با د.حمە نجم پێشنیارەکەی بکێشێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر ئەنجوومەنی وەزیران هیچیان نەبێ ئەچینە سەر خاڵی یەکەم، د.حمە نجمیش ئەڵێ با لەگەڵ خاڵی یەکەمدا باس بکرێت.

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆ ئەو سەرەتایەی کە بەڕێز د.فؤاد خستیە سەر بابەتەکە بە بڕوای من باشە، ئەگەر نە با لە داوێنی خاڵی یەکەمدا بە رستەیەکی کورت دابنرێ، چونکە خواست و ئاواتی هەموو ئەندامانی پەرلەمان سەر فرازیی گەلی کوردە، بڕوای تەواویشمان بە خۆمان و بە ئەنجوومەن هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

گفتوگۆکەمان لەسەر ئەوەیە کە ئەم وشەیە لە کوێ دابنرێ.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دێڕی پێش کۆتایی لاپەڕە(١) بکرێتە (هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانیی دوای ئەوەی وتووێژ لەگەڵ رژێمدا بە بن بەست گەیشت، سەرکەوتنێکی گەورە بوو)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەی بۆ لە دوای ئەو رستەیەی دانەنێین کە دەڵێ (لە دوای بڕینی پەیوەندیی لە نێوان...)؟.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وا چاکە بوترێ (ئەم بەرنامەیە بەرنامەیەکی نا ئاسایی «طوارئ»ە لە بارودۆخێکی نا لەباردایە، کە رژێم وتووێژی راگرتوەو ئیداراتی خۆی کێشاوەتەو پەیوەندیەکانی لەگەڵ کوردستاندا بڕیوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بە بڕوای من لەوێدا جێگای دەبێتەوە و وابزانم گرفتەکەش بەوە چارەسەر دەکرێ وتەنها دارشتنەکەی دەمێنێتەوە.

**بەڕێز عەبدوللا رەسول عەلی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە بڕوای من با ئەم وشەیە لە پێشەکیەکەدا نەبێ ، سوپاس.

**بەڕێز مەلا محەمەد ئەمین عەبدولحەکیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە بڕوای من جێگەی خۆیەتی کە بڵێین (هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نیشتمانیی سەرکەوتنێکی گەورە بوو لە دوای ئەوەی گفتوگۆ لەنێوان ئێمەو رژێمدا گەیشتە درگایەکی داخراو) ، سوپاس.

**بەڕێز د. ناصح غفور رمضان/ وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مادام تەنها دارشتنەکەی ماوەتەوە با بۆ لیژنەکەی بەجێ بهێڵین و بچینە سەر بڕگەیەکی تر، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە بەڵام بابزانین بیروڕای حکومەت چییە؟.

**بەڕێز حەسەن حەمید رەحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆ ئەو برادەرەی کەپێی خۆشە (مفاوضات) هەبێ، بابنووسرێت، بەڵام بنووسرێت (مفاوضات) ناکەین، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من ناڵێم (مفاوضات) چونکە دیارە کە (حساسیە)ی لەسەرە، بەڵام پێم وایە ئەوە ترسنۆکی نییە، ئەگەر ئێمە شتێک نیشان بدەین و مەمنونیش بین کە نەکرێ. من تا رادەیەک لاگیری قسەکانی مام رۆستەم دەکەم کە دەڵێ: با موفاوەزات نەکرێ، هیچ زەرەرێکمان نەکردووە و بەخەڵکیش دەڵێین ئێمە ئامادە بووین موفاوەزات بکەین بەڵام رژێم نایەنە پێشەوەو قسەمان لەگەڵدا ناکەن، بۆیە ناچارین وا بکەین و.... ئێمە دەرگامان بۆ گفتوگۆ کردن ئاوەڵایە کەچی ئەوان نایەنە پێش، ئەوەش فشارێکە دەیخەینە سەر حکومەتی ناوەندی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بە بڕوای ئێمە وتوویژ ترسنۆکی نییە، بەڵکو لوتکەی ئازایەتیە، گفتوگۆ ئازایەتیەکی بێ وێنەیە، وتوویژی ئەم جارەمان لە کاتێکدا دەستی پێکرد کە وەفدەکەمان بەسەر لاشەی سەربازی

عێراقیدا بەرەو دەغدا چوون.

**بەڕێز هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ڕژێم وتووێژی ناوێ، ئێمە بە زۆر داوای ئەوەی لێ دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەڵێ، ئێمە ئەمانەوێ.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

گیروگرفتەکە لەوەدایە کە ئێمە وەکو ئەنجوومەن تا ئێستا بڕیاری ئەوەمان نەداوە کە وتووێژەکە بە بن بەست گەیشتووە، ئەگەر بڕیاری ئەوە دراوە ئەوا خاڵی یەکەم زیادە و پێویست ناکات لە خۆڕایی بخرێتە بەرنامەی کاری حکومەتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بە ڕاستی ئێمە تا ئێستا نازانین ئایا گفتوگۆی نێوان بەرەی کوردستانی و حکومەت بە کوێ گەیشتوە.. نازانین بڵێین چی؟..نازانین بڵێین ڕاوەستاوە یا نە؟.. با وشەیەکی بۆ بدۆزینەوە.

**بەڕێز عەبدوڵلا ڕەسول عەلی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

مەبەستی کاک فەرەنسۆ تەنها ئەم حکومەتەی ئێستای بەغدا نییە، بەڵکو بۆ حکومەتەکانی پاش ئەم ڕژێمەشە، بەلام گیروگرفتی ئێمە تەنها لەگەڵ ئەم ڕژێمەدایە کە هیچمان ناداتێ، لە لایەکی ترەوە دەبوایە ئەم پەرلەمان وئەنجوومەنی وەزیرانەی ئێمە لە ژێر چاودێری حکومەتی ناوەندیدا دروست ببوایەن، بەلام کە پەرلەمان و ئەنجوومەنی وەزیران بە بێ حکومەتی ناوەندیی دامەزران ئیتر چ پێویست بەوە ناکا ناوی بهێنین، کوردستانێکی ئازاد و دوور لە دەسەڵاتی ڕژێمەو پەرلەمانی بۆ خۆی دروست کردووە، سوپاس.

**بەڕێز عومەر سەید عەلی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بە بڕوای من تاوانی بە بن بەست گەیشتنی وتووێژ دەبێ بخرێتە ملی ڕژێم، چونکە ئەو دانی بە مافەکانی گەلی کورددا نەناوە.

سەبارەت بە گفتوگۆیش، دوور نییە ئێمە دەجاری تریش لەگەڵ ڕژێمدا دابنیشینەوە، تەنانەت ئەگەر بۆ جیابوونەوەش بووە دەبێ حکومەتی کوردستان بەلای کەمەوە ئەگەر بۆ دیاری کردنی سنووریش بووبێ لەگەڵ حکومەتی ناوەندیدا وتووێژ بکا، سوپاس.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

دەبێ ئەوە دیاری بكەین كە كێ بووە هۆی بە بن بەست گەیشتنی وتووێژ، سوپاس.

**بەڕێز د. عیزەدین مستەفا رەسول:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بە رای من هیچ جیاوازییەكی جەوهەری نییە لە نێوان ئەوەی وشەی( مفاوضات )بنووسرێ یا نەنووسرێ، مادام رێككەوتین لەسەر ئەوەی كە باسی كارەكانی رژێم نەكەین كە هەموو جۆرە سیاسەتێكی دژ بەگەلی كوردی بەكارهێنا، لێرەدا هەروەك تاوانەكانی دیكەی رژێمی عێراق باسی دەكەین، كە رێگای ئاشتی و وتووێژیشمان لەگەڵیدا گرت، كەچی دانی بەمافەكانی گەلی كورددا نە ناو وتووێژ سەری نەگرت، سوپاس.

**بەڕێز مەلا محەمود دێرشەوی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پێویستە لە شوێنی خۆیدا باسی وتووێژ بكەین، هەروەها پێویستە (مافی چارەنووس) بەدەست پەرلەمان بێت وئەو بڕیاری لەسەر بدات، سوپاس.

**بەڕێز د. كەمال عەبدولكەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لەسەر ئەم بابەتە كاتێكی زۆرمان كوشت، ئێمە دژی وتووێژ نین كە دەڵێین بەبن بەست گەیشت مەبەستمان لەم وتووێژەیە، ئەگینا ئێمە وەكو بنەما دژی وتووێژ نیمان، ئێمە دژی وتووێژین بەو شێوەیەی كە كرا، بەڵام ئەگەر لە ژێر سەرپەرشتی نەتەوە یەكگرتووەكان، یا لایەنی سێیەمدا بێت، ئەوە بێگومان شتێكی باشی و رەوایە ورەنگە ئەنجامێكی باشیشی هەبێت، كە دەڵێین (پاش ئەوەی وتووێژ بەبن بەست گەیشت) مەبەستمان لەم وتووێژەیە كە وا پار لە مانگی نیسانەوە دەستی پێكرد، بەراستیش بەبن بەست گەیشتوە واتە بێ ئەنجام ماوەتەوە، ئەوە مانای ئەوە نییە كە لە بارودۆخێكی تایبەتی، یا گونجاودا وتووێژ لەگەڵ حكومەتی ناوەندیی جارێكی تر دەست پێ ناكاتەوە، ئەوەش لە خاڵی یەكەمی بەرنامە سیاسییەكەدا نووسراوەو لەوێ دەتوانین باسی بكەین، ئەگەر هەر ئەشوترێ لەپێشەكییەكەدا باس بكرێت ئەوا ئەو شێوەیەی كە د.فوئاد خوێندیەوە خراپ نییە وگونجاوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

وابزانم گیروگرفتێكی وانەماوە تەنها دارشتنەكە نەبێت.

**بەڕێز عەبدوڵلا حاجی ئیبراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەبڕوای من دارشتنەكە بەم شێوەیە بێت (دوای ئەوەی رژێمی بەعس رێگای گفتوگۆی بەست

ودامو دەزگاكانی كێشایەوە وپەیوەندی لەگەڵ كوردا بڕی...هتد)، سوپاس.

**بەڕێز فـــــــرەنســـــــۆ تۆمـــــــا هـەریری:**

**بەڕێز ســــــــەرۆكی ئـەنجـــــــوومـــــــەن.**

ئەمە پێشنیارێكە ئەگەر بكرێ بخرێتە شوێنێك لەپێشەكی پرۆژەكەدا. ئەوەشمان لەبیر نەچێ كە ئەمە پرۆگرامێكی نائاساییە، چونكە رژێم بە پێچەوانەی رەوتی گفتوگۆ و چارەسەركردنی مەسەلەی كورد بەشێوەیەكی نا رەوا دامودەزگا ئیداریەكانی خۆی كێشایەوە وئابلووقەی ئابووری سەپاند بەسەر كوردستاندا و بەبێ خواست ویستی ئێمە(مفاوضات)ەكەی وەستاند و هەموو پەیوەندیەكانی حكومەتی مەركەزی لەگەڵ كوردستاندا بچڕاند، سوپاس.

**بەڕێز ســــــــەرۆكی ئـەنجـــــــوومـــــــەن:**

هەمان شتە، هیچ جیاوازیەك لەناوەڕۆكەكدا نییە، بەڵكو لەباتی وشەی (بن بەست) وشەی( بڕا، پچڕا، سەری نەگرت)هاتوونەتە پێشەوە كە هەر هەمان واتا دەبەخشن.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/سەرۆك وەزیران:**

**بەڕێز ســــــــەرۆكی ئـەنجـــــــوومـــــــەن.**

ئەوەی كە بۆ پێشەكی پێشنیار كراوە دەتوانین بڵێین (ئەمە بەرنامەی نا ئاساییە، كە دوای ئەوەی رژێم وتووێژی لەگەڵ بەرەی كوردستانیدا بچڕاند وئیداراتی خۆی كێشایەوە وئابلوقەی ئابووری بەسەر كوردستاندا سەپاند وهەموو پەیوەندییەكی پچڕاند..) ،سوپاس.

**بەڕێز ســــــــەرۆكی ئـەنجـــــــوومـــــــەن:**

وابزانم ســـەرۆك وەزیران نزیكی كـــردەوە و، بۆ ئەوەی لەم بابەتە ببـــینەوە دەڵێین كێ لەگـــەڵ پێشنیـــارەكەی بەڕێز د.فـوئاد دایە بادەست بەرزبكاتەوە؟...دەست بەرزكـرایەوە...ئەنجـوومـەن بەزۆربەی دەنگ پێشنیارەكەی سەرۆك وەزیرانی پەسند كرد.

**بەڕێز یونـادم یوسف كنا/وەزیری ئـەشـــــغـــــاڵ:**

**بەڕێز ســــــــەرۆكی ئـەنجـــــــوومـــــــەن.**

باناوی بەرە نەهێنین، تەنها بڵێین گفتوگۆ پچڕا، ئێمە بەشداریان نەكرد، سوپاس.

**بەڕێز ســــــــەرۆكی ئـەنجـــــــوومـــــــەن:**

گفتوگۆ لەگەڵ بەرەدا كرا.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/سەرۆك وەزیران:**

**بەڕێز ســــــــەرۆكی ئـەنجـــــــوومـــــــەن.**

بەرە بەشدار بووە، راستە وەفدی گفتوگۆ كردن لە چوار لایەن پێك هاتبوو، بەڵام هەموو جارێ كە وەفدەكە دەگەڕایەوە هەموو بەرە دادەنیشتن وگفتوگۆی تەواوی خۆیان دەكرد وبیروڕای خۆیان دەردەبڕی وەدەستكاری پرۆژەكانیشیان دەكرد وهەر جارەش وەڵامەكەیان بۆ دەهاتەوە، بەڵام دوایی هەندێ لایەن وتیان ئێمە (تحفظ)مان پێشان داوە، سوپاس.

**بەڕێــز ســــــــەرۆکی ئــەنجــــــــومــــــــەن:**

بەهەر حــاڵ وتووێژ لەوکــاتەوەی کــە دەســتی پێکرد تا ئەو کــاتەی کــە پچــڕا بەنـاوی بەرەی کوردستانییەوە بوو.

**لێرەشدا بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن ماوەی چارەکە سەعاتێک پشوودانی ڕاگەیاندو، دواترسەعات شەش وچارەک کۆبوونەوەکە دوو بارە دەستی پێ کردەوە.**

**بەڕێــز ســــــــەرۆکی ئــەنجــــــــومــــــــەن:**

لەپێشەکی بەرنامەی ئەنجوومەنی وەزیران بووینەوە وئێستا دێینە سەر بەشی یەکەم، کێ تێبینی لەسەر ئەم بەشە هەیە با دەستی خۆی بەرزبکاتەوە؟..تاناوی بنووسرێت ورێی قسەکردنی پێ بدرێ.

**بەڕێز حــســــێن عــــارف عــــەبدولڕەحــــمــــان:**

**بەڕێــز ســــــــەرۆکی ئــەنجــــــــومــــــــەن.**

واتێ دەگەم کاتی ئەوە هاتووە مەسەلەیەکی زۆر گەورە وبایەخدار ساغ بکرێتەوە، پێشەکیش دەڵێم ئەگەر لەدەسەڵاتی سەرکردایەتی سیاسی بەرەی کوردستانیدایە ئەوا مەسەلەکە وای لێ دێت کە هەر لێی نەدوێین، ئەگەریش لە دەسەڵاتی ئێمەدایە ئەوا ئێرە ئەو شوێنەیە کە لێی بدوێین، ئەویش خاڵی یەکەمە کە من جۆرە لاستیکییەتێکی تێدا دەبینم، ڕێکخستنی پەیوەندی لەگەڵ حکومەتی ناوەندیی بە چ جۆرێک وبە چ شێوەیەک و،جۆری ڕێکخستنەکەی چییە؟ لێرە خۆ دەربازکردنێکی تێدایە، دەستنیشانی جۆری پەیوەندییەکە لەگەڵ ڕژێمدا نەکراوە، واتێ دەگەم لەدەمێکەوە ئەم مەسەلەیە لەمێشکماندا دێت ودەروات، ئۆتۆنۆمییە، یا فیدرالیە یاچ بابەتێکی ترە، ئێرە ڕاست شوێنی خۆیەتی کە ئەو مەسەلەیەی تێدا ساغ بکرێتەوە، لەبەر ئەوە من بە بۆچوونی تایبەتی خۆم ئەڵێم لە شوێنی خۆیدایە کە بوترێ:(ڕێکخستنی پەیوەندی کوردستان لەگەڵ حکومەتی ناوەندییدا لەسەر بنچینەی یەکێتی ئارەزومەندانە لە شێوەی فیدرالیدا لەچوارچێوەی عێراقێکی دیموکراتیدا ...هتد) بەکورتی ئەمە بیروڕای منە، سوپاس.

**بەڕێــز ســــــــەرۆکی ئــەنجــــــــومــــــــەن:**

( لەسەر بنچینەی یەکێتی ئارەزوومەندانە و لە شێوەی فیدراڵیدا)، واتا دەستەواژەی( لە شێوەی فیدراڵیدا)ی بۆ زیاد بکرێت و دەستەواژەی-(بە مافی ڕەوای ...هتد) هەڵبگیرێ.

**بەڕێز شــــێــــروان نــاسح حــــــەیدەری:**

**بەڕێــز ســــــــەرۆکی ئــەنجــــــــومــــــــەن.**

سەبارەت بە بڕگەی یەک کە دەڵێ:(ڕێکخستنی پەیوەندی کوردستان لەگەڵ حکومەتی ناوەندیی)بەپێی بۆچوونی من ئەم بڕگەیە تا ئێرە بەر دەسەڵاتی ئەنجوومەنی وەزیران دەکەوێت، بەڵام کە زیادمان کرد ئەوا بەپێی یاسای ژمارە (١) ساڵی ١٩٩٢ بەر دەسەڵاتی ئەنجوومەنی

نیشتمانیی دەکەویت، نابێ لە بڕگە دووەمدا ئەو پەیوەندییە دیاری بکرێت، سوپاس .

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

مەبەستت دەستەواژەی (لەسەر بنچینەی ئارەزوو مەندانە...هتد)یە؟.

**بەرێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەڵێ.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

باشە، بەڵام ئەوەی کە وتت بە نووسراو بۆمان بنێرە.

**بەرێز د. عیزەدین مستەفا رەسوڵ:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

سەرەتای بەرنامەکە لە رووی سیاسییەوە تا رادەیەک بەنرخە، بەڵام دەبوایە لەمە زیاتر لە رووی مێژوویی وبەستنەوەی بە مافی رەوای نەتەوەی کوردەوە لە دامەزراندنی ئەنجوومەنی نیشتمانیی و ئەنجوومەنی وەزیران بدوایە، ئێمە نەتەوەیەکی کۆنین، نیشتمان وماف ومەرجی ئەو نەتەوە کۆنانەمان تێدایە کە دەمانکاتە خاوەن مافی رەوای دروست کردنی هەموو بڕیارێک. ئەمەش دەبێ لەپلەی یەکەمدا بەخواستی نەتەوەی کوردەوە ببەسترێت، لەو بنکەیەوە داوا لە هەموو دۆست ودراوسێ وجیهان بکرێت کە دان بەمافەکانماندا بنرێت ونەبەسترێت بە رژێمی عێراقەوە، رووداوەکانی ئەم چەند ساڵەی جیهانیش ئەوەمان پێشان دەدەن کە گەلان خۆیان بڕیار دەدەن وئەوسا هەموو جیهان رێزی ئەو بڕیارە دەگرن، ئەو جا لەباری ئاستی سیاسییەوە هەموو مەسەلەکان بەشێوەیەکی سیاسی ودبلۆماسییانە باش داڕێژراون، بەڵام کە باسی وڵاتانی دراوسێ دەکەین ودەوترێت (هەوڵ ئەدەین ئەم پەیوەندییەش خزمەتی گەلی کوردستانی عێراق وگەلانی ئەو وڵاتانە بکات)، نە زیانی دەبوو، نە دبلوماسیەتیشی دەویست و، دەبوو لەناو گەلانی ئەو وڵاتانەدا ناوی کوردیش بهێنرایە، دۆست ودوژمن ، کاربەدەستانی وڵاتانی دراوسێ ئەیزانن کە دڵ ودەروونی کورد لەگەڵ یەکەو بارو قەوارەی سیاسی نەیتوانیوە کورد لەیەک بکات، کۆچە مەزنەکەی پاری کوردی عێراق وهاوکاری هەموو کورد ئەمەی سەلماند. لەبەر ئەوە لە بڕگەی سێیەمی ئەم بەندەدا کە باسی وڵاتانی دراوسێ ، تورکیا، ئێران، سوریا دەکرێ دەبێ لە کۆتاییەکەیدا بڵێین: ( هەوڵ ئەدەین ئەم پەیوەندییەش خزمەتی کوردستانی عێراق وهەموو کورد وگەلانی ئەم وڵاتانە بکات)، ئەوی تریش کە ئەنجوومەنی نیشتمانیی وئەنجوومەنی وەزیران دروست بووە حەقێکی ئاسایی و رەوای خۆمانە با لە کۆتاییەکەدا دابنرێت، سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەوەی کە خوێندتەوە بۆمانی رەوانە بکە.

**بەڕێز د. عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی دەمەوێ زیاد بکرێ لەبەندی شێیەم لە دواییەکەیدا دەبێت (ئەم پەیوەندییەش خزمەتی گەلی کوردستانی عێراق..) لێرەدا (هەموو کوردێکی) بخرێتە سەرو (گەلانی ئەو وڵاتانە بکات) گەلانی ئەو وڵاتانە دیارە باسی کوردیشە، بەس نایەوێ بە رووتی دانی پێدا بنێ، لەبەر ئەمە باشتر وایە بووترێ (گەلی کوردستانی عێراق و هەموو کورد) ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو پێشنیارەمان بۆ بنێرە وناوی خۆتی لەسەر بنووسە، تکایە ئەوەی زیادەیەکیش دەخاتە سەر لایەک یا ئاماژەی بۆ بکات.

لەکاک شێرکۆ بێکەسیشەوە پێشنیارێکمان بۆ هاتووە دەڵێ ( ڕێکخستن ودەستنیشان کردنی جۆری پەیوەندیی کوردستان لەگەڵ حکومەتی عێراقدا لەسەر بنچینەی ئارەزوومەندانە وبۆ گەلی کوردستان،...هتد) ئەوە تا رادەیەک لەپێشنیارەکەی کاک حسێن دەچێت، مەبەستم ئەوەیە کە وشەی (فیدراڵی) تێدا هەبێت.

**بەڕێز شێرکۆ فائەق عەبدوڵلا بێکەس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەڵێن (لەگەڵ حکومەتی عێراقدا)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ.

**بەڕێز عومەر سەید عەلی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خاڵی یەک (بەستنی پەیوەندیی کوردستان لەگەڵ حکومەتی ناوەندیی) بکرێتە (ڕێکخستنی پەیوەندیی گەلی کوردستان لەگەڵ حکومەتی ناوەندیی لەسەر بنچینەی ئارەزوومەندانە لەناو چارچێوەی عێراقێکی دیموکراتیدا کە دان بە مافی چارەی خۆ نووسین بۆ میللەتەکەمان ڕەوا دەبینێ ) ، ئەگەر پێشنیارەکەی کاک حسێن پەسند کرا، ئەوا من پشتگیری لێ دەکەم ئەگەر ئەویان پەسند نەکرا، ئەوا ئەو (مافی ڕەوایە) بە (مافی چارەی خۆ نووسین) بگۆڕدرێت، هەر لە هەمان خاڵیشدا بگوترێ(دامەزراندنی باشترین پەیوەندیی لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ تورکیا، ئێران، سوریا، کە پەیوەندیی مێژوویی وفەرهەنگی لەنێوانماندا هەیە و لە ڕووی جوغرافیشەوە کوردستانی عێراق ئەکەوێتە سەر سنووریانەوە، واتا وشەی (عێراق)کە لابرێت و، تەنها ئەوەندە ووترێ (لەڕووی جوغرافیشەوە کوردستان ئەکەوێتە سەرسنووریان) ، سوپاس.

**: سەرۆکی ئەنجومەن:**

تا ئێستا لەسەر خاڵی یەکەم دوو پێشنیار هەیە، بالەم بابەتە ببینەوە، چونکە بەراستی

مەسەلەیەکی گرنگەو، پەیوەندیی بەپرۆگرامەوە هەیە، یەکێ لە پێشنیارەکانیش دەڵێ (مافی فیدراڵی) لە خاڵی یەکەمدا بچەسپێت، ئەوجا چی بۆ گەلی کوردستان بێت ،یا بۆ گەلی کوردستانی عێراق بێت، بەڵام وەکو زاراوەیەک (فیدراڵی) لەجێی (ئارەزوومەندانە) دابنرێت.
پێشنیارێکی تریش هەیە دەڵێ (ئەرکی سەرشانی ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستانەو دیاری کردنی پەیوەندیی بە حکومەتی ناوەندیەوە، ئەرکی ئەنجوومەنی وەزیران نییە)و دەبێ لێکیان جیابکەینەوە، ئایا لێرەدا باسی ئەم بۆچوونە بکەین یا نەکەین؟ چونکە ئەنجوومەنی نیشتمانی دەبێ بریار لەسەر بەرنامەی ئەنجوومەنی وەزیران بدات.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

تا ئێستا چەند تێبینییەکمان گوێ لێ بوو، راستە هەندێکیان لەسەر برگە (١) و، هەندێکیشی لەسەر برگە (٢) بوون، بەڵام هەموو پێکەوە بەستراون، بۆیە دەبێ بگەڕێینەوە سەر یاسای ژمارە (١)، کە لەوێ هەندێ شت دەسنیشان کراوە، ئەو یاسایەش سەرکردایەتی بەرەی کوردستانی دەری کردووە،کە سەرچاوەیەکی شەرعییە، کەواتە دەبێ بۆ بەرەی کوردستانی خۆی بگەڕێینەوە کە شەرعیەتی بریاری هەیە و، دەبێ شەرعیەتی (میثاق)کەشی هەبێ، چونکە بەو (میثاقە) دروست بووە، تەنها لە میثاقی بەرەی کوردستانیدا باسی مافی چارەنووس کراوە، لە هەندێک ئەدەبیاتی دیکەشدا باسی یەکێتی ئارەزوومەندانە کراوە، بە راستی ئەو کاتەی کە ئەو مەسەلانە باس دەکرا زیاتر (اتحاد الاختیاری) لە باتی کوردییەکە بەکار دەهێنرا، هەتا ئەو وڵاتانەی فیدراڵین، هەندێک دەڵێن فیدراڵی و، هەندێکی تریش دەڵێن (اتحادی) ئەو (اتحادی)یەش بە (فیدراڵی) وەردەگێرن، بۆیە ئێمەش لەو بەرنامەیەدا ئەوەمان باس کردووە وهەموو بەرنامەکە لەبەردەم ئەنجوومەنی نیشتمانیدا دانراوە، پەسندی دەکات یا نایکات ئەوە دەسەڵاتی خۆیەتی، بەڵام لێرەدا نابێ بگەڕێینەوە سەر شکڵیات و بڵێین ئەوە دەبێ تەنها ئێمە باسی بکەین، ئەگەر رەزامەندی لەسەر پێشان درا، واتای ئەوەیە بوو بەسیغەیەک، بەڵام لە (میثاق)ی بەرەدا زیاتر لە (یەکێتی ئارەزوومەندانە) هەیە کە شەرعیەتی ئەویش بەهێزترە لە شەرعیەتی یاسای یەکەم ،یا بەلای کەمەوە هەر هیچ نەبێ وەکو یەکن. ئەوانیش دەزانن ئێمە چیمان دەوێ، ئێمەش خۆمان دەزانین چیمان دەوێ ، کەواتە بۆ□خۆمان لەپشت وشەو قسەدا بشارینەوە، پێویستە رایبگەیەنین کە ئێمە جیابوونەوەمان دەوێت ودەمانەوێ دەوڵەت دروست بکەین، ئێمە بەهیچ شێوەیەک لەگەڵ چارشێودا نین، هەندێ شت کە پێویستی بەهەڵوێستە بەراستی دەبێ دەری ببرین، ئەوەی کە ئەمرۆ پێویستە هەڵوێستی خۆمانی لەسەر دەربرین تەنها بەرانبەر بەناوەوەی عێراقە، بەڵام بەرانبەر بەدەرەوەی عێراق دەبێ زۆر ئاگامان لە هەموو هەڵوێستەکانی خۆمان بێت، هەتا بۆمان دەکرێ داکۆکی لەسەر ئەوە بکەین کە ئێمە ئەو داخوازیانە لە چوارچێوەی عێراقدا دەکەین، ئەوە خاڵە سەرەکییەکەیە، کە یەکێ لەبرادەران وتی زیاد بکرێ کە ئەو

پەیوەندییە لەسەر حیسابی کورد نییە، یاخود بۆ بەرچاو خستنی ناوی کوردە، دیسان گیروگرفتێکی ترمان بۆ دەخوڵقێنێ.
بەڵام ئەمەی ئێستا بەرنامەی حکومەت و وەزارەتە، بەرنامەی حزبێکی سیاسی نییە، کە لە حوکمەوە دوورە، یا لە ئۆپۆزسیۆندایە، ئەمە دانیشتنی چەند رۆشنبیرێک نییە پێکەوە بەیانێک دەربکەن.
ئێمە داوا لە دۆستان دەکەین کە لە رووی نابوورییەوە یارمەتیمان بدەن و لە رووی سەربازییەوە وڵاتەکەمان بپارێزن، داوا دەکەین کە لە رووی گەشەکردن وئاوەدانکردنەوە و، هەموو شتێکەوە پشتگیریمان بکەن، کەچی لەلایەکی دیکەوە.دێین سوژنیان پێوە دەکەین، ئەوە بەراستی زەحمەتە وبە یەک ناگاتەوە، بۆیە ئەو پێشنیارەی کە یەکێ لەبرادەران کردی و وتی (لەدەسەڵاتی ئەنجوومەنی نیشتمانیدایە) ئێمە دەڵێین هەموو شتەکان لەبەردەم دەسەڵاتی ئەنجوومەنی نیشتمانیی دانراون و، ئەو رەزامەندیان لەسەری پێشان دەدات یان نایدا؟ بۆ نموونە ئەگەر ئەنجوومەنی نیشتمانیی رەزامەندیی نیشان نەدا، ئەوا دەبێ وەزارەتەکەشمان ئیستقالە بکات، چونکە کە ئەنجوومەن لێرەدا بڕوای پێدەدات واتای ئەوەیە کە شەرعیەت بە هەموو ئەو شتانە دەدات کە لەبەرنامەکەدا نووسراون، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

روون کردنەوەکانی بەڕێز سەرۆک وەزیران بەراستی هەموو لایەکی گرتەوە، ئەگەر بێینەوە سەرخاڵی یەکەم ئەوەی کە برادەران دەیانەوێ وشەی (فیدراڵ) بچەسپێ، نازانم بەردەوامن لەسەر داواکاریەکەیان، یا پێشنیارەکەیان دەکێشنەوە؟

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

تەنها یەک وشەم بۆ هەموو ئەو برادەرانە هەیە کە وشەی فیدراڵیان پێشنیار کردووە، زۆر بە ئاسانی دەتوانین ئەو مەسەلەیە ببڕێنینەوە کە ئەڵێ (یەکێتی ئارەزوومەندانە لەناو چوارچێوەی عێراقێکی دیموکراتی فیدراڵدا). بەمە ئەبڕێتەوە وئیتر درێژە پێدانی ناوێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

باشە، بەڵام ئایا ئەمە هەر هەمان شت ناگرێتەوە؟.

**بەڕێز ئەکبەر حەیدەر موسا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بە بڕوای من، ئەشێ بەهەڵەشدا چووبم، با ئەنجوومەنی وەزیران پرۆژەکەی خۆی بکێشێتەوە، چونکە تا ئێستا هەموومان نازانین داوای چی ئەکەین، حوکمی زاتییە، فیدراڵییە، کۆنفیدراڵییە، سەرمان لە ئەنجوومەنی وەزیرانیش شێواندووە، چەندەها پارێزەرمان هەیە بادانیشن و سیغەیەک دابنێن وبڕیاری لەسەر بدەین، ئەگەریش لە(مفاوضات) ئەترسین، ئەوا

دیسانەوە جلە خاکییە کە لەبەر ئەکەینەوە ودەست لەدەست وهێز لە خوا ،یا ئەوان، یا ئێمە، سوپاس.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد ڕەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ڕاستە لە بەرنامەی بەرەی کوردستانیدا زۆر بە روونی ئاماژە بۆ مافی چارەی خۆنووسینی گەلەکەمان کراوە، بە بروای من باشتر وایە کە لێرەدا دەستەواژەی (دان بەمافی رەوای گەلەکەمان) بکرێتە (دان بەمافی چارەنووسی گەلەکەمان) و، ئاشکراش ئاماژە بۆ ئەوە بکرێ کە لە کرۆکی دەسەلاتی پەرلەماندایە، بەلام ئێمە لەم قۆناخەدا بە (فیدرالیەت) ئەو مافی چارەنووسە بەرجەستە بکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا بووە چەند پێشنیارێک، یەکەمیان ئەوەی ناو دەقەکەیە کە دەڵێ (لەسەر بنچینەی ئارەزوومەندانە) و(مافی چارەی خۆ نووسین ــ حق تقریر المصیر) وفیدرالیەت.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد ڕەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش لەگەڵ ئەوەدام کە یەکێکیان هەڵبژێرین، سوپاس.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە خاڵی یەکەم (ڕێکخستنی پەیوەندیی کوردستان لەگەڵ حکومەتی ناوەندیی.. چۆن؟ من دەپرسم ئایا گفتوگۆ دەکرێ؟ ئایا ئەم ڕێکخستنە لە ڕێگای گفتوگۆوەیە، یان نا؟ ئەگەر کاتی ئەوەش هاتووە کە گفتوگۆ لەسەر دروشمەکە بکەین، ئایا یەکێتی ئارەزوومەندانەیە ،یا فیدرالیە ،یامافی چارەی خۆنووسینە ،یا حکومەتی سەربەخۆی کوردستانە؟ ئەگەر وەختی ئەوە هاتووە وئێستا گفتوگۆی لەسەر ئەکەن، من پێم وایە ئەم هەویرە ئاوێکی زۆر دەکێشێ وبەسووک وئاسانی لەدانیشتنێکی ئاوادا ناتوانین شێوەیەک بۆ ئەم دروشمە بدۆزینەوە، بەلام ئەوەی یەکەم، ئێمە لەدانیشتنی رابوردوودا باسی گفتوگۆمان کرد و، گوتمان ڕێکخستنی پەیوەندیی کوردستان لەگەڵ حکومەتی ناوەندیی چۆن وبەچی ڕێگایەک دەکرێ؟ ئایا لە ڕێی ناوبژیوانەوە دەبێ و، خەڵک دەنێرین، یا لە ئەوروپاوە بێن و بۆمان ڕێک بخەن، ئایا ئەوە لە ڕێگای گفتوگۆوە دەبێت، گفتوگۆ دەکەین، یا ناکەین؟ پێویستە ئەم شتانە هەموو بزانین ئەوجا قسە لەسەر مەسەلەیەکی ئاوا گرنگ بکەین، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن کانەبی خضر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وای بە باش دەزانم پەیوەندیی کردن لەگەڵ حکومەتی عێراقی دیموکراتی لەسەر ئاستی بەرز

بێت، واتا نە لە کوردستان بێت ونە لە بەغداش بێت، بەڵکو لە دەوڵەتێکی ئەندامی هەمیشەیی ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتیدا بێت وبەچاودێری ئەوان ئەنجام بدرێ بۆ ئەوەی بۆ پاشەرۆژ وەکو بەڵگەنامەیەکی رەسمی پشتی پێ ببەسترێت، سوپاس.

**بەڕێز د.رۆژ نوری شاوەیس/جێگری سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

خاڵی یەکەم، بەوشێوەیەی کە نووسراوە بەپەسندی دەزانم، سوپاس.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

سەبارەت بە میکانیزمی رێکخستنی ئەو پەیوەندیە، ناتوانین لێرەدا باسی بکەین، چونکە میکانیزمەکە دەمێنێتەوە بۆ بۆبارودۆخی خۆمان وحکومەتەکەمان ودەوروبەر، واتە ئێمە بنەمایەک دەچەسپێنین، بەڵام میکانیکیەتی ئیشەکە جۆرێکە لە تەکتیک وبۆ داهاتوو دەمێنێتەوە، بێگومان هەرشتێکیش لەم بارەیەوە لە داهاتوودا رووبدات دەبێ ئەنجوومەنی نیشتمانیی ئاگای لێ بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

وەک دەزانن ئەم بابەتە پرۆژەی بەرنامەی حکومەتە، بەیاننامەی راگەیاندنی فیدراڵی نییە، هەروەها هەڵوێستی ئێمەش وەکو گەلی کورد دەردەبرێ بەرانبەر بەچارەنووسی میللەت. سەرەتا بەڕێز سەرۆک وەزیران وتی بەرنامەی هەر وەزارەتێک بەو وەزارەتەوە بەندەو، بۆ ماوەیەکی دیاریکراوە کە بنچینەکەی بۆ بڕوا پێدانی ئێوە دەگەڕێتەوە، بۆیە وردکردنەوەی زەحمەتەو ناکرێ لێرەدا بڵێین کە چ مافێک هەڵدەبژێرن،چونکە رەنگە ئێرە جێگای نەبێت وبەئەنجام ناگەین و، رەنگە لە ئەنجامی درێژەپێدانی گفتوگۆکردنیشدا داوای دواخستنی بکەین، ئەویش نە لە بەرژەوەندیی بەرنامەکەی حکومەتدایە ونە لە بەرژەوەندیی ئێمەشدایە کە دوای بخەین، چونکە ناکرێ هەمووشتێ لە بەرنامەکەی حکومەتدا ورد بکەینەوە، بەرنامەکەی حکومەت هێڵێکی سەرەکییە، رێکخستنی پەیوەندییش روون وئاشکرایەو، نە وتراوە کە بڕیاردان لەسەر پەیوەدنیی دوو شتی لێک جیاوازن، چونکە بڕیاردانی پەیوەندیی بۆ ئەنجوومەنی نیشتمانیی نەگەڕێتەوە، کە رەنگە رۆژێ لەرۆژان ئەنجوومەنی نیشتمانیی بڕیاری پەیوەندییەکە بدات و یەکالای بکاتەوە، ئیتر چ بە وتووێژ بێ، یا بە جیابوونەوەو دامەزراندنی دەوڵەت بێ بە شەڕ کردن، هەموو ئەم حاڵەتانە پەیوەندیان بە دەسەڵات و بڕیاری ئەنجوومەنی کوردستانەوە هەیە، ئەوەی لە بەرنامەی حکومەتیشدا هاتووە دەڵێ (رێکخستنی پەیوەندیی لەسەر بنچینەی یەکێتی ئارەزوومەندانە)یەو لەوە زیاتری ورد نەکردۆتەوە، عائیدیەتی ئەو یەکێتییەشی دیاری کردووە کە لە چوارچێوەی عێراقێکی دیموکراتیدا دەبێت، وابزانم هەموو کەسێک لەسەر ئەوە رازییە کە عێراقێکی دیموکراتی هەبێت، نازانم بەردەوام بوون لەسەر گفتوگۆ کردنی ئەمە

بەکوێمان دەگەیەنێت؟.

**بەڕێز مەلامحەمەد عەبدولقادر ئەحمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە ماوەیەکی دوورودرێژمان بە گفتوگۆ کردن و ریزکردنی وشەو رستەوە بەسەربرد، ئەگەر هەروا بڕوا بەمانگێکی تریش لەم بابەتەت نابینەوە وئەمەش ئیشی پەرلەمان نییە، ئێمە دوو رۆژ لە ئەنجوومەنی وەزیران کۆبوونەوەمان لەسەری کردووە، سەرەرای ئەوەش زۆربەمان ئەندامی پەرلەمانین، لەویّ لەسەر زۆربەی هەرە زۆری خاڵە سەرەکییەکان رازی بووینە، ئەگەر برادەرێک لەم بارەیەوە بۆچوونێکی تر، یا شێوە دارشتنێکی تری هەیە، باشتر وایە بە نووسین پێشکەش بکات وگفتوگۆی لەسەر بکرێت وبخرێتە دەنگدانەوە تاکۆتایی پێ بێت، بەو شێوەیە نابێ لەسەر هەر رستەیەک (٣٠.٢٠) کەس قسە بکات، لە فەرمانگەو وەزارەتەکاندا ناتوانین ئیش بکەین، چونکە پێڕەو ویاسایەکمان نییە لەسەری برۆین، بەم شێوەیە هیچ شتێکمان بۆ ناکرێ. هەروەک بەڕێزتان وبەڕێز سەرۆک وەزیرانیش وتان ئەمانە هێڵە سەرەکییەکانن، کە ئەوە راگەیاندرا ئیتر لەجێبەجێ کردنی بەرپرسیار دەبین، بەڵام بەو شێوەیە وردبکرێتەوە لەو بڕوایەدام کە بە هیچ ئەنجامێک ناگەین، سوپاس.

**بەڕێز فەلەکەدین سابیر کاکەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە خاڵی یەکەم، راستە مافی چارەی خۆنووسین لە میساقی بەرەی کوردستانیدا هاتووە، هەروەها مافی کورد لەوێدا بەشێوەی تریش باس کراوە، بەڵام لێرەدا زۆر جارو لەدەرەوەش باسی مافی چارەی خۆ نووسین کراوە وبە چوارچێوەی عێراقییەوەی دەبەستنەوە، بێگومان ئەمە لە بارەی مێژوویی وزانستیشەوە دروست نییە، چونکە مافی چارەی خۆ نووسین واتە مافی دانانی دەوڵەتی سەربەخۆ، لەبەر ئەوە لەداهاتووشدا بەهەر شێوەیەک دابرێژرێ، نابێ مافی چارەی خۆنووسین پەیوەست بەچوارچێوەی عێراقەوە بکەین، عێراقەکە قەفەسێکی شکاوە و، من مافی چارەی خۆ نووسین بە دانانی دەوڵەت تێدەگەم و، کاتی خۆیشی لە بەرنامەی بەرەدا هەر بەو واتایە دانراوە، لە جێگای تریشدا باسی مافە رەواکانی کورد، تەنانەت باسی ئۆتۆنۆمیش هاتووە، لێرەشەوە دێمە سەر بنچینەی (یەکێتی ئارەزوومەندانە)، ئەمە بۆ ئەو گەلانە دانراوە کە دەیانەوێ بە ئارەزووی خۆیان پێکەوە بژین و، ئەم (ئارەزوومەندانە)یە تەنها بۆ کورد نییە، بەڵکو بۆ گەلەکەی بەرانبەریشە کە عەرەبە، یا دەسەڵاتی ناوەندییە، باشە ئەی ئەگەر میللەتی عەرەب نەیویست لەگەڵماندا بژیت؟ واتە (ئارەزوومەندانە)کە دەبێ بەلای کەمەوە دوو لایەن بێت.

مافی گەلی کورد، مادام باسی چارەی خۆ نووسین دەکەین دەبێ خۆمان بەشتی بچووکەوە نەبەستینەوە، چونکە بەقەناعەتی من گەلی کورد روو لە ئاسۆیەکی فراوانتر دەکا، بە مەرجێ

بزانین کاروباری خۆمان ڕێک بخەین، ئەگەر بڵێین (فیدرالی) واتە دیسان خۆمان بەستەوە و یەکێک لەو ڕەخنانەی کە لە ئۆتۆنۆمی دەگیرێ ئەوەیە کە دەڵێن کۆتێکە ولە ملمان ئالاوە، ئێستاش بە هەموو بڕوایەکەوە دەڵێم ئەگەر میللەتی کورد قەناعەت بەوە بێنێ کە (فیدرالی) دوا مافیەتی، ئەوا بە بڕوای من کەمێ لە ئۆتۆنۆمی زیاترە وئاواتی ئێمەش گەلێ لەوە دوورترە، چونکە فیدرالیش هەروەک وتم لە چوارچێوەی عێراق دەرناچێت، واتە لە چوارچێوەی ئەو قەفەسەی کە هەموومان هەولی تێک شکاندنی دەدەین، ئەگەر ڕژێمێک لە عێراقدا نەبێت مافی کورد لە شێوەی ئۆتۆنۆمیدا چارەسەر بکات، هەرگیز چاوەڕێی ئەوەشی لێ ناکرێ کە لە شێوەی (فیدرالی)دا ئەو مافەمان بۆ پیادە بکات، چونکە هەردووکیان پەیوەندییان بە دیموکراتیەتەوە هەیە، ڕاستیشە کە فیدرالی هەندێ دەسەلاتی زیاترە، بەلام سەرئەنجام هەر دەبێ حکومەتێکی دیموکراتی ئەو مافە پیادە بکات، کە لە وبڕوایەدانیم لەمە بەدوا حکومەتی وا دیموکراتی لە عێراقدا دەسەلات بگرێتە دەست، ئەگەر دیموکراتیەت بەمانای هەلبژاردنی ئازاد بێت، ئەوا ئەو ئەنجوومەنە نیشتمانییەی عێراق دیسان زۆربەی هەرە زۆری عەرەب دەبن وئێستا بارودۆخێکی نەتەوایەتی لە جیهاندا سەری هەلداوە وشوڤێنیەتی عەرەبیش گەلێ بەهێزە، ئیتر هەرگیز بڕوام نایە لەو ئەنجوومەنە نیشتمانیەدا لە ئۆتۆنۆمی بەولاوە بە کورد ڕەوا ببینن، ئێمە دەبێ خۆمان بە فیدرالی نەبەستینەوە، بەلکو دەبێ چاومان لە زیاتر بێت، بۆیە دەڵێم ئەوەی کە لە بەرنامەی ئەنجوومەنی وەزیراندا هاتووە شتێکی ڕێکوپێکە و وەک خۆی بمێنێتەوە باشە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بۆ کورت کردنەوە بابەتەکە دوو خاڵ لەم گفتوگۆیەدا سەری هەلداوە، تکایە..کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە بڕگەکە وەکو خۆی بمێنێتەوە بادەست بەرز بکاتەوە...دەست بەرزکرایەوەو...زۆربەی ئەندامان دەستیان بەرزکردەوە... ئەی کێ دەیەوێت گۆڕانی بەسەردا بێت؟.... تەنها (٩) کەس دەستیان بەرزکردەوە...بۆیە خاڵەکە وەکو خۆی لەبەرنامەکەدا بە زۆربەی دەنگ چەسپا.

**بەڕێز عومەر سەید عەلی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دەستەواژەی (مافی چارەی خۆ نووسین) هەموو شتێک دەگرێتەوە هەر لە ئیدارە محەلیەوە تا پێکهێنانی دەوڵەت، بەرەی کوردستانیش کە ئێستا پەرلەمان لە جێبەجێ‌تی داوای (حق تقرير المصير) دەکا لە چوارچێوەی عێراقدا، ئەمەش هەنگاوێکە بۆ دواوە کەچی ئەیخەنە دەنگەوە، ئەمە چۆن دەبێ، سوپاس.

**بەڕێز فەلەکەدین سابیر کاکەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێمە بە پێچەوانەوە داوا دەکەین ، سوپاس.

**بەڕێز عومەر سەید عەلی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مافی رەوای کورد ئۆتۆنۆمیش دەگرێتەوە، جا بابزانین ئێمە فیدرالێمان دەوێ ، یا وەکو خۆی بمێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە ئەم بڕگەیەمان خستە دەنگەوەو کۆتایی پێ هات، ئەوەی کە کاک فلک الدینیش وتی ئەوە بیروڕای خۆیەتی.

**بەڕێز عومەر سەید عەلی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماقوڵ نییە پەرلەمان هەنگاو بۆ دواوە بنێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکایە لەسەر خۆبە، ئەگەر بیر لە بنچینەی (یەکێتی ئارەزوومەندانە) بکەینەوە ئەوا زۆر شت دەگرێتەوە.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لام وابێ دەنگدانەکە نائاسایی بوو، چونکە روونکردنەوەکانی کاک فلک الدین هیچیان بە دەستەوە نەدا، من وتم لە جیاتی (عێراقێکی دیموکراسی) بنووسین (عێراقێکی دیموکراسی فیدراڵ) ئیتر پێویست ناکا بنووسین دان بە مافی میللەتەکەماندا بنێین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە وتمان کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە دەقەکە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟..زۆربەی ئەندامەکانیش بە پەسەندیان زانی کە وەکو خۆی بمێنێتەوە، بۆ ئەوەشی کە وشەی (فیدراڵ)ی بخرێتە سەر دیسان خستمانەوە دەنگدان، کەچی تەنها (٩)ئەندام دەنگیان بۆ دا ئیتر بۆ دەنگدانەکە نائاسایی بوو؟!.

ئێستاش دێینە سەر خاڵی دووەم لە بەشی یەکەم، کە دەست نەهاوێشتنە کاروباری وڵاتانی دراوسێیە، کێ تێبینی هەیە با بفەرمووێ.

**بەڕێز ئەکبەر حەیدەر موسا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئایا عێراقیش وەکو دراوسێ دەژمێردرێ؟سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەمە روونە، ئێمە تا ئێستا هەرێمی کوردستانی عێراق بەکار دێنین.

**بەڕێز د. محەممەد فوئاد مەعسوم/سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەگەر بمانەوێ شت زیاد بکەین، ڕەنگە ئەو کاتە شتەکانمان لێ بگۆڕێ و، لە بەکار هێنانی دەستەواژەی (دەست نەهاویشتنە کاروباری ولاتانی دراوسێ) مەبەستمان عێراق نییە، چونکە لەو جیانەبوونەتەوە هەرچەندە ململانێشمان لەم بارەیەوە لەگەڵیەکدا زۆرە، بەلام ئەوەی لەگەڵ عێراقدا هەمانە بەتەئکید لەگەڵ ئێران وتورکیا وسوریا نامان بێت، سوپاس.

**بەڕێز عەبدولخالق محەممەد ڕەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

خاڵ دووەم بەلامەوە ڕوون نییە، ئێمە دەوڵەت نین تا بتوانین دەست بخەینە کاروباری دەوڵەتانی ترەوە، دەبێ ئەو برگەیە ڕوون بێ بۆ ئەوەی سبەی ڕۆژ دەوڵەتانی دراوسێ گلەیی نەکەن وبلێین ئێوە یارمەتی تێکۆشەرە کوردەکانی ئەو ولاتانە دەدەن، یاخود باشتر وایە برگەکە هەڵبگیرێ، چونکە برگە (٣) جێی برگە (٢) دەگرێتەوە، ئەو برگەیەش بەلای منەوە زیاتر بۆ پشتگیری پارچەکانی تری کوردستان هاتووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

پێشنیارێک هەیە ئەڵێ: ئەو برگەیە لابرێت، چونکە برگە (٣) جێی دەگرێتەوە، کە بەم جۆرەیە: (دامەزراندنی باشترین پەیوەندیی لەگەڵ ولاتانی دراوسێ،تورکیا، ئێران، سوریا، کەپەیوەندیی مێژوویی وفەرهەنگی لە نێوانماندا هەیە، لە ڕووی جوغرافیشەوە کوردستانی عێراق ئەکەوێتە سەر سنووریان).

**بەڕێز د. محەممەد فوئاد مەعسوم/سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئە وبرگەیەی کە دانراوە، حیسابی بۆکراوە، چونکە بزووتنەوەی کورد لە کوردستانی عێراقدا زۆر جار تاوانبار کراوە بەوەی کە پشتگیری کوردی ئێران وتورکیا دەکات، زۆر جاریش ئێرانیەکان گیروگرفتیان لە گەڵ لایەنەکانی عێراقدا بووە لەسەر ئەوەی کە دەڵێن ئێوە پشتگیری بزووتنەوەی کوردی ئێران دەکەن، هەروەها تورکیاش. بەلام لێرەدا مەبەست ئەوەیە کە ئێمە بە هیچ جۆرێ نامانەوێ دەست بهاوێینە ئیشوکاری ناو تورکیا وئێران، ئەوەی لە تورکیادا هەیە پەیوەندیی بە کوردی تورکیا وحکومەتی تورکیاوە هەیە، ئەوەی لەئێرانیشدا ڕوو دەدات پەیوەندیی بە کوردی ئێران وحکومەتی ئێرانەوە هەیە، ئەوەی ئێمەش کێشەی کوردی عێراقە لە گەڵ حکومەتی عێراقدا، واتە جۆرە دڵنیاییەکیان پێ بدرێ. جگە لەمەش ئەو خەباتەی کە ئێمە لەعێراقدا دەیکەین بۆ دامەزراندنی دەوڵەت نییە، بۆیە جارێکی تر مەبەستەکەمان دووپات کردۆتەوە، واتە ئەو هەوڵ وتەقەلایەی کە دەیدەین بۆ کوردستانی عێراقە وخەباتمان لە پێناوی یەکسانی وهاوئەرکی وهاومافییە و، بۆ بەشداریی کردنە لە بڕیارو دەسەلاتدا، کە هەموو بەیەکەوە

بەستراونەتەوە، کەواتا ئەم بڕگەیە بۆ زیاتر دڵنیایی کردنی دەوڵەتەکانی دراوسێیە تا لە ئێمە نەترسن و وانەزانن کە وڵاتەکەمان دەبێتە بنکەیەک بۆ پشتگیری کردنی جووڵانەوەی کورد لە ئێران وتورکیا، راستیشە لەسەر ئاستی نەتەوایەتی ئەگەر تەماشای بابەتەکە بکەین گەلێ گران وقورس لە سەرمان دەکەوێتەوە، بەڵام لەهەمان کاتیشدا نابێ ئێمە خۆمان بکەینە قوربانیی هەندێ لایەنی توندڕەو، کەدەیانەوێ کوردستانی ئێمە ببێ بە قوربانیی هەندێ بەرژەوەندیی تایبەتی خۆیان، سوپاس.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێمە کە لە بڕگە (٢)دا هیچ ئاماژەیەکی ئاشکرامان بۆ پشتگیری پارچەکانی کوردستانی تورکیا وئێران وسوریا نەبێ، ئیتر بۆشتی وا پێش چاوی دەوڵەتان بخەین کە ئەو دەوڵەتانە کوردستانیان داگیر کردووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

دیسان دەگەڕێمەوە سەر سەرەتای قسەکانمان ودەڵێم ئەمە بەرنامەی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانە وپیادە کردنیشی ماوەیەکی دەوێت وپێشەکیش بڕوا پێدانی ئێوەی پێویستە، بەرنامەکەش هێڵی سەرەکی کارنامەی ئەنجوومەنە.

**بەڕێز فەلەکەدین سابیر کاکەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەگەر ١٠٠٪یش نەتوانین ئەوا بەپێی توانا دەبێ یارمەتی براکانمان لە هەموو پارچەکاندا بدەین، بەڵام نەک لەسەر حیسابی گەلی کوردستانی عێراق، بەبڕوای من دەقەکە وەک خۆی بمێنێتەوە زۆر باشە، با ئێمە وەکو نەتەوە ودەوڵەتانی تر دەزگای نهێنی تایبەتی خۆمان هەبێت، بۆ نموونە تورکیا، سوریا، چەندەها گیروگرفتیان لە نێواندا هەیە وکەسیش ناڵێ من یارمەتی ئەولایە یا ئەم لایە دەدەم، هەردەمیش دەوترێ دەست ناخەینە کاروباری یەکتر، واتا هیچ دەوڵەتێک ئەمە نادرکێنێ، کە چی لە هەمان کاتدا بەم کارانە هەڵدەستێ، من ناڵێم کوردستان بکەینە گۆڕەپانی ململانێ و لە خۆمانی تێک بدەین، بەڵام ئێمە وەکو نەتەوەیەک بەپێی توانا یارمەتیمان داون ودەیدەین لەهەموو پارچەکاندا، بەڵام نابێ ئەمە لە بەرنامەی حکومەتدا دابنرێت، چونکە هیچ حکومەتێک شتی وا لەبەرنامەی خۆیدا دانانێت، سوپاس.

**بەڕێز مەلا محەمەد ئەمین عەبدولحەکیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

سەبارەت بە خاڵی دووەم کە دەڵێ: دەست نەهاوێشتنە کاروباری وڵاتانی دراوسێ، شتێکی پیرۆزە وباشە، پێشنیار دەکەم ئەم رستەیەشی بۆ زیاد بکرێت، (هەروەها رێگا نەدرێ کەسیش دەست بخاتە ناوکاروباری ئێمەوە)، سوپاس.

**بەڕێز فـــــــرەنســـــــۆ تۆمـــــا هەریری:**

**بەڕێز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومـــــــەن.**

خاڵی (٢و٣) هەردووکیان وەکو یەکن، ئەگەر دووەم زیاد بێ، سێیەمیش زیادە، ئەگەر سێیەم بمێنێ،دووەمیش دەبێ بمێنێت، هەردووکیان ئەگەر بەواقیعی تەماشایان بکەین ئیشی مەرکەزن، چونکە پەیوەندیی دروست کردن بۆ مەرکەز دەگەڕێتەوە، بەبروای من بمێنێ باشەو هەروەک مامۆستاش فەرمووی چۆن ئێمە دەست ناهاوێینە کاروباری وڵاتانی دراوسێوە، بائەوانیش دەست نە هاونە کاروباری ئێمەوە، سوپاس.

**بەڕێز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومـــــــەن:**

واتە تۆیش پێشنیاری زیاد کردنی دەقێک بۆ سەر بڕگەکە دەکەیت.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومـــــــەن.**

وەک بنەمایەک ئەوە راستە، هیچ لایەک دەست نەهاوێتە کاروباری ئەوی تر، بەڵام واقیعی ئەمرۆی کوردستان بەشێوەیەکی ترە، هەموویان دەستیان هاویشتووەتە ناو کاروباری ئێمەوە، یەک کەس تا ئێستا ڤیزە لە حکومەتی کوردستان وەرناگرێت ودێتە ئێرە، بەناوی یارمەتیدانی گەلی کوردستان ودێت وڕەزامەندی کەس وەرناگرێت، ئەوەش دەست هاوێشتنە کاروباری ئێمەیە بە بێ ئەوەی حیسابێکمان بۆ بکەن، دەمێنێتەوە سەر هەڵوێستی خۆمان، رازی دەبین یان نا؟ ئەوە پێویست بەوە ناکات ئێستا دەری ببڕین، بەڵام هەنگاو بە هەنگاو بۆی دەچین تا ئەو قۆناغەی کە بتوانین ئیشوکاری خۆمان رێک بخەین، ئەو کات دەڵێین هەر وەک چۆن ئێمە دەستمان نەهاویشتووەتە ناو کاروباری دەوروبەر، نابێ کەسیش دەست بهاوێتە ناو کاروبارمانەوە، بەڵام با ئێمە لێرەدا دەقی مردوو تۆمار نەکەین، سوپاس.

**بەڕێز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومـــــــەن:**

کێ بەو دەقە رازیە بادەست بەرز بکاتەوە؟..دەست بەرز کرایەوە ومادەی دوو بەزۆربەی دەنگ بڕیاری لەسەر درا.

**بەڕێز د. کەمـال عـەبدولکەریم مـحـەمـەد فـوئاد:**

**بەڕێز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومـــــــەن.**

من جاری پێشوش وتم ئەم شێوەیە نایاسایییە، نابێ شت بەو شێوەیە بەر چاو بخرێ، پێویستە ئەوەی پێشوو هەڵوەشێتەوەو بەشێوەیەکی وا بخرێتە بەردەم ئەنجوومەن کە لە گەڵ پێڕەوی ناوخۆی ئەنجوومەندا بگونجێ، سوپاس.

**بەڕێز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومـــــــەن:**

پاش ئەوەی کە پتر لە (١٤) کەس تێبینی خۆیان نیشان دا ئەوجا تەنها دوو حاڵەت بەدەستەوە مایەوە، یەکێکیان ئەوەیە کە دەقەکە وەکو خۆی بمێنێتەوە، ئەوی دیکەش ئەوەیە کە دەسکاری

بکرێ، ئێمە حاڵەتی یەکەمان خستە دەنگەوەو زۆربەی ئەندامان پەسەندیان کرد، بۆیە ئیتر پێویست بەوە نامێنێ کە حاڵەتی دووەمیش بخەینە دەنگدانەوە، کەچی ئێمە ئەوەشمان کرد و زۆربەی ئەنجوومەن رازی نەبوون کە دەقەکە دەسکاری بکرێ، بۆیە هیچ گومانێک لەسەر شێوەی دەنگدانەکە نییە، بەڵام ئەگەر شتی تر هەیە ئەوا با بە ئاشکرا تر قسە بکەین.

**بەڕێز فـــــرەنســــۆ تۆمـــــا هەریری:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــــومــــــەن.**

شێوەی راست ودروست ئەوەیە کە ئەو دەقەی کە لە ناو بەرنامەکەدا هاتووە بخرێتە دەنگدانەوە ئەوجا پێشنیاری تر ئەگەر هەبوو، سوپاس.

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــــومــــــەن:**

هەر پێشنیارێک کە دەنگی زۆربەی بە دەس هێنا دەبێتە یاسا، ئێمەش هەر وامان کردووە.

**بەڕێز د. کـەمـاڵ عـەبدولکەریم مـحـەمـەد فـوئاد:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــــومــــــەن.**

دەڵێم ئەگەر لەمەو دوا پێشنیارێک کرا پێویستە بخرێتە بەردەم ئەنجوومەن بۆ ئەوەی بڕیاری خۆی لەسەر بدا، بەرنامەکەی ئەنجوومەنی وەزیرانیش بڕگە بە بڕگە گفتوگۆی لەسەر دەکرێ و پێشنیاری دەسکاری کردنی دەکرێ وپێویستە هەموو پێشنیارەکانیش بخرێنە دەنگدانەوە، سوپاس.

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــــومــــــەن:**

لە پێشا دەبێ پرۆژەی بەرنامەکە وەکو خۆی بخرێتە دەنگدانەوە و ئەگەر پەسەند نەکرا، ئەوسا پێشنیارەکانی تر بە زنجیرە وەردەگیرێن وگفتوگۆیان لەسەر دەکرێ و دەخرێنە دەنگدانەوە.

**بەڕێز عــــومـــــەر ســـــەید عـــــەلی:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــــومــــــەن.**

سەبارەت بە بڕگەی (٣) دامەزراندنی باشترین پەیوەندیی لە گەڵ وڵاتانی دراوسێ، هەتا لە رووی جوغرافیشەوە کوردستانی عێراق ئەکەوێتە سەر سنووریان، پێشنیار دەکەم ئەمەی بۆ زیاد بکرێت، بە مەرجێ لەسەر حیسابی گەلی کورد نەبێ، لە هیچ یەک لەو وڵاتانەدا، سوپاس.

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــــومــــــەن:**

پێشنیارێک هەیە دەڵێ با ئەم رستەیەش بخرێتە سەر دەقەکە (دامەزراندن وپتەو کردنی دۆستایەتی لەگەڵ وڵاتانی ئەورووپی، بەتایبەتیش بازاڕی ئەورووپی هاوبەش).

پێشنیارێکی دیکەش هەیە دەڵێ با وشەی (گەلان)یش بخرێتە پێش دەستەواژەی (وەڵاتانی دراوسێ).

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

عادەتەن پەیوەندی حکومەت لە گەڵ گەلاندا نابێت، ئەوە حزبەکان پێی هەڵدەستن، سوپاس.

**بەڕێز د.رۆژ نوری شاوەیس/جێگری سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بەوەی کە دەڵێ (هەوڵ ئەدەین ئەم پەیوەندییەش خزمەتی گەلی کوردستانی عێراق وگەلانی ئەو وڵاتانە بکات) ئەگەر ( خزمەتی گەلی کوردستان) بکات و(عێراقی) لێ لابرێت فراوانترو باشتریشە، سوپاس.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئایا حزبە کوردیەکانی تورکیا وئێران وسوریا وای لێک نادەنەوە کە ئەم جۆرە پەیوەندیە لەسەر حیسابی ئەوانە ؟! سوپاس.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

برادەران لەلایەکەوە دەیانەوێ لێرە وەکو بەڵگەنامەیەک (وثیقە) دەربڕێ کە لە رووی مەبدەئیەوە پەیوەندیی تەواوی هەیە لەگەڵ بزووتنەوەی کوردایەتی لەو وڵاتانەدا و، وپەیوەندیی تەواویشیان دەوێ لەگەڵ ئەو حزبانەدا کە هەموو لە گەڵ حکومەتەکانی خۆیاندا لە ململانێ دان، لە لایەکی تریشەوە داوا لەو حکومەتانە دەکەن کە پشتگیری لێرە بکەن، ئەوەش رێک ناکەوێت، با ئەو پەیوەندییە لەگەڵ حزبەکانی کوردستانی ئێران وتورکیا وسوریا حزبەکانی خۆمان پێی هەڵسن، ئەوانەی نوێنەریان لەو پەرلەمان ولە وەزارەتدا هەیە، ئەمە ئیشی حکومەت نییە کە بچێ لەگەڵ ئەو حزبانەدا دابنیشێ وپەیوەندیی دروست بکات، عادەتەن ئەو جۆرە پەیوەندییانە لە نێوان حکومەت وحزبەکاندا نابێت، بەڵکو لە نێوان حزبەکاندا روودەدات، لە هەندێ لە وڵاتانیشدا بەشێک بە ناوی بزووتنەوەی رزگاریخوازیەوە دادەمەزرێ کە لە بنەرەتدا ئەوانە سەربەدەزگاکانی (مخابرات)ن، واتە خۆیان لەگەڵیاندا دانانیشن، بۆیە ئێمە دەمانەوێ پێش هەموو شتێک حکومەتی تورکیا، ئێران، سوریا، دڵنیا بکەین کە بزووتنەوەی ئێمە بەشێک نییە لە بزووتنەوەی کوردستانی گەورە ونیازی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردیمان نییە، بۆیە دەبێ خۆمان لەوگوزارشتانە دوور بخەینەوە، با دڵمان شتێک بێت وزمانمان شتێکی تر، سوپاس.

**بەڕێز د. عیزەدین مستەفا رەسول:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وابزانم ئەرکی حکومەتیشە کە ئەمن وئاسایشی کوردستانی عێراق بپارێزێ و وردە وردە رێ لە

هەموو دەست درێژییەک بگرێ کە بۆ سەر هەموو بستێ لە خاکی کوردستانی عێراق دەکرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەڕێز شێرکۆ بێکەس پێشنیاری ئەوەی کردووە کە ئەم رستەیەش بخرێتە سەر دەقەکە (هەوڵ ئەدەین ئەم پەیوەندیەش خزمەتی گەلی کوردستان و گەلانی ئەو وەڵاتانە بکات و لە یەکمان نزیک بکاتەوە).

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەو دەستکاریەمان پەسندە، بەڵام ئەوەی کە دکتۆر عزالدین باسی کرد کە ئەمن وئاسایش لەکوردستاندا بەرپا بێت وبتوانین پارێزگاری لە ژیانی دانیشتوانی کوردستان بکەین، ئەوە راستە ئەرکی سەر شانی ئێمەیە، بەڵام لە هەمان کاتدا دەبێ پارێزگاری ژیانی خەڵکی ئەو کوردستانەش بکەین بۆ ئەوەی نەبێتە قوربانی هەندێ لایەن، کە بیانەوێ ناوچەکەمان تێوە بگلێنن، سوپاس.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

زۆر جار وا روویداوە کە حکومەتی عێراق لە گەڵ حکومەتی تورکیادا بۆ لەناوبردنی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد لەعێراق وتورکیادا رێک دەکەون وبەهەردووکیان دەکەونە وێزەی ئەم گەلەوە ئەی بۆ ئەمە هەڵوێست چۆن دەبێ؟، سوپاس.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەگەر کۆبوونەوەکان بەم شێوەیە درێژە بکێشێ، ئێمە ماندوو دەبین، لە بەیانیەوە تاسەعات دووی پاش نیوەڕۆ لێرە دەوامان کردووە ولە سەعات چواریشەوە هاتووینەتەوە، بەبڕوای من سنوورێک بۆ گفتوگۆکانمان دابنرێ باشە، ئێستا با لەسەعات (٨)دا کۆتایی بەم دانیشتنە بهێنین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

تاسەعات (٨)بەردەوام دەبین. چونکە ئێمە کاتی خۆی بڕیارمان لەسەر ئەوە داوە.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا/ سکرتێری ئەنجوومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

تێبینییەکم لەسەر برگەی (٣) هەیە، مادام بۆچوونمان بۆ فیدرالییە، دەستووریشمان نییە دەسەلاتی حکومەتی هەرێم دیاری بکات، ئەگەر دەستووریشمان هەبێت زەحمەتە دەسەلاتی حکومەتی هەرێم دیاری بکرێت، چونکە لەو حاڵەتەدا پێویستە بەپێی پێکهاتنەکە لە نێوان

حکومەتی ناوەندیی وحکومەتی هەرێمدا دابەش بکرێت، کە ئەوەش نەبووە، بەس عورفێکی دەستوریمان هەیە کە دەڵێ، ناوچەیەکی فیدراڵی دەسەڵاتی ئەوەی نییە پەیوەندیی لەگەڵ حکومەتەکاندا ببەستێت، بەنسبەت ئێمەشەوە ئەو جۆرە پەیوەندییە گەلێ پێویستەو، من لەو بڕوایەدام کە حکومەتەکانی تورکیا وئێران و سوریاش بەرەسمی لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستاندا بۆ گفتوگۆ کردن دانانیشن، بۆیە پێشنیار دەکەم، مادام حکومەتی کوردستان شەرعیەتی وەرگرتووە وزۆر لە دەوڵەتان بەئاشکرا یا (ضمنا) دانی پێدادەنێن ئەوا ئەو ئیشە لە رێگای پەرلەمانەوە ئەنجام دەدرێ، حکومەتیش نوێنەری خۆی لە ناو پەرلەماندا هەیە و، ئەگەر بەناوی حکومەت یا پەرلەمانیشەوە بێتە دی، دوور نییە لەو (هەڵوێستە) رزگاری ببێت وئەوەی کە بۆی هەوڵ دەدات بەدەستی بهێنێت، سوپاس.

**بەڕێز د. محەممەد فوئاد مەعسوم/سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی کاک فرست فەرمووی، هەمان شت بۆ پەرلەمانیش دەوترێ، پەرلەمانیش، پەرلەمانی هەرێمە، مافی ئەوەی نییە پەیوەندیی لەگەڵ پەرلەمانی وڵاتێکی تردا دروست بکات، ئێمە لێرەدا نەمان وتوە پەیوەندیی دبلوماسی، یا پەیوەندیی سیاسی، بەڵکو پەیوەندیمان بەشێوەیەکی گشتیی ناوهێناوە، ئەو پەیوەندییانەش حزبەکان لەگەڵ ئەو حکومەتانەدا هەیانە، سوپاس.

**بەڕێزحەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەرنامەی ئەنجوومەنی وەزیران کە پەرلەمان دانی پێدانا، شەرعیەتی پەیدا دەکا، بەڵام ئەگەر لە مادەکانی (٢و٣)دا (کوردستانی عێراق )هەڵبگیرێ (تناقض)ێک پەیدا دەبێ، چونکە ئەبێتە دەست تێوەردان، سوپاس.

**بەڕێز سیروان محەممەد نەورۆلی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیار دەکەم لە باتی وشەی (هەوڵ ئەدەین) وشەی (ئەبێت) دابنرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێشنیارەکەی بەڕێز شێرکۆ بێکەس لەلایەن ئەنجوومەنی وەزیرانەوە پەسند کرا کە دەڵێ (هەوڵ ئەدەین ئەم پەیوەندییە خزمەتی گەلی کوردستانی وگەلانی ئەو وڵاتانە بکات ولێکمان نزیک بکاتەوە) ئەوە لەجیاتی دەقە سەرەکییەکە پەسند کرا.

**بەڕێز سیروان محەممەد نەورۆلی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو پەیوەندییە دەبێ لە شێوەی (ئەمر)دا دابڕێژرێت، واتا لە باتی (هەوڵ ئەدەین) (ئەبێ)

دابنرێ دروستتره، سوپاس.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو پەیوەندییە لە نێوان دوو لایەن دەبێت، ئێمە لەلای خۆمانەوە هەوڵ دەدەین، بەڵام لایەنی بەرانبەر مسۆگەر نییە، سوپاس.

**بەڕێز یونادم یوسف کنا/ وەزیری ئیشغال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

برادەران پێشنیاریان کرد پەیوەندیی لەگەڵ بازاڕی ئەوروپی هاوبەشدا ببەسترێ، منیش پێشنیار دەکەم دەقەکە وای لێ بێت: (دامەزراندنی باشترین پەیوەندیی لەگەڵ دۆستاندا، وەکو شتێکی گشتیی، بە تایبەتیش ولاتانی دراوسێ تورکیا، ئێران، سوریا، کەپەیوەندیی مێژوویی وفەرهەنگی لە نێوانماندا هەیە). لە پاشماوەی دەقەکەشدا دەستەواژەی (لە رووی جوغرافیەوە) لابرێت، چونکە سنووری لەگەڵ تورکیا وئێران وسوریا تاکوێ هەیە با باسی ئەو سنوورانە نەکرێت، بۆتەواو کردنیشی دەڵێین: (هەوڵ ئەدەین ئەم پەیوەندییە خزمەتی گەلی کوردستان وگەلانی ئەو ولاتانە بکات ولێکمان نزیک بکاتەوە)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێشنیارەکەی کاک شێرکۆ پەسند کرا و مەبەستی تۆیش زیاد کردنی (دۆستان)ەو،مەسەلەی جوگرافی یەکەش هەڵبگیرێ.

**بەڕێز یونادم یوسف کنا/ وەزیری ئیشغال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵێ لە (جوگرافی)ەکەوە بەو لاوە لابرێت، سوپاس.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەم پێیە ئەو سێ دەوڵەتە بەر (دۆستان) دەکەون، ئایا وایە؟ خۆی گیروگرفتی ئێمە ئەو سێ دەوڵەتەیە، ئەوان لێمان رازی بن وگیروگرفتمان بۆ دروست نەکەن، ولاتانی تر زۆرن کەپشتگیریمان بکەن، بەڵام کەئەو سێیە لەبەردەممان بن بەکۆسپ ئەو کاتە زەحمەتە، سوپاس.

**بەڕێز فەلەکەدین ساببیر کاکەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بەو پێشنیارەی کە دەڵێ (کوردستان) یا (کوردستانی عێراق) بێت، پێشنیار دەکەم کە بکرێتە (گەلی کوردو گەلانی دراوسێ)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

برادەرانی ئەنجوومەنی وەزیران بەپێشنیارەکەی کاک شێرکۆ رازی بوون کە دەڵێ (گەلی

کوردستان وگەلانی ئەو ولاتانە).

**بەڕێز فەلەکەدین سابیر کاکەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێشنیار دەکەم کە لەباتی وشەی (کوردستان) (گەلی کورد)دابنرێ،سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئایا ئەمیش هەمان شت ناگرێتەوە؟!.

**بەڕێز فەلەکەدین سابیر کاکەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

نەخێر، تەنها گەلی کورد دەگرێتەوە، ئەمە یەک، دووەمیش لەسەر تێبینییەکەی کاک فرسەت،کە گوتی پەیوەندیمان بەدراوسێکانەوە هەیە، جارێ ئێمە لەپێشەکییەکەدا (تعدیل) یێکمان زیاد کرد لەو تعدیلەشدا حەقمان بەخۆمان داوە بۆچی پەیوەندیی بکەین و، دەڵێین لەبەر ئەوەی ئابلووقە دراوین ناچارین پەیوەندیی بەدەرەوە بکەین، جگە لەمەش حەز ئەکەم برادەران ئەو بزانن کە من فیدراڵی بەکەمترین مافی گەلی کورد دەزانم، وشەی فیدراڵی یا ئۆتۆنۆمی زیاتر دەمانبەستنەوە، بەلام (یەکێتی ئارەزوومەندانە) زیاتر بوارمان پێ ئەدات ودەستمان کراوەتر ئەکات، رەنگە لە (اتحادی اختیاری)دا بتوانین جیاببینەوە، بەلام ئێمە ئێستا لەباری یاساییەوە زیاتر دەست کراوەین، جگە لە هۆیە پێویستەکان (اسباب موجبە) کە باسمان کرد کە ئێمە ئابلووقە دراوین و...هتد، لەبەر ئەوە ئەم بەرنامە نا ئاساییەمان داناوە وهەر ئەم بارودۆخەش ڕێگای پەیوەندیی کردنمان پێ ئەدات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بە پێی ئەم گفتوگۆیانە دەقە پێشنیار کراوەکە بەم شێوەیەی لێ هات: (هەوڵ ئەدەین ئەم پەیوەندییەش خزمەتی گەلی کوردستان وگەلانی ئەو ولاتانە بکات ولێکمان نزیک بکاتەوە).
کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە برگە (٣) وەکو خۆی بمێنێتەوە لەگەڵ ئەو گۆڕانکاریەی سەرەوەدا کە لە لایەن ئەنجوومەنی وەزیرانەوە پەسند کرا، بادەستی خۆی بەرز بکاتەوە....دەست بەرزکرایەوە.....زۆربەی ئەندامان ئەو برگەیەیان بە دەستکاریەکەوە پەسند کرد.
سوپاس..بەمەش کۆتاییمان بەکۆبوونەوەی ئەمڕۆ هێناو، سبەی سەعات (١٠) ی سەر لەبەیانی کۆدەبینەوە.

| | | |
|---|---|---|
| **فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا**<br>**سکرتێری ئەنجوومەن** | **نەژاد ئەحمەد عزیز ئاغا**<br>**جێگری سەرۆک** | **جوهر نامق سالم**<br>**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق** |

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٦)

دووشەممە ڕێکەوتی ٢٠/٧/١٩٩٢

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره (١٦)

## رۆژی دووشەمە ڕێکەوتی ١٩٩٢/٧/٢٠

***کاتژمێر (١٠)ی سەر لەبەیانی رۆژی ١٩٩٢/٧/٢٠، ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستان، بەسەرۆکایەتی بەڕێز جوهر نامق سالم سەرۆکی ئەنجوومەن و، بە ئامادە بوونی جێگری سەرۆک بەڕێز نژاد ئەحمەد عەزیز ئاغاو، سکرتێری ئەنجوومەن، بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا، کۆبوونەوەی ژمارە (١٦)ی خولی ئاسایی یەکەمی، ساڵی یەکەمی خۆی بەست.***

***سەرەتا دەستەی سەرۆکایەتی رادەی یاسایی دانیشتنەکەی چەسپاند ودەرکەوت کە ئەم ئەندامە بەڕێزانە بەپرسی پێشوەختە لە دانیشتنەکەدا ئامادە نەبوون:***

***١- بەڕێز شەوکت حاجی موشیر***
***٢- بەڕێز حسەن ئەحمەد عەبدوڵلا***
***٣- بەڕێز ئەرسەلان بایز ئیسماعیل***
***٤- بەڕێز ئەحمەد ئەبوبەکر بامەرنی***
***٥- بەڕێز پەریخان مەحمود عەبدولقادر***
***٦- بەڕێز سەعدی ئەحمد محەمەد***
***٧- بەڕێز کەمال جەلال غەریب***
***٨- بەڕێز مستەفا سەید قادر***
***٩- بەڕێز نەوشیروان فوئاد مستەفا***
***١٠- بەڕێز نەجمەدین عەزیز ئیسماعیل***
***١١- بەڕێز سیروان محەمەد نەورۆلی***

***ئەوجا بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن بەناوی خوای بەخشەندەو میهرەبان و، بەناوی گەلی کوردستانەوە دانیشتنەکەی دەست پێکرد:***

***بەرنامەی کار:***

***بەردەوام بوون لەسەر گفتوگۆ کردنی بەرنامەی کاری ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێم.***

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئێستاش لەسەر گفتوگۆ کردنی پاشماوەی مادەکانی بەرنامەی کاری ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێم بەردەوام دەبین. فەرموون کێ تێبینی وسەرنجی هەیە، باناوی خۆی تۆمار بکات.

**بەڕیز د.ڕۆژ نووری شاوەیس/جێگری سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێش ئەوەی بچینە سەر ئەم خاڵە، دوێنێ من ناوی خۆم نووسیبوو بۆ ئەوەی قسە لەسەر خاڵی

یەکەم بکەم.من بەگشتی تێبینییەکم هەیە ، ئەگەر ڕێم پێ بدەن حەز دەکەم ئەو خاڵانە بخەمە روو.ئەو سێ خاڵەی لەبەشی یەکەمدا لەسەر ئاستی سیاسی نووسراون، ڕاستە لە ئەرکەکانی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانن ،بەلام ئەو سێ خاڵە بەس نییە،چەند خاڵێکی تری گرنگ هەن کە دەبوایە لە بەشی یەکەمدا بنووسرانایە،بەلام ئەو خاڵانەی لە بەشی شەشەمدا نووسراونەتەوە،واتە خراونەتە سەر ئاستی مرۆڤایەتی و هاوکاری .پێشنیارەکەی من ئەوەیە کە ئەو خاڵانە بخرێنە سەر ئەرکی ئەنجوومەنی وەزیران بەگشتیی،چونکە بەرای من لە ئەرکی ئەنجوومەنی وەزیرانەو خاڵەکانیش ئەمانەن:

١-گەیاندنی دەنگی گەلی کورد بەگەلانی جیهان و هەوڵدان بۆ مسۆگەر کردنی یارمەتی مەعنەوی وئینسانی بۆگەلی کوردستان.

٢-خەبات کردن بۆلابردنی هەردوو ئابڵووقەکە لەسەر کوردستان ،واتە ئابڵووقەی ئابووری و ئیداری کە عێراق بەسەر کوردستانیدا سەپاندووە، هەروەها ئەوەشی کە نەتەوەیەکگرتووەکان بەسەر عێراقدا سەپاندوویانە.

٣-هەوڵ بدرێت و داواش لە نەتەوە یەکگرتووەکان بکرێت کە نوێنەری حکومەتی کوردستان وەکو (چاودێر) لە نەتەوە یەکگرتووەکاندا وەربگرن.

٤-لە نەتەوە یەکگرتووەکان داوا بکرێت کە بەشێک لە(أموال مجمد)ی عێراق بۆ کوردستان تەرخان بکرێت،هەروەها بەشێک لە داهاتی عێراق بۆ کوردستان تەرخان بکرێت بۆ قەرەبوو کردن (تعویض)وئاوەدان کردنەوەی کوردستان بەو شێوەیەی کە ئێستا کوێت قەرەبوو دەکرێتەوە ،چونکە کوردستانیش لەگەڵ حکومەتەکانی عێراقدا لە بەرەنگاریی جەنگێکی دوورو درێژدا بووە.

٥-داوا لەگەلانی جیهان بکرێ کە پشتگیریی گەلی کورد بکەن و تەئکید بکرێت کە ناوچەی هێڵی پارێزراو لە هێڵی (٣٦)ەوە بکرێتە هێڵی (٣٥)، ئەمەش بەگشتی سەر بەسیاسەتی ئەنجوومەنی وەزیرانە کە لەسەر هەموو ئاستێک ولە هەموو (محفل)ێکدا داوای بکات و ئیشی بۆ بکات،چونکە ئەمە تەنیا ئیشی یەک وەزارەت نییە،بەڵکو وای بەچاک ئەزانم بخرێتە سەر ئەو بەشەی کە پەیوەندیی بە سیاسەتی گشتیی ئەنجوومەنی وەزیرانەوە هەیە، سوپاس.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن .**

ئەگەر بێت و ئێمە بەم شێوەیە باس لە مەسەلەکان بکەین، با هەموو ناونیشانەکان هەڵ گرین وبڵێین هەموو کارەکان ئەرکی ئەنجوومەنی وەزیرانن. بەلام ئەو( تبویب)ە بۆ ئەوە کراوە کە جموجۆڵ لەشتەکەدا هەبێ،دووەمیش دەست نیشان بکرێت کە لە فلانە بەش ئەوەم دەوێ و، لەوی تر ئەوەم دەوێ کە زیاتر لەسەر ئەو بنچینەیە ڕەچاوکراوە نەک لەسەر ئەو بنچینەیەی کە بڵێین

ئەمە هی ئەو وەزارەتەیە هی ئەنجوومەنی وەزیران نییە.
پرۆژەکە پرۆژەیەکی (کاملە)، هەمووی پێکەوەیە، ئینجا دوای ئەوە لە ئەنجوومەنی وەزیران ئەو پرۆژەیە دەبێ لێک جیا بکرێتەوە، ئەوەی پەیوەندیی بەهەر وەزارەتێکەوە هەبێ دەست نیشان دەکرێ، ئەوە ئەرکی وەزارەتەکەیە لەو ماوەیەدا. ئەنجوومەنی وەزیرانیش هەمووی لەوەدا پێکەوە هاوکارن و بە هەموویان ئەو بەرنامەیە جێبەجێ دەکەن، بۆیە ئەگەر ئەم برگانەمان لە بەشی شەشەوە بۆ بەشی یەکەم گواستەوە ئەوسا دەبێ هەندێ مەسەلەی ئابووریش لە بەشی چوارەمەوە بۆ بەشی یەکەم بگوازینەوە، چونکە کە باسی پەیوەندیی بازرگانیی دەکەین ئەویش مەسەلەیەکی سیاسییە و لە بازنەی بازرگانیدا نامێنێ، بۆیە ئەوەی پێشەوە زیاتر وەکو پێناسەیەک بوو بۆ دەست نیشان کردنی وەزعە سیاسیەکە.ئەوەی کە پێشنیار کرا تەنها جێ گۆرکێیە، لە بەر ئەوە من وای بە باش دەزانم کە دەقەکە هەر وەکو خۆی بمێنێتەوە باشترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەرنامەکە بەرنامەی ئەنجوومەنی وەزیرانە، بەرنامەی وەزارەتێکی پسپۆر نییە،کاتیش کە ئەم بەرنامەیە لە ئەنجوومەنی وەزیراندا شی دەکرێتەوە و یاسای وەزارەتەکان دادەنرێت، ئەوسا لە وێدا دەسەلات و مەیدانی ئیش کردنی وەزارەتەکانیش دیاری دەکرێت ،بەلام ئەم بەرنامەیە بەرنامەی ئەنجوومەنی وەزیرانەو، ئەنجوومەنی وەزیرانیش لە جێبەجێ کردنیدا بەر پرسیارەو، ئەرکەکە هەمووی لە چوارچێوەی بەرپرسیارێتی ئەنجوومەنی وەزیراندایەو، وابزانم پاش وپێش خستنیشی هیچ لە مەبەستەکە ناگۆرێ.

**بەریز د.رۆژ نووری شاوەیس/جێگری سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەو بابەتە بابەتێکی بنچینەیە لە وەزارەتەکەماندا، مەوزوعی لابردنی ئابلووقەی ئابووری کە دەولەتی عیراق بەسەر کوردستاندا سەپاندوویەتی ، مەوزوعی ئابلووقەی ئابووری کە نەتەوە یەکگرتووەکان لە سەر عێراق داینلوە، هەروەها داوا بکرێت بەشێک لەوسەروەتەی عێراق کە تەجمید کراوە، بۆ کوردستان تەرخان بکرێت .ئەمە ئەرکی وەزارەتێک نییە، بەلکو ئەرکی هەموو وەزارەتەکەمانە، واجبی هەموو کوردێکە، چونکە مەسەلەیەکی گرنگی بنچینەییە وەکو هەموو مەسەلە هەرە ئاساسییەکانی تر بە سیاسەتی ئەنجوومەنی وەزیرانەوە بەستراوەتەوە، هەروەها بە چارەنووسی میللەتەکەمانەوە بەستراوە. بە رای من دەبێ لەپێشی پێشەوەدا بەزەقی دابنرێت، سوپاس.

**بەرێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

یەکەم، وام زانی کاک د.رۆژ لەتەنیشتمەوە داکۆکی لە بەرنامەکە دەکا،کە چی یەکەم کەس ئەو رەخنەی هەبوو.

دووەم، لەسەر ئاستی ئازادیی ودیموکراتی و مافی مرۆڤ، هیچ وەزارەتێکمان بەو ناوەوە نییە.
سێیەم، لەسەر ئاستی بەڕێوەبردن وئاسایشیش، بەوناوە وەزارەتمان نییە و نەشمانگوتووە کاروباری ناوخۆ.

لە سەر ئاستی ئابووریش، بەو ناوەوە وەزارەتمان نییە، بەڵکو وەزارەتی دارایی وئابووریمان هەیە.
لە سەر ئاستی یارمەتی مرۆڤایەتیش، وشەی (هاوکاری)مان رەش کردەوە و ئەویّ رۆژێ کە خوێندمەوە و تۆمار کرا نەمان گوت (هاوکاری). ئەم روون کردنەوەیەشم پێشکەش کرد بۆ ئەوەی نەبادا وابزانرێ ئەوە ئەرکی وەزارەتەکانە. هەروەها لەسەر ئاستی کشتوکاڵیش،ئەو کات دەبێ ئەویش لا بەین وبڵێین ناوی وەزارەتەکەیە، لەسەر ئاستی پەروەردەو فێرکردن وخوێندنی باڵا، خوێندنی باڵایش لە چوارچێوەی هیچ وەزارەتێکدا نییە، بەڵام کاتێ کە دێینە سەر ئیش کردن ئەوسا هەر وەزارەتە و کاروباری خۆی جێبەجێ دەکا، ئەگەر چی ناشتوانێ بەبێ وەزارەتەکانی ترو ئەنجوومەنی وەزیران بە کارەکانی خۆی بەتەواوی ئەنجام بدات.

ئەو لایەنەشی کە بە رێکخستنی ئەوکارانە هەڵدەستێ سەرۆک وەزیرانە، یا جێگرەکەیەتی، یا وەزیرێکی پسپۆرە، کە دەبێ هاریکاری (متابعە)ی ئەو ئیشانەی خۆی بکات ولە کاتی پێویستیشدا دەبێ لە سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران ولە جێگر و لە وەزیرەکانی تریش داوای هاوکاری بکات بۆ جێبەجێ کردنی ئەوشتانەی کە لە (باب)ی تایبەتی خۆیاندا جێیان بۆ کراوەتەوە، بەڵام بێین ئەو شتانە دەست نیشان بکەین و بۆ پێشەوەیان بگوازینەوە ئەوە بە پێویست نازانم، بەڵام لەگەڵ ئەوەدام کە باسی هێڵی(٣٥و٣٤)بکرێت ، ئەوە شتێکی زۆر چاکەو بەرنامەکە دەوڵەمەند دەکات، منیش رازیم ، کە بیکەینە شتێکی بنچینەیی ولەپێشەوەیدا دابنێین.

وابزانم شتی ئەساسی تریش کە ماوە دامەزراندنەوەی ئیداراتە لەکوردستاندا، هەروەها بەرپابوونی یاسایەو، ئەگەر ئیدارەتمان نەبێت یارمەتی مر ۆڤایەتیش نرخی نابێ، هەر وەکو هیچ قیمەت و دەورێکی نەبووە. کەواتە دامەزراندنەوەی تەشکیلاتی ئیداری لە رووی لۆجیکەوە، لە رووی عەمەلیشەوە لە پێشترە، چونکە ناتوانین ئەو رێکخراوانە بپارێزین کە لە دەرەوە هاتوون وخزمەتی خەڵکی کوردستان دەکەن.. بۆ؟، چونکە تەشکیلاتی ئیداری پۆلیسمان نییە. کەواتە دامەزراندنەوەی دەزگای پۆلیس دەبێ لە پێشەوەدا بێت. بۆیە ئێمە دەڵێین با بڕگەکانی هەر بەشە لە جێی خۆیدا بمێنێتەوە، چونکە هەموو پێکەوە شتێکی (متکامل )پێک دەهێنن کە پێی دەگوترێت بەرنامەی ئەنجوومەنی وەزیران. بەشی یەکەم لە رووی سیاسیەوە تەنیا هی سەرۆکایەتی حکومەت نییە، لە راستیدا هەمووی هی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیرانە. هەر وەزیرێکیش بەرامبەر وەزارەتەکەی خۆی بەرپرسیارە، وابزانم ئەگەر ئەو یەک دوو بڕگەیەش بخەینە سەر بەشی یەکەم لەسەر ئاستی سیاسی پێناسەکان تۆزێ لەنگ دەبن، چونکە هەر وەکو گوتمان دیاری کردنی وەزعە و، دەبێ وەزعی قانونیی خۆمان دەست نیشان بکەین..بۆ؟ چونکە ئەگەر هاتوو ئەوەمان

کرد، دەبێ هەموو برگەکان جێ گۆڕکێ پێ بکەین، من لاریم لەوەش نییە کە هەڵیان بگرم، بەڵام بەو شێوەیە راست ودروست نابێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

حەزم دەکرد لەوەتان ئاگادار بکەم کە یەک دوو ئەندامی پەرلەمانی ئەڵمانیا میوانمانن وبۆ ئێرە هاتوون تا لەنزیکەوە ئاگاداری شێوەی بەڕێوەبردنی دانیشتنەکانمان بن، هیوادارم کە(إنطباع)ێکی باشمان لێ وەرگرن.

ئێستاش دەچینەوە سەر باسەکەی خۆمان کە بەڕێز د.رۆژ لەسەرەتای دانیشتنەکەدا گووتی کە لەسەر بەشی یەکەم وشەشەم پێشنیاری هەیە، بەڵام بە هیچ شێوەیەک بواری ئەوە نادەین جارێکی تر بابەتەکە گفتوگۆی لەسەر بکرێتەوە، چونکە دوێنێ گفتووگۆی زۆری لەسەر کرا و، پێشنیارەکەش هیچ لە مەوزوعەکە ناگۆڕێت تەنیا پاش و پێش کردنە لە بەرنامەکە، واتە دەیەوێ چەند برگیەک بگوێزرێتەوە کە لەسەر ئاستی سیاسییە، چونکە بیرو بۆچوون وسیاسەتی ئەنجومەنی وەزیران دەخاتە روو، واتەناوەڕۆکی بەرنامەکە ناگۆڕێت تەنیا شێوەکەی نەبێت.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەکرێت بەنیسبەت بەشی شەشەمەوە بڵێین( لەسەر ئاستی پەیوەندییەکان وگەیاندنی دەنگی گەلی کوردستان بەدەرەوە)، ئەوە شتێکی سیاسی نییە، ئەوە پەیوەندیی بە راگەیاندنەوە هەیە و، لەوێدا جێی نابێتەوە کە بڵێین لەسەر ئاستی پەیوەندییەکان. بۆ نموونە، پەیداکردنی پشتگیری ماددی ومەعنەوی لە هەموو روویەکەوە، ئەمە پەیوەندیی بە مەسەلەی ئینسانییەوە هەیە. رێکخستنیی پەیوەندیی لەگەڵ کوردەکانی دەرەوەی وڵات، ئەوە دەبێ لە خانەیەکی تردا باسی بکەین، سوپاس.

**بەڕێز د.رۆژ نوری شاوەیس/جێگری سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مەسەلەکە ئەوە نییە تەنیا من و بەڕێز د.فۆاد گفتوگۆی لەسەر بکەین، مەسەلەکە ئەوەیە من پێشنیارێکم پێشکەش کرد ئەگەر ئێستا نەتوانین بیبڕینەوە، دەشێ دوای بخەین تا زیاتر لە نێوان هەردوو گرووپەکەدا باسی بکەین، یان بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان با گفتوگۆی بکەن تا بە ئەنجامێک دەگەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن :**

ئەگەر رازین با بەشی شەشەمی بەرنامەکە بهێڵینەوە بۆ دوای پشوو و، گفتوگۆی بەشەکانی تری بەرنامەکە بکەین، چونکە بەشی یەکەممان تەواو کردو بڕیارمان لەسەر دا، بەڵام بەڕێز د.رۆژ گووتی چەند تێبینییەکم هەیە لەسەر چەند برگەیەکی بەشی شەشەم.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە رازین لەسەر ئەوەی کە دوا بخرێت، بەڵام تکا لە بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران و بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران دەکەین کە ئەو مەسەلانە لە نێوان خۆیاندا یەکالا بکەنەوە بۆ ئەوەی کە هاتنە ئێرە وەک یەک بەیانی وەزاری پێشکەشی بکەن، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەرنامەکە هی حکومەتی هەرێمە و مەرج نییە هەر سەرۆک وجێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران لێی بکوڵنەوە، بەڵکو دەبێ هەموو وەزیرەکانیش بەشداری لەوەدا بکەن، سوپاس.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەرۆک و جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران وەزیرەکانیش دەسەڵاتی تەنفیزین و دەبوایە لەوێدا جیاوازی بیروبۆچوونەکانی خۆیانیان ببڕاندایەتەوە، ئەوان لێرەدا مافی گفتوگۆ کردنی پرۆژەکەیان نییە، چونکە ئەوە حەقی ئێمەیە کە دەسەڵاتی یاسادانانی، سوپاس.

**بەڕێز د.رۆژ نوری شاوەیس/جێگری سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی مایەی خۆش حاڵییە ئەو خاڵانەی کە لەسەریان رێک نەکەوتوین کەمن وزۆر نین و، دەشێ ئەمە دوا خاڵیش بێ کە لەسەری رێک نەکەوتبێن، ئەگەر لە سەرجەمی شەست حەفتا خاڵیشدا لەسەر یەک دوو خاڵ بۆچونی جیاوازمان هەبێ ئەوە دەسکەوتێکی گەورەیە و چونە پێشەوەیەکی باشە و هیچ پێویست بەو هەموو رخنەیە ناکا، سوپاس.

**بەڕیز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تێبینییەکمان بۆ هاتووە لە بارەی خاڵی یەکەمی بەشی دووەمەوە، کە ئەمەیە:

(هەڵ وەشاندنەوەی هەموو قانوونە نا ئاسایی(ئیستیسنائی)یەکان کە لەلایەن رژێمەوە دەرچوونە بۆ چەسپاندن و پاراستنی دیکتاتۆریەتی خۆی ولەناو بردنی گیانی رزگاریخوازی لەکوردستاندا).

پێشنیارەکە بەو شێوەیەیەو من لە گەڵ ناوەرۆکی خاڵی یەکەمدام ، بەڵام تێبینی ئەوە دەکەم کە ئێمە لە رووی یاساوە ناتوانین، یا دەسەڵاتی ئەوەمان نییە یاساکانی عێراق هەڵبوەشێنینەوە، بەڵام دەتوانین کارییان پێ نەکەین یان هەڵیان پەسێرین، واتا (تجمید)یان بکەین.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیار دەکەم کە لە جیاتی (هەڵوەشاندنەوە)ی بنووسرێ: (هەوڵ بدرێت بۆ هەڵ وەشاندنەوەی و...)، سوپاس.

**بەڕێز د. قــــاسم مـــحـــەمـــەد قـــاسم:**

**بەڕێـز ســــــەرۆكی ئـەنجـــــــومـــــەن.**

پێشنیـار دەكـەم كـە پاش وشـەی (دكـتـاتۆریەت) وشـەی (ڕەگـەز پەرسـتی)ش زیاد بكرێت و.، سوپاس..

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/سەرۆك وەزیران:**

**بەڕێـز ســــــەرۆكی ئـەنجـــــــومـــــەن.**

ئەوەی باست كرد لە چوارچێوەی یاسا نائاساییەكاندایە، واتا (استثنائی) یە، سوپاس.

**بەڕێز عـــــومـــــەر ســــــەید عـــــەلی:**

**بەڕێـز ســــــەرۆكی ئـەنجـــــــومـــــەن.**

پێشنیار دەكەم كە لە بڕگەی یەكەمدا بنووسرێت: (ڕەت كردنەوەی هەموو یاسا (استثنائی)یەكان كە لەلایەن ڕژێمـەوە دەرچوون بۆ چەسپـاندن و پاراسـتنی دیكـتـاتۆری شـۆڤـێنی، بۆ لەناو بردنی گیـانی ڕزگاریخوازی لەكوردسـتاندا)، واتە وشەی (ڕەت كردنەوە) لە بری( هەڵوەشاندنەوە) بەكار بێت ، وشەی (خۆی)شی لابـبردرێت و(شۆڤێنی) جێگای بگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/سەرۆك وەزیران:**

**بەڕێـز ســــــەرۆكی ئـەنجـــــــومـــــەن.**

وابزانم وشەی هەڵپەساردن (تجمید)ی یاسا نییە، ئەگەر هەڵمان پەسارد، ئایا دەتوانین بەدیلێكی بۆ دابنێین؟. لە وەڵامدا دڵێین :نەخێر ناتوانین چونكە لەیەك وەختدا نابێ دوو یاسا هەبێ، بەڵام ئەگـەر هەڵمـانوەشـاندەوە، ئەوا دەتوانین یاسـایەكی تری لە جـیـاتی دابنـێین . وابزانم برادەرانی یاساناس زیاتر دەتوانن تیشك بخەنە سەر ئەم مەبەستە.

ئەگەر گوتیشمان شەرعی نییە كە یاسا بۆخۆمان دابنێین، ئەی چۆن شەرعیەتمان بەخۆمانداوە كە پەرلەمان دابمەزرێنین؟! خۆ ئەم كارە سەرپێچی ڕاستەوخۆیە لە هەموو یاساكانی عێراق. دەبێ بەو پێوانەیە تەماشای یاسا بكەین، بۆیە دەبێ بڵێین (هەڵوەشاندنەوە)، ئەگینا بەرامبەر بە یاسا دەستە پاچە دەوەستین وناتوانین یاسای تر دەربكەین. ئەمە لەلایەكەوە،لەلایەكی تریشەوە دروست بوونی ئەنجوومەنی نیشتیمانیی وئەنجوومەنی وەزیران ڕاستەوخۆ سەر پێچی لە دەستووری عێراق دەكات، نەخوازەڵا یاسای عێراق. لە بەر ئەوە وشەی (هەڵوەشاندنەوە ) لە وشەی (هەڵپەساردن، هەوڵ دان )دروستـترەو لەبەر دەستی خۆمـان دایەو پێویسـتـە پەرلەمـان بڕیاری لەسـەر بدات. هەوڵدان بۆ ئەوەیە ئەم بەرنامەیە جێبەجێ بكەین. وابزانم وشەی (ڕەت كردنەوە)ش سیاسییە نەك یاسایی، واتە هەڵوێست گرتن نیشاندەدا، هەڵوێستێكی سیاسی، بەڵام لە قانووندا دیاری كردن (تحدید) هەیە، لەبەر ئەوە دەبێ لە نێوان وشەی (سیـاسی)ٚ و (یاسایی)دا جیاوازی بكەین ، سوپاس.

**بەڕێز بارزان خالید عەزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەنها لەسەردەمی ئەم رژێمەدا یاسای (استثنائی)دەرنەچووە، بەڵکو لەپێش ساڵی ١٩٦١یشدا یاسای نائاسایی تر دەرچووەو، سوپاس.

**بەڕێز محەمەد ئەمین عەبدولحەکیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە کە مافی یاسادانانمان هەبێ، ئەی بۆ مافی ئەوەمان نەبێ کە یاسا هەڵبوەشێنینەوە؟!. لەبەر ئەوە وشەی (هەڵوەشاندنەوە)بە باش دەزانم و پێشنیار دەکەم کە برگەیەکی تر لە دوای ئەم برگەیەوە زیاد بکرێت لەبارەی ئەوەی کە رژێم دەستی بەسەر موڵکومالی ئەو خەڵکەدا گرتووە کە سەر بە شۆڕش بوونە، یا کەسوکاری پێشمەرگە بوون، واتە برگەکە بەم شێوەیە بێت: هەڵ گرتنی حجز لەسەر ماڵ وملکی خەڵکی کوردستان، سوپاس.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مادام گووترا یاسا نائاسایی «استثنائی»یەکان، ئیتر ئەوەش دەگرێتەوە، دوای ئەوەش هەر وەزارەتە و لەبەر رۆشنایی ئەم بەرنامەیەدا یاسا و، کۆمەڵێ بریاری تری دەبێ کە بە دووردرێژی باسی لێوە دەکات. پێشنیارەکەی کاک بارزانمان لا پەسەندە لە دارشتنەوەی بەرنامەکەشدا رەچاوی ئەوە دەکەین کە ئەو یاسایانەش بگرێتەوە کە لە پێش هاتنی ئەم رژێمەدا لە ساڵی ١٩٦١ەوە دەرچوون، کەئەوانیش بۆ هەمان مەبەست دانراون، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

با رێ بەبرادەرانی لیژنەی یاساش بدەین کە ئەوانیش تیشکێک بخەنە سەر باسەکە. فەرموو کاک حسن قسە بکە.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لیژنەی یاسا دەمێکە بیری لەوە کردۆتەوە و، وەکو بیرۆکەیەکیش لە لامان خەملیوە. دوو پرۆژەمان بەدەستەوەیە. دوای کشانەوەی رژێم ودامودەزگاکانی لەکوردستاندا، ئەو یاسایانە لە خزمەتی (تبعیث،تهجیر،تعریب)دان و، هەروەها ئەوانەشی کە لە بەرژەوەندیی گەلی کورد وکوردستاندا نین، کاریان پێ ناکەین، ئەمە لەلایەکەوە، لەلایەکی تریشەوە، ناتوانین هەموو یاساکان هەڵبوەشێنینەوە مەگەر ئەوانەی کە (تعارض)لەگەڵ بەرژەوەندیی میللەتی کورددا دەکەن، ئەگینا کار بەیاساکان دەکەین تا یاسای نوێیان لەشوێن دادەنێین، سوپاس.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە ناتوانین ئیش بەیاسایەک بکەین کە نائاساییەو بۆچەسپاندن وپاراستنی دیکتاتۆریەت ولەناوبردنی خەڵکی کوردستانە، ئێستا دەتوانین هەر ئەوەندە بڵێین چونکە ناتوانین لە جیاتی ئەوانە یاسای تر دابنێین. ئێمە ناشڵێین هەڵوەشاندنەوەی هەموو یاساکان، چونکە لەیاسای عێراقیدا یاسای زۆر باش هەن و، ئێمە دژی هەموو یاساکان نین، چونکە لە بوارەکانی تردا زۆر یاسای دیکەی عێراقی هەن کە زاناو یاساناس دایانناون، ئێمەی کورد دەتوانین سوودیان لێ وەربگرین، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

با وشەی( هەڵوەشاندنەوە)وەکو خۆی بمێنێتەوە، چونکە لە یاسادا (تشریع، تعدیل، الغاء)هەیە، هەروەها پێشنیار دەکەم کە وشەی (بڕیار)یش بخرێتە دوای دەستەواژەی (قانونە ئیستیسنائیەکانەوە)، سوپاس.

**بەڕێز ئەکبەر حەیدەر موسا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە رای من بڕگەی یەکەم وپێنجەم پەیوەندییان بە یەکەوە هەیە. لەبەر ئەوە وای بەچاک دەزانم وشەی (پێڕەو نە کردن )لە جیاتی (هەڵوەشاندنەوە)بەکار بهێنرێ باشترە.

هەموو پەرلەمانێکیش دەستووری هەیە ئێمە نەبێ، دەستوور خۆی لەخۆیدا دوو جۆرە، دەستووری پەرلەمانی ئەو دەستوورەیە کە پەرلەمان مافی (تعدیل)وهەڵوەشاندنەوەی هەیە، بەڵام لە دەستووری نەگۆڕ(جامد)دا پەرلەمان دەسەڵاتی ئەوەی نییە دەسکاریی بکات، چونکە بەپێی یاسا لەپەرلەمان بەدەسەڵات تر پارێزگاری دەکات، ئەویش فەرمانڕەوای گشتییە کە هەر خۆی مافی(تعدیل) و هەڵوەشاندنەوەی هەیە، سوپاس.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(پێڕەو نەکردن، ڕەت کردنەوە، هەڵ پەساردن )هیچ یەکێک لەمانە گوزارشتی یاسای نین، بەڵکو دەتوانین بڵێین (پەیڕەوکردن ــ تطبیق)یان( هەڵوەشاندنەوە ــ إلغاء)و، ئیتر شتی سێیەمان لەپێشدا نییە، چونکە ئەمە لە دواییدا دەبێ بە یاسا و نابێ وشەی سیاسی و، زاراوەی سیاسی لێرەدا لە جێی زاراوەی یاسایی بەکار بهێنین، بەڵام لەسەر بنچینەی پێشنیارەکەی کاک بارزان دەسکاری دەقەکەمان کرد بە شێوەیەک کە هەموو حکومەتەکانی عێراق و ڕژێمەکانی پێشتریش بگرێتەوە.

ئەو پێشنیارەی کاک (ایاد)یشمان لاپەسەندە کە بگوترێ (هەموو یاسا و بڕیارەکان)، چونکە زۆر

لەو بڕیارانەی کە لەعێراقدا دەرچوون هێزو پێزی یاسایان هەیە و، زۆریش لە یاسا نائاساییەکان هەر بڕیارن و هێزی یاسایان پێدراوە، چونکە ئەنجوومەنی نیشتیمانی عێراق مافی دەرکردنی ئەو جۆرە یاسایانەی نییە وهەر ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش خۆی ئەو یاسایانەی دەرکردووە، سوپاس.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

نازانم تاقمێک پیاوکوژی چەقۆوەشێن کە لە بەغدا دانیشتوون ، بۆ بتوانن ڕێگە بە خۆیان بدەن کە قانون دەربکەن و بە راست وچەپا حوکمی خۆیان بکەن و خەڵک بکوژن و خەڵک بەرن، بەڵام ئێمە کە لە ئەنجامی هەڵبژاردنێکی ئازادەوە هاتووین ئەو مافەمان نەبێ؟!

بەراستی پێویستە ئەو تەلیسمە بشکێنین و، بڕوا بەوە بێنین کە مافی ئەوەمان هەیە بڕیار بدەین و، مافی هەڵوەشاندەوەشمان هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

هەموو ئەندامانی ئەنجوومەن لەو رۆژەوەی کە رازی بوون خۆیان بۆ ئەندامەتی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان بپاڵێون ئەو تەلیسمەیان شکاندوەو، هەڵوێستە کردنیش بۆ لەبەر چاو گرتنی بەرژەوەندی گەلی کوردو بارودۆخی کوردستان مانای ئەوە نییە کە ترس و تەلیسم لە ئارادان، بەڵکو بۆ ئەوەیە کە بەرنامەی یەکەم حکومەتی کوردستان بەشێوەیەکی گونجاو و واقیعبینانە دابڕێژین.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێمە گوتمان دەقە یاساییەکە هەموار(تعدیل)دەکرێت. کاک د.رۆژ ئاگادارە کە لە کاتی وتووێژکردن لەگەڵ رژێمی عێراقدا داوامان لێکردن کە ئەو ( بڕیارو سیستەم ورێنمایی ـ تعلیماتە نائاساییانە هەڵبوەشێننەوە.

کەواتە ئێستا دەقەکە بەم شێوەیە دەخەینە روو(هەڵوەشاندنەوەی هەمووقانوون وبڕیارو سیستەم ورێنمایی ـ تعلیماتە ئیستیسنائییەکان کە دەرچوونە بۆ چەسپاندن وپاراستنی دیکتاتۆریەت بۆ لە ناو بردنی گیانی رزگاریخوازی لەکوردستاندا)، چونکە ئەو رژێمانە هەندێکیان دیکتاتۆری بوونە، هەندێکیشیان گومان لەوەدا هەیە کە دیکتاتۆری بووبن، کەوابێ دەقەکە بەم شێوەیەی ئێستای هەموو رژێمەکان دەگرێتەوە، چونکە وشەی (خۆی)مان لە دوای وشەی دیکتاتۆریەتەوە هەڵگرت کە تایبەتمەندیی بە وشەی دیکتاتۆری دەدا کە مەبەست لەم رژێمەی ئیستای بەعسە، کەچی دیکتاتۆریەت وشەیەکی گشتییە(عبدالکریم قاسم )یش بەرەو هەڵدێری دیکتاتۆریەت هەڵ خلیسکا، بەڵام (عبدالسلام و عبدالرحمن)ی برایشی خەریک بوون بەرەو دیکتاتۆریەت هەنگاو هەڵبێنن. کەواتە هەر یەک رژێم لە دەوڵەتی عێراقدا دیکتاتۆری نەبووە، بەڵکو پلەی

دیکتاتۆریەتی ئەمان لەوانی دیکە بەرزتر بووە، سوپاس.

**بەڕێز مـــەلامـــەحـــمـــود دێرشـــەوی:**

**بەڕێز شـــەرۆکی ئـەنجـــوومـــەن.**

پێویستە لە بڕگەی (٢)ی بەشی دووەمی بەرنامەکەدا مەسەلەی ڕۆژنامەگەریی بەپێی یاسا دیاری بکرێت تا ڕێ بەو کەسانە نەدرێ لە ژێر پەردەی کوردایەتیدا بیروبۆچوونی خۆیان دژ بە میللەتی کـورد بڵاو بکەنەوە، هەروەها بەلای منەوە وشـەی (کـورد)یا (مـیللەتی کـورد)لە (گـەلی کوردسـتان)ڕاسـتترە، چونکە مـیللەتی کورد بۆ ڕزگاریی کـوردسـتان خـوێنی ڕژاندووەو نزیکەی (٥٠٠)هەزار شەهیدی لەم ڕێیەدا کردووەتە قوربانیی، نەک هەموو گەلی کوردستان، سوپاس

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز ســـەرۆکی ئـەنجـــوومـــەن.**

لەبەردەم یاسـادا ، باسی هاوڵاتی دەکـرێ، باسی تەنیـا کـورد ناکـرێ، چونکە یاسـا پەیوەندیی ڕاستەو خۆی بەهاوڵاتییانەوە هەیە، بۆیە دەگوترێ:گەلی کوردستان ، سوپاس.

**بەڕێز ئەیـاد حـــاجی نامق مـــەجـــیـــد:**

**بەڕێز ســـەرۆکی ئـەنجـــوومـــەن .**

بەنیسبەت بڕگە (٢)ی بەشی دووەمی بەرنامەکەدەبێ «جامع ومانع)بێت، بەڵام ئەگەر بە شێوەی (المطلق یجری علی إطلاقـه)بێت، پێـویسـتـە بەپێی یاسا سنووری بۆ دابنرێت، چونکە ئەگـەر وانەبێت، هەر کـــەس بەئارەزووی خـــۆی دەکـــات. لەبەر ئەوە بەپێـــویســـتی دەزانم دوای وشەی(ڕۆژنامەگەری.....هتد) دەستەواژەی (بەپێی یاسا)ی بخرێتە سەر، سوپاس.

**بەڕێز ســـەرۆکی ئـەنجـــوومـــەن:**

وەکو تێبینی دەکرێ، زۆر لەبرادەران بەرنامەی ئەنجوومەنی وەزیران بە یاسا لە قەڵەم دەدەن. لە ڕاستیشدا ئەمە بەرنامەیەو یاسا نییە. بەرنامەش باسی هێڵی گشتی دەکات و لە وردەکاری قووڵ نابێتەوە. کە دەشڵێ: (دابین کردنی مافی ئازادی وبیروباوەڕ)من بەش بەحاڵی خۆم بە ڕاستی نازانم ئەوەندە تەتەڵەی بکەین وبیخەینە چوارچێوەی قاڵبێکی یاسایی نەگۆڕەوە.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز ســـەرۆکی ئـەنجـــوومـــەن.**

باوەر ناکەم لە دونیادا بەرنامەی ئەنجوومەنی وەزیران بەم شێوەیە گفتوگۆی لەسەر کرابێ، سوپاس.

**بەڕێز مـــەلا تـەڵحـــە ســـەعـــیـــد قـــەرەنی:**

**بەڕێز ســـەرۆکی ئـەنجـــوومـــەن.**

پێشنیار دەکەم وشەی (ئیسلامی )بخرێتە پاش وشەی (ئایینی)، سوپاس.

**بەڕێز ســـەرۆکی ئـەنجـــوومـــەن:**

دیسـان دووپاتی دەکەینەوە کە مەوزوعەکە بەو توندییە مەگرن، ئایین ئایینی خوایە، یەکێک بڵێ

ئیسلامی وئەویتر بڵێ مەسیحی ویەکێکی تر بڵێ یەهوودی.. هەموو دونیا دەزانێ دینی رەسمی کوردستان ئیسلامە ئیتر پێویست ناکا هەموو جارێ تەئکیدی لەسەر بکرێتەوە.

**بەڕێز مـەلا مـوحـسـن خـالـیـد مـوفـتـی:**

**بەڕێـز سـەرۆکـی ئـەنجـومـەن.**

من پێم وایە بوارپێدانی رۆژنامەگەریی، حزبایەتی.....هتد، بەو رەهایییە و بەبێ سنوور دیار کردن بۆیان، زەرەرمەند دەبێت، لەبەر ئەوە پێشنیار دەکەم دەقەکە وەکو خۆی بمێنێتەوە، بەڵام ئەم دەستەواژەیە ئیزافە بکرێت:(بە مەرجێ لە خزمەتی بەرژەوەندییە باڵاکانی میللی کورددا بن و دوور بن لە بەکار هێنانی فریودان).

دووەمیش وەک چۆن لە بڕگەی چوارەمدا باسی ئەوەی کردووە کە مافی نەتەوایەتی وئایینی بۆ کەمایەتییەکان مسۆگەر بکرێت، وابزانم ئەگەر وشەی( ئیسلام)یش بخرێتە پاڵ وشەی (ئایینی )شتێکی پەسەندو باشە، چونکە ئایینی ئیسلام دینی زۆربەی خەڵکی کوردستانە، سوپاس.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێـز سـەرۆکـی ئـەنجـومـەن.**

بەنیسبەت ئەو کەمایەتییە ئایینییەی کە کوردن و لە کوردستاندا هەن، ئەوا وشەی(ئایینی) کە لە بڕگە (٣) هاتووە دەیانگرێتەوە، بەنیسبەت بڕگە(٤)یشەوە، ئەوە تایبەتمەندییەکە تا ئەوانەی کە کەمایەتین، یا کەمایەتی ئایینین، هەست بەوە نەکەن کە لە ناو کۆمەڵگایەکی گەورەی ئیسلامیدانە و مافیان دەخورێ، یاخود گرنگییان پێ نادرێ، چونکە ئەو جیا کردنەوەیە بەو مەبەستە بووە. ئەگینا کە گوترا ئازادیی بیروباوەڕ تەنانەت کاکەیی و، یەزیدیش دەگرێتەوە، چونکە لە چوارچێوەی ئەو بڕگە گشتییەدایە. وابزانم دەسنیشان کردنی ئیسلام لێرەدا وەک ئەوە وایە کە ئایینی ئیسلام قەدەغە بێت و بمانەوێ داکۆکی لێ بکەین ، واتا بە زیاد کردنی ئەو وشەیە مەرکەزی بەهێز ناکەین، کەواتە لێرەدا پێویست ناکات هێمای بۆ بکرێ، بۆیە بەبیروڕای من باس کردنی لە جێی خۆیدا نییە. بەڵام ئەو پێشنیارەی بەڕێز مەلامحسن بەنیسبەت بڕگەیەکیان کردی کە سنووری بۆ دابنرێت، ئەوە راستە و ئێمە لەگەڵیداین ورازین کە بڵێین (لە چوارچێوەی یاسادا) بێت، ئەوا زەبتی دەکات و دەبێ لەم رووەوە یاسای بۆ دەربچێت، سوپاس.

**بەڕێـز سـەرۆکـی ئـەنجـومـەن:**

ئێستا پێشنیارەکە بەوشێوەیەی لێ هات: دەستەواژەی (لە چوارچێوەی یاسادا) لە بڕگەی دووەمدا زیاد بکرێت. ئێستا کێ لەگەڵ ئەو پێشنیارەیە بەو جۆرەی کە خوێندمانەوە بادەستی خۆی بەرز کاتەوە؟..ئەندامانی ئەنجوومەن دەستیان بەرز کردەوەو بەگشتی دەنگ بڕیار لەسەر دەقەکە درا.. کێ دژیەتی ؟ ..کەس نەبوو.

هەروەها بەڕێزی درێژەی بەقسەکانی داو گووتی: بڕگەی سێیەم ناوەڕۆکەکەی بەم جۆرەیە: (بەرگری کردن لەمافەکانی مرۆڤ بەپێی بەندەکانی جاڕنامەی جیهانی مافی مرۆڤ).

**بەڕێز عـەبدولخـالق مـحـەمـەد رەشـيـد زەنگـەنە:**

**بـەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

پێشنیـار دەکـەم دەسـتەواژەی (قەدەغـەکردنی گشت جۆرە دەسدرێژییـەک)، بخرێتە پێش بەرگری کردن لە مافی مرۆڤ ...هتد، سوپاس.

**بـەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

باس کردنی مافی مرۆڤ وابزانم لە جاڕنامەی مافی مرۆڤدا بەشێوەیەکی گشتی باسی لێوە کراوە، ئێمە خۆمان بەو بەندانەوە بەستووە کە داکۆکی لە مافی مرۆڤ دەکەن و لەسەر خۆشمان جێبەجێی دەکەین.

**بەڕێز عـەبدولخـالق مـحـەمـەد رەشـيـد زەنگـەنە:**

**بـەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

بەرای من لەبەرئەوەی لەعـیراقدا دەسدرێژییـەکی زۆر بۆ سەر مـافی مرۆڤ هەیە،وای بەباش دەزانم کە ئەو دەستەواژەیە پێش برگەی سێیەم بخرێت سوود بەخشترە، سوپاس.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/سەرۆک وەزیران:**

**بـەڕێزســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

وابزانم پەنجە راهێشتن بۆ بەندەکانی جاڕنامەی جیهانی مافی مرۆڤ گەلێ بەهێزترە لەوەی تەنیا وشەیەکی بۆ زیاد بکەین، چونکە بەرەی کوردستانی زۆری لەگەڵ حکومەتی عێراقدا هەوڵی دا کە ئەمـانە بکا بە بەشێک لە دەسـتووری عێراقی، بەڵام ئەوان دانیان بەوەدا نەنا کە لە دەسـتووری عێراقدا سەقامگیری بکەن، کەچی ئێمە لە بەرنامەکانماندا جێگیرمان کردووەو پێڕەوی دەکەین وموعاناتی مرۆڤیش شتێکی موتەکامیلە و ئێمە ئەوە دەکەینە پێڕەوی خۆمان، سوپاس.

**بەڕێز یەحـیـا مـحـەمـەد عـەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بـەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

واتێ بکەم دەسـتـەواژەی (پاراسـتنی مـافی مـرۆڤ) بەهێـزترە لە(بەرگـری کـردن لەمـافی مـرۆڤ)، سوپاس..

**بـەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

وابزانم (بەرگری کردن ) باشترە، چونکە لە یاساکەشدا هەر وا هاتووە. بابزانین بەڕێز د. فۆاد چی دەڵێ؟.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/سەرۆک وەزیران:**

**بـەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

وەک جـەنابی سـەرۆکی ئەنجـومـەنی نیشـتـیـمـانیش گـووتی (بەرگـری کـردن) بەهێـزترە، چونکە ئەرکەکە هەر ئەوە نییە کە بیپارێزین، بەڵکو دەبێ داکۆکیشی لێ بکەین. ، سوپاس..

**بەڕێز ئەحمەد تاهیر ئەحمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیاردەکەم دەستەواژەی (پتەو کردنی دۆستایەتی لەگەڵ ڕێکخراوە جیهانییە مرۆڤ پەروەرەکاندا) بخرێتە کۆتایی بڕگەی سێیەمەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێشنیارەکەت ئەوەیە کە(بەرگری کردن لەمافی مرۆڤ بەپێی بەندەکانی جاڕنامەی جیهانی مافی مرۆڤ وپتەو کردنی دۆستایەتی لەگەڵ ڕێکخراوە جیهانیە مرۆڤ پەروەرەکاندا) بۆ دەقەکە زیاد بکرێ . واتا دیسان دەگەڕێینەوە بۆ هەمان بڕگە و، زۆر ئاسایشە ئێمە کە بەرگری لە مافی مرۆڤ بکەین، دەبێ دۆستایەتی لەگەڵ ڕێکخراوە جیهانیە مرۆڤ دۆستەکانیشدا ببەستین. ئێمە بڕگەکە لێک نادەینەوە، ئەوەی جەنابت فەرمووی نیمچە لێک دانەوەیەکە.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

حەز دەکەم لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بپرسم..ئایا ئێوە لە داڕشتنەوەی دەقەکەدا بەسەریدا دەچنەوە؟. چونکە بە ڕاستی زۆرشت هەیە کە پێویستی بەدەسکاری کردن هەیە. لە گەڵ ئەوەشدا ڕێزگرتنی مافی مرۆڤ، یا پاراستنی مافی مرۆڤ لەوێدا گونجاوترە. زۆر شتیتریش پێویستە لە رووی زمانەوانییەوە دەسکاری بکرێن. ئەگەر ئەوەتان پەسەند کردووە، ئەوە شتێکی باشە کە دەڵێین جاڕنامەی جیهانی مافی مرۆڤ، بەڵام دەبێ باسی ئەوەش بکەین کە مەبەستمان ئەو جاڕنامەیەیە کە لە ١٠/١٢/١٩٤٨دا دەرچووە. وابزانم ئەرکی ئەنجوومەنی وەزیرانیش ئەوەیە کە مافی مرۆڤ بپارێزێ وڕێزیشی لێ بگرێ. مەسەلەی (بەرگری) بێگومان بەهێزترە، بەڵام ئەمان کە خاوەن دەسەڵاتن ئەرکەکەیان ئەوەیە بیپارێزن وڕێزی لێ بگرن. ڕەنگە (بەرگری کردن) بەرەو رووی ڕێکخراوە مرۆڤ دۆستەکان ببێتەوە. زۆر شتیتریش هەن کە لە پەرەگرافەکانی پێشوودا باس کران و بەسەراچوونەوەیان دەوێ. حەز دەکەم کە دڵنیا بم لەوەی کە لەکاتی داڕشتنەوەدا بەسەریاندا دەچنەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وابزانم بڕیارماندا کە جارێکی تر دایبڕێژینەوە، بەڵام بەڕێز ایاد نامق پێشنیارێکی ناردووە و دەڵێ بگوترێ: (بەرگری کردن لە مافی مرۆڤ بەپێی بەندەکانی جاڕنامەی جیهانی مافی مرۆڤ). هەروەها دەستەواژەی (**العهود والمواثيق الدولية**)ی بۆ زیاد بکرێ. ئێمە پێشنیارەکە دەدەین بە لیژنەی داڕشتنی بەرنامەکە تا لە کاتی داڕشتنەوەدا ڕەچاوی بکەن.

**بەڕێز فەلەکەدین سابیر کاکەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیار دەکەم کە: (دادگایەکی مەدەنی بۆ پاراستنی مافی مرۆڤ دابمەزرێ)، بۆ نموونە ئەگەر

یەکێک لەلایەن حزبێکەوە یا لەلایەن دەزگایەکی دەوڵەتەوە مافی پێشێل کرا ، ئەو کەسە لە کوێ شکات بکات؟!. جا نازانم وەکو خاڵێکی تایبەت دەبێت لە چوارچێوەی بەشەکەدا، یان بە بڕگەکانی ترەوە دەبەسترێتەوە؟، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

نازانم جەنابی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران هیچ قسەیەکیان سەبارەت بەم خاڵە هەیە یان نا؟.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

هیچ شتێکی لێ زیاد ناکەین، بەڵام داوا لەو چەند برادەرە دەکەین کە ئەرکی داڕشتنەوەیان پێ دەسپێردرێ، کە لە کاتی داڕشتنەوەی بەرنامەکەدا بەپێی ئەو (تعدیلات)ەی پێشنیار کرا بە سەریا بچنەوەو ڕەچاری بکەن، هەروەها لە رووی زمانەوانیشەوە دەسکاری بکەن بەشێوەیەک کە ڕێکوپێک بێت، سوپاس.

**بەڕێزسەرۆکی ئەنجوومەن:**

کێ رازییە بەوەی کە بڕگەی سێی بەشی دووەم وەکو خۆی بمێنێتەوە، بەڵام لە کاتی داڕشتنەوەیدا ڕەچاوی ئەو (تعدیل)انە بکرێت؟. ئەوەی رازییە با دەست بەرز بکاتەوە.. دەست بەرز کرایەوەو.. ئەنجوومەن بە گشتیی دەنگ بڕگەکەی بەو دەسکاریانەوە پەسەند کرد.

پاشان بەڕێزی بڕگەی چوارەمی بەشی دووەمی خوێندەوە کە بەم جۆرەیە:

(مسۆگەر کردنی مافە نەتەوایەتییەکان بۆ کەمایەتییەکان، تورکمان، ئاسووری ، عەرەب لە کوردستاندا).

هەروەها بەڕێزیان گوتی :لەم بارەیەشەوە دوو پێشنیارمان بۆ هاتووە، یەکەمیان لەلایەن بەڕێز د.عزالدین ـ ەوە کە تیایا هاتووە ئەم دەستەواژەیە بخرێتە سەر بڕگەی چوارەم (سەربەستی ئایینی کەمایەتییە ئایینی ومەزهەبییەکانی خەڵکی کوردستان بپارێزرێ).

پێشنیاری دووەمیش بەڕێز احمد طاهر ناردوویەتی کە تیایدا دەڵێ بگوترێ:(مسۆگەر کردنی مافە ئایینی ونەتەوەیی و رۆشنبیرییەکان بۆ کەمایەتییە نەتەوەیەکان،تورکمان، ئاسووری، عەرەب...).

**بەڕێز خەیری سەعید عەلی بەگ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

باسی مافی نەتەوایەتی وئایینی کەمایەتییەکان کرا، بەڵام باسی مافی ئایینی ئێزیدییەکان نەکرا. ئەی کێ پارێزگاری لە ئایینی ئێزیدییەکان بکات ئەگەر یاسا نەبێت؟. خۆ ئێمە ناڵێین کورد نین، بەڵام مافی خۆشمانە کە داوای مافی ئایینی خۆمان بکەین، سوپاس.

**بەرێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/سەرۆک وەزیران:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە برگەی چوارەمی بەشی دووەمدا، زیاتر مەبەست ئەو کەمایەتییانەیە کە لە کوردستاندا دەژین، بەڵام کورد نین و، لە رووی ئایینیشەوە جیاوازییان هەیە، تورکمان، ئاسووری، عەرەب. لێرەدا ئاسووری هەر وەکو کەمایەتییەکی نەتەوەییە، لە رووی ئایینیشەوە دیسان کەمایەتیە، بۆیە لەوێدا دیاری کراوە، بەڵام ئێزیدی وەکو جەنابت فەرمووت کوردن و کەس باسی ئەوە ناکات کە ئێزیدی کورد نین، بەڵام بەنیسبەت ئایینەوە ئەوا برگەی دووەم دەیانگرێتەوە و، کە گوترا: دابین کردنی مافی ئازادیی بیروڕا : سیاسی، ئایینی، ئەوا ئەو ئایینییە گشتییە و ئەوانیش دەگرێتەوە . یا بۆشتان بکەم بە عەرەبی: (توفير حق حرية العقيدة السياسية و الدينية و القومية و المذهبية). یا دەشتوانین ئاوای بڵێین (حماية الفكر السياسي والديني والقومي...الخ). لێرەدا مەبەستی ئایینی (ئێزدی وکاکەیی)شە، چونکە ئەوانیش دینێکی تایبەتییان هەیە، سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وەڵامی پرسیارەکانی کاک خیری بەگ ئاشکرایە و، لە برگەی دووەمی بەشی دووەمدا پەنجەی بۆ درێژکراوە و بە هیچ شێوەیەک مەترسی لەسەر مافەکانیان نییە.

**بەرێز محەمەد عبدالقادر احمد/ وەزیری ئەوقاف:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەنی.**

لە برگەی دووەمی بەشی دووەمدا باسی مەسەلەی ئایینی ومەزهەبی کراوە و کۆتایی پێ هاتووە، پێشنیار دەکەم وشەی(ئایینی) لە برگەی چوارەم هەڵ بگرن ئیتر کۆتایی بەگرفتەکە دەهێنێ وبەم شێوەیەی لێ دێت: (مسۆگەر کردنی مافە نەتەوەییەکان بۆ کەمایەتییەکان: تورکمان، ئاسووری، عەرەب لە کوردستاندا)، سوپاس.

**بەرێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/سەرۆک وەزیران:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیارەکەی بەرێز وەزیری ئەوقافمان لاپەسەندە بۆ هەڵگرتنی وشەی (ئایینی) لە برگەکەدا و بەم شێوەیەی لێ بێت : (مسۆگەر کردنی مافە نەتەوەییەکان بۆ کەمایەتییەکان:تورکمان، ئاسووری، عەرەب لە کوردستاندا)، سوپاس.

**بەرێزسەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ رازییە کە برگەی چوارەمی بەشی دووەمی بەرنامەکە وەکو خۆی بمێنێتەوە، بەڵام وشەی (ئایینی) لێ هەڵبگیرێ؟ ئەوانەی رازین با دەست بەرز بکەنەوە .. دەست بەرز کرایەوەو ئەنجومەن بەگشتی دەنگ بەمانەوەی برگەکە وەکو خۆی رازی بوون بە مەرجێ تەنیا وشەی (ئایینی) لێ لاببردرێ .

ئێستاش دەچینە سەر برگەی پێنجەم (سەپاندنی قانوون وپاراستنی سەر بەخۆیی (قضاء) لە

هەموو جۆرە دەستێوەردانێک). وابزانم مەبەستەکەی روونە، مەبەستی یاسای گشتییە. کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە تێکستەکە وەکو خۆی بهێنێتەوە بادەست بەرز کاتەوە؟..ئەنجومەن بەگشتی دەنگ رازی بوون کە تێکستەکە وەکو خۆی بهێنێتەوە.

بەڕێز شێرکۆ بێکەسیش تێبینییەکی ناردووە تیایدا دەڵێ: پشتگیری کردن بە پێی توانا و یارمەتیدانی کۆمەڵانی مافی مرۆڤ کە تازە دەستیان بەکار کردووە. وابزانم کاک شێرکۆ مەبەستی ئەوەیە کە ئەم رستەیە وەکو برگەی(٦)لە بەشی دووەمدا جێگیر بکرێت.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو کاتە دەبێ ئێمە لە هەموو برگەکاندا باسی رێکخراوەکانیتریش بکەین، بەڵام ئێمە گوتمان کە پشتگیریی لە جاڕنامەی جیهانی مافی مرۆڤ دەکەین، بەڵام ئەگەر ناوی رێکخراوێک ببەین، دەبێ ناوی هەموو رێکخراوەکانیتریش بهێنین، سوپاس.

**بەڕێز د. محەمەد فازڵ قەفتان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە باری ئابووری:

١-هەوڵدان بۆ بەرز کردنەوەی (ورەو هەست و هۆشمەندی)خەڵکی کوردستان وهاندانیانْ بۆ هاوبەشی کردنیان لە بنیات نانەوە وبەدەست هێنانی گەشە کردنێکی ئابووری لە کوردستاندا.

٢-بەستنەوەی رامیاری و بەرهەم هێنان واتە:(سیاسەتی استثمار)بە رامیاری پاشەکەوتەوە، واتە: بە(سیاسەتی ادخار)ەوە، بەمانای رێکخستنی باری ئیستسمار لەگەڵ بڕ و قەوارەی پاشەکەوتدا بەشێوەیەک کە هانی خاوەن سەرمایە هاونیشتمانییەکان بدات بۆ مسۆگەر کردنی گەشەکردن بە توانا و(قدرات)ی ئابووری وکۆمەڵایەتی لەکوردستاندا.

٣-کەم سەرف، کردن وبەکاربردنی شمەک وخزمەتگوزاری و بە دەسهێنانی بڕێک لە پاشەکەوتی هاوولاتییان وخستنەوەگەڕی ئەو پاشەکەوتانە لە(قەنەواتێکی)بالادا.

٤-بەربلاو و فراوانکردنی بنەڕەتی ناردنە دەرەوەی شمەک وکەرەستە وخزمەتگوزاریی کوردستان(بەرز کردنەوەی بەرهەم هێنان) وپشتگیریی دامودەزگای بازارگەری و بازاڕ دۆزینەوە بۆ بەرووبوومەکانی کوردستان.

٥-هاندانی خاوەن سەرمایە نیشتمانییەکان بۆ خستنەوەگەڕی پارە و سەرمایەکانیان وهەوڵدان بۆ دروست کردنی کۆمپانیای بازرگانی پیشەسازی وبوارەکانی تر...

سەبارەت بە لایەنی ئابووری وکۆمەڵایەتی خەڵکیشەوە ئەم دوو خاڵە رەچاو بکرێت:

١-دابینکردنی لایەنی کەم(الحد الأدنی)ی پێداویستییەکانی ژیان بۆ سەرجەم خەڵکی کوردستان.

٢-مسۆگەر کردنی (لایەنی کەمی کرێی رۆژانەی کرێکاران) کە لەگەڵ ئاست ودۆخی ئابووریی

ئەمڕۆدا بگونجێ..(ضمان وتحدید الحد الأدنی من الأجور). هەروەها لەبەر کەم ماوەیی چەندین خاڵ وتێبینی تر هەن سەبارەت بە بواری پیشەسازیی و وزە و کارەبا، کە ئێستا بە نووسین پێشکەشی بەڕێزتانی دەکەم ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستاش باس لە بەشی چوارەمی بەرنامەکە دەکەین ودەیخەینە بەر لێ کۆڵینەوە کە بەم جۆرەیە:
لە سەر ئاستی ئابووری ..کێ تێبینی هەیە؟

- پێشنیارێک لەلایەن کاک (حمید)ەوە هاتووە دەڵێ: هەوڵ دان بۆ بەدەست هێنانی سووتەمەنی جۆراو جۆر وچاک کردنەوەی پرۆژەی بەرهەمهێنی حکومەتی وئەهلی وپرۆژەی خزمەتگوزاری و خستنە گڕیان.
- پێشنیارێکی تر هاتووە دەربارەی فرۆشتنی پوولی ناوخۆ، وابزانم لە بەرنامەی حکومەتدا بابەتەکان بە دوورو درێژی باس ناکرێن.
- هەروەها برایەکی تر پرسیاری کردووە دەربارەی چارەسەر کردنی پارەی عێراقی، دیسان وابزانم ئەوە لە بەرنامەدا باس ناکرێت، ئەوە لە ئەرکی وەزارەتی دارایی وئابووریدایە کە (تعلیمات) لەسەرئەو مەوزوعە دەربکات.
- کاک ئازاد میران پرسیاری کردووە دەربارەی ئەوەی ئەنجوومەنی وەزیران ڕاسپێردرێت بۆ چارەسەر کردنی گرفتە ئابوورییەکانی کوردستان و، لە نەتەوە یەکگرتووەکاندا داوای (وصایە) بکات.
- هاندان بۆ پەرەپێدانی بازاڕی ئازاد لەژێر چاودێری وەزیری دارایی وئابووری.
- هاندانی دەوڵەمەندان بۆ ئەوەی پارەکەیان لەکەرتی بازرگانی وەگەڕخەن.

ئەو پێشنیارانەی کە پێشکەشیان کراوە و ئێستا بۆتانم خوێندەوە. لەڕاستیدا ناتوانین ئەمانە لە بەرنامەی ئەنجوومەنی وەزیراندا بەو وردەکارییەوە باس بکەین، بەڵکو بەرنامەکە هێڵە گشتییەکانی گرتووەتە خۆ. ئەمانە بە(تەعلیمات)ی تایبەتی لەلایەن وەزارەتەوە دەردەچن.

**بەڕێز حەمید سەلیم میران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەشی چوارەمی بەرنامەکە لەسەر ئاستی ئابووری بەهیچ شێوەیەک ناوی سووتەمەنی نەبردووە، ئەگەرچی لەم ڕۆژەدا میللەتی کوردستان بەنیسبەت ئەم مەسەلەیە دەردەسەریی زۆری چەشتووە، هەروەها هەوڵ بدرێت ئابووری هاولاتییان بەرز بکرێتەوە لەڕێی بەگەڕخستنەوەی پرۆژە بەرهەمهێنەکان کە لە کوردستاندا هەن، سوپاس.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێمە تەنیا دەتوانین بەڵێن بدەین بۆ ئەو شتانەی کە دەتوانین بەدییان بهێنین. هەروەها سەرچاوەیەکی دیکەش هەیە کە دەهێنێ هەوڵی بۆ بدەین، ئەویش پەیدا کردنی پالایشگایەکە بۆ

دەستەبەر کردنی بەرهەمەکانی نەوت لەو چەند بیرەی کە لەبەر دەستماندان، سوپاس.

**بەڕێز ئەکرەم عەزەت نەجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی پەیوەندیی بە خاڵی یەکەمەوە هەیە، دوو شت ڕێی لێ دەگرن:

١-نەخشەی بنچینەی شارەکان ناهێڵێ هاووڵاتیان خانووبەرە دروست بکەن تەنیا لەچوارچێوەی ئەو نەخشەیەدا نەبێت.

٢-بڕیاردان لەسەر دان وگۆڕینی جۆری زەویوزارەکان، سوپاس.

**بەڕێز محەممەد ئەمین مەولود/وەزیری پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت بڕگەی (٩)وە، دامەزراندنی پرۆژەی هاوبەش، کوردستانی و بیانی، وای بەباش دەزانم کە دەوڵەتی وئەهلیشی بخرێتە سەر، مەبەست لەپرۆژەی هاوبەشی کەرتی تایبەتی و کەرتی گشتییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشتر نییە کە بڵێین دامەزراندنی پرۆژەی هاوبەش؟.

**بەڕێز محەممەد ئەمین مەولود/وەزیری پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وا باشترە ئەگەر سنوورمان بۆ کێشا بە بێگانەوەی نەبەستین. هەروەها بڕگەکانی أ،ب،ج هەمووی زیادن، ئێمە کە گوتمان ڕێکخستنی خەرج وداهات وەکو لەبڕگەی (٧)دا هاتووە، بەڕێوەبەرایەتییەکانی ڕەسم وەرگرتن، کرێی کارەبا، گومرگیش دەگرێتەوە، لەبەر ئەوە پێویست ناکات باسی بڕگەکانی أ،ب،ج بکەین،بەلای منەوە بڕگەیەکی تر زیاد بکەین، کە ببێتە بڕگەی (١٠)و بگوترێ، «هەوڵ دان بۆ هێنانی کەلوپەلە پێویستەکان (السلع الضروريه) بەڕێگای ترانزێت بۆ ئەوەی یەکسەر لە لایەن دەزگای دەوڵەتەوە دابەش بکرێت، بەمەبەستی هێنانە خوارەوەی نرخ وبەربەرەکانێ کردنی بازاڕەکان»، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وابزانم لەبڕگەی (٥) دا پەنجەی بۆ ڕاکێشراوە.

**بەڕێز محەممەد ئەمین مەولود/وەزیری پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵێ، ئەمە سەرمایە نییە، کەلوپەل هێنانە، بازرگانییە. هەروەها بەلای منەوە بڕگەیەکی تریش زیاد بکرێت بەم شێوەیە: «داوا لە ئەنجومەنی ئاسایش و نەتەوەیەکگرتووەکان بکەین فشار بخەنە سەر ڕژێمی عیراق تا سووتەمەنی وکەلوپەلی پێویست بۆ دانیشتوانی کوردستان، هەروەها بۆ کارگەکانیش وەکو پێویست ڕەوانە بکات، بەو نیسبەتەش بینێرێتەوە کە پێش ئەوەی ئابڵووقە

بخرێته سەر کوردستان دەینارد، سوپاس.

**بەڕێز مظهر عەلی مستەفا کاکی هیرانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێشنیار دەکەم کە خاڵی دەیەم زیاد بکرێت: (سوود وەرگرتن لە سامانی سروشتیی کوردستان وەک نەوت، ئاو ...هتد)، سوپاس.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لە بەر ڕۆشنایی قسەکانی بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران لەدانیشتنی پێشوودا، دەسەڵاتی ئەوەمان پێداون کە جارێکی تر دەقەکە داڕێژنەوە، بەڵام تەنیا پێشنیارێکم هەیە دەربارەی زیادکردنی مەسەلەی وەرزش لەبڕگەی(٩)ی ئەم بەشەدا لەبەر ئەوەشی کە گفتوگۆمان لەسەر بەرنامەکە بەتێرو تەسەلی کرد، وای بەچاک دەزانم کە لە خاڵی یەکەمەوە تا خاڵی دوانزەیەم بە جارێک بخرێنە دەنگدانەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

پێشنیارەکەت زۆرشتمان بۆ کورت دەکاتەوە.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن .**

نەک هەمووی بەسەر یەکەوە بخرێتە دەنگدانەوە، بەڵام بەش بەش بخرێتە دەنگدانەوە باشترە، چونکە هەمووی بە یەک جار زەحمەتە قسەی لەسەر بکرێ و بڕیاریشی لەسەر بدرێ، سوپاس.

**بەڕێز محەمەد تاهی ڕمحەمەد زینەلعابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێشنیار دەکەم ئەم بڕگەیەش زیاد بکرێت: «گرنگی بایەخدانی تایبەت بە ناوچە ئەنفالەکان و ناوچە ڕاگوێزراوەکان وپێش خستنیان لەئاوەدان کردنەوەدا» بەڕاستی ئەوانە زۆر موستەحەقن کە گرنگییان پێ بدرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کۆمەڵێ پێشنیاری ڕێکوپێکمان پێ گەیشتووە پاشان ئێمە بە ئەنجوومەنی وەزیرانیان دەدەین. ئەگەر ئەنجوومەنی وەزیران هیچ تێبینییەکیان لە بارەی پێشنیارەکانی برادەرانەوە نییە، ئێستا تێبینییەکەی کاک فرنسۆ پاش پەسەندکردنیشی لەلایەن بەڕێز(د.کمال)ەوە کە بەرچاوی خست پیادە دەکەین.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەڕاستی هەر پێشنیارێک بەرنامەکەمان ڕێک بخات و دەوڵەمەندی بکات، جێگای خۆشحاڵی

ئێمەشە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوا بەشی چوارەم تەواو بوو، کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە وەکو خۆی بمێنێتەوە، بەڵام لە کاتی دارشتنەوەیدا ئەو تێبینیانەی پێشکەش کران ڕەچاو بکرێن؟ با دەست بەرز بکاتەوە.. دەست بەرز کرایەوەو

ئەنجومەن بەگشتی دەنگ ئەم بەشەشی پەسەند کرد و، هیچ کام لە ئەندامان ناڕەزاییان بەرامبەری دەرنەبڕی.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستاش دێینە سەر بەشی پێنجەم لە بەرنامەکەدا. ئەو برایانەی تێبینی وپێشنیاریان هەیە، تکایە بەنووسین بۆمان بنێرن تا لیژنەکە لە کاتی دارشتنەوەیدا ڕەچاوی بکات و ئەگەر هیچ تێبینی وپێشنیارێکیش نییە، با بیخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز فەوزیە عەزەدین رەشید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وا پێشنیار دەکەم کە ئاوارەکانی کەرکووک لە شوێنێکی نزیک کەرکووکدا جێگیر بکرێن و بەشێوەیەک ڕێک بخرێن کە لە ڕووی مەعنەوییەوە لێک دانەبڕێن و لەیەک نزیک بن و، بە ئاسانیش بتوانرێ یارمەتی ماددی بدرێن و، بۆ ئەوەی لەهەمان کاتیشدا هەر چاویان لەگەڕانەوە بێ بۆ کەرکووک، نەوەک هیوا لەگەڕانەوە بۆ کەرکووک ببڕن و بیر لەوە بکەنەوە کە لە شوێنەکانی ئێستایاندا جێگر بن، ئەوە مەترسییەکی زۆری بۆ پاشەرۆژی کوردایەتی کەرکووک دەبێ ئەگەر خەڵکە ئاوارەکەی بەیەکجاری لە شوێنە نوێیەکاندا جێگیر بن، چونکە بە بێ ئەوەی بە خۆیان بزانن بەو شێوەیە یارمەتی سیاسەتی بە عەرەب کردنی کەرکووک دەدەن، کە قەت نابێ بهێڵین بۆ رژێم بچێتە سەر. هەروەها کۆکردنەوەی ئەو هەزاران خێزانە ئاوارانەی کەرکووکیش لەیەک شوێندا بۆ خۆی دەبێتە وەرەقەیەکی زەختی سیاسی سەرنج ڕاکێش، کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە محنەتی کوردی کەرکووک و سیاسەتی قەڵاچۆی (عرق)ی نەتەوایەتی شاری کەرکووک و دەوروبەرەکەی ئاگادار بکاتەوە و لەسەری بە جواب بێن. واتە بوونی کۆمەڵگەیەک یا ئۆردوگایەکی گەورەی سەرنج ڕاکێش وا دەکا کە کێشەی دەرکراوەکانی کەرکووک (بعد)ی تەواوی خۆی وەرگرێ و لە کێشەی چەند خێزانێکی ئاوارەی پەرتوبڵاوەوە ببێتە کێشەیەکی سیاسی گەورە، ئەمیش بەوە دەبێ کە حکومەتی هەرێم بەرنامەیەک بۆ کۆکردنەوەی ئاوارەکانی کەرکووک دابڕێژێ و یارمەتییان بدا لەوەی کە لەیەک شوێندا کۆبکرێنەوە، بە تەئکید ئەمەش پێویستی بە کۆمەک و یارمەتی ماددی دەبێ چونکە زۆر لەو خێزانە ئاوارانەی کەرکووک تەنانەت پارەی گواستنەوەی ماڵەکانیشیان نییە. بۆ کۆکردنەوەی خێزانە ئاوارەکانی کەرکووکیش لەیەک شوێندا، چاکترین شوێن بە ڕای من ئێستا کۆمەڵگەی (باینجان)ە لە (بازیان) کە تەرحیل کراوەکانی پێشووی قەڵادزێ و ڕانییە

چۆڵی دەکەن و دەگەڕێنەوە زێدی خۆیان، کەدەشڕۆنەوە خانووەکانیان هەڵدەوەشێننەوە بۆیە دەبێ حکومەتی هەرێم پارەیەکی ئەوتۆ بۆ کرێنەوەی ئەو خانووانە تەرخان بکات و لێنەگەڕێ خەڵکەکە هەڵیان بوەشێننەوە چونکە ئەوەش زیانێکی دووسەرەیە کە هەم لە خاوەنی خانووەکان و هەم لە ئاوارەکانی کەرکووکیش دەکەوێ، ئەمە جگە لە عاملی کات کە پێویستە بەر لەهاتنی وەرزی سەرماو سۆڵە بە وردی رەچاو بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

پێشنیارێکی خراپ نییە.

**بەڕێز عومەر سەید عەلی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

**یەکەم:** پێشنیار دەکەم کە بڕگەی شەش لە بەشی پێنجەم دەقەکەی بەم جۆرەی لێ بێت: «داوای پشتگیری لەحکومەتان و رێکخراوەکانی دەرەوە بکەین بۆ ئاوەدان کردنەوەی کوردستان یارمەتی وهاوکاریمان بکەن.

**دووەم:** پێویستە حکوومەتی هەرێمی کوردستان یارمەتی کۆمەلآنی خەلکی کوردستان بدات (دعم المواد الغذائیة)، چونکە ئەگەر حکومەت دەستی یارمەتی بۆ خەلک درێژ نەکات، ئەوا خەڵکی خواردەمەنییان پێ ناکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بۆ زۆر لەو شتانەی کە باست لێوە کردن پشت بەرێکخراوە خێرخوازەکان دەبەستین.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

مەسەلەیەکی عەرەبی هەیە دەڵێت (ثبت العرش ثم القرش) با پارە پەیدا بکەین بۆ شتە هەرە پێویستیەکانی ژیان، ئەوسا کاتی پشتیوانییەکەش دەبێت ، سوپاس.

**بەڕێز خەسرەوگوڵ محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

حەز دەکەم لە بەرنامەکەی ئەنجوومەنی وەزیرانی کوردستاندا ئیشارەت بۆ پاک کردنەوەی کوردستان لەمین (لوغم) وپاشماوەی چەکی کیمیاویش بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

با ئەنجوومەنی وەزیران بلێ پێشنیارەکانمان وەرگرت، بەتایبەتی مەسەلەی پاک کردنەوەی مین (لوغم) کە شتێکی زۆر پێویستە ئەنجوومەنی وەزیران وەکو تێبینی لەلای خۆیان تۆماری بکەن، ئینجا بچێتە بەردەستی لیژنەی داڕشتنەوە(صیاغە) ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
لەسەرەتاوە بەڕێز د.فـؤاد گـوتی کـە ئەو پێشنیـارو تێبینیـیـانەی کـە بۆیان دێن، بەسنگێکی فراوانەوە بۆ□دەوڵەمەند کردنی بەرنامەکەیان وەری دەگرن.
**بەڕێز د.ڕۆژ نوری شاوەیس/جێگری سەرۆک وەزیران:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
مەسەلەی پاک کردنەوەی کوردستان لە شوێنەواری چەکی کیمیاوی وەکو تێبینی لەلای خۆمان نووسیومانە، سوپاس.
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
ئێمەش ئەو تێبینی و پێشنیارانەی تریان دەدەینێ.
ئێستا با بێینەوە سەر مەسەلەی بڕیار لەسەردانی بەشی پێنجەم، کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ بادەست بەرزکاتەوە.. دەست بەرزکرایەوەو ئەنجومەن بەگشتی دەنگ ڕازی بوون لەسەر ئەوەی کە بەشی پێنجەم وەکو خۆی بمێنێتەوە، بەڵام لەدارشتنەوەدا پێشنیـارو تێبینییـەکانی ئەندامانی ئەنجومەن ڕەچاو بکرێن.
ئێستاش با بچینە سەر خوێندنەوەو گفتوگۆ کردنی بەشی شەشەم ، کە لەسەر ئاستی یارمەتی مرۆڤایەتی و هاوکـارییە. وابزانم ئەنجـوومـەنی وەزیرانیش پێشنیارێکیـان هەبوو، کـە وشـەی (هاوکاری) یەکەی لێ هەڵبگیرێ..وانەبوو کاک فؤاد؟.
**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/سەرۆک وەزیران:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
سەرەتا گـووتمان هەڵیدەگرین، بۆ ئەوە بوو وانیشـان نەدرێ هەندێ لەو بڕگانەی کـە لەو بەشەدا هاتوون تەنیا هی ئەم وەزارەتەیە، بەڵام دوای ئەوەی بڕگە (٣)و(٤)مان لێ هەڵگرت وخستمانە سەر بەشی یەکەم (لەسەر ئاستی سیاسی) ئیتر وشەی «هاوکاری» یەکە وەکو خۆی دەمێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
وەک دەزانن، بڕگەی (٣)،(٤)ی گوێزرانەوە بۆ سەر بەشی یەکەم.
**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/سەرۆک وەزیران:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
بە پێی ئەوەش بڕگەی (٥) بوو بە(٣)، (٦)میش بوو بە(٤).
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
چ تێبینییەکتان لەسەر ئەم بەشە هەیە؟ ئەگەر هەیە، بە نووسین بۆمان ڕەوانە بکەن تا بیاندەین بەبرادەران.

**بەڕێز د.ڕۆژ نوری شاوەیس/جێگری سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن .**

بۆ ئەوەی ئاگادار بن لەو گۆڕانکارییەی کە کراوە، بڕگەی (٣و٤) بۆ سەر بەشی یەکەم لەسەر ئاستی سیاسی گوێزرایەوە، هەروەها مەوزوعی هێڵی (٣٥)یش زیاد دەکرێ، کە بەشێوەیەکی وا بگونجێ هەموو کوردستان بگرێتەوە، هەروەها داوای ئەوەش بکرێت کە (تعویض) بەکوردستان بدرێت، سوپاس.

**بەڕێز هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەروەها ئەم دەستەواژیەش بخرێتە سەر بڕگەی پێنج: (هاندانیان بۆ بەگەڕخستنی بەشێک لەسەرمایەکەیان لە کوردستاندا)، سوپاس.

بەڕێز کمال إبراهیم فرج شاڵی:

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من وای بەباش دەزانم هەردوو خاڵەکە وەکو خۆیان بمێننەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لە ئەنجومەنی وەزیراندا بە ئامادە بوونی سەرۆکی هەردوو گرووپەکە لەسەر ئەوە ڕێککەوتوین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵ مانەوەی ئەم بەشەیە بە هەر سێ بڕگەکەیەوە لەگەڵ ئەو هەموارکردنەوانەدا کە باس کران، هەروەها بڕگەی(٤.٣)یش کە بگوزرێنەوە بۆ سەر بەشی یەکەم؟..با دەست بەرز بکەنەوە..دەست بەرز کرایەوەو ئەنجوومەن بەزۆریەی دەنگ بەشی شەشەمی بەدەسکاریەکانەوە پەسەند کرد.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەشی حەوتەم، لەسەر ئاستی کشتوکاڵدا:

**بەڕێز عەبدوڵلا حاجی ئیبراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی لە بڕگەی یەکەمی بەشی حەوتەمدا هاتووە پێویستە بەپێی یاسا دیاری بکرێت بۆ ئەوەی دادپەروەری دابین بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جەنابت پرسیاری ئەوە دەکەیت کە چ یاسایەک لە بڕگەی یەکدا پیادە دەکرێت. ئەگەر جەنابی وەزیری کشتوکاڵ وئاودێری وەڵامی هەیە بابفەرموێت وەڵام بداتەوە.

**بەڕێز قادر عەزیز حەمەئەمین/وەزیری کشتوکاڵ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بڕگەی یەکەم لەسەر ئاستی کشتوکاڵ وەکو بنەما هاتووە، کە چارەسەرکردنی کێشەی کشتوکاڵ بە شێوەیەک کە دادوەریی دابین بکات. ئێمە ئێستا لە بەردەم دوو ڕێگادایین: یان دەبێ یاسایەکی تازە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی زەوی دابنێین، کە ئەمەش وەختێکی زۆری دەوێ وخەرجێکی زۆریشی تێدەچێ، یاخود یاسای ژمارە (٩٠) کە سالی ١٩٧٥دەرکراوە، لە بەرنامەی حکومەتی هەرێمی کوردستان جێگری بکەین وکاری پێ بکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێشنیارێک هەیە لە بارەی زیاد کردنی بڕگەیەک بۆ سەر بەشی حەوتەم لەسەر ئاستی کشتوکاڵ تا یاسایەکی تازە دەردەکرێت، بۆ چارەسەرکردنی کێشەی بنەڕتیی کشتوکاڵ لە کوردستاندا بە یاسای ژمارە(٩٠)سالی ١٩٧٥بکرێت. پێشنیارێکی تریش هەیە لە بارەی(تشخیص)کردنی یاسای ژمارە(٩٠)ەوە.

جا نازانم ئەنجومەنی وەزیران قسەیان هەیە لە سەر مەوزوعەکە؟ چونکە مەوزوعەکەش گرنگە بۆیە ئەگەر هەڵوەستەیەکیشی لەسەر بکەین شتێکی خراپ نییە بۆ ئەوەی بتوانین بابەتەکە بە تێرو تەسەلی باسی بکەین. هەروەها دەمانەوێ بزانین راتان بەرامبەر بە چەسپاندنی یاسای ژمارە(٩٠)یش چییە؟ بچەسپێنرێ یا نا؟. پێشنیاری بەڕێز وەزیری کشتوکاڵ وئاودێریش لە سەر ئەوەیە کە یاسای ژمارە (٩٠) جێگیر بکرێت.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

چ یاسای ژمارە (٩٠) و چ یاساکانی تریش، هیچیان لە بەرژەوەندیی جووتیاری کوردستاندا نەبوون، چونکە کوردستان زۆر جیاوازی لەگەڵ ناوچەکانی تری عێراقدا هەیە. هەر لە کوردستاندا، ئەوانەی لە ناو ناوچەی حوکمی زاتیدان لەگەڵ ئەوانەی دەرەوەی حوکمی زاتیدا جیاوازییان هەبووە. ئێمە ناتوانین بڵێین پشتگیری لەیاسای ژمارە (٩٠) دەکەین و لێرە جێگری بکەین، بەڵام دەتوانین سەبارەت بە گیروگرفتی زەوی یەک شت بڵێین ئەویش ئەوەیە کە وەزعی سالی ١٩٨٧ بپارێزین هەتا وەکو یاسایەک دادەنرێت. دەبێ پەلەش لە دانانی یاساکەدا بکەین، چونکە ئەگەر بڵێین کار بەیاسای (٩٠)دەکەین ئەوا گیروگرفتمان بۆ دروست دەبێ،بۆیە ئەگەر بڵێین (پاراستنی وەزعی ئێستا) ئەوە باشترە، هەتا وەکو یاساکە دادەنرێت. چونکە ئێستا لە زۆر ناوچەی کوردستاندا بۆوەتە دووبەرەکێ و هەموو‌خەڵکەکەش چەکدارن، دووبەرەکییەکەش لەسەر ئەوە نییە کە ئەو سەر بەفلان حزبە و ئەوی تر سەر بەفیسارە حزبە، بەڵکو کەسانی سەر بەحزبە جیاجیاکان لە ناوخۆیاندا گرووپیان دروست کردووەو، جاری وا هەیە هەر گرووپێک و چەند حزبێکی گرتۆتە خۆی. لە ڕاستیشدا بەنیسبەت گیروگرفتی زەویوزار لە کوردستاندا فکرێکی

دیاریی هەیە کە ئێستا پتر پێویستی بە لێکۆڵینەوە هەیە، بەتایبەتی لەلایەن خەڵکانی شارەزاو خاوەن تاقیکردنەوە کە دەبێ رایان تێدا هەبێ ، سوپاس.

**بەڕێز محەمەد محەمەد ئەمین بابەکر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یاسای ژمارە (٩٠) یاسایەکی سیاسییە نەک (چاکسازی)، هەر وەکو لە بەرنامەی ئەنجوومەنی وەزیرانیشدا هاتووە ئیستیسنائییە، لە بەر ئەوە وای بە باش دەزانم هەڵ بوەشێندرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز فەلەکەدین سابیر کاکەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێش ئەوەی دەنگی لەسەر بدرێت، لە هەموو گرووپەکان دەپرسین: ئایا ئەو هەموار کردنانە (تعدیلات) پەیوەندییان بە یاسای ژمارە (٩٠)ەوە هەیە یان نا؟، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ پەیوەندییان پێوە هەیە.

**بەڕێز فەلەکەدین سابیر کاکەیی:**

**بەڕیز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو یاسایە پێویستی بە دانیشتنێکی تایبەتی هەیە، هەڵوەشاندنەوەی واتایەک دەبەخشێت، مانەوەشی وەک خۆی لەبەر ئەوی پەیوەندی بە کێشەی جوتیارەوە هەیە، واتایەکی تر دەبەخشێ. بەلای ئێمەوە هەندێ برگە لەو یاسایە خراپە، بەڵام هەڵوەشاندنەوەی بە شێوەیەکی گشتی وابزانم گیروگرفت زیاد دەکات. من پشتگیری بەڕێز وەزیری کشتوکاڵ دەکەم کە تا دانانی قانوونێکی تر بەو قانوونە کار بکرێت، ئەو برگانەش هەڵبسپێردرێن(تجمید)کە زیان بەخشن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە برگەکانی (٣،٢،١) وەکو خۆیان بمێنێتەوە؟.. با دەست بەرزبکاتەوە. کەواتە بەزۆربەی دەنگ پەسەند کرا. کێ دژە؟.. تەنها (١١) ئەندام دژ بوون.

**بەڕێز فەلەکەدین سابیر کاکەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

چۆن لە دارشتنەوەدا رەچاو دەکرێ؟، سوپاس.

**بەڕێز د.رۆژ نوری شاوەیس/جێگری سەرۆک وەزیران:**

**بەڕیز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە دەسکاری هیچ یاسایەک ناکەین، پێڕەوی هەمووشیان دەکەین، بەمەرجێ ئیستیسنائی نەبێ. بەڵام ئەوەی لە بەرژەوەندی میللەتەو سود دەگەیەنێ جارێ دەیهێڵینەوە تا پەرلەمان یاساو بڕیاری تازەی لە بارەوە دەدا ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا دێینە سەر بەشی هەشتەم: لەسەر ئاستی پەروەردەو فێرکردن وخوێندنی بالا. بەڕێز د.فؤاد هیچ تێبینییەکتان بۆگۆڕینی ناوەکەی نییە؟.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نەخێر، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر تێبینی، یاروونکردنەوەتان لە بارەی ئەم بەشەوە هەیە، تکایە بەنووسین بۆمان بنێرن. بەڕێز د.عزالدین فەرموو.

**بەڕێز د. عیزەدین مستەفا رەسول:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

گفتوگۆ لەسەرەتاوە هەڵەیە، ئەندام لە پەرلەماندا رای خۆی وەکو شتێکی یەکگرتوو دەردەبڕێ، لەوانەیە ئەنجوومەنی وەزیران لە داڕشتنەوەی بەرنامەکەدا رەچاوی نەکات و رەتی بکاتەوە.

- لەبارەی خوێندنی بالاو پەروەردە و لێکۆڵینەوەی زانستییەوە دەبێ سیستەمی تاقیکردنەوە لەسەر بناغەیەکی هاوچەرخ وتازە دابنرێ.
- وشەی هەوڵدان لە برگەی دووەم لابدرێ.
- بریاری کردنەوەی زانکۆی سلێمانی ئێستا بدرێ و ئەگەر توانا هەیە با زانکۆی دهۆکیشی بخرێتە سەر، هەروەها پێشنیار دەکەم ئەم برگەیەش زیاد بکرێت: (دامەزراندنی ئەکادیمیای کوردی، یا ئەکادیمیای زانست لەکوردستاندا بۆ لێکۆڵینەوەی زانستی دابمەزرێ)، سوپاس.

**بەڕێز د. ئیدریس هادی سالح/وەزیری گواستنەوە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەم بەشەی بەرنامەکەدا هیچ باسی زانکۆی صلاح الدین نەکراوە، هەروەکو ئاشکرایە ئەو مامۆستایانەی کە لە زانکۆدا کاردەکەن دەزانن کە زانکۆی صلاح الدین کەموکوری زۆری هەیە، ئەگەر لەو بارەدا بمێنی لەوانەیە نەتوانێ بەکاری خۆی هەڵسێ. ئینجا وای بەباش دەزانم پێش کردنەوەی زانکۆی سلێمانی برگەیەکی تر لەم بەشە زیاد بکەین دەربارەی چاککردنەوەی باری زانکۆی صلاح الدین. لە رووی مامۆستاوە، ئێمە حەوت کۆلێجمان هەیەو هەر کۆلێجەش چەند بەشی هەیەو زۆر لەو بەشانەش مامۆستایان کەمە. ئەمساڵ لەوانەیە بەشەکە لەبەر ئەوەی مامۆستای کەمە دابخرێ. وا چاکە ئێستا چەند مامۆستایەک نقل وتنسیب بکرێن بۆ ئەم بەشانە.چونکە باری زانکۆیەکە زۆر ناهەموارە، هەروەها بەدابین کردنی پێداویستییە زەرورییەکانی، چەند پێداویستییەکی پێویستە ئەگەر دابین نەکرێ ئەم زانکۆیەشمان لەدەست دەچێ. لەبەر ئەوە من وای بەباش دەزانم باری زانکۆی صلاح الدین چاک بکەینەوەو ئەو برگەیەی

که لەسەرەوە باسم کرد لەم بەشەدا زیاد بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز ئەحـــمـــەد تاهیــر نەقــشــبــەندیی:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجــــــوومــــــەن.**

پێشنیـار دەکەم ئەنجوومەنی وەزیران ، بەتایبەتی وەزارەتی پەروەردە بانگەوازێک راهێڵێ بۆ ئەو خەڵکانەی کـە لە دەرەوە خوێندنیـان تەواو کردووە، بەناوی کوردایەتییـەوە، یا بەناوی ئەوەی خـوێندنی بالآیان تەواو کـردووە و ئێـسـتـا پسـپـۆڕن بۆ وڵات بگەڕێنەوە تا دەوری خـۆیان وەک مـامۆسـتـایەک ببـینن. ئەو کەمـوکـورییەی کـە لە زانکۆی صـلاح الدین وپەیمانگاکـان و زانکۆی سلێمانیشدا هەنە پاشەڕۆژ نەمێنێ و شاغیرەکانیان پڕبکرێنەوە، سوپاس.

**بەڕێـز بـارزان خــــــالیــــــد عــــــەزیز:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجــــــومــــــەن.**

پێم وایە غەدر لەو قوتابییە ئاوارانەی ئێران کراوە، لەوانەی ١٧ساڵە لە ئێرانن وهیچ بیرێکیان لێ نەکراوەتەوە. ئەوە نزیکەی دوو ساڵە هاتوونەتەوە لە هیچ قوتابخانەیەک وەریان ناگرن وداوای شەهادەیان لێ دەکەن، بۆ ئەوەی ئاییندەیان نەفەوتێ پێشنیار دەکەم لە رێی وەزارەتی یارمەتییەوە بێت، یا لە هەر شـوێنێکی ترەوە بێت بروانامـەکـانیـان بۆ تعـادل بکرێت(تعـادل الشـهـادات) تا بتوانن لە قوتابخانەکاندا دەوام بکەن، سوپاس.

**بەڕێز د. ناسح غـەفـور رەمـەزان/ وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــوومــــــەن.**

لە کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی وەزیراندا باسی ئەم مەسەلەیە کراوە و پێشنیاری چارەسەر کردنیم کرد. منیش لەگەڵ ئەوەدام کە زانکۆ لە سلێمانی ودهۆک بکرێتەوە، نەک هەر لە سلێمانی بە هەنجەتی ئەوەی شوێنی هەیە مـامۆسـتـاشی لێیە، بەڵکو پێویستە لەدهۆکیش بکرێتەوە. ئەگەر نەشتـوانرا زانکۆ□بەهەمـوو کـۆلێـجـەکـانیـەوە لەهەردوو شـارەکـەدا بکرێتـەوە، بەلای کـەمـەوە با بنـەمـایـەکی زانکۆیان بە چەند کۆلێجێک لێ بکرێتەوە، هەروەها پەیمانگاشیـان لێ بکرێتەوە. ئەگەر تواناش هەبێ پشتگیری پێشنیـاری کـردنەوەی ئەکـادیمیـای کوردی لە هەرێمی کـوردسـتـانیـش دەکەم کـە هەوڵی بۆ بدرێت، سوپاس.

**بەڕێز د. کـەمـال عـەبدولکەریم مـحـەمـەد فـوئاد:**

**بـەڕێـزســــــەرۆکی ئـەنجــــــوومــــــەن.**

پرسیـارێکم هەیە لەبارەی ئەو دیاردەیەی کە پێی دەڵێن دیاردەی ئەو قوتابییـانەی کە دابڕاون، یا کە(خۆیان ناو ناوە دابڕاوەکان)، ئایا ئەنجوومەنی وەزیران لەو بارەیەوە هیچ بیری کردۆتەوە کە بە راستی یەکێکە لە کێشە گەورەکـانمان؟ کۆمەڵێ خوێندکاری زۆر هەن کە لە زانستگاکانی تری عێراقدا خوێندوویانە و، ئێستا ناتوانن بگەڕێنەوە، هەندێکیشیان دەرکراون لە خوێندن، پێویستە لە بەرنامەی ئەنجوومەنی وەزیراندا ئەوەی تیابێ کە چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە چییە؟ ئەگەر بە

برگەیەک هێمای بۆ بکرێ وابزانم شتێکی پێویستەو لە جێگای خۆیایەتی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

لە راستیدا هەوڵ بدەین تەنیا ئەو برادەرانە کە پەیوەندییان بە پەروەردە و خوێندنی باڵاوە هەیە قسە بکەن باشترە.

ئێستاش دوو پێشنیارمان بۆ هاتووە، یەکەمیان : کاک یەعقوب ناردوویەتی و تیایا دەڵێ: بەپێویستی دەزانم برگەیەکی ئاشکرا و روون بخرێتە سەر بەشی هەشتەم لەسەر ئاستی پەروەردەو فێرکردن وخوێندنی باڵا سەبارەت بەقۆناغەکانی خوێندن بە زمانی سریانی(ئاشووری)، هەروەها لە بارەی کلتووری ئاشووریشەوە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە تاچ رادەیەک ئەندامانی پەرلەمان و سەرکردە کوردستانییەکان باوەڕیان بە مافە نەتەوایەتییەکانمان هەیە..لەگەڵ رێزدا.

دووەمیشیان: پێشنیارێکی ترە کە لەلایەن بەڕێز گلاوێژ جەباری ـ یەوە نێردراوە و، دەشێ لەلایەن ئەندامانیشەوە پشتگیریی زۆری لێ بکرێ. هەر چەندە کەرکووک بەشێکی کوردستانەو هێشتا رزگار نەکراوە، بەڵام پێویستە لە بەرنامەکەدا ئاماژە بۆ ئەوەش بکرێ کە زانکۆ لە کەرکووکیشدا بکرێتەوە پاش ئەوەی کە رزگار دەکرێت.

بە رای من باشتر وایە کە بڵێین : هەوڵ بدرێ بۆ کردنەوەی زانکۆی کەرکووک.

**بەڕێز فەوزیە عەزەدین رەشید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

مادام شتەکە رەوایە و، هەروەکو ئەوەی بەردی بناغە بۆ بابەتێک دابنێین، چونکە ئێمە هەموولایەکمان بۆ کەرکووک هەوڵ دەدەین وباسی کەرکووک دەکەین، دەبوایە ئەم مەوزوعە لە بەرنامەکەی حکومەتدا باس بکرایە لەگەڵ رێزی زۆریشمدا بۆ بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران ، کەچی لە بەرنامەکەیدا (کەرکووک)ی پشت گوێ خستووە وناوی نەبردووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

باشە ...ئەویش دەخەینە بەر چاوی برادەران بۆ ئەوەی لەکاتی داڕشتنەوەی بەرنامەکەدا رەچاوی بکەین.

**بەڕێز کەمال ئیبراهیم فەرەج شاڵی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەو قوتابییانەی لە خوێندن دابڕاون ژمارەیان زۆرە، پێویستە چارەسەریان بۆ بدۆزرێتەوەو لە زانکۆدا وەربگیرێنەوە. هەروەها بەنیسبەت ئەو قوتابییانەی لە ئێراندا خوێندوویانەو فێری زمانی فارسی بوونە، پێویستە لیژنەیەکیان لە پەروەردە بۆ پێک بهێنرێ بۆ ئەوەی هەر یەکەو بەپێی قۆناغی خوێندنی ئیمتیحانی قبووڵی بۆ بکرێ، بۆ بەدیهێنانی ئەمەش، پێویستە لە رێگەی دەزگاکانی راگەیاندنەوە ئاگادار بکرێنەوە تا خۆیان ناونووس بکەن.

خاڵی دووەمیش، پشتگیری ئەو پێشنیارە دەکەم کە سەبارەت بە دامەزراندنی ئەکادیمیای زانستی

کوردکرا، ئەگەر لەشێوەی کۆڕی زانیاری کوردیشدا بێت هەر باشە، بەتایبەتی لەبەر ئەوەی کە پێویستمان بە گۆڕینی زاراوەی زانستی هەیە. وای بە پێویست دەزانم، کتێبەکانی ئامادەیی پیشەسازی و کشتوکاڵیش بۆ زمانی کوردی وەربگێڕدرێن، سوپاس.

**بەڕێز د. عیزەدین مستەفا رەسول:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تائێستا سەرۆکی زانستگای صلاح الدین لە ژێر وێنەی صدام حسیندا نیش دەکات. تا ئێستا ئەنجومەنی زانستگا دەچن تعلیمات لە بەغدا و ئەمنی مووسڵ وەردەگرن، بەشی تەسجیل لە زانستگای صلاح الدین نە قوتابی ئاوارە لە زانستگادا وەردەگرێ و، نە قوتابی دابڕاویش. لەبەر ئەوە پێویستە ئەنجوومەنی وەزیران دەست بەسەر زانستگای صلاح الدیندا بگرێ وتەعلیمات لەوێوە وەربگرێ، سوپاس.

**بەڕێز ئەحمەد تاهیر نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەوەی کاک یەعقوب(یونادم یوسف کنا) باسی لێوەکرد، ئێمە بە دوورودرێژی لە راپۆرتی لیژنەی پەروەردەو خوێندنی باڵادا باسمان کردووە و بۆ وەزارەتی پەروەردەشمان رەوانە کردووە، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ توما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

باسی ئەوە کرا کە زانستگای صلاح الدین تاکو ئێستا هاتووچۆی بەغدا و مووسڵ دەکەن، دەمەوێ ئەوە روون بکەمەوە کە سەرکردایەتی سیاسی بەرەی کوردستانی رێی پێ داون و رازی بووە لەسەر ئەوەی کە پەیوەندییان لەگەڵ وەزارەتی فێرکردن و خوێندنی باڵادا نەپچڕن، سوپاس.

**بەڕێزسەرۆکی ئەنجوومەن:**

بۆ ئەوەی کۆتایی بەم برگەیە بهێنین وابزانم باشتر وایە کە رێگا بە ئەنجوومەنی وەزیران بدەین بۆ ئەوەی تێبینیەکانی خۆیان لەم بارەیەوە بەرچاو بخەن.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دەربارەی بەشی هەشتەم چەند تێبینی وپێشنیارێک بەرچاو خران. وەکو لەپێشەوە باسمان کرد، بەرنامەکەی ئێمە بەرنامەی نائاسایی(طواریء)یە. ئەم بەرنامەیە بۆ شەش مانگی داهاتووە، ئەگەر بتوانین بەشێکی جێبەجێ بکەین ئەوا سەرکەوتنێکی گەورە بەدەست دەهێنین. بەرنامەکە زیاتر باسی شتە هەرە پێویستەکان دەکات، بەڵام هەندێ شتی تر هەیە لەسەر ئاستی تۆزێ دوورتر لە شەش مانگ، ئەوانەمان باس نەکرد، بۆ وێنە..کردنەوەی ئەکادیمیای زانستی کوردی (المجمع العلمي الكوردي) ئەوە شتێکی زۆر پێویست نییە ئەگەر ئەمڕۆ نەیکەین، شت لەسەری یەکی بکەوێ. رەنگە ئەمڕۆ لە کوردستاندا ئەوندە خەڵکمان نەبێ کە لەو ئەکادیمیایەدا بە ئەندام

وەربگیرێن، چونکە ئەکادیمیای وا هەر ئەوە نییە کە چەند ئەدیبێک بێن ودابنیشن وبڵێین ئەوە ئەکادیمیای زانستی کوردییە، بەڵکو پێویستی بەچەندین پسپۆڕ (إختصاصی) هەیە کە هەر یەک لەپسپۆڕایەتیی خۆیدا لێوەشاوە بێت و، لە هەمان کاتیشدا لە زمانی کوردیدا دەستێکی باڵای هەبێ، واتە ئەکادیمیا، ئەکادیمیای نووسەرانی کورد نەبێ، ئەکادیمیای زانستی بێت کە زۆرترین پسپۆڕایەتی تیا بێ، لە سەرووی هەموانیشەوە ئەوانەی کە شارەزای زمانی کوردین، بۆ ئەوەی بتوانن زاراوە پێویستەکانی زمانمان بۆ دابڕێژن.

ئێستا من لەو باوەڕەدا نیم کە ئەمڕۆ لە کوردستاندا ئەوەندە کەسەمان هەبێ بتوانن ئەو ئەکادیمیایە بەڕێوە ببەن. ئێمە دەڵێین هەوڵ دەدەین زانکۆ یا زانستگای سلێمانی بکەینەوە، ئێمە دەڵێین (هەوڵ)، بۆچ دەڵێین هەوڵ، چونکە ئێستا ناتوانین بڕیاری کردنەوەی زانستگای سلێمانی بدەین بەبێ ئەوەی هیچمان بۆ ئامادە کردبێ. دەڵێن لەوێ دەوڵەمەندەکان بڕیاریان داوە بەشداری تیا بکەن، بینایەکان پێویستیان بەدەستکاری هەیە، لەوانەیە خەڵکی سلێمانی بتوانن دەستی یارمەتیمان بۆ درێژ بکەن، هەروەها پێشنیارێک کراوە کە بانگەوازێک بکەن بۆ ئەو مامۆستایانەی لە دەرەوەن تا بێنەوە، دەبێ ئەوەش بزانن کەوا ئێمە ترسێکی ترمان هەیە لەوەی کە ئەو زانستگایە بکرێتەوە، ئەویش ئەوەیە کە ئەو مامۆستایانەی خەڵکی سلێمانین داوای ئەوە بکەن کە بۆ سلێمانی بگوێزرێنەوە، ئەو کات زانکۆی صلاح الدین ـ یش پەکی دەکەوێت. جا بۆیە دەڵێین هەوڵ دەدەین، چونکە دەبێ دەستەیەکی شارەزا دابنێین بچێت بۆ سلێمانی بۆ ئەوەی تەماشای بینایەکان بکات وچاویان بەو کەسانە بکەوێت کە دەڵێن بەڵێنی هاوکاری کردنی کردنەوەی زانکۆی سلێمانییان داوە. دەبێ بزانین تاچ رادەیەک هاوکاریمان دەکەن وتاچ رادەیەکیش دەتوانن بە پارە بەشداریی لە مەسەلەکەدا بکەن، ئینجا بزانین ئەمڕۆکە ئەوەندە مامۆستایەمان هەیە کە بۆ کردنەوەی زانستگای سلێمانی پشتیان پێ ببەستین، ئەگەر لە ماوەی (٢٠تا٢٥) ڕۆژی داهاتوویشدا ئەوەمان دابین کرد، ئەوا دەتوانین بڕیار بدەین وبڵێین زانکۆی سلێمانی دەکەینەوە. بەڵام ئێستا هەروا بڕیارێک بدەین بەبێ ئەوەی هیچمان بۆجێبەجێ بکرێت، تەنیا داواکاری گواستنەوە لە زانکۆی صلاح الدین ـ ەوە بۆ ئەو زانکۆیەی کە دەکرێتەوە گیروگرفتی گەورەمان بۆ دەخوڵقێنێ. دەبێ ئەوەش بزانین کە زانکۆی صلاح الدین لە هەندێ لە کۆلیجەکاندا ئێستا تەنیا (٤)مامۆستای هەیە، بەڵام لە ڕاستیدا هەر بەشێک لە بەشەکانی هەر کۆلێجێک پێویستی بەچەندین مامۆستا هەیە تا بەشەکە دانەخرێ نەک کۆلێجەکە، هەروەها دەبێ هەوڵی ئەوەش بدەین کە ئەمساڵ دانەخرێت، دەبێ یەکەم شت کە خەریکی بین ئەوە بێ کە خوێندن لە زانستگای صلاح الدین بەردەوام بێت، ئەوجا زانستگای سلێمانیش بکەینەوە.

تەنیا هەر بڕیار بدەین زانستگای سلێمانی بکەینەوە، وابزانم زیانی زیاترە لە قازانجی، بەڵام ئەگەر لە خۆمان بپرسین ئایا پێویستمان بەکردنەوەی زانستگای سلێمانی هەیە؟ لە وەڵامدا دەڵێم پێویستمان بەکردنەوەی زانستگایەکی ترە، ئەوە ڕاستە. بەپلەی یەکەم زانستگای سلێمانی،

چونکه لەوێ کادیر هەیە، بینایەکان هەن، جگە لەوەی خەڵکی شاری سلێمانی دەوری زۆر دەبێ وزانستگایەکەش لەسەرەتاوە لە سلێمانی بوو. هەروەها بۆدهۆکیش هەوڵ دەدەین، چونکە ئەویش بەشێکە لە کوردستان ومافی خۆیەتی زانستگای لێ بکرێتەوە، بەتایبەتی هاتووچۆ لە نێوان هەولێر ودهۆک وسلێمانیدا زەحمەتە. بەڵام کە دێین باسی کردنەوەی زانستگا دەکەین، سلێمانی لەپێشەوە دادەنێین لە بەر ئەو هۆیانەی باسم کردن.

باسی خوێندکارە دابڕاوەکان کرا، بەڕاستی من پێش ماوەیەک لەگەڵ هەندێ لەو خوێندکارە دابڕاوانەدا دانیشتم، ئەو برادەرانەی کە ناویان لە خۆیان ناوە خوێندکارە دابڕاوەکان، زیاتر وەکو یەکێتییەک لە نێوان خۆیاندا دروست بوونە، نەک وەکو کۆمەڵێک خوێندکار کە گیروگرفتێکیان هەبێ، چونکە هەندێکیان هەیە دەڵێ لەساڵی ١٩٧٤ـ ەوە دابڕاوە، ئایا لە دنیادا لە چ شوێنێکدا هەیە کە خوێندکارێک لە ساڵی ١٩٧٤ـ ەوە لە خوێندن دابڕا بێت و ئێستا لەو پۆلەی کە تیایدا دابڕاوە وەرگیرێتەوە؟ بەڵام لە ناو ئەو دابڕاوانەدا هی وایان تیایە کە موستەحەقی ئەوە بن شوێنیان بۆ پەیدا بکرێت، واتە نابێ وەکو یەک تەماشای هەموو دابڕاوەکان بکەین.

بەنیسبەت خوێندن بەزمانی ئاشووری، تورکی، عەرەبی، ئەوە لەجێی خۆیەتی کە لە بەشی هەشتەمدا لەسەر ئاستی پەروەردە زیاد بکرێت، بەڵام نەک لەسەر ئاستی زانکۆ، چونکە ئەو ئیمکانیات وتوانایەمان نییە.

بەنیسبەت زانکۆی صلاح الدین ـ یش پێیان ڕاگەیەندرا کە ئەوان سەر بەسەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیرانی کوردستانن.

بەنیسبەت قوتابییانیش پێیان گوتراوە کە بەپێی قانوونی بەغدا خەڵک وەرنەگرن. بۆ ئەوەی جەنابیشتان زانیاریتان هەبێ کە ئەوان گرفتێکیان لە پێش بوو، دەڵێن: ئەمساڵ حکوومەتی عێراق ئیعترافی بە بڕوانامەی پۆلی شەشەمی ئامادەیی (تاقی کردنەوەی بەکالۆریا) نەکردووە، بەڵام باسی زانکۆی صلاح الدین وهەموو پەیمانگاکانی لە(دلیل الطالب)دا کراوە، کەواتە وا چاوەنوارین کە قوتابییەکی زۆر بۆ سلێمانی ودهۆک ونێرە بێن تا لە پەیمانگاکان وزانکۆی صلاح الدین وەربگیرێن، بەڵام جگە لە قوتابییەکانی ئێرە(مەبەست گشت قوتابییەکانی کوردستانە)، کەس مافی ئەوەی نییە لە زانکۆی صلاح الدین وەربگیرێ. پێشم گوتن کە قوتابی هیچ جێگایەک وەرناگرن تەنیا هی کوردستان نەبێت. هەر ڕۆژێکیش ئەوان دانیان بە بڕوانامەکانی کوردستاندا ناو و پشتیوانییان لە زانکۆی صلاح الدین کرد، ئەوکاتە شتێکی تر دێتە پێشەوە.

لەو کاتەشەوەی کە پێیان ڕاگەیەنرا کە ئەوان سەر بە سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیرانن، نەک سەر بەوەزارەتی خوێندنی باڵا لە بەغدا، ڕەنگە وێنەکەی صدام ـ شیان داگرتبێتە خوارەوە. ئەمەشی کە ئێستا باسم کرد تەنیا دووسێ ڕۆژە پێیان ڕاگەیەندراوە، سوپاس.

**بەڕێز محەمەد عەبدولقادر ئەحمەد/ وەزیری ئەوقاف:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

ڕژێم بڕیارێکی دەرکـردووە، تیـایدا هاتووە کـە ئەو قـوتابییـانەی لە شـەشی سـەرەتایی وسـێی ناوەندیی دەرنەچوون بۆیان هەیە لەدەوری دووەمـدا ئیـمـتیـحـان بدەنەوە، حەز دەکەم پەرلەمـان هەڵوێستی خۆی بەرامبەر ئەم بڕیارە بخاتە ڕوو، سوپاس.

**بەڕێز د. ناسح غـەفـور ڕەمـەزان/ وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

لیژنەی ئیمتیحانات و هەموو یەکێتییەکانی قوتابیان پشتگیری لەوە دەکەن کە ئەمساڵ قوتابیان لە وەزعێکی نائاساییدا بوون و، وایان پێ باشە کە ڕێ بە قوتابیانی شەشی سەرەتایی وسێی ناوەندیی بدرێت کە لە دەوری دووەمدا ئیمتیحان بدەنەوە، ئەگەر شەشیش نەگرێتەوە با تەنیا سێی ناوەندیی ئیمتیحان بدەنەوە، سوپاس.

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن:**

ئەگەر ڕێ بدەن با بەشی هەشتەم تەواو بکەین، چونکە ئەم خاڵەی کە ئێستا باس کرا پەیوەندیی پێوە نییە.

کێ لەگەڵ ئەوەدایە بەشی هەشتـەم وەکـو خـۆی بمێنێتـەوە؟.. ئەوەی ڕازییـە با دەسـتی خـۆی بەرزکاتەوە.

ئەنجـومەن بەگشتی دەنگ لەسەر مانەوەی بەشی هەشتەم وەکو خۆی ڕازی بوو، تەنیا دوو ئەندام نەبن. پاشان بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن درێژەی بە قسەکانی دا و گووتی: ئێستا با بێینەوە سەر ئەو بابەتەی کە بەڕێزان وەزیری پەروەردەو وەزیری ئەوقاف خستیانە ڕوو. جا نازانم پێتان باشە کە لەم دانیشتنەدا گفتوگۆی بکەین یا لە دانیشتنێکی تردا، یا ئەوەتا کە بە ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانی بسپێرین و ئەوان بۆ خۆیان بڕیارێکی لەسەر بدەن؟ کە بە ڕای من ئەمـەیان پەسـەند ترە. جـا کێ پێی پەسـەندە بـا دەست بەرز بکاتەوە.. دەست بەرزکـرایەوە و ئەنجـومـەن بە گشتی دەنگ بەوە ڕازی بوو کە ئەنجـوومەنی وەزیران خۆی بڕیار لەسەر ئەو بابەتە بدات.

ئێسـتـاش دەچینە سەر بەشی نۆیەم کـە لەسـەر ئاسـتی گـواسـتنەوەوگـەیاندنەو بریتـیە لە سێ بڕگە..ئەگەر کەسیش تێبینی لەسەر نییە ئەوا دەیخەینە دەنگەوە. کێ ڕازیە دەقەکە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. با دەستی خۆی بەرزبکاتەوە.. دەست بەرز کرایەوە وئەنجوومەن بەگشتی دەنگ ڕازی بوو بەمانەوەی بەشی نۆیەم وەکو خۆی.

کـە وابێ دەچینە سـەر بەشی دەیەم ، کـە لەسـەر ئاسـتی ڕۆشنبـیـریە..ئەو برادەرانەشی کـە بۆ دەوڵەمەند کردنی مەوزوعەکە تێبینییان هەیە، با ناوی خۆیان بۆ گفتوگۆ بنووسن.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/سەرۆک وەزیران:**

**بـەڕێـز ســـــــــەرۆکی ئـەنجـــــــــومــــــــەن.**

بە راستی سەبارەت بە بەرنامەکە داوام لە هەموو برادەرانی ئەنجوومەنی وەزیران کرد، کە ئەوەی تێبینی هەیە با بۆمان بنێرێ، هەموویان تێبینیان نارد، یەک لەوانە تێبینی کاک شێرکۆ بێکەس بوو کە تیایا باسی وەرزشی کردبوو کە لێرەدا کاک فرەنسۆش باسی کرد، منیش وام پێ باشە باسی وەرزش بکرێ، سوپاس.

**بـەڕێـز ســـــــــەرۆکی ئـەنجـــــــــومــــــــەن:**

لە راستیدا زۆر تێبینیمان دەربارەی وەرزش لە برادەرانی ئەندامانی ئەنجوومەنەوە بۆ هاتووە، ئەوانەیان کە وەرزش دۆستن داوا دەکەن کە لە بەرنامەی ئەنجوومەنی وەزیراندا وەرزش وەک برگەیەک جێگیر بکرێ. هەروەها کاک کمال-یش پێشنیاری کردووە و داوا دەکات ئەم رستەیە بۆ بەرنامەکە زیاد بکرێ (دامەزراندنی لیژنەی ئۆلۆمپی کوردستان بۆ□گەشە پێدانی وەرزش)، منیش دەڵێم زۆر لە جێگای خۆیدایە.

**بەڕێز ئەحـــــــمەد ســـــالار عـــــەبدولواحـــــــید:**

**بـەڕێـز ســـــــــەرۆکی ئـەنجـــــــــومــــــــەن.**

لە یەکەم خاڵی بەشی (١٠)دا بەرنامەی ئەنجوومەنی وەزیراندا هاتووە:

١- ئازادیی دەرکردنی رۆژنامە و گۆڤار و کتێب.

بە راستی چاپەمەنی کە هۆیەکی گرنگە لە هۆیەکای گەیاندن بە جەماوەر و، هۆیەکانی ئازادی ونائازادیش پەیوەستن بەرژێمی ولاتەوە، هەر لەچاو ئەو یاسایەش روخسارو رەنگی خۆی وەردەگرێ، بەلام هەر بنەما ئابوورییەکەیە کە دەست نیشانی دەکا، بەپێی گۆڕانی ئەویش دەگۆڕێ. بۆ نموونە لەسایەی رژێمە کاپیتالیزمییەکاندا هەر چۆن لەسەر بنچینەی ئابووری ئاسادا، بۆیە لە هەمان روانگەوە رۆشنبیری راگەیاندن ئاساییە، ئەگەر کێشەش، یا کێشەیەکی تر بێتە ئاراوە، ئەو دەمە دەسەلاتی دادگەریی دەکەوێتە کار، هەروەها لە رژێمە سۆسیالیستەکانیشدا، گۆشەنیگای ئەو فەلسەفەیە دەست نیشانی دەکا، واتە مامەڵەی سۆسیالیستانە، ئیتر بەتێپەڕ□بوون، یان ناو بەناوی کاروبارەوە مام ناوەندی بێت، ئەوا بۆ دیموکراتییانە دەڕوات، یا یاسای پەیوەندیی لەم ولاتەدا هەمیشە لە بەرەیەکی داخراوی توندوتۆڵا دەبینێتەوە، دەبێ ئەو ئازادییەش لە خۆڕا نەهاتبێتە گۆڕێ، بەڵکو بەرهەم و مایەی سەردەمی هەڵ ومەرجەکانەو کە خۆی لەخۆیدا دوو تەرزی لێوە ئالاوە، یەکەمیان: ئاوەدانکردنەوەی بیروهۆشی مرۆڤی کوردستان، لایەکی دیکەی رادەی پەروەردەی رۆشنبیریمان بۆ ژیان و ژیان ویستیمان، واتە ئەرکەکەمان دوو سەرەیە، چ چارەسەرکردن و چ دروست کردنەوەکە بەبێ چاودێری مەحاڵە. سەرباری ئەمانەش وەکو باس کرا وەرزش و هونەرەجوانەکان و هونەرەپیشەییەکان فەرامۆش کراون، ئایا لەدووتوێی رۆشنبیریدا ئەو لایەنانە بێ بەری

دەکرێن؟ هەروەها شانۆ کە قوتابخانەی گەلە و سینەماش کە دوا پلەی پەرەسەندنی هەرە باڵای شارستانییەتی مرۆڤی سەردەمەکەیە، بۆ بێ بەری کراون لە بەرنامەکەدا؟ داواکارم رەچاو بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

خوا بیکات رەچاو دەکرێت.

**بەڕێز عەبدولکەریم کاکە حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێشنیار دەکەم کە:

١- شانۆ و سینەما و هەموو جۆرە هونەرەکانی تریش بخرێتە بەرنامەکەوە.

٢-راگەیاندن و بەشەکانی لە وەزارەتی رۆشنبیریدا پێویستە بەشداریی کاریگەر لە راست کردنەوەی مرۆڤی کورد و ئاوەدانکردنەوەی ویژدان و دەروونیدا بکەن، چونکە بە سیاسەتی بە عەرەب کردن وبەعسی کردن وتۆقاندن وئیغراکردنی مرۆڤی کورد، کارێکی وای لێ کراوە کە پێویست بە راست کردنەوە بکات. واتا پێویستە هەستی مرۆڤایەتی وکوردایەتی بەهێز بکرێتەوە و بگەڕێتەوە بۆ دۆخی جارانی، سوپاس.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەراستی لەبەر ئەوەی لەم بەرنامەیەدا بێ لوتفی لەگەڵ وەرزشدا کراوە، بۆیە پێشنیار دەکەم کە رستەیەکی بۆ زیاد بکرێ و بگوترێ (دامەزراندنی دەزگایەک بۆ پەرەپێدانی وەرزش لە کوردستاندا)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەوەی نووسیوتە بۆمان بنێرە. هەروەها کاک شێرکۆ ویەک دوو برادەری تریش پێشنیاریان کردووە کە پشتگیری لە مەسەلەی وەرزش بکرێت و وەکو برگەیەک لە بەرنامەکەدا بەرچاو بخرێت. ئێمەش بەش بە حاڵی خۆمان داکۆکی لەم مەسەلەیە دەکەین.

**بەرێ زمەلا موحسن خالید موفتی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

**یەکەم:** لە برگەی (١)ی بەشی دەیەمدا هاتووە..ئازادی دەرکردنی رۆژنامە و گۆڤار و کتێب. ئەو ئازادییە لە بەرنامەکەدا باس کراوە، سنووری بۆ نەکێشراوە. بەلای منەوە وا پەسەندە ئەو ئازادییە مەرجی تیا هەبێت و لە چوارچێوەی یاسادا بێت وپێچەوانەی بەرژوەندیی گشتی وئەو شتە پیرۆزانە(مقدسات)ی کە لە ناو میللەتی کورددا هەن، نەبێت.

**دووەم:** گرنگی پێدان وگەشەپێدانی رۆشنبیریی ئیسلامی کە لە بەرنامەکەدا باسی لێ نەکراوە، سوپاس.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێشنیارم بۆ ئەنجوومەنی وەزیران ئەوەیە نەختێک ئازادییەکان بە یاساوە ببەستێتەوەو بەو شێوەیە بخرێتە بەردەمی ئەو کۆمیتەیەی کەوا دایدەڕێژێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز محەمەد عبدالقادر احمد/ وەزیری ئەوقاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

با ئەو ئازادییە بەیاساوە نەبەستین و پێشێلی نەکەین، سوپاس.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

مەسەلەی بەرژەوەندیی ونەریتی کوردەواری شتی گشتییە و جۆرەها بۆچوونی گرتۆتە خۆ، یەکێک پێی باشەو یەکێکی تر پێی خراپە، بەڵام کە گوتت بەپێی یاسا ئەوە سنووری بۆ دادەنێی، چونکە لەیاسادا دەبێ شت دەست نیشان بکرێت(لاجریمە و لاعقوبە إلابنص)،واتادەبێ یاسا هەبێ، مەبەستیش لەو یاسانەیە کە لێرە دەردەچێ. لەو یاسایەدا کە لێرە دادەنرێ دەبێ حیسابی ئازادی بکرێ و لەهەمان کاتیشدا حیسابی ئەو بەرەڵلاییە بکرێ بۆ ئەوەی تووشی نەبین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەدایە بەشی دەیەم بەهەموو برگەکانیەوە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ بەمەرجێ ئەو تێبینی وپێشنیارانە لەکاتی داڕشتنەوەی بەرنامەکەدا ڕەچاو بکرێن.

ئەنجوومەن بەگشتی دەنگ دەقەکەی پەسەند کرد. کەس لە ئەندامانی ئەنجوومەن نارەزایی دەرنەبڕی.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئێستاش دەچینە سەر بەشی یانزەیەم(لەسەر ئاستی پێشمەرگایەتی)،تێبینیتان دەربارەی چیە؟

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

هەموو برگەکانی بەشی یانزەهەم باشن، هیوادارم جێبەجێ بکرێن، بەڵام برگەی سێیەم کە تیایا هاتووە(بایەخی تایبەتی بدرێ بەخێزانی پێشمەرگەی شەهید). ئایا بە چ جۆرێک، مانگانەیان بۆ ببرێتەوە، یارمەتی بدرێن، مووچەیان هەبێ؟. ئەگەر شتێکی وای بخرێتە سەر باشترە بۆ ئەوەی خەڵکی تێ بگات کە شێوەی ئەم یارمەتی دانە چۆنە، سوپاس.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەنیسبەت پێشمەرگەوە ئەوەی فەرمانبەرە وەکو لە بەرنامەکەدا باس کراوە بۆ بەڕێوەبەرایەتییەکان بگەڕێنەوە بە مەرجێک ماوەی پێشمەرگایەتییەکەیان بۆ حیساب بکرێ. بەڵام دەقەکە ئاماژەی بۆ

ئەو پێشمەرگانە نەکردووە کە ناتوانن بگەڕێنەوە بۆ پێشمەرگایەتی، پێویستە بەرنامەکە ئەو خاڵەی تیادا باس بکرێت، بۆیە من پێشنیار دەکەم ئەو پێشمەرگانەی تەمەنی خۆیان لە پێشمەرگایەتیدا بەسەر بردووە و هیچ وەزیفەیەکیان نییە، خانەنشین بکرێن و ژیانیان دابین بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز عەبدولکەریم کاکە حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو پێشمەرگە ماندوو و، خاوەن خەباتانەی کە ئێستا کەمئەندامن، یان پەککەوتەن وبەکردەوە پێشمەرگە بوون لەم شۆڕشە سەختەی میللەتی کورددا و لە بەر ئەوەی پێشمەرگایەتی ڕەمزی خەبات وشۆڕشگێڕی وبەرەنگاربوونەوەی دوژمنە، پێویستە یاسایەک دابنرێ بۆ ئەوەی یارمەتییان بدرێ و ژیانیان تەئمین بکرێ وەک وەفادارییەک بۆ دڵسۆزی و پەککەوتەیی وماندووبوونیان، سوپاس.

**بەڕێز بەکر حاجی سەفەر غولام:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێویستە یاسایەک دابنرێت پێشمەرگەی کۆن خەڵات بکرێن و، نیشانەیان پێ بدرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

حەز دەکەی ئەم پێشنیارە بە دووردرێژی بە وەزارەتی پێشمەرگە دەدەین، بەڵام گومان لەوەدا نییە حەق وحقوقی پێشمەرگە زامن دەکرێت.

**بەڕێز حەسەن حەمید ڕەحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەعێراقدا(المحاربون القدماء)هەیە، لە ئێرانیشدا (بنیادی شەهیدان) هەیە. وای بە باش دەزانم بە نیسبەت پێشمەرگەشەوە شتێکی وا هەبێ باشە، سوپاس.

**بەڕێز ئەکبەر حەیدەر موسا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە بڕگەی (٣)دا ناوی پێشمەرگە براوە، بەڵام بەنیسبەت هەزارەها شەهیدی هەڵەبجە و ئەنفالەکانی کوردستان هیچ نەوتراوە؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێشنیار کرا، کە خێزانی شەهید و ئەوانەی بێ سەرو شوێن ژیانیان دابین بکرێ، گومان لەوەدا نییە کە بێ سەرو شوێن، ئەنفالەکانیش دەگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز بارزان خالید عەزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیار دەکەم ڕەمزێک(نصب)ێک بۆ شەهید هەبێ وەکو چۆن بۆ (سەربازی ون) دروست کراوە، نەک هەر کەسەو ڕەسمی شەهیدی خۆی لە واجیهەی شەقامەکاندا هەڵواسێ، کە دیاردەیەکی

ناشرینە و شکڵی هەندەسی شارەکە دەشێوێنێ، لە بەر ئەوە هەروەکو لەسەرەوە باسم کرد پێویستە لە شارەکانی کوردستاندا، یا بەلای کەمەوە لە هەولێردا کە پایتەختی کوردستانە نەصبێک بۆ شەهید دروست بکرێ چونکە پێشمەرگەی شەهید رەمزی خەباتی هەموو میللەتی کوردە، سوپاس.

**بەڕێز کەمال موفتی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دەبێ پرۆژەی یاسایەک هەبێ بتوانێ چارەسەری هەموو گیروگرفتەکانی پێشمەرگە بکات. لەبەر ئەوە ئێمە ئیمرۆ پرۆژەی یاسایەکمان هەیە بە ئەنجوومەنی وەزیرانی دەدەین، تا بیخاتە بەر چاوی لیژنەیەکی پسپۆڕ کە لە ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان پێک دەهێنرێ.

یەکەم: یاسایەکی تایبەت بۆ رێزلێنانی شەهیدان وکەمئەندامان.

دووەم: یاسای دووەم بۆ دابین کردنی بژێوی پێشمەرگە و زامن کردنی دوارۆژی، سوپاس.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لە بەشی دوانزدەیەم لە برگەی (٦)دا هاتووە: بایەخ بە ژیانی پەککەوتەو لینەوهاوان بە تایبەتی قوربانییەکانی ئەنفال و ئاوارەکان بدرێ. ئێمە رازین لە برگە(٣)ی بەشی یانزەیەمدا بایەخی تایبەتی بدرێت بەپێشمەرگەی پەککەوتەو بە خێزانی پێشمەرگی شەهید، بەلام بایەخدانەکە چۆن بێت؟.

ئێستا لێرەدا ناتوانین دەست نیشانی بکەین، چونکە بایەخدانەکە لە رووی ژیانەوەیە، لە رووی خوێندنەوەیە، ئەشێ سبەی بتوانین خانوویان بۆ پەیدا بکەین، زۆر شتی تریش،گرنگ ئەوەیە کە بایەخ پێدانەکە هەبێ، ئەو کات بەپێی توانا، توانامان چۆن بێت بایەخدانەکە بەو شێوەیە دەبێت. بەنیسبەت رێز لێنانی پێشمەرگەی کۆنیشەوە، ئەوە راستە، بەلام لێرەدا ناتوانین شتێکی بۆ دەسنیشان بکەین تا یاسایەک دادەنرێت، کە چۆن رێزیان لێ دەنرێت و، چ مەدالیایەکیان پێ دەدرێ، لەو یاسایەدا باس دەکرێت.

مەسەلەی بونیادی شەهیدیش شتێکی زۆر راستە، ئەشێ وەک پرۆژەیەک بۆ پەرلەمان بنێردرێت تا ئەویش رەزامەندی خۆی لەسەر دەربڕێت.

مەسەلەی ئەنفالەکانیش کە بەرچاو خرا هەر وەکو باسمان کرد، لە بەشی دوانزەیەمدا باس کراون. بۆ رەمزی شەهید ئەویش دیسان پێویستی بەوە هەیە کۆمیتەیەک لەو رووەوە لەگەڵ هونەرمەندەکاندا لێی بکۆڵنەوەو هونەرمەندەکانیش رۆڵی خۆیان لە دەسنیشان کردنی رەمزەکەدا ببینن، واتە جێ پەنجەیان لە هونەرەکەدا دیار بێت. ئێمەش لەگەڵ ئەو رایەداین ئەو وێنانەی کە لە شارەکاندا بلاو بوونەتەوە، دەشێ لە قەدرو رێزی پێشمەرگە شەهیدەکان کەم بکەنەوە، چونکە وای لێ هاتووە هەر کەسوکاری پێشمەرگەیەک توانای هەبێت، تابلۆی شەهیدەکەی خۆی دەکا، بەلام ئەوەی دەست کورتە بۆی ناکرێ، جاری واش هەیە، ناشێ ئەو رەسمانە لەو شوێنانەدا

داینرێن. هەروەکو بۆشم روون کردنەوە هەندێ لە پێشنیارەکان باشن، پاشان دەیانهاوێینە ناو بەرنامەکەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

روون کردنەوەیەکمان بۆ هاتووە دەڵێ: ئەوانەی لە ڕێکخراوە نهێنییەکاندا کاریان کردووە و شەهید بوون، ئایا ئەوانە بە پێشمەرگە حیساب دەکرێن؟ چونکە زۆر لەوانە لەلایەن هەموو لایەنە سیاسییەکانەوە بە ئیشوکاری ناو شار راسپێردرابوون. وابزانم هەموو لایەنەکانیش ئاگاداری ئەو وەزعە هەن و، وەکو پێشمەرگەی ناوخۆ هەڵسووکەوتیان لە گەڵ ئەو شەهیدانەدا کردووە، وەکو پێشنیارێک ئەگەر حیسابی پێشمەرگەی شەهیدیان بۆ بکرێت، شتێکی باشە.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

با ئێمە هەمووی بەسەر یەکەوە تێکەڵاو نەکەین. پێشمەرگە دەرەجەیەکە باوای لێ نەکەین پێشمەرگایەتی نرخ وقیمەتی نەمێنێ. پێشمەرگە، پێشمەرگەیە بۆیە بەشێکی تایبەتی بۆ کراوەتەوە، بەڵام ئەوانەی بەشدارییان لە ئیشی ڕێکخستندا کردووە لە هەموو حزبەکاندا، بەوپەڕی ڕێزەوە سەریان بۆ دادەنوێنین. ئەوانە دەکرێ لە بوارێکی تردا ڕێز لە خۆیان و لە خێزانەکانیان بنرێ وەکو لە بەشی کۆمەلایەتیدا ئاماژەی بۆکراوە، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕۆژ نوری شاوەیس/جێگری سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دەمەوێ زیاتر بابەتەکە روون بکەمەوە. لە راستیدا ئەم مەسەلەیە لیژنەیەکی تایبەتی دەوێ بۆ ئەوەی بزانێ کێ بەشەهید دادەنرێ و، ئایا دەشێ ئەوانەی پێشمەرگەو تەنزیمی بوون لەسەر یەک ئاست حیساب بکرێن؟. هاولاتی هەن لە ئەنجامی بۆردوومانەوە شەهید بوونە، یا لە ئەنجامی گرتندا شەهیدکراون. دەبێ لیستەیان بۆ بکرێ بۆ ئەوەی بەدادپەروەری (تصنیف) مامەڵە بکرێن. ئەمە زۆر زەحمەتە لە بەرنامەی ئەنجوومەنی وەزیراندا تۆمار بکرێت پێویستە ئەودەزگایەی بۆ شەهید دادەنرێ کە ئێستا وەکو بنیادی شەهید باسی لێوەکرا، ئەو دەزگایە ئەوکاتە یاسای تایبەتی دادەنێ بۆ ئەوەی دیاری بکات کە کێ شەهیدی کورد و کوردستانە بەپێی ئەو(تصنیف)ەش مافی چییە و چۆنە. باس نەکردنی واتای ئەوە نییە پشت گوێ خراوە، وەکو دەزانن ئیش لە یاسایەکەدا دەکرێت، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن حەمید رەحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

وەکو دەزانین پێشمەرگە ئەو کەسەیە کە بە زۆر بە شەهید کردنی دەدەین، واتە دەینێرینە سەر ڕەبیەو روو بە رووی شەڕی دەکەینەوە، بەڵام خەڵکی وا هەبووە لابەلا شەهید بووە. هەروەها سەبارەت بە ڕێکخستنیش حسابی شەهیدی بۆ دەکرێ، بەڵام جیاوازیەکەی لەگەڵ پێشمەرگەدا

ئەوەیە کە باسم کرد، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەو یاسایەیدا کە بۆ شەهیدان دەردەچێ دەبێ شەهید پۆلێن بکرێ. ئەوەی وەکو پێشمەرگە لە شەڕدا شەهید بووە حیسابی بۆ بکرێ، ئەوەشی کە وەکو پێشمەرگەی ناوخۆ شەهید بووە حیسابی بۆبکرێ، ئەوەی لەسەر ڕێکخستنیش لە سێدارە دراوە حیسابی بۆبکرێ. واتە مەوزوعەکە بە دووروودرێژی لە یاسایەکدا باس بکرێ وهەریەکە لەم شەهیدانەش جێگای شیاوی خۆی بدرێتێ.

**بەڕێز د. عیززەدین مستەفا رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەمڕۆ یەکخستنی هێزی پێشمەرگە لە هەموو شتێک پێویست ترە، لە بەرنامەی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا بە شێوەیەکی گشتی باس کراوە، پێویستە لە بەرنامەی وەزارەتدا بەوردی باسی لێوە بکرێ. ئەوەی لەبەردەم یەکخستنی پێشمەرگەیشدا دەبێ بەتەگەرە بەدەنگەوە نەهاتنی حزبەکانی ناو پەرلەمان ودەرەوەی پەرلەمانە. پێویستە بە زووترین کات حزبەکان ئەم مەسەلەیە لە بەرچاو بگرن، سوپاس.

**بەڕێز بەکر حاجی سەفەر غولام:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە وەکو لیژنەی کاروباری پێشمەرگە بە دووروودرێژی لە راپۆتەکەماندا باسی مەسەلەی یەکخستنی پێشمەرگەمان کردووە و بۆ وەزارەتی کاروباری پێشمەرگەشمان رەوانەکردووە. پێشنیار دەکەم بە زووترین کات گفتوگۆی راپۆرتەکەمان لە ئەنجوومەندا بکەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وەختی خۆی گووتمان، پێش ئێستاش دووپاتمان کردەوە کە هەر لیژنەیەک راپۆرتی خۆی دەربارەی ئەو بابەتانە ئامادە بکات کە دەیەوێ باسی لێوە بکات، پاشان بۆمانی رەوانە بکا بۆ ئەوەی ئێمەش لێیان بکۆڵینەوەو لەبەرنامەی کاری کۆبوونەوەکانماندا تۆماری بکەین، پاشان بخرێتە بەر لێکۆڵینەوە و گفتوگۆکردن. ڕاپۆرتی لیژنەی کاروباری پێشمەرگەش یەکێکە لەو ڕاپۆرتانەی کەبەزووترین کات بەرچاو دەخرێت.

ئێستاش دەقی بەشی یانزەیەم دەخەینە دەنگدانەوە.کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە بڕگەکانی بەشی یانزەیەم وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ .. با دەست بەرزبکاتەوە.. دەست بەرز کرایەوە و ئەنجوومەن بەگشتی دەنگ رازی بوو بەوەی کە بەشی یانزەیەم وەکو لەبەرنامەکەدا هاتووە بمێنێتەوە..کێ دژە؟.. کەس نەبوو.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا دێینە سەر بەشی دوانزەیەم کە لەسەر ئاستی (تەندروستی وکۆمەڵایەتی)یە.

تکایە کێ پێشنیاری هەیە بابەنووسین بۆمان بنێرێ، ئەوەی تێبینیشی هەیە با ناوی خۆی بنووسێت. هەروەها چەند پێشنیارێکمان دەربارەی ئاوارەکانی کەرکووکیش بۆ هاتووە کەپێش

ئێستا باسمان لێوەکرد، وابزانم ئەگەر لەم بەشەدا جێگای بکرێتەوە باشترە.

**بەڕێز د. حەمەنەجم حەمە فەرەج جاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من وای بە باش دەزانم ئەم رستەیە بخرێتە پێش برگەی پێنجەم : (چاودێری دایکان ومندالآن وئافرەتانی دووگیان بکرێت).

دوای برگەی پێنجەمیش ئەم رستەیەی بۆ زیاد بکرێت: (بایەخ بەپێشمەرگەی پەککەوتەو کەمئەندام بدرێت)، سوپاس..

**بەڕێز عومەر سەید عەلی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

وای بۆدەچم بە برگەیەک لە بەرنامەی ئەنجوومەنی وەزیراندا ئاماژە بۆ خەستەخانەکانی شۆڕشیش بکرێت. لەهەمان کاتیشدا پێشنیار دەکەم ئەم خەستەخانانە بە وەزارەتی تەندروستی وکاروباری کۆمەلآیەتیەوە ببەسترێنەوە، سوپاس.

**بەڕێز محەمەد عبدالقادر احمد/ وەزیری ئەوقاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لە برگەی پێنجەمدا هاتووە: (چارەسەر کردنی کێشەی ژن..) ،لە راستیشدا هیچ کێشەیەک بەو ناوەوە نییە لە رووی زمانەوە وا باشترە بنوسرێ (بایەخدان).

لەبەر ئەوەی لە بەرنامەکەدا زۆرگرنگی بە مەسەلەی ئایینیش نەدراوە و، وەکو مادەیەکی سەربەخۆ باس نەکراوە، بۆیە پێشنیار دەکەم کە لە بەشێکی تری بەرنامەکەدا وەکو برگەیەک باسی وەزارەتی ئەوقاف بکرێ بۆ ئەوەی بزانرێ گرنگی بەئایینی ئیسلام دراوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

حەق وا بوو وەزیری ئەوقاف گیروگرفتەکەی خۆی لە ئەنجوومەنی وەزیراندا چارەسەر بکردایەو ئەوەی جێگیر بکردایە. لەگەلّ ئەوەشدا چەند برادەرێک پێشنیاری ئەوە دەکەن کە ئیشوکاری دوو وەزاەت لە بەرنامەی حکومەتدا دیاری نەکراوە، وەزارەتی پیشەسازی و وزە و، وەزارەتی ئەوقاف وکاروباری ئیسلامیش.

- دەبێ ئەوەش بزانین کە ئەمە بەرنامەی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانە و، بەرنامەی تایبەتی وەزارەتێک نییە، بەلآم ئەگەر ئاماژەیەکیش بۆ ئەوقاف وکاروباری ئیسلامی بکرێت خراپ□نییە. ئەوەش دەگەرێتەو بۆ بەرێزان ئەندامانی ئەنجوومەنی نیشتمانی کورستان.
- (سێ) پێشنیاری دیکەشمان بۆ هاتووە دەربارەی ئاوارەکانی کەرکووک و داوای ئەوە دەکەن کە ئەو گرفتەش وەکو برگەیەک لە بەرنامەی کاری ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمدا جێگیر بکرێت، چونکە روویەکی سیاسی و، روویەکی کۆمەلآیەتی و، روویەکی مرۆڤایەتیشی هەیە.

**بەڕێز شــــەفـــیــــقـــە فـــەقێ عـــەبدوڵڵا:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆكی ئـەنجــــــوومـــــــەن.**

لە بڕگەی (٥)دا تەنیا باسی کێشەی ژن کراوە، ئەی ئێمە کێشەمان نییە؟!. بە رای من وشەی ئافرەت بەکار بهێنرێ باشترە، چونکە وشەی ئافرەت (ژنان وکچان )یش دەگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێـز ســـــــەرۆكی ئـەنجــــــوومـــــــەن:**

ئەم مەوزووعە دەمان گەڕێنێتەو بۆ گفتوگۆیەکی لەمەوبەر، وشەی ژن یا ئافرەت، ئافرەت یا ژن..؟!. دیارە کە بەئاسانی لەم گرفتە دەرباز نابین، لەبەر ئەوە پێویستە لیژنەی داڕشتن چارەسەرێکی ئەم کێشەیەمان بۆ بکات.

**بەڕێز د.رۆژ نوری شاوەیس/جێگری سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆكی ئـەنجــــــوومـــــــەن.**

لەراستیدا، یادەبێ بڵێین ئافرەتان و ژنان، یا دەبێ وشەیەکی تری بۆ بدۆزینەوە، سوپاس.

**بەڕێـز ســـــــەرۆكی ئـەنجــــــوومـــــــەن:**

وامان لێ مەکەن کە جارێکی تریش گفتوگۆی ئەم مەسەلەیە بکەینەوە. ئەگەر وشەیەکی وا هەبێ کە لەم گرفتە دەربازمان بکا ئەوا باشترە.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆكی ئـەنجــــــوومـــــــەن.**

ئەو پێشنیارانەی کە هاتوون بە زۆبەیان رازین. لە بەشی پێشمەرگایەتیشدا لە بڕگەی (٣)دا گووتمان: بایەخی تایبەتی بدرێت بەپێشمەرگەی پەککەوتە و خێزانی پێشمەرگەی شەهید، هەروەها بایەخدان بە منداڵ ودایکی منداڵ، ئەویش لە بەشەکەدا زیاد دەکرێت. لە بڕگەی (٦)یشدا بگوترێ بایەخدان بە ژیانی پەککەوتەو لێقەوماوان، بە تایبەتی قوربانییەکانی ئەنفال و ئاوارەکانی کەرکووک وگەرمیان، ئەوە لە چوارچێوەی ئەو تایبەتمەندییانەی کە گرنگیان پێ دەدرێت.

دوای ئەوە مەسەلەی ئەوقاف وکاروباری ئیسلامی زیاتر باسمان لەو مەسەلانە کرد کە ئەمڕۆ پێویستە ئەنجام بدرێن. گرفتەکەیان وەکو گرفتی هەر فەرمانبەرێکە، ئەویش مەسەلەی مووچەیە بۆیە باسی لێوە نەکراوە. بەڵام بەنیسبەت وەزارەتی پیشەسازی و وزەوە، تێبینییەکە لە جێی خۆیدایە و، دەکرێ ئاماژەی بۆ بکرێ، بەڵام ئەویش کەوتۆتە بەشی ئابووریەوە، مەبەستیشمان لە ئابووری، وەزارەتی دارایی وئابووری نییە. لە بەشی ئابووریدا باسی کشتوکاڵ وئاوەدان کردنەوە و لایەنی تریش کراوە.

دەمێنێتەوە مەسەلەی ژن وئافرەت، ئەمەش گرفتێکە داواکارین زوو چارەسەر بکرێت. دەنا وای لێ دێ کە هەردوو وشە لە فەرهەنگەکاندا نەمێنن و لە فەرهەنگی خۆماندا وشەی سێیەمی بۆ دابنێین. لە بەر (تعدد)یەی ژن هێنانیشە کە وشەی (ژن) بە کار هێنراوە، ئەگینا هیچ

مەبەستێکی تری تێدا نەبووە ، واتە لەبەر ئەوە نەبووە کە من سەر بەو گرووپەم کە وشەی ژن بەکار دەهێنێ. دەنا دەکرێت وشەکەش بگۆڕین وبیکەین بە (بانوان)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مەوزوعی ژن وئافرەت گفتوگۆی زۆر لەسەر کرا، دەبێ چارەسەرێکی بۆ بدۆزرێتەوە، چونکە ناکرێ ئێمە هەموو جار گفتووگۆی لەسەر بکەین وهەر جارەشی کاتێکی زۆری پێوە بکوژین.

ئێستاش دوو بڕگەی تر هەیە کە لە پێشنیارەکاندا، ئاماژەیان بۆ نەکراوە:

١- داوا دەکەن دەزگایەک دابمەزرێت بۆ سەرپەرشتی گەڕانەوەی ئاوارەکانی کوردستان، بەتایبەتیش مەسەلەی گەڕانەوەی فەیلییەکان و هەوڵدان بۆ وەرگرتنەوەی مافە زەوت کراوەکانیان.

٢- دوو..سێ پێشنیاری ترمان هەیە دەربارەی ئاوارەکانی کەرکووک کە ناوچەیەکی تایبەتییان بۆ دەسنیشان بکرێ بۆ نیشتەجێ کردنیان لە شوێنێکدا بەکۆمەڵ و، دەزگایەکی تایبەتیش بۆ سەرپەرشتی کردنیان. ئەوانەی کە پێشنیارەکانیان پێشکەش کردووە ئەوەشیان دووپات کردووەتەوە کە ئەمە لە رووی کێشەی سیاسی کەرکووک و، لە رووی مرۆڤایەتی و، لە رووی کۆمەڵایەتیشەوە سێ لایەنی باشەی تێدا هەیە و،داواش دەکەن کە ئەم پێشنیارە سەبارەت بە کەرکووک وئاوارەکانی کەرکووک لە بەرنامەی حکومەتدا وەکو خاڵێکی سەرەکی جێگیر بکرێت.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بەوەی کە شوێنێک بۆ ئاوارەکانی کەرکووک وگەرمیان تەرخان بکرێت، ئایا شوێنی وامان هەیە؟ ئایا دەشێ بڵێین لە شارێک یا ناوچەیەکدا کۆ بکرێنەوە، ئایا ئەوە زەحمەت نییە؟!. چونکە ئێمە گیروگرفتی زەویوزارمان هەیە، زۆر تەنگوچەڵمەی ترمان هەیە. ئەگەر بکرێ جێگایەک کە گیروگرفتی لەسەر نەبێ و، خەڵکەکە سبەینێ سەنگەریان لی نەگرن وبڵێین دەبێ بگوازنەوە، ئەوا شتێکی خراپ نییە. ئەو کاتیش دەتوانین داوا لە رێکخراوە خێرخوازەکان بکەین کە یارمەتیان بدەن. هەروەها داوا لە وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و وەزارەتی ئەشغال ونیشتەجێ کردنیش بکەین بۆ ئەوەی نیشتەجێیان بکەین، سوپاس.

**بەڕیز محەمەد ئەمین عەبدولحەکیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەندێ لە ئاوارەکانی کەرکووک وای بە پەسەند دەزانن کە لە شوێنێکدا کۆبکرێنەوە و، بۆ ئەم مەبەستەش دەتوانرێ لەیەکێک لە ئۆردووگا چۆڵ کراوەکان سوود وەربگیرێ، وەکو ئۆردووگای بازیان، سوپاس.

**بەڕێـز فـــەوزیە عـــیـــزەدین ڕەشــیـــد:**

**بەڕێـز ســـەرۆکی ئـەنجـــومـــەن.**

نابێ بەشێوەیەکی هەمیشەیی جێگیر بکرێن، چونکە زەرەرمەند دەبین، ئەوە واتای ئەوەیە کە کەرکووکمان لەکیس دەچێ. بەڵام ئێمە دەڵێین وا باشە لە شوێنێکی نزیک کەرکووک نیشتەجێ بکرێن بۆ ئەوەی لەیەک شوێندا کۆبکرێنەوە و، چاویشیان هەر لە گەڕانەوە بێ بۆ کەرکووک باشترە، نەک بە یەکجاری جێگر و نیشتەجێ بکرێن و ئارەزووی گەڕانەوەیان نەمێنێ بۆ کەرکووک.

لە رووی کۆمەڵایەتیشەوە لە یەک دانابڕێن و نزیک یەک دەبن. لە هەمان کاتیشدا دەتوانرێ بە ئاسانی یارمەتی و ئازووقەیان بەسەردا دابەش بکرێ وفرت وفێڵی تێدا نەکرێ. بۆ ئەم مەبەستەش دەتوانرێ لە "چەمچەماڵ یا لەو ئۆردووگایانەی کە نزیک کەرکووکن نیشتەجێ بکرێن، ئەو دەمە دەشێ پارێزگاریی لە دابونەریت و کەلەپووری ناوچەیی و شێوەزار و پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانی نێوان خۆشیان بکەن، هەروەها چارەسەری هەموو گیروگرفتەکانیشیان لە رووی نەبوونی قوتابخانە و نەخۆشخانە و کاروبارە رەسمی و ئیداریەکانیشەوە ئاسان تر دەبێ، چونکە ئێستا ئاوارەی کەرکووک لەسەر تاسەری کوردستاندا بەسەر پتر لە (٧٠)ئوردوگادا پەرتوو بڵاو بوونەتەوە و، لە هەموو شوێنەکانیشدا باری تایبەتی و گیروگرفتی تایبەتی خۆیان هەیە کە لە ناوچەکانی دیکەدا نییە، سوپاس .

**بەڕێز حـــســـەن حـــەمـــیـــد رەحـــیم:**

**بەڕێـز ســـەرۆکی ئـەنجـــومـــەن.**

بۆ نموونە(٦٠٠)ئاوارەی خەڵکی سەنگاو هەیە کە خۆشیان بەکەرکووکی ناونووس کردووە و، واتە لە دوولاوە ئازووقە وەردەگرن، کەچی هی واش هەیە بێ بەش دەبێ، سوپاس.

**بەڕێز فـــەلەکـــەدین ســـابیـــر کـــاکـــەیی:**

**بەڕێـز ســـەرۆکی ئـەنجـــومـــەن.**

بەلای منیشەوە لە رووی ئینسانی وبژێوییەوە شتێکی راستە و پێویستە لەسەرمان کاری بۆبکەین، بەڵام بەرای من خەڵکی وا هەیە هیچی لەسەر نییە، یا سەربازی راکردووە و کەسوکاری تەنگاو دەکرێت، ئەمانە باشتر وایە بۆ کەرکووک بگەڕێنەوە و زۆر باشترە لەوەی کە دەربەدەر بێت و، بە بیروبۆچوونی من جەردێک بکرێت بۆ ئەوەی ئەو کەسانەی کە دەتوانن بگەڕێنەوە بۆ کەرکووک بگەڕێنەوە باشترە، بە ئاگاداریی ئەو رێکخراوە جیهانییانەی کە ئێستا لێرەن، سوپاس.

**بەڕێز مـحـەمـەد تاهیـر مـحـەمـەد زینەلعابدین:**

**بەڕێـز ســـەرۆکی ئـەنجـــومـــەن.**

خاڵێک زیاد بکەین بۆ نیشتەجێ کردنی ئاوارەکانی کەرکووک و، خانەقین و، فەیلییەکان. هەروەها بایەخ بە پەککەوتە و شێت وگێل وهەتیوەکانیش بدرێ باشترە ، سوپاس.

**بەڕێز عومەر سەید عەلی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەوەی برادەران باسیان کرد زۆر راستە، بەڵام خەڵکی قەڵادزێ کە لە ئۆدرووگای بازیان نیشتەجێ کرابوون، ئێستا کە دەگەڕێنەوە بۆ شوێنی خۆیان خانووەکانیان تێک دەدەن وبلۆک وشیش ودەرگاو پەنجەرەی خانووەکانیان لەگەڵ خۆیاندا دەبەنەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

تا ئێستا دوو وەفدی ئاوارەکان بۆ ئەنجوومەن هاتوون، لەوانەیە سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانیش هەندێکیانی دیبێت. داخوازیەکانیان دوو شتی سەرەکییان گرتۆتە خۆ:

١-لە جێگایەکدا کۆ بکرێنەوە، کۆکردنەوەیان رێگا لە زۆر شت دەگرێ، بە تایبەتی دووبارەکردنەوەی ناونووسین وئازووقە وەرگرتن.

٢-لە جێگایەکدا کۆبکرێنەوە، بەم شێوەیەش دەشێ تەکالیف کەم بێتەوە ومەرکەزییەت زیاتر بێت بۆ بەڕێوەبردنی ئیشوکاری دابەش کردنی ئازووقەو بایەخ پێدانیان لە لایەن رێکخراوە خێرخوازەکانەوە.

هەروەها وەک برادەرانیش هەستیان پێ کردووە ئاوارەکانی کەرکووک حەزیش دەکەن کە لە شوێنێکی نزیک کەرکووک بن وەکو ناوچەی بازیان کە ئێستا خانووی زۆر لێ چۆڵ دەبێت، بەڵام لە هەمووی گرنگتر ئەوەیە کە حەزدەکەن برگەیەکیان لە بەرنامەی ئەنجوومەنی وەزیراندا لەم بارەیەوە بۆ پچەسپێنرێ، کە ناوەڕۆکەکەی ئەو دوو برگەیەی سەرەوە بگرێتە خۆ.

**بەڕێز مەلامحسن خالید موفتی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەو پێشنیارەی کە بە جەنابتمان داوە و لە لایەن(١٠) ئەندامەوە ئیمزا کراوە، هەموو گیروگرفتەکانی ئێمە و گشت زانایانی کوردستان و، مزگەوتەکانیش دەگرێتە خۆ. مەسەلە مووچە نییە، هەموومان باش دەزانین کە زانایانی کوردستان چ دەورێکیان هەبووە و مزگەوتەکانیش هەموو کاتێک مەڵبەندی پێشمەرگەکان بوون، کە چی بە هیچ شێوەیەک لە سەرەتای بەرنامەی حکومەتی کوردستانەوە تا کۆتاییەکەی باسی ئیسلام نەکراوە، لەبەر ئەوە داوادەکەین کە گرنگی پێ بدرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

هەر وەکو گووتمان ئەو پێشنیارانەی کە بەرچاو خران، ئەنجوومەنی وەزیران بەڵێنیان دا کە لە دارشتنەوەی بەرنامەکەدا رەچاویان بکەن و، مەوزوعی وەزارەتی ئەوقاف وکاروباری ئایینیش یەکێکە لەو مەسەلانەی کە گرنگییان پێ دەدرێ. باوەڕیش ناکەم لەم هۆڵەدا چ وەک لایەن و چ وەک کەس یەکێک هەبێت پێی ناخۆش بێت کە بایەخ بەئایین وکاروباری ئیسلامی بدرێت. ئەم مەوزوعەش هی ئەوە نییە گفتوگۆی لەسەر بکرێت. ئەنجوومەنی وەزیرانیش بەڵێنیان دا کە لە

دارشتنەوەی بەرنامەکەیاندا رەچاوی ئەو تێبینی وپێشنیارانە بکەن، وەکو باویشە پاش تەواو کردنی بەرنامەکە بە رەچاوکردنی تێبینی و پێشنیارەکانەوە قبوڵ بکرێ.
ئێستا کێ بە بەرنامەی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێم رازیە با دەست بەرزبکاتەوە. دەست بەرزکرایەوە و
ئەنجوومەن بەگشتیی دەنگ بەرنامەکەیان پەسەند کرد.. ئێستاش کێ رازی نییە؟ با دەست بەرز بکاتەوە ..کەس نەبوو.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەناوی خۆم و بە ناوی بەڕێز د.ڕۆژ وبەڕێزان برادەرانی تری ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانەوە زۆر سوپاستان دەکەین.
ئەوەش پشتگیرییەکی تەواوە بۆ ئەوەی ئێمەش هەوڵێکی بێوچان بدەین بۆ ئەوەی بەرنامەکەی خۆمان جێبەجێ بکەین. بەو هەڵوێستەی ئێوەش ئێمە پشت ئەستوورین، جارێکی تریش سوپاستان دەکەین، سوپاس..

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئینجا دەمێنێتەوە لیژنەی دارشتنەوەی بەرنامەکە بۆ ئەوەی رەچاوی ئەو تعدیلاتانە بکات کە لێرەدا باس کراون.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

وابزانم ئەو کارە لیژنەی تایبەتی ناوێ، هەر خۆمان لەو کارە بەرپرسیارین وجارێکی تر دایدەڕێژینەوە. سوپاس

**بەڕێز مەلا محەمود دێرشەوی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

باسی هەمو شتێک لە بەرنامەکەی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا کرا، بەڵام تەنیا ناوی ئیسلام نەهێنرا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

هەر وەکو باسمان کرد ئەو پێشنیارو تێبینییانەی لێرەدا پەسەند کراون، لەکاتی دارشتنەوەی بەرنامەی ئەنجوومەنی وەزیرانیشدا رەچاو دەکرێن. دینیش دینی ئیسلامە، هەمووشمان موسڵمانین، لە راستیدا پێویستیش بەوە ناکات کە بەو شێوەیە توند رۆبین، چونکە هەموومان موسڵمانین، ئەگەر بەقەد مامۆستایانیش لەسەر ئایین رشت نەبین، ئەوا بە دڵنیاییەوە دەڵێم کە لەسەری رشتین.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بە راستی مەسەلەکە بەو شێوەیە نییە کە بەڕێزان مامۆستایان بەرچاویان خست، لە ناو وەزارەتەکاندا، وەزارەتی ئەوقاف وکاروباری ئیسلامی هەیە، جێی رەزامەندیشە وەزارەتێک بە ناوی وەزارەتی ئەوقاف وکاروباری ئسلامیەوە هەبێت.

جگە لەوەش ئێمە لە ئەنجوومەنی وەزیراندا دووعاتی دین نین، ئیشی ئێمە رێنمایی و وەعزدادان نییە، ئیشی ئێمە ئەوە نییە کە خەڵک بکەینە ئیسلام .ئیشی ئێمە، ئیشوکاری ئیداراتە، بۆ عالەم کردنە موسڵمان و، ئایین بەهێز کردنی خەڵکی نییە، رێگا لەو کەسانەش ناگیرێ، خەڵک خۆیان ئازادن و، بەڵکو ئەنجوومەنی وەزیرانیش پشتگیرییان لێ دەکات، هەوڵیش دەدات کە مزگەوتەکان چاک بکاتەوەو مووچەش بۆ مەلاکان زامن بکات، نەک هەر ئەوەندەیەی کە چەند وشەیەک بخرێتە بەرنامەکەوە. ئێمە باسی چی بکەین؟ بڵێین دەمانەوێ ئایینی ئیسلام بڵاو بکەینەوە؟!...ئەوە ئیشی ئێمە نییە. ئێمە وەزارەتێکمان هەیە بەناوی وەزارەتی ئەوقاف وکاروباری ئیسلامیەوە، ئەدی کاری ئەو چییە؟ ئەی بۆ وەزارەتە؟!. تکام وایە مەسەلەکە بەم شێوەیە وەرمەگرن، چونکە کە چەند وشەیەک لە بەرنامەکەدا نەهاتووە ئەوە مەسەلەیەکی گشتییە. ئایا گومان لەوەدا هەیە کە ئێمەش موسڵمانین؟ دیارە گومان لەوەدا هەیە کە ئێمە دژی ئیسلام ئیش دەکەین. بۆیە وا بیر دەکرێتەوە کە بەهەندێ شت ئیلزام بکرێین. وابزانم نابێ بەو شێوەیە بیری لێ بکەینەوە، چونکە هەمومان موسڵمانین و رەوشت و نەرێتی ئیسلامەتی پەیڕەو دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز د.رۆژ نوری شاوەیس/جێگری سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێمە لە بەرنامەی ئەنجوومەنی وەزیراندا بە شێوەیەکی وای دادەڕێژینەوە کە پشتگیری لە زانایانی ئایینی وئاوەدان کردنەوەی مزگەوتەکان بکرێت وبایەخ بە ئایینی پیرۆزی ئیسلام بدرێت، دڵنیاتان دەکەین کە ئێمە لە دارشتنەوەی بەرنامەکەماندا ئاماژەی بۆ دەکەین بەو شێوەیەی کە ئێوە پێشنیارتان کردووە. سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

زۆر زۆر سوپاستان دەکەین، ئێمەش بەش بە حاڵی خۆمان بەناوی ئەنجوومەنەوە، پیرۆزبایی لە ئەنجوومەنی وەزیران دەکەین و داوای سەرکەوتنیان بۆ دەکەین، هیوادارین ئەم بەرنامەیەی کە ئێستا پێی رسپێردرا، پاش ئەوەی ئەو (تعدیلاتە) لە دارشتنەوەیدا رەچاو دەکرێن وسەقامگیردەبن، جێبەجێ بکرێ. دەبێ هەمووشمان بۆچوونمان ئەوە بێ کە پشتگیری لە ئەنجوومەنی وەزیران بکەین وهەوڵ بدەین کاروباریان ئاسانتر بکەین، لەگەڵ هایکاری(متابعە)ی جێبەجێ کردنی ئەو بەرنامەیەدا.

گومانیش لەوەدا نییە کە ئەو گفتوگۆیەی لە ماوەی ئەم دوو رۆژەدا ئەنجام درا، بوە هۆی دەوڵەمەند کردنی بەرنامەکەو سوودێکی گەورەشی بەئیشوکاری ئاییندەمان بەخشی.
بۆ کۆبوونەوەی داهاتووش دەڵێم ئێستا هیچ پرۆژەیەکی ئامادەکراو نییە گفتوگۆی بکەین. کاتی کۆبوونەوەی داهاتووشمان دیاری ناکەین و. هەرکاتێ شتێکمان بۆهات ئەوسا لە رێی گرووپەکانەوە لەکاتی کۆبوونەوەی داهاتوو ئاگادارتان دەکەینەوە.

**بەڕێز د. عیزەدین مستەفا رەسول:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە راپۆرتەکەی لیژنەی خوێندنی باڵامان بۆ چاپ ئامادە کردووە. سوپاس

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو لیژنانەی راپۆرتمان پێشکەش دەکەن ئێمە لە رێی خۆمانەوە بۆ وەزارەتەکانیان رەوانە دەکەین، چونکە ئەوە پێشنیارە نەک پرۆژەی یاسا، لەبەر ئەوە بۆ وەزارەتەکانی رەوانە دەکەینەوە تا لە کاتی دانانی پرۆژەی یاساکانی خۆیاندا سوودی لێ وەربگرن و رەچاوی ئەو خاڵانە بکەن کە لە راپۆرتەکاندا دێن.
ئەگەر رەچاویشیان نەکرد، ئەوا لیژنەکانی ئەنجومەن لە کاتی گفتوگۆکردندا بۆیان هەیە ئەو تێبینی وپێشنیارانەی خۆیان کە لە راپۆرتەکانیاندا باسیان کردووە بەسەریان بکەنەوە و بزانن بۆچی لە پرۆژەی یاسای وەزارەتەکاندا تۆمار نەکراون.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بەو پێشنیارانەی بەنووسین پێشکەش کران، ئایا لە دارشتنەوەی بەرنامەکەدا رەچاو دەکرێن؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ دڵنیاتان دەکەین، چونکە ئێمە هەموومان بە برادەران داوە بۆ ئەوەی کە لەکاتی دارشتنەوەی بەرنامەکەدا رەچاویان بکەن.

**بەڕێز د.رۆژ نوری شاوەیس/جێگری سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە هەموومان رامان دەربارەی ئەو پێشنیارانە دەربڕی کە پێشکەش کران. دەنگیشیان لەسەردرا، سەرەرای ئەوەش هەندێ شتی زمانەوانی پێشکەش کران، ئەوە بێ چەندو چوون لەسەری رازی بووین، بەڵام ئەو شتانەی کە جەوهەری بوون رازی بووین یا رازی نەبووین رامان لەسەردان وخرانە دەنگدانەوەو پێویست ناکات کە جارێکی تریش پاش دارشتنەوەی دیسانەوە گفتووگۆ بکرێنەوە، چونکە هەمان بەزم دووبارە دەبێتەوە و هەمووجارێکیش دەبێ بەرنامەکە دابرێژینەوە وبەرچاوی ئەنجوومەنی بخەینەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەگەر مەسەلە، مەوزووعی کۆتایی پێهێنان بێ ئەوا ئەنجوومەنی وەزیران بەڵێن دەدات کە ئەم کارە ئەنجام بدات، بەڵام ئەگەر زانیمان کەموکورتی، یان لادان هەیە، ئەوە شیاوی لێپرسینەوە دەبێ.

**بەڕێز د. محەممەد فوئاد مەعسوم/سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێمە لەسەرمان نیە بلاوی بکەینەوە، ئێمە لەسەرمانە کە ئەم بەرنامەیە جێبەجێ بکەین، سوپاس.

**بەڕێز د.رۆژ نوری شاوەیس/جێگری سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لێرەدا لەگەڵ یەکدا نین. پاش دارشتنەوەی بەرنامەکە روونووسێکی بە پەرلەمان دەدەین، هەروەها بە وەزارەتەکانیش روونووسێک دەدەین، سوپاس.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێمە گرووپی زەرد و سەوز، لەم کۆبوونەوەیەدا، کۆبوونەوەی داهاتوو دیاری دەکەین، کەسبەی نا، دووسبەی کۆبینەوە، بۆئەوەی ئەو بابەتانەی ئێستا باس کران بیان برێنینەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سبەی دانیشتنمان نییە ، ئێمە لە رێی گرووپەکانەوە ئاگادارتان دەکەینەوە. رۆژی چوارشەممە دانیشتنێکی کراوەمان هەیە، برواش ناکەم ئەمشەو ئەنجوومەنی وەزیران بتوانن بەرنامەکە دابرێژنەوە.

**بەڕێز د. محەممەد فوئاد مەعسوم/سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەگەر ئیشمان نەبێ دەتوانین، ئەگەر ئیشی دیکە هاتە پێشەوە، ئەو کاتە ناتوانین تەواوی بکەین، سوپاس..

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دەستەی سەرۆکایەتی لە دانیشتنی پێشوودا بریاری دا کە رۆژی سێ شەممە راپۆرتی لیژنەی ئەوقاف گفتووگۆ بکا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

وا بە بەرژەوەند زانرا کە راپۆرتی لیژنەی ئەوقاف بە وەزارەتی ئەوقاف بدرێت. وەزارەتی ناوبراویش تێبینی و پێشنیارەکان رەچاو بکات، ئەگەر نەیکرد، ئەوکات لیژنەی ئەوقاف لە ئەنجوومەنی نیشتمانیدا مافی ئەوەی هەیە کە لە کاتی گفتوگۆکردنی پرۆژەی یاسای وەزارەتەکەدا سەرنج وتێبینی خۆی بخاتە روو.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەلای منەوە دەبێ یاسای پەرلەمان هەندێ دەسکاری تیا بکرێ. ئەگەر لیژنەی یاسایی بتوانێ سبەی ئامادەی بکات ، ئەوا دووسبەی کۆدەبینەوە بۆ ئەوەی گفتوگۆی لەسەر بکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

پرۆژەی پێشنیار دەبێ بەلای کەمەوە لەلایەن (١٠)کەسەوە پێشکەش بکرێت. دەبێ ئەو یاسایە ڕەچاو بکەین کە وەکو بنەما لەسەری ڕێک کەوتووین.

**بەڕێز د. جەلال شەفیق عەلی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

جەنابتان فەرمووتان کە دەبێ ڕاپۆرتی کۆمیتەکانی پەرلەمان بەوەزارتەکان بدرێت. ئەوەش واتای ئەوەیە کە دەسەلاتی یاساگەریمان خستە ژێر دەسەلاتی جێبەجێ کردنەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ڕاپۆرتی لیژنەکانی ئەنجوومەن، پێشنیارکردنی کۆمەڵێک بیرو بۆچوونن، پرۆژەی یاسا نین. ئەنجوومەنی وەزیران و وەزارەتەکان بەرنامەی کاری خۆیان هەیەو لەسەریانە کە جێبەجێی بکەن. ئێمە دەسەلاتی جێبەجێ کردن نین، ئێمە دەسەلاتی یاسا دانانین وپێڕەوی ناوخۆیش ئیشوکاری ئێمەی دیاری کردووە.

دەبێ ئەوەش لەیاد نەکەین کە یاسای(١٥) وەزارەت لە بەردەم ئەنجوومەندایە و پێویستە گفتوگۆیان بکات، لەبەر ئەوە لە وەزارەتەکان داوا دەکەین کە بە زووترین کات پرۆژەی یاساکانیان پێشکەش بکەن تا بخرێنە بەر لێکۆڵینەوە وگفتوگۆکردن. کۆبوونەوەی ئەمڕۆمان بەم شێوەیە تەواو بوو. کۆبوونەوەی داهاتووشمان لە سەعات١٠ی ڕۆژی چوارشەممە دەبێت.

| | | |
|---|---|---|
| **فەرسەت ئەحمەد عەبدوللا** | **نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا** | **جوهر نامق سالم** |
| **سکرتێری ئەنجوومەن** | **جێگری سەرۆک** | **سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق** |